2017

# 2017نامە – وەشانی 1

## ڕووداوە گرنگەکانی ساڵی2017 یە کە ڕێکخراوی کوردیپێدیا بەدەستی هێناوە.


ئامادەکردنی: هاوڕێ باخەوان، بەیارمەتیی کوردیپێدیا

بە هاوکاریی ئەندامانی کارا:

- مانو بەرزنجی
- سەریاس ئەحمەد



ڕێکخراوی کوردیپێدیا بۆ کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی کوردستان و کورد
https://www.kurdipedia.org
03-01-2018

# چەند وتەیەک

ئەمەی بەردەستتان، لیستەیەکی ڕێکخراوی ڕووداوە گرنگەکانی ساڵی 2017یە کە ڕێکخراوی کوردیپێدیا بەدەستی هێناوە..
لەم لیستەیەدا ڕەچاوی ریزبەندیی ئەلفوبێی ناوەکان کراوە، پاشان زمان و شێوەزمانەکان.
تۆمارەکان بەپێی توانا و دەستکەوتنی زانیاری، پێناسیان نووسراوە، وێنە ئەگەر دەستمان کەوتبێت خراوەتە پاڵ تۆمارەکەیەوە. هەروەها هەر مێتاداتایەکی تری پێویستیش وەک پاشکۆ لەگەڵ تۆمارەکاندا دانراون.
لەگەڵ هەر تۆمارێک لینکێک هەیە، ئەو لینکە گریدراوە بە تۆمارەکەوە لەسەر ماڵپەڕی کوردیپێدیا، بابەتەکان هەندێکجار گۆڕانکارییان بەسەردادێت و باشتر دەکرێن، مێتاداتا و وێنەیان دەخریتەسەر، بۆ ئەوەی لە دوا ڤێرشنی ئەو تۆمارە ئاگاداربیت، کلیک لە بابەتەکە بکە و لە ماڵپەڕی کوردیپێدیادا بیکەرەوە.
لە کۆتایی هەر بابەتێکدا، وێنەی کویک ریسپۆنس هەیە، یەم وێنەیە کە سکێن دەکرێت، یەکسەر دەتباتە سەر بابەتەکە لەسەر ماڵپەڕی کوردیپێدیا.
هەندێک بابەت پەیوەستکراوە بە بابەتی ترەوە، بۆ نموونە نووسەر بە پەڕتووکەکانییەوە، یان هەندێک بابەت فایلی پەیوەندیداری لەگەڵە، ئەوانە لێرەدە پیشان نەدراون و بۆ بینینیان دەبێت لە ماڵپەڕی کوردیپێدیادا سەیریان بکەیت.

تێبینی: وەشانی یەکەمی ئەم کوردیپێدیانامانە، تاقیکردنەوەن!
ئەم پەڕتووکە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی لە بەرنامەیەکی کۆمپیوتەریی تایبەت بە دەزگای کوردیپێدیاوە ئافرێندراوە.
بەهیوای ئەوەی ئەم لیستەیە زۆرتر و پاکژتری بکەین و بەزووترین کات وەشانێکی تر بخەینە بەردەستی ئێوەی بەڕێز..

ڕێکخراوی کوردیپێدیا
https://www.kurdipedia.org
http://www.kurdipedia.info
contact@kurdipedia.org
03-01-2018

# بڵاوکراوەکانی کوردیپێدیا

| # | ناوی پەڕتووک | زمان | ژمارەی وەشان | لاپەڕەکان - A4 | بابەت | ڕۆژی دەرچوون |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 61 | چۆنێتیی بەکارهێنانی کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 30 | 0 | 2017-04-02 |
| 60 | 2016نامە - وەشانی 1 | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 208 | 348 | 2017-01-22 |
| 59 | شهدائنا في حرب ضد الدولة الاسلامية - داعش، الطبعة ١ | SA عربي | 1 | 1252 | 2028 | 2016-10-10 |
| 58 | دور احداث شنكال في تطوير القضية الكردية | SA عربي | 1 | 20 | 0 | 2016-09-26 |
| 57 | ڕۆڵی ڕووداوەکانی شنگال لە پێشخستنی دۆزی کورد | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 21 | 0 | 2016-08-08 |
| 56 | شەهیدانی شەڕی داعش - وەشانی 1ەم | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 1734 | 3287 | 2016-05-12 |
| 55 | 2015نامە - وەشانی 1 | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 153 | 339 | 2016-01-01 |
| 54 | یارینامە - وەشانی 1 | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 11 | 9 | 2015-09-17 |
| 53 | ناندینامە - وەشانی 1 | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 29 | 45 | 2015-09-17 |
| 52 | پاسۆکنامە - وەشانی 2ەم | کوردیی ناوەڕاست | 2 | 189 | 141 | 2015-09-11 |
| 51 | هونەرنامە - وەشانی 2ەم | کوردیی ناوەڕاست | 2 | 1219 | 2075 | 2015-09-10 |
| 50 | چالاکوانننامە - وەشانی 2ەم | کوردیی ناوەڕاست | 2 | 1249 | 2075 | 2015-09-10 |
| 49 | وێنەنامە - وەشانی 2ەم | کوردیی ناوەڕاست | 2 | 882 | 2333 | 2015-09-10 |
| 48 | بەڵگەنامە - وەشانی 1ەم | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 847 | 771 | 2015-09-10 |
| 47 | ئەتڵەسنامە - وەشانی 1ەم | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 42 | 93 | 2015-09-10 |
| 46 | ئامارنامە - وەشانی 1 | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 901 | 1191 | 2015-09-09 |
| 45 | نووسەرنامە - وەشانی 2ەم | کوردیی ناوەڕاست | 2 | 2703 | 4563 | 2015-09-09 |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 2015-09-08 | 719 | 325 | 2 | کوردیی ناوەڕاست | بڵاوکراوەنامە - وەشانی 2ەم | 44 |
| 2015-09-08 | 11223 | 5207 | 2 | کوردیی ناوەڕاست | پەرتووکنامە - وەشانی 2ەم | 43 |
| 2015-09-07 | 476 | 190 | 2 | کوردیی ناوەڕاست | گەڕنامە - وەشانی 2ەم | 42 |
| 2015-09-07 | 4294 | 1347 | 2 | کوردیی ناوەڕاست | ناونامە - وەشانی 2ەم | 41 |
| 2015-09-07 | 5613 | 1579 | 2 | کوردیی ناوەڕاست | پەندنامە - وەشانی 2ەم | 40 |
| 2015-09-07 | 7015 | 2849 | 2 | کوردیی ناوەڕاست | زیندانینامە - وەشانی 2ەم | 39 |
| 2015-03-18 | 117 | 89 | 1 | کوردیی ناوەڕاست | پاسۆکنامە - وەشانی 1ەم | 38 |
| 2015-03-14 | 92 | 58 | 2 | کوردیی ناوەڕاست | داعشنامە - وەشانی 2ەم | 37 |
| 2015-02-01 | 191 | 136 | 2 | کوردیی ناوەڕاست | کۆبانێنامە - وەشانی 2ەم | 36 |
| 2015-01-24 | 226 | 135 | 2 | کوردیی ناوەڕاست | شوێنەوارنامە - وەشانی 2ەم | 35 |
| 2015-01-22 | 2957 | 1347 | 2 | کوردیی ناوەڕاست | شوێننامە - وەشانی 2ەم | 34 |
| 2015-01-21 | 536 | 353 | 2 | کوردیی ناوەڕاست | پێشمەرگەنامە - وەشانی 2ەم | 33 |
| 2015-01-19 | 113 | 75 | 2 | کوردیی ناوەڕاست | وەرزشنامە - وەشانی 2ەم | 32 |
| 2015-01-18 | 287 | 140 | 2 | کوردیی ناوەڕاست | جاشنامە - وەشانی 2ەم | 31 |
| 2015-01-18 | 41 | 30 | 2 | کوردیی ناوەڕاست | ژنکوژینامە - وەشانی 2ەم | 30 |
| 2015-01-16 | 960 | 510 | 2 | کوردیی ناوەڕاست | ڕێکخراونامە - وەشانی 2ەم | 29 |
| 2015-01-15 | 5035 | 1859 | 4 | کوردیی ناوەڕاست | هاوڕێنامە - وەشانی 4ەم | 28 |
| 2015-01-11 | 285 | 172 | 2 | کوردیی ناوەڕاست | براکوژینامە - وەشانی 2ەم | 27 |
| 2015-01-10 | 359 | 165 | 2 | کوردیی ناوەڕاست | ئەنفالنامە - وەشانی 2ەم | 26 |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 2015-01-04 | 7345 | 3935 | 2 | کوردیی ناوەڕاست | شەهیدنامە - وەشانی 2ەم | 25 |
| 2015-01-01 | 344 | 166 | 1 | کوردیی ناوەڕاست | 2014نامە - وەشانی 1 | 24 |
| 2014-11-23 | 130 | 118 | 1 | کوردیی ناوەڕاست | کۆبانێنامە - وەشانی 1ەم | 23 |
| 2014-11-23 | 428 | 236 | 1 | کوردیی ناوەڕاست | گەپنامە - وەشانی 1ەم | 22 |
| 2014-11-16 | 27 | 26 | 1 | کوردیی ناوەڕاست | داعشنامە - وەشانی 1ەم | 21 |
| 2014-06-10 | 514 | 403 | 1 | کوردیی ناوەڕاست | پێشمەرگەنامە - وەشانی 1ەم | 20 |
| 2014-06-03 | 4811 | 1653 | 3 | کوردیی ناوەڕاست | هاوڕێنامە - وەشانی 3ەم | 19 |
| 2014-06-03 | 1419 | 722 | 1 | کوردیی ناوەڕاست | وێنەنامە - وەشانی 1ەم | 18 |
| 2014-06-02 | 101 | 78 | 1 | کوردیی ناوەڕاست | وەرزشنامە - وەشانی 1ەم | 17 |
| 2014-06-02 | 1778 | 1284 | 1 | کوردیی ناوەڕاست | چالاکواننامە - وەشانی 1ەم | 16 |
| 2014-06-01 | 33 | 31 | 1 | کوردیی ناوەڕاست | ژنکوژینامە - وەشانی 1ەم | 15 |
| 2014-06-01 | 282 | 219 | 1 | کوردیی ناوەڕاست | براکوژینامە - وەشانی 1ەم | 14 |
| 2014-06-01 | 1695 | 1204 | 1 | کوردیی ناوەڕاست | هونەرنامە - وەشانی 1ەم | 13 |
| 2014-06-01 | 3172 | 1812 | 1 | کوردیی ناوەڕاست | زینداننامە - وەشانی 1ەم | 12 |
| 2014-06-01 | 3259 | 1238 | 1 | کوردیی ناوەڕاست | ناونامە - وەشانی 1ەم | 11 |
| 2014-05-31 | 937 | 546 | 1 | کوردیی ناوەڕاست | ڕێکخراونامە - وەشانی 1ەم | 10 |
| 2014-05-31 | 171 | 100 | 1 | کوردیی ناوەڕاست | شوێنەوارنامە - وەشانی 1ەم | 9 |
| 2014-05-31 | 2887 | 1396 | 1 | کوردیی ناوەڕاست | شوێننامە - وەشانی 1ەم | 8 |
| 2014-05-31 | 756 | 435 | 1 | کوردیی ناوەڕاست | بڵاوکراوەنامە - وەشانی 1ەم | 7 |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 2014-05-31 | 404 | 110 | 1 | كوردیی ناوەڕاست | پەندنامە - وەشانی 1ەم | 6 |
| 2014-05-30 | 285 | 163 | 1 | كوردیی ناوەڕاست | جاشنامە - وەشانی 1ەم | 5 |
| 2014-05-28 | 358 | 188 | 1 | كوردیی ناوەڕاست | ئەنفالنامە - وەشانی 1ەم | 4 |
| 2014-05-28 | 3289 | 2291 | 1 | كوردیی ناوەڕاست | نووسەرنامە - وەشانی 1ەم | 3 |
| 2014-05-27 | 6140 | 2753 | 1 | كوردیی ناوەڕاست | شەهیدنامە - وەشانی 1ەم | 2 |
| 2014-05-25 | 12747 | 3562 | 1 | كوردیی ناوەڕاست | پەرتووكنامە - وەشانی 1ەم | 1 |

# دەربارە!

کوردیپێدیا، پرۆژەیەکە بۆ کۆکردنەوەی هەر زانیارییەکی پەیوەست بە کوردستان و کورد و بەهیوایە لە پاشەڕۆژدا ببێتە پرزانیاریترین سەرچاوەی کوردی و بەهۆیەوە بەئاسانی بزانرێت: کێ، کێیە؟! و کوێ، کوێیە؟! و چی، چییە؟...!
کوردیپێدیا وشەیەکی لێکدراوە و لە کوردی و پێدیا پێکهاتووە. وشەی پێدیا، وشەی دووەمی وشەی لێکدراوی گریکیی ئەنسیکلۆپێدیایە (encyclopedia) کە بەواتای ناسین یان زانینی یاخود زانیاریی گشتی دێت. وشەی کوردیپێدیاش لەوەوە داتاشراوە و دەکرێت واتای کوردناسی، کوردیناسی یان کوردزانین یاخود زانیاریی کوردی بدات.

سەرچاوەکانی کوردیپێدیا بریتییە لە:

ئەو تۆمارانەی کە هاوکارانی کوردیپێدیا لەنێو ماڵپەڕەکانی ئێنتەرنێت دەیدۆزێتەوە و لە یەکێک لە پۆلەکانی کوردیپێدیادا چڕوپڕیدەکاتەوە و هەندێکجاریش هەوڵی گۆڕینی ڕێنووسە هەڵەکانی دەدرێت و بەشێوەیەکی دروست تۆماریدەکاتەوە، بەبێ ئەوەی دەستکاریی ناوەڕۆکی بابەتەکان بکرێت. هەر بابەتێک لە هەر ماڵپەڕێکەوە وەربگیرێت، وەک ئەمانەتێکی زانستی ناوی ماڵپەڕەکە لە لیستی سەرچاوەکەدا تۆماردەکرێت.
ئەو بابەتانەی کە میوانانی کوردیپێدیا بۆماندەنێرن و لەڕێی فۆرمی تۆمارکردنی بابەتێکەوە ئامادەیدەکەن. هەر بابەتێک لەلایەن هەر میوانێکەوە بەدەستمان بگات، ناوی ئەو میوانە دەبێتە سەرچاوەی ئەو بابەتە. تکایە هەر کەسێک نایەوێت ناوی لە لیستی سەرچاوەکانی کوردیپێدیادا بێت با ئاگادارمانبکاتەوە.
ئەو نامە تایبەتییانەی کە بەدەست کوردیپێدیا دەگەن و پەیوەستن بە ژیان و کارنامەی ئەو کەسانەی کە دەخوازن وەک بابەتێک بێنە نێو ئەم کوردیپێدیایەوە.
ئەو بابەتانەی کە هاوکارانی کوردیپێدیا لە دوو توێی بڵاوکراوەکاندا ئامادەیدەکات و چڕوپڕیدەکاتەوە و پۆلێنی دەکات.
ئەو دیمانانەی کە هاوکارانی کوردیپێدیا لەگەڵ کەسانێکدا ئەنجامی دەدات، بەمەبەستی نووسینەوەی بیۆگرافیی کەسێک، شوێنێک، ڕێکخراوێک، بڵاوکراوەیەک یان هەر شتێکی تری پەیوەست بە کوردستان و کورد.
تەواوی بابەتەکانی پۆلی ڕێکەوت و ڕووداو لە داتابەیسی هاوڕێنامەوە وەرگیراوە، پروانە: هاوڕێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاورێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی ڕوون – سلێمانی – 1999 .

هەر تۆمارێک بێتە نێو کوریدپێدیاوە، بە شێوەیەک لە شێوەکان پەیوەندیی بە کوردستان و کوردستانییانەوە هەیە، هیچ بابەتێک لە دەرەوەی ئەو تەوەرانە تۆمار ناکرێت. لەو تێروانینەوە هەندێکجار ژیان و کارنامەی کەسێکی ناکورد دەبینیت، ئەو کەسە یان کوردناسە و خاوەنی باسێکە لەسەر کورد یان کوردستانییەکی ناکوردە، یاخود پەیوەندیی بەڕووداوێکی کوردستانییەوە هەیە.

کوردیپێدیا، هیچ پەیوەندییەکی بە ویکیپێدیا و هەر ڕێکخراوێکی ترەوە نییە، پرۆژەیەکی سەربەخۆیە و ئەرکێکی تایبەتیی ڕێکخراوی کوردیپێدیایە.

تکایە ئەگەر هەر زانیارییەک لەم داتابەیسەدا بۆ بەڕێزتان گونجاو نییە و ناخوازن لێرەدا ببێت، ئەوا کوردیپێدیای لێ ئاگاداربکەنەوە.
کوردیپێدیا هەر زانیاری و وێنەیەک لە هەر سەرچاوەیەکەوە وەربگرێت، بۆ مەبەستێکی بازرگانی بەکارناهێنێت.

کوردیپێدیا بەردەوامە لەسەر پاکژکردنی بابەتەکان و وەرگێڕانی ساڵە کۆچی و هەتاوییەکان بۆ ساڵی زایینی بەشێوەیەکی دروست، تکایە لە هەڵە و کەموکورتییەکانمان ببوورن.

هەر زانیارییەک لە کوردیپێدیاوە وەربگیرێت، پێویستە ناوی سەرچاوەکەیی و ناوی کوردپێدیای لەسەر بنووسرێت.

ماڵپەڕ و داتابەیسی کوردیپێدیا بە دۆت نێت C# - و SQL و لە هەندێک لاپەڕەشدا بە گووگڵ API ئامادەکراوە کە بەشێکی زۆر کەمی Adobe Flash Player بەکاردێنێت. ڕۆژانە لەسەر دوو سێرڤەری جوودا بەکئەپی داتا و وێنەکان دەکرێت، تاوەکو پارێزراوبن لەهەر هێرشێکی هاکەرەکان.!
ماڵپەڕی کوردیپێدیا لەسەر براوسەرەکانی ئنتەرنێت ئێکسپلۆرەر، فایەر فۆکس، سەفاری، ئۆپێرا و گووگڵ کرۆم بەتەواوەتی تێست کراوە و بەبێ کێشە کاردەکات، تکایە ئەگەر هەر کێشەیەکتان بوو ئەوا ئاگادارمان بکەنەوە..
بەهۆی هەوڵەکانی هاوکارمان کاک (هەڤاڵ نەژاد)ەوە، کوردیپێدیا لە ڕۆژی ١١-١١-٢٠١٣ بووە ڕێکراوێکی فەرمی و لە هەولێر لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان تۆمارکرا.
بەهیوای ئەوەی کوردیپێدیا بکەینە پرزانیاریترین سەرچاوەی کوردی و بانکی زانیاریی نەتەوەیی کورد!
لەگەڵ ڕێزی هاوکارانی کوردیپێدیا:

**هاوڕێ باخەوان**
**مانو بەرزنجی**
**سەریاس ئەحمەد**
**بەناز جۆلا**
**ئەڤین ئیبراهیم فەتاح**
**ئاراس ئیلنجاغی**
**ڕۆژهات سەعید**
**هەڤاڵ نەژاد**
**ڕەوەز جەلال ئەمین**
**نالیا ئیبراهیم**
**شکۆ حەمەد شێخانی**
**...**

دامەزرێنەری کوردیپێدیا: هاوڕێ باخەوان
Tel.: +31 (6) 54710293
2008 - 2018

**بابەت: 363**
**رۆژی دەرچوون: 2018-01-03 PM10:27:34**

بابەت: 1
## 2017-01-01
https://www.kurdipedia.org/?q=2017010110231098750
- شەوی ڕابردوو سوپای دەوڵەتی تورک گەڕەکی سەبا بەحراتی گوندی شێخ ناسری لە ڕۆژئاوای منبیج بە هاوەن تۆپباران کرد، لە ئەنجامدا دوو ژنی مەدەنی بریندار بوون وئەو شوێنەی کە تۆپەکەی بەرکەوتووە زیانی ماددی بەرکەوتووە.
- بەهۆی تەقینەوەی دوو بۆمب لە نێوان کەرکوک و حەویجە بەئەندامانی چوار خێزاندا کە دەیانەویست لەدەست داعش هەڵبێن، 11 کەس گیانیان لەدەستدا و چەند کەسێکیش برینداربوون کە زۆرینەیان ژن و منداڵن.
- لە هێرشەکەی دوێنێ شەو بۆسەر یانەیەکی شەوانەی ئەستەمبوڵ 111 کەس کوژران و برینداربوون، 3 لەوانە خەڵکی هەولێرن

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ مابوک - مەنبەج
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
🏙 شار و شارۆچکەکان: TR ئەستەمبوڵ
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2017-01-01 10:23:10 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 2
## 2017-01-02
https://www.kurdipedia.org/?q=2017010220052298775



- فرانسوا ئۆلاندی سەرۆکی فەڕەنسا گەیشتە هەولێر لەگەڵ مەسعود بارزانی کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیان لە هەولێر ئەنجامدا، سەرۆکی فەڕەنسا رایگەیاند، بەبێ پێشمەرگە شەڕی داعش نەدەکرا.
- بەهۆی کێشەی زەوی لە گوندەکانی جۆجەری گەورە و جۆجەری بچوک و لە شارەدێی رووڤیای سەر بە شارۆچکەی بەردەڕەش لە سنوری پارێزگای دهۆک، عەشیرەتی هەرکی و گۆران دژی یەکتری چەکیان هەڵگرتووە.
- فەرماندەی پۆلیسی گشتی کەرکوک بڕیارێک دەردەکات بە پشتبەستن بە نوسراوێکی وەزارەتی ناوخۆی عێراق کە تێیدا بڵاوکردنەوەی چالاکی ئەفسەرانی کەرکوک لەڕێگەی سۆشیال میدیاوە قەدەغە دەکات.
- بەهۆی نەبوونی کارەباوە، لە شارۆچکەی چەمچەمال خۆپیشاندانێکی جەماوەری بەڕێوەچوو، هاوڵاتیان نارەزایی خۆیان بەرامبەر نەبوونی کارەبا دەربری.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ دهۆک
🏙 شار و شارۆچکەکان: 💧 کەرکوک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ چەمچەماڵ
Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2017-01-02 8:05:22 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 3
## 2017-01-03
https://www.kurdipedia.org/?q=2017010320400198799



- بەڕێوەبەری پەروەردەی شارەزوور بەرەسمی نامەی دەست لەکارکێشانەوەی 20 بەڕێوەبەر و یاریدەدەری خوێندنگاکانی سنوری بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی شارەزووری پەسەندکرد.
- وەزارەتی نەوتی ئێران هەر جۆرە رێکەوتنێک لەسەر راکێشانی بۆری گواستنەوەی نەوت لە نێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتەکەی رەتدەکاتەوە و ئاشکرایدەکات، تائێستا هیچ رێکەوتنێکی لەو جۆرە ئەنجام نەدراوە.
- حکومەتی تورکیا داوایەکی خستە بەردەم پەرلەمانی تورکیا بۆ درێژکردنەوەی باری نائاسایی بۆ سێ مانگی دیکە.
- هێزە ئەمنییەکانی تورکیا هەڵیانکوتایە سەر شارەوانی چەتاق سەر بە پارێزگای وان لە باکوری کوردستان و هاوسەرۆکی شارەوانییەکەی لەگەڵ 18 کەسی تر دەستبەسەرکران.
- بەهۆی تۆپبارانی سوپای تورکیاوە لە شارۆچکەی عەریمە-ی ڕۆژئاوای مەنبەج، ئەمڕۆ سێشەممە دوو هاوڵاتی گیانیانلەدەستداوە و 15ی تریش بریندار بوون.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏛 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ وان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ مابوک - مەنبەج
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ سەیدسادق (شارەزوور)
Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2017-01-03 8:40:01 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 4

**2017-01-04**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170104211257988181

- سەرۆکی یەکێتی ژوورەکانی بازرگانی و پیشەسازی کوردستان ئاشکرایدەکات کونسوڵی کۆریای باشوور لە هەولێر بەڵێنی پێداون ژمارەیەک کۆمپانیای وڵاتەکەی بێنێتە هەرێمی کوردستان و بەشداری لە بووژانەوەی کەرتی ئابووری و پیشەسازیی بکەن.
- لەناوچەی تربەسپی ڕۆژئاوای کوردستان ڕووبەڕووبونەوە لەنێوان هێزەکانی یەپەگە و یەپەژە لەگەڵ سوپای تورکیادا ڕویداو سەربازێک کوژراوە.
- لەیلا بیرلیک، پەرلەمانتاری هەدەپە لە شاری شرناخ-ی باکوری کوردستان ئەمڕۆ بە بریاری دادگا ئازادکرا.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP

شار و شارۆچکەکان: ○ شڕناخ

شار و شارۆچکەکان: ○ تەربەسپی

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2017-01-04 9:12:57 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 5

**2017-01-06**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170106201903988865

- فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورکیا بەشێک لە ناوچەکانی قەندیل بۆردوومان دەکەن.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: PM 8:19:03 2017-01-06
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 6

**2017-01-07**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170107093817988871

- لە شاری سلێمانی خۆپیشاندانی دەستەی خوێندکارانی ناڕازی دەستیپێکردەوە.
- بۆ جەختکرنەوە لەسەر داواکارییەکانیان و درێژەدان بە بایکۆت، مامۆستایانی ناڕازی گەرمیان لە بەردەم پەروەردەی کەلار گردبونەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: ○ سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: ○ کەلار (گەرمیان)

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: AM 9:38:17 2017-01-07
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 7

**2017-01-08**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170108094058988881



- سوپای تورکیا لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند، بۆ لەناوبردنی بارەگاکانی ئەندامانی پەکەکە هێزەکانی سوپا لە چیای گەبار (کووپەلی) لە شرناخ لە نێوان 4 – 7 ئەم مانگە ئۆپەراسیۆنی سەربازییان بە بەشداری هەزار و 567 سەرباز و بە پشتیوانی ئاسمانی فرۆکە و هەلیکۆپتەری جەنگی و سکورسکی ئەنجامداوە. بە پێی بەیاننامەکە، لە ئەنجامی تەقینەوەی بۆمبێکی چێنراودا لەکاتی ئۆپەراسیۆنەکەدا دوو سەرباز کوژراون و پێنجی دیکەش بریندار بوون.
- بینالی یلدرم کە درەنگانی شەوی رابردوو دوای سەردانی بەغدا گەیشتە هەولێر، ئەمڕۆ لەگەڵ بەرپرسانی کورد کۆبووەوە و رایگەیاند کە لە بوارەکانی ئابووری و تەندروستی و بازرگانی هاوکاری هەرێم دەکەن و لیژنەیەکی هاوبەشیش بۆ رێککەوتنی ئابووری لەنێوان هەرێم و تورکیا پێکدێنن، لەبارەی بوونی پەکەکەش دەڵێت "چالاکییەکانی پەکەکە لە شەنگاڵ جێگای قبوڵکردن نییە".
- وتەبێژی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) رایدەگەیەنێت کە تورکیا ناتوانێت ڕێگە لە چالاکیەکانی گەریلاکان بگرێت لە شەنگال و دەشڵێت"مانەوەو نەمانەوەی ئێمەش لە شەنگال پەیوەندی بە تورکیاوە نیە".
- پۆلیسی تورکیا مۆنۆمێنتی قوربانیەکانی ڕۆبۆسکی لابرد لە ناوچەی کاپانار-ی پارێزگای ئامەد و هەروەها ئەندامی بەڕێوەبەری دەبەپەی لە ناوچەی بسمیل ی ئە و شارە دەستگیرکرد.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ شڕناخ

🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◉ ئامەد

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2017-01-08 9:40:58 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 8

**2017-01-09**

https://www.kurdipedia.org/?q=2017010920193498906

- هێزەکانی ئاسایشی راپەڕین لەگوندێکی سنوری قەزای پشدەر ئەمڕۆ دەستیانگرت بەسەر 3 فەردەی 25 کیلۆیی مادەی هۆشبەردا.
- ڕێگە و پەڕەکانی داعش لە تۆرە کۆمەڵایەتیەکان ڤیدیۆی سەربڕینی 3 گەنجی کوردیان بە تۆمەتی


سیخوریکردنی بۆ یەپەگە بڵاوکردەوە.
- بۆمبێک لە قامیشلۆ بە ئوتومبیلێکدا تەقییەوە و بەهۆیەوە کەسێک کوژرا.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏰 پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
🏰 پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ قامیشلۆ
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ رانیە (پشدەر)
Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2017-01-09 8:19:34 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 9
**2017-01-10**
https://www.kurdipedia.org/?q=20170110192908989 16


محضر اجتماع
عقد اجتماع مسائي بتاريخ ٢٠١٧/١/١٠ ضم السادة وزير النفط والسادة المحافظين للمحافظات ( كركوك ، نينوى ، صلاح الدين ) والسادة وكلاء وزارات النفط والمالية والكهرباء والسيد المفتش العام لوزارة النفط والكادر المتقدم من الجهات اعلاه ، وتم التداول في طلبات واحتياجات هذه المحافظات للمشتقات النفطية لتشغيل محطات الطاقة الكهربائية وتسديد الديون للمستثمرين وتجهيز المواطنين وتم الاتفاق على التالي :- وحسب توجيه رئيس الوزراء المحترم .
١- قيام وزارة النفط بتجهيز دفعات من النفط الاسود لتسديد ديون المستثمر لمحطات الطاقة وتجهيز محافظة كركوك وكذلك كميات اخرى لاستمرار تجهيز كركوك بكمية (٢٥٠) ميكا واط .
٢- قيام وزارة النفط بدراسة تجهيز مصفى أسكي كلك الاستثماري بكمية (٤٠) الف برميل/ يوم وامكانية زيادته لاحقاً ومن نفط كركوك للبدء بتشغيل المصفى وتجهيز المنتجات لمحافظة نينوى ومحطة القيارة والاستفادة من الفائض لتجهيز محافظات صلاح الدين وكركوك .
٣- النظر في تجهيز مصفى [illegible] بالنفط الخام من حقول كركوك وبحدود (٢٠) الف برميل / يوم لتجهيز مواطني محافظة السليمانية .
٤- قيام وزارة النفط بتقديم الدعم والتعاون لاعادة تأهيل مصافي الشمال وبالتعاون مع المستثمر والشركة الجيكية .
٥- الاستمرار بتجهيز محطة القدس باحتياجها من النفط الخام من حقول كركوك وبحدود (٢٥) الف برميل / يوم ودراسة امكانية توفير البدائل بالسرعة الممكنة .
٦- دعم محافظة كركوك للبدء بمشروع توسعة المصفى والعمل مع شركة [illegible] للاسراع بتشييد المصفى الجديد .
٧- التزام المستثمر لمصفى أسكي كلك الاستثماري بمراعاة التوازن في تشغيل العمالة من المحافظات ( نينوى ، كركوك ، الاقليم ) واستفادة العاملين في التشغيل .
DWAROZH.NET

- جێگیری سەرۆکی لیژنەی پێشمەرگە لە پەرلەمانی کوردستان ڕادەگەیەنێت، بەمەبەستی چاکسازیی و ڕێگەگرتن لە وەرگرتنی مووچەی دووبارەو سێبارەو بندیوار، وەزارەتی پێشمەرگە مووچەی هەشت هەزار پێشمەرگە ڕادەگرێت و چەند چاکسازییەکی تریش ئەنجام دەدات.
- ئەمشەو لەشاری خانەقین برایەک براکەی خۆی کە پێشمەرگە بووە بە چەقۆ کوشتووەو خۆیشی بریندارەو بە بریندادی دەستگیرکراوە.
- وتەبێژی ژوری ئۆپەراسیۆنی تورەیی فورات ڕایگەیاند، هێزەکانی سوریای دیموکرات لە بەنداوی فورات لە ناوچەی تەبقە نزیک بوونەتەوە، ئەوەش دوای ڕزگارکردنی گوندی جب شەعیر و دەحلان و عەریعەر لە باکوری رۆژئاوای ڕەققە.
- کۆسرەت ڕەسوڵ ڕاگەیەنراوێکی بڵاوکردەوە لەسەر چۆنێتی تێپەڕاندنی دۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان و داوای کۆبوونەوەی لوتکەی حزبەکان دەکات.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏰 پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
🏰 پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ خانەقین

Quick Respons :Code

کاتی تۆمارکردن: PM 7:29:08 2017-01-10
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 10

## 2017-01-11

https://www.kurdipedia.org/?q=2017011119384598935

- شەڕڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات لەهەردوو میحوەری عەین عیساو قادریە بەیەک گەیشتەوە لەچوارچێوەی ئۆپەراسیۆنی تورەیی فورات بۆ داپرین و کەمارۆدانی شاری رەققەی پایتەختی داعش لەسوریا.
- کۆبونەوەی شاندی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان- عێراق لە پیرمام کۆتایی هات و هەردوولا ڕاگەیەندراوێکی هاوبەشیان بڵاوکردەوە.
- ئەمڕۆ پۆلیسی تورکیا لە گەڕەکەکانی کۆناک و یافیس و نور و جودی و سور لە شارۆچکەی جزیرە لە باکوری کوردستان 28 کەسی دەستگیرکرد.
- ژمارەیەک لە مامۆستایانی ناڕازی هەڵەبجە، لەبەردەم یەکەی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەی هەڵەبجە گردبونەوەیەکی ناڕەزایەتیان ئەنجامداو ئەندامێکی دەستەی داکۆکی لەمافی مامۆستایانیش دەڵێت: بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو فشارو هەڕەشانەی کە لەسەر مامۆستایانی ناڕازییە ئەم گردبونەوەیەمان ئەنجامداو بەردەوام دەبین لە بایکۆت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: ○ جزیرا بۆتان
:Quick Respons Code

کاتی تۆمارکردن: PM 7:38:45 2017-01-11
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 11

## 2017-01-12

https://www.kurdipedia.org/?q=2017011220195798942

- هێزە ئەمنییەکانی تورکیا ئەمڕۆ لە شاری عوسمانیە و ئەدەنە هەڵیانکوتایە سەر ماڵی چەندین بەرپرس و بەڕێوەبەری هەدەپە و هاوسەرۆکانی هەدەپەی ئە و شارە و و ژمارەیەک بەرپرسانی هەدەپەیان لەئەدەنە و هەتای دەستبەسەرکرد.
- ئێوارەی ئەمرۆ چەکدارانی داعش لەدورەوە بەقەناس تەقەیان لە هێزەکانی پێشمەرگە کردووە لەسەر رێگەی زەرگە لەسنوری میحوەری خورماتوو، بەهۆیەوە سێ پێشمەرگە بەسوکی بریندارببوون.
- ئەمڕۆش دەستگیرکردنی چالاکوانان و ئەندامانی پارتی سیاسییە کوردیەکان لە باکوری کوردستان بەردەوام بوو، تەنها لە ناوچەی شیروان سەربە ناوچەی سێرت 12 کەسی دیکە ئەمڕۆ دەستگیرکران.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP

پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

شار و شارۆچکەکان: ○ خورماتوو

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2017-01-12 8:19:57 PM

ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 12

## 2017-01-13

https://www.kurdipedia.org/?q=2017011322533798953

- ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕونکردنەوەیەک لەسەر خۆپیشاندانەکانی سبەی شەممەی مامۆستایانی ناڕازی سلێمانی بڵاودەکاتەوە و ڕایدەگەیەنێت، داوا لە ئاقڵمەندانی سلێمانی دەکەین ڕێگری لە ئەنجامدانی پشێوی و گرژی بکەن.
- دادگای سزا قورسەکانی شاری ئامەد بڕیاری زیندانیکردنی نورسەل ئایدۆغان، یەکێک لە پەرلەمانتارە چالاکەکانی هەدەپەی دەرکرد و بەپێی بڕیارەکە نورسەل ئایدۆغان بۆ ماوەی چوار ساڵ و هەشت مانگ زیندانی دەکرێت.
- لە شارۆچکەی نسێبین سارا کایا و جەنگیز کۆک، هاوسەرۆکانی شارەوانی نسێبین و عەبدوڵا ئۆنگون هاوسەرۆکی پارتی هەرێمە دیموکراتییەکان و بە گشتی نۆ کەس دەستگیرکران.
- والی ئاکاپەی باتمان لە لێدوانیکیدا ئاشکرای کردوە، لە ناوچەی ساسۆن 32 هەرێم بۆ ماوەی یەک ساڵ قەدەخەی هاتوچۆی لێ ڕاگەیاندراوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP

شار و شارۆچکەکان: ◉ ئامەد

شار و شارۆچکەکان: ○ نوسەیبین

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ سلێمانی

:Quick Respons Code

کاتی تۆمارکردن: PM 10:53:37 2017-01-13

ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 13

**2017-01-14**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170114105625989959



- قەدەغەی هاتوچۆ لە 13 گوندی ناوچە شاخەوییەکانی ناوچەی لیجە و هانی سەر بە ئامەد هەڵگیرا.
- لە شەڕو پێکدادانی لە نێوان گەریلاکانی پەکەکە و سوپای تورکیا لە پارێزگای بتلیسی باکوری کوردستان دوو سەرباز کوژران و دووانی دیکەش برینداربوون.
- هێزەکانی پۆلیس و چالاکییە ئەمنییەکان رێگریان لە مامۆستایانی خۆپیشاندەر کرد لە سلێمانی بچنە بەردەم بارەگای ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی لەسلێمانی.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK

🏛 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◉ ئامەد

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ بەدلیس

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ سلێمانی

:Quick Respons Code

کاتی تۆمارکردن: AM 10:56:25 2017-01-14

ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 14

**2017-01-15**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170116133552990032

...

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2017-01-16 1:35:52 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 15

**2017-01-16**

https://www.kurdipedia.org/?q=2017011613234699028



- هێزە ئەمنییەکانی تورکیا لە ئۆپەراسیۆنێکدا مەهمەت عەلی تونج هاوسەرۆکی شارەوانی ناوچەی مورادیەی سەر بە پارێزگای وان-یان دەستبەسەرکرد.
- لە نزیک زانکۆی دیجلە لە ناوچەی سوری شاری ئامەد تەقینەوەیەک ڕوویدا و بەپێی زانیارییە سەرەتاییەکان، سێ پۆلیس کوژراون و سێی دیکەش بریندار بوون.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP

شار و شارۆچکەکان: ○ وان

شار و شارۆچکەکان: ◉ ئامەد

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2017-01-16 1:23:46 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 16

**2017-01-17**

https://www.kurdipedia.org/?q=2017011709004399057



- بەبەشداری ساڵح موسلیم و ئاسیا عەبدوڵڵا هاوسەرۆکانی پارتی یەکێتی دیموکرات (پەیەدە)، ئەو پارتەی ڕۆژئاوای کوردستان لە شاری سەرێکانی دووەمین کۆنگرەی خۆی دەستپێکرد.
- لە پەراوێزی کۆربەندی ئابووریی داڤۆس، مەسعود بارزانی لو جۆ بایدن، جێگری سەرۆکی ئەمریکا کۆبوونەوە و تاوتوێی شەڕی داعش و ڕەوشی ناوچەکەیان کرد.
- سەرۆکایەتی داواکاری گشتی ئامەد بە تۆمەتی ئەندامبوون لە بەڕێوەبەرایەتی پەکەکە و کەجەکە، داوای 142 ساڵ زیندانی بۆ سەلاحەدین دەمیرتاش و 83 ساڵ زیندانی بو فیگەن یوکسەکداغ هاوسەرۆکانی گشتی هەدەپە دەکات.
- هێزی ئاسمانی ئەمریکا بەردانەوەی چەک و تەقەمەنی و چەندین پێداویستی دیکەی بۆ ژمارەیەکی زیاتر لە شەڕڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات ڕاگەیاند، کە نزیک دەبنەوە لەشاری ڕەققەی پایتەختی داعش لە سوریا.
- چەتەکانی داعش هێرشی سەنگەرەکانی شەرڤانانی ژووری ئۆپەراسیۆنی تورەیی فورات-یان کرد لەلایەن شەرڤانانەوە بەتوندی وەڵامیاندرایەوەو لە ئەنجامدا 15 چەتە کوژران.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - HDP |
| 🏛 پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ سەرێکانی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◉ ئامەد |
| Quick Respons Code: | |

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2017-01-17 9:00:43 AM |
| ناوی تۆمارکار: | هاوڕێ باخەوان |

---

بابەت: 17

## 2017-01-18

https://www.kurdipedia.org/?q=2017011810023699103

- شەوی ڕابردوو پۆلیسی تورک هەڵیکوتایە سە ماڵێک لە گەڕەکی ئەمین پاشا لە شارۆچکەی ئارتەمێتان-ی سەر بە شاری وان-ی باکوری کوردستان، لەو هێرشەدا دەوڵەت هەلیکۆپتەریشی بەکارهێنا و دوو کەس بە گوللەی پۆلیس کوژران.

- سەرۆکی لیژنەی نەوت و وزە لەئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک ڕایگەیاند، بەپریاری تورکیا، لە دوێنێ وە هەناردەی نەوتی کێڵگەکانی کۆمپانیای نەوتی باکور لە کەرکوک بۆ بەندەری جەیهان راگیراوە.
- فڕۆکەکانی تورکیا ناوچەکانی سیدەکان و خواکورکیان بۆردومانکرد و زیانی ماڵیی لێکەوتەوە.
- کۆچی دوایی فەتاحی کاویان.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ وان

🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2017-01-18 10:02:36 AM

ناوی تۆمارکار: هاوری باخەوان

---

بابەت: 18

## 2017-01-19

https://www.kurdipedia.org/?q=2017011921275899106

- لە بازگەی دێگەڵە لەسەر رێگای کۆیە-هەولێر، شەڕەتەقە لەنێوان چەند هاوڵاتییەک روویداو "پێنج کەس بریندابوون".

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2017-01-19 9:27:58 PM

ناوی تۆمارکار: هاوری باخەوان

---

بابەت: 19

## 2017-01-20

https://www.kurdipedia.org/?q=2017012019532599120

- پەرلەمانتاری هەدەپە ئایشە باشاران لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی تورکیاوە دەستگیر کرا، لە چوارچێوەی ئەو سکاڵایەی لەسەری تۆمار کرابوو لەلایەن داواکاری گشتی شاری باتمانەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏯 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ باتمان
Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2017-01-20 7:53:25 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 20

**2017-01-21**

https://www.kurdipedia.org/?q=2017012110443599121

- هەر سێ فەرمانگەی باری شارستانی لە قەزای خەبات و ناحیەی رزگاری و ناحیەی کەورگۆسک کارەکانیان ڕاگرت و مامەڵەی هیچ هاوڵاتییەک وەرناگرن، بەهۆی ئەوەی سەرجەم تۆمارەکان بۆ بەغدا نێردراون بە مەبەستی دەستپێکردنی کارتی نیشتیمانی.
- هێزەکانی ئیدارەی ئیتلاعاتی ڕژێمی ئێران لە شاری بۆکان، بە تۆمەتی بڵاو کردنەوەی وێنەی پێشوا قازی محەمەد و بانگەشەی سیاسی، کچە کوردێکی چالاکیان بە ناوی نەشمیل سۆهرابی دەستگیرکرد.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ بۆکان
Quick Respons Code:


کاتی تۆمارکردن: 2017-01-21 10:44:35 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 21

**2017-01-22**

https://www.kurdipedia.org/?q=2017012210014699134



- ئەمشەو لەروداوێکی هاتووچۆدا لەسەر رێگای بەردەڕەش - کەڵەک، حەوت ئەندامی خێزانێک گیانیان لەدەستدا و دوو کەسیش برینداربوون.
- شەش بەرپرسی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) لە مانیسا دەستگیرکران، دوای ئەوەی داواکاری گشتی بڕیاری دادگای مانیسای بۆ ئازادکردنی ئە و بەرپرسانە بەمەرج رەتکردەوە.
- بە پێی ئاژانسی دۆغانی تورکی شەوی رابردوو هێزە ئەمنیەکانی تورکیا لە ناوچەی قزلتەپە بە گومانی بوونی ئەندامانی پەکەکە هەڵیانکوتاوەتە سەر ماڵێک و شەڕ رویداوە و تا بەیانی ئەمڕۆ بەردەوامبووە، لە ئەنجامدا دوو ئەندامی پەکەکە گیانیان لە دەستداوە کە یەکێکیان ژن بووە و ئۆپەراسیون لە و ناوچەیە بەردەوامە.
- نوێنەری هەدەپە لەباشووری کوردستان رایدەگەیەنێت، هێزێکی ئاسایشی هەولێر هەڵیان کوتاوەتە سەر بارەگاکەیان و دوو ئۆتۆمێلی بارەگاکەیان بردوە و بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێریش رەتیدەکاتەوە هیچ ئۆتۆمبێلێک بەناوی هەدەپە دەستی بەسەردا گیرابێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - HDP |
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ ماردین |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ♖ هەولێر |
| Quick Respons Code: | |

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2017-01-22 10:01:46 AM |
| ناوی تۆمارکار: | هاوڕێ باخەوان |

---

بابەت: 22

## 2017-01-23

https://www.kurdipedia.org/?q=2017012218392899145

- رۆژنامەیەکی تورکی رایدەگەیەنێت، ویلایەتە یەکگرتووەکان بنکەیەکی سەربازی لە رۆژئاوای کوردستان دامەزراندووە کە دەبێتە جێگرەوەی بنکەی ئەنچەرلیک لە باکوری کوردستان (باکوری رۆژئاوای تورکیا).
- بەڕێوەبەری ئاسایشی قەزای چۆمان رایگەیاند، کەسێکیان دەستگیرکردووە 150 هەزار دۆلاری ساختەی لە کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە هێناوەتە هەرێمی کوردستان.
- پۆلیسی دەوڵەتی تورک هەڵیکوتایە سەر بینای شارەوانی بازید و هاوسەرۆکانی شارەوانییەکەی دەستگیرکرد، لە شارۆچکەی دوو تاخ-یش 45 کەسی دەستگیرکرد.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - HDP |

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ چۆمان
Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2017-01-22 6:39:28 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 23

**2017-01-24**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170124191807991 61

- هێزەکانی ئەنجومەنی سەربازی مەنبەج، ئەمڕۆ، دوو هێرشی داعش-یان تێکشاندووە و 14 چەکداری ئە و ڕێکخراوەیان کوشتووە.
- سەرۆکوەزیرانی عێراق بەفەرمی کۆنترۆڵکردنەوەی بەشی ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ-ی لەدەست چەکدارانی داعش ڕاگەیاند.
- بەهۆی مردنی تۆمەتباری ڕووداوەکە، دۆسیەی تیرۆرکردنی ئە و سێ ژنە سیاسەتمەدارە کوردە (ساکینە جانسیز و فیدان دۆغان و لەیلا شایلماز) داخرا، کە ساڵی 2013 لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا تیرۆرکران، پارێزەرەکانیشیان داوای کردنەوەی دۆسیەکە دەکەن.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏟 پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
🏟 پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ موسڵ و دەشتی نەینەوا
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ مابوک - مەنبەج
Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2017-01-24 7:18:07 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 24

**2017-01-25**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170125202407991 75

- چەکدارانی داعش هەڵیانکوتاوەسەر کۆمپانیایەکی ڕێگاوبان لە ناحیەی نەفتخانەی سەر بە قەزای خانەقین و کرێکارێکیان کوشتووە و سێ کرێکاری دیکەیان رفاندووە.

- ئێوارەی ئەمڕۆ، هەریەکە لە ئەحمەد یڵدرم جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی هەدەپە لە پەرلەمانی تورکیا و عوسمان بایدەمیر ئەندامی هەمان فراکسیۆن و نوێنەری شاری ڕوحا، لە لایەن پۆلیسی تورکەوە لە شاری ئامەد دەستگیرکران.
- ئەحمەد تورک، هاوسەرۆکی شارەوانی گەورەی مێردین، کە لە بەشی بەشتی (T) زیندانی ئەلعەزیزدایە، ڕەوانەی نەخۆشخانەی فاکەڵتی زانکۆی فورتا لە شاری ئەلعەزیز کرا، بۆ ئەنجامدانی پشکنینی تەندروستی.
- نوسینگەی ڕاگەیاندنی هێزەکانی ئاسایشی کانتۆنی عەفرین ئەمڕۆ ڕایگەیاند: شەوی ڕابردوو سوپای داگیرکەری تورکیا 600 مەتر زەوی لە گوندەکانی (ئیکدام و عەرەب وێران و عەرەب جومعە) لە ناوچەی شەرا لە کانتۆنی عەفرین داگیرکرد و دار زەیتونی هاوڵاتیانی پریەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP

شار و شارۆچکەکان: ○ خانەقین

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2017-01-25 8:24:07 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 25

**2017-01-26**

https://www.kurdipedia.org/?q=2017012620445599187



- وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێم رایگەیاند، کاری جدییان بۆ داهاتووی خوێندکاران کردووەو دڵنیاییش دەداتە خوێندکاران لەڕووی ئەزموونەکانەوە هیچ لایەک زەرەرمەند نەبن، لەبارەی خەرجکردنی پارەی هاندانی مامۆستایانیش دەڵێت "لەداهاتوویەکی نزیکدا پارەکەیان پێدەدرێت".
- لەکاتی کارکردن، کارمەندێکی سیانەی پیشەسازی سەر بە بەرێوبەرایەتی گشتی کارەبای سلێمانی بەناوی عەبدولڕەحمان عوسمان، تەزووی کارەبا لێیدا و بەو هۆیەشەوە هەردوو دەستی لەدەستدا.
- جێگری فەرماندەی هێزەکانی پێشمەرگە لە شەنگال رایگەیاند، بەگومانی جموجۆڵی داعش لەناوچەیەکی چۆڵی نێوان پێشمەرگەو حەشدی شەعبی، هێزەکانی حەشدو پێشمەرگە بەئاراستەی یەکتر تەقیانکردووە، بەڵام هیچ زیانێکی نەبووە.
- سائیب سەلام وتەبێژی پۆلیسی قەزاو ناحیەکانی سلێمانی رایگەیاند، مین بەفەرمانبەرێکی شارەوانی سلێمانیدا تەقیوەتەوەو بەهۆیەوە جەستەی بووە بەچەند پارچەیەکەوەو دواتریش گیانی لەدەستداوە.ئەو فەرمانبەرە ناوی رزگار حەمەڕەحیم-ە لەشارەوانی رۆژهەڵاتی سلێمانی دەوام دەکات، لەدایکبووی ساڵی 1967ە.
- لەشارۆچکەی بێگری سەر بەشاری وانی باکوری کوردستان، محەمەد

عەلی تونج، هاوسەرۆکی شارەوانی بێگری و شەش کەسی دیکە بە بڕیاری دادگا زیندانی کران.
- شەڕڤانانی ئەنجومەنی سەربازی منبج، هێرشی چەتەکانی داعشیان بۆ سەر گوندەکانی ڕۆژئاوای منبج، پوچەڵکردەوە و شەش چەتەش کوژران.
- لە شارۆچکەی خەلفەتی سەربە پارێزگای ئورفا لە باکوری کوردستان پێنج کەسی دیکە لە چوارچێوەی قڕکردنی سیاسی دەستگیرکران.
- هێزی سەربازی سوپای تورک ئاماری شەش مانگی ئۆپەراسیۆنی قەڵغانی فوراتی ئاشکرا کرد، کە 53 سەربازیان کوژراوە، ئەوەش لە کاتێکدایە حکومەتی ئاکەپە پێشتر وتبوی هەتا هەفتەیەکیتر باب دەکەوێت، بەڵام ئێستا ڕۆژ بە ڕۆژ شەڕ لە دەوروبەری باب گەورەتر دەبێت.
- ئەمڕۆ دادگای قورسی شاری ئستەمبوڵ بەبانگەشەی پروپاگەندە بۆ ڕێکخستنی قەدەغە لە کتێبەکانیدا، سزای شەش ساڵ زیندانی بەسەر ئارەزوو دەمیر، نووسەر و ڕۆژنامەنووس سەپاند.
- دادگای دووەمی سزای قورسی شاری وان، بڕیاری زیندانیکردن و دەستگیرکردنی بەزۆری بۆ هەریەکە لە ئادەم گەڤەری و لەزگین بۆتان پەرلەمانتاری هەدەپە دەرکرد.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK

شار و شارۆچکەکان: ○ سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: ○ وان

شار و شارۆچکەکان: ○ مابوک - مەنبەج

شار و شارۆچکەکان: ○ ئورفە

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2017-01-26 8:44:55 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 26

**2017-01-27**

https://www.kurdipedia.org/?q=2017012720504899193



- بەپێی هاوار نیوز، شەوی ڕابردوو لەسەر سنووری ڕۆژئاوا و باکوری کوردستان، لە گوندی مەزرا-ی سەر بەشاری دێرک بەهۆی تەقەی هێزە ئەمنییەکانی تورکیاوە دوو هاوڵاتی مەدەنی کوژراون و پێنج-ی تر برینداربوون.
- بە بەشداری نوێنەری پەیەدە لە مۆسکۆی پایتەختی روسیا، کۆبوونەوەی وەزارەتی دەرەوەی روسیا و بەشێک لەلایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا دەستیپێکرد.
- لە ناوچەی ڕەشیدیە لە باکوری شاری موسڵ تەقینەوەیەک ڕوویدا و بە هۆیەوە 33 کەس بوونە قوربانی.
- سوپای تورکیا لە شارۆچکەی باب لە باکوری سوریا بەهۆی بۆردوومانەوە نزیکەی 10 هاوڵاتی کوشت.
- لە دادگای مێردێن هەردوو نووسەر سەجاد جیهانفەرد ناسراو بە (ژیار) و حەسەن بەلدە، کە خەڵکی کرماشانی رۆژهەڵاتی کوردستانن، لە رۆژی 3ی ئەم مانگە لە شاری مێردین-ی باکوری کوردستان لە کاتی وێنەگرتن لەلایەن پۆلیسی تورکیاوە دەستبەسەر کرابوون، وتەیان لێ وەرگیرا و بە تۆمەتی هاوکاریکردنی پارتی کرێکارانی کوردستان خرانە زیندانەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏨 پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| 🏨 پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ کرماشان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ موسڵ و دەشتی نەینەوا |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ دێرک |
| Quick Respons Code: | |

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2017-01-27 8:50:48 PM |
| ناوی تۆمارکار: | هاوڕێ باخەوان |

---

بابەت: 27

## 2017-01-28

https://www.kurdipedia.org/?q=20170128100044991999

- شەوی ڕابردوو پەرلەمانتاری هەدەپە هودا کایا کاتێک لە پشوودا بوو، لە هۆتێلی تێرمالی لەلایەن بەڕێوبەرایەتی ئاسایشی ئیزمیر و ئافیۆن دەستگیر کرا. هاوکات هەواڵی دەستگیرکردنی کایا لەلایەن پەرلەمانتارێکی دیکەی هەدەپە بەناوی نادیر یڵدرم لە ڕێگەی تۆری کۆمەڵایەتی تویتەرەوە بڵاوکرایەوە.

- دوای دیارنەمانی بۆماوەی هەشت ڕۆژ، شەوی ڕابردوو تەرمی بورهان ئۆزەڤلی، ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی شارۆچکەی سارا لەسەر پشکی DBP، لە شارۆچکەی مەرەشە دۆزرایەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP

شار و شارۆچکەکان: ○ وان

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2017-01-28 10:00:44 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 28

## 2017-01-29

https://www.kurdipedia.org/?q=2017012909284699212



- پۆلیسی هاتوچۆی سلێمانی رایدەگەیەنێت، بەهۆی بارینی بەفرەوە لەئێستادا چەندین ڕێگای سەرەکی دەرەوەی سلێمانی داخراون، هۆشداریش دەداتە هاوڵاتیان سەفەر نەکەن و نەچنە دەرەوەی شارەکان.
- بەهۆی شەپۆلی زۆری بەفرەوە، گەشتەکانی فڕۆکەخانەی سلێمانی بۆ چەند کاژێرێک راگیران.
- محەمەد تۆفیق رەحیم رێکخەری ژوری پەیوەندییە دیبلۆماسیەکانی گۆڕان رایگەیاند، هیچ بیانویەک بۆ مانەوەی گۆڕان لەحکومەتدا نەماوەو دەبێت جڤاتی گشتی و نیشتیمانی بڕیار لەو بارەیەوە بدەن.
- سینەم محەمەد بەرپرسی کاروباری دەرەوەی کانتونەکانی رۆژئاوای کوردستان رایگەیاند، بەم نزیکانە نوێنەرایەتی بەڕێوەبەری خۆسەری لە واشنتۆن دەکەنەوە و ئە و لایەنانەی ئەوان گفتوگۆیان لەگەڵ کردوون پرۆژەی فیدراڵ-یان پەسەندکردووە.
- ئایهان بیلگان وتەبێژی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) لە فڕۆکەخانەی ئەسانبوغا لە شاری ئەنقەرە لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی تورکیاوە دەستبەسەرکرا.
- ماوەی چەند ڕۆژێکە شەپۆلێکی بەفربارین زۆربەی کوردستانی گرتوەتەوە، بەو هۆیەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خوێندگاکانی چوار پارێزگا داخران.
- شەوی رابردوو، 13 کۆڵبەری کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان لە چیای بێورانی قەزای سەردەشت کەوتنە ژێر هەرەسی بەفر و لە ئەنجامدا سێ لەو کۆڵبەرانە گیانیان لەدەستدا.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان

🏟 پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
🏟 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ سلێمانی
Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2017-01-29 9:28:46 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 29

## 2017-01-30

https://www.kurdipedia.org/?q=20170130203909999223

- لەیەکێک لەگەڕەکەکانی شاری سلێمانی تەرمی پیاوێک دۆزرایەوە کە بەهۆی سەرماوە رەقبووەتەوە و گیانی لەدەستداوە.
- ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی رایگەیاند، توانویانە "تیرۆرستێک" بەناوی (علی سلێمان عسمان) دەستگیربکەن، کە ئەنجامدەرێکی سەرەکی کردەوە تیرۆریستیەکەی بەردەم کونسوڵخانەی ئەمریکا بووە لە هەولێر لە رۆژی 17-04-2015.
- بە بڕیاری دادگای ئامەد ئیدریس بالوکان پەرلەمانتاری هەدەپەی شاری ئامەد و ئەندامی وەفدی ئیمرالی ئازادکرا.
- لە رۆژهەلاتی کوردستان و لە دوو ناوچەی جیاواز، لە ناوچەی هەورامانی تەخت و چاڵدێران سێ هاوولاتیی کورد بە هۆی هەرەسی ڕەنوە بەفرەوە گیانیان لەدەست دا.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏟 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◉ ئامەد
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ پاوە (هەورامانی تەخت)
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2017-01-30 8:39:09 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 30

## 2017-01-31

https://www.kurdipedia.org/?q=2017013110375999224




- لە شاری هەولێر یەکەم کارگەی زەیتی زەیتوون لە هەرێمی کوردستان دەستی بەبەرهەمهێنانی زەیتی زەیتوون کرد، بەڕێوەبەرێکی گشتی وەزارەتی کشتوکاڵیش ئاماژە بەوەدەکات کارگە توانای رۆژانەی بەکارهێناتی 30 تۆن زەیتوونی هەیە بۆ دروستکردنی زەیتی زەیتوون.
- بەڕێوەبەرایەتی کەشناسی و بومەلەرزەزانی هەرێم پری بەفربارینی لەماوەی 24 کاتژمێری رابردووی بڵاوکردەوە، زۆرین پریش لەئامێدی باریووە کە 12 سانتیمەترە.
- مەراڵ دانش بەشتاش پەرلەمانتاری شاری ئاداناى هەدەپە، ئەمڕۆ بە تۆمەتی ئەندامێتی پەکەکە بۆ جاری دووەم دەستبەسەکرا.
- ئەو سێ کۆڵبەرەی لە چیاکانی ڕێگای نێوان حاجی ئۆمەران و پیرانشار بێ سەروشوێن ببوون، ئەمڕۆ دۆزرانەوە، یەکێکیان گیانی لەدەست داوە و دووانەکەی دیکەش بریندارن.
- ئەمریکا هاوکارییەکانی بۆ شەڕڤانانی سوریای دیموکرات فروانتر دەکات و بۆ یەکەمجار ئۆتۆمبیلی زرێپۆشیان پێدەدات، لەکاتێکدا شەڕڤانان لە ئامادەکارییدان بۆ دەستپێکردنی قۆناغی سێ یەمی ئۆپەراسیۆنی داپرین و گەمارۆدانی شاری رەققەی پایتەختی داعش لەسوریا.
- لە شاری کەرکوک دوو چەتەی داعش دەسگیرکران و بەڕێوبەری پۆلیسی شارەدێ و شارۆچکەکانی کەرکوک-یش ئاشکرایدەکات، کە یەکێک لە چەتەکان بەرپرسی هێڵی ئینتەرنێتی چەتەکانی داعش بووە لە سنوری پارێزگای کەرکوک.
- هاوسەرۆکانی شارەوانی دەپێی سەر بە ئەلعەزیز، کە لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرابوون و سەر بە پارتی هەرێمە دیموکراتەکان (دەبەپە) بوون، بورهان کۆجامان و جەنەت ئایک، لە ئەرکەکانیان لادران و لە شوێنی ئەوان خۆسەپێنەرێک دانرا.
- مەلا مەحمود پاشا وتارخوێنی مزگەوتی سەیداوا لەشاری هەولێر لەلایەن چەند کەسێکی نەناسراوەوە لە بەردەمماڵەکەی خۆیدا کوژرا.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏨 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - HDP |
| 🏨 پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | 🔥 کەرکوک |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ پیرانشار - خانە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ چۆمان |

🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ ئامێدی

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2017-01-31 10:37:59 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 31

## 2017-02-01

https://www.kurdipedia.org/?q=20170201202335992 73



- هەردوو پەرلەمانتار (دیلەک ئۆجەلان و ئیبراهیم ئایهان) لەلایەن دادگای شاری ریحا (ئورفە)ەوە فەرمانی دەستگیرکردنیان بۆ دەرچوو.
- سەرحات چیچەک هاوسەرۆکی شارەوانی دەبەپەی شارۆچکەی گۆکچەباغ سەر بە ناوەندی شاری سیرت ئەمڕۆ لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی تورکیاوە دەستبەسەرکرا.
- رۆبیرتا بینۆتی وەزیری بەرگری ئیتاڵیا ئەمشە و گەیشتە هەولێر و لەگەڵ بەرپرسانی باڵای هەرێمی کوردستان کۆدەبێتەوە.
- بەڕێوەبەری هاتوچۆی دەربەندیخان ئاشکرای کرد بە هۆی ئەو شەپۆلە بەفرەی ڕووی لە ناوچەکە کردووە بڕیارماندا بە داخستنی ڕێگای دەربەندیخان سلێمانی.
- بەهۆی بارینی بەفرێکی زۆرەوە، سبەینێ 2017-02-02 لە سلێمانی و دەوروبەری کرایە پشووی فەڕمی.
- لە پارێزگای مووشی باکوری کوردستان، بەفر و کەشی سارد کاریگەریی نەرێنیی کردووەتە سەر ژیانی رۆژانەو لە هەندێک شوێنی پارێزگاکە بەفر بۆ سێ مەتر بەرزبووەتەوە.
- پاش 9 ساڵ، ئەمڕۆ لە کەرکوک بەفر باری و شارەکە رەنگی سپیی گرت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏟 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ ئورفە

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ دەربەندیخان

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ سلێمانی

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ سێرت

🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر

:Quick Respons Code

کاتی تۆمارکردن: PM 8:23:35 2017-02-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 32

## 2017-02-02

https://www.kurdipedia.org/?q=2017020220335099302




- بەرپرسی بەشی دەستەی گواستنەوەی سوید رایگەیاند، زانیارییان بەدەستگەیشتووە هاتوچۆی ئاسمانی بۆ عێراق مەترسیدارە بۆیە بڕیاریانداوە بەهەڵپەساردنی گەشتە ئاسمانییەکان بۆ هەرێمی کوردستان و عیراق.
- وەزارەتی دەرەوەی کازاخستان رایگەیاند، روسیاو تورکیاو ئێران شەشی ئەم مانگە لەئەستانە کۆدەبنەوە لەبارەی چۆنیەتی جێبەجێکردنی ئاگربەست لەسوریا.
- ئایهان بیلگەن وتەبێژی هەدەپە و پەرلەمانتاری شاری قارس و مەڕاڵ دانیش بەشتاش پەرلەمانتاری هەدەپەی شاری ئەدەنە ئەمڕۆ گوێزرانەوە زیندانی سیلیڤری شاری ئەستەنبوڵ.
- کۆردیناسیۆنی گشتی یەکینەکانی پاراستنی سڤیل (یەپەسە) ڕایگەیاند، کە شەڕڤانانی ئەوان لە جولەمێرگ لە باکوری کوردستان سێ پۆلیسی تورکیایان کوشتوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP

🏛 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ جولەمێرگ

🏙 شار و شارۆچکەکان: TR ئەستەمبوڵ

:Quick Respons Code


کاتی تۆمارکردن: PM 8:33:50 2017-02-02
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 33

## 2017-02-03

https://www.kurdipedia.org/?q=2017020409483299359




- ئەحمەد تورک ئازادکرا.
- ڕێژەی بەفربارین لە شارۆچکەی پێنجوێن گەییشتە 85 سم.
- جێگری پارێزگای هەڵەبجە ئاشکرایکرد، دوای زیاتر لە هەشت ساڵ چاوەڕوانی نەتوانرا ئە و ماستەر پلانەی کە لەنێوان کۆمپانیایەکی ئەڵمانی و پارێگاری سلێمانیدا واژۆکرا بخرێتە بواری جێبەجێکردەوە، بۆیە وەزارەتی شارەوانی داوای هەڵوەشاندنەوەی ئە و گرێبەستە دەکات بۆ ئەوەی ماستەرپلانێکی نوێ بۆ هەڵەبجە جێبەجێ بکرێت.
- وەحید کوڤلی فەرماندەیەکی هێزەکانی پێشمەرگە، لە شاری دهۆک لە ماڵەکەی خۆی کۆچی دوایی کرد.
- دووەمین کۆنگرەی جڤاتی گشتی تەڤگەری ئازادی کۆمەڵگای کوردستان بە دروشمی "بە بونیادنانی سیستەمی خۆبەڕێوبەری دیموکراتی قەیرانەکانی دەسەڵات تێدەپەڕێنین"دوێنێ کاتژمێر 9:00 لە هۆڵی دێرین-ی شاری سلێمانی دەستپێکرد و ئەمڕۆ کاتژمێر 06:00 بە پەسەندکردنی چەندین بڕیار کۆتایی هات.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان

شار و شارۆچکەکان: ○ دهۆک

شار و شارۆچکەکان: ○ پێنجوێن

شار و شارۆچکەکان: ○ هەڵەبجە

Quick Respons Code:

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | AM 9:48:32 2017-02-04 |
| ناوی تۆمارکار: | هاوڕێ باخەوان |

---

بابەت: 34

## 2017-02-04

https://www.kurdipedia.org/?q=2017020409534499362

- قۆناغی سێیەمی ئۆپەراسیۆنی تورەیی فورات، بۆ ڕزگارکردنی ڕەقە لەدەستی داعش لە دوو میحوەری باشوری شاری حەسەکەوە دەستپێکرد.
- ئەمینداری گشتی وەزارەتی پێشمەرگە ڕایدەگەیەنێت، هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان بەشداری ئۆپراسیۆنی ئازادکردنەوەی قەزای تەلەعفەر ناکەن و هۆکارەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە ئەو ناوچەیە سنووری هەرێمی کوردستان نیە.
- وەزیری بەرگری ئەمریکا ئەمڕۆ لەمیانەی کۆنفرانسێکدا لەشاری تۆکیۆی یابان ڕایگەیاند، ئێران گەورەترین دەوڵەتی پشتیوانی تیرۆرە لەجیهاندا.
- سەرۆکایەتی داواکاری گشتی ئامەد بەتۆمەتی ئەندامبون و بانگەشەکردن بۆ پەکەکە و کەجەکە

داوای 30 بۆ 95 ساڵ زیندانی بۆ ئایلا ئاکات ئاتا وتەبێژی کۆنگرەی ژنانی ئازاد و پەرلەمانتاری پێشووی هەدەپە لەشاری باتمان دەکات.
- سەرۆکایەتی داواکاری گشتی ئامەد بەتۆمەتی ئەندامبون وبانگەشەکردن بۆ پەکەکە و کەجەکە داوای 15 بۆ 22 ساڵ و نیو زیندانی بۆ ئایسەل توغلوق، جێگری هاوسەرۆکی گشتی هەدەپە دەکات.
- هێزە تایبەتەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران هێرشیان کردوەتە سەر کرێکارانی ناڕازی کۆمپانیای (تاران جنوب) لە پارێزگای کرماشان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە ناڕەزایەتی خۆیان لە بەرامبەر وەرنەگرتنی مافەکانیان دەربڕیووە.
- تورگای گولەنچ، قایمقامی شارۆچکەی بسمیل وەک خۆسەپێنەر کرا بە سەرۆکی شارەوانی شارۆچکەکە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| 🏛 پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - HDP |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ کرماشان |
| Quick Respons Code: | |

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2017-02-04 9:53:44 AM |
| ناوی تۆمارکار: | هاوڕێ باخەوان |

---

بابەت: 35

## 2017-02-05

https://www.kurdipedia.org/?q=2017020419023599406



- مورات ڕۆهات ئوزبەی و دەلال تەکدەمیر هاوسەرۆکانی شارەوانی دوغوبەیازیت-ی سەر بە پارێزگای ئاگری و سێ کەسی دیکە بەپڕیاری دادگای تورکیا دەستگیرکران.
- بۆ ناڕەزایی نیشاندان بەرامبەر پشتگوێخستنی شارەکەیان و فەرامۆشکردنی هەنگاوەکانی بوونە پارێزگا چین و توێژە جیاجیاکانی هەڵەبجە خۆپیشاندانێکیان ئەنجامدا.
- ژمارەیەک لە کارمەند و پزیشکانی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی هەڵەبجە گردبونەوەیەکیان ئەنجامدا بۆ ناڕەزایی نیشاندان بەرامبەر نەبونی پزیشک و کارمەندی تەندروستی و کەمی پێداویستی پزیشکی، هاوکات بۆ دەربڕینی پشتیوانی بۆ بەڕێوەبەری دەستلەکارکێشاوەی نەخۆشخانەکەیان.
- هاوسەرۆکانی شارەوانی بازید و پێنج کەسیتر بڕیاری زیندانیکردنیان درا.
- بەرەبەیانی ئەمڕۆ، بەهۆی هێرشی ڕەوە گورگەوە بۆ سەر گوندی (چەویلکە)ی ڕۆژهەڵاتی داقوق، زیانێکی زۆر گەیشتە ئاژەڵدارێکی ناوچەکە.
-لە گوندی گۆپیتەی دامێنی شاخی گڵەزەردەی سلێمانی 3 گەنج بەهۆی ڕووداوی غازەوە گیانیان لەدەست دەدەن. کە دوانیان ئامۆزان و یەکێکیان

خوشکەزای یەکێکیانە، تەمەنیان 24 ساڵ، 17 ساڵ و 16 ساڵە.
-لە شاری هەولێر پرۆژەی شەقامی 120 مەتری بەڕووی شۆفێراندا کرایەوە

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏛 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP
🏙 شار و شارۆچکەکان: ⛰ ئاگری
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ هەڵەبجە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ بایەزید
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ سلێمانی
Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2017-02-04 7:02:35 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 36
**2017-02-06**
https://www.kurdipedia.org/?q=20170206202937994448




- ئێوارەی ئەمڕۆ بە گوللەی قەناس پێشمەرگەیەک شەهیدکرا لەگوندی ئەبو محەمەد، بەناوی (محەمەد مەحمود حەمەلاوە) شەهیدکرا.
- بە پێی ئاژانسی فورات نیوز ئەحمەد ئەجە، هاوسەرۆکی شارەوانی شارۆچکەی فندیک بەیانی ئەمڕۆ لەشاری ئەستەنبوڵ لەماڵی یەکێک لە خزمەکانی لە ئۆپەراسیۆنێکی هێزە ئەمنییی تورکیادا دەستبەسەرکراوە.
- فرۆکە جەنگییەکانی تورکیا ناوچەی خنێرە و لۆلان و خواکورکیان لە برادۆست لە هەرێمەکانی پاراستنی میدیا بۆردوومان کرد.
- لەسەر سکاڵای دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان، ژمارەیەک بەرپرسی باڵا لە شاری هەولێر دەستگیرکراون کە بەتۆمەتی گەندەڵی تێوەگلاون.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏛 پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
🏛 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ دهۆک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک

:Quick Respons Code

کاتی تۆمارکردن: PM 8:29:37 2017-02-06
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 37

## 2017-02-07

https://www.kurdipedia.org/?q=2017020719395799469

- دیلەک ئۆجەلان، پەرلەمانتاری هەدەپەی شاری ئۆرفا و خوشکەزای عەبدوڵا ئۆجەلان سەرۆکی زیندانیکراوی پەکەکە لە فرۆکەخانەی ئاتاتورک-ی ئەستەنبۆل دەستبەسەرکرا.
- دوانیوەڕۆی ئەمڕۆ لە شاری ئەرزرۆم لە باکوری کوردستان، مەدەنی ئایگوڵ، سەرۆکی لقی ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە شارەکە دەستگیرکرا.
- وتەبێژی فەرمی ژووری چالاکیەکانی غەزەبی فورات، ئاماری چوار ڕۆژی قۆناغی سێیەمی ئۆپەراسیۆنەکانی بە لێدوانیک ڕاگەیاند و وتی: 22 کیلۆمەتر ماوە بگەینە ناوەندی ڕەقە.
- سەرچاوەیەکی باڵا لە حکومەتی عێراقی رایدەگەیەنێت، بریکاری وەزارەتی دارایی فازل نەبی چەند رۆژێکە رەوانەی ماڵەوە کراوە، هاوکات سەرچاوەپەکیش لە پەرلەمانی عێراقی ئاشکرایدەکات، بریکاری وەزارەتی دارایی دەیان دۆسیەی گەندەڵی لەسەرەو لە دەستەی نەزاهەی هەرێم لێپرسینەوەی لەگەڵ کراوەو ناوبراویش رەتیدەکاتەوە لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کرابێت.
- سێ هاوسەرۆکی دوو شارەوانی جیا لە باکوری کوردستان دەستگیرکران.
- شارەوانی سلێمانی ڕایدەگەیەنیت لەئێستادا سەرجەمی پرۆژەکانی ناوشاری سلێمانی راگیراون و هیچ پرۆژەیەکی شەقامەکان کاریان تێدا ناکرێت.
- عەمید روکن جەمیل رەشید هەرکی، جێگری بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی پلاندانان و ڕێکخستنی میلاکاتی وەزارەتی پێشمەرگە ئێوارەی ئەمڕۆ بە "جەڵدەی دڵ" کۆچی دوایی کرد.
- لە شارەدێی زەڕایەن کورێک خوشکێکی خۆی کوشت و پۆلیس-یش دەڵێت:کورەکە نەخۆشی دەرونی هەیە.
- لە شارەدێی لەیلانی سەربە پارێزگای کەرکوک سێ تەرمی نەناسراو دۆزرایەوە، بەڕێوەبەری پۆلیسی ئە و شارەدێیەش دەڵێت: کوژراوەکان جلی عەرەبیان لەبەردایە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: ئەرزەروم
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
:Quick Respons Code


کاتی تۆمارکردن: PM 7:39:57 2017-02-07
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 38

## 2017-02-08

https://www.kurdipedia.org/?q=20170208204926994 89



- لەیلا زانا پەرلەمانتاری ناوچەی ئاگری هەدەپە ئەمڕۆ لە ئامەد دەستبەسەرکراو دواتر بەمەرج ئازادکرا، بەهۆی ئەوەی بەزمانی کوردی سوێندی یاسایی خواردووە، دوای ئەوەی بە ئەندامی پەرلەمان هەڵبژێردرا.
- لە بەیاننامەیەکی ئۆپەراسیۆنی تووڕەیی فوراتدا راگەیاندراوە، سەرلەبەیانی ئەمڕۆ چەتەکانی داعش هێرشیان کردوەتە سەر گوندی سوەیدییەی گەورە کە دەکەوێتە رۆژئاوای رەقە، بەوهۆیەوە شەڕێکی سەخت لەنێوان شەڕڤانانی ئۆپەراسیۆنی تورەیی فورات و چەتەکانی داعش روویدا، لە ئەنجامدا گورزی گەورە لە چەتەکانی داعش وەشێندراوە.
- ئەمڕۆ لە سنوری گوندی کیدرۆ لە ناوچەی بولبول لە کانتۆنی عەفرین سوپای تورکیا 500 کیلۆمەتری دیکەی داگیر کرد و 130 داریشی پریەوە.
- حەیدەر عەبادی سەرەک وەزیرانی عێراق، ئەمڕۆ، لە گفتوگۆیەکی تایبەت بۆ ئاژانسی فرەنس 24، دەربارەی رێککەوتنی بەغدا و هەرێمی کوردستان، رایگەیاند، هێزەکانی پێشمەرگە دەکشێنەوە سەنگەرەکانی خۆیان لە پێش پرۆسەی ئازادکردنی موسڵ. وتیشی:"ناوچە جێناکۆکەکان پێویستیان بە چارەسەرێکی ترە چونکە هێزەکانی پێشمەرگە تا پێش ئازادکردنی موسڵ لەو ناوچانە بوون".
- دەزگای پزیشکی دادوەری وڵاتی سویسرا کۆتایی بە لێکۆڵینەوەیەکی خۆی هێنا کە لەسەر پارچەیەک لە تەرمی (بەرژین دەمیر کایا) کردبووی، ئە و ژنەی لە جزیرە لەگەڵ هەڤاڵانیدا کۆمەڵکوژ کران. لە ڕاپۆرتەکەی دەزگای پزیشکی دادوەری وڵاتی سویسرا، کە ئەمڕۆ بڵاویان کردەوە، پشتڕاستیان کردوەتەوە، کە ئە و کەسانە لەژێر زەمینێکدا لە جزیرە دوای ئەوەی کۆمەڵکوژ کراون، لەلایەن سوپای تورکەوە سوتێندراون.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - HDP |
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ ئەفرین |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ جزیرا بۆتان |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان

[1] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 2017-02-08

کاتی تۆمارکردن: 2017-02-08 8:49:26 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 39

## 2017-02-09

https://www.kurdipedia.org/?q=20170208220419995O5




- بەهۆی تەقینەوەی پارچە تەقەمەنییەکی سەردەمی رژێمی بەعس لەناو شاری کەرکوک چەند مێردمنداڵێک بوونە قوربانی.
- پرۆژەی دابینکردنی کارەبا بە وزەی خۆر بۆ دوو قوتابخانەو بنکەیەکی تەندروستی ئەمڕۆ لەپارێزگای هەولێر کرایەوە، کە بە پاڵپشتی دارایی ئەمریکا جێبەجێکراوە.
- 10 سەربازی سوپای تورکیا کوژران و 10 ی دیکەش برینداربوون، لە ئەنجامی شەڕو پێکدادانی نێوان سوپاو چەکدارانی داعش لەماوەی دوو رۆژدا لە ناوچەی باب لە باکوری شاری حەلەبی سوریا.
- وتەبێژی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی رایدەگەیەنێت تا ئێستاش لەسنوری تورکیاوە مانگانە 100 تا 200 چەکداری بیانی پەیوەندی بەداعشەوە دەکەن لەسوریا، لەکاتێکدا ساڵێک پێش ئێستا مانگانە 2000 چەکدار پەیوەندیان بەو رێکخراوەوە دەکرد.
- بەهۆی بۆردومانێکی فڕۆکە جەنگییەکانی ڕوسیا لەنزیک شارۆچکەی باب لەباکوری سوریا، سێ سەربازی سوپای تورکیا کوژران و سەرۆکی ڕوسیاش بەتەلەفۆن پرسەی ئاڕاستەی هاوتا تورکییەکەی کرد.
- جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران و سەرۆکی فراکسیۆنە کوردییەکان، بڕیاریاندا دژی داواکاری گۆڕینی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن نەوەستنەوە و جەختیشیان لەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پارێزگاکان لەکەرکوک کردەوە.
- لە شاری وان لە باکوری کوردستان سەرۆک شارەوانی خۆسەپێنەر، 59 کارمەندی شارەوانیەکەی لە کار دوورخستەوە.
- لە شاری ئەستەنبوڵ پۆلیس هەڵیکوتایە سەر چەند ماڵێک و 58 کەس لە ئەندامانی هەدەپە ودەبەپە- یان دەستگیرکرد.
- دەستبەسەر شارەوانی شارۆچکەی دێگۆری سەربە شاری قەرس دا گیرا و قایمقامی تورک، ی ناوچەی دێگۆر موستەفا گونگۆر، وەک خۆسەپێن لە شارەوانیەکە دانرا.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

🏛 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP

🏙 شار و شارۆچکەکان: TR ئەستەمبوڵ

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ وان

🏙 شار و شارۆچکەکان: 💧 کەرکوک

🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
:Quick Respons Code

کاتی تۆمارکردن: 2017-02-08 10:04:19 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 40

**2017-02-10**

https://www.kurdipedia.org/?q=2017021020415199513



- هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و داواکردنی داوای سەربەخۆیی لە ئیسرائیل و بوون بە شەڕڤانی خانمێکی بریتانی بۆ یەکەمجار و جەختکردنەوەی روسیا لە بەشداریکردنی کورد لە دانوستانەکانی سوریا و کوژرانی 118 منداڵی کورد لە ساڵی رابردوو لە تورکیا، دیارترین ئەو بابەتانەبوون میدیا جیهانییەکان ئەمڕۆ هەینی 10ی شوبات لەبارەی کوردەوە گرنگیان پێداوە. .
- سەرۆک کۆماری تورکیا، یاسای سیستەمی سەرۆکایەتی بۆ گۆڕینی دەستوور پەسەندکردوو، بەمەبەستی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی گشتی لەسەری رەوانەی ئەنجومەنی وەزیرانی کرد.
- واپیارە وەفدێکی نێودەوڵەتی کە لەژمارەیەک ئەندام پەرلەمانی ئەوروپاو مامۆستاو کەسانی ئەکادیمی پێکدێن، سەردانی عەبدوڵا ئۆجەلان-ی رێبەری زیندانیکراوی پارتی کرێکارانی کوردستان بکەن لە دورگەی ئیمرالی.
- لە ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ بۆ یەکەم جار دوای ڕزگارکردنەوەی، دوو تەقینەوە ڕوویاندا و بە هۆیانەوە ژمارەیەک کوژرا و برینداری لێکەوتەوە.
- شەڕڤانانی ئۆپەراسیۆنی تورەیی فورات هەشت خۆکوژی داعشیان کوشت لە ڕەقە، کە دەیانویست خۆیان بگەیەننە سەنگەرەکانی شەڕڤانان و خۆیان بتەقێننەوە.
- بۆ سێیەمین ڕۆژ خۆپیشاندان لە بەردەم کۆمپانیای (گۆڵف ویستۆن) لە گوندی (بێسات) سەربە شارۆچکەی شێخان لە پارێزگای دهۆک بەردەوامە لەلایەن شۆفێرانی بارهەڵگرەوە دژی بڕیاری دوورخستەوەیان لە کارکردن.
- لە گەڕەکی عەسکەری شارۆچکەی خورماتوو، بە هێڵی راست و چەپ دەرگای ماڵە کوردەکان دەستنیشان دەکرێت و دواتر هەڕەشەی بارکردن و کوشتنیان لێ دەکرێت، هاوڵاتییە کوردەکانی دانیشتوی گەڕەکەکەش داوا دەکەن هێزێکی کوردی لە گەڕەکەکەیان جێگیر بکرێ بۆ پاراستنیان لە کوشتنیان و بەرگریکردن لە سوتانی ماڵەکانیان.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| 🏛 پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK |

| | |
|---|---|
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ موسڵ و دەشتی نەینەوا |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ دهۆک |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ خورماتوو |
| Quick Respons Code: | |


🗄 سەرچاوەکان

[1] 📡 ماڵپەڕ | 🗋 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-02-10

[2] 📡 ماڵپەڕ | 🗋 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-02-10

[3] 📡 ماڵپەڕ | 🗋 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-02-10

[4] 📡 ماڵپەڕ | 🗋 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ


| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2017-02-10 8:41:51 PM |
| ناوی تۆمارکار: | هاوڕێ باخەوان |

---

بابەت: 41

## 2017-02-11

https://www.kurdipedia.org/?q=2017021109321499526




- 100 دۆلاری ئەمریکی بەرانبەر 128 هەزار و 100 دینارە، لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان و نرخەکەی بەجێگیری ماوەتەوە.
- نرخی زێڕ ئەمڕۆ لەبۆرسەی جیهانی و بازارەکانی ناوخۆ بەرزبونەوەی بەخۆوە بینی و یەک ئۆنسە بە 1233 دۆلار و 50 سەنتە.[1]
- شەوی ڕابردوو، ئازاد جوندیانی ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی، بە ئیمێلێک دەست لەکارکێشانەوەی خۆی بە جێگرانی سکرتێری گشتی و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی یەکێتی ڕاگەیاند.
- کرێکارانی پاڵاوگەی کرماشان لەبەرامبەر فرۆشتنی پاڵاوتگەکە و ترسی بێکاربوونی نزیکەی 800 کارێکار گردبوونەوەیەکیان بەڕێوەبرد.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏟 پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| 🏟 پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ کرماشان |
| Quick Respons Code: | |

📚سەرچاوەکان
[1] 📡ماڵپەڕ | 🖆 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 11-02-2017
[2] 📡ماڵپەڕ | 🖆 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 11-02-2017

کاتی تۆمارکردن: 11-02-2017 9:32:14 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 42

## 2017-02-12

https://www.kurdipedia.org/?q=2017021210561899544



- بە مەبەستی دامەزراندنیان، ژمارەیەک لە دەرچووانی بەشە جیاوازەکانی پزیشکی لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، لە بەردەم وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆپیشاندانیان ئەنجامدا.
- لەنێوان دوو گوندی نزیک لە شارەدێی قەرەهەنجیر سەربە پارێزگای کەرکوک چوار تەرمی نەناسراو دۆزرانەوە، کە شوێنی فیشک بە جەستەیانەوە دیارە.[1]
- بەهۆی تەقینەوەی بۆمبێکی چێنراو لە گۆڕەپانی ئەسکەندەرونەی گەڕەکی خەلیجی باشوری شاری قامیشلۆی باکوری کوردستان ئەندامێکی ئاسایش گیانی لەدەستداو دوو کەسی دیکەش بریندابوون.
- 100 دۆلاری بەرانبەر 128 هەزار و 100 دینارە، بەپێی کاتی کردنەوەی بازاڕ لەبەیانی ئەمڕۆدا.
- نرخی زێڕ لەبۆرسەی جیهانی و بازارەکانی ناوخۆ بەبەرزی مایەوە، یەک ئۆنسە بە 1233 دۆلارو 50 سەنتەو یەک مسقاڵ عەیار 18 بە 188 هەزار دینارە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏟 پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ قامیشلۆ
Quick Respons Code:

📚سەرچاوەکان
[1] 📡ماڵپەڕ | 🖆 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 12-02-2017
[2] 📡ماڵپەڕ | 🖆 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 12-02-2017

کاتی تۆمارکردن: 12-02-2017 10:56:18 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 43

**2017-02-13**

https://www.kurdipedia.org/?q=2017021321485199596

- لەئەنجامی شەڕو پێکدادانێکی سەربازی لەناوچەی باب لەباکوری سوریا لەنێوان سوپای تورکیا و چەکدارانی داعشدا سەربازێک کوژراو چوار سەربازی دیکەش برینداربوون.[1]
- لەچوارچێوەی ئۆپەراسیۆنی قڕکردنی سیاسی، پۆلیسی تورکیا هەڵیکوتایە سەر ژمارەیەک ماڵ لە شاری ئەدەنەی باشوری تورکیا و 26 کەسی دەستگیرکرد، کە حسێن بەیاز، هاوسەرۆکی هەدەپەی شارەکە-یان لەناودایە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-02-13

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-02-13

کاتی تۆمارکردن: 2017-02-13 9:48:51 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 44

**2017-02-14**

https://www.kurdipedia.org/?q=2017021421501965251



- سەرلەبەیانی ئەمڕۆ سەدان گەنجی کامپی شەهید ڕۆستەم جودی لە شارۆچکەی مەخموری سەر بە شاری هەولێر بە ڕێپێوان بەڕێکەوتن بەرەو شاری هەولێر، بە مەبەستی شەرمەزارکردنی گەلەکۆمەی نێودەوڵەتی 15ی شوبات لە بەرامبەر عەبدوڵڵا ئۆجالان، ڕێبەری پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) و پاشان ڕێیان لێگیرا بچنە ناو هەولێرەوە.
- ناوەندی چاودێری سوریا بۆ مافەکانی مرۆڤ ڕایگەیاند، لە ماوەی شەش ڕۆژ بۆردوومانی شارۆچکەی باب لەلایەن تورکیاوە 61 هاوڵاتی کوژراون.[1]
- سێ سەربازی تورکیا لەمیانەی شەڕی نێوان سوپاو گەریلاکانی پەکەکە لە پارێزگاکانی هەتای و شرناخ کوژران.[2]
- بەریوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی تورکیا رایگەیاند: لە ئۆپەراسیونێکی هاوبەش و هاوکات لە 37 شاردا لە دژی پەکەکە و کەجەکە 834 کەس دەستبەسەرکراون.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK

🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ مەخموور
Quick Respons Code:

📚سەرچاوەکان
[1] 📡ماڵپەڕ | 🇭 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 14-02-2017
[2] ●دیارینەکراو | 🇭 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] 📡ماڵپەڕ | 🇭 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 14-02-2017

کاتی تۆمارکردن: 14-02-2017 9:50:19 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 45
**2017-02-15**
https://www.kurdipedia.org/?q=2017021522085999633



- لە ساڵڕۆژی دەستگیرکردنی سەرۆک عەبدوڵڵا ئۆجەلاندا لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی باشووری کوردستان خۆپیشاندان سازکرا بۆ ئازادکردنی.[1]
- لە ساڵڕۆژی دەستگیرکردنی ئۆجەلان-دا سەدان کەس لە تورکیا دەستگیردەکرێن.[1]
- قائمقامی قەزای پێنجوێن ئاشکرایکرد، سبەینێ پێنجشەممە لەسەرجەم دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو قەزایە کراوەتە پشوو بەهۆی ئەو شەپۆلی بەفربارینەی ماوەی چەند رۆژێکە ئەو ناوچەیەی گرتۆتەوە و رێژەی بەفربارین ئەمڕۆ لە هەندێک شوێنیدا گەیشتە 125 سانتیمەتر.[2] هەروەها بەهۆی بەردەوامی بەفربارینەوە ئێوارەی ئەمڕۆ لە گەراجی سلێمانی پێنجوێن بوەهۆی داڕوخانی سەربانی گەراجەکە و هاوڵاتییەک بریندار بووە و هاوکات زیان بە سێ ئۆتۆمبێلیش کەوتووە، بەڵام خۆشبەختانە هیچ ڕوداوێکی هاتوچۆ تۆمار نەکراوە.[3]
- دادگای شرناخ ئەمڕۆ بڕیاری ئازادکردنی بۆ فەرهاد ئەنجۆ پەرلەمانتاری پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) دەرکرد، کە ساڵی رابردوو دەستگیرکرا.[2]
- نرخی زێر ئێوارەی ئەمڕۆ بەڕێژەیەکی بەرچاو بەرزبوونەوەی بەخۆوە بینی و نرخی هەر ئۆنسەیەک گەیشتە 1228 دۆلار.[2]
- ئەمڕۆ، لەکاتێکدا، کە پاسێکی گواستنەوەی هاوڵاتیانی مەدەنی لە شارۆچکەی لیجێ-ی سەر بەشاری ئامادەوە بەرەو شاری ئامەد بەڕێکەوتبوو، لە ناوچەی چەولیک ڕووبەڕووی ئۆتۆمبێلێکی سەربازانی سوپای تورکیا بووەوە و گوللەباران کرا.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن:　　　پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK
🏛 پارت / لایەن:　　　پارتی دیموکراتی گەلان - HDP
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◉ ئامەد
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ پێنجوێن
Quick Respons Code:

📋سەرچاوەکان
[1] ●دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-02-15
[3] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-02-15

کاتی تۆمارکردن:　　　2017-02-15 10:08:59 PM
ناوی تۆمارکار:　　　هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 46

## 2017-02-16

https://www.kurdipedia.org/?q=20170212203734138458



- ئێوارەی ئەمڕۆ 100 دۆلار بە 127 هەزار و 450 دینارە،بەیانی ئەمڕۆ 100 دۆلار بە 127 هەزار و 250 دیناربوو.[1]
- ئەڤین کەڤە هاوسەرۆکی شارەوانی شارۆچکەی شاخ-ی سەربە شاری وان، کە لەسەر پشکی پارتی هەرێمە دیموکراتییەکان- دەبەپە یە، زیندانیکرا.[2]
- نوسینگەی پارێزەرانی ئۆجالان ڕایگەیاند، کە تا ئێستا 580 جار داواکاریان بۆ دیداری ئۆجالان لەلایەن حکومەتی تورکیاوە ڕەتکراوەتەوە و ئەوەش بنپێکردنی قانونە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏛 پارت / لایەن:　　　پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ وان
Quick Respons Code:

📋سەرچاوەکان
[1] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-02-16
[2] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-02-16

کاتی تۆمارکردن: PM 8:37:34 2017-02-12
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 47

**2017-02-17**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170219140151996650




- شەپۆلی بەفرو سەرما لە باشوور، رۆژهەڵات و باکوور هەر بەردەوامە.

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: PM 2:01:51 2017-02-19
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 48

**2017-02-18**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170219095854996600



- شارۆچکەی پێنجوێنی سەر بە پارێزگای هەڵەبجە پێنج رۆژی بەفراوی بەڕێکرد و کۆی گشتی بەفربارینی ئەمساڵی ناوچەکەی گەیاندە (158) سانتیمەتر و کەشناسی پێنجوێنیش، ئاشکرایدەکات کە شەوی رابردوو، نزمترین پلەی گەرما تۆمارکراوە کە (14) پلەی سەدی ژێر سفر بووە.[1]
- فڕۆکە جەنگیەکانی سوپای تورکیا هەرێمەکانی پاراستنی میدیا بۆردوومان دەکەن.
- تەقینەوەیەک لە باڵەخانەیەکی نیشتەجێبوونی داواکارانی گشتی لە شارۆچکەی وێرانشار سەربە پارێزگای ئورفالە باکوری کوردستان ڕوویدا و بەهۆیەوە لانی کەم دوو کوژراو و 10 برینداری لێکەوتەوە.[2]
-سەدان خۆپیشاندەری رەوەندی کوردی لە شاری میونخی ئەڵمانیا بەرامبەر بە بەشداریکردنی مەسعود بارزانی لە کۆنگرەی میونخ، بارزانی خۆپیشاندانیان کرد و داوایانکرد ئەڵمانیا جێبهێلێت. خۆپیشاندەران وێنەی رۆژنامەنوسە تیرۆرکراوەکانی هەرێمیان بەرزکردەوە و داوایانکرد بارزانی ئەڵمانیا جێبهێڵێت، هەروەها خۆپیشاندەران بارزانی و حزبەکەیان بەهۆکاری پەکخستنی پەرلەمان و بردنی داهاتی نەوت تۆمەتبارکرد. ئاماژەیان بەوەشکرد بارزانی ماوەی سەرۆکایەتیەکەی کۆتایی هاتووە و مافی ئەوەی نیە بەناوی هەرێمی کوردستانەوە بەشداری کۆبونەوەو کۆنگرەکە بکات و شاندی یاوەری بارزانیشیان بەحزبی وەسفکرد. خۆپیشاندەران داواشیان

کرد گەمارۆی سەر رۆژئاوای کوردستان لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان و کۆتایی بێت.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ ئورفە

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ پێنجوێن

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] 🔗 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 18-02-2017

[2] 🔗 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 18-02-2017

[3] 🔗 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی میللەت پریس - 20-02-2017

کاتی تۆمارکردن: 19-02-2017 9:58:54 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 49

## 2017-02-19

https://www.kurdipedia.org/?q=2017021909330999653



- بەیانی ئەمڕۆ فیستیڤاڵی پێشبرکێی نیشتیمانی بۆ کۆتری زاجل کە بە ناشیونالی باکور دەناسرێت لەکەرکوک ئەنجامدرا، بەشداربوانی پێشبرکێکە داوا دەکەن حکومەتی عێراق لەچوارچێوەی لیژنەی ئۆلۆمپیدا دانیان پێدابنێت.
- دژی دواخستنی بریاری دامەزراندنیان ئەمڕۆ دەرچووانی کۆلێجی پزیشکییەکان لەهەردوو شاری سلێمانی و هەولێر خۆپیشاندانێکیان ئەنجامدا و دەڵێن ماوەی دوو ساڵە چاوەڕوانی دامەزراندنن.[1]
- حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیرانی عیراق دەستپێکردنی شەڕی کۆنترۆڵکردنەوەی خۆرئاوای موسڵی راگەیاند، کە دوایین پێگەی داعشە لەشارەکە.[2]
- سەروان سابیر، لەکۆمپانیای کوردستان بۆرسە، بۆ ئاڵوگۆڕی دراو لەبازاڕی شاری هەولێر، بەخەندان-ی وت بەیانی ئەمڕۆ 100 دۆلار بە 127 هەزارو 700 دینارە، ئێوارەی دوێنێ 100 دۆلار بە 127 هەزارو 600 دیناربوو.
- نرخی زێر ئەمڕۆ لەبۆرسەی جیهانی و بازاڕەکانی ناوخۆ بەبەرزی مایەوە، یەک ئۆنسە بە 1236 دۆلارەو و یەک مسقاڵ عەیاری 18 بە 189 هەزار دینارە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ موسڵ و دەشتی نەینەوا
:Quick Respons Code

▫ سەرچاوەکان
[1] 📡 ماڵپەڕ | 🖒 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 19-02-2017
[2] ● دیارینەکراو | 🖒 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🖒 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 19-02-2017

کاتی تۆمارکردن: 19-02-2017 9:33:09 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 50

## 2017-02-20

https://www.kurdipedia.org/?q=2017022021563999672

- وەزیری نەوتی عێراقی (عەبدولجەبار لعێبی) ئاشکرایکرد، عێراق و ئێران یاداشتێکی هاوبەشیان لەسەر هەناردەرکردنی نەوتی خاوی کەرکوک لەڕێگەی ئێرانەوە بۆ بازاڕەکانی جیهان واژۆ کرد و بڕیارە توێژینەوەکان لە بارەی دروستکردنی بۆری هەناردەی نێوان هەردوو وڵات تاوتوێ بکرێت.[1]
- لەشاری ئایدنی تورکیا شەش خوێندکاری ئایینی قۆناغی ناوەندی تەمەن 14ساڵ بەتۆمەتی هەڵپەرکێ و گوێگرتن لەگۆرانی کوردی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەکەیان دراونەتە دادگا.
- وەزیری گواستنەوەو گەیاندن لەسەر پرسی ڕاگرتنی ڕیسیڤەری پەخشی کەناڵە ناوخۆییەکان لەدەوروبەری هەولێرو گرانبونی نرخی خزمەتگوزاریەکان ڕایگەیاند، هیچ کەس و کۆمپانیایەک مافی ئەوەی نیە خزمەتگوزاریەکان لە تەنها یەک کۆمپانیای دیاریکراودا قۆرخ بکات.
- بەرپرسێکی باڵای سەربازی ئەمەریکا مەزەندەی ئەوە دەکات لە ڕۆژئاوای شاری موسڵ 2 هەزار چەکداری داعش مابن و بەرگریی لە پێگەکانی خۆیان بکەن لەبەرامبەر ئەو ئۆپەراسیۆنەی هێزە عێراقییەکان دەستیان پێ کردوە.
- 100 دۆلار بەرانبەر 127 هەزار و 250 دینارە، بەپێی کاتی داخستنی بازاڕ ئێوارەی ئەمڕۆ دووشەممە.[2]
- یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە)، ڕایدەگەیەنێت، کە هێرشەکانی دەوڵەتی تورک بۆ سەر ناوچەکانی ڕۆژئاوا و باکوری سوریا بەردەوامی هەیە و دەشڵێت: بەهۆی ئەو هێرشانەوە لە عەفرین شەڕڤانێکمان شەهید بووە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
:Quick Respons Code

▫ سەرچاوەکان

[1] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-02-20
[2] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-02-20
[3] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-02-20

کاتی تۆمارکردن: 2017-02-20 9:56:39 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 51

## 2017-02-21

https://www.kurdipedia.org/?q=2017022119544299678

- دادگای شارۆچکەی (بازیت)ی سەربە شاری ئاگری لە باکوری کوردستان، سزای زیندانیکردنی بەسەر سەڵاحەدین دەمیرتاش، هاوسەرۆکی هەدەپەدا سەپاند. دادگاکە بە تاوانی سوکایەتیکردن بە نەتەوە و کۆماری تورکیا، حوکمی پێنج مانگ زیندانیکردنی بۆ دەمیرتاش دەرکرد.[1]
- فیگەن یوکسەکداغ، هاوسەرۆکی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) لە ئەندامێتی پەرلەمانی تورکیا دەرکرا.[1]
- مەسعود بارزانی و فرانسوا هۆلاند سەرۆکی فەرەنسا، لەکۆشکی ئەلیزێ-ی ئە و وڵاتە ئێوارەی ئەمڕۆ کۆبونەوە. دوای کۆبونەوەکە هۆلاند و بارزانی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییان ئەنجامدا و سەرۆکی فەرەنسا جەختی لەپشتیوانی وڵاتەکەی کردەوە بۆهەرێمی کوردستان.[1]
- سەروان سابیر، لەکۆمپانیای کوردستان بۆرسە، بۆ ئاڵوگۆری دراو لەبازاڕی شاری هەولێر، بەخەندان-ی وتئێوارەی ئەمڕۆ 100 دۆلار بە126 هەزارو 450 دینارە،بەیانی ئەمڕۆ 100 دۆلار بە 127 هەزار و 100 دینار بوو.[2]
- لە گوندی زەرگەی ڕۆژئاوای شارۆچکەی خورماتووی سەر بە پارێزگای سەڵاحەدین، دوو بۆمبی چێنراو بە کاروانی ئۆتۆمبیلی هێزەکانی پێشمەرگە و سوپای عێراقدا تەقییەوە، لە ئەندجامدا پێشمەرگەیەک شەهیدبوو، پێشمەرگەیەک و سەربازێکی سوپای عێراقیش برینداربوون.
- حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ئەنجامدا و ڕاگەیەنراوێکی لەسەر کۆبوونەوەکە بڵاوکردەوە، بەپێی ڕاگەیەنرانەکە لە کۆبوونەوەکەدا باسی کەمکردنەوەی خەرجیەکان کراوە، ئەوەش بە کەمکردنەوەی فەرمانگە و یەکە کارگێرییەکان و نەهێشتنی مووچەی نایاسایی.
- چەتەکانی داعش هێرشێکیان کردە سەر گوندی سوەیدییەی گەورە، لە لایەن شەڕڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات بەرپەرچ درانەوە و تێکشێندران [3]
- ئیدریس بالوکەن نوێنەری شاری ئامەد لە پەرلەمانی تورکیا جارێکی تر لەلایەن پۆلیسی تورکیاوە دەستگیرکرایەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏟 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP
🏟 پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
🏙 شار و شارۆچکەکان: ⛰ ئاگری
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ خورماتوو
Quick Respons Code:

📚سەرچاوەکان
[1] ●دیارینەکراو | 🖇 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] 📡ماڵپەڕ | 🖇 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-02-21
[3] 📡ماڵپەڕ | 🖇 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-02-21

کاتی تۆمارکردن: 2017-02-21 7:54:42 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 52

## 2017-02-22

https://www.kurdipedia.org/?q=20170222124159691



- بە فەرمانێکی وەزارەتی ناوخۆ و پۆلیسی دیالە، دەستکرا بە دەرکردنی ژمارەیەک ئەفسەری کوردی پۆلیسی شارۆچکەی خانەقین و لە جێگەیان ئەفسەری عەرەب دادەنرێت.[1]
- پاش نیوەڕۆی ئەمڕۆ، فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورک نێوان گوندەکانی زارگەلی و پردەشاڵێ-یان لە هەرێمی قەندیل-ی سەر بە هەرێمەکانی پاراستنی مەدیا بۆردومانکرد و زیانیکی زۆریان بە ژینگەی ناوچەکە و موڵکی هاوڵاتیان گەیاند.[2]
- ڕێکخراوی ئەمنستی ئینەرناشناڵ لە ڕاپۆرتی 2016-2017ی خۆیدا ڕایگەیاندووە، هیچ پێشکەوتنێک سەبارەت بە لێکۆڵینەوەکان لە کوشتنی ڕۆژنامەنووسان و ڕەخنەگران و نەیارانی دەسەڵاتدارانی کورد لەساڵانی ڕابردوودا بەدینەهاتووە.
- سەرۆکایەتی داواکاری گشتی ئامەد داوای زیندانیکردنی 38 ساڵ و نیو بۆ ئاڵتان تان و زیندانیکردنی 23 ساڵ بۆ مەراڵ دانیش بەشتاش پەرلەمانتاری هەدەپەی شاری ئاماد دەکات.[3]
- 100 دۆلار بە 126 هەزار و 650 دینارە، بەپێی کاتی داخستنی بازاڕ لەئێوارە ئەمڕۆدا.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏛 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK
🏛 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ خانەقین
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ ڕانیە (پشدەر)
Quick Respons Code:

📚سەرچاوەکان
[1] 📡ماڵپەڕ | 🖇 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-02-22
[2] 📡ماڵپەڕ | 🖇 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-02-22

[3] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-02-22
کاتی تۆمارکردن: 2017-02-22 9:24:15 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 53
## 2017-02-23
https://www.kurdipedia.org/?q=20170223132014996920




- ئاسایشی هەولێر شەش کەس بەتۆمەتی کۆکردنەوەی پارمەتی دارایی و پەیوەندی هەبوون لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بە ڕێکخراوی داعش دەستگیردەکات.[1]
- بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی سۆران ئاماژە بەوە دەکات کە بەهۆی ئەنجامدانی راوی نایاسایی و مامەڵەکردن بە کڕین و فرۆشتنی داری تەڕ، فەرمانی گرتن بۆ نزیکەی 10 کەس دەرچووە، ئاماژە بەوەش دەکات کە لە ماوەی رابردووشدا 12 کەس لەسەر ڕاوکردن و زیان گەیاندن بە سروشت و ژینگە دراونەتە دادگا.[1]
- هەریەکە لە حزبەکانی شیوعی، سۆسیالست، زەحمەتکێشان، بزوتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان و پارتی کرێکاران و رەنجدەرانی کوردستان لە راگەیەندراوێکدا داوای هەڵوەشاندنەوەی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆیی هەڵبژاردن و راپرسی دەکەن و پێیان وایە ئەم کۆمسیۆنە لەلایەن پێنج حزبەکەوە قۆرخ کراوە.[1]
- وەزیری کۆچی کەنەدا رایدەگەیەنێت، بەمنزیکانە کەنەدا 1200 پەنابەری دیکەی ئێزیدی وەردەگرێت کە لەژێر دەستی داعشدا چەوسێنراونەتەوە.[1]
- جەمال حوسێن ئەندامی سەرکردایەتی فەخری یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بریاردەری لیژنەی داکۆکی لە مافی رۆژنامەنووسان لە شاری هەولێر کۆچی دواییکرد.
- کۆمپانیای گەلف کیستۆن پیترۆڵییەمی بەریتانی ڕایگەیاند، وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان لەکۆتایی ئەم مانگەوە تا کاتێکی نادیار هەموو نەوتی خاوی کێڵگەی شێخان بەتانکەر هەناردەی تورکیا دەکات.[2]
- دوای ئەوەی بەهۆی تەقینەوەی دوو ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراوەوە، لە دوو بازگەی پۆلیسی فیدراڵی عێراق، ڕێگەی کەرکوک – بەغدا داخرا، جارێکیتر ڕێگاکە بەسەر هاوڵاتیان و شۆفێراندا کرایەوە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏣 پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ سۆران
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالّپەڕی دواڕۆژ - 23-02-2017
[2] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالّپەڕی خەندان - 23-02-2017
[3] ●دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 23-02-2017 1:20:14 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 54

**2017-02-24**

https://www.kurdipedia.org/?q=2017022408462499697



- حکومەتی هەرێمی کوردستان لەڕێگەی سەرۆکی لیژنەی هەڵسەنگاندن و بەدواداچوونی ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکان وەڵامی ڕاپۆرتی ساڵانەی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی دەداتەوە کە تیایدا ئەوە باسکردووە، لە کوردستان ڕێگری ئازادیی کاری میدیا هەیە و دەزگا ئەمنیەکانیش مامەڵەی خراپ لەگەڵ ڕۆژنامەنوسان دەکەن.[1]
- بە هەوڵی بەڕێوەبەرایەتی ڕزگارکردنی ڕفێندراوانی دەستی داعش لە پارێزگای دهۆک، شەوی ڕابردوو کچێکی کوردی ئێزدی تەمەن شەش ساڵان بەناوی هانزاد لە دەستی چەکدارانی داعش ڕزگارکرا.[1]
- بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر دەستگیرکردنی بکوژانی مەلا مەحمودی ڕاگەیاند، کە کۆتایی مانگی ڕابردوو لەبەردەم ماڵەکەی خۆیدا بەگولە کوژرا.[2]
- شەوی ڕابردوو، جارێکی دیکە لەلایەن فڕۆکە شەڕکەرەکانی تورکیا، بۆردومانی بناری قەندیل و چیای کورتەک کرایەوە و بەهۆیەوە نزیکەی 30 گوند بێ کارەبا مانەوە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالّپەڕی دواڕۆژ - 24-02-2017
[2] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالّپەڕی خەندان - 24-02-2017
[3] ●دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 24-02-2017 8:46:24 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 55

**2017-02-25**

https://www.kurdipedia.org/?q=2017022509100499701



- ڕێکخراوێکی شارۆچکەی ڕانیە لە ڕێگەی چالاکوانان و خێرخوازانی شارۆچکەکەوە، هاوکاری پێداویستی خوێندن بەسەر 1750 خوێندکاری خێزانە کەمدەرامەتەکانی شارۆچکەکە دابەشدەکات و هاوکارییەکەش 23 خوێندنگەی شارۆچکەکە و دەرەوەی شارۆچکەکە دەگرێتەوە.[1]
- شیفا گەردی راگەیاندکار و بەڕیوەبەری بەشی ئاوتپووتی کەناڵی رووداو، ئەمڕۆ لە بەرەکانی شەڕ لە موسڵ بەهۆی مینەوە گیانی لەدەستدا.
- رۆژنامەنووسانی سلێمانی بەهۆی شەهیدبوونی شیفا گەردییەوە لەبەردەم تۆفیسی رووداو لە سلێمانی دەوەستن.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

شار و شارۆچکەکان: موسڵ و دەشتی نەینەوا

شار و شارۆچکەکان: رانیە (پشدەر)

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دوارۆژ - 2017-02-25

[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2017-02-25 9:10:04 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 56

**2017-02-26**

https://www.kurdipedia.org/?q=2017022609582099711




- ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان، رایدەگەیەنێت لە گەڕانەوەی بۆ هەرێم مەسعود بارزانی لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان کۆدەبێتەوە و وەفدێکی هاوبەشی حزبی و حکومی پێکدەهێنن بۆ سەردانی بەغدا، سەبارەت بە پرسی سەربەخۆیی کورد، دوو بەرپرسی باڵای یەکێتی و گۆڕانیش ئاشکرای دەکەن کە هاوکار دەبن لەوبارەیەوە.[1]
- لە دوو ڕۆژی ڕابردوودا، لە سنووری شارەکانی سەقز و سەردەشت، کۆڵبەرێک لەلایەن سەربازانی سوپای پاسدارانەوە کوژرا و کرێکارێکیش بەهۆی شیاو نەبوونی شوێنی کارەکەیەوە کەوتووەتە خوارەو گیانی لە دەستداوە.[2]

- ئەسا موسا، پارێزەری نێلسۆن ماندێلای ڕێبەری ئافریقای باشور و دۆستی گەلی کورد سەرلەبەیانی ئەمڕۆ کۆچی دوایی کرد.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ سەقز

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ سەردەشت

Quick Respons Code:

📄 سەرچاوەکان

[1] 📡 ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-02-26

[2] 📡 ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-02-26

کاتی تۆمارکردن: 2017-02-26 9:58:20 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 57

## 2017-02-27

https://www.kurdipedia.org/?q=20170227195533844423



- حزبی دەعوەی عێراقی- ڕێکخراوی ناوخۆ، پشتیوانی حکومەتی ناوەندی بۆ سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان ئاشکراکرد، ئاماژەشی بەوەکرد، هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی ئەتاتورک وەک پشتوانییەکی تورکیا بۆ سەربەخۆیی هەرێم دەبینن.[1]
- وەزارەتی تەندروستی عێراق داوا لە سەرجەم دەرچوانی ساڵی 2015 بۆ 2016ی بەشە پزیشکییەکانی هەرێم دەکات، داواکاری لە وەزارەتەکەیان پێشکەشبکەن بەمەبەستی دامەزراندنیان.[1]
- یەپەگە ڕایگەیاند، هێلیکۆپتەرێکی جەنگی سوپای تورکیا لەئاسمانی دەروازەی تەل کۆچەر لە ڕەبیعە سنوری ڕۆژئاوای کوردستانی بەزاندووە و گوندێکی بۆردومانکردووە و وەڵامیان داوەتەوە.[2]
- لە کۆبونەوەیەکدا لە بروکسلی پایتەختی بەلجیکا کە زیاتر لە 40 ژنی کورد، بەلجیکی و ئەفغانی و ئیتالی و دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەشداریان کرد ناوەندی ژنۆلۆژی - ناوەندی ژن بۆ لێکۆڵینەوەی زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتیەکان ڕاگەیەنرا.[3]
- لە ناوچەی کارپوزلو و سەیفولمولک لە دەوروبەری سووری ئامەد، لە کاتی تێپەڕینی شەمەندەفەرێکدا، تەقینەوەیەکی گەورە ڕوویدا، لە ئەنجامی ئەو تەقینەوەیەدا زیانێکی زۆر بە شەمەندەفەرەکە گەیشت.[3]
- ئیبراهیم ئایهان، پەرلەمانتاری پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) کە سەرلەبەیانی ئەمڕۆ لە فڕۆکەخانەی ڕوحا دەستبەسەرکرابوو، ئازادکرا.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏯 پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| ⚑ جۆری ڕێکخراو: | ☢ زانستی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◉ ئامەد |
| 🗺 وڵات: | ⬇ باشووری کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان

[1] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 27-02-2017
[2] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 27-02-2017
[3] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 27-02-2017

کاتی تۆمارکردن: 27-02-2017 7:55:33 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 58

## 2017-02-28

https://www.kurdipedia.org/?q=20170301213619997‌18

- کۆبوونەوەی نێوان سێ حزبی ئیسلامیی، یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی و بزووتنەوەی ئیسلامی کۆتایی هات و دوای کۆبوونەوەکەش کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیان ئەنجامدا و ئاماژەیان بۆ ئەوە کرد، کە دەوڵەت بە قسە نایانەدی.[1]
- لە نێوان کاتژمێر 19:30 - 20:30 فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورک، بۆردومانی گوندەکانی زارگەڵی و بۆکریسکان و ناوچە شاخاوییەکانی قەندیلیان کرد.
- لە کاتژمێر 20:30-21:30 فڕۆکە جەنگییەکانی تورک گوندی باسیای ناوچەکانی ئاڤاشینیان بۆردومان کرد.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏯 پارت / لایەن: | ☪ یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان |
| 🏯 پارت / لایەن: | ☪ بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان |
| 🏯 پارت / لایەن: | ☪ کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان |
| 🏯 پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK |

Quick Respons Code:

🗄سەرچاوەکان
[1] ●دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
کاتی تۆمارکردن: PM 9:36:19 2017-03-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 59
## 2017-03-01
https://www.kurdipedia.org/?q=2017030121250199714




- سری ساکیک کە سەر بە (پارتی هەرێمە دیموکراتەکا - بەدەپە)یە لە پۆستی سەرۆکی شارەوانی ئاگری دورخرایەوە.
- لیژنەی باڵای بایۆمەتری مووچە، سەرجەم فەرمانبەرانی دەرەوەی وڵات ئاگادارەدەکاتەوە کە لەمڕۆوە 1ی ئازاری 2017 تاکو 15 ڕۆژی تر دەتوانن ناوی خۆیان لە سیستەمەکە تۆماربکەن، بەڵام بە مەرج.[1]
- کۆمەڵەی نێودەوڵەتی تۆڕەکانی مۆبایل ڕایگەیاند کە ئاسیاسێڵ، لەگەڵ چوار کۆمپانیای تری پەیوەندییەکان لە جیهاندا خەڵاتی باشترین بەشداری یان بردووەتەوە لە بواری پەیوەندییەکان بۆ ساڵی 2017.[1]
- نەتەوە یەکگرتووەکان ڕایگەیاند لەمانگی فێبریوەریی 2017دا 392 هاوڵاتی عیراقی کوژراون و 613 کەسی دیکە بریندداربوون.[2]
- لقی هەڵەبجەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان کرایەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🌋 ئاگری
Quick Respons Code:

🗄سەرچاوەکان
[1] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-03-01
[2] ●دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
کاتی تۆمارکردن: PM 9:25:01 2017-03-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 60
## 2017-03-02
https://www.kurdipedia.org/?q=2017030219084499722



- بەیانی ئەمڕۆ، هێزە ڕەشەکە (هێزێکی سەر بە یەکێتی نیشتیمانی کوردستانە و لەلایەن مەڵبەندی کەرکوکی یەکێتی-یەوە سەرپەرشتی دەکرێ)، لە شاری کەرکوک چوونە سەر بیرە نەوتێک لە ڕۆژئاوای شارەکە، دوای ئەوەی سەرجەم فەرمانبەران و پۆلیسی نەوت گاز سەر بەوەزارەتی نەوتی عێراق-یان لە شوێنەکە دورخستەوە، خۆیان لەسەر بیرە نەوتەکە جێگرد، کە ئە و بیرە نەوتە لەلایەن کۆمپانیانی ئای تی-ەوە نەوتی لێ هەناردە دەکرا و ڕۆژانە پڕی 150 هەزار بەرمیل لە و بیرە هەناردەی تورکیا دەکرا. پاشان سەرجەم بیرە نەوتەکانیان کۆنترۆکرد بەهۆیەوە ماوەیەک هەناردەی نەوتی کەرکوک بۆ تورکیا وەستا و پاشان دەستیپێکردەوە.[1]
- وەزارەتی دارایی و ئابووری لەراگەیاندراوەکەدا داوادەکات، پێویستە بەزووترین کات سەرجەم فەرمانگەکانی حکومەت لیستی مووچەی مانگی (1)ی ساڵی (2017)، ڕەوانەی بەڕێوەبەرایەتی گەنجیەکان بکەن، بە مەبەستی وردبینی کردن و ئامادەکردنی بۆ دابەشکردنی موچەی مانگی یەکی ساڵی 2017.[2]
- لە کاتی پووچەڵکردنەوەی بۆمبە چێندراوەکانی چەکدارانی داعش لە بەرزاییەکانی گەڕاو لە بەرەی مەخمور، تەقینەوەی بۆمبێک پێشمەرگەیەک بەناوی ئیڤان محەمەد ئەمین هەرکی پێشمەرگەی لیوای نەوت و غاز ی شەهید کرد.
- مەولود چاوش ئۆغلو وەزیری دەرەوەی تورکیا ڕایگەیاند، دوای تەواوبوونی ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنی باب هێزەکانیان دەچنە مەنبەج و ئەگەر یەپەگە لەوشارە پاشەکشە نەکات لێیدەدەن.[3]
- کەمپەینی 'نا' بۆ ریفراندۆمی 16ی نیسانی حکومەتی ئاکەپە بۆ گۆڕینی دەستووری تورکیا، لە شارەکانی ئامەد، وان، ئیزمیر و ئەستەنبۆل دەستیپێکرد.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

شار و شارۆچکەکان: ○ مەخموور

شار و شارۆچکەکان: کەرکوک

Quick Respons Code:


سەرچاوەکان

[1] ●دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-03-02

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-03-02

[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 2017-03-02


کاتی تۆمارکردن: 2017-03-02 7:08:44 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 61
**2017-03-03**
https://www.kurdipedia.org/?q=2017030412403199727



- هەردوو پارتی و پەکەکە لە ڕێی یەکەکانی یەبەشە و پێشمەرگەکانی ڕۆژئاوا لە خانەسۆری شنگال لێکیاندا و کوژراو و بریندارى لێکەوتەوە. هەڵگیرسانی شەڕی براکوژی ناڕەزاییەکی زۆری لەلایەن خەڵکەوە لێکەوتەوە.[1]
- وتەبێژی ئەنجومەنی پەیوەندیپەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) رایدەگەیەنێت کە هەڵگیرساندنی شەڕەکەی ئەمڕۆی شەنگال بە ئامانجی لەباربردنی شۆڕشی ڕۆژئاوای کوردستان هەڵگیرساوە و ئەندازیاری ئەو شەڕەش ئاکەپە و ئەردۆغانن و لە ئەنقەرە پیلانی هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆ دانراوە.
- میر تەحسین بەگ، داوا لە هەموو هێزێک دەکات شەڕ لە ناوچەکانی ئێزدییان نەکەن و لە جیاتی شەڕ ڕێگای ئاشتیانە بۆ چارەسەکردنی گرفتەکان بگرنە بەر.[2]
- بەرهەم ساڵح، جێگری سکرتێری گشتی یەکێتی سەردانی جەلال تاڵەبانی، سکرتێری گشتی ئە و حزبەی کرد و سەرچاوەیەکی ئاگاداریش لە کۆبوونەوەکە دەڵێت کۆبوونەوەکەوە زۆر بە باشی بەڕێوەچووە و چاوەڕوانی ئەنجامی باشی لێ دەکرێت.
- سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە ئاشکرایکرد، لەلایەن ئەو تیمە پارێزەرە نێودەوڵەتییەی کە لە دادگاکانی فەرەنسا سکاڵایان لەسەر ئەو کۆمپانیایانە تۆمارکردوە کە چەکی کیمیاییان بە ڕژێمی بەعس فرۆشتووە، بەڵگەی پێویستیان دەستکەوتووە کە 27 کۆمپانیا چەکیان بە ڕژێمی بەعس فرۆشتووە، بەڵام بەهۆی لەکارخستنی پەرلەمانی کوردستانەوە ناتوانن سکاڵا تۆمار بکەن.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK |
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |

شار و شارۆچکەکان: ○ شنگال
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ●دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-03-04

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2017-03-04 12:40:31 PM |
| ناوی تۆمارکار: | هاوڕێ باخەوان |

بابەت: 62

**2017-03-04**

https://www.kurdipedia.org/?q=2017030412502799728




- سوپاسالاری پێشمەرگە سەرۆکایەتی وەفدێکی باڵای وەزارەتی پێشمەرگە دەکات دەچنە شارەدێی سنونێ بۆ ئەنجامدانی رێکەوتنێکی نوێ لەنێوان هێزەکانی یەبەشە و فەرماندەی رۆژ لە سنووری شارۆچکەی شەنگال.[1]

- لەبارەی شەڕەکەی دوێنێی لەگەڵ فەرماندەی رۆژ، یەکینەکانی بەرخودانی شەنگال (یەبەشە)ی سەر بە پەکەکە رایدەگەیەنێت، حەوت شەڕڤان بونەتە قوربانی و 20 شەرڤانی تریش بریندداربوون.[2]

- شەڕڤانانی ئەنجومەنی سەربازی مەنبەج چەند هێرشێکی چەکدارانی قەلغانی فورات-یان تێکشکاندووە و دوای شەڕوپێکدادانێکی سەخت گوندی جەبلە ئەلحەمرە یان لەدەستی ئە و گروپانە ڕزگارکردووە کە تورکیا پشتیوانییان دەکات.[3]

- پەیامنێری ڕۆژنیوز لە شاری هەولێر، ڕایگەیاند: لە ئێستادا ئاسایش ڕێگری کردووەتە سەر ئەو چالاکوان و لایەنانەی کە ویستوویانە بە گردبوونەوەیەک دژی هێرشەکانی دوێنێی چەکدارانی بەناو پێشمەرگەی ڕۆژئاوا بۆ خانەسۆر نارەزایی دەربپرن چەندین خۆپیشاندەریان دەستگیرکردووە. دکتۆر محەمەد کیانی یەکێکە لە گیراوەکان.[4]

- ڕەمەزان ئۆچلەن، خاوەن ئیمتیازی ڕۆژنامەی ئازادی وڵات لە ماڵەکەی خۆی لە شاری ئامەد دەستگیرکرا.

- رێکخستنەکانی سەربە پەکەکە لە باشووری کوردستان خۆپیشاندانیان دژی شەڕەکەی دوێنێی شنگال ئەنجامدا.

- پەیامنێری ئاژانسی ڕۆژنیوز لەشاری هەولێر (سوارە مەحمود حەسەن) لەکاتی ڕوماڵی گردبونەوەدا لەشاری هەولێر کە دژی هێرشەکەی سەر شەنگال ئەنجام درابوو، دەستگیر کرا.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ شنگال |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ♖ هەولێر |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان

[1] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-03-04

[2] ●دیارینەکراو | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

[3] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-03-04

[4] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 2017-03-04
کاتی تۆمارکردن: 2017-03-04 12:50:27 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 63
## 2017-03-05
https://www.kurdipedia.org/?q=20170305123404997 40

- دوای هەڵگرتنی قەدەغەی هاتوچۆ لە 12 گوندی ناوچەی لیجە، والی ئامەد لە 18 گوندی تری ناوچەی لیجە سەر بە پارێزگای ئامەد قەدەغەی هاتوچۆی راگەیاند.[1]
- سەنتەری میترۆ ئیدانەی دەستگیرکردنی پەیامنێری ڕۆژنیوز لە شاری هەولێر دەکەن و دەشڵێن، حکومەت دەبوو پەند لە ڕاپۆرتەکەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا وەرگرێت، نەک بەردەوام بێت لەسەر پێشێلکارییەکان.
- سەرۆکی لیژنەی داکۆکیردن لەمافی ڕۆژنامەنووسان و ئازادی ڕۆژنامەنووسان-ی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ئیدانەی دەستگیرکردنی پەیامنێری ڕۆژنیوز لە شاری هەولێر دەکات و دەڵێت:ڕووی دەمم دەکەمە وەزیری ناوخۆو دەڵێم ئیدی بەسە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏟 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◉ ئامەد
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-03-05
[2] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 2017-03-05
کاتی تۆمارکردن: 2017-03-05 12:34:04 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 64
## 2017-03-06
https://www.kurdipedia.org/?q=20170306220740997 46



- دکتۆر محەمەد کیانی، بەرپرسی دەستەی سەرۆکایەتی بەرەی دیموکراسی گەل و ئەندامی خولی پێشوی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و هاورێ کوردی چالاکی مەدەنی ئازادکران.[1]
- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بۆ بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکانی داهاتووی هەرێمی کوردستان زیاتر لە 20 ملیۆن دۆلاری تەرخانکرد و بەرپرسێکی کۆمسیۆنیش رایدەگەیەنێت، گەر مەرسومی سەرۆکایەتی هەرێمیان بۆ دەرچێت دەتوانن لەکاتی خۆی هەڵبژاردنەکان ئەنجامبدەن.[2]
- دوای ڕاگەیاندنی قەدەغەی هاتوچۆی سوپای تورکیا لە 18گوندی ناوچەی لیجە سەر بەپارێزگای ئامەد لەباکوری کوردستان، ئۆپەراسیۆنی سەربازی گەورە بەردەوامە بەبیانوی بوونی بارەگا و مۆڵگەکانی پەکەکە لە و ناوچانە.[3]
- یەکێک لە و فڕۆکە جەنگیانەی لە کاتی کیمیابارانی هەڵەبجەدا بۆدوومانی شارەکەی کردبوو، گەڕێنرایەوە بۆ هەڵەبجە، ئەوەش وەک بەشێک لە ئەرشیفکردنی بەڵگەکانی کیمیابارانی هەڵەبجە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◉ ئامەد

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ هەڵەبجە

🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] ●دیارینەکراو | 🇭 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

[2] 📡ماڵپەڕ | 🇭 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-03-06

[3] 📡ماڵپەڕ | 🇭 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-03-06

[4] 📡ماڵپەڕ | 🇭 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 2017-03-06

کاتی تۆمارکردن: 2017-03-06 10:07:40 PM

ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 65

**2017-03-07**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170307212943997 52




- سەرۆک وەزیرانی ئێراق، عەبادی، سەردانی هەولێر و سلێمانیی کرد و لەگەڵ پارتی و یەکێتیدا کۆبووەوە.[1]
- لە ناوچەی ڕۆخانەی سەر بە شارەدێی لەیلانی پارێزگای کەرکوک چوار تەرم بە سوتێنراوی دۆزرانەوە و لێکۆڵینەوە لە روداوەکەش بەردەوامە.[2]
- لە شارەدێی سیروانی سەربە هەڵەبجە تەقینەوەیەک روویدا و هیچ زیانێکی ئەوتۆی لێنەکەوتەوە.[1]
- پێشمەرگەیەک بە ناوی (سیروان محەمەد) دانیشتوی شارەدێی کەڵەکچی سەربە شارۆچکەی شێخان لە پارێزگای دهۆک لە بەردەم ماڵەکەی خۆی کوژرا.[3]
- لە شارۆچکەی چەمچەماڵ گردبوونەوەیەک دژی ڕووداوەکانی شەنگال ئەنجامدرا و هاوڵاتیان پشتگیری شەنگالیان کرد، بەڵام کۆمەڵێک هەواداری پارتی لە کۆتایی گردبوونەوەکەدا هێرشیان کردەسەر بەشداربووان و بەو هۆیەوە ئەندامێکی دەستەی بەڕێوەبەری تەڤگەری ئازادی هەرێمی کەرکوک بریندار بوو.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏟 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| 🏟 پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ سلێمانی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ♜ هەولێر |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | 🔥 کەرکوک |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ دهۆک |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ چەمچەماڵ |

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] ●دیارینەکراو | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-03-07
[3] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-03-07

کاتی تۆمارکردن: 2017-03-07 9:29:43 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 66
**2017-03-08**
https://www.kurdipedia.org/?q=20170308213322997 58



- بەبۆنەی ڕۆژی ئافرەتانەوە، چالاکیی هەمەجۆرە لەلایەن ئافرەتانی کوردستانەوە لە شارە جیاجیاکانی کوردستان ئەنجامدرا.[1]
- یەبەشە سێ منداڵ لە دەستی چەکدارانی داعش ڕزگارکرد کە پێشتر لە شاری موسڵەوە گواسبویاننەوە بۆ شاری ڕەققەی سوریا.[2]
- سەرۆکی لیژنەی پەیوەندییە دەرەکییەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا، ئاشکرای دەکات بەمنزیکانە لەسەر گەمارۆی غەیرە ئەتۆمی ئێران دژی ئەو وڵاتە ڕێکدەکەون و کۆمارییەکان و دیموکراتەکان بۆ سەپاندنی ئەو سزیانە هاوران.[2]
- یەکەمین ڕۆژی پێنجەمین دیداری سلێمانی لە زانکۆی ئەمەریکی بەبەشداری چەندین میوان لەناوخۆی هەرێمی کوردستان و عێراق و جیهان بەڕێوەچوو، تێیدا چەند گفتوگۆو پانێلێکی تێدا ساز کراو بڕیارە تا پێنج شەممە دیدارەکە درێژەی هەبێت.[1]
- دەزگای هەواڵگری ئەڵمانیا هۆشداریدا لە هەڵچوونی کێشە ناوخۆییەکانی تورکیا و ڕەنگدانەوەی لەسەر خاکی ئەڵمانیا و ئەگەری پێکدادانی دژبەران و لایەنگرانی ئەردۆغان لە ئەڵمانیا ئارادایە. دەزگای هەواڵگری ئەڵمانیا پێشبینی پێکدادان لە نێوان لایەنگرانی (پەکەکە) و نەتەوە پەرستەکانی تورک دەکات. سەرۆکی دەزگای هەواڵگری ئەڵمانیا(هانز گیورگ ماسن) دەڵێ ئاستی ئەگەری پێکدادان لە نێوان لایەنگرانی (پەکەکە) و تورکە نەتەوەپەرستە ڕاستڕەوە توندڕەوەکان لە بەرزبوونەوەدایە. ئەڵمانیا هاوکات تورکیا تاوانبار دەکات بە سیخوریکردن لەسەر خاکی ئەڵمانیا.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏟 پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| 🏟 پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ سلێمانی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ شنگال |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ مەخموور |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان


[1] ●دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-03-08
[3] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | سەرچاوەی وێنە: ڕۆژنیوز


کاتی تۆمارکردن: 2017-03-08 9:33:22 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 67

**2017-03-09**

https://www.kurdipedia.org/?q=2017030922392299766



- مەولود چاوش ئۆغلو لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا رایگەیاندئەگەر یەپەگە لە شاری مەنبەجی سوریا نەکشێتەوە هێرشدەکەینە سەری و پێشتریش بە راشکاوانە ئەوەمان وتووە و پاڵپشتی و هاوکاریی روسیاش بۆ یەپەگە لە مەنبج یان هەر شوێنێکی تر کێشە بۆ تورکیا دروست دەکات.[1]
- مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان راگەیەندراوێکی بڵاوکردەوەو رایگەیاند، چیتر ناکرێ و نابێت خوێنی ڕۆڵەی کورد بەدەستی کورد بڕژێت.
- بەگوێرەی هەواڵێکی کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستان، ئەمرۆ لە چەندین شاری رۆژهەڵاتی کوردستان خۆپیشاندانی ناڕەزایی مامۆستایان بەرێوەچووە، ئەو مامۆستایانە بەرامبەر بە دۆخی نالەباری ژیان و هەروەها ڕێزنەگرتن لە پیشەی مامۆستایان ناڕەزاییان نیشاندا.[2]
- شەرڤانانی یەکینەکانی بەرخۆدانی شەنگال- یەبەشە، دوومنداڵ و کچێکی مێردمنداڵی ئێزدییان لەئەنجامی ئۆپەراسیۆنێکی تایبەتدا لەدەست چەتەکانی داعش رزگار کرد، کە خەڵکی گوندی کۆچۆن-ن لە باشوری رۆژئاوای شەنگال.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| 🏛 پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| 🏛 پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ شنگال |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ مابوک - مەنبەج |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان

[1] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-03-09

[2] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 2017-03-09

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2017-03-09 10:39:22 PM |
| ناوی تۆمارکار: | هاورێ باخەوان |

بابەت: 68

## 2017-03-10

https://www.kurdipedia.org/?q=20170310160104997770

- نەتەوەیەکگرتووەکان تورکیا تۆمەتباردەکات بەپێشلکردنی مافەکانی مرۆڤ، لە باشوری خۆرهەڵاتی ئە و وڵاتە (باکوری کوردستان) وڕایدەگەیەنێت لە 18ی مانگی ڕابردوودا دوو هەزار کەس کوژراون.[1]
- بەپێی ڕاگەیاندنی فەرمی سوریا، حکومەتی ئە و وڵاتە داوای لە نەتەوەیەکگرتووەکان کردووە تورکیا ناچار بکات لە خاکی سوریا بچێتە دەرەوە.[1]
- سەرۆکی دەستەی دەستپاکی هەرێم ئاشکرای دەکات کە تائێستا زیاتر لە 300 فەرمانی گرتنیان لەسەر گەندەڵی جێبەجێ کردووە و لێکۆڵینەوەش لە نزیکەی 200 کەیسی گەندەڵی بەرپرسان دەکەن.[2]
- کەمپینی ئێمەی کچان و ژنانی کوردستان ئیتر ناترسین لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان راگەیاندرا کە چەندین ژنە چالاکوان و راگەیاندکار کەمپنەکە بەڕێوەدەبەن و رایدەگەیەنن، لەمەودوا ناترسین و وێنەی خۆمان لە پرۆفایلی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دادەنێین و چیتر لە خەمی بردن و بڵاوبوونەوەی وێنەکانمان نین.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-03-10

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-03-10

کاتی تۆمارکردن: 2017-03-10 4:01:04 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 69

## 2017-03-11

https://www.kurdipedia.org/?q=20170311140324997776



- بەرپرسی پەیوەندییە گشتییەکانی یەکینەکانی بەرخودانی شنگال (یەبەشە) رایگەیاند،توانیویانە کچ و کورێکی ئێزدی لە شاری رەققە لە سوریا لە دەستی چەکدارانی داعش رزگار بکەن. یەکێک لەو منداڵانەی ئەمڕۆ لەلایەن یەبەشەوە رزگارکراوە ناوی (مجدال خەلیل ئیسماعیل)ە تەمەن 15 ساڵ بووە و ئەوی تر (شەهلە عەزیز)ی تەمەن 13 ساڵ بووە.[1]
- شۆفێرانی ئۆتۆمبێلە بارهەڵگرەکان بەهۆی وەڵامنەدانەوەی داواکارییەکانیان لەلایەن لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە، رێگای سەرەکی کەرکوک – بەغدا یان بەتەواوەتی داخست.[1]
- جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق رایدەگەیەنێت، پرە پارەی تەواوی گەنمی جوتیارانی هەرێم شایستەیەکی یاساییە و لە یاسای بودجەدا چەسپاوە، بۆیە خەرجنەکردنی ستەمە.[1]
- بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی سلێمانی بەهاوکاری ئاسایشی رۆژئاوای

سلێمانی سەر بە دەزگای ئاسایشی هەرێم لەهەڵمەتێکیاندا حەشارگەیەکی داعشیان لەکۆمەڵگەیەکی خانووی پلاستیکی لە بازیان ئاشکرا کردوە.[1]
- سەرۆکایەتی داواکاری گشتی ئەنقەرە دۆسیەکەی لە بارەی تەقینەوەکەی 13 ئاداری ساڵی رابردوو لە ناوچەی قزلئای شاری ئەنقەرە تەواوکردو داوای 37 جار زیندانی هەتاهەتایی بۆ ساڵح موسلیم و بەرپرسانی پەکەکە دەکات.[2]
- بەگوێرەی هەواڵی ئاژانسە هەواڵیەکانی ناوخۆی ئێران، بومەلەرزیەک بە پلەی 4.1 بە پێوەری ڕێختەر، شارۆچکەی کامیارانی سەربە شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی هەژاند.[3]
- کۆچی دوایی نووسەر حەمەی مەلا کەریم لە سلێمانی[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK |
| شار و شارۆچکەکان: | کامیاران |
| شار و شارۆچکەکان: | IQ بەغداد |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان


[1] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2017-03-11
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری خەندان - 2017-03-11
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2017-03-11
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن


کاتی تۆمارکردن: 2017-03-11 2:03:24 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 70

**2017-03-12**

https://www.kurdipedia.org/?q=2017031208234699818




- بەڕێوەبەری رزگارکردنی رفێندراوان لە دەستی داعش لە پارێزگای دهۆک رایگەیاند، شەوی 11-03-2017 کچێکی تەمەن 12ساڵ بەناوی (س. خ) کە خەڵکی گوندی گرعزێرە لە شاری موسڵ لە دەستی چەکدارانی داعش رزگارکرا.[1]
- ئەمڕۆ پۆلیسی تورکیا هەڵیانکوتایە سەر ناوەندی بەدەپە لە شاری چەولیک لە باکوری کوردستان و جگە لە دەستگیرکردنی هاوسەرۆکی پارتەکە (یاقوز کیتای) لە و شارە، دەستیان بەسەر هەموو ئە و پۆستەر و ئارشیف و پانکارتانەدا گرت کە لە بارەگاکەدا هەبوون.[2]
- سوپای تورکیا دەیان عەسکەر و ئۆتۆمبێلی سەربازیی لە ناوچەی (سیدەقا) لە سنوری پارێزگای هەولێرەوە هێنایە هەرێمی کوردستان.[2]
- لە شارۆچکەی (دوبز) سەربە پارێزگای کەرکوک بۆمبێکی چێنراو بە مەستی تەقاندنەوەی بۆریەکی نەوت دانرابوو، بەڵام بۆمبەکە لە لایەن ئاسایشەوە پوچەڵکراوە.[2]
- وەزارەتی پێشمەرگە کۆتاییهێنا بەخولێکی سێ مانگەی بۆ سریەیەکی تایبەت بە بەرگری لەچەکی کیمایی و هێزەکە لەبەرەکانی پێشەوەی شەڕ بۆ پوچەڵکردنەوەی بۆمبەکیمایییەکان دەستبەکاردەبن.[3]
- حەمەی مەلا کەریم لە سلێمانی بەخاکسپێردرا.
- لە هۆڵی مۆنۆمێنتی یادگاری هەڵەبجە لەژێر دروشمیخامەکانتان جێگەی ستایشن کۆمەڵەی قوربانییانی هەڵەبجە ڕێزی لە 36 نووسەر و ڕۆشنبیر گرت کە بەنووسین و دیکۆمێنتارەکانیان خزمەتیان بەکەیسی جینۆسایدی هەڵەبجە کردووە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ هەڵەبجە

🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 12-03-2017

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 12-03-2017

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 12-03-2017

[4] ●دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 12-03-2017 8:23:46 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 71

**2017-03-13**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170313091120998



- لە دانیشتنی ئەمڕۆ، پەرلەمانی عێراق لە بەرژەوەندی جوتیارانی هەرێمی کوردستان دەنگی لەسەر پرۆژە بڕیارێکدا، کە بەپێی ناوەرۆکەکەی حکومەتی ناوەند پابەند دەکات لە ماوەی 30 رۆژدا پارەی گەنمی جوتیاران بدات، هاوکات ئەو پارەیەش هاوتای پارەی جوتیارانی پارێزگانی تری عێراق بێت.[1]
- نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەمڕۆ لەمیانەی سەردانەکەیدا بۆ پارێزگای دهۆک لە وتەیەکدا رایگەیاند، لەهەرێم دیموکراسی خراپ بەکارهاتووە و سەروەری یاسا وەک پێویست نییە.[1]
- لەکاتی رومالّکردنی موشەکبارانکردنی سەربازانی عێراقی لەلایەن چەکدارانی داعش یەکێک لە بۆمبەکان لە نزیک کۆمەڵێک رۆژنامەنوسی ناوخۆ و بیانی دەکەوێتەوە بەهۆیەوە ژمارەیەک رۆژنامەنوس ژەهراوی بوون.[1]
- هاوسەرۆکی گشتی پارتی هەرێمەکانی دیموکرات دەبەپە جەختی لەوەکرد لە شارەکانی باکوری کوردستان زورینەی دەنگی نەخێر دەردەکەوێت و دوو لەسەر سێی کوردەکانی ناو ئەکەپە دەنگی نەخێر بەکاردەهێنن بۆ گۆرانکارییەکانی دەستوری تورکیا.[2]
- بەشێک لە پێشمەرگە دێرینەکان ئیدانەی پەلاماردانی شارەدێی خانەسۆر-ی سەر بە شارۆچکەی شەنگال-یان کرد.[3]
- خوێندکارانی زانکۆی پەیامی نووری شاری مەریوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چالاکییەکیان ئەنجامدا و بەرامبەر بە بڕیاری قایمقامیەتی ئەو شارە بۆ دامەزراندنی پالاوگەی نەوت لە دەوروبەری دەریاچەی زرێبار نارەزاییان نیشاندا.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ موسڵ و دەشتی نەینەوا

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ دهۆک

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-03-13

[2] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-03-13

[3] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 2017-03-13

کاتی تۆمارکردن: 2017-03-13 9:11:20 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 72

**2017-03-14**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170314095923999888



- والی پارێزگای هەکاری لە باکوری کوردستان 24 ناوچەی ئەمنی تایبەتی لە سنوری ناوەندی شار و ناوچەکانی دیکە ڕاگەیاند، بە ئامانجی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی لە دژی بارەگا و ئەندامانی پەکەکە.[1]
- لەشەوی ڕابردووەوە هەنادرەی نەوتی کەرکوک بەهۆی کێشەیەکی تەکنیکییەوە بۆ تورکیا ڕاگیراوە و تائێستا دیار نییە کەی دەستپێدەکاتەوە.[1]
- ژمارەیەک لە هاوڵاتیانی شەنگال و ڕۆژئاوای کوردستان لە ناوچەی خانەسوری سنوری قەزای شەنگال خۆپیشاندانیان ئەنجامدا و بەهۆیەوە لەگەڵ لەشکری ڕۆژ پێکدا هەڵپژان بە وتەی بەرپرسێکی یەبەشە خۆپیشاندەرێک کوژراوە و هەشتی تریش بریندار بوون.[2]
- مارک تۆنەر وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا رایگەیاند هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی لەگفتوگۆدان لەبارەی رەوشی قەزای شەنگالەوە بۆ گەڕانەوەی سەقامگیری بۆ ئەو ناوچەیە.[2]
- بەرپرسی راگەیاندنی مەڵبەندی یەکێتی لە هەولێر، ئاماژە بەوەدەکات، جوڵاندنی هێز لەلایەن پارتییەوە جێگەی گومانە و دەبوایە پارتی پێش ئەوی هێز بۆ مەخمور بجوڵێنێت روونکردنەوە بداتە یەکێتی.[2]
- لەهەڵمەتێکی هێزە ئەمنییەکاندا 3 کەس لەناو کەرکوک دەستگیرکران، پۆلیسی قەزاو ناحیەکان رایدەگەیەنێت ئەو کەسانە چەکداری داعش بوون.[2]
- بەرپرسێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایدەگەیەنێت، لە دوای هاتنی داعش نزیکەی 4 هەزار گەنجی کورد لە ناوچەکانی پارێزگای دیالە و قەزای خانەقین و ناوچەی گەرمیان بوونەتە حەشدی شەعبی.[2]
- دەوڵەتی تورک ئابڵوقەی خواردنی لەسەر ئەو گوندانەی شارۆچکەی لیجەی سەر بە ئاماد دانا، کە ماوەی 10ڕۆژە هاتووچۆی تێدا قەدەغەکردووە و مەترسی لەسەر ژیانی گوندنشینان هەیە.[3]
- لە سێرت دوو بەرێوەبەری پارتی دیموکراتی گەلان- هەدەپە، و لە ئەدەنەش کەسێکی دیکە لەلایەن هێزەکانی پۆلیسی تورکەوە دەستگیرکران.[3]
- شەڕڤانانی ئۆپەراسیۆنی تورەیی فورات لە ماوەی 10 ڕۆژی ڕابردوودا لە ڕەقە 16 گوندیان لە چەتەکانی داعش پاکردوەتەوە و 62 کیلۆمەتر زەویان کۆنترۆڵ کردوە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏨 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| 🏨 پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| 🏨 پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| 🏨 پارت / لایەن: | پارتی ئازادی کوردستان PAK |
| 🏨 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - HDP |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ سێرت |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ شنگال |

| | |
|---|---|
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ مەخموور |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | 🔥 کەرکوک |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ خانەقین |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ هەکاری |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان
[1] 📡 ماڵپەڕ | 🗋 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-03-14
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🗋 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-03-14
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🗋 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-03-14

کاتی تۆمارکردن: 2017-03-14 9:59:23 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 73
## 2017-03-15
https://www.kurdipedia.org/?q=20170315090505998 96



- بەیانی ئەمڕۆ تەقینەوەیەک لەسەر ڕێگای ئامەد-مێردین لەباکوری کوردستان ڕویداو بەهۆیەوە دوو سەربازی تورکیا کوژران.[1]
- بەرپرسی نووسینگەی رزگارکردنی رفێندراوانی دەستی داعش لە پارێزگای دهۆک رایگەیاند، بە هاوکاری دەزگا ئەمنییەکانی پارێزگای دهۆک توانیمان ڕۆژی 14-03-2017 هەشت کەس لە دەستی چەکدارانی داعش رگار بکەین.[2]
- فراکسیۆنی گۆران لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان هەڵوێستی خۆی لەبەرامبەر هێرش و پەلامارەکانی پارتی بۆ سەر خۆپیشاندەرانی شەنگال خستەڕوو و ڕایگەیاند:کوشتنی خۆپیشاندەران و بریندارکردنیان بەتەواوی دژی پرەنسیپەکانی دیموکراسییە و پارتی لێیان بەرپرسیارە.
- لەسەر ئە و جموجوڵەی بە هێزەکانی سوپای تورکیا لە ناو خاکی هەرێم دەکرێت، بەرپرسانی وەزارەتی پێشمەرگە بێ ئاگایی دەردەبڕن و رایدەگەیەنن، هیچ زانیارییەکیان نییە.[2]
- بەرپرسی پەیوەندییە گشتییەکانی یەبەشە لە شەنگال رایدەگەیەنێت، بەرامبەر تەقەی پێشمەرگەکانی رۆژ بەسەر خۆپیشاندەراندا بێدەنگ نابین.[2]
- ژمارەیەک مامۆستایانی زانکۆ بەمەبەستی ناڕەزایی دەربڕین چوونەتە بەردەم وەزارەتی خوێندنی باڵا و داوا دەکەن بڕیاری ئەژمارنەکردنی نمرەی

وانەی کوردی بۆ وەرگرتن لەکۆلێژی زانست و پزیشکی هەڵوەشێندرێتەوە.[2]
- ژمارەیەک ڕێکخراوی قەدەغەکردنی چەکی کیمیاوی دژە جینۆساید بەمەبەستی شەرمەزار کردنی کیمیاباران و جینۆسایدکردنی هاوڵاتیانی کورد لە بەردەم کونسوڵخانەی ئەڵمانیا لە شاری هەولێر گردبوونەوەیەکیان ئەنجامداو داوایانکرد پێویستە ئەڵمانیا لەبەرامبەر پێدانی چەکی کیمیاوی بە حکومەتی عێراقی بە فەرمی داوای لێبوردن لە خەڵکی کوردستان بکات.[2]
- ڕاجی بیلیجی، جێگری سەرۆکی گشتی کۆمەڵەی مافی مرۆڤ لە تورکیا و هاوکات سەرۆکی کۆمەڵەی مافی مرۆڤی شاری ئامەد، لە ماڵەکەی خۆیدا لە ئامەد دەستگیرکرا.[3]
- هاوڵاتیانی شارەدێی (سەرشیو)ی سەر بە شاری مەریوان، لە بەردەم شارەوانی شاری مەریوان، خۆپیشاندانێکیان ئەنجام دا و ناڕەزاییان دەربڕی لەدژی کەڵەکە کردن و سووتاندنی زبڵەکانی شاری مەریوان.[3]
- دەزگای ستاندەر سمینارێکی بۆ عەبدوڵڵا ئاگرین و محەمەد کیانی لەسەر ئاڵۆزییەکانی نێوان پارتی و پەکەکە ڕێکخستن.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏟 پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| 🏟 پارت / لایەن: | 🕯 بزووتنەوەی گۆڕان |
| 🏟 پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ مەریوان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ شنگال |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◉ ئامەد |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ ماردین |
| Quick Respons :Code | |

🗄 سەرچاوەکان

[1] ●دیارینەکراو | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-03-15
[3] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-03-15

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2017-03-15 9:05:05 AM |
| ناوی تۆمارکار: | هاوڕێ باخەوان |

بابەت: 74

## 2017-03-16

https://www.kurdipedia.org/?q=20170316135848999917



- بەبۆنەی 29 هەمینساڵیادی 29 ساڵی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە بە دروشمی (هەڵەبجە پێشڕەوی شکستی تیرۆر بوو با پێشڕەوی ئاوەدانیش بێت) لە هەڵەبجە بە ئامادەبونی بەشداربووانێکی زۆر مەراسیمی ساڵیادەکە بەڕێوەدەچێت.[1]
- بەردان ئوزتورک، پەرلەمانتاری هەدەپەی ئاگری و محەمەد ئەمین ئادیامان، پەرلەمانتاری هەدەپەی ئیدیر، لە شارۆچکەی ئەردەهان-ی باکوری کوردستان کاتێک سەرقاڵی چالاکی بوون بۆ کەمپەینی (نا) بە ریفراندۆم، لەلایەن پۆلیسی دەوڵەتی تورکەوە دەستگیرکران.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ هەڵەبجە

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ●دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

[2] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-03-16

کاتی تۆمارکردن: 2017-03-16 1:58:48 PM


ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 75

## 2017-03-17

https://www.kurdipedia.org/?q=20170317122053963379




- شوعلە عەلی سەعید، هاوسەری نەوشیروان مستەفا بەهۆی نەخۆشییەوە لە شاری سلێمانی گیانی لەدەستدا.[1]
- لەسەر داوای بەرپرسانی ئێرانی و تا دوای جەژنی نەورۆز، هەموو جۆرە هاتوچۆیەکی تەنکەرەکانی هەڵگری سوتەمەنی، لەرێگەی مەرزی نێودەوڵەتی باشماخەوە و لەنێوان هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامی ئێران، رادەگیرێت.[2]
- لەلێدوانێکیدا، وتەبێژی تەڤگەری ئازادی، وەڵامی لێدوانەکەی بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێری دایەوە لەبارەی داخستنی دەزگای ستاندەر بەبیانووی سازدانی کۆڕ بۆ رێکخراوێکی نافەرمی بۆ ماوەیەکی کاتی داخرابوو، وتەبێژەکەی تەڤگەر وتیشی، ئاسایشی هەولێر یان بێ ئاگایە یانیش وەکو

پیشەی هەمیشەییان کە کپکردنی دەنگی ئازادە دەزگای ستاندەریان داخستووە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏛 پارت / لایەن: 🕯 بزووتنەوەی گۆڕان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ سلێمانی
Quick Respons Code:

🗄سەرچاوەکان
[1] ●دیارینەکراو | 🖺 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] 📡ماڵپەڕ | 🖺 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 17-03-2017
[3] 📡ماڵپەڕ | 🖺 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 17-03-2017

کاتی تۆمارکردن: 2017-03-17 12:20:53 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 76
## 2017-03-18
https://www.kurdipedia.org/?q=20170318151204999925



- بەبۆنەی تێپەڕبوونی 29 ساڵ بەسەر کیمیابارانکردنی هەڵەبجەدا، هاوکاری مادیی بەسەر 165 خوێندکاری خاوەن پێدویستی تایبەتدا دابەشکرا.[1]
- ئەدهەم بارزانی سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی لەسلێمانی و هەڵەبجە ڕایگەیاند، بە نوێنەرایەتی مەسعود بارزانی بەشداری لەپرسەی هاوسەری نەوشیروان مستەفادا کردووە.[2]
- پرسەی شوعلە عەلی، هاوژینی نەوشیروان مستەفا، ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان، بە بەشداری چەندین بەرپرسی حکومی و حزبی و هاوڵاتیانی شاری سلێمانی بەڕێوە چوو.[2]
- بەهۆی تەقینەوەی بۆمبێکی چێندراوەوە بە ئۆتۆمبێلێکی هێزەکانی پێشمەرگە لەگوندی زەرگەی مەحیوەری خورماتوو چوار پێشمەرگە بریندار بوون.[3]
- بەهۆی ئەوەی کە ساڵی 2014 بەشداری ڕێپێوانێکی کردووە، بەمەبەستی شەرمەزارکردنی تاوانی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە، داوای سێ ساڵ زیندانیکردن بۆ ئیدریس بالوکەن، پەرلەمانتاری هەدەپە و ئەندامی شاندی ئیمراڵی دەکرێت.[4]
- لە شاری فرانکفۆرتی وڵاتی ئەڵمانیا، بە هەزاران کەس بە مەبەستی پیرۆزکردنی نەورۆز لە دەوری یەکتر کۆبوونەوە، تێیدا پانکاردی (نەورۆز پیرۆزبێت) هەڵکراو پۆستەری عەبدوڵڵا ئۆجالان، ڕێبەری پەکەکە و ئاڵای

پەکەکە، یەپەگە، یەپەژە، کەجەکە، کە لەلایەن بەرپرسانی ئەڵمانیاوە قەدەغەکرابوون، بەرزکرانەوە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ هەڵەبجە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ خورماتوو
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 18-03-2017
[2] ●دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 18-03-2017
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 18-03-2017

کاتی تۆمارکردن: 18-03-2017 3:12:04 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 77

**2017-03-19**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170319111133399926




- لە سێ گوندی ناوچەی گەنچ سەر بە پارێزگای بینگول-ی باکوری کوردستان بە بیانووی بونی پەکەکە، قەدەغەی هاتوچۆ ڕاگەیەندراو سوپای تورکیا دەستی بەئەنجامدانی ئۆپەراسیۆن کردووە.[1]
- بەڕێوەبەری گشتی میراتی کلتووری و فەرهەنگی و گەشتیاریی پارێزگایی سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕایگەیاند:لە کۆبوونەوەیەکدا لە بەڕێوەبەرایەتی میراتی فەرهەنگی و بە بەشداریی کۆمەڵێک لە مامۆستایان و شارەزایانی بواری میراتی فەرهەنگیی ئێران و نوێنەرانی 10 پارێزگا لە پارلەمان و هونەرمەندانی بواری هونەریی ناوچەکانی کوردستان وەکو دکتۆر حەمید ئەردەڵان و دکتۆر مەجید شاوەیسی و دکتۆر موختار هاشمی، دەف و ڕێورەسمی دەفژەنین، خرایە لیستی تۆماری نەتەوەییەوە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏛 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ سنە

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالّپەڕی خەندان - 2017-03-19
[2] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالّپەڕی دواڕۆژ - 2017-03-19

کاتی تۆمارکردن: 2017-03-19 11:11:33 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 78

**2017-03-20**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170320171048999 28



- ڕێدور خەلیل وتەبێژی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) بەئاژانسی ڕۆیتەرزی ڕاگەیاندووە، دوێنی یەکشەممە لەگەڵ روسیادا گەیشتوونەتە ڕێکەوتن و لەئێستاشدا هێزە ڕوسییەکان بەئۆتۆمبێلە سەربازییەکانیانەوە گەیشتوونەتە ئەو پێگانەی بۆیان دیاریکراوە لەشاری عەفرین.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)

شار و شارۆچکەکان: کەرکوک

شار و شارۆچکەکان: ئەفرین

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالّپەڕی خەندان - 2017-03-20

کاتی تۆمارکردن: 2017-03-20 5:10:48 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 79

**2017-03-21**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170321085356999 32



- نەوروزی شاری ئامەد بە دروشمی سەردەکەوین لە گۆرەپانی پارکی نەورۆز لە ناوچەی باغلار بەڕێوەدەچێت بە سەرپەرشتی پارتەکانی باکوری کوردستان (پارتی دیموکراتی گەلان هەدەپە و کونگرەی کۆمەڵەی دیموکرات و پارتی هەرێمەکانی دیموکرات دەبەپە و تەڤگەری ژنانی ئازاد). ئاهەنگەکە لە کاتژمێر 11:00 دەستپێدەکات و چاوەڕێدەکرێت ملیونێک کەس بەشداری بکات و 400 کەناڵی میدیایی ئامادەبن.[1]
- بەیانی ئەمڕۆ کەسێک لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە لە ئامەد کوژرا کە چەقۆی پێ بووە و هەوڵیداوە بە بچێتە شوێنی ئاهەنگی نەورۆز.[1]
- یوسف محەمەد سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان یەکەم پەیوەندی تەلەفۆنی فەرمی لەگەڵ فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەنجامدا، لەدوای سەرهەڵدانی گرژیەکانی نێوان پارتی و گۆڕان کە 17 مانگە بەردەوامە.[1]
- هاوسەرۆکی شارەوانی بناری قەندیل رایدەگەیەنێت ئاسایشی پارتی لە سنوری وەرتێی رواندز و گۆجار و قەسرێی دەڤەری باڵەکایەتی ڕێگری لە هاووڵاتیان دەکات کە بچنە قەندیل بەمەبەستی بەشداریکردن لە ئاهەنگی نەورۆز، ئاماژە بەوەش دەکات کە وێڕای ئەمەش خەڵکێکی یەکجار زۆر بەشداری ئاهەنگەکەبوون.[2]
- شەڕڤانانی یەبەشە و یەژەشە لە شەنگال، فڕۆکەیەکیان خستە خوارە، کە جگە لەوەی تایبەتە بە کەشف، بەڵام موشەکی ڕۆکێرتی پێبووە.[3]
- بەهۆی تەقینەوەی بۆمبێکی دەستکرد، لە شاری مەریوانی رۆژهەڵاتی کوردستان، گەنجێکی گیانی لەدەست دا و یەکێکی دیکەش بریندار بوو. تەقینەوەی نارنجۆکەکە لە گەڕەکی (کورەی مووسەوی) روویدا، لە ئەنجامدا گەنجێکی تەمەن 21 ساڵە بەناوی (حسێن تەیموری) گیانی لەدەست داوە و گەنجێکی دیکە بەناوی (ئارمان ئەزکات) بریندار بوو.[3]
- نوێنەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە تورکیا سەردانی بارەگای سەرەکی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە)ی کرد لە ئەنقەرە و پەیامی پیرۆزبایی نەورۆزی یەکێتی گەیاندە هەدەپە.[3]
- دوای تەواوبوونی ئاهەنگی جەژنی نەورۆز و لە کاتی گەڕانەوەیاندا، بۆمبێکی چێنراو بە هاوڵاتیانی (تل حەمیس) سەربە تربەسپی لە ڕۆژئاوای کوردستان تەقیەوە و لە ئەنجامدا چوار ژن بوونە قوربانی. بەپێی زانیارییەکان ئە و بۆمبە لەسەر ڕێگەی هاوڵاتیان دانراوە و لە کاتی گەڕانەوەیاندا پێیاندا تەقیوەتەوە.ئە و تەقینەوەیە بوەتە هۆی کوژرانی دوو ژن و برینداربوونی دوو ژنی دیکە و گوازراونەتەوە بۆ نەخۆشخانە.[3]
- لەکاتی پیرۆزکردنی جەژنی نەورۆزدا و لەکاتژمێر 11:30 خولەک سوپای تورکیا گوندی مەلاخەلیل-ی سەر بەشارەدێی جیندرس-ی کانتۆنی عەفرینی ڕۆژئاوای کوردستانی تۆپباران کرد و هەتا کاتژمێر 4ی پاش نیوەڕۆ بەردەوامبوو، لە ئەنجامدا زیانی مادی بەر ماڵ و موڵکی هاوڵاتیان کەوت.[3]
- ئۆتۆمبێلێک لە شاخی گۆیژەی شاری سلێمانییەوە کەوتە خوارەوە بەو هۆیەوە دوو کەس گیانیان لەدەستدا کە عەرەبی ئێراقی بوون.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ شنگال |

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ سلێمانی

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◉ ئامەد

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-03-21

[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-03-21

[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-03-21

[4] ● دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2017-03-21 8:53:56 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 80

## 2017-03-22

https://www.kurdipedia.org/?q=2017032209255899942




- گەورەترین گۆڕی بەکۆمەڵ لە ناوچەی (ئەلخەفسە)ی دەوروبەری موسڵ دۆزرایەوە و ڕێکخراوێکی پاراستنی مافی مرۆڤیش دەڵێت پێویستە عێراق مۆنۆمێنتی بۆ دروست بکات.[1]
- وەزیرانی دەرەوەی 68 وڵات ئەمڕۆ لەواشنتون کۆدەبنەوە بۆ ڕێکەوتن لەسەر هەنگاوەکانی داهاتوو لە پێناو شکستپێهێنانی داعش و ئەمە یەکەم کۆبوونەوەی هاوپەیمانێتییەکەیە بەسەرۆکایەتی ئەمریکا دوای سەرکەوتنی ترەمپ لەهەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لەساڵی ڕابردوو.[2]
- لەکاتژمێر لەبەیانی ئەمڕۆوە تۆپخانەکانی سوپای تورکیا دەستیان بەبۆردومانی گوندەکانی سنوور کردووە لە ناوچەی عەفرین.[2]
- لەسەر ڕێگای هەولێر- شاوێش کەسێک برایەک و هاوڕێیەکی خۆی کوشت و بەوتەی پۆلیسی هەولێر ڕووداوەکە بەهۆی ئەوەبووە کە یەکێک لە کوژراوەکان گاڵتەی بە بکوژەکە کردووە.[2]
- بۆ کشانەوەی هێزەکانی پێشمەرگەی ڕۆژ لە خانەسۆر ئەنجوومەنی ئاوەدانکردنەوەی شەنگال و ئەنجوومەنی ژنانی ئازاد خێمەی ئاشتی هەڵدەدەن و داوادەکەن بە زوترین کات ئەو هێزە لە ناوچەکە بکشێتەوە.[3]
- لە ئەنجامی هەرەسی بەفردا، چوار کۆڵبەری دیکە لە دەڤەری شاری خۆی، سەربە پارێزگای ورمێ-ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، گیانیان لەدەستدا.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ موسڵ و دەشتی نەینەوا


🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ ورمێ
:Quick Respons Code

▫️سەرچاوەکان
[1] ●دیارینەکراو | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-03-22
[3] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-03-22

کاتی تۆمارکردن: 2017-03-22 9:25:58 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 81
## 2017-03-23
https://www.kurdipedia.org/?q=20170323085457999955



- سوپای تورکیا لەبەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند، شەوی ڕابردوو کاتژمێر 09:15 پەکەکە هێرشیان کردووەتە سەر گردێک کە بنکەی سەربازی تورکیای لێبووە لەسەر سنووری هەرێمی کوردستان. ئاماژە بەوەشکراوە، لەهێرشەکەدا سەربازێکی تورکیا کوژراوە و چواری تریش برینداربوون.[1]
- هاوسەرۆکی پێشویی پارتی هەرێمە دیموکراتییەکان- دەبەپە و پەرلەمانتاری پێشوو، ئامینە ئاینا لە ماڵەکەی خۆیدا دەستگیرکرا.[2]
- سوپای دەوڵەتی تورک بەردەوامە لە تۆپبارانکردنی عەفرین و جارێکی تر تۆپبارانی گوندی نسریە-ی ناوچەی جەندرێسی کرد و لە ئەنجامدا زیانی ماددی زۆر بە گوندەکە گەیشت.[2]
- نۆژیان ئارهان، ئەو ڕۆژنامەنووسە ژنەی کە لە هێرشەکەی خانەسۆر برینداربوو، ئەمڕۆ گیانی لەدەستدا.[3]
- لەبەرئەوەی کورسی پێشەوەیان بۆ دابین نەکرابوو، هەریەک لە نوێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان (حسک) مەراسیکی یادی 29 ساڵەی بۆردوومانی شارۆچکەی سەیدسادق-یان بەجێهێشت.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏰 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ ئەفرین
:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 23-03-2017
[2] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 23-03-2017
[3] ●دیارینەکراو | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2017-03-23 8:54:57 AM |
| ناوی تۆمارکار: | هاوڕێ باخەوان |

---

بابەت: 82

## 2017-03-24

https://www.kurdipedia.org/?q=20170324085316999967



- لە شنگال دوو پێشمەرگە بریندار دەبن.
- فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا ناوچەکانی (ئاڤاشین و چەمجو)یان لە هەرێمەکانی پاراستنی مەدیا لە سنوری بادینان بۆدوومان کرد.[1]
- هاوسەرۆکی شارەوانی ناوچەی (بەگەندیک) و ئەندامێکی ئەنجومەنی ناوچەکە کە سەربە پارێزگای (سێرت)ە لە باکوری کوردستان، دەستگیرکران.[2]
- بەهۆی ئەوشەپۆلە بارانەی ڕوی لەسنووری گەرمیان کردوە لەچەند گەڕەکێکی قەزای کەلار و ناحییەی ڕزگاری ئاوبەرزبۆتەوە و ئاو چۆتە چەن ماڵێکەوە.[3]
- بەڕێوەبەری بومەلەرزە و کەشناسی ئامێدی رایدەگەیەنێت لەماوەی دوو رۆژی رابردوودا شەپۆلێکی بەفر و بارانبارین ناوچەی ئامێدی گرتووەتەوە و لەناحیەی کانی ماسێی ئە و قەزایە 41 سم باریوە.[3]
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کەشناسی و بومەلەرزەزانی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، لەئێوارەی دوێنێوە تا ئێوارەی ئەمڕۆ 55 ملم باران لە کەلار باریوە و کاریگەری ئە و شەپۆلە تادرەنگانی ئەمشە و بەردەوامدەبێت.[4]
- هێزەکانی سوریای دیموکرات لەپێشڕەوییان لە تەبقە و بەنداوی فورات بەردەوامن و شەوی ڕابردوو گەیشتوونەتە قەراغی بەنداوەکە و بەشێکیان کۆنترۆڵکردووە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK |
| 🏛 پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ شنگال |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ سێرت |

Quick Respons :Code

📙سەرچاوەکان
[1] ●دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 24-03-2017
[3] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 24-03-2017
[4] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 24-03-2017

کاتی تۆمارکردن: 2017-03-24 8:53:16 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 83

**2017-03-25**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170325092333399986



- تەرمی ڕۆژنامەنوس نوژیان ئەرهان لەشەنگال بەخاکسپێردرا،[3]
- نێچیرڤان بارزانی رایدەگەیەنێت لەمساڵدا ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان ئەنجام دەدەن و ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات تا ئێستا بەفەرمی لەگەڵ تورکیادا ئەو پرسەیان باس نەکردوە.[1]
- حەسەن ڕوحانی سەرۆک کۆماری ئێران گەیشتە شاری سنە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پارێزگاری سنە-ش دەڵێت، ڕوحانی ژمارەیەک پرۆژەی ئابوری لە شارەکە دەکاتەوە.[2]
- خوشکێکی عەبدوڵڵا ئۆجەلان (ئاینی یلدریم) دوێنێ لە گوندی ئامارا لەباکوری کوردستان کۆچی دواییکرد.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ سنە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ شنگال

:Quick Respons Code

📙سەرچاوەکان
[1] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 25-03-2017
[2] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 25-03-2017
[3] ●دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[4] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 26-03-2017

کاتی تۆمارکردن: AM 9:23:33 2017-03-25
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 84

**2017-03-26**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170326103741199990



- بۆ ناڕەزایی نیشاندان بەرامبەر بڕیاری ئەژمارکردنی نمرەی زمانەکانی کوردی و عەرەبی بەشێوەی ئارەزومەندانە، ژمارەیەک لە مامۆستایانی زمانی کوردی خۆپیشاندانێکیان لە هەولێر ئەنجامدا.[1]
- دوای ئەوەی شەوی ڕابردوو چوار گەشتیاری خەڵکی سنوری گەرمیان بەمەبەستی گەشتکردن دەچنە سنوری پارێزگای هەڵەبجە و لە هاوینەهەواری ئەحمەد ئاوا دەمێننەوە،یەکێکیان بە خنکاوی لە ئاوی ئەحمەدئاوا دەدۆزرێتەوە و پۆلیسیش سێ گەشتیارەکەی دیکەی دەستگیر کردووە.[1]
- ئێوارەی ئەمڕۆ دوو برا دەکەونە ئاوی باسەڕەی سەربە قەزای سەنگاوەوە و دەخنکێن.[1]
- لەبەرامبەر ناڕەزاییەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان دژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لەسەر دامودەزگاکانی شاری کەرکوک، ئەمڕۆ ژمارەیەک لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی خۆپیشاندانێکی ناڕەزاییان لەبەردەم بارەگای نەتەوەیەکگرتووەکان لە شاری هەولێر ئەنجامدا.[1]
- سوپای تورکیا گوندی چەقەلا-ی لە شارەدێی شێ لە کانتۆنی عەفرین تۆپبارانکرد و زیانی بە ماڵ و موڵکی چەندین هاوڵاتی هێناوە.[2]
- بەربرسی بازنەی چۆمانی بزوتنەوەی گۆڕان لەلایەن ئاسایشی پارتییەوە ڕفێندرا.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
شار و شارۆچکەکان: ○ چۆمان
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ○ ئەفرین
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-03-26
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-03-26
[3] ●دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: AM 10:37:41 2017-03-26
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 85

**2017-03-27**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170326142739100006



باکووری کوردستان
- هێزەکانی گەریلا دژی بارەگای سەربازی بەیزۆک لە دەوروبەری شەمزینان چالاکیان ئەنجامداوە و لە ئەنجامی چالاکییەکەدا 10 سەربازی تورک کوژراون و سێ سەربازیش بریندابوون، لە ئۆپەراسیۆنی چەرچەلا-ش گورز لە چوار هەلیکۆپتەردرا و 13 سەرباز کوژران.[4]
باشووری کوردستان
- خوێندکارانی بەشە ناوخۆییەکانی زانکۆی سلێمانی نیگەرانن لە وەرگرتنی 100 هەزار دینار لێیان و دەڵێن، کە خێمە لەبەردەم زانکۆدا هەڵدەدەن بەس ئە و پارەیە نادەن، بەرپرسانی زانکۆش ئامادە نین هیچ لێدوانێک لە و بارەیەوە بدەن.[1]
- سالار چۆمانی، بەرپرسی بازنەی چۆمانی بزوتنەوەی گۆڕان، لەلایەن ئاسایشەوە ئازادکرا.[1]
- بەهۆی سوتانەوە ژنێکی کورد لەگەڕەکێکی شاری کەرکوک گیانی لەدەستدا و پۆلیسیش دەڵێتژنەکە خۆی سوتاندووە.[2]
- بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی شانۆوە، فێستیڤاڵی سلێمانی بۆ دەقی شانۆی کوردی ئەنجام دەدەن و ماوەی پێنج ڕۆژیش بەردەوام دەبێت.[2]
- وەزیری دارایی فەرمانی ڕاگرتنی مووچەی کەرکوکی دا.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- هەزار و 50 کۆچبەر لەبەر هێرش و بۆردوومانەکانی دەوڵەتی تورک لە هەرێمی شەهبا،ماڵوحاڵی خۆیان بەجێهێشت و بەرەو کانتۆنی عەفرین بەڕێکەوتن.[1]
- هێزەکانی سوریای دیموکرات، پێنج منداڵی ئێزدییان لە دەستی چەکدارانی داعش ڕزگارکرد و بە هاوکاری یەبەشە منداڵەکان گەیەندراونەتە کومەڵگای خانەسوری سەر بە ناحیەی سنونێ.[2]
- هاوسەرۆکی پارتی یەکێتی دیموکراتی پەیەدە ڕایگەیاندووە، پێشبینی دەکەن دوای کۆنترۆڵکردنی ڕەقە لەدەستی داعش بخرێتە سەرسیستەمی فیدراڵی ڕۆژئاوای کوردستان.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | بزووتنەوەی گۆڕان |
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ شەمزینان |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ سلێمانی |

🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ ئەفرین

Quick Respons Code:

📚سەرچاوەکان

[1] 📡ماڵپەڕ | 🖳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 2017-03-27

[2] 📡ماڵپەڕ | 🖳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-03-27

[3] 📡ماڵپەڕ | 🖳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-03-27

[4] 📡ماڵپەڕ | 🖳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-03-29

کاتی تۆمارکردن: 2017-03-26 2:27:39 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 86

**2017-03-28**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170328085554100033



- ئەنجوومەنی پارێزگاری کەرکوک بەزۆرینەی دەنگ بڕیاری هەڵکردنی ئاڵای کوردستانی بەشێوەیەکی فەرمی دەرکرد، شایانی باسە عەرەب و تورکمانەکان دژبوون.[1]
- بەیانی ئەمڕۆ شەش خۆکوژی داعش هێرشیانکردە سەرسەنگەرەکانی پێشمەرگە لەسەر چیای شەنگال و هەر شەشیان کوژران و پێشمەرگە بێزیان بوو.[1]
- حکومەتی ئێراق رایگەیاند کە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان بەشێوەیەکی فەرمی دژی دەستووری ئێراقە.[1]
- سەرلەبەیانی ئەمڕۆ شەرڤانان هێرشێکی چەتاکانی داعشیان تێکشکاند بۆ سەر فرۆکەخانەی تەبقا و پیلانەکەیان پووچەڵ کردەوە و بڕێکی زۆر چەک و جبەخانەیان بەدەست هێنا.[2]
- سەرکردەی سونە و تورکمانەکانی عێراق دژایەتی خۆیان بۆ هەڵکردنی ئاڵای کوردستان راگەیاند، سەرکردەیەکی سونە پێیوایە کە بڕیارەکەی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک (پێشێلکاریی یەکێتی نیشتیمانی و سەپاندنی ئیرادەی پێکهاتەیەکە)، سەرکردەیەکی تورکمانیش پێیوایە کە (ئەم بڕیارە دژی دەستوری عێراقە).[2]
- لە چوارچێوەی ئۆپەراسیۆنی قڕکردنی سیاسی حکومەتی ئاکەپە کە پێش ڕیفراندۆمی ئاکەپە بۆ گۆڕینی دەستووری تورکیا توندتر بووەتەوە، دادگای تورک لە ڕوحا بڕیاری زیندانیکردنی 22 کەس و لە دیلۆکیش بڕیاری زیندانی 9 کەسی دەرکرد.[2]
- وەزارەتی دەرەوەی تورکیا دژایەتی وڵاتەکەی بۆ هەڵکردنی ئاڵای هەرێمی

کوردستان لە کەرکوک ڕاگەیاند و نیگەرانی خۆی دەربڕی.[2]
- ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی ڕایگەیاند، هەڵمەتێکی واژۆ کۆکردنەوەی ئۆنلاین-یان دەستپێکردووە بۆ داواکردن لە هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی و عێراق کە ڕێوشوێنی گونجاو بگرنەبەر بۆ پاراستنی گیانی هاوڵاتیان لە موسڵ و ڕایدەگەیەنێت، لەبۆردومانێکی ئاسمانیدا بە سەدان کەس لە شارەکە کوژراون.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏙 شار و شارۆچکەکان: 💧 کەرکوک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ شنگال
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ موسڵ و دەشتی نەینەوا
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] ●دیارینەکراو | 🖂 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] 📡ماڵپەڕ | 🖂 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 28-03-2017
[3] 📡ماڵپەڕ | 🖂 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 28-03-2017

کاتی تۆمارکردن: 28-03-2017 8:55:54 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 87
**29-03-2017**
https://www.kurdipedia.org/?q=20170329085041100037



- لە درێژەی دادگاییکردنی تۆمەتبارانی کەیسی کەجەکە، کە بۆ ماوەی نۆ ساڵە درێژەی هەیە، دادگای تورک هەزار و 109 ساڵ و 10 مانگ و 22 ڕۆژ زیندانیی بەسەر 99 سیاسەتمەداردا سەپاند.[1]
- دۆخی ناوچەی خانەسۆر سەر بە قەزای شنگال وەک خۆی و بەبێ چارەسەر ماوەتەوە و هێزەکانی لەشکری رۆژ و یەکینەکانی بەرخۆدانی شنگال (یەبەشە) لەشوێنەکانی خۆیان ماونەتەوە، بەرپرسانی ئە و دوو هێزەش جەخت لە مانەوەی هێزەکانیان دەکەنەوە.[2]
- بۆ پاڵپشتیکردن لە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە کەرکوک ژمارەیەک لە پێشمەرگەی دێرین و چالاکانی کۆمەڵی مەدەنی لە بەردەم بینای پەرلەمانی کوردستان لە هەولێر گردبوونەوەیەکیان ئەنجامدا.
- لەمیانەی بەڕێوەچوونی خۆپیشاندانی نارەزایەتی هاووڵاتیانی تورکمان لەدژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لەبەردەم بینای پارێزگای کەرکوک، پەلاماری کاروانی ئۆتۆمبێلەکانی فەرماندەیەکی پێشمەرگە کەماڵ کەرکوکی دەدەن و برینداری لێدەکەوێتەوە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏰 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♜ هەولێر
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
Quick Respons Code:

🗄سەرچاوەکان
[1] 📡ماڵپەڕ | 🗂 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 29-03-2017
[2] 📡ماڵپەڕ | 🗂 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 29-03-2017
[3] 📡ماڵپەڕ | 🗂 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 29-03-2017

کاتی تۆمارکردن: 29-03-2017 8:50:41 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 88
**2017-03-30**
https://www.kurdipedia.org/?q=20170330091538958 52




- والی پارێزگای شرناخ- ی باکوری کوردستان بە بیانووی دابەشکردن و تێکدانی یەکگرتوویی گەل و دەوڵەت گۆرانی هەدەپە بۆ بانگەشەی ریفراندۆمی سیستمی سەرۆکایەتی بە ناوی بڵێن نەخێر قەدەغە دەکات.[1][2]
- جێگری سەرۆکی پەرلەمانی ئەڵمانیا، ڕایگەیاند، نابێت ئەوچەکانەی وڵاتەکەی بۆ هەرێمی کوردستانی ناردووە لە ململانێ ناوخۆییەکانی هەرێم بەکاربهێندرێت و دەبێت بۆ پاراستنی دیموکراتی و لەناوبردنی داعش بەکاربێت.
- سەلاحەدین دەمیرتاش، هاوسەرۆکی گشتی پارتی دیموکراتی گەلان و عەبدوڵلا زەیدان، پەرلەمانتاری جولەمێرگی هەدەپە و سەباحەت تونجەل هاوسەرۆکی پارتی هەرێمە دیموکراتیەکان دەست بە مانگرتن لە خواردن دەکەن.
- جیهان شێخ ئەحمەد، وتەبێژی ئۆپەراسیۆنی تورەیی فورات بۆ ڕزگارکردنی ڕەقە ڕایگەیاند، کە شەڕڤانان بە کۆنترۆڵکردنی ڕێگای نێوان ڕەقە و تەبقا توانیان هەموو ڕێگاکان-ی گەیاندنی یارمەتی لەڕەقەوە بۆ چەتەکان ببڕن و وتی:کۆنترۆڵکردنی ئەو ڕێگا هەناسەی چەتەکانمان بڕیوە.
- عومەر کۆچەر، ئەندامی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لە فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی، دەستی لەکار کێشایەوەو هۆکارەکەشی گەڕاندەوە بۆ کارانەکردنەوەی پەرلەمان.
- بەگوێرەی هەواڵێکی کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستان، زارا دۆغان، شێوەکاری کوردی باکوری کوردستان، بە تۆمەتی ئەوەی وێنەی وێرانییەکانی شارۆچکەی نسێبینی کێشاوە، لەلایەن دادگاوە بە سێ ساڵ

زیندان سزادراوە.[3]
- کوردانی باکوری کوردستان کە لە وڵاتی بەلجیکا نیشتەجێن، سەردانی کونسوڵخانەی تورکیایان لە برۆکسل کردووە بە مەبەستی نوێکردنەوەی ناوەکانیان بۆ دەنگدان لە ڕیفراندۆمی تورکیادا، بەڵام لەلایەن ئاکەپەییەکانەوە بە چەقۆ هێرشیانکراوەتەسەر. لەو پەلاماردانانەدا، سێ هاوڵاتی کورد بە ناوەکانی سولتان و محەمەد و هاسان بریندار بوون، کە برینی سولتان سەختە.
- بریندارێکی چەکی کیمیایی بە ناوی (ئەسمەر حاجی مەحمود) لە گوندی شێخ وەسانان گیانی لەدەستدا کە ماوەی چەندین ساڵە بەهۆی برینەکەوەیە دەناڵێنێت.
- بەڕێوەبەری گشتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی هەڵەبجە ئاشکرایکرد، لەچوارچێوەی مامەڵەکردن وەک پارێزگایەکی هەرێم لەگەڵ هەڵەبجەدا و بەهەوڵی ئەندامێکی کوردی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، لەلایەن وەزارەتی نەوتی عێراقەوە بڕی 140 هەزار لیتر نەوت ڕەوانەی پارێزگای هەڵەبجەکرا.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP
شار و شارۆچکەکان: ○ شرناخ
شار و شارۆچکەکان: ○ هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: ○ نوسەیبین
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-03-30
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-03-30
[4] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-03-30

کاتی تۆمارکردن: 2017-03-30 9:15:38 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 89
**2017-03-31**
https://www.kurdipedia.org/?q=20170331085841100058



- ئەنتۆنیۆ گۆتەرێز سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان ئەمڕۆ لە هەولێر لەگەڵ کەسایەتی و بەرپرسانی پێکهاتەی ئێزیدییەکان لەهەرێمی کوردستان کۆبووەوە.[1]
- وتەبێژی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش رایدەگەیەنێت، دەوڵەتی ئیسلامی لە خۆرئاوای موسڵ گەمارۆدراوەو مەزەندە دەکەن کەمتر لە هەزار چەکداریان لەوێ مابێت.[2]
- مەسعود بارزانی میانی کۆبونەوەی لەگەڵ ئەنتۆنیۆ گۆتێرز، سکرتێری گشتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕایگەیاند، بۆ ئەوەی جیهان ئاگاداری ویست و بڕیاری خەڵکی کوردستان بێت لە ئاییندەیەکی نزیکدا ریفراندۆم ئەنجام دەدرێت.
- کەشناسی هەرێم رایدەگەیەنێت، شەپۆلێکی تری بارانبارین سەرجەم ناوچەکانی هەرێم دەگرێتەوە و بۆ ماوەی چوار رۆژ بەردەوام دەبێت و بارانەکەش بە لێزمە دەبێت.[3]
- هێزەکانی پۆلیسی تورک، سەرلەبەیانی ئەمڕۆ هەڵیانکوتایە سەرماڵی هاوڵاتیان لە وان و ڕوحا و 26 هاوڵاتیان دەستگیرکرد.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏟 پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ موسڵ و دەشتی نەینەوا
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ وان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ روحا
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ● دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-03-31
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-03-31
[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 2017-03-31

کاتی تۆمارکردن: 2017-03-31 8:58:41 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 90

**2017-04-01**

https://www.kurdipedia.org/?q=2017040109465796275




- بەهۆی گرانی نرخی کارتی زیادکردنی باڵانس، کۆمەڵێک چالاکوان و بەشێک لە هاوڵاتیان لەسەرتاسەری باشوری کوردستان بایکۆتی هێڵەکانی کۆرەک تیلیکۆم و ئاسیا سێڵ-یان کرد.
- چەتەکانی داعش لە چوار قۆڵەوە هێرشیان کردە سەر گوندی مشێرفەی سەربە تەبقا و شەڕڤانانی ژووری ئۆپەراسیۆنەکانی توورەیی فورات-یش وەڵامیان دانەوە و هێرشەکانیان تێکشکاند و لاشەی چوار چەتە-ش کەوتە ژێردەستیان.
- ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق لەدانیشتنی ئاسایی خۆیدا (دوای بایکۆتکردنی دانیشتنەکە لەلایەن فراکسیۆنە کوردستانییەکان) دەنگیدا بە داگرتنی ئاڵای کوردستان لەپارێزگای کەرکوک.
- سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک رایگەیاند، ئامادە نین بڕیارەکەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق لەبارەی داگرتنی ئاڵای کوردستان لەو پارێزگایە جێبەجێ بکەن.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | 🔥 کەرکوک |
| Quick Respons Code: | |

📚 سەرچاوەکان

[1] 📡 ماڵپەڕ | 🇮🇶 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 2017-04-01

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2017-04-01 9:46:57 AM |
| ناوی تۆمارکار: | هاوڕێ باخەوان |

---

بابەت: 91

## 2017-04-02

https://www.kurdipedia.org/?q=20170402115333100071



- ئەمڕۆ لە شاری کەرکوک، نەجمەدین کەریم، پارێزگاری کەرکوک سەبارەت بە بڕیارەکەی دوێنێی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ داگرتنی ئاڵای هەرێمی کوردستان لەسەر دامودەزگاکانی شارەکە، لێدوانی بۆ ڕۆژنامەنووسان دا و وتی: بڕیارەکەی ئەنجومەنی نوینەرانی عێراق-ی بۆ داگرتنی ئاڵای هەرێمی کوردستان لە کەرکوک بە نادەستوری ناوبرد و وتی:ئاڵاکەمان بەبەرزی دەمێنێتەوە.
- دیرایەت تاشدەمیر، وتەبێژی ئەنجومەنی ژنان و هەروەها پەرلەمانتاری شاری ئاگری-ی پارتی دیموکراتی گەلان-هەدەپە، لەلایەن هێزەکانی پۆلیسی تورکەوە دەستگیرکرا.
- لە شاری سلێمانی لە ڕۆژی جیهانی هۆشیاریی نەخۆشی ئۆتیزم

ڕێکخراوی شین بۆ ئۆتیزم ڕێپێوانێکیان ئەنجامدا لە پێناو هۆشیارکردنەوەی تاک.
- ئەمڕۆ، شەڕڤانانی ژووری ئۆپەراسیۆنی توورەیی فورات لە چوارچێوەی پاککردنەوەی ناوچە ڕزگارکراوەکانی دەوروبەری شاری تەبقا چەکێکی بی.کەی.سی، چەکێکی کلاشینکۆف، چەکێکی ئیم-16، ئۆتۆمبێلێکی سەربازی تایبەت بە هێرشی ناوشار لە جۆری عەقرەب، ئۆتۆمبێلی چەتەکان بۆ هاتووچۆ و هەروەها لاشەی چوار چەتەیان دۆزییەوە.[1]
- هەشت پێشمەرگە ئەمڕۆ بەهۆی تەقینەوەی دوو بۆمبەوە لەسنوری شارەدێی یەنگیجە سەر بە شارۆچکەی خورماتوو بریندارببوون.[2]
- سەلیم جبوری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق لەگەڵ فراکسیۆنە کوردییەکانی پەرلەمانی عێراقدا کۆدەبێتەوە و پەرلەمانتارێکیش ئاشکرایکرد، سەرۆکی پەرلەمان بەڵێنیداوە بڕیارەکەیان لەدژی ئاڵای کوردستان سڕبکەن.
- ئەفسەرێکی پێشمەرگە ئاشکرای دەکات، چەکدارێکی داعشیان دەستگیرکردوە کە شەش پێشمەرگەی لە جەلەولا شەهید کردووە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - HDP |
| شار و شارۆچکەکان: | ئاگری |
| شار و شارۆچکەکان: | خورماتوو |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان


[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-04-02
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-04-02
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-04-02


| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2017-04-02 11:53:33 AM |
| ناوی تۆمارکار: | هاوڕێ باخەوان |

---

بابەت: 92

**2017-04-03**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170403084222100095



- شەوی ڕابردوو ڕۆژنامەنووس ئەڤین بولدان، ڕۆژنامەنووس لە ڕۆژنامەی ڕۆژەڤی مەدیا لە ماڵەکەی خۆی لە شاری ئامەد-ی باکوری کوردستان بەهۆی نەخۆشی دڵەوە گیانی لەدەستدا.
- ئەنجومەنی نوینەرانی عێراق بە بەشداری فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە کۆبوونەوەدایە و سەرۆکی ئەنجومەن ڕایگەیاند:بڕیاری داگرتنی ئاڵای هەرێمی کوردستان لە کەرکوک ڕادەگرین.
- هێزەکانی پۆلیسی تورک لە شاری بورسا هەڵیکوتایە سەر ماڵی هاوڵاتیان و لە ئەنجامدا 16 بەڕێوەبەری پارتی هەرێمە دیموکراتییەکان (دەبەپە) و پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) یان دەستگیرکرد.[1]
- هێزەکانی پۆلیسی تورک لە شاری بورسا هەڵیکوتایە سەر ماڵی هاوڵاتیان و لە ئەنجامدا 16 بەڕێوەبەری پارتی هەرێمە دیموکراتییەکان (دەبەپە) و پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) یان دەستگیرکرد.
- تۆپخانەکانی سوپای تورکیا دەستیانکرد بە بۆردومانکردنی چەند ناوچەیەک لە دەڤەری بەرواری باڵای سەر بە ناحیەی کانی ماسی لە قەزای ئامێدی.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK

شار و شارۆچکەکان: ○ ئامێدی

شار و شارۆچکەکان: ◉ ئامەد

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2017-04-03

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2017-04-03

کاتی تۆمارکردن: 2017-04-03 8:42:22 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 93

**2017-04-04**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170404083803100115



- بەهرام قاسمی وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران ئەمڕۆ لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا رایگەیاند، هەڵکردنی هەر ئاڵایەک جگە لە ئاڵای عێراق لە کەرکوک بە نادەستوری دەزانن.
- حەیدەر عەبادی رایگەیاند، 10 ساڵە ئاڵای کوردستان لە کەرکوک هەڵکراوە و گەورەکردنی ئەو بابەتە لە میدیاکانەوە بۆ شێواندنی سەرکەوتنەکانە.
- بەهۆی خەرجنەکردنی دەرماڵەی هاندانەوە لەسەرەتای ئەم مانگەوە پزیشکانی نیشتەجێ و یاریدەدەرانی پزیشکان لە نەخۆشخانەی گشتی شەهید شەوکەتی حاجی مشیر لە قەزای سەیدسادق دەستیان بە مانگرتن کرد.[1]
- بە فەرمانی، وەزیری ناوخۆی تورکیا چوون بۆ گوندی ئامارا، زێدی لەدایکبوونی عەبدوڵڵا ئۆجالان، ڕێبەری پەکەکە-ی لە ڕۆژی 4ی نیساندا قەدەغە کرا.
- وتەبێژی بزووتنەوەی ئیسلامی رایدەگەیەنێت کە ئێستا ئایندەیەکی تاریکمان لەبەردەم دایە بۆ ڕیفراندۆم و دەشڵێت: تا ئێستا نازانن شاندی هاوبەشی یەکێتی و پارتی کەی سەردانی بزوتنەوەی ئیسلامی دەکەن.
- لە گوندی ئامارا، وێڕای هەموو فشارەکانی هێزە سەربازییەکان، ڕۆژی لەدایکبوونی عەبدوڵڵا ئۆجالان، ڕێبەری پەکەکە پیرۆز کرا.
- لەیلا گوڤەن، هاوسەرۆکی کۆنگرەی جڤاکی دیموکراتی- کەجەدە، دەستگیرکرا.
- مەلیحا ئاکتاش، دایکی ڕۆهات ئاکتاش، کە بەرێوەبەری کاروباری نووسینی ڕۆژنامەی ئازادی وڵات بوو و لە جزریرە کوژرابوو، لەگەڵ چەند کەسێکیتردا کاتێک لە ئامارا دەهاتنە دەرەوە دەستگیرکران و ڕەوانەی بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی شارۆچکەی خەلفەتیی سەربە ڕوحا کران.[2]
- ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بەکۆی دەنگ پڕیاریدا بە ئەنجامدانی ریفراندۆم لەکەرکوک بۆ ئە و مەبەستەش داوا لەحکومەتی بەغدا دەکات رێوشوێنی پێویست بگرێتەر لە و بارەیەوە. هەروەها پڕیارەکەی پەرلەمانی عێراقی لەبارەی داگرتنی ئاڵای کوردستان رەتکردەوە.
- بەهۆی تەقینەوەی بۆمبێکی چێنراوەوە لە پارێزگای شرناخ ئەمڕۆ سێ سەربازی تورکیا کوژرا و پێنجی دیکەش برینداربوون.
- بزوتنەوەی گۆران راگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و رایگەیاند، بۆ ریفراندۆم پێویست بە کۆبونەوەی حیزبی ناکات و پێویستە پەرلەمانی کوردستان رێوشوێنەکان بگرێتەبەر بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و کەرکوک و ناوچە کوردستانییە داپڕێنراوەکانی تر.
- هاوسەرۆکی گشتی پارتی دیموکراتی گەلان هەدەپە، داوا لەهەموو خەڵکی تورکیا دەکات، بچنە سەر سندوقی دەنگدان و بە نەخێر، دەنگ بۆ ڕیفراندۆمی سیستەمی سەرۆکایەتی و گۆرانکاری دەستوریی بدەن.
- رەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆک کۆماری تورکیا ڕایگەیاند، هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە کەرکوک هەڵەیە و وتی داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردی عێراق دەکەم لە و هەڵەیە بگەڕێنەوە.[3]
- بزووتنەوەی گۆڕان، کۆبوونەوەی لەگەڵ هەردوو پارتی و یەکێتیدا رەتکردەوە.
- سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران شەشەم کۆنگرەی خۆی (کۆنگرەی شەهیدان) لە شاری هەولێر گرێ دا.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK
پارت / لایەن: ☪ بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان
پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
شار و شارۆچکەکان: ○ روحا
شار و شارۆچکەکان: ○ سەیدسادق (شارەزوور)
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: ○ شرناخ
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-04-04
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 2017-04-04
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-04-04

کاتی تۆمارکردن: 2017-04-04 8:38:03 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 94

**2017-04-05**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170405084131951 17




- بەپریاری دادگای مێرسین گۆرانی هەدەپە بلێن نەخێر بۆ سیستەمی سەرۆکایەتی لە سەرتاسەری تورکیاو باکوری کوردستان قەدەغەکرا.
- فرۆکە جەنگییەکانی تورکیا قەندیل-یان بۆردوومان کردو گۆرستانێکی شەهیدانی گەریلایان کردە ئامانج.
- بە ئامادەبوونی ژمارەیەک کونسوڵ و نوێنەرانی وڵاتان، لەژێر چاودێر سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە شاری هەولێر، دوانزەهەمین پێشانگەی نێودەوڵەتیی کتێب کرایەوە.[1]
- لە شارۆچکەی خورماتوو، کرێکارێک لە کاتی ڕۆیشتنی بۆ سەر کارەکەی لەلایەن کەسانی نەناسراوەوە دەستڕێژی گوللەی لێکرا و کوژرا.[2]
- سالم شەبەکی پەرلەمانتاری عێراق نووسراوێکی ئاراستەی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا کردووە بۆ گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بە مەبەستی ئەنجامدانی راپرسی بۆ راگەیاندنی چارەنووسی ناوچەکانی سنووری مادەی 140 لە نەینەوا.[3]
- سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا جەختدەکاتەوە، کە ئاڵای کوردستان لە ناوچە کوردستانییەکانی پارێزگای نەینەوا لەتەنیشت ئاڵای عێراق بەرزکراوەتەوە.
- ئەمڕۆ پێشمەرگە دێرینە دانەپراوەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەبەردەم بارەگای مەکتەبی سیاسی حزبەکەیان لە سلێمانی

گردبوونەوە.[4]
- سەرۆکایەتی داواکاری گشتی ناوچەی خلفات-ی پارێزگای ئۆرفای باکوری کوردستان بەتۆمەتی یادکردنەوەی ڕۆژی لەدایکبوونی عەبدوڵڵا ئۆجەلان سەرۆکی پەکەکە لێپرسینەوەی لە خوشک و برایەکی ئۆجەلان دەستپێکردووە و بانگهێشت کراون بۆ وتە لێوەرگرتن.
- عەدنان موفتی ئەندامی شاندی هەرێم لەبەغدا رایگەیاند، کە بە بەرپرسانی عێراق-یان راگەیاندووە، ئاڵای کوردستان لەکەرکوک داناگیرێت، چونکە ئەوە بڕیاری ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکە.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏟 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - HDP |
| 🏟 پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ♖ هەولێر |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ خورماتوو |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ موسڵ و دەشتی نەینەوا |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ سلێمانی |
| Quick Respons Code: | |


سەرچاوەکان
[1] ●دیارینەکراو | 🗺 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] 📡ماڵپەڕ | 🗺 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 2017-04-05
[3] 📡ماڵپەڕ | 🗺 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی باسنیوز - 2017-04-05
[4] 📡ماڵپەڕ | 🗺 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-04-05
[5] 📡ماڵپەڕ | 🗺 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-04-05


کاتی تۆمارکردن: 2017-04-05 8:41:31 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 95

**2017-04-06**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170406084722267754




- نوسینگەی حەیدەر عەبادی ئەمڕۆ بڵاویکردەوە، لەکۆبوونەوەیان لەگەڵ شاندەکەی پارتی و یەکێتی ڕێککەوتوون لەسەر ئەوەی بەربەستەکانی کارانەبوونی ماددەی 140 لاببرێت.
- نەجمەدین کەریم پارێزگاری کەرکوک لەمیانی بەشداریکردن لەکردنەوەی چوارەمین پێشانگای نێودەوڵەتی لەشارەکە ئەمڕۆ، لەلێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا لەبارەی هەوڵەکانی بەرپرسێکی تورکمان بۆ کۆکردنەوەی ئیمزا بەمەبەستی دورخستنەوە وتی ئێمە ژیاننامەی نیازی مەعمار ئۆغڵۆ دەزانین و بەڵگەکانیشمان لەلایە کە پێشوتر لەسەر دزیکردن کاتێک فەرمانبەری بانک بووە سزا دراوە.[1]
- لە زیندانی شرناخ مانگرتن لە خواردنی زیندانیان لە ڕۆژی 22یەمدایە و بەرپرسانی زیندان-یش مافی وتەدان بە زمانی کوردیان قەدەغەکرد.
- ئەمڕۆ لە شارۆچکەی توخا-ی سەربە شاری بەدلیس، نەشمییە گولەر و زەینەب تورگوت، ڕۆژنامەنووسانی ڕۆژنامەی سوژن لەکاتی ڕوماڵکردنی هەواڵدا دەستگیرکران.
- میدیاکانی تورکیا بڵاویانکردووەتەوە، کە پاش ڕیفراندۆمی 16ی نیسان، سوپای تورک دژی شەنگال و بۆ داگیرکردنی ئەو دەڤەرە ئۆپەراسیۆنێک بەناوی قەڵغانی دیجلە دەستپێدەکات.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ شرناخ

🏙 شار و شارۆچکەکان: 🌢 کەرکوک

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ بەدلیس

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان

[1] 📡ماڵپەڕ | 🗋 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-04-06

[2] 📡ماڵپەڕ | 🗋 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-04-06

کاتی تۆمارکردن: 2017-04-06 8:47:22 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 96

## 2017-04-07

https://www.kurdipedia.org/?q=20170407085315100108

- لەشاری کەرکوک کەمپینێک لەژێر ناوی هەناسەبدە بۆ ناشتنی 100 هەزار نەمام ڕاگەیەندرا.
- ئەمریکا هێرشێکی 59 موشەکیی بۆسەر بنکەی سەربازیی شعێراتی سووریا کرد.[1]
- لە شارۆچکەی مەلازگردی سەربە شاری مووشی باکوری کوردستان قەدەغەی هاتوچۆ ڕاگەیەندرا.
- ئایشە ئاجار باشاران، پەرلەمانتاری ئێلیحی پارتی دیموکراتی گەلان- هەدەپە، دەستگیرکرا.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP
🏙 شار و شارۆچکەکان: 💧 کەرکوک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ موش
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] ●دیارینەکراو | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-04-07
کاتی تۆمارکردن: 2017-04-07 8:53:15 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 97

## 2017-04-08

https://www.kurdipedia.org/?q=20110918150201617801



- مانگرتنی زیندانیانی سیاسی کورد لە باکوری کوردستان پەرە دەسێنێت و ژمارەیان گەیشتۆتە 167 زیندانی ئەوەش وەک ناڕەزاییەک لەبەرامبەر ڕێگریی لە سەردانکردنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان رابەری بەندکراوی پەکەکە لە گرتووخانەی دوورگەی ئیمرالی ئەو وڵاتە.
- ئەمڕۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی هەڵەبجە بەهەماهەنگی لەگەڵ چەند ڕێکخراوێکی بواری منداڵاندا، لە یاریگای گشتی شاهۆی حەمەفەرەج کەرنەڤاڵی هەڵدانی کۆلارەی بۆ منداڵانی هەڵەبجە سازکرد، کە لە کەرنەڤاڵەکەدا کەسوکاری منداڵان ئامادە بوون و چەند چالاکییەک بەڕێوەچوون.[1]
- شەوی ڕابردوو 20 چەتەی داعش هەوڵیاندا بە شێوەیەکی نهێنی هێرش بکەنە سەر هەرێمی شەداد لە باکوری سوریا و سەنگەرەکانی هێزەکانی سوریای دیموکراتی، بەڵام شەڕڤانان وەڵامی ئەو هێرشەیان دایەوە و پاشان شەڕ ڕوویدا. لە ئەنجامدا هێرشەکە تێکشکێندرا، نۆ چەتەی داعش کوژران و لاشەی هەر نۆ جەتەکە کەوتە دەستی شەڕڤانان، چەتەکانی دیکەش برینداربوون و بەبرینداری لە مەیدانی شەڕەکە هەڵهاتن.
- بەرپرسی نوسینگەی دهۆکی رزگارکردنی رفێنراوانی کوردی ئێزدی لەدەستی داعش رایگەیاند، لەدەوربەری کاتژمێر 10:30ی ئەمشە و نۆ کەسی دیکە لەکوردانی ئێزدی لەدەستی چەکدارانی داعش رزگارکران.[2]
- لە هۆڵی تەلاری هونەری سلێمانی بۆ 16یەمینساڵ، ڕێورەسمی بەخشینی خەڵاتی زێرینی بلە بەئامادەبوونی ڕێژەیەکی بەرچاو لەکەسایەتی سیاسی و ناسراو بەڕێوەچوو.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏛 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ هەڵەبجە
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] 📡ماڵپەڕ | 🖇 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-04-08
[2] 📡ماڵپەڕ | 🖇 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-04-08
[3] ●دیارینەکراو | 🖇 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2011-09-18 3:02:01 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 98
**2017-04-09**
https://www.kurdipedia.org/?q=20170409100349100173




- ئاگر لە ماجدی مۆڵی سلێمانی کەوتەوە و بەهۆیەوە مۆڵەکە بۆ ماوەیەک داخرا.[1]
- زیاتر لە شەست هاووڵاتی کوردی کۆبانی کوردی دانیشتووی باشووری کوردستان لەگەڵ سیاسەتمەدارانی بزۆتنەوەی کۆمەڵەی دیموکراتیکی کوردەکانی ڕۆژئاوا و ئەندامانی ئەنجومەنی ڕۆژئاوا، بەهۆی خراپیی دۆخی زندانیانی کوردی باکوور لەتورکیا، مانگرتنیان راگەیاندووە.[2]
- لە ئەنجامی شەڕێکی دژوار لەنێوان شەڕڤانانی قەسەدە و چەتەکانی داعش لە ڕۆژهەڵاتی تەبقا، بە دەیان چەتە کوژران و چەتەکان لاشەی 12 کوژراویان لەدوای خۆیان بەجێهێشت.
- سەبارەت بە ڕێگریکردنی چوونی ستافی ڕۆژنیوز بۆ شاری هەولێر لەلایەن ئاسایشی پارییەوە، سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و سەنتەری میترۆ، ئیدانەی ڕیگرییەکان دەکەن و ئاماژە بەوەدەکەن کە ئەمکارانە هۆکاری نەبوونی ئازادی ڕادەرپرینن.
- سەرۆکی پارتی گەلی تورکمانی لە شاری کەرکوک، دەڵێت، کە قسەکانی بەرەی تورکمان لەسەر هەڵکردنی ئاڵا گوزارشت لە گەلی تورکمان ناکات و ئاشکراشیدەکات:تورکیا مووچەی هەزار و500 پاسەوانی بەرەی تورکمان لە ئەنقەرەوە ڕەوانیە کەرکوک دەکات.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏛 پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ کۆبانی

:Quick Respons Code

▯سەرچاوەکان
[1] ●دیارینەکراو | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-04-09
[3] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-04-09


کاتی تۆمارکردن: 2017-04-09 10:03:49 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 99

## 2017-04-10

https://www.kurdipedia.org/?q=20170410092732100174



| پارێزگا | 2014 | 2016 | |
|---|---|---|---|
| هەولێر | 3.122 | 96.211 | ملیار |
| دهۆک | 2.593 | 70.452 | ملیار |
| سلێمانی | 3.012 | 56.296 | ملیار |
| کۆی گشتی هەرێم | 8.727 | 222.959 | ملیار |

- بەشێک لە پارەی گەنمی جوتیاران ئەمڕۆ لەبەغداوە ڕەوانەی هەرێمی کوردستان کرا و دەست بە دابەشکردنی دەکرێت.
- وەزارەتی سامانەسروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، بەهۆی کاری نۆژەنکردنەوەی پلان بۆدانراوەوە، هەناردەکردنی نەوتی خاو بۆ بەندەری جەیهان بەشێوەیەکی کاتی ڕاگیراوە.[1]
- بەهۆی تەقینەوەی مۆلیدەیەکەوە ئاگر لە بازاڕێکی دهۆک کەوتەوە و دوو کەس گیانیان لەدەستدا.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ دهۆک

:Quick Respons Code

▯سەرچاوەکان
[1] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-04-10
[2] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی باسنیوز - 2017-04-10


کاتی تۆمارکردن: 2017-04-10 9:27:32 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 100

## 2017-04-11

https://www.kurdipedia.org/?q=20170411084417811173



- وەزیری بەرگری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ڕایگەیاند، ئە و هێرشەی بنکەیەکی ئاسمانی سوپای سوریای کردە ئامانج، سەدا20ی فڕۆکەجەنگییەکانی ئە و وڵاتەی تێکشکاندووە.
- نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە فەڕەنسا ڕایگەیاند، ڕەنگە چەند کوردێک لەناو بریندارانی ئاگرەکەی کامپی گراند-ساینسێ لە نزیک شار دەنکیرک لە باکوری فەڕەنسا بوونیان هەبێت.[1]
- لیژنەی باڵای بە جیۆناسید ناساندنی کەیسی ئێزدییەکان دەڵێت، دادگای تاوانی نێودەوڵەتی وەڵامیان داوینەتەوە کە ناتوانن کار لەسەر کەیسی ئێزدییەکان بکەن، بۆیە بە پێوەری نێودەوڵەتی لەناوخۆی کوردستان دادگایەک دادەمەزرێنن.
- وتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەو نەهێشتنی توندوتیژی دژی ئافرەتان لە سۆران رایدەگەیەنێت کە کاتژمێر 1:00ی شەوی رابردوو کچێکی دەستگیراندار بەهۆی خۆسوتاندنەوە گیانی لەدەستداو پەڕاوی لێکۆڵینەوەش بۆ ڕووداوەکە کراوەتەوە. [2]
- لە ناوەندی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس و ناوەندی دژەتیرۆری پۆلیس لە شارۆچکەی ڕەزان-ی سەر بەشاری ئامەدی باکوری کوردستان تەقینەوەیەک ڕوویدا و کوژراوێک و ژمارەیەکی زۆر برینداری لێکەوتەوە.
- بۆ ڕێگرییکردن لە ڕووخاندنی تەوارییە کۆنەکەی شاری سلێمانی و بە مەبەستی هێشتنەوە وەکو مۆزەخانەیەکی نیشتیمانی، گردبونەوەیەک ئەنجامدرا.
- ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک، دەنگۆی داگرتنی ئاڵای هەرێمی کوردستان لەسەر دامودەزگاکانی شاری کەرکوک ڕەتدەکاتەوە و سەرجاوەیەک-یش دەڵێت:ژمارەیەک فەرمانگە هەر لە سەرەتاوە ئاڵایان هەڵنەکردووە.
- مانگرتن لە خواردنی زیندانیانی سیاسی باکوری کوردستان پێینایە 57ەمین ڕۆژییەوە، لە چوارچێوەی ئەو چالاکییە بە کۆمەڵەدا 187 زیندانی سیاسی کورد لە 20 زیندانی باکوری کوردستان و تورکیا مانیان لە خواردنی ماوەنادیار گرتووە.[3]
- داواکاری گشتیی کۆماری تورکیا لە شاری ئامەد لە باکووری کوردستان بڕیاری دەستگیرکردنی دیرایەت تاشدەمیر، پەرلەمانتاری شاری ئاگری پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە)ی دەرکرد.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏟 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ سۆران

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◉ ئامەد

🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ سلێمانی

🏙 شار و شارۆچکەکان: ⛰ ئاگری

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 11-04-2017
[2] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 11-04-2017
[3] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 11-04-2017

کاتی تۆمارکردن: 11-04-2017 8:44:17 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 101

## 2017-04-12

https://www.kurdipedia.org/?q=20170412084816100176



- شەرڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات لە پێشڕەوەوەییەکانیان شەوی ڕابردوو، گەیشتوونەتە سەر ڕێگای سەرەکی نێوان رەقە-دیمەشق لەبەرەی ڕۆژئاوای تەبقە.
- دادگای ئەستەنبوڵ بەتۆمەتی بانگەشەکردن بۆ پەکەکە و کەجەکە بڕیاری یەک ساڵ زیندانی بۆ فیگەن یوکسەکداغ هاوسەرۆکی زیندانکیراوی هەدەپە دەرکرد.
- وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستپێکردنەوەی هەناردەی نەوتی لە کێڵگەکانی هەرێم و کەرکوکەوە ڕاگەیاند، دوای وەستانی بەهۆی نۆژەنکردنەوەی بۆریی هەناردەکردنەوە.
- ئارام شێخ محەمەد جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق رایگەیاند، بڕیاری قەدەغەکردنی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لەکەرکوک لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە، یان دەبێت بەدەنگدانێکی دیکە هەڵبوەشێنرێتەوە یان تانەیەک پێشکەش بە دادگای فیدراڵی بکرێت بۆ هەڵوەشاندنەوەی.
-هێزەکانی پاراستنی گەل (هەپەگە) باڵی سەربازی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) بەرپرسیارێتی ئەنجامدانی تەقینەوەکەی دوێنێی ئامەدی گرتە ئەستۆ کە بارەگای بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی کردە ئامانج.[1]
- 11 ژن و منداڵی ئێزدی گەیشتنە ناو کەسوکارەکانی خۆیان لە شەنگال، کە لەلایەن شەرڤانانی هێزەکانی سۆریای دیموکرات لەشاری رەققە لە دەستی چەکدارانی داعش رزگارکراون.
- بە پێی هەواڵی هەواڵدەری عەسری ئێران، لە شاری دێلۆرانی سەر بە پارێزگای ئیلامی خۆرهەڵاتی کوردستان، سێ هاووڵاتی کورد، بە بیانوو و تۆمەتی ئاژاوەگێری، لەلایەن دەزگا نیزامیەکانی ئێرانەوە و بەشێوەیەکی دوور لە رەفتاری مرۆڤانە (مەسینە)یان لە مل کردوون و بەناو شاری دێلۆران-دا گەڕاندوویانن.
- بەبۆنەی 29مین ساڵیادی کارەساتی ئەنفال، هەڵمەتێک بۆ هەڵکردنی ئاڵای رەش لەشەقام و گەڕەکەکانی قەزای خورماتوو دەستپێکرد، ئیدارەی شارەکەش سبەی پێنجشەممەی کردە پشوی فەرمی.[2]
- شەش زیندانی سیاسی کورد لە زیندانەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران بەمەبەستی هاوپشتیی زیندانیانی مانگرتوو لە باکوری کوردستان مانگرتن لە خواردنێکی سێ ڕۆژەیان ڕاگەیاند.
- ئەمڕۆ هێزەکانی پۆلیسی تورک هەڵیانکوتایە سەر ماڵی هاوڵاتیان لە شارەکانی ئامەد، سێرت، هاتای، ئەستەنبۆل و ئانتالیا و 115 هاوڵاتیان

دەستگیرکرد.[3]
- دوو چەکدار لە شاری هەولێر هێرشدەکەنە سەر فەرهاد پیرباڵ و برینداری دەکەن.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏟 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP
🏟 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ خورماتوو
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ ئیلام
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◉ ئامەد
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ شنگال
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-04-12
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-04-12
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-04-12
[4] ●دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2017-04-12 8:48:16 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 102
## 2017-04-13
https://www.kurdipedia.org/?q=20170413084948100201



- والی ئامەد لە 14 گوندی سێ ناوچەی لیجە و هازرۆ و کوجاکوی سەر بە پارێزگای ئامەد قەدەغەی هاتوچۆی ڕاگەیاند، بە ئامانجی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی.
- وەزارەتی بەرگری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ڕایگەیاند، ئەمڕۆ پێنجشەممە بەهۆی هێرشێکی ئاسمانی هەڵەی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لەناوچەی تەبقە-ی سوریا، 18 شەڕڤانی هێزەکانی سوریای دیموکرات گیانیان لەدەستدا.
- فەرماندەیی ژوری ئۆپەراسیۆنی تورەیی فورات قۆناغی چوارەمی ئۆپەراسیۆنەکەیان ڕاگەیاند، بۆ گەمارۆدان و داپرینی شاری ڕەققە و ڕزگارکردنی ناوچەکانی دەوروبەری ئە و شارە.[1]
- فەرماندەیەکی حەشدی شەعبی ڕایدەگەیەنێت، لەلایەن حەیدەر عەبادییەوە فەرمانیان پێکراوە لەئامادەباشیدابن بۆ هێرشکردنەسەر داعش لەقەزای حەویجە و دەشڵێت، پێشمەرگە بەشداردەبێت.[2]

- لە شاری هەولێر بە بۆنەی 29 هەمینساڵیادی تاوانی ئەنفالەوە، گردبونەوەیەکی نارەزایەتی لەلایەن ژمارەیەک لە چالاکوانانی کۆمەڵی مەدەنی و کەسوکاری ئەنفالکراوەکانەوە بەڕێوەچوو و تێدا داواکرا بە تاوانبارانی داڵدەدراو بدرێنە دادگا.
- دوو زیندانی سیاسی کورد و زیندانییەکی چەپی ئێرانی لە زیندانی ڕەجایی-شاری کەرەجی ئێران بە مەبەستی پشتگیری مانگرتن لە خواردنی زیندانیانی سیاسی کورد لە زیندانەکانی باکوری کوردستان و تورکیا مانگرتن-یان لە خواردن ڕاگەیاندووە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◉ ئامەد

🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 13-04-2017

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 13-04-2017

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 13-04-2017

کاتی تۆمارکردن: 2017-04-13 8:49:48 AM


ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 103

## 2017-04-14

https://www.kurdipedia.org/?q=20170414093426100233




- کەسوکاری ئەنفالکراوان داوادەکەن چەند دادگایەکی لێکۆڵینەوە لەشارو شارۆچکەکان بکرێتەوە بۆ وەرگرتنی سکاڵای کەسوکاری ئەنفالکراوان و جێبەجێکردنی بڕیاری دادگای تاوانەکانی عێراق بۆ دەستگیرکردنی تۆمەتبارانی کەیسی ئەنفال.

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] 📡ماڵپەڕ | 🖧 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-04-14

کاتی تۆمارکردن: 2017-04-14 9:34:26 AM


ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 104

**2017-04-15**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170415100036100084



- بەڕێوەبەری ناحیەی سیدەکان رایدەگەیەنێت کە لە دوێنێ هەینییەوە پازدە هاوڵاتی لە سنوری سیدەکان گیریان خواردووە، ئاماژە بەوەش دەکات بەهۆی ئەو باران بارینە زۆرەی ناوچەکەی گرتۆتەوە ڕێگای 143گوندی سیدەکان بە ڕووی سەنتەری ناحیەکە گیراون.[1]
- دیداری هەر سێ لایەنی کۆمەڵ و یەکگرتوو و بزوتنەوەی ئیسلامی، لەسلێمانی دەستپێکرد.
- شەڕڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکراتی لە بەرەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای شاری تەبقاوە چوونەتە ناو گەڕەکەکانی ئەو شارەوە، لە شەڕی ناو ئەو گەڕەکانەدا لانی کەم 10 چەتەی داعش کوژراون.[2]
- هێزەکانی پاراستنی گەل هەپەگە ڕایگەیاند، چالاکی تەقینەوەکەی بنکەی پۆلیسی ئامەدی باکوری کوردستان لە ڕێگای تونێلێکی 90مەتری و زیاتر لە دوو تەن تەقەمەنی ئەنجامدراوە و 83 پۆلیس کوژراون.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| 🏛 پارت / لایەن: | ☪ بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان |
| 🏛 پارت / لایەن: | ☪ کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان |
| 🏛 پارت / لایەن: | ☪ یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

🗄 سەرچاوەکان

[1] 📡ماڵپەڕ | 🖧 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-04-15

[2] 📡ماڵپەڕ | 🖧 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-04-15

[3] ●دیارینەکراو | 🖧 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2017-04-15 10:00:36 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 105

**2017-04-16**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170416135455100244



- لە ناوچە سنورییەکانی قەزای پشدەر هێزەکانی سوپای پاسداران بە دەستڕێژی گوللە پێنج کۆڵبەری کورد بریندارەدەکەن و بەرپرسێکیش دەڵێت، برینداران ڕەوانەی نەخۆشخانە کراون.[1]
- عوسمان بایدەمیر، وتەبێژی هەدەپە رایگەیاند، هیوادەخوازن ریفراندۆمی گۆڕینی دەستوور لەتورکیا ببێتە هۆکار بۆ کردنەوەی دەرگای نوێ و ئیرادەی گەل هەرچییەک بێت با ئە و سەربکەوێت.
- باشاک دەمیرتاش هاوسەری سەڵاحەدین دەمیرتاش هاوسەرۆکی گشتی پارتی دیموکراتی گەلان کە لە بەندیخانەی ئەدرنە زیندانیکراوە، بۆ یەکەمجار بەتەنیا دەنگیدا، لە پرۆسەی ریفراندۆمی دەستوریدا کە ئەمڕۆ لە تورکیا دەستپێکرد.[2]
- لە شاری سلێمانی بە بۆنەی ڕۆژی ژینگەی کوردستانەوە، چەندین چالاکی جۆربەجۆر لەلایەن ژینگە پارێزان، ڕێکخراوە ژینگەییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بەڕێوەچوون.
- لەژێر دروشمی بەگەڕ خستنی تواناکان لە پێناو پاراستنی ژینگەدا، زنجیرەیەک سمینار لە زانکۆی سلێمانی بەڕێوە دەچێت، کە بڕیار وایە تێیدا کۆمەڵێک بابەتی زانستی لەسەر ژینگەی هەرێمی کوردستان پێشکەش بکرێت.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏘 شار و شارۆچکەکان: ○ رانیە (پشدەر)

🏘 شار و شارۆچکەکان: ○ سلێمانی

:Quick Respons Code


سەرچاوەکان

[1] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-04-16

[2] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-04-16

[3] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-04-16


کاتی تۆمارکردن: 2017-04-16 1:54:55 PM


ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 106

## 2017-04-17

https://www.kurdipedia.org/?q=20170417075539100253



- پاش ئەوەی کە حکومەتی تورکیا ئەنجامە نافەرمییەکانی ریفراندۆمی تورکیای بۆ گۆڕینی دەستوور بڵاوکردەوە، ژمارەیەک لە وڵاتانی جیهان پیرۆزباییان بۆ ئاکەپە ناردووە، بەڵام هیچ یەکێک لە وڵاتانی ئەوروپی و ئەمریکا پیرۆزباییان لە ئاکەپە نەکرد.
- وەزارەتی ناوخۆی ئێران ڕێگای بە کچە کوردێک نەدا کە بە جلی کوردییەوە بچێتە ناو وەزارەتەکەوە بۆ ئەوەی ناوی خۆی بۆ سەرۆککۆماری ئێران تۆماربکات، ئەمە لە کاتێکدایە، کە زیاتر لە 1500 کەس ناوی خۆیان بۆ هەڵبژاردنەکە تۆمارکردووە.[1]
- سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لایەنەکانی ئاگادارکردووەتەوە کە نوێنەری خۆیان دیاری بکەن، بۆ ئەنجامدانی کۆبونەوەیەکی باڵا بەمەبەستی پێکهێنانی لیژنەی باڵای ریفراندۆم.[2]

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] 📡ماڵپەڕ | 🖹 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-04-17
[2] 📡ماڵپەڕ | 🖹 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-04-17

کاتی تۆمارکردن: 2017-04-17 7:55:39 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 107
**2017-04-18**
https://www.kurdipedia.org/?q=2017041809412696035



- لەچوارچێوەی پابەندبوونی کەنەدا بە شەڕی دژ بە داعش، نزیکەی 60 سەربازی سەر بە هێزی ئاسمانی کەنەدا دوێنێ بەرەو بنکەیەکی سەربازی نزیک هەولێر بە ڕێکەوتن.
- وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بڕیاری دیاریکردنی وتاری هەینی خستە بواری جێبەجێکرنەوە و سێ پرسی بۆ وتاربێژان دیاریکرد تا هەینی داهاتوو وتارەکانیان تەرخان بکەن پێیەوە.[1]
- لەسنوری ناحیەی تەکێی جەباری 5 تەرمی نەناسراو دەدۆزرێتەوە، ئاسایشی کەرکوک دەڵێت جلوبەرگی پۆلیسی کەرکوکیان لەبەردایە.
- شۆفێرانی مەرزی نێودەوڵەتی باشماخ لەبەردەم مەکتەبی سیاسی یەکێتی لە سلێمانی خۆپیشاندانێکیان ئەنجامدا و داوایانکرد ئەو قۆرخکارییەی لەمەرزەکەدا هەیە نەهێڵدرێت.
- هێزە ئەمنییەکانی کەرکوک چوار کەس لە کەمپی نیشتەجێبونی ئاوارەکانی نزیک کەرکوک دەستگیردەکەن، پۆلیسیش دەڵێتدەسگیرکراوەکان رابردوودا چەکداری داعش بوون.[2]
- ڕێکخراوی ئاسایش و هاوکاری ئەوروپا (OSCE) سەبارەت بە ریفراندۆمی تورکیا، ڕایگەیاندووە کە لە سەر دوو ملیۆن و نیو دەنگ گومانیان هەیە.
- هێرشی چەتەکانی داعش بۆسەر گەڕەکەکانی شاری تەبقا و گوندەکانی

باشور و باکوری ڕۆژئاوای تەبقا تێکشکێندرا و لە ئەنجامی بەرخۆدانی شەڕڤاناندا 47 چەتەی داعش کوژران.
- نیعمەتوڵڵا باشار لە شارۆچکەی باخچەلی ئەڤلەری سەربە شاری ئەسکیشەهیری تورکیا، ئەمڕۆ کاتێک سەرقاڵی ڕووماڵکردنی هەواڵ بوو لەلایەن هێزەکانی پۆلیسی تورکەوە دەستگیرکرا.[3]
- هەلیکپۆتەرێکی پۆلیسی تورکیا بە 14 سەرنشینەوە لە پارێزگای دێرسیمی باکوری کوردستان تێکشکاو کەوتە خوارەوە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏰 پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: 💧 کەرکوک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ دێرسیم
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 18-04-2017
[2] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 18-04-2017
[3] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 18-04-2017
[4] ●دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 18-04-2017 9:41:26 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 108
**19-04-2017**
https://www.kurdipedia.org/?q=20170419085312100273



- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیسی هەولێر، دەستگیرکردنی هەشت کەسی بە تۆمەتی شەڕ و تەقەکردن لە ناوشارەکە راگەیاند.[1]
- ئاژانسی فورات نیوز بڵاویکردەوە، ئەمڕۆ سوپای تورکیا لە گوندەکانی (تانیەری، گزرە، گوڤەنلی و یەشیلۆزێن ناوچەی کەربۆران و یووموورتال، مارەنکا و دۆلووجایێن ناوچەی میدیات) قەدەغەکردنی هاتوچۆی راگەیاند.
- ئاژانسی هاریکاری بەرگری و ئاسایشی سەر بە وەزارەتی بەرگری ئەمریکا پنتاگۆن ئاشکرایکرد کە وەزارەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە رازامەندی داوە بۆ فرۆشتنی کەلوپەلی سەربازیی بە بڕی 295 ملیۆن و 600 هەزار دۆلار بەهێزەکانی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان.
- لە سنوری ناحیەی خازر کارمەندێکی دەزگای کاروباری مین بەناوی ئەحمەد مەحمود عەبدولرەحمان لەکاتی پرۆسەی پاکسازیی مین، بۆمبێکی چێندراوی پێدا تەقیەوە و دەستبەجێ گیانی لەدەستدا.

- نوسینگەی مەسعود بارزانی بە بۆنەی سەرکەوتنی ریفراندۆم بۆ هەموارکردنەوەی دەستوری تورکیا پەیامێکی پیرۆزبایی لەهەریەکە لەئەردۆغان و یڵدرم دەکات.
- پارتی دیموکراتی کوردستان هەوڵدەدات لە مانگی ئەیلولی ئەمساڵ ریفراندۆم بکرێت، لایەنەکانیش داوادەکەن لەمپەڕەکانی بەردەم ریفراندۆم چارەسەربکرێن، کۆمسیۆنیش دەڵێت پێویستمان بە شەش مانگە بۆ ریفراندۆم.[2]
- ئەو 300 زیندانییە کوردەی، کە ماوەی 63 ڕۆژ لەناو زیندانەکانی باکوری کوردستان و تورکیا مانیان لە خواردن گرتبوو، ئەمڕۆ لە رۆژی 64 هەمدا کۆتاییان بە مانگرتنەکەیان هێنا.
- پارێزگاری کەرکوک رایدەگەیێنێت: ناکرێت چاوەڕوانی ڕزگارکردنی موسڵ بین، چونکە دۆخی حەویجە لە قۆناغێکی مەترسیداردایە، ڕۆژانە هاوڵاتی دەکوژرێت، بۆیە داوای ئازادکردنەوەی شارۆچکەی حەویجە دەکەین بەپەلە.
- ئێوارەی ئەمڕۆ لە هۆڵی عیزەدین مستەفا، لە ئوتێل شاری جوانی شاری سلێمانی، چلەی ماتەمینی حەمەی مەلا کەریم بەڕێوەچوو، سەرەتای مەراسیمی ماتەمینییەکە بە وەستان بۆ گیانی شەهیدانی ڕێگەی ڕزگاری کوردستان دەستی پێکرد، دواتر لەلایەن هاورێیان و دۆستانی کۆچکردووەوە مۆم داگیرسێنرا.
- هەندێک لە پەرلەمانتارانی هەرێمی کوردستان، کەمپەینێکیان بۆ ئازادکردنی پەرلەمانتارانی هەدەپە لە زیندانەکانی تورکیا ئەنجامدا و ڕایانگەیاند: پێویستە پەرلەمانتاران ئازاد بکرێن بۆ ئەوەی ئاشتی و دیموکراتی لە تورکیادا سەقامگیر بێت.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

شار و شارۆچکەکان: کەرکوک

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-04-19

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-04-19

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 2017-04-19

کاتی تۆمارکردن: 2017-04-19 8:53:12 AM

ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 109

**2017-04-20**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170420085312100291



- بۆرجو چەلیک، ئەندامی پەرلەمانی تورکیا لە فراکسیۆنی هەدەپە و نوێنەری شاری موش، لەسەر وتارێک کە لە 10ی حوزەیرانی ساڵی رابردوو پێشکەشیکردبوو دەستگیرکرا.
- سەر لە بەیانی ئەمڕۆ هێزەکانی پۆلیسی تورک لە شاری ڕوحا ئیبراهیم ئویگور، بەڕێوەبەری ئاژانسی ئورفادابوگون-یان دەستگیرکرد و هەر ئەمڕۆ هەڵیانکوتایە سەر ماڵی عەبدورەحمان گۆک، سەرنووسەی ئاژانسی دیهابەر. ئیبراهیم ئەیگور، بەرێوبەری ئاژانسی ئورفادابوگون بەتۆمەتی پروپاگەندەی ڕێکخستنی قەدەغە دەستگیرکراوە.
- کەیوان کەریمی، دەرهێنەری زیندانیکراوی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە مەرجی چاودێریکردن لە زیندان ئازادبوو.[1]
- شەوی رابردوو هونەرمەندی ناسراوی کورد (عەلی نوری) کۆچی دوایی کرد.[2]
- مەسعو دبارزانی، رایگەیاند، بریاری ریفراندۆم دراوە و ئامانجیش لەوە ئەوەیە ئیرادەی گەلی کورد پیشانی جیهان بدەن کە چییان دەوێت.
- سیگمار گابریڵ، وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا رایگەیاند، پرسی ریفراندۆم بابەتی نێوان هەرێمی کوردسان و عێراقە و ئەوان قسەی لەسەر ناکەن.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP

شار و شارۆچکەکان: ○ روحا

شار و شارۆچکەکان: ○ موش

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 20-04-2017
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 20-04-2017
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 20-04-2017

کاتی تۆمارکردن: 20-04-2017 8:53:12 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 110

**2017-04-21**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170421085741100351



فەرماندەی پۆلیسی فیدراڵی عیراق رایگەیاند هێزەکانیان لەگەڕەکێکی خۆرئاوای موسڵ، کچێکی کوردی ئێزیدیان بەناوی فەرەح دەخیل لە چنگی چەکدارانی داعش رزگارکردووە.[1]
- تۆپخانەکانی تورکیا دەڤەری بەرواری باڵا و دەڤەری نهێلی سەر بە شارۆچکەی ئامێدی تۆپباران دەکەن و لە ئەنجامدا ژنێک لە شیلادزێ بریندار دەبێت.
- زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی لەژێر ناوی (میدیای قەیران و قەیرانی میدیا)، دیداری سلێمانی نێودەوڵەتی بۆ میدیا لە هۆڵی د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ لە هۆتێل گراند ملنیۆم ئەنجامدا.[2]
- نورسەل ئایدۆغان، پەرلەمانتاری هەدەپەی شاری ئامەدی باکوری کوردستان ئەمرۆ ئازادکرا دوای زیاتر لە پێنج مانگ راگرتنی لە زیندان.
- بەگوێرەی میدیا تورکەکان، ئەمڕۆ سوپای تورک لە شارۆچکەی قلەبانی سەربە شاری شرناخی باکوری کوردستان ئۆپەراسیۆنێکی بەرفراوانیان دژی هێزەکانی گەریلا دەستپێکردووە و پاشان هێزەکانی هەپەگە وەڵامی ئەو هێرشەیان داوەتەوە و لە ئەنجامدا دوو سەربازی تورک کوژراون و دووانی دیکەش برینداربوون.[3]
- لە یەکێک لە بەشە ناوخۆییەکانی زانکۆی سلێمانی ئاگرێک کەوتەوە و بەهۆیەوە چەند خوێندکارێک برینداربوون و یەکێک لە بەشە ناوخۆیەکانی زانکۆی سلێمانی، کارمەندێکی بەرگری شاراستانی سلێمانی بەناوی کاردۆ جەبار عەبدوڵڵا گیانی لەدەستدا.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK

شار و شارۆچکەکان: ○ شڕناخ

شار و شارۆچکەکان: ○ موسڵ و دەشتی نەینەوا

شار و شارۆچکەکان: ○ سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: ○ ئامێدی

Quick Respons Code:


سەرچاوەکان

[1] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری خەندان - 2017-04-21

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2017-04-21

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2017-04-21

[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن


کاتی تۆمارکردن: 2017-04-21 8:57:41 AM

ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 111

**2017-04-22**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170420193103139188




- 119 ساڵ بەسەر دەرچوونی کوردستان، یەکەم رۆژنامەی کوردیدا تێدەپەڕێت.
- پۆلیسی تورک ئەمرۆ هێرشیان کردە سەر ماڵی هاوڵاتیان لە گەڕەکی جومهوریەتی شاری دەرسیم و خوێندکارێکی زانکۆیان بەناوی سەڤجان تۆپان دەستگیرکرد. لە شاری خارپەتیش هاوڵاتییەک بەناوی حەسرەت سوزگون دەستگیرکرا، سوزگون پاشان ڕەوانەی بەڕێووەبەرایەتی پۆلیسی شارەکە کرا.
- لە شارۆچکەی شارەزوور لە مەراسیمێکی تایبەتدا بە ئامادەبونی جەماوەرێکی زۆر و بەرپرسانی حزبی و حکومی پەردە لەسەر وێنەی 28 شەهیدی دەستی تیرۆر لادرا کە لە ڕوبەڕوبونەوەیان بەرامبەر بە چەتەکانی داعش گیانیان لەدەستداوە.[1]
- فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا دەستیانکردەوە بە بۆردومانکردنی دەڤەری نهێلی سەر بە قەزای ئامێدی لە پارێزگای دهۆک.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK |
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| شار و شارۆچکەکان: | سەیدسادق (شارەزوور) |
| شار و شارۆچکەکان: | دێرسیم |
| شار و شارۆچکەکان: | ئامێدی |

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 2017-04-22

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2017-04-20 7:31:03 PM |
| ناوی تۆمارکار: | بەڕێوەبەری سیستم |

---

بابەت: 112

**2017-04-23**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170423090649983997



- جێگری بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی دەربەندیخان رایگەیاند شەوی رابردوو ژنێک بە سووتاویی گەیەندراوەتە نەخۆشخانەکەیان و دوای چارەسەری سەرەتایی، بەهۆی زۆریی رێژەی سووتاوییەکەیەوە گیانی لەدەستداوە. بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان ئەوەشی ئاشکراکرد، ژنەکە ناوی (س. ع. ح) و دانیشتووی قەزای دەربەندیخانەو تەمەنی 18 ساڵە و خێزاندارە و منداڵێکی هەیە.[1]
- فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورک لە کاتژمێری 10:30 ی خولەکی بەیانی ئەمڕۆوە بەچڕی ناوچەکانی سێگرێ و دۆڵی ئامێدی سەر بە ناوچەی بادینان بۆردومان دەکەن.
ئەمە لەکاتیکدایە، کە فڕۆکەکانی تورکیا لە کاتژمێر 10:00وە، بەبەردەوامی گوندەکانی ناوچەی ئینزێ-ی سەر بە شارەدێی سەنگەسەر لە هەرێمی قەندیل-ی سەر بە هەرێمەکانی پاراستنی مەدیا بۆردومان دەکەن.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK

شار و شارۆچکەکان: ○ رانیە (پشدەر)

شار و شارۆچکەکان: ○ ئامێدی

شار و شارۆچکەکان: ○ دەربەندیخان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەراست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-04-23

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەراست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 2017-04-23

کاتی تۆمارکردن: 2017-04-23 9:06:49 AM

ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 113

**2017-04-24**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170422091624139255



- شەوی رابردوو بەهۆی یاری کلاسیۆ لە نێوان هەردوو یانەی بەرشەلۆنە و ریاڵ مەدریدی ئیسپانی لە شاری هەولێر پشێوی لەنێوان هاندەرانی هەردوو یانەکەدا دروست بوو کە نۆ برینداری لێکەوتەوە.
- فڕۆکە جەنگیەکانی تورکیا دەستیان بە بۆردومانکردنی ناحیەی کانی ماسێ کرد لە دەڤەری بەرواری باڵا.[1]
- سەلاح دەلۆ ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان رایگەیاند، ریفراندۆم پارێزگای کەرکوکیش دەگرێتەوە و لیژنەیەکیشیان پێکهێناوە بۆ سەردانیکردنی لایەن و پێکهاتەکانی دیکەی کەرکوک.[2]
- پۆلیسی شارەدێ و شارۆچکەکانی کەرکوک، دوو چەتەی داعشیان دەستگیرکرد، یەکێکیان مەلای مزگەوت بووەو ئەویتریان بەرپرس بووە لە دزەپێکردنی داعش بۆ کەرکوک، بەڕێوبەری پۆلیسی شارەدێ و شارۆچکەکانی کەرکوک-یش دەڵێت: دانیان بەتاوانەکانیاندا ناوە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر

شار و شارۆچکەکان: کەرکوک

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان


[1] ●دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 24-04-2017
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 24-04-2017


کاتی تۆمارکردن: 2017-04-22 9:16:24 AM

ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 114

**2017-04-25**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170425085125100473



- بەرەبەیانی ئەمڕۆ فڕۆکە جەنگییەکانی تورک کە ژمارەیان 26 فڕۆکە بوو، چیاکانی قەرەچۆغی ڕۆژئاوا و چیای شەنگالیان بۆردومانکرد.
- هەندێک سەرچاوە باس لە کوژرانی 5 پێشمەرگە و 81 شەرڤان دەکەن بەهۆی بۆردوومانەکەی تورکیاوە، سەرباری ئەوەی زیانی ماددی زۆری لێکەوتووەتەوە.
- فەلەکناس ئوجا، پەرلەمانتاری شاری ئامەدی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) لە ئامەد دەستگیرکرا.[1]
- مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان نیگەرانی توندی خۆی بەرانبەر لێدانی سەنگەر و بنکەکانی پێشمەرگە لەلایەن فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیاوە دەربڕی ئاماژەی بەوەکرد ئەو ڕوداوە لە ئاکامی وجودی نارەوا و خۆسەپێنی پەکەکەیە لە هەرێمی کوردستاندا.[2]
- لەسەر پێشنیاری فراکسیۆنی یەکێتی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بۆ یەکەمجار تاوانی کیمیابارانی هەڵەبجە لە 16-03 دەکرێتە پشووی ڕەسمی لە هەموو عێراق کە ئەوەش یەکەم بۆنەی تایبەت بە کوردە لە عێراقدا کە بکرێتە پشووی ڕەسمی و بڕیاریشە لەم هەفتەیەدا لە ئەنجومەنی نوێنەران دەنگی لەسەر بدرێت.
- وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، بەهۆی بۆردوومانی تورکیاوە لە شەنگال پێنج پێشمەرگە شەهید بوون و نۆی تری بریندار بوون و بۆردومانەکە قابیلی قبوڵ نییە.
- وەزارەتی دەرەوەی عێراق هێرشی فڕۆکەکانی سوپای تورکیا بۆ سەر شنگال ڕەتدەکاتەوە و دەڵێت، سەرجەم ڕێگا یاسایی و دیبلۆماسیەکان دەگرنەبەر بۆ دووبارەنەبوونەوەی.
- مارک تۆنەر، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ئەمڕۆ سێشەممە 25ی نیسان ڕایگەیاند ئێمە زۆر نیگەرانین لە هێرشەکانی ئەمڕۆی تورکیا لە باکوری عێراق و سوریا کەبەبێ هەماهەنگی هاوپەیمانان و ئەمریکا ئەنجامدراوە و ڕاستەوخۆ نیگەرانی خۆمان ئاڕاستەی حکومەتی تورکیا کردووە.[3]
- سەرۆکی کۆماری تورکیا ڕەجەب تەیب ئەردۆغان ڕایگەیاند، هەریەک لە ئەمریکا و ڕوسیا و حکومەتی هەرێمی کوردستانمان لە هێرشەکەمان بۆ سەر شنگال ئاگادار کردووەتەوە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| 🏛 پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - HDP |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ شنگال |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان

[1] ●دیارینەکراو | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 25-04-2017
[3] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 25-04-2017
[4] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 26-04-2017

کاتی تۆمارکردن: 25-04-2017 8:51:25 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 115

**26-04-2017**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170426084731100567



- بەیانی ئەمڕۆ لە کەرکوک بۆرییەکی گواستنەوەی نەوت لەسنوری شارەدێی سەرگەران تەقێندراوەتەوە، بۆرییەکە نەوتی بیری ژمارە 93ی گواستووەتەوە.[1]
- لە گردبوونەوەیەکدا، بەشێک لە ڕۆژنامەنووسان و نوسەرانی شاری کەرکوک، داوادەکەن کاری کۆمپانیا تورکییەکان لە شاری کەرکوک هەڵپەسردرێت و دەشڵێن: ئاکەپەو ئەردۆغان هەر جارەو بە جۆرێ گێچەڵ بە کوردو کوردستانیان دەکەن، لە ڕابردووشدا دژی هەڵکردنی ئاڵا هەوڵیاندا کێشە لە نێوان پێکهاتە ڕەسەنەلانی کەرکوک دروستبکەن، بەڵام هەوڵەکەیان پوچەڵکرایەوە.
- ئەمڕۆ کاتژمیر 8:30 خولەک فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا ناوچەی چەمچۆ و ئاڤاشین لە هەریمی زاپ-ی سەر بە هەرێمەکانی پاراستنی مەدیا-ی بۆردومان کرد.[2]
- زەردەشت شەنگالی وتەبێژی یەکینەکانی بەرخودانی شەنگال (یەبەشە) باس لە وردەکاری هێرشی ئاسمانی سوپای تورکیا بۆ سەر شەنگال دەکات و جەخت لەوەش دەکاتەوە کە (پارتی ئاگاداری هێرشەکەی سەر ئێمە بووە). [3]
- کونسوڵی گشتی تورکیا لەهەرێمی کوردستان، بەناوی حکومەتی وڵاتەکەیەوە دڵگرانیی نیشان داوە لە بۆردومانی پێشمەرگە لەشەنگال و وتویەتی بەهەڵە بۆردوومانەکە ڕوویداوە و دووبارە نایێتەوە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ شنگال
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🌢 کەرکوک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ ئامێدی
Quick Respons Code:

🗄سەرچاوەکان

[1] ●دیارینەکراو | 🕮 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] 📡ماڵپەڕ | 🕮 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-04-26
[3] 📡ماڵپەڕ | 🕮 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-04-26
[4] 📡ماڵپەڕ | 🕮 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-04-26

کاتی تۆمارکردن: 2017-04-26 8:47:31 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 116

**2017-04-27**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170427093823100646



- شەڕڤانانی یەکینەکانی پاراستنی گەل یەپەگە، وەڵامی هێرشێکی تانکەکانی سوپای تورکیان دایەوە لە عەفرین و لە ئەنجامدا ژمارەیەک سەربازی تورک کوژران و زرێپۆشێکیش تەقێندرایەوە.
- ژمارەیەک داواکراو لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی کەرکوکەوە دەستگیرکران، پۆلیسی قەزا و ناحییەکانیش دەڵێت بەرپرسی تۆڕی ئینتەرنێتی داعش لەسنوری کەرکوک لەنێو دەستگیرکراوەکاندایە.[1]
- شەڕڤانانی یەکینەکانی پاراستنی گەل –یەپەگە لە گوندی سوسکێ لە ڕۆژئاوای گرێ سپی وەڵامی سوپای تورکیایان دایەوە و لە ئەنجامدا ڕادارێک و زرێپۆشێکیان تێکشکاند.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏰 پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ ئەفرین |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | 🔥 کەرکوک |
| Quick Respons Code: | |

🗄سەرچاوەکان
[1] 📡ماڵپەڕ | 🕮 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-04-27
[2] 📡ماڵپەڕ | 🕮 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-04-27

کاتی تۆمارکردن: 2017-04-27 9:38:23 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 117

## 2017-04-28

https://www.kurdipedia.org/?q=20170428085917100647



- بەگوێرەی سەرچاوە سەربازییەکانی یەکینەکانی پاراستنی گەل-یەپەگە، شەوی ڕابردوو شەڕقانانی یەپەگە وەڵامی هێرشی سوپای تورک بۆسەر شارۆچکەکانی ڕاجۆ و شیەیان دایەوە و لە ئەنجامدا 17 سەربازی تورک کوژران و سیانی دیکەش بریندابوون.
- سەرلەبەیانی ئەمڕۆ بە دروشمی (ڕێکخستن، پاراستن و پێشەنگایەتی گەنجان مسۆگەری سەرکەوتنی گەلانە)، کۆمەڵەی گەنجانی ولاتپارێزی کوردستان، بە بەشداری 500 ئەندام، دووەمین کۆنگرەی خۆی لە هۆڵی ڤینسا لە شاری کەرکوک دەستپێکرد.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان

[1] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-04-28

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2017-04-28 8:59:17 AM |
| ناوی تۆمارکار: | هاوڕێ باخەوان |

---

بابەت: 118

## 2017-04-29

https://www.kurdipedia.org/?q=20170427231843139397




- بەرپرسی نووسینگەی رزگارکردنی رفێندراوانی دەستی داعش رایگەیاند شەوی رابردوو بەرێوەبەرایەتی رزگارکردنی رفێندراوانی دەستی داعش بە پشتیوانی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان توانیویانە ژمارەیەک ئێزدی لە دەستی داعش رزگار بکەن. 27 لەو رزگارکراوانە منداڵن و 9ی تریشیان ژنبوون و گەیندراونەتە شنگال.[1]
- ناوەندی چاپەمەنی هێزەکانی پاراستنی گەل – هەپەگە ئاشکرای کرد، لە 10 رۆژی رابردوودا 24 سەربازی نورک کوژراون و 13 گەریلاش شەهید بوون.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK |

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ شنگال
Quick Respons Code:

📚سەرچاوەکان
[1] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 29-04-2017

کاتی تۆمارکردن: 27-04-2017 11:18:43 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 119

**2017-04-30**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170430093042100663

- ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆک کۆماری تورکیا ڕایگەیاند، زۆر نیگەران بووە بە بینینی ئاڵای ئەمەریکا و یەپەگە لەسەر کاروانی ئە و هێزە تایبەتەی ئەمەریکا کە دوێنێ لەسەر سنوری ڕۆژئاوای کوردستان و تورکیا جێگیرکران.[1]
- پارتی ئازادی و دیموکراتی ئێزدیان- پادێ، بە فەرمی مۆڵەتی کارکردنی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە پێدراو سەرۆکی پارتەکەش دەڵێت: لە داهاتوودا لە هەڵبژاردنی عێراقدا بەشداری دەکەین و خۆمان خاوەنداری لە دەنگی ئێزدییەکان دەکەین.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏰 پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
Quick Respons Code:

📚سەرچاوەکان
[1] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 30-04-2017
[2] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 30-04-2017

کاتی تۆمارکردن: 30-04-2017 9:30:42 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 120

**2017-05-01**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170501233141100976

- دەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ رایدەگەیەنێت، بەدواداچوون لەسەر دۆسیەی ئە و کەسە دەکات کە بەهۆی تاوانبارکردنی بە دزینی شیر و دایبی سزای 11 ساڵ زیندانی درا و دەشڵێت، سکاڵاکارانی دۆسیەکە سکاڵاکانیان کشاندوەتەوە.[1]
- هێزە ئەمنییەکانی تورکیا لە تورکیا هێرشان کردە سەر ئە و کرێکارانەی کە یادی 1ی ئایاریان دەکردەوە و لە ئەنجامدا 165 خۆپیشاندەریان دەستگیرکرد.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ کەلار (گەرمیان)

Quick Respons Code:

📄 سەرچاوەکان

[1] 📡 ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-05-01

[2] 📡 ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 2017-05-01

کاتی تۆمارکردن: 2017-05-01 11:31:41 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 121

## 2017-05-03

https://www.kurdipedia.org/?q=20170503235256673837



- سارا کەمانگەر، چالاکوانی مافی مرۆڤ لە شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن هێزەکانی وەزارەتی ئیلاعاتی ڕژێمی ئێرانەوە دەستگیرکرا.
- سوپای تورک بۆردومانی ئەو ناوچانەی ئامێدیی کرد کە گەریللاکانی پەکەکەی لێیە. بەهۆیەوە هاووڵاتییەک گیانی لەدەستدا و یەکێکی تریش برینداربوو.
- چەکدارێک کە خۆیان بەناوی وەک ئاسایشی پیرمام ناساندووە، هەڵیانکوتاوەتە سەر ماڵی رۆژنامەنووس ئیبراهیم عەباس لە گەرەکی هەولێری نوێ لە شاری هەولێر و، بەبۆنەیەوە کە لەماڵدا نابێت، دەچن لە ماڵ هاوڕێیەکی دەستگیری دەکەن.[1]
- یەکینەکانی پاراستنی گەل رایگەیاند لە مانگی رابردوودا تورکیا 67 هێرشی بۆ سەر باکوری سوریا و رۆژئاوا ئەنجام داوە.[2]
- لە نێو تەلاری پەرلەمانی کوردستان، جەعفەر ئێمنکی، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، خەڵاتی ڕێزلێنانی بەخشییە عەدنان کەریم، هونەرمەندی بەنێوبانگی کورد. دوای ئەوەش، بەشێک لە هونەرمەند، نووسەر و چالاکوانانی نزیک لە بزووتنەوەی گۆڕان، هەڵمەتێکیان دژی عەدنان کەریم دەست پێ کرد.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏰 پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK |
| 🏰 پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ سنە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ♖ هەولێر |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ ئامێدی |
| Quick Respons Code: | |

🗄سەرچاوەکان

[1] ●دیارینەکراو | 🖧 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

[2] 📡ماڵپەڕ | 🖧 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-05-04

[3] 📡ماڵپەڕ | 🖧 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی باسنیوز - 2017-05-08

کاتی تۆمارکردن: 2017-05-03 11:52:56 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 122

## 2017-05-04

https://www.kurdipedia.org/?q=20170504151912139493




- سوپای تورکیا ڕایگەیاند، ئەمرۆ فڕۆکە جەنگییەکانیان بۆردومانی ڕێگەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) یان کردووە لە ناوچەی زاپی سنوری هەرێمی کوردستان.[1]
- ڕۆژنامەی جمهوریەت بڵاویکردەوە، دوای ئەوەی یوکسەکداغ سەرەتا لە پەرلەمانێتی و پاشان لە ئەندامێتی پارتەکە دورخرایەوە، هەدەپە هەوڵەکانی دەستپێکردوە بۆ دەستنیشانکردنی کەسێک بۆ جێگەکەی. ڕۆژنامەکە ئاشکرایکردوە بە گوێرەی دەنگۆکان ئەو کەسەی لەبری یوکسەکداغ هەڵدەبژێردرێت پێویستە ژن و سیاسەتمەدارێکی چەپ و پەرلەمانتار بێت بۆ ئەوەی بەشداری لە چالاکییەکانی فراکسیۆنی پارتەکە لە پەرلەمانی تورکیا بکات.
- لە کۆبوونەوەی چوارلایەنەی تورکیا و روسیا و ئێران و ئۆپۆزسیۆنی سوریا دانوستاندنەکانی ئەستانە/4، لایەنەکان ڕێکەوتن لەسەر دامەزراندنی 4 ناوچەی ئارام لە سوریا.[2]
- هێزەکانی ڕژێمی ئێران لە گوندەکانی دەوروبەری شارۆچکەی شنۆی سەر بە پارێزگای ورمێ تەقەیان لە گروپێک کۆڵبەر کرد و کۆڵبەرێکیان کوشت.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏯 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK
🏯 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP
Quick Respons Code:

📚سەرچاوەکان
[1] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-05-04
[2] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-05-04
[3] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-05-06
کاتی تۆمارکردن: 2017-05-04 3:19:12 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 123
## 2017-05-05
https://www.kurdipedia.org/?q=20170505105537101069



- سەرلەبەیانی ئەمڕۆ بۆمبێکی چێنراو بە ئامر لیوای پێنجی هێزەکانی پێشمەرگە لە گوندی زەرگە تەقیوەتەوە و لە ئەنجامدا ئامرلیوا و پاسەوانەکەی بریندداربوون و ئەفسەرێکی لیواکەش بەپلەی رائید شەهید بووە. شەهیدەکەی لیوای پێنجی هێزەکانی پێشمەرگە ناوی (رائید جەمال فاتیح کەریم)ە و لە ساڵی 1970 لە قەزای سەیدسادق لە دایکبووە.[1]
- شەوی ڕابردوو کاتژمێر 11:00 لە گەڕەکی قارشیاکی شارۆچکەی سلۆپی سەربە شاری شرناخ، زرێپۆشێکی پۆلیسی تورک لە کاتی سوورانەوە بە کۆڵانەکاندا خۆی بە دیواری ماڵێکدا کێشا و دیوارەکەی ڕوخاند و دوو منداڵ بەناوی مەحمودی تەمەن حەوت ساڵ و فورقانی تەمەن شەش ساڵی کوشت.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏯 پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
🏙 شار و شارۆچکەکان: 💧 کەرکوک
Quick Respons Code:

📚سەرچاوەکان
[1] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-05-05

[2] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 2017-05-05
کاتی تۆمارکردن: 2017-05-05 10:55:37 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 124
## 2017-05-06
https://www.kurdipedia.org/?q=20170506095236101071



- کەسوکاری ئە و گەنجەی ماوەی سێ رۆژە لە ئەنجامی تۆبارانی تورکیا لە دەڤەری رێکان کوژراوە و تائێستا نەتوانراوە تەرمەکەی بهێنرێتەوە خۆپیشاندانیان ئەنجامدا.[1]
- سوپای تورک دەستڕێژی گوللەی لە گەنجێکی تەمەن 20 ساڵی ڕۆژئاوایی کردو دەستبەجێ گیانی لەدەستدا، هەروەها پۆلیسپش لە ئەستەنبۆل هەڵیکوتاوەتە سەر ماڵێک و کچێکی تەمەن 18 ساڵیان کوشتووە.
- پاش نیوەڕۆی ئەمڕۆ، لەگەڵ تۆپبارانە بەردەوامەکانی سەربازگەی تورکیا لە ناوچەی سونجێ و شانکێ-ی سەر بە شارۆچکەی ئامێدی، تەرمی سدقی ئیسلام، هەڵگیرایەوە، کە بەهۆی بۆردومانی تورکیاوە کوژرابوو، بەرەو شارەدێی شیلادزێ-ی زێدی خۆی بەڕێکرایەوە.[2]
- لەکۆبوونەوەی ئەمڕۆ ئەنجومەنی باڵای هەدەپە لە جێگەی فیگەن یوکسەکداغ هاوسەرۆکی گشتی هەدەپە، سەرپیل کەمال بای کە جێگری هاوسەرۆکی گشتی بوو بە هاوسەرۆک هەڵبژێردرا.[3]
- ئیبراهیم عەباس ئازادکرا.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏛 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ دهۆک
Quick Respons Code:

🗄سەرچاوەکان
[1] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-05-06
[2] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 2017-05-06
[3] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-05-06
کاتی تۆمارکردن: 2017-05-06 9:52:36 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 125
## 2017-05-07

https://www.kurdipedia.org/?q=20170507100357101076



- کاتژمێر 3:35 ی بەرەبەیانی ئەمرۆ حەوت چەکداری داعش دزەیان کردۆتەوە نزیک سەربازگەی کەیوان کە هێزەکانی پێشمەرگە تێدا جێگیرکراوە، بەوهۆیەوە رووبەڕووبونەوە لە نێوان ئێمە و چەکدارانی داعش رویدا و 7 چەکداری داعش کوژران و 2 پێشمەرگەش شەهیدبوون.[1]
- سەرۆک و جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێم و وەزیری پێشمەرگە بە وەکالەت و بەرپرسانی سەربازیی کوردستان لەگەڵ تیمێکی راوێژکاریی نێودەوڵەتی لە وەزارەتەکانی بەرگریی وڵاتانی ئەمریکا، بریتانیا و ئەڵمانیا لە بارەی رێکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە کۆبوونەوە.
- عومەر ئاغای سورچی - عومەر خدر حەمەد سورچی کەسایەتیی سیاسی و سەرۆکی پێشووی پارتی پارێزگارانی کوردستان درەنگانێکی شەوی رابردوو لەیەکێک لەنەخۆشخانەکانی شاری هەولێر کۆچی دواییکرد.[2]
⑱ تێبینی: ئەم تۆمارە هەندێک وێنە یان فیلمی لەگەڵ پەیوەستکراوە کە لەوانەیە ببێتە هۆی تێکدانی باری دەروونیتان. تکایە ئاگاداربە..

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏟 پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] ● دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-05-07

کاتی تۆمارکردن: 2017-05-07 10:03:57 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 126

**2017-05-08**

https://www.kurdipedia.org/?q=2017050809341299809



- ئەمڕۆ پارێزگاری تورکی ئامەد بە بڵاوکردنەوەی ڕاگەیەندراوێک، لە کاتژمێر 5:00ی سەرلەبەیانی ئەمڕۆوە تاوەکو ئاگادارکردنەوەی دواتر، قەدەغەی هاتووچۆی لە 16 گوندی ئامەد-ی باکوری کوردستان ڕاگەیاند.
- ڕادیۆی ئاڤرین ئیف ئیم کە بەهۆی بۆردومانەکانی فڕۆکە جەنگییەکانی تورکەوە پەخشەکەی وەستابوو، دووبارە دەستیکردەوە بە پێشکەشکردنی بەرنامەکانی.[1]
- سەرۆکی لیژنەی هەڵسەنگاندن و وەڵامدانەوەی راپۆرتە نێودەوڵەتییەکان لە حکومەتی هەرێم وەڵامی راپۆرتی ساڵانەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا دەداتەوە سەبارەت بە رەوشی مافەکانی مرۆڤ، پێشێلکردنی ئازادی رادەربرین، رۆژنامەگەریی، یەکگرتنەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، دامودەزگا ئەمنییەکانی هەرێم، رەوشی چاکسازییەکان و ئەشکەنجەدان.
- ئەمشەو کاتژمێر 10 و 30 خولەک فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا بە چڕی بۆردوومانی بناری چیای گارەیان کردووە سەر بەقەزای ئامێدی.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK

شار و شارۆچکەکان: ○ ئامێدی

شار و شارۆچکەکان: ◉ ئامەد

شار و شارۆچکەکان: ○ ئەفرین

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 2017-05-08

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-05-08

کاتی تۆمارکردن: 2017-05-08 9:34:12 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 127

**2017-05-09**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170509083056652‌00

- زەینەب جەلالیان، زیندانی سیاسی کورد کە لە زیندانی شارۆچکەی خۆی-ی سەربە ورمێ دا زیندانیکراوە، مانی لە خواردنی دەرمانی چاوسەری گرتووە.
- کاژمێر کاتژمێر 10:15 خولەک لە میحوەری گوندی پونگینە-ی سەر بە شارۆچکەی مەخمور مەفرەزەیەکی چەتەکانی داعش کەوتنە بۆسەی هێزی پێشمەرگە. چەتەکان ژمارەیەکیان لێ بریندار بووە و لاشەی چەتەیەکیشیان کەوتە دەست هێزەکانی پێشمەرگە.[1]
- کەناڵی کوردسات لە هەواڵێکدا رایگەیاند شەوی ڕابردوو لە ڕووداویکی تەم و مژاویدا لە شاری هەولێر میدیاکار سۆران سەقزی گیانی لەدەستدا.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ مەخموور

Quick Respons Code:

🗄سەرچاوەکان

[1] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 09-05-2017

کاتی تۆمارکردن: 09-05-2017 8:30:56 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 128

**10-05-2017**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170510090522682O1



- شەوی ڕابردوو، هێزەکانی پۆلیسی تورک هەڵیانکوتایە سەر ماڵی هاوڵاتیان لە چەلێ و حەوت ئەندامی هەدەپەیان دەستگیرکرد، کە حەلیمە شیشەک، هاوسەرۆکی هەدەپەی چەلێش لەناویاندایە. حەلیمە شیمشەک، هاوسەرۆکی هەدەپەی شارۆچکەی چەلێ، فاتما گونەش، شەعبان دەمیرۆغلو، فواد یڵماز، ڕەمەزان چەتینکایا، ئەحمەد ئەردەم و ئەحمەد یڵدز ئەو حەوت ئەندامەی هەدەپەن کە دەستگیرکراون.
- ئێوارەی ئەمڕۆ لەبەردەم بینای یەکێتی نوسەرانی کورد- لقی سلێمانی، لە شەقامی سالم، لە مەراسیمێکدا، پەردە لەسەر پەیکەری پیرەمێردی شاعیر لادرا، کە لەلایەن پەیکەرساز چێنەر نزار- ەوە سازێندرا بوو.
- چەند پەرلەمانتارو ئەندامی باڵای پارتی دیموکراتی گەلان- هەدەپە، لە بەردەم دادگای دەستووری بنەڕەتی تورکیا گردبووەنوە بۆ دەربڕینی ناڕەزایی بەرامبەر بە زیندانیکرانی هاوسەرۆکان و پەرلەمانتارانی هەدەپە.[1]
- بەرپرسی نووسینگەی رزگارکردنی رفێندراوانی دەستی داعش رایگەیاند، لە ماوەی بیست وچوار کاتژمێری رابردوودا دوو منداڵی ئێزدی لە شاری موسڵ لە دەستی چەکدارانی داعش رزگارکراون.
- نورسەل ئایدۆوان، پەرلەمانتاری پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) لەلایەن دادگای سزا قورسەکانی دووەمی دیاربەکرەوە تۆمەتی پروپاگەندەکردن بۆ گروپی تیرۆرستی و بەشداریکردن لە رێپێوان و گردبوونەوەکانیاندا و هاوکاریکردنیان روبەڕووکراوەتەوە. لەسەر ئە و تۆمەتەش دادگا بریاری دەستگیرکردنی بۆ ماوەی چوار ساڵ و 8 مانگ هەروەها لابردنی لەسەر کارەکەی وەک ئەندام پەرلەمان بۆ دەرکرا.
- وتەبێژی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ دەڵێت هەرێمی کوردستان لەبەردەم داڕمانی ئاسایشی کۆمەڵایەتیدایە، ئەگەر کێشەکان چارەسەر نەکرێن، وەک قەیرانی ئابوری و سیاسی و کۆنترۆڵی دیاردەی چەکداری نەکرێت بەتەواوی ئاسایشی کۆمەڵایەتی لەکوردستان نامێنێت.

- سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕەزامەندی لەسەر هاوکاریکردنی شەڕڤانانی کورد و پەرچەککردنیان دەردەبڕێت.[2]
- یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) بڕیارەکەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ پرچەککردنی هێزەکانیان بە مێژویی ناودەبەن.
- وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەنوسراوی فەرمی عومەر ئەحمەد ئەمین ناسراو بە (عومەر قەڵادزەیی)، جێگری پارێزگاری سلێمانی، کە لە فراکسیۆنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان-ە، دەستنیشنا کرد، بۆ ئەوەی لە جیاتی سەردار قادر، کە پۆستی لە برى پارێزگاری سلێمانی هەبوو، کارەکانی پارێزگای سلێمانی ڕاپەڕێنێت.[3]
- حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیرانی عێراق رایگەیاند، ئە و کەسانەی جێگری بەڕێوەبەری کۆمپانیای غازی باکوریان لەکەرکوک کوشت، سەر بە پۆلیسی سلێمانین. محەمەد یونس جێگری بەڕێوەبەری کۆمپانیای غازی باکور رۆژی 02-05-2017، لەگەڵ پاسەوانەکەی لەنزیک خاڵکی پشکنینی یەکی حوزەیران لەکەرکوک تەقەیان لێکراوە و بەهۆیەوە هەردوکیان کوژران.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏨 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - HDP |
| 🏨 پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ موسڵ و دەشتی نەینەوا |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ سلێمانی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ جوڵەمێرگ |
| Quick Respons Code: | |

📄سەرچاوەکان


[1] 📡ماڵپەڕ | 🖧 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 10-05-2017
[2] 📡ماڵپەڕ | 🖧 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 10-05-2017
[3] ●دیارینەکراو | 🖧 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[4] 📡ماڵپەڕ | 🖧 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری خەندان - 10-05-2017


| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 10-05-2017 9:05:22 AM |
| ناوی تۆمارکار: | هاوڕێ باخەوان |

---

بابەت: 129

**2017-05-11**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170511090019101104



- هێزەکانی پۆلیسی تورک هەڵیانکوتایە سەر بنکەی پارتی هەرێمە دیموکراتییەکان-دەبەپەی شاری وانی باکوری کوردستان و هاوسەرۆکی دبەپەی شارەکەیان دەستگیرکرد.
- لەبەردەم هۆتێل تایتانیک لە شاری سلێمانی، ژنانی شۆفێر بەشدارییان لە مانۆری شۆفێرانی ژندا کرد و بە شۆفێریکردن دژی ئەو بیرە توندڕەوییانە وەستانەوە کە شۆفێریکردن لە ژنان قەدەغە دەکەن، وە پاشان ئۆتۆمبێلەکانیان بە قردێلەی مۆر کە ڕەمزی ژنانە ڕازاندەوە و بە ئۆتۆمبێلەکانیانەوە شەقامی شەست مەتریدا سوڕانەوە
- ئەمڕۆ لە نزیک یانەی وەرزشی خاک لە شاری کەرکوک بە بەشداری زیاتر لە 50 ئۆتۆمبێلی کلاسیکی (کۆن) نمایشێک بەڕێوەچوو، کۆنترین ئۆتۆمبێلی ئە و نمایشەش مۆدێلی 1947 بوو کە نرخەکەی 30 هەزار دۆلار بوو.[1]
- لەسەر ڕێگای کەلار خانەقین لە ئەنجامی ڕوداوێکی هاتوچۆدا چوار کەس گیانیان لەدەستدا.
- والی پارێزگای موش لە باکوری کوردستان قەدەغەی هاتوچۆی لە 21 گوندی پارێزگاکە رایگەیاند، بە ئامانجی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی لە دژی پەکەکە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ خانەقین

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ کەلار (گەرمیان)

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ موش

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ سلێمانی

🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک

Quick Respons Code:


سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 2017-05-11

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-05-11


کاتی تۆمارکردن: 2017-05-11 9:00:19 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 130

**2017-05-12**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170512085048693 96



- کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستان لە راگەیەنراوێکدا رایگەیاند، ئەمڕۆ محەمەد سدیق کەبوودوەند دامەزرێنەری کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستان پاش دە ساڵ زیندان لە بەندیخانەی ئەوین بە دانانی بارمتە لە زیندان ئازاد کرا.[1]
- رەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆک کۆماری تورکیا رایگەیاند، سوپای وڵاتەکەی ئۆپەراسیۆن لە قەندیل ئەنجامدەدات لەدژی گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)
- ئوسامە نوجێفی ئەمڕۆ لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنوسیدا لەهەولێر رایگەیاند کە پارتی (بۆ عێراقی یەکگرتوو) دادەمەزرێنێت و کارە یاساییەکانیان تەواوکردووە و لەلایەن زۆرێک لە هێزە سیاسییەکانەوە پێشنیاری هاوپەیمانێتی یان رێککەوتنیان بۆ کراوە، پێش بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان..[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ●دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

[2] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-05-12

کاتی تۆمارکردن: 2017-05-12 8:50:48 AM

ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 131

## 2017-05-13

https://www.kurdipedia.org/?q=20170511125521101110




- درەنگانێکی شەوی رابردوو نەوشیروان مستەفا، رێکخەری گشتی بزوتنەوەی گۆڕان گەڕایەوە هەرێمی کوردستان.
- بەهۆی کێشەیەکەوە لە یاریگایەکی سلێمانی راهێنەرێکی وەرزشی بەناوی دیار بەکر کوژرا.[1]

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ●دیارینەکراو | 🖆 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
کاتی تۆمارکردن: 2017-05-11 12:55:21 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 132
**2017-05-14**
https://www.kurdipedia.org/?q=20170514135746101149



- کۆبوونەوەی ئەمڕۆی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان لە شاری هەولێر کۆتاییهات و تیایدا پرۆژەی هەیکەلی وەزارەتی پێشمەرگە پەسەند کرا.[1]
- فڕۆکەکانی تورکیا بۆردومانی دەڤەری بەرواری باڵایان کرد.
- حکومەتی تورکیا ماڵپەڕی ڕۆژنامەی (ڕۆژەڤا مەدیا)ی ڕاگرت، ڕۆژنامەی ڕۆژەڤا مەدیا ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەیە و دوای داخستنی ڕۆژنامەی ئازادیا وەڵات دامەزرا.
- نەجلا یلدرم، هاوسەرۆکی شارەوانی شارۆچکەی شەمرەخ-ی سەربە مێردین، بە بیانووی ئەوەی فەرمانی دەستگیرکردنی هەیە، دەستگیرکرا.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ ماردین
Quick Respons Code:

🗄سەرچاوەکان
[1] ●دیارینەکراو | 🖆 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] 📡ماڵپەڕ | 🖆 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-05-14
کاتی تۆمارکردن: 2017-05-14 1:57:46 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 133
**2017-05-15**
https://www.kurdipedia.org/?q=20170515090018101154



- وەزیری بەرگریی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە دیدارێکدا لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی تورکیا، لە وەڵامی نیگەرانییەکانی تورکیا سەبارەت بە ناردنی چەک بۆ هێزە کوردییەکانی سوریا ڕایگەیاند، ئەو کارە بڕاردە نییە بەڵکو پێویستییەکە لەپێناو بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ داعشدا.
- بە پێی هەواڵی ئاژانسی دەنگوباسی ئیرنای ئێرانی لە ڕێورەسمێکدا لە شاری نودشەی سەر بە قەزای پاوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە بەشداری پارێزگاری کرماشان و سنە، ئەو شارە وەکوو شاری کڵاش چنین تۆمار کرا.[1]
- برێت مەکگۆرک نوێنەری تایبەتی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەهاوپەیمانێتیی نێودەوڵەتیی دژی داعش، لە کۆبوونەوەی ئەمڕۆیدا لەگەڵ مەسعود بارزانی رایگەیاندووە بەردەوام دەبن لە پشتیوانی و ڕاهێنانی هێزەکانی پێشمەرگە لەلایەن سوپای ئەمەریکاوە.[2]
- ڤلادیمێر پۆتین، سەرۆکی ڕووسیا لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا لەوڵاتی چین باسی لە پەیوەندییەکانی نێوان ڕووسیا و یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) و یەکینەکانی پاراستنی ژن (یەپەژە)ی کرد. پۆتین، ڕایگەیاند:کورد ڕۆڵیکی چالاکی لە سوریا هەیە، یەکینەکانی کورد بەشداری شەڕی دژی داعشن وەکو بەهێزترین هێز، مافی خۆمانە پەیوەندییەکانمان لەگەڵیاندا بپارێزین.
- بەشێک لە وەرزشوانانی شارۆچکەی چەمچەماڵ گردبوونەوەیەکیان ئەنجامدا و داوای دادگاییکردنی بکوژانی دیار بەکر ڕاهێنەری تیپی وەرزشی تازەڕێگەیشتوانی بازیان-یان کرد.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ چەمچەماڵ |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ پاوە (هەورامانی تەخت) |
| Quick Respons :Code | |

سەرچاوەکان


[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2017-05-15
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری خەندان - 2017-05-15
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2017-05-15

کاتی تۆمارکردن: 2017-05-15 9:00:18 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 134

## 2017-05-16

https://www.kurdipedia.org/?q=20170516090235101148



- ئەمڕۆ کاتژمێر 10:30 خولەک فرۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورک دەشتی کافێ-ی سەر بە هەرێمی گارەی هەرێمەکانی پاراستنی مەدیا-یان بۆردوومان کرد.
- هێزەکانی پۆلیسی تورک هەڵیانکوتایە سەرماڵی هاوڵاتیان لە دێرسیم و 10 کەسیان دەستگیرکرد، کە پێرێ چەتینکایا، هاوسەرۆکی شارەوانی دێرسیمیش لەناویاندا بوو.
- لە شارەدێی کەڵەکچی، بەهۆی تەقینەوەی بوتڵێکی ئۆکسجینەوە لە بینایەیەکی نیوە دروستکراودا کرێکارێکی گەنج گیانی لەدەستدا و دوو کەسی دیکەش برینداربوون.
- لە شاری هەولێر لە شەقامی شۆڕش ئاگر لە کۆگایەکی بازرگانی کەوتەوە و پاشان ئاگرەکە پەرەی سەند و سێ کۆگای دیکەش گریان گرت.[1]
- پۆلیسی هەولێر رایدەگەیەنێت، ئێوارەی ئەمڕۆ لە بازاڕی سورچیانی شاری هەولێر گەنجێک بە فیشەک برایەکی خۆی و هاورێی براکەی کوشتووە و دواتریش رایکردووە.[2]
- بەختیار میعماری، زیندانی سیاسی کورد کە پێشتر لەلایەن دادگای شۆڕشی ڕژێمی ئێرانەوە بە سێدارە سزادرابوو لە زیندان ئازادکرا.
- هەندێک لە کوردەکانی ئەمریکا ناڕەزاییان بەرامبەر سەردانی ئەردۆگان بۆ واشەنگتۆن دەربڕی و لە ئەنجامدا پاسەوانەکانی ئەردۆگان هێرشی کردە سەر خۆپیشاندەران و چەند کەسێکیان برینداركرد.
- رۆژنامەوانی بەناوبانگی جیهانی کاترین فلیپ لە ذ تایمس نوسویەتی، لە لەندەن لە دوای کۆبونەوەیەکیدا لەگەڵ وەزیری بەرگری ئەمەریکا، یڵدرم سەرۆک وەزیرانی تورکیا بە ئێمەی گوت: شەرڤانانی کورد مرۆڤ نین.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏰 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK

🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ دێرسیم

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ دهۆک

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] 📡 ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 2017-05-16

[2] 📡 ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-05-16

کاتی تۆمارکردن: 2017-05-16 9:02:35 AM

ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 135

**2017-05-17**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170517084959101164



- لە شاری سەڵماسی سەر بە پارێزگایی ورمێ، پیاوێکی تەمەن 39 ساڵان بە هۆی کێشەی بنەماڵەیی، بەیانی ئەمڕۆ دەچێتە سەر ماڵی خەزوورانی و هەموویان دەداتە بەر دەستڕێژی گوللە و بەهۆیەوە 7 کەسیان گیان لەدەستدەدەن.[1]
- شەوی ڕابردوو، بەریت مەکگورک و چەند بەرپرسێکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بەمەبەستی دانوستان و چاودێریی ئۆپەراسیۆنی ڕزگارکردنی شاری ڕەقە لە ڕێگای ئاسمانییەوە گەیشتنە رۆژئاوای کوردستان.
- هێزەکانی پۆلیسی تورک هەڵیانکوتایە سەر بنکەی هەدەپە لە بورسا و ماڵی هاوڵاتیان و هەشت ئەندامی پارتی دیموکراتی گەلان- هەدەپەیان، دەستگیرکرد.
- پاش ئەوەی ژمارەیەک لە لایەنگران و پاسەوانەکانی ئەردۆغان لە واشنتۆن هێرشیان کردە سەر ژمارەیەک لە خۆپیشاندەران کە دژی ئەردۆغان دروشمیان دەوتەوە، وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا نیگەرانی خۆی لەم بارەیەوە دەرپڕی.
- 50 زیندانی لە زیندانی ئامەدەوە، دوورخرانەوە بۆ زیندانی شاری ئەلعەزیز، کە زۆرینەیان زیندانیانی دۆزی پەکەکەن.[2]
- کۆنگرەی تورکمان لەژێر دروشمی (ئایندەی تورکمان لەچوارچێوەی عێراقێکی یەکگرتودا) بەسەرپەرشتی سەلیم جبوری سەرۆکی پەرلەمان و نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێکخرا.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP

شار و شارۆچکەکان: ○ سەڵماس

شار و شارۆچکەکان: ◉ ئامەد

شار و شارۆچکەکان: ○ ئەلعەزیز

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-05-17

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 2017-05-17

کاتی تۆمارکردن: 2017-05-17 8:49:59 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 136

## 2017-05-18

https://www.kurdipedia.org/?q=2017051809101493878


پیشانگەی کاریکاتێری
نەقیزەکان دەبرێتە کەلار

لە دوای ئەوەی بۆ ماوەی چەند رۆژێک پیشانگەی کاریکاتێری نەقیزەکان لە شاری سلێمانی کرایەوە، ئەو پیشانگەیە دەبرێتە شاری کەلار.
بڕیارە سەعات ١٠ی سەرلەبەیانی رۆژی ٢٠١٧/٥/١٨ ئەو پیشانگەیە لەهۆڵی سەنتەری گەنجانی کەلار بکرێتەوەو چەند رۆژێکیش بەردەوامبێت.
پیشانگەی کاریکاتێری نەقیزەکان ١٥ کاریکاتێریست لە کوردستانی باشوور و رۆژهەڵاتەوە بەشدارییان تێدا کردبوو، هەریەکەشیان ١٥ کاریکاتێریان نمایشکردبوو.

- هێزی پێشمەرگە لە سنوری شارۆچکەی خورماتوو هێرشێکی چەتەکانی داعش-ی تێکشاند و لە ئەنجامی ئەو ڕووبەڕووبوونەوەدا دوو پێشمەرگە شەهیدبوون.
- سیاسەتمەدارانی پارتی هەرێمە دیموکراتییەکان- دەبەپە و پارتی دیموکراتی گەلان- هەدەپە،ی شاری بەدلیس، کە لە مانگی 11ی ساڵی 2016 لە چوارچێوەی کودەتای سیاسی ئەکەپەدا دژی ئیرادەی سیاسی گەلی کورد و گەلانی تورکیا دەستگیرکرابوون، بەکۆمەڵ لە زیندانی بەدلیس دوورخرانەوە.
- بەپێی هەواڵێکی تۆری هەواڵی MSNBC، ئەمڕۆ جۆن مەکین ئەندامی ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکا ناڕەزایی توندی نیشان داوە بەرامبەر ئە و هێرشەی پیاوەکانی ئەردۆغان لە واشنتۆنی پایتەختی ئەمریکا کردیانە سەر خۆپیشاندانێکی ئاشتیخوازانە. جۆن مەکین داوای کردوە سەردار کلیتش باڵیۆزی تورکیا لە واشنتۆن دەربکرێت، ئەوەش وەک وەڵامێک بۆ ئە و هێرشە توندوتیژییەی پاسەوانەکانی ئەردۆغان کردیانە سەر خۆپیشاندانێکی ئاشتیخوازیانە.[1]
- بەپێی هەواڵێکی دۆغانی تورکی، بەرەبەیانی ئەمڕۆ کاتژمێر 02:00 لەنێوان گوندەکانی بەشپێنار و دەرە لەناوچە شاخاوییەکانی شەنکایە سوپای تورکیا لەکاتی ئۆپەراسیۆنێکدا ڕووبەڕووی پێنج گەریلای پەکەکە بووەتەوە و شەڕ ڕوویداوە.[2]
- بەڕێوەبەری پەروەردەی کەلار ئەمڕۆ ڕایگەیاند، لیژنەیەکیان پێکهێناوە بۆ بەدواداچوونی کێشەی ئەو خوێندکارەی گوندی گمە، کە بەوتەی کەسوکارەکەی بەهۆی لێدانی لەلایەن مامۆستایەکەوەوە چاوێکی لەدەستداوە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏰 پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
🏰 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK
🏰 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ بەدلیس
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ کەلار (گەرمیان)
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ ئەرزەروم
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ خورماتوو
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-05-18

[2]	📡ماڵپەڕ | 🇮🇶 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-05-18
[3]	📡ماڵپەڕ | 🇮🇶 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-05-18

کاتی تۆمارکردن: 2017-05-18 9:10:14 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 137

## 2017-05-19

https://www.kurdipedia.org/?q=20170519085414101188



- نەوشیروان مستەفا لە سلێمانی کۆچی دوایی کرد.
- شۆرش حاجی وتەبێژی بزوتنەوەی گۆران بەمیدیای حزبەکەی ڕاگەیاندووە تەرمی نەوشیروان مستەفا لەسەر وەسیەتی خۆی لە گردی زەرگەتەی سلێمانی دەنێژرێت.
- لەوتەیەکیدا بۆ رۆژنامەنوسان شۆرش حاجی، ئاماژەی بەوەشکرد، سبەینێ کاتژمێر 10:00 لەسلێمانی تەرمی نەوشیروان مستەفا بەخاک دەسپێردرێت و پرسەکەی بەڕێوەدەچێت و دووسبەی لە مزگەوتی سەواف لەهەولێر پرسەی بۆ دادەنرێت.[1]
- بەدران ئوزتورک، پەرلەمانتاری شاری ئاگریی پارتی دیموکراتی گەلان-هەدەپە، دەستگیر کرا.
- بەرەبەیانی ئەمڕۆ کاتژمێر 03:00 چەتەکانی سەربە دەوڵەتی تورک بەچەکی قورس هێرشیان کردە سەر گوندی ئیسکای سەربە ناوچەی شێراوا و شەڕڤانانی یەپەگە و یەپەژەش وەڵامی ئەو هێرشانەیان دایەوە.[2]
- کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان- کەنەکە، بەبۆنەی کۆچی دوایی نەوشیروان مستەفا، ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆران پەیامێکی سەرەخۆشی بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند: لەدەستدانی نەوشیروان مستەفا بۆ باشوور و تەواوی کوردستان زیانێکی مەزنە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏟 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP
🏟 پارت / لایەن: 🕯 بزووتنەوەی گۆران
🏙 شار و شارۆچکەکان: ⛰ ئاگری
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ سلێمانی
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1]	●دیارینەکراو | 🇮🇶 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2]	📡ماڵپەڕ | 🇮🇶 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 2017-05-19

کاتی تۆمارکردن: 2017-05-19 8:54:14 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 138
**2017-05-20**
https://www.kurdipedia.org/?q=20170520140905101215



- تەرمی نەوشیروان مستەفا لە مزگەوتی گەورەی سلێمانییەوە بەرەو گردی زەرگەتە بەڕێکرا و لەوێ نێژرا. لە مەراسیمی ناشتنەکەیدا دەیان هەزار کەس بەخەمبارییەوە بەشداریی کرد. ناشتنی تەرمی نەوشیروان مستەفا بەیەکێک لە قەرەباڵغترین مەراسیمی ناشتن دادەنرێت لە مێژووی شاری سلێمانیدا. زۆربەی لایەنەکان جگە لە پارتی لە مەراسیمەکەدا وتاریان خوێندەوە. پرسەکەی لە مزگەوتی ئەحمەدی حاجی عەلی (ئەحە سوور) بوو لە سلێمانی و پاشتریش شاندێکی باڵای پارتی بەشداریی لە پرسەکەدا کرد.
- بە دروشمی بە بەرخودان دەبیەینەوە سێیەم کۆنگرەی نائاسایی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) لە شاری ئەنقەرە دەستپێکردوە و پەیامی سەڵاحەدین دەمیرتاش و فیگەن یوکسکداغ خوێنرایەوە.
- وەزارەتی ناوخۆی ئێران، سەرکەوتنی حەسەن ڕۆحانی لەهەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئە و وڵاتە ڕاگەیاند، بەوەش ڕۆحانی بۆ چوار ساڵی دیکە لە پۆستی سەرۆک کۆماردا دەمێنێتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏟 پارت / لایەن: 🕯 بزووتنەوەی گۆڕان
🏟 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP
🏙 شار و شارۆچکەکان: TR ئەنکەرە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ سلێمانی
Quick Respons Code:

🗄سەرچاوەکان
[1] ●دیارینەکراو | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
کاتی تۆمارکردن: 2017-05-20 2:09:05 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 139
**2017-05-21**
https://www.kurdipedia.org/?q=20170518134117101178

- بۆ کۆچی دوایی ڕێکخەری گشتی بزوتنەوەی گۆڕان نەوشیروان مستەفا، ئیدارەی کەرکوک بڕیاریدا ئاڵای کوردستان دابگیرێت و دوو ڕۆژ ماتەمی لەتەواوی پارێزگاکە ڕابگەیەنێت.
- پرسەی نەوشیروان مستەفا لە شاری هەولێر لە مزگەوتی سەواف بەڕێوەچوو، پرسەکەی هەولێریش بەیەکێک لە قەرەباڵغترین پرسەکانی مێژووی شاری هەولێر دادەنرێت. هیچ کام لە مەسعود بارزانی و نێچیرڤان بارزانی بەشداریی پرسەکەیان نەکرد.
- لە زۆربەی شارۆچکەکانی کوردستان و شارە گەورەکانی ئەوروپا، پرسەی نەوشیروان مستەفا بەڕێوەچوو.
- سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان لە میانی بەشداریکردنی لە مەراسیمی پرسەی نەوشیروان مستەفا، ڕێکخەری گشتی بزوتنەوەی گۆڕاندا ڕایگەیاند ئەگەر من لەجێگەی یەکێتی بومایە داوای یەکگرتنەوەم لە گۆڕان نەدەکرد.
- ڕۆژی بڵاوبوونەوەی ئەلبوومی ڕێژنەی محەمەدی ماملێ.
- ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆک کۆماری تورکیا جارێکی تر بووەوە بە سەرۆکی پارتی داد و گەشەپێدان- ئاکەپە.[1]




تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان

شار و شارۆچکەکان: کەرکوک

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2017-05-18 1:41:17 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 140

**2017-05-22**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170522094422101245



- بەرپرسێکی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان رایگەیاند، ئەمساڵ ساڵیادی دامەزراندنی حزبەکەیان ناکەنەوە، لەبەر کۆچی دوایی نەوشیروان مستەفا.
- سەردانی نێچیرڤان بارزانی بۆ گردی زەرگەتە و گۆری نەوشیروان مستەفا.
- فوئاد مەعسوم، سەرۆک کۆماری عێراق و هومام حەمودی، جێگری یەکەمی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق لە سلێمانی سەردانی گۆری نەوشیروان مستەفا-یان کرد و تاجە گوڵینەیان لەسەر گۆڕەکەی دانا.
- کۆنفرانسی سێیەمی پلاتفۆرمی داپران لە سلێمانی بەڕێوەچوو.
- بۆ یەکەمجار سەرکۆماری یۆنان سەردانی تورکیا دەکات.[1]
- لەچیای ئەمانۆسی شارۆچکەی ئوسمانییە لەپارێزگای هاتای شەڕ لەنێوان سوپای تورکیا و گەریلاکانی پەکەکە ڕوویدا و سەربازێکی تورکیا کوژرا.
- والی هەتای بەبیانوی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی لەدژی ئەندامانی پەکەکە لەچەند ناوچەیەکی شاخاوی لە ئیسکەندەرون و کریکهان و پایاس قەدەغەی هاتوچۆی ڕاگەیاند لە تورکیا.[2]
- بەرپرسی نووسینگەی رزگارکردنی رفێندراوانی دەستی داعش لە دهۆک رایگەیاند، ئەمرۆ دوو کچی ئێزدی لە گەڕەکە رزگارکراوەکانی لای راستی شاری موسڵ لە دەستی چەکدارانی داعش رزگارکراون.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | بزووتنەوەی گۆران |
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| شار و شارۆچکەکان: | موسڵ و دەشتی نەینەوا |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان

[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-05-22
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-05-22

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2017-05-22 9:44:22 AM |
| ناوی تۆمارکار: | هاوڕێ باخەوان |

---

بابەت: 141

**2017-05-23**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170523100837101266



- یان کۆبیش لە وتەیەکیدا لەبەردەم ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتوەکان رایگەیاند، گەورە بەرپرسانی هەرێمی کوردستان بەم دواییانە نیازی خۆیان راگەیاندووە کە دەیانەوێت لەکاتێکی دواتری ئەمساڵدا ریفراندۆم ئەنجام بدەن.
- بەپێی ئاژانسی ئەنادۆڵ-ی تورکیا، هاوکارییە سەربازییەکانی ئەمریکا بۆ پەیەدە لە 15 و 20ی ئایار لە رێگەی دەروازەی سنووریی سمێڵکای نێوان باشورو رۆژئاوای کوردستان-ەوە، بە دوو کاروانی جیاواز، نزیکەی 100 بارهەڵگر، چوونەتە ناوچەکانی ژێردەستی پەیەدە.[1]
- وەفدێکی باڵای پارتی دیموکراتی گەلان لە تورکیاوە بۆ بە شداریکردن لە پرسەی نەوشیروان مستەفا، سەردانی گردی زەرگەتەیان کرد و تاجەگوڵینەیان لەسەر گۆری نەوشیروان مستەفا دانا.
- پۆلیسی فیدراڵی عێراق لە ئۆپراسیۆنێکی سەربازیدا کچێکی کوردی ئێزدی لە لای راستی شاری موسڵ رزگارکرد و دوو سەرکردەی داعش لەهەمان ئۆپراسیۆندا کوژراون.[2]
- ئەمرۆ بلدۆزەرکانی دەوڵەتی تورک ئۆپەراسیۆنی خاپوورکردنی سووری ئامەدیان دەستپێکرد کە لەلایەن یونسکۆوە بە شوێنەواری مێژوویی ناسێندراوە.
- لە چوارچێوەی ئۆپەراسیۆنی قرکردنی سیاسی ئاکەپەدا، 18 چالاکوان و ئەندامی پارتی دیموکراتی گەلان- هەدەپە، لە ئزمیر دەستگیرکران.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - HDP |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ موسڵ و دەشتی نەینەوا |
| شار و شارۆچکەکان: | ◉ ئامەد |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-05-23
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-05-23
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 2017-05-23

کاتی تۆمارکردن: 2017-05-23 10:08:37 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 142

**2017-05-24**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170524105348101271




- ئەمڕۆ لە کۆنفرانسی زانکۆی کوردستان لەشاری هەولێرکە بە ئامادەبونی نێچروان بارزانی بەڕێوەدەچوو. لە کۆنفڕانسەکەدا (مایکڵ گۆنتەر) مامۆستای زانستی سیاسی لە تێنیسی ئەمریکی وتارێکی پێشکێش کرد. لە وتارکەدا گوتی: بە هۆی کورسیەکەی بارزانیەوە قەیرانەکانی هەرێم بەردەوامن. لە درێژەی وتارەکەیدا هێرشی کردە سەر سەرۆکی حکومەت و گوتی: نێچروان بارزانی ڕێگری لە سەرۆکی پەرلەمان و وزیرەکانی گۆران کرد بگەڕێنەوە هەولێر. ئەمەش بۆ پاراستنی کورسیەکەی مامی بوو. هەروەها باسی دژەتیرۆری پارتی کرد و کە لەلایەن کوری مسعود بارزانی بەڕێوە دەبرێت و لەولاشەوە لەلایەن برازاکەی جەلاڵ تالەبانی بەڕێوە دەبرێت، ئەوەش وادەکات چارەسەری دوخی هەرێم قورستربێت.
- چەکدارانی داعش بەرەبەیانی ئەمڕۆ بە حەوت خۆکوژ هێرشیان کردووەتە سەر گوندی باران کە لەژێر کۆنترۆڵی شەڕڤانان دایە هێرشەکەیان تێکشکێندراوە.
- لە کاتی ئۆپەراسیۆنی سەربازی لە چیای کاتو لە ناوچەی بیتوشەباپ لە شرناخ شەڕ لە نێوان سوپای تورکیا و ئەندامانی پەکەکە رویداوە و لە ئەنجامدا سەربازێک کوژراوە و دووانی دیکەش بریندار بوون.[1]
- پارتی گەشەپێدانی تورکمانی، کۆنگرەی چوارەمی خۆی بەبەشداری 300 ئەندام سازکرد و جارێکی تر محەمەد سەعدەدین بەکۆی دەنگی ئەندامانی کۆنگرە بە سکرتێری حزب هەڵبژێردرایەوەو ناوبراو رایگەیاند، وەک پارتی گەشەپێدانی تورکمان بەکۆی دەنگی ئەندامانی کۆنگرە پاڵپشتی خۆمان بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆی کوردستان راگەیاندووە.
- بەبەشداری ژمارەیەک زانکۆی بیانی و لەژێر ناونیشانی (توێژینەوەی زانستی بنچینەیەکی سەرەکییە بۆ گەشەپێدان لەهەرێم)، بەچاودێری وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی حکومەتی هەرێمی کوردستان، زانکۆی جیهان - سلێمانی، یەکەم کۆنفرانسی زانستی نێودەوڵەتی لەشاری سلێمانی دەستی بەکارەکانی کرد و بڕیارە ماوەی دوو رۆژ بەردەوام بێت.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK

شار و شارۆچکەکان: ○ شرناخ

شار و شارۆچکەکان: ○ سلێمانی

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەراست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-05-24

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەراست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-05-24

کاتی تۆمارکردن: 2017-05-24 10:53:48 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 143

**2017-05-25**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170525092258101278




- ماراسۆنی هیوا لە سلێمانی بەڕێوەدەچێت.
- کاتژمێر 11:00ی پێش نیوەڕۆی ئەمڕۆ فڕۆکە جەنگیەکانی تورکیا دەستیان بە بۆردومانکردنی ناوچەکانی دەڤەری بەرواری باڵای سەر بە شارەدێی کانی ماسێ کرد.
- هاوڵاتیانی میقدادیە خۆپیشاندانێکیان ئەنجامدا و ڕێگەی سەرەکی نێوان خانەقین و باقوبەیان داخست بۆ داواکردنی دەست لەکارکێشانەوەی بەڕێوەبەری گشتی پۆلیسی دیالە و بەڕێوەبەری چەند دەزگایەکی تر.[1]
- سوپای تورک بە چەکی قورس گوندەکانی ئەزری، تۆبال و کدرۆ-ی سەربە بلبلێی کانتۆنی عەفرین تۆپباران دەکات.
- کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان- ئێران، 15 هەمین کۆنگرەی خۆی کۆتایی پێهێنا، کە تێیدا عەبدوڵای موهتەدی جارێکی تر بە سەرۆک هەڵبژێردرایەوە، یەکێک لە بڕیارەکانی کۆنگرەکەشیان کارکردن بوو بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی هاوبەش لەگەڵ حزبە کوردیەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.
- هێزەکانی پۆلیسی تورکیا لە شارۆچکەی ئەردیشی سەربە شاری وانی باکوری کوردستان، هەڵیانکوتایە سەر ماڵی هاوڵاتیان و دەیان سیاسەتمەداری کوردیان دەستگیرکرد.[2]
- کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ئەمڕۆ ڕەزامەندی ئەنجومەنی کۆمسیاران راگەیاند بۆ مۆڵەتدان بەدامەزراندنی پێنج پارتی نوێ، کە یەکێکیان کوردییە.
- خەسرەو گۆران ئەندامی پەرلەمان لە فراکسیۆنی پارتی ئەمڕۆ لەکۆبوونەوەی پەرلەماندا نامەی دەستلەکارکێشانەوەی پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمان کرد.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK |
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| 🏛 پارت / لایەن: | ☭ کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان - ڕۆژهەڵات |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ ئەفرین |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ خانەقین |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ ئامێدی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ سلێمانی |

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 25-05-2017
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 25-05-2017
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 25-05-2017


کاتی تۆمارکردن: 2017-05-25 9:22:58 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 144

**2017-05-26**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170526095254101290



- ئەمڕۆ هێزەکانی پاراستنی گەل – هەپەگە ڕایگەیاند، کە لە چیای تەندورەک و لە هەرێمی دەرسیم لە باکوری کوردستان لە چەند چالاکییەکی جیادا 12 سەرباز و جەردەوانێک کوژران.
- سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ هێزەکانی پۆلیسی تورک هەڵیانکوتایە سەر خوێندکارانی کورد لە زانکۆی یوزونجی یل-ی شاری وان لە باکوری کوردستان، 11 خوێندکاریان دەستگیر کرد.
- ئاژانسی هەواڵی فورات لەسەر زاری سەرچاوە خۆجێییەکانەوە بڵاوی کردووەتەوە، سەرلەبەیانی ئەمڕۆ دەستڕێژی گوللە کراوە لە ژمارەیەک کۆڵبەر لە ناوچەی هەورامانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە ئەنجامدا کۆڵبەرێک گیانی لە دەستداوە و چەند کۆڵبەری دیکەش بریندار بوون.
- گروپی هیومان ڕایتس ووچ لەڕاپۆرتێکدا ڕایگەیاندووە، سەرەڕای ئەوەی نیوەی دەرچووانی زانکۆکانی ئێران کچن، بەڵام تەنیا 15%یان وەک هێزی کار سەرقاڵی کارکردنن، ئەمەش وەکو جیاکاری ڕەگەزی دژی ژنان لە بواری کارکردندا سەیر دەکرێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK
شار و شارۆچکەکان: ○ دێرسیم
شار و شارۆچکەکان: ○ وان
شار و شارۆچکەکان: ○ پاوە (هەورامانی تەخت)

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 2017-05-26

کاتی تۆمارکردن: 2017-05-26 9:52:54 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 145

## 2017-05-27

https://www.kurdipedia.org/?q=20170527212939101295

- بزوتنەوەی گۆڕان ڕایدەگەیەنێت لەگەڵ یەکێتیدا دوو ڕێککەوتنیان هەیە، بەڵام ڕێککەوتنی سیاسی نێوانیان بە گرنگتر دەزانن، دەڵێت جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە دەبێتە دەستکەوتێکی گەورە بۆ ئێمە و یەکێتی.
- پەرلەمانتارێکی عێراق رایدەگەیەنێت، لەفرۆکەخانەی نێودەوڵەتی بەغدا دەستگیراوە بەسەر حەوت تۆن و 350 کیلۆ مادەی هۆشبەرو دەرمانی ماوەبەسەرچوو و بەشێک لە و دەرمانەش بە قاچاغ رەوانەی هەرێمی کوردستان کراوە، هاوکات وەزارەتی تەندروستی هەرێمیش رەتیدەکاتەوە دەرمانی ماوەبەسەرچوو هاتبێتە هەرێمەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان

پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-05-27

کاتی تۆمارکردن: 2017-05-27 9:29:39 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 146

## 2017-05-28

https://www.kurdipedia.org/?q=20170528100450101296



- بەپێی بەیاننامەیەکی دەستەی ئەرکانی سوپای تورکیا، فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورکیا لەسەر بنەمای زانیاری هەواڵگری، سەرلەبەیانی ئەمڕۆ هێرشی ئاسمانیان کردووەتە سەر حەوت ئامانجی پەکەکە، لەناوچەی ئاڤاشین لە سنوری هەرێمی کوردستان.[1]
- شەوی رابردوو لەسنوری ڕۆژئاوای شارۆچکەی خورماتوو، هێزەکانی پێشمەرگە هێرشێکی چەتەکانی داعشیان تێکشکاند و هەشت پێشمەرگەش برینداربوون.[2] یەک لە برینداەکان فەرماندە عەوڵا بۆر بوو.
- بانکی ناوەندی عێراق بڕیاریدا دوو لق لە هەر یەک لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی بکاتەوە، کاری ئەم دوو لقەش مامەڵەی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ بانکە بازرگانییەکانی هەرێم دەبێت و بە ناڕاستەوخۆش مامەڵە لەگەڵ کۆمپانیا و وەبەرهێنەرەکاندا دەکەن.
- دەسەڵاتدارانی تورکیا بەهۆی ئەنجامدانی ئۆپراسیۆنێکی سەربازی بەرفراوانەوە قەدەغەکردنی هاتوچۆیان بەسەر 59 گوندی سەر بە چوار شارۆچکەدا لە شاری ئامەد سەپاند.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK |
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| شار و شارۆچکەکان: | خورماتوو |
| شار و شارۆچکەکان: | ئامەد |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 28-05-2017
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 28-05-2017
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 28-05-2017

کاتی تۆمارکردن: 28-05-2017 10:04:50 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 147
**29-05-2017**
https://www.kurdipedia.org/?q=20170529085610101303



- وتەبێژی وەزارەتی پەروەردە ئاشكرای دەكات كە ئەنجومەنی وەزیران پرۆژەی وەزارەتەكەیانی پەسەندكردووە سەبارەت بەوەی لە داهاتوودا كار بۆ ئەوە بكرێت منداڵا لە تەمەنی 5 ساڵییەوە بچێتەبەر خوێندن.
- كەمئەندامان لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیران یاداشتێكی نیگەرانی و ناڕەزاییان ئاڕاستەی حكومەتی هەرێم كرد و داوایانكرد ئاوڕ لە ژیانیان بدرێتەوە و دەڵێن لە لێواری مەرگداین و رێگریش لە ژمارەیەك كەمئەندام كرا بۆ ئەوەی بچنە ناو هەولێر و بەشداری ئەو گردبوونەوەیە بكەن.
- بەرپرسێكی باڵای وەزارەتی پێشمەرگە ئاشكرایدەكات، ئەڵمانیا نەخۆشخانەیەك لە شاری هەولێر بۆ چارەسەركردنی پێشمەرگە بریندارەكان دروستدەكات، نەخۆشخانەكە زیاتر لە پێنج ملیۆن یۆرۆی بۆ تەرخانكراوە.
- بەڕێوبەرایەتی كەشناسی و بومەلەرزەزانی هەرێم بڵاویكردۆتەوە، كاتژمێر 5:16 خولەكی بەرەبەیانی ئەمڕۆ بومەلەرزەیەك لە دووری 39 كیلۆمەتر لە سنووری شاری هەولێر و 22كیلۆمەتر لەشاری كۆیە و 46 كیلۆمەتر شارۆچكەی ڕەواندووزی هەژاندووە. بومەلەرزەكە لە قووڵی 11مەتر و بە گوری (3،1) بە پلەی رێختەر ڕوویداوە.[1]
- بیرە نەوتێكی كێڵگەی بای حەسەن لەسنوری پارێزگای كەركوك ئەمڕۆ گڕیگرت.
- كۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و راپرسی هەرێمی كوردستان رایگەیاند، ئەمڕۆ وەڵامی حزبەكان لەبارەی ئامادەكارییەكانی هەڵبژاردن و شێوازی بەڕێوەچوونییەوە وەردەگرن و سێ ملیۆن و نیو هاوڵاتی مافی دەنگدانیان هەیە لەهەڵبژاردنەكانی داهاتوو.
- بەرپرسی كۆمیتەی یەكێتی لە ئامێدی رایگەیاند، شەوی رابردوو كاتژمێر 11:23 خولەكی شەوی رابردوو دوو كارمەندیان لەلایەن مەفرەزەیەكی ئاسایشەوە دەستگیركراون و تاوەكو ئێستا یەكێكیان لای ئاسایشە و ئەوەی دیكەیان ئازادكراوە.[2]
- بەسیمە كۆنجا، پەرلەمانتاری شاری سێرتی پارتی دیموكراتی گەلان- هەدەپە، بۆ دووەمجار دەستگیركرا.
- سوپای تورك كە لە چەند ڕۆژی ڕابردوو لە تەندورەك گورزی كوشندەی لەلایەن گەریلاكانەوە لێدراو و 55 سەرباز كوژران، جموجووڵەكانی لە دەوروبەری تەندورەك زیاتركردووەو ژمارەیەكی زۆر سەربازی بۆ ئەو شوێنە ناردووە. بەگوێرەی سەرچاوە خۆجێیەكان، ئەمڕۆ سوپای تورك بە پاس و ئۆتۆمبێلی سەربازی ژمارەیەكی زۆری سەرباز و بەكرێگیراو و یەكینە تایبەتەكانی سوپای ناردووە بۆ ناوچەی تەندورەك-ی سەربە شاری ئاگری لە باكوری كوردستان. تەندورەك ماوەی چەند ڕۆژێكە شەڕی زۆر قورسی تێدا بەڕێوەدەچێت، ئەو سەرچاوانە باس لەوە دەكەن كە لە دوێنێوە 15 پاسی هەڵگری هێزەكانی سوپای تورك ڕەوانەی ئەو ناوچەیە كراون.
- گەنجانی كورد وەك دژایەتییەك بۆ قەدەغەكردنی ئاڵای پەكەكە لە ئەڵمانیا، ئاڵای پەكەكە و پۆستەری عەبدوڵا ئۆجالانیان بە هەریەكە لە كونسولخانەو باڵیۆزخانەی ئەڵمانیا لە فەرەنسا هەڵواسی.[3]

تایبەتمەندییەكانی بابەت

🏰 پارت / لایەن: یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان

🏰 پارت / لایەن: پارتی كرێكارانی كوردستان - PKK

🏙 شار و شارۆچكەكان: ○ سێرت

🏙 شار و شارۆچکەکان: 🌋 ئاگری
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ ئامێدی
Quick Respons Code:

📚سەرچاوەکان
[1] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دوارۆژ - 2017-05-29
[2] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-05-29
[3] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 2017-05-29

کاتی تۆمارکردن: 2017-05-29 8:56:10 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 148
**2017-05-30**
https://www.kurdipedia.org/?q=20170530085754101308




- هەردوو وەزارەتی پەروەردە و گواستنەوەی هەرێم رێککەوتن لەسەر راگرتنی خزمەتگوزاریەکانی ئینتەرنێت لەکاتی بەڕێوەچوونی تاقیکردنەوە نیشتمانیەکانی پۆلەکانی 9و12ی ئامادەیی کە لە 15ی مانگی حوزەیرانەوە دەستپێدەکات و تا 17ی تەموز بەردەوام دەبێت.
- فەرماندەیەکی هێزەکانی پاراستنی گەل (هەپەگە) رایدەگەیەنێت، بارودۆخی شەنگال بەتەواوی ئارامە و تەنها لە دەوروبەری شەنگال ناوە ناوە شەڕو ئاڵوزی ڕوودەدات، ئاماژە بەوەش دەکات کە تەنها 5%ی شەنگال لە ژێر دەسەڵاتی داعشدا ماوە.
- دوو چەکداری داعش لە سنووری گوندی ئەلبوفورجەی سنووری قەزای دوبز دزەیان کردبووە ناو قەزاکە و دوای رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هێزە ئەمنییەکان هەردوکیان کوژران. لەڕووبەڕووبوونەوەکەدا سێ شەهیدیش لەدەزگا ئەمنییەکان هەبووە لەگەڵ یەک بریندار.[1]
- رەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆککۆماری تورکیا، رایگەیاند، ناوەندی پارێزگای هەکاری باکوری کوردستان دەگوازنەوە بۆ گەڤەر و شرناخیش بۆ جزیرە دەگوازنەوە.
- دادگای ئامەد بڕیاری دەستگیرکردنی عوسمان بایدەمیر، پەرلەمانتاری پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە)ی دەرکرد.
- دووەمین کۆنگرەی ئەنجومەنی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتی شەنگال بە ئامادەبوونی 400 کەس لە هاوڵاتیانی ئێزدی هەموو جیهان دەستپێکرد.
- دەوڵەتی تورک لە شارۆچکەکانی لیجە، پیران، هێنێ و کاراز-ی سەربە ئامەد دەستی بە ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆن کرد و لە 43 گوندی سەربەو شارۆچکانە قەدەغەی هاتوچۆی ڕاگەیاند.[2]

- بەرپرسی ڕاگەیاندنی حەشدی شەعبی لە میحوەری باکور، بە خەندان-ی ڕاگەیاند هەزار و 500 تەرمیان لە گۆڕەبە کۆمەڵەکانی گوندی کۆجۆ دۆزیوەتەوە لەداوی کۆنترۆڵکردنەوەی.
- فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورک، ناوچەی قەڵاتووکان و شەهید هاروونی-یان لە قەندیل بۆردوومان کرد.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏟 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - HDP |
| 🏟 پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| 🏟 پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ شنگال |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◉ ئامەد |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | 🔥 کەرکوک |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ جزیرا بۆتان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ شرناخ |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ هەکاری |
| Quick Respons Code: | |


سەرچاوەکان
[1] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-05-30
[2] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-05-30
[3] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-05-30



کاتی تۆمارکردن: 2017-05-30 8:57:54 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان


---

بابەت: 149

**2017-05-31**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170531090357101317


به وێنه.. یەکێتی چی بە گۆڕان و نەوشیروان مستەفا نەکرد 10
"وەزارەتی تەندروستی گرنگی بە سلێمانی دەدات و جیاکاری دەکات" 6
وشە
کورەکانی نەوشیروان مستەفا دەیانەوێت ببنە بڕیاردەر لەناو گۆڕاندا
چیا بۆ خانەی راپەڕاندن و نما بۆ جڤات 3
دراوێکی نوێ لە کوردستان مامەڵەی پێوە دەکرێت 12
دار بە ڕۆحی تواناسازینا دەدرێ 13
ئێران حەشدی شەعبی وەک فشار دژی سەربەخۆیی کوردستان بەکار دێنێ 2
شەڕی بەوەکالەت بۆ شێواندنی خاک و لاوازبوونی گەل 13
نزرگە نییە ڕێگەیە 5

- زەکەریا گوزوپەک، سەرۆکی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی ئاژانسی دیها و محەمەد عەلی ئەرتاش، سەرنووسەری بەشی کوردی ئاژانسەکە دەستگیرکران.[1]
- لە ناوچەی شەنۆبای شاری شرناخی باکوری کوردستان کۆپتەرێکی سەربازیی سوپای تورکیا کەوتە خوارەوە. میدیاکانی تورکیا بڵاویان کردەوە کە کۆپتەرەکە لە جۆری (سیکۆرسکای ئێس 70) بووە بێ ئەوەی هۆکاری کەوتنە خوارەوەکەی زانرابێت. بەهۆی ئەو رووداوەوە 11 سەربازیی سوپای تورکیا کوژران کە یەکێکیان رابەری یەکەیەکی سەربازیی بووە.
- بەرپرسی راگەیاندنی دەزگای گشتی کاروباری مین لە پارێزگای هەولێر ڕایدەگەیەنێت کە سەرلەبەیانی ئەمڕۆ کارمەندێکی دەزگاکەیان بەناوی بەختیار عزەت برادۆستی لە کاتی کارکردن لە سنوری قەزای سۆران مینێکی پێدا تەقیوەتەوە و دەستبەجێ گیانی لەدەستداوە. [2]
- وەزارەتی بەرگری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، بەفەرمی رەوانەکردنی چەک و ئۆتۆمبێلی سەربازی بۆ شەڕڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات راگەیاند.
- ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی تورکیا رایگەیاند بڕیارەکەی حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ پڕچەککردنی هێزەکانی یەپەگە لەسوریا لەلایەن هاورێ و هاوپەیمانێک شیاو نییە.
- کاتژمێر 10:00ی پێشنیوەڕۆی ئەمڕۆ فڕۆکەکانی تورکیا دوو جار بەسەختی بۆردومانی ناوچەکانی بناری قەندیل-یان کرد.
- لە ڕوونکردنەوەیەکدا، ئەنجومەنی وەزیران ئاماژەی بەوەکردووە، نوێترین سکاڵای کۆمپانیای دانە غاز لەدژی حکومەتی هەرێم سەبارەت بە و زیانانەی پێی گەیشتووە بەهۆی دواخستنی پەرەپێدانی کێڵگەکانەوە هێشتا لە دادگا تاوتوێ نەکراوە، بەڵام وادیارە هەندێک میدیا لە کوردستان بەئەجێندای سیاسی زانیاری لەبارەی ئە و سکاڵایەوە بڵاودەکەنەوە و کە چەواشەکارانە و پڕ کەموکوریە.[3]
- عەزیز محەمەد سیاسەتمەداری کوردو سکرتێری پێشووتری حزبی شیوعی عێراق ئەمڕۆ کۆچی دوایی کرد.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ سۆران

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ رانیە (پشدەر)

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ شرناخ

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] 📡ماڵپەڕ | 🗋 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 2017-05-31

[2] 📡ماڵپەڕ | 🗋 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-05-31

[3] 📡ماڵپەڕ | 🗋 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-05-31

[4] ●دیارینەکراو | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
کاتی تۆمارکردن: 2017-05-31 9:03:57 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 150
## 2017-06-01
https://www.kurdipedia.org/?q=2017060108480093629



- تەرمی عەزیز محەمەد، کەسایەتی سیاسی و سکرتێری پێشووتری حزبی شیوعی عێراق برایە بارەگای کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی لە هەولێر و پاشان بەرە و گۆڕستان بەڕێکرا.[1]
- وەزارەتی سامانە سروشتییەکان ئەمڕۆ لە راگەیەندراوێکدا لە بارەی سکاڵایەکی کۆمپانای داناگاز، ئاماژەبەوەدەکات، تاوەکو ئێستا دانیشتنی دادگایی لەسەر سکاڵاکەی دانەگاز ئەنجامنەدراوە و بەشێک لەو زانیارییانەی لە میدیاکان بڵاوکراونەتەوە دوورن لە راستییەوە.
- واپریاربوو ئەمڕۆ کاتژمێر 11ی پێشنیوەڕۆ لە بەردەم سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران گردبونەوەیەک لەلایەن کۆمەلێک چالاک و رۆژنامەنووس، لەدژی بەفیڕۆدانی سامانی وڵات و کەیسەکانی نێوان حکومەت و کۆمپانیای داناگاز ئەنجامبدرێت، بەڵام هێزە ئەمنییەکان رێگریان لە ئەنجامدانی گردبوونەوەکە کرد و هێمن مامەندی رێکخەری گردبوونەوەکەشیان دەستگیرکرد.[2]
- لە شاری هەولێر گردبوونەوەیەکی ناڕەزایی دژی دەستگیرکردنی ئارام بەختیار، پەیامنێری ئێن ئاڕ تی بە بڕیاری دادگای کەلار بەڕێوەچوو.[3]
- دوای سێ ساڵ دووری، ئەمڕۆ نادیە موراد باڵیۆزی نیازپاکی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان گەیشتەوە گوندی کۆجۆ لە خۆرهەڵاتی قەزای بەعاج.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏰 پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
Quick Respons Code:

🗄سەرچاوەکان
[1] ●دیارینەکراو | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-06-01
[3] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 2017-06-01
کاتی تۆمارکردن: 2017-06-01 8:48:00 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 151

**2017-06-02**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170602084108101334



- وتەبێژی هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی دژ بە داعش رایگەیاند، تائێستا چەکی قورسیان بە پەیەدە نەداوە لەبەرامبەر خۆپاراستن لە ئۆتۆمبێلە زرێپۆشەکان، بەڵام لەکاتی نزیکبوونەوەیان بۆ رەققە چەکی قورسیان دەدەنێ.
- فلادیمێر پۆتین سەرۆکی روسیا و نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان لە سانپترسبۆرگ کۆبوونەوە.
- شاندی حکومەتی هەرێم لەروسیا هەر ئەمرۆ لەگەڵ سێرگی لاڤرۆڤ وەزیری دەرەوەی ئە و وڵاتە لە سان پترسبۆرگ کۆبوونەوە.[1]
- جارێکی تر عوسمان بایدەمیر گیرایەوە.
- بۆ یەکەمجار لە مێژووی کوردستاندا، کونسوڵخانەی ئەمریکا ئاڵای رەگەزبازیی لەسەر بینای کونسوڵخانەکە هەڵکرد.
- لە سنوری شارەدێی چوارقورنەی ئیدارەی ڕاپەڕین ڕووبەرێکی زۆری دانەویڵەی جوتیاران سوتا.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ رانیە (پشدەر) |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان

[1] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-06-02

[2] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-06-02

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2017-06-02 8:41:08 AM |
| ناوی تۆمارکار: | هاوڕێ باخەوان |

---

بابەت: 152

**2017-06-03**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170603100352101347


یانەی کوردی لە هۆڵەندە "میدیـــــا"
Koerdische Vereniging in Nederland - Midia
MIDIA
بانگێشتنامەی تایبەت رۆژی 03-06-2017
بێ بەرانبەر بۆ بینینی نمایشی شانۆگەری (دەڵەمە و نارنجۆک)ی
گرووپی شانۆی بێسنور لە شاری زوولەمیر
De Pudding met Granaten

- ناوەندی ڕاگەیاندنی هێزەکانی پاراستنی گەل- هەپەگە، سەبارەت بە چالاکییەکانی ئەم دواییانەی گەریلاکان لە قارس، ئامەد و شرناخ ڕاگەیەنداوێکی بڵاوکردەوەو تێیدا کوژرانی شەش سەربازی تورکیای ڕاگەیاند.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏟 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◉ ئامەد
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ شرناخ
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ قارس
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] 📡 ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 03-06-2017
کاتی تۆمارکردن: 03-06-2017 10:03:52 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 153
**2017-06-04**
https://www.kurdipedia.org/?q=20170604095821101353



- شەڕڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات، بەتەواوی بەنداوی حوریە-یان کۆنترۆڵکرد.
- پێشمەرگەیەک و ئاسایشێکی شاری هەولێر لە ئاوی گەلی عەلی بەگ-دا خنکان، کە زاوا و کورە خەزووری یەکترن.
- لە ڕاگەیەنداوەکەی هەپەگەدا هاتووە:یەکی ئەم مانگەدا، لە شاری مووش لە دژی یەکینەی سەربازە نهێنییەکانی تورکیا چالاکییەک بەڕێوەچوو، لە ئەنجامدا 13 سەرباز کوژراون، هەروەها لە ئامەد دوو دژەگەریلا 'کۆنترا گەریلا'، کوژراون و لە بازیدیش سەربازێک کوژراو لە سێرتیش چالاکییەک بەڕێوەچوو.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏟 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ موش
Quick Respons Code:

🗄سەرچاوەکان
[1] 📡ماڵپەڕ | 🖧 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-06-04
کاتی تۆمارکردن: 2017-06-04 9:58:21 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 154
**2017-06-05**
https://www.kurdipedia.org/?q=20170605182646101360




- ناوەندی ڕاگەیاندنی هێزەکانی پاراستنی گەل – هەپەگە ڕایگەیاند، کە لە چیای کاتۆ و لە دێرسیم لە دێرسیم 16 سەربازی سوپای تورکیا کوژراون، هەروەها زیان بە فڕۆکەیەکی سکۆرسکی گەیەنراوە، بەڵام نەکەوتووەتە خوارەوە.[1]
- شەش ئەندامی خێزانێکی خەڵکی سەیدسادق بەهۆی ڕووداوی هاتوچۆوە لە ڕێی هەولێر-کەرکوک گیانیان لەدەستدا.[2]
- وەزارەتی ناوخۆی تورکیا بانگێشتی لیستێکی 130 کەسی کردووە بۆ گەڕانەوە بۆ ئە و وڵاتە و پەیوەندیکردن بە لایەنی پەیوەندیدارەوە، بەپێچەوانەشەوە هەڕەشەی لێسەندنەوەی مافی هاوڵاتیبوونیان لێدەکات. لەناو لیستەکەدا ناوی فەتحوڵا گولەن، رابەری ئاینی و فەیسەڵ سارییڵدز و توبا هەزەر ئۆزتورک، پەرلەمانتارانی هەدەپەی تێدایە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏛 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK
🏛 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ دێرسیم
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ سەیدسادق (شارەزوور)
Quick Respons Code:

🗄سەرچاوەکان
[1] 📡ماڵپەڕ | 🖧 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-06-05
[2] ●دیارینەکراو | 🖧 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] 📡ماڵپەڕ | 🖧 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-06-05
کاتی تۆمارکردن: 2017-06-05 6:26:46 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 155
**2017-06-06**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170606093431101369



- بەرپرسی نووسینگەی رزگارکردنی رفێندراوانی دەستی داعش رایدەگەیەنێت، توانیویانە ژنێک و سێ لە منداڵەکانی بەهەماهەنگی لەگەڵ هاوکارانیان لە سوریا لە دەستی چەکدارانی داعش رزگاربکەن.
- فیگەن یوکسەکداغ، پەرلەمانتار و هاوسەرۆکی پێشوی هەدەپە بەتۆمەتی بانگەشەکردن بۆ پەکەکە سزای ساڵێک و شەش مانگ زیندانیکردنی بەسەردا سەپێندرا.
- ئاگرێکی بەهێز لە زەوییە کشتوکاڵییەکانی دەشتی شارەزوور لە نزیگ گوندی قەرەگۆل کەوتەوە و بە و هۆیەشەوە زیاتر لە 60 دۆنم گەنمی جوتیارانی سنورەکە سوتا.[1]
- شەڕڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات، ئەمڕۆ لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی ناوەندی شاری رەققەیان راگەیاند.[2]
- بەگوێرەی هەواڵێکی کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستان سێ گەنجی کورد لە دوو گوندی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و شاری تاران-ی پایتەختی ئێران لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا خۆیان کوشتووە.
- هەڵۆکانی ئازادی کوردستان- تاک، بە بڵاوکردنەوەی ڕاگەیەندراوێک بەرنامەکانی بۆ داهاتوویەکی نزیک خستە ڕوو و ڕایگەیاند، کە لە دەهاتوویەکی نزیکدا هەموو شارە گگەورەکانی تورکیا دەکەنە مەیدانی شەڕو هۆشداریشی دایە گەشتیاران.
- سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ هێزەکانی پۆلیسی تورک هەڵیانکوتایە سەر ماڵی چەندین چالاکوانی سیاسی و سیاسەتمەداری کوررد لە شارۆچکەکانی سەربە دەرسیم و حەوت کەسیان دەستگیرکرد.
- کۆمیسێری باڵای مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان دەڵێت، کە تورکیا ڕێگا نادات لە بارەی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤەوە لە باشوری ڕۆژهەڵاتی وڵات 'باکوری کوردستان' لێکۆڵینەوە بکەین.[3]
- بەپێی ڕاپۆرتی سەرچاوەکانی مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەندکراوێکی کوردی خەڵکی شاری (خورەمئاوا)ی پاریزگای لورستان بەناوی (هومایۆن توولابی) تەمەن 30 ساڵ لە زیندانی ناوەندیی ئەو شارە لەلایەن دەزگای دادوەریی ئێرانەوە لەسێدارە درا.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

🏛 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ لورستان

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ سەیدسادق (شارەزوور)

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ دێرسیم

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 06-06-2017
[2] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 06-06-2017
[3] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 06-06-2017

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 06-06-2017 9:34:31 AM |
| ناوی تۆمارکار: | هاوڕێ باخەوان |

---

بابەت: 156

**07-06-2017**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170607095435964?1



- چوار کەس بە تەقەکردنەوە هێرشیان کردە سەر پەرلەمانی ئێران لە شاری تاران و هەشت کەسیان بریندارکرد، کە یەکێکیان دواتر گیانی لە دەستدا.
- چەند کەسێک لەناو مەزارگەی خومەینی لەباشوری تاران بەیانی ئەمڕۆ تەقەیان کردووە، چەند کەسێک بریندار بوون و هێرشبەرێک خۆی تەقاندەوە. هەندێک لە سەرچاوەکان لە هێرشەکانی ئەمڕۆی ئێران باس لە 8 کوژراو و زۆرتر لە 10 بریندارەکەن.[1]
- شەڕڤانان چوونە ناو گەڕەکێکی شاری ڕەققەوە.
- لە 14 گوندی سەربە شارۆچکەی خیزانی شاری بەدلیسی باکوری کوردستان قەدەغەی هاتوچۆ ڕاگەیەندرا.
- ناوەندی ڕاگەیاندنی هەپەگە ئەمڕۆ ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوەو ڕایگەیاند، کە لە چوارچێوەی چالکییەکانی ئەم دواییانەی گەریلاکاندا لە جولەمێرگ 15 سەرباز، لە مووش حەوت و لە چەولکیش دوو سەربازی تورک کوژراون.
- نوێنەرانی کۆنگرێسی ئەمریکی بڕیارنامەیەکیان پەسندکرد و داوایان کرد لێپێچینەوەی یاسایی بکرێت لەگەڵ پاسەوانەکانی ئەردۆغان و ڕێگری ئەنجام بدرێت لە دووبارەبوونەوەی ڕووداوی لەو جۆرە.[2]
- لیژنەی پاراستنی ئەرشیفی نەوشیروان مستەفا رایگەیاند، لەچاپدان و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی نەوشیروان مستەفا قەدەغەکراوە و بەپێچەوانەوە ڕێکاری یاسایی دژی هەر کەسێک دەگیرێتەبەر کە ئەوکارە بکات.
- حزب و لایەنە سیاسییەکانی بەشدار لە کۆبوونەوەی ئەمڕۆی بارزانی و لایەنە سیاسییەکان ڕێککەوتن لەسەر ئەنجامدانی پرۆسەی ریفراندۆم لە رۆژی 25 ی ئەیلولی ئەمساڵدا. هەروەها لەکۆبوونەوەکەدا بڕیاردراوە رۆژی شەشی تشرینی دووەمی ئەمساڵ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بەڕێوەبچێت.
- ئۆرسوڵا ڤۆندەرلین، وەزیری بەرگری ئەڵمانیا، رایگەیاند، کشانەوەی هێزەکانیان لەبنکەی ئاسمانی ئینجەرلیک-ی تورکیا لە ئەنجومەنی وەزیرانی وڵاتەکەی پەسەندکراوە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK |
| 🏛 پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |

| | |
|---|---|
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ بەدلیس |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ جولەمێرگ |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ موش |
| Quick Respons Code: | |

🗄 سەرچاوەکان
- [1] ●دیارینەکراو | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
- [2] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 2017-06-07
- [3] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-06-07

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2017-06-07 9:54:35 AM |
| ناوی تۆمارکار: | هاوڕێ باخەوان |

---

بابەت: 157

**2017-06-08**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170608103545101397



- شەوی ڕابردوو، لە پۆلیسی سلێمانی، لەلایەن مەفرەزەکانی هێزەکانی پۆلیسی پارێزگاوە کۆرپەلەیەکی تازە لە دایکبوویان دۆزرایەوە.[1]
- لەیەکەم کاردانەوەی نێودەوڵەتیدا سیگمار گابرێل وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا نیگەرانیی بەرلینی دەربڕی لەبارەی پرسی ئەنجامدانی ریفراندۆم لە 25ی مانگی ئەیلولی داهاتوودا.
- ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هۆشداریی دەداتە هەرێمی کوردستان لەوەی ئەنجامدانی ریفراندۆم، هەموو ئاگاییەکان لەبارەی شەڕی داعشەوە ناهێڵێت، هاوکات واشنتۆن دەشڵێت ڕێز لەئیرادەی خەڵکی کوردستان دەگرین.
- ماریا زاخرۆڤا، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ڕوسیا، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ئەمڕۆ ایگەیاند لێدوانەکانی دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستانی عێراق سەبارەت بە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە مانگی ئەیلولی ئەم ساڵدا، سەرنجی ڕاکێشاوین. جەختیشی لەسەر ئەوەکردەوە کە ڕوسیا پشتیوانی یەکپارچەیی خاکی عێراق و ڕێزگرتن و ڕەچاوکردنی مافە ڕەواکانی سەرجەم تایەفە و کۆمەڵە نەتەوەییەکان دەکات بەبێ مەرج، کوردەکانیش گەورەترین نوێنەری ئە و کۆمەڵانەن. [2]
- ناوەندی ڕۆشنبیری ئەندێشە لە سلێمانی دەستی بە هەڕاجکردنی کتێبەکانی کرد، ئەوەش دوای ئەوەی لە ماوەی ڕابردوودا ڕاگەیەندرا، کە بەهۆی قەیرانی داراییەوە ئەگەری داخستنی ناوەندەکە هەیە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ سلێمانی
:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] ●دیارینەکراو | 🖹 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] 📡ماڵپەڕ | 🖹 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-06-08
[3] 📡ماڵپەڕ | 🖹 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-06-08

کاتی تۆمارکردن: AM 10:35:45 2017-06-08
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 158
**2017-06-09**
https://www.kurdipedia.org/?q=2017060909515198166



- وەزارەتی دەرەوەی تورکیا، هەڵوێستی وڵاتەکەی لەسەر ریفراندۆمی هەرێمی کوردستان ڕاگەیاند و ئە و پرۆسەیە بە هەڵەیەکی گەورە ناودەبات.
- بەگوێرەی سەرچاوە خۆجێییەکان لە شارۆچکەی چەلێی سەربە جولەمێرگ، شەوی ڕابردوو کاتژمێر 09:00 هەلیکۆپتەرێکی سوپای تورک لە جۆری سکۆرسکی، خراوەتە خوارەوە، کە 16 سەربازی تورکی تێدابووە و هەموویان بە بریندارى لە ناوچەکە گوازراونەتەوە.سوپای تورکیش لە لێدوانێکدا ڕایگەیاندووە، هەلیکۆپتەرێکی سوپا کاتێک بەنیازبووە بنیشێتەوە بە رۆکێتێکی گەریلاکانی هەپەگە بە ئامانج گیراوە و کەوتووەتە خوارەوە.[1]
- سەرۆک وەزیرانی تورکیا لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا رایگەیاند ئەنجامدانی ریفراندۆم لەهەرێمی کوردستان پلانێکی نابەرپرسانەیە.
- رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامیی (داعش) گرتەی ڤیدیۆیی پێش هێرشەکەی سەر تارانی بڵاوکردەوە کە گروپێک خۆی ئامادەکردووە و بەکوردی قسە دەکەن و رایدەگەیەنن دەستی ئێران گەیشتووەتە موسڵ و سوریا و لیبیا، بۆیە دەبێت رێگریان لێ بکرێت.
- سایتی RTی روسی بڵاویکردەوە لەپارێزگای ئیلامی رۆژئاوای ئێران دەستدرێژی گوللە لەهاوڵاتیان کراوە و کەسێک کوژراوە و دوو کەسی دیکە بریندواربوون.
- وەزارەتی ئاسایشی ئێران لەبەیاننامەیەکدا رایگەیاند لەچەند پرۆسەیەکی هەواڵگریدا لەپارێزگاکانی کرماشان و کردستان و ئازەربایجان و تاران 51 کەس ئەندامی داعش دەستگیرکراون.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏛 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK


🏛 پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ کرماشان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ ئیلام
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ جوڵەمێرگ
Quick Respons Code:

🗄سەرچاوەکان
[1] 📡ماڵپەڕ | 🗺 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 09-06-2017
[2] 📡ماڵپەڕ | 🗺 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 09-06-2017

کاتی تۆمارکردن: 09-06-2017 9:51:51 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 159
**2017-06-10**
https://www.kurdipedia.org/?q=20170610103736101433



- ئێران هەڵوێستی خۆیی لەسەر ریفراندۆمی باشووری کوردستان راگەیاند و وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران رایگەیاند، وڵاتەکەی لەگەڵ سەروەری خاک و یەکپارچەیی عێراق-دایە و کوردستانیش بەشێکە لە عێراق.[1]
- ناوەندی ڕاگەیاندنی هەپەگە ڕایگەیاند:دوێنێ کاتژمێر 12:00ی نیوەڕۆ، گەریلاکان یەکینەیەکی نهێنی سوپای تورکیان لە شرناخ خستە ژێر چاودێرییەوە، هەر دوێنێ کاتژمێر 05:00ی پاشنیوەڕۆ دژی ئەو یەکینەیە چالاکیان ئەنجامدا و هەموو پێگەکانیان تێکشکاندن، دەزگا ڕاگەیاندنەکانی دوژمن سەبارەت بەئەنجامی ئەو چالاکییەوە ڕایانگەیاندووە، کە دوو سەرباز کوژراون و سێ بریندار بوون، بەڵام لە ئەنجامی چالاکییەدا حەوت سەربازی تورک کوژران.[2]
- شارەوانی ناوچەی بینرولا لەشاری تۆرینۆی ئیتاڵی رەزگەنامەی فەخری بەخشییە رێبەری زیندانیکراوی پارتی کرێکارانی کوردستان عەبدوڵڵا ئۆجەلان، بەو هەنگاوەش ژمارەی ئەو شارەوانییە ئیتاڵیانەی کە رەگەزنامەیان بەخشیوەتە ئۆجەلان بۆ حەوت شارەوانی زیادبوون.[3]
- بەرپرسی نووسینگەی رزگارکردنی رفێندراوانی دەستی داعش رایگەیاند، بەهەوڵ و ماندێبوونێکی زۆری نووسینگەی رزگارکردنی رفێندراوانی دەستی داعش ئەمرۆ کچێکی تەمەن پێنج لەلای راستی شاری موسڵ رزگارکرا.
- بەرپرسێکی باڵای هاوپەیمانی نیشتمانی (ماڵی شیعە) ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بە کارێکی نایاسایی و نادەستوری لە قەڵەم دەدات و دەڵێت لە کاتی ئەنجامدانی ڕاپرسیدا پەنا دەبەینە بەر کۆمەڵی نێودەوڵەتی و دادگای نێودەوڵەتی.
- بەڕێوەبەری کارگەی چیمەنتۆی کەرکوک دەستگیرکرا، پۆلیسی کەرکوکیش دەڵێت بەتۆمەتی دەستبەسەرداکردنی پارە لەلایەن بەغداوە

داواکراوە.
- ڕەئوف عوسمان، سەرۆکی جڤاتی گشتی بزوتنەوەی گۆڕان و ئەندام و بەشداری کۆبونەوەی جڤاتی نیشتیمانی بە دواڕۆژی ڕاگەیاند، گۆڕان دوو مەرجی هەیە بۆ بەشداری و پشتگیریکردنی پرۆسەی ریفراندۆم، یەکەم ئەوەیە ناوچە جێناکۆکەکان بەشداری پرۆسەکە بکەن. لەبارەی مەجی دووەمیشەوە رەئوف عوسمان وتی، مەرجی دووەم ئەوەیە ریفراندۆم لە ڕێی پەرلەمانەوە بە شەرعی و یاسایی بکرێت.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK

شار و شارۆچکەکان: ○ شڕناخ

شار و شارۆچکەکان: کەرکوک

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 10-06-2017
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 10-06-2017
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 10-06-2017

کاتی تۆمارکردن: 10-06-2017 10:37:36 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 160

## 2017-06-11

https://www.kurdipedia.org/?q=20170610140918101435




- سوپای تورک گوندی قەرزوێرانی سەربە منبیج تۆپباران کرد و لە ئەنجامی تۆپبارانەکەدا زیانێکی زۆری مادی بە ماڵ و موڵکی هاوڵاتیان گەیشت.
- بەگوێرەی هەواڵێکی کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستان، شارەوانی سنە بەپێی بڕیاری دادگا دەستیکردووە بە ڕووخاندنی دووکانە بێمۆڵەتەکان لە ناوچەی نەنەڵە کە دەکەوێتە قەراخشاری سنەوە، بەڵام خاوەن دوکان و کاسبکاران ڕەتیدەکەنەوە کە بێ مۆڵەتبن و ڕایدەگەیەنن کە تاپۆش-یان هەیە.[1]
- پەرلەمانتارێکی فراکسیۆنی دەوڵەتی یاسا رایدەگەیەنێت، هاوپەیمانێتیەکەیان کاردەکات بۆ دەرکردنی بڕیارێک لە پەرلەمانی عێراق بۆ ڕێگری لە ئەنجامدانی ریفراندۆمی سەربەخۆیی لە هەرێمی کوردستان.
- ڕێکخراوێکی مافەکانی مرۆڤ ڕایدەگەیەنێت، ژمارەیەک هاوڵاتی موسڵ لەژێر داروپەردووە داڕوخاوەکانی شارەکەدان و داوا لە هێزە ئەمنییەکان دەکات بەهانایانەوە بچن.[2]

- بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر رایگەیاند، لەسەر کێشەی کەمی ئاو لە کەسنەزان شەڕەتەقە لەنێوان چەندکەسێک دروست بووە و کوژراوێک و دوو بریندارى لێکەوتووەتەوە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ سنە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ مابوک - مەنبەج
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ موسڵ و دەشتی نەینەوا
:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 11-06-2017
[2] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 11-06-2017
[3] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 12-06-2017

کاتی تۆمارکردن: 10-06-2017 2:09:18 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 161
**12-06-2017**
https://www.kurdipedia.org/?q=2012061016514969213



- پارتی چەپی ئەڵمانیا کە سێیەمین حزبی گەورەی ئەو وڵاتەیە لە چوارچێوەی بەڕێوەبردنی کۆنگرەیەکیدا لە شاری فرانکفۆرتی ئەڵمانیا لابردنی قەدەغەی سەر پەکەکەی خستە ناو بەرنامەکانییەوە و ڕایگەیاند، کە لابردنی قەدەغەی سەر پەکەکە لە بەرنامەی ئەمساڵی پارتەکەماندایە.
- هەپەگە ڕایگەیاند: لە چوارچێوەی هەنگاوی شۆرشگێڕانە شەهید بەدران گوندکەرمۆ و شەهید نالین موش-دا دوێنێ کاتژمێر 10:00ی بەیانی هێزەکانمان لە گردی کۆردینەی شارۆچکەی چەلێی سەربە جولەمێرگ دژی پێگەکانی سوپای تورک چالاکییەکیان ئەنجامدا و گورزی کوشندەیان لە سوپای تورکدا، لە ئەنجامی ئەو چالاکییەدا 10 سەربازی تورک کوژران.
- یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئامانج محەمەد قایمقامی چەمچەماڵ-ی دوورخستەوە و ڕەمەک ڕەمەزان بەڕێوەبەری شارەدێی تەقتەق-ی خستە شوێنی.
- فڕۆکەکانی سوپای تورکیا دەستیان کرد بە بۆردوومانی گوندی سیدا لە ناوچەی گەلی باڵندە لە سنوری ئاواشین سەربە شارۆچکەی ئامێدی لە پارێزگای دهۆک.[1]
- سەرۆکی لیژنەی هەڵسەنگاندن و وەڵامدانەوەی راپۆرتە نێودەوڵەتییەکان رایدەگەیەنێت، نەتەوە یەکگرتووەکان لە ئەنجامدانی ریفراندۆمی هەرێمی کوردستان، بەرەسمی ئاگادارکراونەتەوە.

- بەرپرسێکی هەدەپە رایدەگەیەنێت، ئێستا بارودۆخ بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم لەبارنیە بۆیە پێشتر پێویستە نێومالّی کوردی ڕێکبخرێتەوە و پەرلەمانیش کارابکرێتەوە.
- فرانک بیکەر، بالّیۆزی بریتانیا لە عێراق لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند، هەلّویستی حکومەتی بریتانیا زۆر ئاشکرایە و پێشتریش رامانگەیاندووە کە ئێمە لەگەلّ ئەوەداین هەموو گەلێک ئازادە لە دیاریکردنی مافی چارەنوسی خۆی، بەلّام ئێمە لەوباوەڕەدا نین ئێستا کاتێکی باش بێت بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم لە هەرێمی کوردستان و هەروەها حکومەتی عێراق بەو کارە رازی نییە.[2]
- سەرجەم پۆستە ئەمنییەکان کە پشکی کورد بوون لە حکوومەتی عێراق پڕ دەکرێنەوە و ئەندامێکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیش دەلّێت: هیچ پۆستێکی لەو شێوە بەدەستی کوردەوە نەماوە کە قسەی لەسەر بکرێت.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK |
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - HDP |
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ چەمچەمالّ |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ ئامێدی |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان

[1] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالّپەڕی رۆژنیوز - 2017-06-12
[2] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالّپەڕی دواڕۆژ - 2017-06-12
[3] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالّپەڕی باسنیوز - 2017-06-12

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2012-06-10 4:51:49 PM |
| ناوی تۆمارکار: | بەڕێوەبەری سیستەم |

---

بابەت: 162

**2017-06-13**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170613084034101455



- بەهۆی ژەهراویبوونی خۆراکەوە سەدان کەس لە کامپی حەسەن شام لە هەولێر ژەهراویبوون و پۆلیسی هەولێریش چەندین کەسی دەستگیرکرد کە بەشدارییان لە ئامادەکردنی خۆراکی کامپەکەدا کردووە.
- لە کۆبوونەوەی ئەمڕۆی پارتی و یەکێتی، پارتی رازی بوو بە گەڕانەوەی سەرۆکی پەڕلەمان و بزووتنەوەی گۆڕان. بەڵام گۆڕان راتیکردەوە.[1]
- ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بڕیارێکی وەزارەتی نەوتی عێراق بۆ دابەشکردنی زەوی بەسەر کارمەندانی کۆمپانیای نەوتی باکور رەتدەکاتەوە بەهۆی ئەوەی 90٪ ئەو کارمەندانە خەڵکی کەرکوک نین و عەرەبی هاوردەن.[2]
- جەمیل بایک هاوسەرۆکی کۆما جڤاکێن کوردستان (کەجەکە) رایگەیاند، ریفراندۆم مافێکی دیموکراتییە و نابێت هیچ کەسێک لەبەرانبەر ئە و مافەدا دژایەتی بکات، بەڵام دەبوایە بە پشتیوانی فراوانتر هەرێمی کوردستان بچوایەتە ریفراندۆمەوە.
- ئەمڕۆ شاندێکی نەتەوەیەکگرتووەکان گەیشتە هەولێر بەمەبەستی کۆبوونەوە لەگەڵ کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و راپرسی هەرێمی کوردستان لەبارەی پرسی ریفراندۆمەوە.[3]
- محەمەد عەلی ئەسلان، پەرلەمانتاری شاری ئێلیحی پارتی دیموکراتی گەلان- هەدەپە، لە فڕۆکەخانەی ئێلیح دەستگیرکرا.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | بزووتنەوەی گۆڕان |
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| شار و شارۆچکەکان: | هەولێر |

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ● دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-06-13
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-06-13
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 2017-06-13

کاتی تۆمارکردن: 2017-06-13 8:40:34 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 163

**2017-06-14**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170614072255140103


وقایع اتفاقیه

کوردستان سومای چاوی ئیرانە

- لە سنووری خورماتوو چەکدارانی داعش هێرشیان کردە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە و شەڕ روویدا، لە ئەنجامدا هێرشەکەی داعش تێکشکێندرا و ژمارەیەک چەکداریان کوژران، دوو پێشمەرگەش شەهید و شەشی دیکەش بریندار بوون.
- هەردوو بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان پڕۆژەکەی پارتی و یەکێتییان بۆ کاراکردنەوەی پەڕلەمان بە فەڕمی رەتکردەوە.
- بەهۆی رووداوێکی ئاگرکەوتنەوە لە کەمپی بێرسڤی یەک، تایبەت بە ئاوارەکان لە زاخۆ، 14 دوکان سووتاون.[1]
- عەبدولکەریم عومەر، وەزیری دەرەوەی کانتۆنی کۆبانی رایگەیاند، تورکیا بە بەستنی ئاوی فورات بەسەر وڵاتی سوریادا، ڕێگری لە چوونی ئاوی پێویست بەرەو سوریا کردوە و لەدەرئەنجامدا ئەو بابەتە، کەمئاوی کۆبانی و تەبقای بەدواوە بووە.[2]
- دەستەی چەتەکانی جەبهەی نوسرە و ئەحراری شام گوندەکانی باسوفانێ و باشمرێ شارۆچکەی شێراوەی سەربە عەفرین تۆپباران دەکەن.
- بەمەبەستی ڕێگریکردن و دەربڕینی نیگەرانی لە داگیرکردنی زەوییەکانیان بۆ فراوانکردنی فڕۆکەخانەی کشتوکاڵی عەربەت و کردنی بە فڕۆکەخانەیەکی سەربازیی ژمارەیەک لە دانیشتوانی گوندی بێستانسور گردبوونەوە.[3]
- بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کەشناسی و بوومەلەرزەزانیی هەرێمی کوردستان، ڕاگەیاندراوێکی بڵاو کردووەتەوە و ئاماژەی بەوە کردووە، کە پلەی گەرمی لە هەرێمی کوردستاندا دادەبەزێت و ڕێژەی تۆز و خۆڵیش بەرز دەبێتەوە.[4]
- وتەبێژی سەرۆکایەتی کۆماری تورکیا رایگەیاند، وڵاتەکەی راستەوخۆ سنورەکان لەگەڵ هەرێمی کوردستان داناخات، ئەگەر هەرێم ریفراندۆم ئەنجام بدات.
- سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە پێشنیاری یەکێتی و پارتی بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمان و گۆڕینی دەستەی سەرۆکایەتییەکەی رایگەیاند، ئەوەی باسکراوە مژدەبەخشینەوەی نەدەویست و بنەمای کێشەکە سەرۆکایەتی هەرێمە.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ کۆبانی

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ ئەفرین

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ زاخۆ

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ خورماتوو

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] ●دیارینەکراو | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 14-06-2017
[3] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 14-06-2017
[4] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی باسنیوز - 14-06-2017
[5] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 14-06-2017

کاتی تۆمارکردن: 14-06-2017 7:22:55 AM
ناوی تۆمارکار: ئەڤین ئیبراهیم فەتاح

---

بابەت: 164

## 2017-06-15

https://www.kurdipedia.org/?q=20170615090542101470

- لەناوچەی گەنج لەپارێزگای بینگۆل-ی باکوری کوردستان شەڕو پێکدادان لەنێوان گەریلاکانی پەکەکە و سوپای تورکیا ڕوویداو سەربازێک کوژراوە و یەکێتی دیکەش بریندارببووە.
- سوپاسالاری وەزارەتی پێشمەرگەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ڕایگەیاند، هاوپەیمانان بەردەوامن لە هاوکارییەکانیان بۆ پێشمەرگە، بەڵێنیانداوە بۆ ساڵی 2018 دوولیوای دیکەی سەربە وەزارەتی پێشمەرگە پڕ چەک بکەن و مەشق و ڕاهێنانی سەربازییان پێبکەن
- پۆلیسی واشنتنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ڕایگەیاند، دوو کەسی دەستگیرکردووە لەسەر هێرشکردنە سەرخۆپیشاندەران لە کاتی سەردانەکەی ئەردۆغان بۆ ئە و وڵاتە لە 16-05-2017.[1]
- سەرلەبەیانی ئەمڕۆ کاتژمێر 04:00 بۆ 05:00 گەنجێکی کۆڵبەری کورد بەناوی سیروان محەمەد، کە خەڵکی گوندی خانخەلیلی شاری سەردەشتی سەربە پارێزگای ورمێیە، لەلایەن هێزە سەربازییەکانی ڕژێمەوە بە ئامانج گیراوە و کوژراوە.
- پارێزگاری تورکی ئامەد ئەمڕۆ بە بڵاوکردنەوەی ڕاگەیەندراوێک قەدەغەی هاتوچۆی لە 25 گوندی سەربە شاری ئامەد ڕاگەیاند، بەمەبەستی ڕێگاخۆشکردن بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی سوپای تورک لەو ناوچانەدا.[2]
- دەسەڵاتدارێتی تورکیا رایدەگەیەنێت، نارەزایی سەرەکی ئەنقەرە بۆ ریفراندۆمەکەی هەرێمی کوردستان بریتییە لە لەخۆگرتنی کەرکوک لە و دەنگدانەدا.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏟 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ سەردەشت
🏙 شار و شارۆچکەکان: 💧 کەرکوک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◉ ئامەد
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 15-06-2017
[2] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 15-06-2017

[3] 🕷ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 15-06-2017

کاتی تۆمارکردن: 15-06-2017 9:05:42 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 165

**2017-06-16**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170616094756101472



- دەوڵەتی تورک لە 39 گوندی سەربە شاری گەورەی ئامەد قەدەغەی هاتوچۆی ڕاگەیاند، بە مەبەستی ڕێخۆشکردن بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی سوپای تورک.
- لە شاری ئامەد لە باکوری کوردستان لە ماوەی دوو ڕۆژی ڕابردوودا 23 کەس دەستگیرکراون.
- یەکەمین کۆنفرانسی ئابوری ژنانی باکوری سوریا بە بەشداربوونی 150 ژن لە ڕۆژئاوای کوردستان و باکوری سوریا لە ناوەندی چاند و هونەری دیجلەی شاری دێرکی ڕۆژئاوای کوردستان لەدوێنێوە دەستیپێکردووە و ئەمڕۆش بەردەوامە.[1]
- وتەبێژی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی هەرێم رایدەگەیەنێت، کۆمسیۆن لیژنەیەکی سێ کەسی بۆ یەکلایی کردنەوەی شێوازی دەنگدانی رەوەندی کوردی بۆ ریفراندۆم پێکدەهێنت، بەڵام تائێستا نازاندرێت کە دەتواندرێت رەوەندی کوردی بەشداری ریفراندۆم بکات یان نا؟
- ئوسامە کلدانی فەرماندەی لیوای 50ی حەشدی شەعبی بە شانەی راگەیاندنی جەنگی وتووە، هێزەکانیان بە پشت بەستن بە زانیاری هەواڵگری، توانیویانە شوێنی کچە ئێزیدییەک دەستنیشان بکەن، دواتریش ئازادی بکەن.[2]
- کاتژمێر 09:10 خولەکی ئەم ئێوارەیە نارنجۆکێکی دەستی هەڵدرایە حەوشەی مزگەوتی بەهەشت لەگەڕەکی ئیبراهیم ئەحمەد و لەئەنجامدا سێ کەس بریندار بوون، یەک لە برینداەکان مەلا عەبدوللەتیف سەلەفییە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ موسڵ و دەشتی نەینەوا

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ سلێمانی

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◉ ئامەد

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ دێرک

Quick Respons Code:

📚سەرچاوەکان

[1] 📡ماڵپەڕ | 🖇 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 16-06-2017
[2] 📡ماڵپەڕ | 🖇 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 16-06-2017
[3] ●دیارینەکراو | 🖇 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 16-06-2017 9:47:56 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 166

## 2017-06-17

https://www.kurdipedia.org/?q=20170617095122101474

- میدیاکانی نزیک لە پەکەکە بڵاویان کردەوە کە شەوی ڕابردوو چەند یەکەیەکی سەربازیی تورکیا لە ناوچەی (چەلێ)ی سنوری شاری چۆلەمێرگی باکوری کوردستانەوە هاتونەتە ناو سنوری هەرێمی کودستانەوەو بەهۆیەوە پێکدادان لە نێوان ئەو یەکانەو هێزەکانی پەکەکە رویداوە.
- لەسەر داوایەکی دادگای دیاربەکر بڕیاری دەستگیرکردنی ئاڵتان تان پەرلەمانتاری هەدەپە دەرچوو بە هۆی وتارێکیەوە کە لە مەراسیمی جەژنی نەورۆزی ساڵی 2012 دا پێشکەشیکردووە. ئاڵتان تان تۆمەتبار کراوە بە هاندانی خەڵک بۆ ڕقەبەرایەتی و دوژمنکاریی لە ڕێگەی وتارەکەیەوە.[1]
- لە چوارچێوەی ئۆپەراسیۆنی قڕکردنی سیاسی ئاکەپەدا، لەماوەی سێ ڕۆژی ڕابردوودا ژمارەی دەستگیرکراوانی کەجەدە، تەژا و هەدەپە، دەبەپە و هەدەکە لە ئامەد گەیشتە 26 کەس.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏛 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP
🏛 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ جوڵەمێرگ
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] 📡ماڵپەڕ | 🖇 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 17-06-2017
[2] 📡ماڵپەڕ | 🖇 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 17-06-2017

کاتی تۆمارکردن: 17-06-2017 9:51:22 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 167

## 2017-06-18

https://www.kurdipedia.org/?q=20170618101517101477



- کاتژمێر 4:00 بەیانی ئەمڕۆ، ژمارەیەک چەتەی داعش، هێرشیان کردە سەر فڕۆکەخانەی سەربازیی سدیق لە گوندی حلێوەی ڕۆژئاوای شارۆچکەی خورماتوو-ی سەر بە پارێزگای سەلاحەدین. دوای دوو کاتژمێر شەڕکردن، هێزەکانی پێشمەرگە هێرشێکی چەتەکانی داعش-یان لە ڕۆژئاوای شارۆچکەی خورماتوو تێکشکاند و دوو چەتەیان کوشت و دووانی دیکەش خۆیان تەقاندەوە. زیانی پێشمەرگە تەنها یەک بریندار بوو.
- ڕۆژنامەنووس ژین ئەڤیندار، پەیامنێری ناوەندی ڕاگەیاندنی یەپەژە، لە کاتی ڕووماڵکردنی هەواڵ لە پێشڕەوییەکانی شەڕڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات لە گەڕەکی قادسیەی شاری ڕەقە بریندار بوو.[1]
- بنکەکانی تۆماری سیستمی بایۆمەتری مووچەخۆران لە هەرێمی کوردستان داخران و میلۆنێک و 202 دوو هەزار 200 مووچەخۆر تۆمارکراون.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| 🏛 پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ خورماتوو |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان
[1] 📡ماڵپەڕ | 🖧 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-06-18
[2] 📡ماڵپەڕ | 🖧 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-06-18

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2017-06-18 10:15:17 AM |
| ناوی تۆمارکار: | هاوڕێ باخەوان |

---

بابەت: 168
## 2017-06-19
https://www.kurdipedia.org/?q=2017061908581587162

- دایک و باوکی شەهید عایشە دەنیز کاراجەلی، کە بە مەبەستی بە خاک سپاردنی کچەکەیان چووبوونە کۆبانێ و پاشان گەڕابوونەوە، لەلایەن هێزەکانی پۆلیسی تورکەوە دەستگیرکران.
- هێزەکانی پاراستنی گەل – هەپەگە سەبارەت بە ئەنجامەکانی وەڵامدانەوەی گەریلاکان لە بەرامبەر ئۆپەراسیۆنی سەربازی سوپای تورک لە چەلێ کە لە ڕۆژی 16ی حوەزەیرانەوە دەستپێکردووە، ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و کوژرانی 31 سەربازی تورکی لە 24 کاتژمێری ڕابردوودا ڕاگەیاند.
- هێزەکانی هاوپەیمانانی نێودەوڵەتی دژی داعش، سەبارەت بە خستنە خوارەوەی فڕۆکەیەکی جەنگی ڕژێمی سوریا کە بە سەر ئاسمانی تەبقادا دەسووڕایەوە ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوەو ڕایگەیاند کە، فڕۆکەکە بە ئاسمانی تەبقاوە سوراوەتەوە و هێرشی کردووەتە سەر شەڕڤانانی سوریا

دیموکرات بۆیە خستوومانەتە خوارەوە.[1]
- نەجمەدین کەریم پارێزگاری کەرکوک رایگەیاند، جموجوڵی داعش لە ناوچەی حەوزی حەمرین ڕووی لە زیادبوونە، ئەوەش مەترسی بۆسەر پارێزگاکانی دیالە و سەلاحەدین دروستدەکات.[2]
- لە موسڵی کۆن بۆمبێکی چێنراو بە رۆژنامەڤانێکی کورد و سێ رۆژنامەنووسی فەرنسیدا تەقیەوە، لە ئەنجامدا رۆژنامەڤانە کوردەکە کە ناوی بەختیار حەداد بوو گیانی لەدەستدا.
- لە رۆژئاوای کەرکووک بۆمبێکی چێندراوی داعش لە نزیک سەنگەرێکی پێشمەرگە تەقییەوە و بەهۆیەوە سێ پێشمەرگە بریندار بوون.[3]
- باڵیۆزی بریتانیا لە عێراق رایدەگەیەنێت، بەردەوام دەبین لەپشتیوانیکردنی حکومەتی هەرێم و خەڵکەکەی لەشەری دژ بە داعش و دەربارەی ریفراندۆمیش دەڵێت، دەبێت ریفراندۆم بە هەماهەنگی و رەزامەندی بەغدا بێت، ئەوکات سەرکەوتوو دەبێت.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| شار و شارۆچکەکان: | کۆبانی |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 2017-06-19
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-06-19
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رووداو - 2017-06-19
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-06-19


کاتی تۆمارکردن: 2017-06-19 8:58:15 AM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 169

**2017-06-20**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170620093350101478



- لە سنووری زەرگەی خورماتوو داعش لە سێ قۆڵەوە هێرشیکردەوە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە، دوای زیاتر لە سێ کاژێر شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوەش هێرشەکە تێکشکێندرا. ژمارەیەک داعش کوژران و پێشمەرگەیەکیش بەناوی زەکەریا عەبدوڵڵا شەهید بوو.
- مەسعود عەبدولخالق نووسەر و سەرۆکی دەزگای ستاندەر لەلایەن پۆلیسی هەولێرەوە (بەتاوانی) سوکایەتیکردن بە پێشمەرگە و ریفراندۆم گیرا و پاشان ئازادکرا.
- لە سلێمانی پشێوی کەوتە نێو دەستگێر و فرۆشیار و هێزەکانی ئاساییشەوە و تەقە بەسەر دەستگێر و خاوەن عەرەبانەکاندا کرا.
- فڕۆکەیەکی جەنگیی ئەمریکا لە سوریا فڕۆکەیەکی بێ فڕۆکەوانی ڕژێمی سوریای خستەخوارەوە.[1]
- بەهۆی روداوێکی هاتوچۆوە لە سەر ڕێگای نێوان رانیە و و کۆیە هەشت خوێندکار بریندار‌بوون کە کاتێک بۆ تاقیکردنەوە بەرەو کۆیە بەرێکەوتوون.[2]
- وتەبێژی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی لەهەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت تائێستا هیچ وادەیەک بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان دەستنیشان نەکراوە.[3]
- شەوی ڕابردوو سوپای تورک زیاتر لە 50 دۆنم کێڵگە و مەزرای گەنمی سوتاند لە گوندەکانی دەوروبەری شاری دێرکی ڕۆژئاوای کوردستان.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏰 پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ خورماتوو

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ رانیە (پشدەر)

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ کۆیە

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ دێرک

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ سلێمانی

🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ●دیارینەکراو | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

[2] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-06-20

[3] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-06-20

[4] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-06-20

کاتی تۆمارکردن: 2017-06-20 9:33:50 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 170

## 2017-06-21

https://www.kurdipedia.org/?q=20170621083651101482



- بەپێی ڕاپۆرتی ماڵپەڕێکی تایبە بە مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە گرتووخانەکانی میناب و مەراغە سزای سێدارەی دوو هاووڵاتیی دیکەی کورد لەلایەن دەزگای دادوەریی ئێرانەوە جێبەجێ کراوە.
- داعش منارەی بەناوبانگی حەدبای لە موسڵ تەقاندەوە.[1]
- سەرۆکی لقی کەرکوکی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق ڕایدەگەیەنێت، کە هیچ فەرمان و نوسراوێکی فەرمیان بە مەبەستی ڕیفراندۆم پێنەگەیشتووەو پێشیان بگات جێبەجێی ناکەن، وتەبێژی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستانی-ش دەڵێت: دوای جەژن سەردانی کەرکوک دەکەین و ئامادەکاری دەکەین.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏙 شار و شارۆچکەکان: 💧 کەرکوک

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] ●دیارینەکراو | 🇭🇺 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

[2] 📡ماڵپەڕ | 🇭🇺 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-06-21

کاتی تۆمارکردن: 2017-06-21 8:36:51 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 171

## 2017-06-22

https://www.kurdipedia.org/?q=20170622084156101490




- بەرەبەیانی ئەمڕۆ هێزە ئەمنییەکانی ئێران لە بنکەی (نەجەفی) هەڵکەوتوو لە سنووری (سێ چۆمان)ی سەر بە پیرانشار دەستڕێژیان لە کۆڵبەر و کاسبکارانی کود کردووە و کۆڵبەرێک بەناوی (محەمەد داریرانی) گیانی لەدەست داوە و دوو کەسی دیکەش بریندار بوون.[1]
- کاتژمێر 12ی شەوی ڕابردوو چەکدارانی داعش چەند گولە هاوەنێکیان بەئاراستەی هێزەکانیان تەقاندووە لەناوچەی تەلحەمە لەسنوری قەزای داقوق. وتیشی، یەکێک لە گولە هاوەنەکان خاڵێکی هێزەکانمانی پێکاوە و بەهۆیەوە چوار پێشمەرگەمان برینداربوون و ڕەوانەی کەرکوک کراون بۆ ئەوەی چارەسەر وەربگرن.
- بەیانی ئەمڕۆ لە نزیک سارۆچکەی (تاتوان)ی سەر بە شاری بتلیس لە باکوری کوردستان شەڕ کەوتە نێوان گەریلاکانی پەکەکە و سەربازانی تورکیاوە و لە ئەنجامدا سێ سەربازی تورکیا برینداربوون. ئاژانسەکانی تورکیا بڵاویانکردەوە پاش گەیاندنیان بۆ نەخۆشخانە دووان لە سەربازەکان گیانیان سپاردوە و برینداره‌کەی دیکەش لەژێر چاودێری چڕدایە.[2]

- بەرەبەیانی ئەمڕۆ ئاگر لەبەشی ناوخۆیی کچانی زانکۆی کۆیە کەوتەوە و بەهۆیەوە ژمارەیەک خوێندکار ڕەوانەی نەخۆشخانە کران. ئاگرەکە لەبلۆکی دووی بەشی ناوخۆیی کچان کەوتەوە و تائێستا هۆکارەکەی ئاشکرانەکراوە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏛 پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ پیرانشار - خانە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ کۆیە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ بەدلیس
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] 📡ماڵپەڕ | 🖹 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی باسنیوز - 22-06-2017
[2] 📡ماڵپەڕ | 🖹 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 22-06-2017
[3] 📡ماڵپەڕ | 🖹 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 22-06-2017

کاتی تۆمارکردن: 22-06-2017 8:41:56 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 172
## 23-06-2017
https://www.kurdipedia.org/?q=20170623084743101495
- ڕێکخراوی ژینگە بۆ تەندروستی و خزمەت بە هاوکاری، خۆپاراستنی تەندروستی گەرمیان ئاگادارییەکیان بڵاو کردووەتەوە، تێیدا ئاماژە بە مەترسی بڵاوبوونەوەی پەتای کولێرا دەدەن.
- پۆلیسی دارستان و ژینگەی سلێمانی ئاشکرایدەکات کە لەماوەی 48 کاتژمێری رابردوودا لە هەریەکە لە سنووری قەزای دەربەندیخان و دوکانی سەر بە پارێزگای سلێمانی، بەهۆی ئاگرکەوتنەوەوە زیاتر لە 200 دۆنم پوش و پاوان و گەنمی جوتیاران سووتاوە.[1]
- بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندییە گشتییەکانی قەرارگای حەمزە رایگەیاند: تیمێکی تیرۆریستی کە بە نیازبوون کردەوەی تیرۆریستی و نائەمنی لە نێوخۆی وڵات دروستبکەن، بەرەبەیانی ئەمڕۆ لەلایەن هێزەکانی قەرارگای حەمزەی سوپای پاسداران لە شاری سنە پێیان زانرا و دواتر لە پێکدادانێکدا سێ کەس لە تیرۆریستەکان کوژران و کەسێکیان دەستگیرکرا.[2]
- پۆلیسی کەرکوک دەستگیرکردنی 40 گومانلێکراو و داواکراوی راگەیاند، لە ئۆپەراسیۆنێکی فراواندا کە ئەمڕۆ لەشارەکە ئەنجامیدا.
- ژمارەیەک لەکەسایەتی و سەرۆک هۆزەکانی کەرکوک ئەمڕۆ دامەزراندنی ئەنجومەنی عەشایەریان لەباشوری خۆرئاوای پارێزگاکە راگەیاندو خۆیان بێ بەریکرد لەهەر کەسێکی سەر بە و هۆزانە کە پەیوەندی بە داعشەوە هەبێت.[3]
- ژن و مێردێک لە ماڵەکەی خۆیاندا لە گەڕەکی بەختیاری لە شاری سلێمانی بە سەربڕدراوی

دۆزرانەوە، سەرچاوەیەکیش لە پۆلیسی سلێمانی دەڵێت شوێن پێی ئە و کەسانەی کە تاوانەکەیان ئەنجامداوە دۆزراوەتەوە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏘 شار و شارۆچکەکان: ○ کەلار (گەرمیان)
🏘 شار و شارۆچکەکان: 💧 کەرکوک
🏘 شار و شارۆچکەکان: ○ سنە
🏘 شار و شارۆچکەکان: ○ دوکان
🏘 شار و شارۆچکەکان: ○ دەربەندیخان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] 📡 ماڵپەڕ | 🈂 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی باسنیوز - 2017-06-23
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🈂 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رووداو - 2017-06-23
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🈂 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-06-23
[4] 📡 ماڵپەڕ | 🈂 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-06-23

کاتی تۆمارکردن: 2017-06-23 8:47:43 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 173
**2017-06-24**
https://www.kurdipedia.org/?q=20170624095814101498
- بەهۆی بۆردوومانی هەڵەی فڕۆکەکانی هاوپەیمانان، پێنج ئەندامی خانەوادەیەکی کورد، لە موسڵ کوژران، کەسوکاریان دەڵێن تاوەکو ئێستا تەرمەکانیان لەژێر خانوو و باڵاخانە داڕماوەکاندا ماونەتەوە و، ناتوانن دەریان بهێنن.[1]
- سەلاحەدین دەمیرتاش، هاوسەرۆکی گشتی زیندانیکراوی پارتی دیموکراتی گەلان- هەدەپە، بەبۆنەی جەژنی ڕەمەزانەوە پەیامێکی بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند، کە ئەگەر دەست بدەینە دەستی یەکدی سەردەکەوین و ئازادی و یەکسانی بە دەستدەخەین.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏛 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP
🏘 شار و شارۆچکەکان: ○ موسڵ و دەشتی نەینەوا
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رووداو - 24-06-2017

کاتی تۆمارکردن: 2017-06-24 9:58:14 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 174

## 2017-06-25

https://www.kurdipedia.org/?q=20170605001410139865

- لە دوێنێوە تاوەکو ئێستا 13 هەزار گەشتیار لە خواروو و ناوەڕاستی عێراق روویان لە هەرێمی کوردستان کردوە و پارێزگاری هەولێریش حەشدی شەعبی تۆمەتباردەکات بە ئاستەنگ دروستکردن لەبەردەم هاتنی گەشتیار.
- سێ چەکداری داعش هێرشیان کردە سەر هێزە ئەمنییەکانی باکووری خۆرهەڵاتی ناحیەی مەنسورییە لە حەوزی حەمرینی پارێزگای دیالە، لە ئەنجامدا چەکدارێکیان کوژرا و دووانەکەی تریش بریندارببوون.[1]
- چەکدارانی داعش بەرەبەیانی ئەمڕۆ لەسنوری کەرکوک هێرشیان کردە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە لەسنووری کەرکوک، بەڵام لەلایەن پێشمەرگەوە هێرشەکەیان تێکشکێندراو بەرپرسێک و چوار چەکداریان لێ کوژرا.[2]
- کاردانەوە بەرامبەر پەلاماردانی خۆپیشاندەران لە واشنتۆن لەلایەن پاسەوانەکانی ئەردۆغانەوە، بەردەوامە. رۆژنامەیەکی ئەڵمانی بڵاوی کردەوە وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا بە لایەنی تورکی راگەیاندوە لەکاتی سەردانی سەرۆک کۆماری تورکیا بۆ هامبۆرگ بەمەبەستی بەشداری کردن لە کۆبونەوەی (جی 20)دا، رێگە نادات ئەو پاسەوانانەی لەگەڵ بێن، کە لەمانگی مایسی رابردودا لە واشنتۆن پەلاماری خۆپیشاندەرانی ئاشتیخوازیان دابو.
- رەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆکی کۆماری تورکیا رایگەیاند، بەڵێنی وەرگرتنەوەی ئەو چەکانەی کە پێشکەش بە یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) کراوە لە دوای شکستهێنانی داعش فریودانە.
- لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەپێچەوانەی بڕیاری حکومەتی ئێران ئەمڕۆ لە زۆربەی شار و گوندەکانی رۆژهەڵات کراوەیە جەژنی رەمەزانی موسوڵمانان.
- ناوەندی راگەیاندنی یەپەگە لە بەیاننامەیەکدا ئاماژەی بەوەدا کە دوێنێ 24 حوزەیران، چوار شەڕڤانی بیانی ئەو هێزە لە بازگەیەکی ئاکرێدا دەستیگیرکراون کە ویستویانە بچنە قەندیل.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: ئاکرێ
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دوارۆژ - 25-06-2017
[2] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 25-06-2017
[3] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2017-06-05 12:14:10 AM |
| ناوی تۆمارکار: | بەڕێوەبەری سیستم |

---

بابەت: 175

## 2017-06-26

https://www.kurdipedia.org/?q=20170626093109101502

- لە ڕۆژئاوای شاری ڕەقە بە ڕزگارکردنی گەڕەکی قادسیە، شەڕڤانان یەکێک لە گرنگترین هێڵەکانی بەرگری داعشیان تێکشکاند.
- شەش کوردی دیکەی ئێزدی بن دەسەڵاتی داعش لە سووریا رزگارکران و گەیشتنە شوێنێکی ئارام، یەکێک لە رزگارکراوەکانیش برازای نادیە مورادە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏟 پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ شنگال
Quick Respons Code:

📋سەرچاوەکان
[1] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رووداو - 26-06-2017

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2017-06-26 9:31:09 AM |
| ناوی تۆمارکار: | هاوڕێ باخەوان |

---

بابەت: 176

## 2017-06-27

https://www.kurdipedia.org/?q=20170627084952101503



- دەسەڵاتدارانی تورک لە شاری بایەزیدی پارێزگای ئاگری لە باکووری کوردستان، پەیکەری ئەحمەدی خانی شاعیر و نووسەری کوردی ڕووخاند.[1]
- گۆرانیبێژی بەناوبانگی لوبنانی راغب عەلامە سەردانی سلێمانیی کرد و کۆنسێرتێکی لە گرانت میلینیۆم - شاری جوان پێشکەشکرد.[2]

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 27-06-2017

[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 27-06-2017 8:49:52 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 177

## 2017-06-28

https://www.kurdipedia.org/?q=20170628083404969O4



- بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتییەوە لە شارۆچکەی خەباتی سەر بە هەولێر، دوو کەس کوژران و شەش کەسی دیکەش بریندار بوون.
- کۆڵبەرێکی کورد لە کاتێکدا سەرقاڵی هەڵگرتنی بارێک بووە بۆ تێپەڕکردنی لە سەر سنوورە دەستکردەکانی نێوان ڕۆژهەڵات و باشوری کوردستان، لەلایەن هێزە سەربازییەکانی ڕژێمی ئێرانەوە تەقەی لێکراوە و بە سەری بە سەختیی بریندارکرا.[1]
- بەهۆی پێکدادانی دوو ئۆتۆمبێل لەسەر ڕێگای سەرەکی دوکان - ڕانیە، حەوت کەس گیانیان لە دەستدا کە ئەندامی یەک خێزانێکی هەڵەبجەیی-ن و پێنچیان منداڵن.
- هاوڵاتیانی سەردەشت و هەروەها هاوڵاتیانی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان لە مەزارگەی شەهیدانی کیمیابارانی سەردەشت گردبوونەوەو مەراسمێکیان بەڕێوەبرد بۆ یادکردنەوەی ئەو شەهیدانە، بەڵام هێزەکانی پۆلیس هێرشیان کردە سەر ئامادەبووان و پانکاردەکانیان کۆکردنەوە.
- سوپای تورکیا شەوی رابردوو، کاتژمێر 21:30خولەک چەند ناوچەیەکی عەفرین-ی لە رۆژئاوای کوردستان بۆردومان کرد.[2]
- وێستگەی Placerville کە ناوەندەکەی لە ویلایەتی کالیفۆرنیای ئەمریکایە و تایبەتە بە کەشوهەوا، خشتەیەکی سەبارەت بە گەرمترین ناوچەکانی جیهان لەماوەی 24 کاژێری رابردوودا بڵاوکردەوە. بەپێی خشتەکە، قەزای خانەقین ئەمڕۆ، بەرزترین پلەی گەرمی تۆمارکردووە و گەیشتووەتە 51 پلەی سەدی. قەزای بەدرە-ش لە پارێزگای واست 50 پلە بووە و لە پلەی شەشەم دێت.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ ئەفرین
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ دوکان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ هەڵەبجە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ سەردەشت
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 28-06-2017
[2] ●دیارینەکراو | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 29-06-2017


کاتی تۆمارکردن: 28-06-2017 8:34:04 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 178

## 29-06-2017

https://www.kurdipedia.org/?q=20170629085143989‎83



- بەهۆی ناڕەزایەتی دانیشتوانی ناحیەی بنگردەوە ڕێگەی سەرەکی دوکان بنگرد ڕانیە و قەڵادزێ داخرا و ئاستەنگی هاتوچۆ دروستبوو.
- فەرماندەی پۆلیسی فیدراڵی عێراق رایدەگەیەنێت ئێوارەی ئەمڕۆ لەبەری موسڵی کۆن 30 هاوڵاتی رزگارکراون کە پێنج منداڵیان تێدایە بەرەگەز کوردن.
- لەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا گرتەیەکی ڤیدیۆیی بڵاوکراوەتەوە، تێیدا دەردەکەوێت ژمارەیەک فڕۆکە لەباشوری کەرکوک بەشێوەیەکی نزم بەسەر سەنگەرەکانی پێشمەرگەدا هەڵدەفڕن، بەپێی ئە و هەواڵانەش کە بڵاوبونەتەوە، ئە و فڕۆکانە لە گوندی سعێدەی باشوری کەرکوک لەژێر دەستی چەکدارانی داعشدا بۆ ماوەی کاتژمێرێک نیشتونەتەوە و پاشان بەسەر سەنگەرەکانی پێشمەرگەدا هەڵفڕیون.[1]
- چالاکی پاککردنەوەی پارکی هەواری شار، لەیادی چلەی نەوشیروان مستەفا لەلایەن بەشداربووانی یادەکەوە دەستپێکرد.[2]
- ئەڵمانیا، ئەردۆغان ئاگاداردەکاتەوە لەکاتی مانەوەی لە ئەڵمانیا هیچ چالاکییەک ئەنجامنەدات، وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتەش دەڵێ هەر دەرکەوتنێکی ئەردۆغان لە دەرەوەی لووتکەی G20 نەشیاو و، ڕێگەپێنەدراوە.[3]
- سەبارەت بە چالاکی گەریلاکان لە شرناخ و جولەمێرگ، هەپەگە

ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوەو کوژرانی 12 سەربازی تورک و شەهیدبوونی دوو گەریلای ڕاگەیاند.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK

شار و شارۆچکەکان: ○ شڕناخ

شار و شارۆچکەکان: ○ جوڵەمێرگ

شار و شارۆچکەکان: ○ موسڵ و دەشتی نەینەوا

شار و شارۆچکەکان: کەرکوک

شار و شارۆچکەکان: ○ قەڵادزێ

شار و شارۆچکەکان: ○ رانیە (پشدەر)

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-06-29

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-06-29

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رووداو - 2017-06-29

[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 2017-06-29

کاتی تۆمارکردن: 2017-06-29 8:51:43 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 179

## 2017-06-30

https://www.kurdipedia.org/?q=20170630085107101513



- کۆنگرێسی ئەمریکا هەڕەشەی ئەوەی کردووە کە ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا جیابێتەوە ئەوا ئەو هاواکاریانە دەبڕێت کە دەیدات بە پێشمەرگە. کۆمیتەی خزمەتگوزاریەکانی سوپا لە ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا، ئەم هەفتەیە رەشنووسی بودجەی ساڵانەی بەرگریی بڵاوکردەوە و تێیدا ئاماژە دراوە بە بەردەوامیی کۆمەککردنی حکومەتی هەرێم لەپای بەشداریکردنی لە ناو حکومەتی عێراقێکی یەکگرتوودا.

- موقەدەم مەریوان تەها، فەرماندەی فەوجی 1ی کاکەییەکان لەنزیک گوندی تەلحەمە بۆمبێکی چێندراو بە ئۆتۆمبێلەکەیدا تەقیوەتەوە.[1]

- بەهۆی بەرزبوونەوەی پلەی گەرماوە، ژمارەیەک لە هاونیشتمانیانی پارێزگای ئیلام نەخۆش کەوتوون. هەروەها حاڵەتەکانی پچڕانی خزمەتگوزارییەکانی وەک ئاو و کارەباش لە هەندێک ناوچەی ئەو پارێزگایە لە

ڕۆژانی ڕابردوودا زیادیکردووە.[2]
- سوپای تورکیا ئاگری بەردایە بەشێک لە زەوییەکانی کۆبانێ و بە و هۆیەوە نزیکەی 10 هێکتار زەوی سوتا.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: ○ ئیلام
شار و شارۆچکەکان: ○ کۆبانی
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 30-06-2017
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 30-06-2017
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 30-06-2017
کاتی تۆمارکردن: 30-06-2017 8:51:07 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 180
**2017-07-01**
https://www.kurdipedia.org/?q=20170701085445101516



- بەرپرسی نووسینگەی ڕزگارکردنی ڕفێندراوانی دەستی داعش ڕایگەیاند، بە هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆر توانیویانە ژنێکی کوردی ئێزدی کە تەمەنی 65 ساڵە، لە دەستی چەکدارانی داعش ڕزگار بکەن.
- شەوی ڕابردوو ئۆرهان مەرجان تەمەن 34 ساڵ جێگری سەرۆکی لقی ناچەی لیجەی پارتی داد و گەشەپێدان (ئەکەپە) هێرش کرایە سەر ماڵەکەی و کوژرا.[1]
- لەسنوری قەزای خورماتو، هێزی پێشمەرگە دەستیکردووە بەهەڵکەندنی خەندەق و دروستکردنی قەڵا لەناوچەکانی هاوسنور لەگەڵ چەکدارانی داعشدا.
- دوای ساڵێک لە سەرۆکایەتیکردنی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی عێراق، کاوە محەمەد، ئەمڕۆ نامەی دەستلەکارکێشانەوەی ئاراستەی بزووتنەوەی گۆڕان کرد و لەجێگەی ئەو، سروە عەبدولواحید بە سەرۆکی فراکسیۆنەکە هەڵبژێردرا.
- لە گوندی خەرابەڕووت لە ڕۆژئاوای کەرکووک بۆمبێکی چێندراو بە ئۆتۆمبێلی ئەفسەرێکی پێشمەرگەدا تەقییەوە، بەهۆیەوە ئەفسەرەکە و پێشمەرگەیەک بریندار بوون.[2]
- هێزەکانی پۆلیسی تورک هەڵیانکوتایە سەر ماڵی هاوڵاتیان لە ئامەد و 15


کەسیان دەستگیرکرد. لەناو دەستگیرکراواندا ژمارەیەک لە کارمەندانی ئاژانسی هەواڵی دیجلە- دیهابەریش هەن، دەستگیرکراوان گوازراونەتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی شارۆچکەی لیجە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: ◉ ئامەد
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-07-01
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رووداو - 2017-07-01
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 2017-07-01
کاتی تۆمارکردن: 2017-07-01 8:54:45 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 181
**2017-07-02**
https://www.kurdipedia.org/?q=20170628162743101508




- بەرپرسێکی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی هەرێم ئاشکرای دەکات، لەبارەی گرتنەوەی ئاوی زێی بچووک و دوکان، ئێران بانگهێشتی وەزیری کشتوکاڵی کردووە.
- پێشنیوەڕۆی ئەمڕۆ پاسێک لەسەر شەقامی گشتی کەلەکچی وەرگەڕا کە زیاد لە 40 سەرنشینی تێدا بووە و هەموویان کرێکاربوون لەکاتێکدا بەڕێگاوە بوون بۆ بەردەڕەش بەرەو پاسەکەیان وەرگەڕاوە و سەرجەمیان برینداربوون.[1]
- لە هێرشێکی چەکداریدا جێگری سەرۆکی ڕێکخستەکانی ئاکپارتی لە شارۆچکەی قەلقەلی سەر بە شاری وان بەناوی ئایدین ئاهی کوژرا، بەرپرسانی تورکیاش هێرشەکە دەخەنە ئەستۆی پەکەکە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK
پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
شار و شارۆچکەکان: ○ وان

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-07-02
[2] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2017-07-02
کاتی تۆمارکردن: PM 4:27:43 2017-06-28
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 182

## 2017-07-03

https://www.kurdipedia.org/?q=2017070308495396712



- بەتۆمەتی هەبوونی بارەگای پێشمەرگەکانی حدک و حدکا، ئێران بەچڕی کوێستانەکانی باڵەکایەتی لە بناری هەڵگۆرد تۆپباران دەکات.
- قایمقامی شارۆچکەی پشدەر ڕایگەیاند، کە کۆماری ئیسلامی ئێران بەشێک لە ئاوی زێی بچوکی کردەوە.
- دوای ئەوەی پارێزەرانی ڕێبوار تاڵەبانی، سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک ئامادەی دادگای کارگێری بەغدا بوون و داوا یاساییەکەی بەرەی تورکمانیان بەرەسمی رەتکردەوە لەسەر هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە کەرکوک، لەلایەن دادگاوە دۆسیەکە بۆ 24ی مانگ دواخرا.[1]
- درەنگانی شەوی رابردوو لەسنوری میحوەری خورماتوو، جارێکیتر چەکدارانی داعش پەلامارێکی فراوانیان بۆ سەر سەنگەرەکانی لیوای 11ی پیادە و فەوجی 3ی لیوای 5ی بەرگری فریاکەوتن ئەنجامدا، فەرماندەیەکیش دەڵێت زیانی کوشندەمان لەچەکدارەکانیان وەشاندووە و ناچار بەکشانەوەمان کردوون.[2]
- بەپێی زانیارییەکان، سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ بۆمبێک لە ناوچەی چەلێی جۆلەمێرگ بە کاروانێکی سوپای تورکیادا تەقیوەتەوە و بووەتە هۆی کوژرانی سەربازێک. هەروەها شەوی رابردوو لە کاتی ئۆپەراسیۆنێکی سوپای تورکیا و چەکدارە کوردەکان (جەردەوان)ی سەر بە سوپای تورکیا لە دژی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) لە چیای تەندورەک لە ناوچەی چاڵدێرانی سەر بە پارێزگای وان، بۆمبێک تەقیوەتەوە و بووەتە هۆی کوژرانی جەردەوانێک.[3]
- لە کۆنگرەی میدیا ئیسلامییەکان لە شاری مەشهەدی ئێران، لەسەر گشتپرسیی باشووری کوردستان دەبێتە کێشە و، نوێنەرانی کۆمەڵ و یەکگرتووی ئیسلامی لەگەڵ شیعەکانی عێراق دەبێتە دەمەقاڵێیان.
- لە ئامەد و بەشێک لە شارەکانی دیکەی باکووری کوردستان، پلەی گەرما گەیشتووەتە ئاستێک کە لە ماوەی 30 ساڵی رابردوودا تۆمار نەکراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چاوەڕێ دەکرێت پلەی گەرما بەرزتر ببێتەوە بگاتە 47 پلەی سەدی.[4]
- کەناڵی ئاریەن، کە کەناڵێکی کوردییە و گرنگی بە هەواڵ و ڕووداوەکانی کوردستان و ئێران دەدات، دەستی بە پەخش کرد.

- ئەمڕۆ، ناوەندی ڕاگەیاندنی یەکینەکانی پاراستنی سڤیل-ژن (یەپەسەی ژن)، ڕاگەیەندراوێکی، سەبارەت بە کوژرانی ئۆرهان مەرجان یاریدەدەری سەرۆکی ئاکەپەی لیجەی ئامەد لە ڕۆژی 1/ئەم مانگە بڵاوکردەوە. یەپەسە ژن، کوشتنی بەرپرسەکەی ئاکەپەی لە ئامەد لە ئەستۆگرت و ڕایگەیاند، کە ئەو پرسە کاری سیخوریی دەکرد بۆیە سزاماندا. [5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران - حدکا |
| 🏛 پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK |
| 🏛 پارت / لایەن: | ☪ یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان |
| 🏛 پارت / لایەن: | ☪ کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان |

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ وان

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ جوڵەمێرگ

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◉ ئامەد

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ خورماتوو

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ چۆمان

Quick Respons Code:


سەرچاوەکان

[1] ●دیارینەکراو | 🖧 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

[2] 📡ماڵپەڕ | 🖧 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-07-03

[3] 📡ماڵپەڕ | 🖧 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی باسنیوز - 2017-07-03

[4] 📡ماڵپەڕ | 🖧 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رووداو - 2017-07-03

[5] 📡ماڵپەڕ | 🖧 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 2017-07-03



کاتی تۆمارکردن: 2017-07-03 8:49:53 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان


---

بابەت: 183

**2017-07-04**

https://www.kurdipedia.org/?q=2017070408380897030



- هێزێکی مەشق پێکراو لە شنگالەوە بەرەو ڕەققە بەڕێکەوت و بڕیاروایە هاوشان لەگەڵ شەڕڤانانی (هەسەدە) و (یەپەگە) بەشداریی کۆنترۆڵکردنەوەی شاری ڕەققە بکات.
- موقتەدا سەدر، ڕابەری ڕەوتی سەدر، داوا لە مەسعود بارزانی دەکات ئەنجامدانی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان دوابخات و دواتر هەڵیبوەشێنێتەوە.[1]
- کۆگایەکی سوتەمەنی لەسنوری پارێزگای سلێمانی گڕی گرت و بەهۆیەوە نزیکەی 45 کەس برینداربوون، قایمقامی سلێمانیش رایدەگەیەنێت بەشێکی زۆری ئە و شوێنانە هیچ مەرجێکی سەلامەتیان تێدا نییە.
- پێشمەرگەیەک لەمیحوەری داقوق بەرەبەیانی ئەمڕۆ بەفیشەکی قەناسی چەکدارانی داعش بریندارببوو.
- بەڕێوبەرایەتی کەشناسی و بومەلەرزەزانی هەرێم بڵاویکردۆتەوە، بەرەبەیانی ئەمڕۆ، بومەلەرزەیەک لە قوڵایی 10 کیلۆمەتر لە نزیک شاری هەڵەبجە روویداوە. باسی لەوەشکردووە، گوڕی بومەلەرزەکە 2،9 پلەی ڕێختەر بووە و هیچ زیانێکی بە دواوە نەبووە.[2]
- بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزاو ناحیەکانی کەرکوک رایگەیاند، ئەمڕۆ تەقە لەخاڵی پشکنینی تازە خورماتوو لەسەر رێگەی کەرکوک-بەغدا کراوە و هیچ زیانێکی لێنەکەوتووەتەوە.[3]
- بەهۆی تۆپبارابەکانی سوپای تورک و چەتەکانی سەربە تورکیا بۆسەر کانتۆنی عەفرین و هەرێمەکانی شەهبا، سێ هاوڵاتی گیانیان لەدەست دا.
- لە شارەدێی کەلەکچی سەر بە شارۆچکەی بەردەڕەشی پارێزگای دهۆک، بەهۆی بێ کارەبایی و ئەگەری بەرزکردنەوەی نرخی مۆلیدە ئەهلییەکان سەدان گەنج ڕژانە سەر شەقامە سەرەکییەکانی ئەو شارۆچکەیە.
- پارێزەران بۆ ئەوەی بەشداری دانیشتنی دادگای فیگەن یوکسەکداغ، هاوسەرۆکی پێشووی پارتی دیموکراتی گەلان-هەدەپە ببن، بەرەو ئەنقەرە بەڕێکەوتن، بەڵام پۆلیس ڕێگری لێکردن.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - HDP |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ ئەفرین |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ دهۆک |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ شنگال |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ هەڵەبجە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ خورماتوو |

Quick Respons
:Code

سەرچاوەکان
[1] ●دیارینەکراو | 🖺 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] 📡ماڵپەڕ | 🖺 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 04-07-2017
[3] 📡ماڵپەڕ | 🖺 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 04-07-2017
[4] 📡ماڵپەڕ | 🖺 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 04-07-2017

کاتی تۆمارکردن: 2017-07-04 8:38:08 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 184

**2017-07-05**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170705084450101530



- هاونیشتمانیانی عەفرین لە ڕۆژئاوای کوردستان بەمەبەستی ناڕەزایی دەپرین بەرامبەر بۆردوومان و تۆپبارانکرنی هەرێمی عەفرین و ناوچەی شەهبا لەلایەن سوپای تورکیا و هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا کە لەلایەن تورکیاوە پشتگیری دەکرێن، دەستیان بە خۆپیشاندانێکی جەماوەری فراوان کرد.
- سێ چەکداری داعش لەنێو شاری کەرکووک دەستگیرکران. بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزا و ناحیەکانی کەرکووکیش دەڵێت: بۆ ئەنجامدانی کردەوەی توندوتیژی دزەیان کردبووە نێو کەرکووک.
- دوای کوژرانی دوو بەرپرسەکەی ئاکپارتی لە دوو شاری باکووری کوردستان، دەستبەسەرکردن و دەستگیرکردنی سیاسەتمەدار و کارسازانی کورد لەو دوو شوێنە دەستیپێکردووە و چەندین سیاسەتمەدار و کارسازی کورد دەستبەسەرکراون.[1]
- لە بەرامبەر گرتنەوەی ئاوی زێی بچوک لەلایەن ڕژێمی ئێرانەوە، لە شاری سلێمانی خۆپیشاندانی ناڕەزایی دەستیپێکرد.[2]
- سایتی سکای نیوز بڵاویکردەوە، دادگای فیدراڵی کەنەدا لەسەر داوای وەزارەتی نەوتی عێراق، فەرمانی دەرکردووە دەست بەسەر کەشتییەکی بارهەڵگری نەوتی هەرێمی کوردستان لە کەنەدا بگیرێت کە هەرێم فرۆشتویەتی و بڕی 721.915 بەرمیل نەوتی تێدابووە.
- دوای 12 ڕۆژ لە دەستگیرکردنی چوار شەڕڤانی بیانی ریزەکانی یەپەگە لە بازگەیەکی نزیک شارۆچکەی ئاکرێ، بەیانی ئەمڕۆ سەرجەمیان ئازادکران.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏰 پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

| | |
|---|---|
| 🏯 پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ سلێمانی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | 🔥 کەرکوک |
| Quick Respons Code: | |

🗄سەرچاوەکان

[1] 📡ماڵپەڕ | 🖧 کوردیی ناوەراست | ماڵپەڕی رووداو - 2017-07-05

[2] 📡ماڵپەڕ | 🖧 کوردیی ناوەراست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-07-05

[3] 📡ماڵپەڕ | 🖧 کوردیی ناوەراست | ماڵپەڕی دوارۆژ - 2017-07-05

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2017-07-05 8:44:50 AM |
| ناوی تۆمارکار: | هاورێ باخەوان |

---

بابەت: 185

**2017-07-06**

https://www.kurdipedia.org/?q=2017070311011097690



- تەنکەرێکی سوتەمەنی لەسەر رێگای نێوان سلێمانی و کەرکوک وەرگەڕا و وێرای سوتانی تەنکەرەکە ئەو رێگایەش داخرا.
- بەرپرسێکی هێزەکانی سوریای دیموکرات کە لەلایەن ئەمریکاوە پشتیوانی دەکرێت ئاشکرایکرد، ئەمریکا هەشت بنکەی سەربازی لە باکوری سوریا دامەزراندوە و ژمارەکەشی لە زیادبوندایە.[1]
- گوتەبێژی قەرارگای حەمزەی سوپای پاسداران بە ئاماژەدان بەوەی هەرێمی کوردستان بەڵێنیداوە بنکەی حیزبەکانی کوردستان لە سنوورەکانی باشوور و رۆژهەڵاتی کوردستان کۆبکاتەوە، دەڵێت دەبێت هەرێمی کوردستان پابەندی بەڵێن و رێککەوتننامە ئەمنییەکان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بێت.
- گوتەبێژی قەرارگای حەمزەی سوپای پاسداران بە ئاماژەدان بەوەی هەرێمی کوردستان بەڵێنیداوە بنکەی حیزبەکانی کوردستان لە سنوورەکانی باشوور و رۆژهەڵاتی کوردستان کۆبکاتەوە، دەڵێت دەبێت هەرێمی کوردستان پابەندی بەڵێن و رێککەوتننامە ئەمنییەکان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بێت.
- دوای کۆبوونەوەی شاندی باڵای یەکێتی و یەکگرتوو لە سلێمانی، نوێنەری ئەو دوو حیزبە لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەڤانیدا رایانگەیاند، هەردوولا هاورابوون لەسەر ئەوەی پێویستە پێش گشتپرسی پەرلەمان کارا بکرێتەوە و بژێوی خەڵک و مووچەخۆران باشتر بکرێت.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
پارت / لایەن: ☪ یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: ○ سلێمانی
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-07-06
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2017-07-06
کاتی تۆمارکردن: 2017-07-03 11:01:10 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 186
**2017-07-07**
https://www.kurdipedia.org/?q=20170707093314963 48



- سەحەڵادین دەمیرتاش هاوسەرۆکی گشتی هەدەپە، ئامادە نەبوو کەلەپچە بخرێتە دەستی لەکاتی بردنی بۆ دادگای ئەنقەرە بۆیە چوونی بۆ دادگا ڕاگیرا.[1]
- لە 23 گوندی سەربە شارۆچکەکانی مەهسەرت، نسێبین و ئارتوکلوی سەربە مێردین قەدەغەی هاتوچۆ ڕاگەیەندرا.[2]
- مامۆستا مەلا ئەحمەدی دێرێ بەرپرسی زانایانی پشدەری کۆمەڵی ئیسلامی و ئەندامی مەڵبەندی ڕانیەی کۆمەڵی ئیسلامی لەناو ئوتومبێلێکی جۆری تاکسیەکەوە لە دوای نوێژی هەینی لە قەڵادزێ تەقەی لێکراو تیرۆرکرا.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP
پارت / لایەن: ☪ کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: ○ نوسەیبین
شار و شارۆچکەکان: ○ ماردین
شار و شارۆچکەکان: ○ قەڵادزێ
Quick Respons Code:

📚سەرچاوەکان

[1] ●دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

[2] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-07-07

کاتی تۆمارکردن: AM 9:33:14 2017-07-07

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 187

**2017-07-08**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170708092833101540




- سکرتێری ڕۆژنامەوانی قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاشکرایدەکات کە بەشداریی ناوبراو لە کۆبوونەوەی ئەمڕۆی مەسعود بارزانی و نوێنەری بەشێک لەلایەنەکاندا وەک جێگری سەرۆکی حکومەت بووە نەک وەک نوێنەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان.[1]

- ئۆپەراسیۆنی قڕکردنی سیاسی ئاکەپە لە شارەکانی باکوری کوردستان و تورکیا بەردەوامە و لە چوارچێوەیدا ئەمڕۆ لە شرناخ و ئانتالیا 27 هاوڵاتی دەستگیرکران.

- لەشاری هەولێر، دووەمین فیستیڤاڵی شانۆی مۆنۆدراما بەبەشداری 10 تیپی شانۆیی و 60 میوان دەست پێدەکات و بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ بەردەوام دەبێت.

- هێزەکانی سوریای دیموکرات یەکێک لە دوو خاڵە سەرەکییەکانی چەتەکانی داعش لە ڕەقەیان تێکشکاند و لە گەڕەکی ڕەقەی کۆندا قەڵای هارون ڕەشیدیان ڕزگارکرد بێ ئەوەی بهێڵن هیچ زیانێکی پێبگات.[2]

- وەزیری دەرەوەی عێراق رایدەگەیەنێت هەوڵەکانی هەرێمی کوردستان بۆ سەربەخۆیی ترس و دڵەڕاوکێ لەخۆرهەڵاتی ناوەراست بڵاودەکاتەوە و پێویستە وڵاتانی دراوسێ لە پرۆسەی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان بەشداربن.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ شرناخ

🏙 شار و شارۆچکەکان: ♜ هەولێر

Quick Respons Code:

📚سەرچاوەکان

[1] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-07-08

[2] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-07-08

[3] 📡ماڵپەڕ | 🗋 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-07-08

کاتی تۆمارکردن: 2017-07-08 9:28:33 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 188

**2017-07-09**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170706113818101531



"قادر حاجی عەلی

دەبێتە ڕێکخەری گشتی گۆڕان"

...

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2017-07-06 11:38:18 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 189

**2017-07-10**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170723142647101577

...

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2017-07-23 2:26:47 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 190

**2017-07-11**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170711213839141315



- ئاگرێکیک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە، تەشەنەی کردووە، گەیشتووەتە گوندەکانی نزیک شاری هەڵەبجە و تا ئێستا ئاگرەکە نەکوژاوەتەوە.
-بە مەبەستی پشتگیری خەڵکی عەفرین و شەرمەزارکردنی هێرشەکانی دەوڵەتی تورک و چەتەکانی سەر بە تورکیا بۆ سەر عەفرینی رۆژئاوای کوردستان، لە سلێمانی ڕێپێوانێکی جەماوەریی بەڕێوەچوو.
- کۆبوونەوەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ مەلالا یوسفزا فەند، تێیدا مەلالە وتی هەوڵ دەکەم لەڕگەی ڕێخراوەکەمەوە و لایەنی پەیوەندی دارەوە پشتگیری کچان و ژنانی کورد بکەم لەناو کەمپ و شارەکاندا.
- دۆزینەوەی تەرمی سینەماکار و دەرهێنەری کورد کەیهان ئەنوەر لە ماڵەکەی خۆیدا لە وڵاتی ئەڵمانیا دۆزرایەوە.
-ئەمشەو ئاگر لە بازاڕی کاسۆ مۆڵی ناوەندی شاری سلێمانی کەوتەوە. بەپێی زانیارییەکان ئاگرەکە بەهۆی شۆرتی کارەباوە کەوتۆتەوە و تیمەکانی بەرگری شارستانیش توانیویانە کۆنترۆڵی بکەن.بەهۆی ئاگرەکەوە 9 کەس کە دووانیان کارمەندی تیمەکانی ئاگرکوژێنەوە بوون، تووشی تەنگەنەفەسی بوون.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ سلێمانی

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ هەڵەبجە

🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 11-07-2017

[2] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 11-07-2017

[3] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری سپی میدیا - 11-07-2017

کاتی تۆمارکردن: 2017-07-11 9:38:39 PM

ناوی تۆمارکار: سەریاس ئەحمەد

---

بابەت: 191

**2017-07-12**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170712094109141326



-کۆبوونەوەی نێوان بزووتنەوەی گۆڕان و یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان لە لە مەکۆی سەرەکی بزوتنەوەی گۆڕان، لەسلێمانی.
- سەرۆکی لیستی هاوپەیمانی نیشتمانی لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی دەستی لەکارکێشایەوە. ناو برا سەربە حیزبی سۆسیال دیموکراتی کوردستان - حسک ە.
-شاندێکی حکومەتی عێراق بە سەرۆکایەتیی وەزیری نەوت و بەشداری چەند وەزیرێکی دیکە گەیشتە هەولێر.
-مستەفا بالی، بەڕێوەبەری سەنتەری ڕاگەیاندنی هێزەکانی سوریای دیموکرات رایگەیاندووە شەڕڤانان کۆنترۆڵی ناوچەی عەکریشی-یان کردوە کە 15 کیلۆمەتر دوورە لە باشوری رەققەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان |
| پارت / لایەن: | بزووتنەوەی گۆڕان |
| پارت / لایەن: | حزبی سۆسیال دیموکراتی کوردستان - حسک |

شار و شارۆچکەکان: ○ سلێمانی

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2017-07-12
[2] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2017-07-12
[3] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری لڤین پرێس- 2017-07-12

کاتی تۆمارکردن: 2017-07-12 9:41:09 AM
ناوی تۆمارکار: سەریاس ئەحمەد

---

بابەت: 192

## 2017-07-13

https://www.kurdipedia.org/?q=20170713002153141354

- سەنتەری فریاگوزاری سلێمانی ڕایگەیاند : بەهۆی دەمەبۆڵەی دوو بنەماڵەوە شەڕە تەقە لە نێوان گەڕەکی چوارباخ و وڵووبە ڕوویداوە و بەو هۆیەوە ژنێک کوژراوە و پێنج کەسی دیکە بریندار بوون.
- عەلی جەمال قەدووری، وتەبێژی پۆلیسی گەرمیان بە دیجیتاڵ میدیای ئێن ئاڕ تی ڕاگەیاند کەسەکە لەدایکبووی ساڵی 1974 و دانیشتووی گوندی تۆپ عەسکەری سەربە شارەدێی قۆرەتووە و بەوتەی باوکی ناوبراو خێزاندارەو کێشەی لەگەڵ هیچ کەسدانەبووە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: ○ سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: ○ چەمچەماڵ

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] بەیان و راگەیاندننامە | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئێن ئارتی- 2017-07-13

کاتی تۆمارکردن: 2017-07-13 12:21:53 AM
ناوی تۆمارکار: سەریاس ئەحمەد

---

بابەت: 193

## 2017-07-14

https://www.kurdipedia.org/?q=20170715115013141372



- پێشمەرگەیەکی کۆمەڵەی کۆمۆنستی کوردستانی ئێران لە سلێمانی، لە ئەنجامی لەدەست دەرچوونی گوللە لەماڵەکەی خۆیدا گیانی لەدەستدا.
- گیان لەدەستدانی دوو کچی ئێزدی بەناوەکانی (نەسرین ئیلیاس و دالیا مەردان) لە موسڵ بەهۆی بۆردوومانی فڕۆکەی هاوپەیمانانەوە لە جەنگی دژی داعش.
- خنکانی گەنجێکی تەمەن 25 ساڵ، لە بەنداوی دێگەڵەی کۆیە، گەنجەکە دانشتووی شاری هەولێر بووە،ناوی (محەمەد سابیر عومەر)ە. دوای 13 کاتژمێر ڕۆژی 2017-07-15 تەرمەکەی دۆزراوەتەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شار و شارۆچکەکان: ○ سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: ○ موسڵ و دەشتی نەینەوا
شار و شارۆچکەکان: هەولێر

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] بەیان و راگەیاندننامە | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2017-07-15 11:50:13 AM
ناوی تۆمارکار: سەریاس ئەحمەد

---

بابەت: 194

## 2017-07-15

https://www.kurdipedia.org/?q=20170715105736141369




-ئەمڕۆ لە شاری سلێمانی کۆنگرەی نەتەوەی کوردستان (کەنەکە) بە بەشداری لایەنە سیاسییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان دەستپێکرد و پاتی دیموکراتی کوردستان، بایکۆتی کردووە.
-بە پێی ئاژانسی فورات نیوز، بەیانی ئەمڕۆ ئادەم گەڤەری پەرلەمانتاری هەدەپە، لەکاتی بەشداریکردنی لەپرسەیەک لەشاری ئەنقەرە، لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە دەستگیرکراوە.
-هۆگر عەزیز، وتەبێژی پۆلیسی هەولێر ڕاگەیاند پیاوێک لە شارەدێیی رزگاری سەر بە شارۆچکەی خەباتی هەولێر پاش ئەوەی کاتژمێر 3ی بەرەبەیانی ئەمڕۆ شەممە گەڕاوەتەوە ماڵەوە، ژنەکەی لەگەڵ پیاوێکدا لە ماڵەکەی خۆی بینیوە و بەوهۆیەوە هەردوکیانی کوشتووە.
- بەهۆی ڕووداوی هاتووچۆوە، کاتژمێر 5ی سەرلە ئێوارە، لەسەر ڕێکەی سلێمانی-دەربەندیخان، نزیک گوندی چنارە، منداڵێک گیانی لەدەستداوە و 9 کەسی تر بریندار بوون.
-ڕزگارکردنی پێشمەرگە دیلەکەی ژێر دەستی داعش، لەلایەن هێزەکانی دژەتیرۆرەوە، لەسنووری داقووق، ئەو پێشمەرگەیە لە ڕۆژی 27-05-2017 لە کاتی هێرشی چەتەکانی داعش، بۆسەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە بە دیل گیرابوو.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - HDP |
| 🏛 پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: TR ئەنکەڕە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ دەربەندیخان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] بەیان و ڕاگەیاندننامە | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2017-07-15 10:57:36 AM |
| ناوی تۆمارکار: | سەریاس ئەحمەد |

---

بابەت: 195

## 2017-07-16

https://www.kurdipedia.org/?q=20170707141307101537

- پێشنیوەڕۆی ڕۆژی 16-07-2017 کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی و پارتی لە ماڵی نێچیرڤان بەرزانی، لە شاری هەولێر.
-ئێوارەی ئەمڕۆ کاتژمێر 7، دوو گەنج لە زێی گەورەدا خنکان، هەر دوو گەنجەکە ئامۆزای یەکن و

خەڵکی گوندی سوەیەی شارۆچکەی خەباتن.
-منداڵێکی تەمەن 3 ساڵ بەناوی (ئەهوە ڕزگار) لە شارۆچکەی چەمچەماڵ بەهۆی سوتاوییەوە گیانی لەدەستداوە.
- لە خورماتوو هاوڵاتییەکی کورد، بە ناوی (حەیدە عەلی)،لە گەڕەکی کۆماری ئەو شارۆچکەیە کوژراوە، ناوبراو پاسەوانی پشیووی بەرپرسێکی پارێزگای دیالە بووە.[1]
-ئێوارەی ئەمڕۆ 16-07-2017 کاتژمێر 7، لەنزیک گوندی زەرگەی خورماتوو پێشمەرگەیەکی لیوای 11ی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بەهۆی گوللەی قەناس بەدەستەکانی داعشەوە شەهیدبووە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏰 پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ چەمچەماڵ
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ خورماتوو
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 16-07-2017
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 16-07-2017
کاتی تۆمارکردن: 07-07-2017 2:13:07 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 196
## 2017-07-17
https://www.kurdipedia.org/?q=20170717005256141408



- عەبدولستار مەجید،وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئێستادا بە سەردانێکی فەرمی لە کۆماری ئیسلامی ئێرانە و لەلایەن وەزیری کشتوکاڵی ئە و وڵاتە و ژمارەیەک لێپرسراوی حکومەتەوە پێشوازی لێکراوە. ناوبراو ئاماژەی بەوەشکردداوامان لە وەزیری کشتوکاڵی ئێران و بەرپرسانی دیکەی ئە و وڵاتە کرد کارئاسانی بکەن بۆ ئەوەی کاتێک بەرهەمێکی هەرێمی کوردستان هەناردەی وڵاتەکەیان دەکرێت ڕێگری لێنەکرێت و بەربەرستی بۆ دروست نەکرێت. وەزیری کشتوکاڵی هەرێم وتیشیئێرانیەکان رازی بوون بە و داواکارییەی ئێمە و بازرگانەکانی ئێمە دەتوانن بەرهەمی جوتیاران بکڕنەوە و بە ڕێگەی خاڵە سنورییەکان هاوردەی ئێرانی بکەن.[1]
- دادگای ئورفەی تورکیا، بڕیاریدا، بە سزادانی ئیبراهیم ئایهان، پەرلەمانتاری هەدەپەی ئەو شارە، بۆ ماوەی یەک ساڵ و نیو.
- شاندێکی کۆماری ئیسلامی ئێران، لە هەولێر، سەردانی عەلی باپیر ئەمیری کۆمەڵی کردوو، ئێستا لە کۆبوونەوەدان.

- ڕێکخراوی ستۆپ بۆ دژە گەندەڵی، بەهاوکاری دامەزراوەی نیشتیمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی رایگەیاند، لە ماوەی ساڵێکدا 67 دۆسییەی گەندەڵی-یان پێشکەش بە داواکاری گشتی و دەستەی دەستپاکی هەرێم کردووە.
- گەنجێکی تەمەن 21ساڵی شارۆچکەی دەربەندیخان، دوای 10 رۆژ لە دیار نەمانی بەناوی (فریاد محەمەد)، بەیانی ئەمرۆ بەخنکاوی لە ئاوی سیروان-دا دۆزرایەوە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP
شار و شارۆچکەکان: ئورفە
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی لڤین پرێس 17-07-2017
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 17-07-2017


کاتی تۆمارکردن: 17-07-2017 12:52:56 AM
ناوی تۆمارکار: سەریاس ئەحمەد

---

بابەت: 197

## 2017-07-18

https://www.kurdipedia.org/?q=20170718194533141447



-ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لەکۆبونەوەی ئەمرۆ 18ی تەموزی 2017، پێشنیازی لامەرکەزی ئیداریی پەسەندکرد و بڕیارە دوای جارێکی دیکە داڕشتنەوەی، بۆ ئەنجومەنی وەزیران ڕەوانە دەکرێت.
-ئەمرۆ سێشەممە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی کۆبونەوەی ژمارە 37ی بەڕێوەبردو تێیدا سەرباری بەخشینی فەرهاد تۆفیق، دەستبەکاربونی نوێنەری حزبی شیوعی لەشوێنەکەی، هاوکات پێشنیازی لامەرکەزی ئیداریشی پەسەندکرد.[1]
-لە ڕووداوێکی هاتووچۆدا لە گوندی بەلەوەی نێوان هەردوو شارەدێی سەرقەڵا و زینانە، ژن و مێردێک گیانیان لەدەستدا، کە خەڵکی شارۆچکەی قانەقینن، بەناوەکانی (موزەفەر ئیبراهیم تاهیر لەدایکبووی 1957، نافیعە سەفەر سادق لەدایکبووی 1966).[2]
-کەوتنەوەی ئاگرێک لە شارۆچکەی دوکان، قائیمقامی قەزای دوکان لەبارەی کەوتنەوەی ئاگرێک لەنێوان دوکانی سەرو و خواروودا زانیاری نوێ ئاشکرادەکات و دەڵێت: تیمەکانی بەرگری شارستانی بەردەوامن

لەکۆنترۆڵکردنی ئاگرەکە و لەئێستادا مەترسی گەورە نەماوە.
-سەرکەوت ئەحمەد وتەبێژی پۆلیسی سلێمانی بەSNNی ڕاگەیاند:دوانیوەڕۆی ئەمڕۆ 18ی تەمموز، لە شاری سلێمانی لەنزیک مزگەوتی سەیوانی دووەم، لە ئۆتۆمبیلێکەوە تەقە لەگەنجێک کراوە و دوای گەیاندنی بۆ نەخۆشخانە گیانی لەدەستداوە.
وتیشی: گەنجە کوژراوەکە لەو شەقامەدا خۆی لەناو ئۆتۆمبیلێکی جۆری(BMW)دابووە و لەلایەن کەسێکی دیکەوە لەناو ئۆتۆمبیلێکی دیکەوە تەقەی لێکراوە و تەقەکەرەکەش هەڵهاتووە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: حزبی سۆسیال دیموکراتی کوردستان - حسک

شار و شارۆچکەکان: ○ سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: ○ خانەقین

شار و شارۆچکەکان: ○ دوکان

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی لڤین پرێس- 18-07-2017

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 18-07-2017

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی تۆڕی هەواڵیسلێمانی18-07-2017 -

کاتی تۆمارکردن: 18-07-2017 7:45:33 PM

ناوی تۆمارکار: سەریاس ئەحمەد

---

بابەت: 198

## 2017-07-19

https://www.kurdipedia.org/?q=20170719015710141465




- بە ئامادەبوونی 150 ئەندام لە سەرتاسەری شنگال و ناوچەکانی ئێزدی، پارتی ئازادی دیموکراسی ئێزدیان- پادێ، یەکەمین کۆنگرەی خۆی بەستووە.
- لە ئامەد و ئەدەنە، 8 پزیشک لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی ڕژێمی تورکیاوە دەست گیرکراون، دکتۆر سەلجوق میزراکلی، سەرۆکی پێشووی سەندیکای پزیشکەکانی ئامەد، فورات تورسون، ئەندامی کۆنگرەی جڤاکی دیموکرات- کەجەدە، دکتۆر شەمسەدین کۆچ و نەجدەت ئیپەکیوز، هولیا ئالۆکمەن ئویانیک و مامۆستا سەدرەدین کایا ئەمڕۆ لە ئامەد دەستگیرکران، هەروەها دکتۆر عوسمان دۆغانیش لە ئەدەنە دەستگیرکرا. لە لایەکی دیکەوە، عەلی ڕەزا یورتسەڤەر، ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵە سەرلەبەیانی ئەمڕۆ دەستگیرکرا.
-د. میران محەمەد بەڕێوەبەری فەرمانگەی گشتی تەندروستی سلێمانی،

بڕیاری کردنەوەی بەشی پێشوازی لە نەخۆشخانەی شەهید شەوکەت، لە شارۆچکەی سەیدسادق. دەرکرد.[1]
-لە کۆبوونەوەی ئاسایی ژمارە 30ی خۆیدا لە شاری هەولێر، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم ئاماژەی بەوەکردووە، بڕیاریانداوە بە لێخۆش بوون لە سزای دارایی و سوودی بانکی لەسەر ئەو باجدەرانەی کە لەپێدانی باج دواکەوتوون بە مەرجێک لە ماوەی 90 ڕۆژ باجی بنەڕەتیی بدەن.
-ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێم بڕیاریانداوە، بەپێدانی نازناوی زانستی وبەرزکردنەوەی زانستی بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا لە مامۆستایانی سەر بە میلاکی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان پشت بەست بە یاسای پەرلەمانی کوردستان ژمارە 9 ی ساڵی 2012 و بەڕەچاوکردنی پێوەرەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا.[2]
-ئەمڕۆ بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، ڕۆژی ڕابردوو، 27پووشپەڕ، 30 هێکتار لە داربەڕووەکان و پووش و پاوەنی شارۆچکەی بشیوە و پاتاقی شاری سەرپێلی زەهاو سەر بە پارێزگای کرماشان لە ئاگردا سووتان.[3]
-ئازادکردنی 4 پێشمەرگەی دیلی ژێردەستی داعش لەلایەن هێزەکانی سوپای عێراقەوە، لە بەشی چەپی موسڵ، بەناوەکانی:-ئەحمەد یاسین رەجەب، باپیر عیسا ئەحمەد، کامەران بەهجەت عەبدولمەجید، عەزیز جومعە رەمەزان مزوری.[4]
-مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان بەسەرپەرشتی جێگری سکرتێری گشتی لەبارەگای مەکتەبی سیاسی لەشاری سلێمانی کۆتایهات.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏭 شار و شارۆچکەکان: ◉ ئامەد
🏭 شار و شارۆچکەکان: ○ سەیدسادق (شارەزوور)
🏭 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
🏭 شار و شارۆچکەکان: ○ زەهاو
🏭 شار و شارۆچکەکان: ○ موسڵ و دەشتی نەینەوا
🏭 شار و شارۆچکەکان: ○ سلێمانی

Quick Respons Code:


سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-07-19
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-07-19
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردپا- 2017-07-19
[4] بەیان و راگەیاندننامە | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن


کاتی تۆمارکردن: 2017-07-19 1:57:10 AM

ناوی تۆمارکار: سەریاس ئەحمەد

---

بابەت: 199

**2017-07-20**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170720131226141503



| ت | الاسم الثلاثي واللقب | تاريخ القبض |
|---|---|---|
| ١ | محمود بلو ابراهيم الزبيدي | ٢٠١٤/٦/١٤ |
| ٢ | برزان نلودر رحيم الهركي | ٢٠١٤/٦/١٥ |
| ٣ | بختيار نجم الدين حسن شوان | ٢٠١٤/٦/١٥ |
| ٤ | محمد علي خواده النورولي | ٢٠١٤/٦/١٥ |
| ٥ | حسن محمد هاشم الكاكي | ٢٠١٤/٦/١٥ |
| ٦ | خليل عزيز احمد الطائي | ٢٠١٤/٦/١٥ |
| ٧ | نائل محمد عبدالقادر الحمداني | ٢٠١٤/٦/٢٣ |
| ٨ | شيفان عبد الرحمن طيو الشرفاني | ٢٠١٤/٦/٢٤ |
| ٩ | نعمه محمد عيدان الجحيشي | ٢٠١٤/٦/٢٨ |
| ١٠ | عمر ذنون علي البجاري | ٢٠١٤/٦/٢٨ |
| ١١ | علاء جاسم حمادي الحديدي | ٢٠١٤/٦/٢٨ |
| ١٢ | ماهر قاسم علي عمر القيلات | ٢٠١٤/٦/٢٨ |
| ١٣ | حيدر ماجد عبدالستار الكرخي | ٢٠١٤/٦/٢٩ |
| ١٤ | يونس سالم حياوي العبيدي | ٢٠١٤/٦/٢٩ |
| ١٥ | عبدالرحمن شفيق صالح البدراوي | ٢٠١٤/٧/١ |
| ١٦ | علي احمد ناصيف المتيوتي | ٢٠١٤/٧/٣ |
| ١٧ | يونس عباس احمد الحديدي | ٢٠١٤/٧/٥ |
| ١٨ | اياد طلال علي البنو | ٢٠١٤/٧/٧ |
| ١٩ | سعد شرابي عزيز السنجري | ٢٠١٤/٧/٧ |
| ٢٠ | محمد عثمان احمد اومري | ٢٠١٤/٧/٧ |
| ٢١ | محمد عبدالقادر محمود الجبوري | ٢٠١٤/٧/٨ |
| ٢٢ | داوود جمعه داوود البياتي | ٢٠١٤/٧/٨ |
| ٢٣ | نمير حامد جرجيس الحمداني | ٢٠١٤/٧/٨ |
| ٢٤ | عدنان خليل ابراهيم | ٢٠١٤/٧/٨ |
| ٢٥ | حسام الدين قيس غايب الطائي | ٢٠١٤/٧/٨ |
| ٢٦ | عزت غازي نبيل الدوسكي | ٢٠١٤/٧/٩ |
| ٢٧ | هشيار احمد محمد السليفاني | ٢٠١٤/٧/٩ |
| ٢٨ | عمار نمير حامد حمداني | ٢٠١٤/٧/٩ |

- بەرپرسێکی فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی نەینەوا ئاشکرایکرد، ژمارەیەکی زۆر خەڵکی لەلایەن هێزە سەربازییەکانەوە دەستگیرکراون و کوردیشیان تێدایە، بەڵام هێشتا لەبوونی پێشمەرگە دیلەکان دڵنیانەبوینەتەوە.[1]
- بەرپرسی دەستەی پارێزەرانی جیهانی لەکۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی ئەنجامدا. لەکۆنگرەکەدا گافی کیرۆن بەرپرسی دەستەکە ڕایگەیاند بەردەوام لە هەوڵی کۆکردنەوەی بەڵگە و دیکۆمێنتەکان دان بۆ بەسزا گەیاندنی ئە و کۆمپانیاو کەسایەتیانەی یارمەتی ڕژێمی پێشووی عێراقیان داوە و چەکی کیمیاییان پێ فرۆشتووە.
- فڕۆکەکانی تورکیا بۆردومانی قەندیلیان دەستپێکردوە و بەوهۆیەشەوە ئاگر کەوتۆتەوە.[2]
- ئەندامێکی دیوانی یاسادانانی کانتۆنی عەفرین، ڕایدەگەیەنێت، کە ئاکەپە دەیەوێت بە هێرشکردنە سەر عەفرین شکستە سیاسیەکانی خۆی چارەسەر بکات، ئاماژەش بەوەدادات، کە عەفرین ناکەوێت و گەلی عەفرین ئامادەن بەرگری لە عەفرین بکەن، ئاشکراشیدەکات:نزیکەی 100 هەزار کەس ناوی خۆیان نووسیوە بۆ ئەوەی بەرگری لە عەفرین بکەن.
- سیگمار گابرییەل، وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا هۆشیاری دایە هاوڵاتیانی ئەڵمانی، کە نەچنە تورکیا چونکە بەدیل دەگیرێن.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK

شار و شارۆچکەکان: ○ ئەفرین

شار و شارۆچکەکان: ○ موسڵ و دەشتی نەینەوا

شار و شارۆچکەکان: ○ رانیە (پشدەر)

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2017-07-20

[2] ●دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2017-07-20

کاتی تۆمارکردن: 2017-07-20 1:12:26 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 200

**2017-07-21**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170721091906101550



- سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ پارێزگای ئامەد بە بڵاوکردنەوەی ڕاگەیەندراوێک قەدەغەی هاتوچۆی لە 15 گوندی شارۆچکەی لیجەی سەربە ئامەد ڕاگەیاند.[1]
- وەزارەتی خوێندنی باڵای هەرێم ئاگاداری خوێندکارانی خوێندنی باڵا دەکات، پارەکانیان لە زانکۆی ئازاد لە سنە بەهەدەرنەدەن، بەهۆی ئەوەی ئە و زانکۆیە باوەڕپێکراو نییە و لە داهاتوودا بڕوانامەکانی خوێندکاران یەکسانکردنی بۆ ناکرێت.
- مێری گلیندن، پەرلەمانتاری بریتانیا و سیاسەتمەداری پارتی کرێکارانی ئە و وڵاتە لە بابەتێکدا کە لە ڕۆژنامەی گاردیان بڵاویکردووەتەوە و دەڵێت زۆر قەرزاری کوردین، دەشڵێت داواشم لە پەرلەمانی بریتانیا کردووە پشتگیری ڕیفراندۆمی کوردستان بکەن.
- بەرپرسی راگەیاندن و چاپەمەنی هێزەکانی پاراستنی گەل هەپەگە رایگەیاند، ئەمڕۆ لە چوارچێوەی هەنگاوی شۆڕشگێری شەهید بەدران گوندکرەمۆ و شەهید نالین مووش، لە چالاکییەکانی گەریلانمان لە دژی سوپای تورکیا لە ناوچەی گەڤەر نو سەرباز کوژران.
- لەسەر شوێنی وەستانی عەرەبانە لە سەیدسادق بووە شەڕەچەقۆ و بەهۆیەوە دوو کەس کوژران و 8 کەس برینداربوون.[2]
- دوو پێشمەرگەی لیوای دووی هێزی پێشمەرگە لەرۆژئاوای کەرکوک ئەمڕۆ برینداربوون، بەهۆی تەقینەوەی بۆمبێکی چێنراوەوە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

- پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
- پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK
- شار و شارۆچکەکان: ○ گەڤەڕ
- شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
- شار و شارۆچکەکان: ○ سەیدسادق (شارەزوور)
- شار و شارۆچکەکان: ○ سنە
- شار و شارۆچکەکان: ◉ ئامەد

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان


[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 2017-07-21
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-07-21
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-07-21

کاتی تۆمارکردن: AM 9:19:06 2017-07-21
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 201
**2017-07-22**
https://www.kurdipedia.org/?q=20170722103121101564



- لە پاشنیوەڕۆی دوێنێوە ئاگرێک لە سنوری گوندەکانی میراولی و نێرگسەجاری سەر بەپارێزگای هەڵەبجە کەوتوەتەوە، تا ئەمڕۆش کۆنترۆڵ نەکراوە، تیمەکانی بەرگری شارستانی هەڵەبجەش دەڵێن، ئێمە کۆنترۆلمان کرد بەڵام جارێکی تر سەریهەڵداوەتەوە و تەشەنەی سەندووە.
- کاروانێکی گەورەی سوپای تورک کە لە گەڤەرەوە دەچوون بەرە شەمزینان لە پارێزگای جولەمێرگ، کەوتنە بۆسەیەکی گەریلاکانی هەپەگەوە، لەو چالاکییەدا ئۆتۆمبێلێکی زرێپۆشی سوپای تورک تێکشێندرا و نۆ ئەندامی تیمە تایبەتەکانی سوپای تورکیش کوژران.
- ئێران ئاوی چەمی قۆرەتووی گرتوەتەوەو بەو هۆیەشەوە، کێشەی کەمی ئاو لە سنوری قۆرەتوو دروستبووەو هەڕەشەی چۆلکردنی لەسەر گوندەکانی سنوری شارەدێکە دروستکردووە.[1]
- ژمارەیەک لە هاوڵاتیانی شارۆچکەی چەمچەماڵ لەبەرامبەر کەمی ئاو و کارەبا گردبوونەوە و پەیامێکیان ئاراستەی لایەنە پەیوەندیدارەکان کرد.
- شەوی ڕابردوو ئاگر لە شاخی پیرەمەگرون کەوتەوە لە سەیرانگای زێوێ، بەهۆیەوە زیاتر لە سێ هەزار دۆنم پوش و پاوان دارستان و لەوەڕگا و داری سروشتی سووتا.[2]
- جڤاتی گشتیی بزوتنەوەی گۆران بۆ هەڵبژاردنی دەستەی نوێی سەرۆکایەتی ئەو جڤاتە کۆبووەوە. لە کۆبوونەوەکەدا و بە دەنگی زۆرینەی ئەندامانی جڤاتی گشتی لەکۆی 59 دەنگ رەئوف عوسمان بە سەرۆکی جڤاتی گشتیی هەڵبژێردرا. هەر لە هەڵبژاردنەکەدا ساڵح محەممەد، بە جێگری سەرۆک و دڵخواز قادر، بە سکرتێری جڤاتی گشتی هەڵبژێردران.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK
پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆران
شار و شارۆچکەکان: ○ چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: ○ هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: ○ سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: ○ خانەقین
شار و شارۆچکەکان: ○ شەمزینان
شار و شارۆچکەکان: ○ جولەمێرگ
شار و شارۆچکەکان: ○ گەڤەڕ

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-07-22
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-07-22
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2017-07-23

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2017-07-22 10:31:21 AM |
| ناوی تۆمارکار: | هاوڕێ باخەوان |

---

بابەت: 202

## 2017-07-23

https://www.kurdipedia.org/?q=20170723115017101569



- لە چیای گارە سەربە شارۆچکەی ئامێدی لە پارێزگای دهۆک ورچێک لەلایەن چەند گەنجێکەوە کوژرا.
- سوپای تورک و چەتەکانی سەربە تورکیا هەر ئێستا گوندی ئەرفاد ی نزیک گوندی عەین دەقنەی سەربە هەرێمەکانی شەهبا تۆپباران دەکەن.[1]
- ژمارەیەک لە فەرمانبەرانی گرێبەستی کۆمپانیای نەوتی باکوور لە کەرکوک کە لە کارەکانیان دوورخراونەتەوە، لەبەردەم کۆمپانیاکە گردبوونەوەیەکی ناڕەزایەتییان سازکردووە و داوادەکەن ئەوانیش وەکو فەرمانبەرانی دیکە بگەڕێندرێنەوە سەر کارەکانیان و بکرێنە فەرمانبەری هەمیشەیی.[2]
- دوو لاوی تەمەن 18 و 25 ساڵانی کوردی خەڵکی شاری مێهران، لەکاتی کۆکردنەوەی مینە بەجێماوەکانی شەڕی ئێران و عێراق، یەکێک لە مینەکان پێیاندا تەقیوەتەوە و بووتەهۆی گیان لەدەستدانیان.
- حسێن دەهقان، وەزیری بەرگری ئێران رایگەیاند وڵاتەکەی پاڵپشتی یەکپارچەیی خاکی عێراق دەکات و هەموو جۆرە هەوڵێکی جیابوونەوەش ڕەتدەکاتەوە.[3]
- وەزیری بەرگری کۆماری ئیسلامی ئێران و عێراق، ئەمڕۆ یاداشتێکی لێکتێگەشتنیان لەنێوان هەردوو وڵات لە بوارەکانی بەرگری -سەربازی واژۆکرد.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ ئامێدی

Quick Respons Code:

🗄سەرچاوەکان

[1] 📡ماڵپەڕ | 🖧 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-07-23

[2] 📡ماڵپەڕ | 🖧 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2017-07-23

[3] 📡ماڵپەڕ | 🖧 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-07-23

[4] 📡ماڵپەڕ | 🖧 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-07-23

کاتی تۆمارکردن: 2017-07-23 11:50:17 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 203

## 2017-07-24

https://www.kurdipedia.org/?q=20170724091253101584



- بە گوێرەی هەواڵێکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو، هێزە سەربازییەکانی ئێران لە ناوچەی قەمتەرەی سنوورەکانی پیرانشار دەستڕێژی گوللەیان کردووە لە دەستەیەک لە کۆڵبەران و کاسبکارانی کورد. لە ئەنجامی ئەو دەستڕێژییەدا لانیکەم 25 سەر ئەسپی کاسبکارانی کورد کوژراون.
- لە ئەجامی چالاکی گەریلاکانیان لە سێرت و جولەمێرگ لە باکوری کوردستان، نۆ سەربازی سوپای تورکیا کوژران.
- بەهۆی نەبوونی ئاو و کارەباو کەمی خزمەتگوزارییەوە، لە شارۆچکەی چەمچەماڵ لەلایەن ژمارەیەکی زۆر هاوڵاتییەوە خۆپیشاندان بۆ بەردەم قائیمقامیەتی شارۆچکەکە ئەنجامدرا.[1]
- لە نێوان هەردوو گوندی جەلی و گوندی هیزۆپی بچووک لە نزیک کۆیە، تەرمی ئافرەتێک لەنێو زەویی جووتیارێکدا دۆزرایەوە کە بە دوو گوللە کوژرابوو.
- نادیە موراد، کچە رزگاربووی دەستی داعش و باڵیۆزی نیازپاکی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە پەرلەمانی ئیسرائیل گوتارێکی پێشکەشکرد. لە گوتارەکەیدا باسی لێکچوونەکانی جینۆسایدی جووەکان هۆلۆکۆستی لەگەڵ جینۆسایدی کوردانی ئێزدی کرد لەلایەن داعشەوە.[2]

⑱ تێبینی: ئەم تۆمارە هەندێک وێنە یان فیلمی لەگەڵ پەیوەستکراوە کە لەوانەیە ببێتە هۆی تێکدانی باری دەروونیتان. تکایە ئاگاداربە..

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏟 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ سێرت

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ جوڵەمێرگ
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ کۆیە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ پیرانشار - خانە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ چەمچەماڵ
:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] 📡ماڵپەڕ | 🖆 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 2017-07-24
[2] 📡ماڵپەڕ | 🖆 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی rووداو - 2017-07-24

کاتی تۆمارکردن: 2017-07-24 9:12:53 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 204

## 2017-07-25

https://www.kurdipedia.org/?q=20170725084805101599



- بەزۆرینەی دەنگ عومەری سەید عەلی بوو بە ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆران.
- یەکێتی ئەوروپا جارێکی دیکە پشتیوانی خۆی بۆ یەکپارچەیی عێراق دووپاتکردەوە، داوا لە هەرێمی کورسدتانیش دەکات هەرچی زووە پەرلەمان کارابکاتەوە و هەڵبژاردن ئەنجامبدات.
- فڕۆکە جەنگیەکانی تورکی لە ناوچەی زاب لە هەرێمی کوردستان هێرش بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی پەکەکە ئەنجامدەدەن.
- وەزراەتی دەرەوەی ئیسرائیل بڕیاری دا باڵێۆزخانەی خۆی لە ئەنقەرە و کۆنسوڵخانەکەی لە ئەستەمبۆلی تورکیا دابخات، ئەوەش دوای ئەو دوو هێرشە هات کە شەممەی ڕابردوو کرایە سەر دوو پەرستگەی جووەکان لەو وڵاتە.[1]
- هێزەکانی پۆلیسی تورک ئەو پارکەیان گەمارۆدا کە وا بڕیار بوو میتینگی بەرخۆدانی پارتی دیموکراتی گەلان- هەدەپە لەوێ دەستپێبکات و کۆبوونەوەی فراکسیۆنی پارتییەکەش لەوێ بەڕێوەبچێت.
- شاسوار عەبدولواحید خاوەنی گروپی کۆمپایانیاکانی نالیا ڕایگەیاند، جوڵانەوەیەکی نوێ لە هەرێمی کوردستان لەبارەی ڕیفراندۆمەوە ڕادەگەیەنین و دەڵێین نەخێر بۆ ڕیفراندۆم لە ئێستادا.
- کەریم محەمەد ئەمینزادە، کۆڵبەرێکی کورد لە گوندی بێتووشی سەربە شاری سەردەشتی پارێزگای ورمێ بەهۆی دەستڕێژی گوللەی هێزە سەربازییەکانی ئێرانەوە، کوژرا.
- کاتژمێر 9:30 خولەکی ئێوارە، لە گەڕەکی ئاشتی شاری کەرکوک، تەقە لە ماڵی لەماڵی کاوە محەمەد ناسراو بە (کاوەی حەمە شورتە)، ئەندامی ناوچەی سێی پارتی دیموکراتی کوردستان-عێراق، کرا. عەقید، ئەفراسیاو

کامل، وتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی کەرکوک، ڕاگەیاند:تەقەکردنەکە لەلایەن چەن چەکدارێکەوە کراوە، کە ژمارەیان نەزاندراوە.
ڕاشیگەیاند:تەقەکردنەکە هیچ زیانێکی گیانیی و مادیی لێنەکەوتووەتەوە.
- تەرمی ژنێکی تەمەن 25 ساڵان بەکوژراوی لەنێوان گوندی هیزۆپی بچووک و گرتک لە سنووری شارۆچکەی کۆیە دۆزرایەوە.[2]
- فەرماندەیەکی هێزی پێشمەرگە، ڕونکردنەوە لەسەر جموجۆڵە سەربازییەکان لە باشوری کەرکوک دەدات و ڕاشیدەگەیەنێت: داعش هیچ توانایەکی نەماوەو پێشمەرگەش سەرقاڵی تۆکمەکردن و نۆژەنکردنەوەی سەنگەرەکانیەتی
- درەنگانی شەوی ڕابردوو چەند چەکدارێک لەگەڕەکی عەسکەری شاری کەرکوک کە ئۆتۆمبێلێکی جۆری (پارس)ی تەکسیان پێبوە، دەستڕێژی گوللەیان لەدوو برا کردوە لەبەردەم ماڵەکەی خۆیاندا. دوای ئەوەی گەیەنرانە نەخۆشخانە، (ڕیاز خورشید) کە یاریدەدەری پزیشکە گیانی لەدەستدا و دیار خورشیدی براشی کە پێشمەرگەیە برینداربوو.[3]
- وتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئاشکرایدەکات، لەدوای هەڵبژاردنی ڕێکخەری نوێی بزوتنەوەی گۆڕان گفتووگۆی راستەوخۆی پارتی لەگەڵ ئەو بزوتنەوەیە دەستپێدەکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان.
- بەهۆی پابەند نەبوونیان بە مەرج و ڕێنماییەکانی کارکردنەوە، لیژنە هاوبەشەکانی قائیمقامیەتی سلێمانی نۆ کافتریا دادەخەن.[4]
- مەسعود بارزانی بە تەلەفون پەیوەندیی لەگەڵ ڕێکخەری نوێی بزووتنەوەی گۆڕاندا کرد و پیرۆزبایی لێکرد.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | بزووتنەوەی گۆڕان |
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ سەردەشت |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ کۆیە |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| Quick Respons Code: | |


سەرچاوەکان

[1] ●دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 25-07-2017
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕیSSNC - 25-07-2017
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 25-07-2017
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رووداو - 25-07-2017

کاتی تۆمارکردن: 2017-07-25 8:48:05 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 205

## 2017-07-26

https://www.kurdipedia.org/?q=20170628163419101509



- خوێندکارانی گیرفانسازی بەمەبەستی ناڕەزایی دەربڕین لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیران لە هەولێر خۆپیشاندانیان دەستپێکرد.[1]
- پێشانگەی نێودەوڵەتی روانگە فورەس لە هەولێر دەکرێتەوە، کە تێیدا هەزاران هەلیکار لەلایەن کۆمپانیاکانەوە دەخرێنەڕوو.[2]
- سەرلەبەیانی ئەمڕۆ لە ئێلیح لەلایەن چەند کەسێکی نەناسراوەوە هێرش کرایە سەر ئۆتۆمبێلی محەمد عەلی ئەسلان پەرلەمانتاری هەدەپە و جامی ئۆتۆمبێلەکەی شکێندرا.[3]
- شاندێکی سەرکردایەتیی پارتی سەردانی رێکخەری نوێی گۆڕان دەکات.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2017-07-26
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2017-07-26
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2017-07-26
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2017-06-28 4:34:19 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 206

## 2017-07-27

https://www.kurdipedia.org/?q=20170727085358101645



- شەوی رابردوو ژمارەیەک چەکداری داعش هەڵیان کوتاوەتە سەر ماڵی خێزانێکی کوردی کاکەیی لە باشووری داقوق لە گوندی لهێب، چوار ئەندامی خێزانەکەیان کوشتووە و پێنج ئەندامی دیکەش بێسەروشوێنن.
- لە رێگای کەرکووک - بەغدا و لەبەردەم چێشتخانەی عەباس لە خورماتوو، ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراو تەقییەوە، چوار کەس بریندار بوون.
- ئێوارەی ئەمڕۆ، چەکدارانی داعش هێرشیانکردوەتە سەر فەوجی کاکەییەکان لەسنوری باشوری داقوق و شەڕێکی قورس بەردەوامە.
- فڕۆکەکانی تورکیا دەوروبەری گوندەکانی دەڤەری نێروە و رێکان لە پارێزگای دهۆک بۆردوومان دەکەن.[1]
- لەهەڵمەتێکی گەڕان و پشکنینی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی کەرکوک، چەند چەکداری داعش لەناو شاری کەرکوک دەستگیرکران کە پێشووتر کاریان بۆ گروپی موجاهیدین کردووە.
- سوپای تورکیا بەبەشداری پێنج هەزار سەرباز ئۆپەراسیۆنێکی گەورەی لە ناوچەی (شەنیایڵە) دژی پەکەکە دەستپێکرد.[2]
- گیان لەدەستدانی منداڵێکی 6 ساڵ، بەناوی (گەوهەر عەبدوڵڵا خالید)، لە شارۆچکەی کۆیە، بەهۆی کەتنەخوارەوەوە.[3]
- بەزۆرینەی دەنگ، مافی پەرلەمانتارێتی لە توغبا هازار ئۆزتورک و فەیسەڵ ساڕییڵدز پەرلەمانتارانی فراکسیۆنی هەدەپە لە بازنەی وان سەندرایەوە. گوتەبێژی ئەو پارتەش دەڵێت: ئەمە ئاشکراترین پەیرەوی 70 ساڵەی پەراوێزخستنی کوردە.
- لە بەرزاییەکانی گڕاو لە قۆڵی گوێر چەکدارانی داعش هێرشیانکردە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە، بەڵام پێشمەرگە لە ئامادەسازی دابوون و هێرشەکەی چەکدارانی داعشیان تێکشکاند.[4]
- سوپای تورک بە مەبەستی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی لە دەوروبەری مێردین، قەدەغەی هاتوچۆی لە سێ گوندی سەربە نوسێبینی مێردین ڕاگەیاند.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK |
| 🏛 پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - HDP |

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ خورماتوو
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ کۆیە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ دهۆک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ نوسەیبین
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ وان

:Quick Respons Code

📚سەرچاوەکان
[1] ●دیارینەکراو | 🖇 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] 📡ماڵپەڕ | 🖇 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 27-07-2017
[3] 📡ماڵپەڕ | 🖇 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی لڤین - 27-07-2017
[4] 📡ماڵپەڕ | 🖇 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 27-07-2017
[5] 📡ماڵپەڕ | 🖇 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 27-07-2017

کاتی تۆمارکردن: 27-07-2017 8:53:58 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 207

## 2017-07-28

https://www.kurdipedia.org/?q=20170728081747101662



- گەنجێکی کاکەیی بەشێوەیەکی کتوپڕ گیانی لەدەستدا، کە دەکاتە ئامۆزای ئەو خێزانە جوتیارەی شەوی رابردوو دوای دزەکردنی چەکدارانی داعش بۆ ناو گوندی لهێب بەشێک لەخێزانەکەی شەهیدکران و چەند ئەندامێکی دیکەی خێزانەکەشیان بەرەو شوێنێکی نادیار رفاند.
- سەرۆکی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێمی کوردستان رایدەگەیەنێت، رێککەوتنێکیان لەگەڵ وەزارەتی ژینگەی هەرێمی هیسنی وڵاتی ئەڵمانیا واژۆ کرد و بەپێی رێککەوتنەکە چارەسەرکردنی ئاوی پاشەڕۆ و پاشماوەکان و پەرەپێدانی ناوچەکانی پارێزراوی سروشتی و بوژانەوەی دارستانەکان و زیادکردنی رێژەی سەوزایی لە شارەکانی هەرێمی کوردستان ئەنجام دەدرێت.
-مێرد منداڵێکی تەمەن 15 ساڵ، کاتژمێر 8 شەو، بەناوی (قادر سەمیر ئیسماعیل)، لە ئاوی زێی کەڵەک خنکا.
- ئاگر لە بناری چیای گارە لە شارەدێی دیرەلۆک کەوتەوە و دەیان دۆنم زەوی گرتووەتەوە.[1]
- لەسەر سنوورەکانی شاری پیرانشاری سەربە پارێزگای ورمێ پۆلێک کۆڵبەری کورد لە کاتی گەڕانەوە لە خاکی باشوری کوردستانەوە بۆ ناو خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان مینیان پێوە تەقییەوە و لە ئەنجامدا کەسێکیان قاچی پەڕی، پاش تەقینەوەکەش هێزە سەربازییەکانی ئێران دەستڕێژیان لەو پۆلە کۆڵبەرە کردووە و لە ئەنجامدا گوللە بەر سەری یەکێکی دیکە لەو کۆلبەران کەوتووە.
- سیپان هەمۆ، فەرماندەی گشتی یەکینەکانی پاراستنی گەل- یەپەگە ڕایگەیاند، ئەگەر هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر کانتۆنی عەفرین نەوەستێنن، ناچار دەبین پێشڕەوییەکانمان لە ئۆپەراسیۆنی ڕەقەدا بوەستێنین.[2]
- سەرۆکایەتی داواکاری گشتیی کۆماری لە ئامەد، لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوە لە کەیسی کەجەکە-دا سکاڵانامەیەکی 74 لاپەڕەیی لە دژی ئەرتوغروڵ کورکچو پەرلەمانتاری هەدەپە لە بازنەی ئامەد پێشکەشی 19ەمین دادگای سزا قورسەکانی ئامەد کرد و تێیدا داوا دەکرێت لە نۆ ساڵ و شەش مانگ بۆ 23 ساڵ زیندانی بکرێت. دادگاش داواکەی پەسندکرد.
- ئەنجوومەنی دامەزرێنەری سیستەمی فیدراڵی دیموکراتی باکووری سووریا، کۆبووەوە و ڕۆژی 22-09-2017ی بە وادەی هەڵبژاردنی کۆمین

(ئەنجوومەنی باژێڕەکان) و 03-11-2017 بۆ هەڵبژاردنی هەڵبژاردنە خۆجێییەکان (هەڵبژاردنی گوند، شارەوانی، شارەدێ و کانتۆنەکان) دەستنیشانکرد و ڕۆژی 19-01-2018یش بۆ هەڵبژاردنی هەرێمەکان و کۆنگرەی گەلانی دیموکراتی باکووری سووریا دیاریکرد.
- هێزە ئەمنییەکانی تورکیا لە میانی ئۆپەراسیۆنێکدا لە ئیستەنبوڵ، 12 کەسیان بەتۆمەتی ئەندامبوون لە پەکەکە دەستگیرکرد.[3]
- بەهۆی تۆپبارانکردنی سنووری زاخۆ لەلایەن تورکیاوە چوار هاونیشتمانی بریندار بوون.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - HDP |
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK |
| شار و شارۆچکەکان: | TR ئەستەمبوڵ |
| شار و شارۆچکەکان: | ◉ ئامەد |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ زاخۆ |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ پیرانشار - خانە |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ ئەفرین |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| Quick Respons Code: | |


سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 28-07-2017
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 28-07-2017
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 28-07-2017
[4] ●دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن


کاتی تۆمارکردن: 28-07-2017 8:17:47 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 208
## 2017-07-29
https://www.kurdipedia.org/?q=20170729122919141623



- ئێوارەی ئەمڕۆ، چەتەکانی داعش لە هێرشێکی پیلان بۆ داڕێژراودا، هێرشیان کردە سەر هێزەکانی پێشمەرگە لە سنووری خورماتوو و لە ئەنجامدا دوو پێشمەرگە شەهید بوون و پێشمەرگەیەکیش بریندار بوو.
- کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی یەکێتی لە شاری سلێمانی.
- دام و دەزگاکانی گەرمیان هۆشداری دەدەنە بازرگان و دوکانداران، لەبەرزکردنەوەی نرخ و بڵاوکردنەوەی دەنگۆی ناڕاست، بڕیاری سزادانی هەر کەسێکیشیان دەرکرد کە ئە و جۆرە کارانە بکەن.
- فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا بە سەختی بۆردومانی گوندی سەرگەلێ_یان کرد لە بناری چیای مەتین سەر بە شارۆچکەی ئامێدی لە پارێزگای دهۆک.[1]
- سەرۆکایەتی داواکاری گشتی بورسا، داوای کەسوکاری عەبدوڵلا ئۆجەلان سەرۆکی زیندانکراوی پەکەکە و زیندانیانی تری بۆ سەردانی ئیمراڵی رەتکردەوە.[2]
- بە فەرمانی دادوەری دادگای سزا قورسەکانی ئێلیە، بەسیمە کۆنجا پەرلەمانتاری فراکسیۆنی هەدەپە لە بازنەی ئێلیە بەمەرجی دادیی دوای شەش مانگ لە دەستبەسەرکردنی، ئازادکرا.
- دوو گەنجی کوردی ئێزدی لە ناوچەی ئەلغەزالی شاری بەغدا لەلایەن چەند چەکدارێکی نەناسراوەوە کوژران.
- لە 24 کاژێری ڕابردوودا دەیان هاونیشتمانی باشووری کوردستان لەگەڵ خەڵکی چەند وڵاتێکی دیکە هەوڵی دەربازبوونیان لە تورکیاوە بۆ یۆنان داوە، بەڵام لەلایەن پۆلیسی تورکیاوە دەستگیرکراون و ئێستا لە زینداندان.[3]
- سەعادەت بەریجیکلی، پەرلەمانتاری شاری ئێلیحی پارتی دیموکراتی گەلان- هەدەپە، لە فڕۆکەخانەی ئێلیح دەستگیرکرا.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏰 پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK |
| 🏰 پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| 🏰 پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ خورماتوو |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | IQ بەغداد |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ ئامێدی |

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ●دیارینەکراو | 🕮 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

[2] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 29-07-2017
[3] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رووداو - 29-07-2017
[4] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 29-07-2017


کاتی تۆمارکردن: 2017-07-29 12:29:19 PM
ناوی تۆمارکار: سەریاس ئەحمەد

---

بابەت: 209

**2017-07-30**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170730083653101685



- ئەندامێکی ئەنجومەنی باڵای ریفراندۆم رایدەگەیەنێت، لەکۆبوونەوەی ئەمڕۆدا مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشنیاری کردووە لەماوەی دوو هەفتەدا پەرلەمانی کوردستان کارابکرێتەوە.
- لەئەنجامی بۆردومانی فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا لە دەڤەری بەرواری باڵای سەر بە شارەدێی کانی ماسێ لە شارۆچکەی ئامێدی، کەسێک بە سەختی بریندار دەبێت و دوو ئۆتۆمبێلیش بە تەواوی سوتان.
- بۆ ناڕەزایی نیشاندان بەرامبەر کۆنترۆڵنەکردنی ئە و ئاگرەی لە هەینی رابردووەوە دارستانەکانی پێنجوێنی گرتوەتەوە چالاکانی ژینگە خۆپیشاندانی ناڕەزایەتییان ئەنجامدا و قایمقامی شارۆچکەکەش دەڵێت، لە رووی ماددی و مەعنەوییەوە گرفتمان هەیە.
- لە چوارچێوەی پانێلێک کە رێکخراوی فریاکەوتنی میللی (PAO) و رێکخراوی گەشەپێدانی ئابووری ئەمڕۆ لە شاری سلێمانی بەڕێوەچوو، فاروق مەلا مستەفا، سەرماداری ناودار و سەرۆکی گروپی کۆمپانیاکانی فاروق رایگەیاند ئابووری کوردستان لەسەر هیچ بنەمایەکی گەشەپێدانی ئابووری بەڕێوەنەبراوە و فەوزایەکی هەیە لەدابەشکردنی ئیش و کار و پرۆژەکان و کارگەکان و سەرجەم بەشە ئابورییەکانی دیکە.[1]
- کاتژمێر 10:15 خولەک چەتەکانی داعش لە ڕۆژئاوای شارۆچکەی خورماتوو هێرشیان کردە سەر سەنگەرەکانی هێزەکانی پێشمەرگەی و پێشمەرگەش وەڵامی هێرشەکەیان دایەوە و تێکیان شکاندن و 2 پێشمەرگەش بریندابوون.
- عوسمان بایدەمیر وتەبێژی فەرمی پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە، لە ڕۆژی شەشەمی مانگرتنیاندا ڕایگەیاند، پێویستە گەلەکەمان ئەوە باش بزانێت، ئێمە لێرەین، شتێک نییە پاشەکشەی لێ بکەین.
- دوای نیوەڕۆی ئەمڕۆ، لە گەڕەکی نەزلەت شەحادەی شاری ڕەقە، لە کاتێکدا کە شەڕڤانان خەریکی ڕزگارکردنی خەڵکی سڤیل بوون کە زۆربەیان ژن ومناڵ بوو، چەتەکانی داعش بە ئۆتۆمبیلێکی بۆمبڕێژکراو هێرشیان کرد و چەندین کەس و شەڕڤان شەهید بوون و ژمارەیەکیش بریندار بوون کە باری تەندروستی هەندێکیان ناجێگیر و مەترسیدارە.
- جێگری سەرۆکی هاوردە و هەناردەکارانی هەرێمی کوردستان، ئاماژە بەوەدەکات، کە هیچ مەترسیەکی سنور داخستن و نەمانی کاڵا لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستاندا نییە، چونکە کاڵایەکی زۆر لە بازاڕاکاندا هەیە، دەشڵێت: ئەگەر سنوریش دابخرێت لە ناوخۆی هەرێمدا بەشی زیاتر لە ساڵێک کاڵامان هەیە.
- لە هاوینەهەواری پیرمام کۆبوونەوەی بارزانی لەگەڵ لیژنەی باڵای

ڕیفراندۆم بەڕێوەدەچێت و بەرپرسی بەرەی توکمانی-ش دەڵێت: ئەو تورکمانانەی لە کۆبوونەوەکە بەشدارن نوێنەرایەتی نەتەوەی تورکمان ناکەن.[2]
- دارستانەکانی سەر بە شارۆچکەی باینگان لە پارێزگای کرماشان دوو ڕۆژە ئاگریان گرتووە و هێشتا کۆنترۆڵ نەکراوە. لە دوو ڕۆژی رابردووشدا دەیان هێکتار لە دارستانەکانی ورمێ و شاری چوار لە ئیلام سووتان.
- سوپای تورکیا ڕایدەگەیێنێ، لە ئۆپەراسیۆنێکی ئاسمانیدا بۆ سەر ناوچە شاخاوییەکانی پارێزگای شرناخ لە باکووری کوردستان 9 گەریلا گیانیان لەدەستداوە، هەپەگەش رەتیدەکاتەوە 9 گەریلا گیانیان لەدەستدابێت و تەنیا ناسنامەی 5 گەریلا ئاشکرا دەکات.[3]
- ئایدن مەعروف، نوێنەری بەرەی تورکمانی لەپەرلەمانی کوردستان، ڕایدەگەیەنێت ئەوان بەشداری کۆبوونەوەکەی ئەمڕۆی ئەنجومەنی باڵای ریفراندۆم-یان نەکردووە و پشتیوانی لە ریفراندۆم ناکەن.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK |
| 🏛 پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - HDP |
| 🏛 پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| 🏛 پارت / لایەن: | بەرەی تورکومانی ئێراقی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ ئامێدی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◉ ئامەد |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ سلێمانی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ شڕناخ |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ ورمێ |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ کرماشان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ ئیلام |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ خورماتوو |
| Quick Respons :Code | |

🗄 سەرچاوەکان
[1] 🛸 ماڵپەڕ | 🇰🇺 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-07-30
[2] 🛸 ماڵپەڕ | 🇰🇺 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 2017-07-30
[3] 🛸 ماڵپەڕ | 🇰🇺 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رووداو - 2017-07-30
[4] 🛸 ماڵپەڕ | 🇰🇺 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-07-30

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2017-07-30 8:36:53 AM |
| ناوی تۆمارکار: | هاوڕێ باخەوان |

---

بابەت: 210

## 2017-07-31

https://www.kurdipedia.org/?q=20170731083338101697



- وتەبێژی هێزەکانی پاراستنی گەل هەپەگە رایگەیاند، لە دوو رۆژی رابردوودا، لە شەر و پێکدادانی نێوان هێزەکانمان و سوپای تورکیا لە ناوچەکانی جولەمێرگ، وان، شرناخ و ئامەد 11 سەربازی تورکیا کوژراون و پێنج گەریلاش شەهیدبوون.
- ئایشە ئاجار باشاران، نوێنەری شاری باتمان لە پەرلەمانی تورکیا لەسەر لیستی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) دەستبەسەر کرا.
- گردبوونەوەیەکی نارەزایەتی لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ئەنجامدرا کە نوێنەری نزیکەی 50 رێکخراوەی کۆمەڵی مەدەنی بەشداربوون و داوایانکرد سیستمی پاشەکەوتی موچە لاببرێت.
- لە مەرزی باشماخ دەستگیرا بەسەر ژمارەیەک تانکەر کە بەنزینی کوالیتی خراپیان پێبووە و ویستراوە بگەیەندرێنە بازارەکانی سنووری پارێزگای سلێمانی.[1]
- دادگای شاری قوچانی سەربە پارێزگای مەشهەدی ئێران، مۆڵەتی کۆنسێرتی شەهرام نازری، هونەرمەندی گەورەی کوردی هەڵوەشاندەوە.
- بەگوێرەی هەواڵی میدیا ئەڵمانییەکان کە سەربە وەزارەتی بەرگری ئەڵمانیان، دوایین فڕۆکەی جۆری تۆرنادۆی سوپای ئەڵمانیا لە بارەگای ئینجرلیک کشاوەتەوەو چووەتەوە بەرەو ئەڵمانیا.
- بەگوێرەی هەواڵێکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو، دوێنێ لە ناوچەی دۆڵەبی-ی سەر سنوورەکانی شاری بانەی سەربە پارێزگای سنەی ڕۆژهەلاتی کوردستان، هێزە سەربازییەکانی ئێران تەقەیان لە دەستەیەک کۆڵبەر کردووە و کۆڵبەرێکیان کوشتووە و دووانی دیکەشیان بریندارکردووە.
- سوپای تورکیا بە هێزێکی زۆرەوە سنووری کۆبانێی بەزاند، شەڕڤانانی یەپەگەش هۆشداریان دا.[2]
- ژمارەیێکی زۆر لە داواکارانی مەسکەنی مێهری سنە لە قەبارەی هەرەوەزی دگایران بە بۆنەی وەدواخستنی ڕادەستکردنی پرۆژەی مەسکەنی مێهر، ئاورنەدانەوە لە داواکارییەکان و زیادکردنەوەی سوودی بەشداربوون لە بەردەم فڕۆکەخانەی سنە و بە مەبەستی دیدار لەگەڵ وەزیری ڕێگا و شارسازی گردبوونەوە.[3]
- بەسیمە کۆنجا، نوێنەری سێرت لە پارلەمانی تورکیا لە پارتی دیمکراتی گەلان بە فەرمانی دادگای تورکیا ئازادکرا.
- دوای هەفتەیەک هەدەپە چالاکی ئێشکگری ویژدان و دادوەری لە

ئامەدەوە بۆ ئیستەنبوڵ دەگوازێتەوە، دوای ئیستنەبوڵیش لە وان و ئیزمیر لە ئەنجامدانی چالاکییەکە بەردەوام دەبێت.[4]
- لە زاخۆ بێرێزی بەرامبەر بە تیمی ئێن ئاڕ تی کرا و ئاسایشی زاخۆ دەستی بەسەر کەلوپەلەکانی تیمی ئێن ئاڕ تیدا گرت.[5]
- عومەر سەید عەلی، ڕێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان سوپاسنامەیەکی بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند، بەردەوام دەبن لەسەر پرەنسیپەکانی بزووتنەوەکە، کاریش دەکەن بۆ بەرژەوەندیی خەڵک و سەرخستنی پرۆسەی سیاسی و بەدیهێنانی ئامانجە نیشتمانیی و نەتەوەییەکان.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP
پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
شار و شارۆچکەکان: TR ئەستەمبوڵ
شار و شارۆچکەکان: ○ باتمان
شار و شارۆچکەکان: ○ کۆبانی
شار و شارۆچکەکان: ○ بانە
شار و شارۆچکەکان: ○ سنە
شار و شارۆچکەکان: ○ پێنجوێن
شار و شارۆچکەکان: ○ وان
شار و شارۆچکەکان: ◉ ئامەد
شار و شارۆچکەکان: ○ شڕناخ
شار و شارۆچکەکان: ○ جوڵەمێرگ
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان


[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2017-07-31
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2017-07-31
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپرێس - 2017-07-31
[4] ●دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئێن ئاڕ تی - 2017-07-31
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2017-07-31

کاتی تۆمارکردن: 2017-07-31 8:33:38 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 211

**2017-08-01**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170801084924101711



- بەڕێوەبەری ئاشەکانی هەرێم دڵنیاییدەداتە هاوڵاتیان کە هیچ مەترسیەک لەبارەی بەشە ئاردی هاوڵاتیان و کەمبونەوەی بەرهەمی گەنم بەهۆی پرسی ڕیفراندۆمەوە نییە.
- لە ئامەد، فەرماندەیەک و دوو سەربازی تورک کوژران.
- بەپێی هەواڵێکی ئاژانسی ئارا نیوز، ئەمریکا بەردەوامە لە کۆمەک کردنی کوردانی سوریاو بۆ ئەو مەبەستە زیاتر لە (100) بارهەڵگری تر چەک و جبەخانەی بۆ خۆرئاوای کوردستان ناردووە.
- بەهجەت یڵدرم پەرلەمانتاری ئادیامانی هەدەپە لە شارۆچکەی هاسسای سەر بە پارێزگای هاتای لە باکوری کوردستان، تووشی ڕووداوی هاتوچۆ بوو، بەڵام سەلامەتە.
- پەرلەمانی عیراق لە دانیشتنی ئەمڕۆدا 25 ماددەی پرۆژە یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان دەخوێنێتەوە و دەنگی لەسەر دەدرێت، بەڵام ئەو ماددانەی کە تایبەتە بە کەرکوک، بەهۆی ناکۆکی لە نێوان کورد و تورکمانەکان دوادەخرێت تا دەگەنە رێککەوتن..[1]
- سەرۆکی یەکێتی ژوورە بازرگانی و پیشەسازییەکانی هەرێم، رایدەگەیەنێت، ناتوانن هیچ بازرگانێک سزا بدەن بەڵام بازرگانانیان ئاگادار کردۆتەوە لەوەی دەبێت رەوشی بازار بەجێگیریی بمێنێتەوە.
- ئەمینداری گشتی وەزارەتی پێشمەرگە رایدەگەیەنێت، سەرۆکوەزیرانی عێراق ناتوانێت بڕیاربدات لە شارەکانی هەرێم زەوی بە کەسوکاری شەهیدانی شەڕی داعش بدات، بەڵام ئاساییە لەناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم زەوی بە بنەماڵەی پێشمەرگە شەهیدەکان بدرێت.[2]
- ئایەتوڵڵا محەمەد تەقی مودەڕسی لە لێدوانێکدا وتی: بەڕێوەچوونی گشتپرسی لە هەرێمی کوردستان پێشێلکردنی مادەکانی دەستووری عێراقە؛ چوونکە سیستەمی سیاسیی عێراق، سیستەمێکی فیدڕاڵییە و لەم سیستەمەدا برایانمان لە باکووری عێراق لە حکوومەتێکی خۆبەڕێوەبەری مۆدێرن بەهرەمەندن.[3]
- بزووتنەوەی گۆڕان بۆ وەرگرتنەوەی پۆستی پارێزگاری سلێمانی، سەرکەوت حەسەن (ناسراو بە سەرکەوتی کوبە)ی کاندید کردووە، فەرمانی دەستبەکاربوونەکەشی رەوانەی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان کراوە، بۆ ئەوەی رەزامەندی دەستبەکاربوونی لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە بۆ دەربکرێ.[4]
- ئەمڕۆ لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی-دا هێمن مەنسور، جێگری لێپرسراوی مەڵبەندی خانەقین-ی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، دۆزینەوەی گۆڕێکی بە کۆمەڵی لە شارۆچکەی خانەقین-ی سەر بە پارێزگای دیالە ئاشکراکرد.[5]
- فەرهەنگ گۆمەشینی، وتەبێژی وەزارەتی رۆشنبیری و وەرزش و لاوانی حکومەتی هەرێم، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی راگەیاندووە، هەر کەناڵێکی ڕاگەیاندن بە پێچەوانەی پرسی ریفراندۆمەوە کاربکات، لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکرێت.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏟 پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| 🏟 پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| 🏟 پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| 🏟 پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK |
| 🏟 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - HDP |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ ئەدیامان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ سلێمانی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ خانەقین |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | 🔥 کەرکوک |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◉ ئامەد |
| Quick Respons Code: | |

🗄 سەرچاوەکان

[1] ●دیارینەکراو | 🖧 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] 📡ماڵپەڕ | 🖧 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-08-01
[3] 📡ماڵپەڕ | 🖧 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردپرێس - 2017-08-01
[4] 📡ماڵپەڕ | 🖧 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رووداو - 2017-08-01
[5] 📡ماڵپەڕ | 🖧 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 2017-08-01
[6] 📡ماڵپەڕ | 🖧 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی وێستگا - 2017-08-01


| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | AM 8:49:24 2017-08-01 |
| ناوی تۆمارکار: | هاوڕێ باخەوان |

---

بابەت: 212

**2017-08-02**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170802084409101723



- لە گوندی چاغات لە نزیک دەریاچەی حەمرین بۆمبێکی چێنراو بە پێشمەرگەیەکدا بەناوی ئیسماعیل حەمە عومەر تەقیووەتەوە و بە هۆی سەختی برینەکەیەوە گیانی لەدەستداوە.[1]
- ئەو ئاگرە گەورەیەی زیاتر لە سێ ڕۆژ بوو دارستان و لەوەڕگای بەرزاییەکانی بۆزین و مەرەخێڵی لە ناوچە سنوورییەکانی پاوە و جوانڕۆ گرتبووەوە، بەرەبەیانی ڕۆژی چوارشەممە 02-08-2017 بەتەواوی کۆنترۆڵکرا.[2]
- وتەبێژی هاوپەیمانێتی نێودەڵەتی دژی داعش رایدەگەیەنێت، ئاگادارە لەناوەڕۆکی پرۆژە یاسایەکی لیژنەی خزمەتگوزارییەکانی سوپا لەکۆنگرێسی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ مەرجدارکردنی یارمەتییەکان بۆ هێزەکانی پێشمەرگە، بەڵام ئەوان هێشتا بەردەوامن لەمەشقپێکردن و پێدانی چەک و پێداویستی بەهێزەکانی پێشمەرگە.
- سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک رایگەیاند، ئەمرۆش جارێکی دیکە لە سەر دۆسیەی بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان، دادگاییەکەی رێبوار تاڵەبانی بۆ رۆژی 16ی ئاب دواخرا.[3]
- مورتەزا ڕەحمانی، زیندانی سیاسیی کورد کە بە تۆمەتی بەناو ئەمنییەتی لە زیندانی ناوەندیی شاری سنە لە سێدارەدرا.
- بەشی دووەمی مانگرتنی ئێشکگیریی ویژدان و دادوەرەیی پارتی دیموکراتی گەلان- هەدەپە، لە ئەستەنبۆل بەردەوامە.
- سیگمار گابرییەل، وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا ڕایگەیاند، کە فشاری ئابوری دەخریتە سەر تورکیا، چونکە ژمارەیەکی زۆری هاوڵاتیان بێ هیچ تاوانێک لە تورکیا لە زینداندان.[4]
- لە سنووری سێ گوندی سەر بە شارەدێی ئاغجەلەر ئاگرکەوتەوە و، بەهۆیەوە نزیکەی دوو هەزار دۆنم پووش و پاوان سووتا.[5]
- ئێوارەی ئەمڕۆ لەسەر شەقامی کۆرنیشی شاری هەولێر ئۆتۆمبێلێکی بارهەڵگر خۆی کێشا بە سێ منداڵ و دوو ژندا و سەرجەمیان گیانیان لەدەستدا.
- لەزگین بۆتان پەرلەمانتاری هەدەپە لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی تورکیاوە دەستگیرکرا.[6]
- جێگری ئاوەدانکاریی پارێزگاریی کرماشان وتی: بە تەواوبوونی ڕەوتی دانانی هێڵی ئاسنی پرۆژەی هێڵی ئاسنی کرماشان کرایەوە.[7]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

🏛 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP

🏙 شار و شارۆچکەکان: TR ئەستەمبوڵ

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ چەمچەماڵ

🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ خانەقین

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ پاوە (هەورامانی تەخت)

🏙 شار و شارۆچکەکان: 💧 کەرکوک

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-08-02
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی rووداو - 2017-08-02
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-08-02
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-08-02
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی پەیام - 2017-08-02
[6] ●دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردپرێس - 2017-08-02

کاتی تۆمارکردن: 2017-08-02 8:44:09 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 213
## 2017-08-03
https://www.kurdipedia.org/?q=20170803085212967499



- بەمەبەستی یەکلاییکردنەوەی کەیسەکانی (ئەنفال، کیمیاباران، جینوسایدی بارزانییەکان، کوردە فەیلیەکان، راگواستنی سەیدسادق و پشدەر) گرێبەستێکیان لەگەڵ سەندیکای پارێزەرانی کوردستان واژۆکرد بەمەبەستی بەدواداچوونی کەیسەکانی کورد لە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق و پرسە یاساییەکانی تر.
- نێچیرڤان بارزانی رایدەگەیەنێت، ئەوەی لە دەستی حکومەتی هەرێمی کودستاندا بێت بۆ لێقەوماوانی کارەساتی شەنگال دەیکات دەشلێت، ئەوەی لە دەسەڵاتی ئێمە هات کردمان، بەڵام چەکی پێویستمان نەبوو بۆ بەرگری.
- کاتژمێر 12:00ی شەوی ڕابردوو تەقە لەماڵی مامۆستا ئارام، بەرپرسی مەکۆی بازیانی بزوتنەوەی گۆڕان کرا.
- ئەمینداری گشتی کۆمکاری عەرەبی (نامەیەکی تایبەت)ی ئاراستەی مەسعود بارزانی کردووە و تێدا داوادەکات چاو بە بڕیاری ئەنجامدانی ریفراندۆمە بڕیارلێدراوەکەی 25ی ئەیلولدا بخشێنێتەوە.[1]
- کۆمپانیای خۆراک لە سلێمانی زانیاریەکی نوێ لەبارەی گەیشتنی بەشەخۆراکی دوو مانگ ئاشکرادەکات و ڕاشیدەگەیەنێت، لەچەند ڕۆژی داهاتودا بەشە شەکری دوو مانگ دەگاتە سلێمانی و دەست بەدابەشکردنی دەکرێت، بەڕێوەبەری کۆمپانیاکەش دڵنیایی بەهاوڵاتیان دەدات کە هیچ مەترسیەک لەسەر بەشەخۆراکی هاوڵاتیان نییە، هەر بەشە خۆراکێکیش نەدرێت قەرەبوی هاوڵاتیان دەکرێتەوە.[2]
- هاوڵاتیانی شەنگال بەبۆنەی سێیەمینساڵیادی فەرمانی 73یەمەوە کە لە ڕۆژی 3ی ئابی ساڵی 2014دا ئەنجامدرا، ڕێپێوانێکی جەماوەریان

دەستپێکرد، هێزەکانی پارتیش ڕێگایان نەدایە ئێزدییەکانی باشور بەشداری ئەو ڕێپێوانە بن و دەستڕێژی گوللەیان لێکردن.
- مانگرتنی ئێشکگیریی ویژدان و دادوەریی پەرلەمانتارانی پارتی دیموکراتی گەلان- هەدەپە، ئەمڕۆ لە پارکی یوگورتچووی ئەستەنبۆل پێی نایە ڕۆژی سێیەمەوە.
- لە ساڵیادی کۆمەڵکوژیی شەنگال، یەکینەکانی ژنانی شەنگال- یەژەشە، هێزەکانیان لە ڕەقە زیاتردەکەن، گروپێکی دیکەی شەڕڤانانی یەژەشە بە مەبەستی ڕزگارکردنی هاوڵاتیانی ئێزدیی بەدیلگیراو لە چنگی چەتەکانی داعش گەیشتنە ڕەقە.
- ناوەندی ڕاگەیاندنی هێزەکانی پاراستنی گەل- هەپەگە ڕایگەیاند، فەرماندەیەک کە ڕێکخەری ئۆپەراسیۆنی ئامەد بوو کوژرا.
- بەهۆی نەبوونی کارەباوە، هاوڵاتیانی شارەدێی وەرتێی دەڤەری باڵەکایەتی سەر بە شارۆچکەی ڕواندز، ڕێگای سەرەکی هاملتۆنیان داخست کە چۆمان و سۆران بەیەکەوە دەبەستێتەوە و هاوکات ڕێگەی سەرەکی هەولێر – دەروازەی سنوریی حاجی ئۆمەرانیشە.
- مەراسیمی متمانەپێدانی دووازدەیەمین سەرۆک کۆماریی کۆماری ئیسلامی ئێران، لە حسێنییەی خومەینی تارانی پایتەخت بەڕێوەچوو، بۆ دووەمین جار متمانەی سەرۆک کۆماری درایە حەسەن ڕۆحانی.[3]
- پارێزگاری کەرکووک رایدەگەیێنێت، هەر رێککەوتنێکی نەوتی و گفتوگۆکردنی لەبارەی بەرهەمهێنانی نەوت، بەبێ بەشداری ئیدارە و ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک سەرکەوتوو نابێت.
- بزووتنەوەی بابلیون رایدەگەیێنێت، ژمارەیەک پەرلەمانتار و سیاسی مەسیحی بەم دواییانە هەڵوێستیان گۆڕیوە و پشتوانی لەوەدەکەن گشتپرسی باشووری کوردستان دەشتی نەینەواش بگرێتەوە.[4]
- بەرپرسی مەڵبەندی شەشی گەرمیانی کۆمەڵی ئیسلامی رایگەیاند، بۆمبێکی تەوقیت کراویان لەبەردەم باڵەخانەی مەڵبەندەکەیان دۆزیوەتەوە.
- فراکسیۆنە کوردستانییەکانی پەرلەمانی عێراق، بایکۆتی کۆبوونەوەی ئەمڕۆی پەرلەمانی-یان کرد، کە تایبەت بوو بەدەرکردنی یاسای بریکارنامەی بازرگانی لە عێراقدا. بەڵام بەبێ نوێنەرانی کورد پڕۆژە یاساکە تێپەڕێندرا.[5]
- بەهۆی تەقینەوەی بۆمبێک لەسنوری شارۆچکەی خورماتوو، ئەفسەرێکی هێزی پێشمەرگە و دوو لەپاسەوانەکانی شەهید بوون.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - HDP |
| 🏛 پارت / لایەن: | ☪ کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان |
| 🏛 پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| 🏛 پارت / لایەن: | 🕯 بزووتنەوەی گۆڕان |
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◉ ئامەد |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ چەمچەماڵ |

| | |
|---|---|
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ خورماتوو |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ چۆمان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ شنگال |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ کەلار (گەرمیان) |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | TR ئەستەمبوڵ |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ سلێمانی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | 🔥 کەرکوک |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دوارۆژ - 2017-08-03

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی تۆڕی هەواڵی سلێمانی - 2017-08-03

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 2017-08-03

[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رووداو - 2017-08-03

[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-08-03

[6] ●دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: AM 8:52:12 2017-08-03


ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 214

**2017-08-04**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170804000952141774




- ئیدارەی کەرکوک راگواستنی زۆرەملێی ئاوارە عەرەبەکانی نیشتەجێبووی شارەکە رەتدەکاتەوە و رایدەگەیەنێت، هیچ ئاوارەیەک بەزۆر نەگەڕێندراوەتەوە و ناشگەڕێندرێنەوە.[1]
- نەتەوە یەکگرتووەکان رایگەیاند، دوای سێ ساڵ بە سەر جینۆسایدی ئێزدییەکاندا، جینۆسایدەکە هەر بەردەوامە و نەتوانراوە کێشەکان چارەسەر بکرێن.[2]
- لەیەکێک لە پرۆژەکانی نیشتەجێبوون لەشاری سلێمانی کرێکارێکی 28 ساڵ لەکاتی کارکردنیدا کەوتەخوارەوە و پۆلیسی سلێمانیش گیانلەدەستدانی رادەگەیەنێت.
- پلەی گەرمیی شاری کەرکوک و دەوروبەری گەییشتە 49 پلەی سەدی.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏙 شار و شارۆچکەکان: 💧 کەرکوک

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ سلێمانی

Quick Respons Code:

📋 سەرچاوەکان

[1] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2017-08-04

[2] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2017-08-04

[3] ●دیارینەکراو | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2017-08-04 12:09:52 AM

ناوی تۆمارکار: سەریاس ئەحمەد

---

بابەت: 215

**2017-08-05**

https://www.kurdipedia.org/?q=2017080510085093795



- سوپای تورکیا تانک و چەکی قورس بۆ سەرسنووری سووریا دەگوازێتەوە و بەئاراستەی عەفرین جێگیری دەکات.
- کۆگایەکی چەک و تەقەمەنی لە بارەگایەکی فەرماندەیی پێشمەرگەی زێرەڤانی لە شاری هەولێر گڕیگرت و دواتر تەقییەوە، بەهۆیەوە سێ پێشمەرگە بریندار بوون.
- فەرماندەیی پێشمەرگەی زێرەڤانی راگەیەنداوێک لەبارەی تەقینەوەکەی ئەمڕۆ کۆگایەکی چەک و تەقەمەنی بڵاودەکاتەوە و رایدەگەیەنێت ڕووداوەکە ڕووداوێکی سرووشتی بووە.
- بەپێی راگەیێندراوەکانی یەپەگە، رۆژانە ناوچەکانی سەر بەعەفرین لەلایەن سوپای تورکیا بەچەکی قورس تۆپباران دەکرێن.[1]
- فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان، راگەیەنداوێکی لەسەرکاراکردنەوەی پەرلەمان بڵاوکردەوە،و دەڵێن، پێشوازی لە هەوڵەکانی

دەست بەکارکردنەوەی پەرلەمان و چارەسەرکردنی کێشە یاسایی و سیاسیەکان دەکەن.[2]
- وتەبێژی سەرۆکایەتی هەرێم رایدەگەیەنێت، ئە و هەواڵەی بەناوی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بڵاوکرایەوە گوایە دژایەتی وڵاتەکەی بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم بە بارزانی راگەیاندووە دوورە لە راستیەوە.
- لە شاری کۆیە لیستی بەرەی دوارۆژی کۆماری کوردستان راگەیەندرا و ئەندامانی ئەو بەرەیە دەڵێن: بەشداری لەهەڵبژاردنەکان دەکەین.[3]
- فەوجی کۆماندۆکانی گۆروملو، چیای جودیان لە شرناخ تۆپباران کرد و بەهۆی ئەو تۆبارانەوە ئاگر لە چیاکە کەوتەوە.[4]
- لە ناوچەی پیرانشار دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی نێوشاری حدکا کەوتوونەتە بۆسەی هێزەکانی ئێران و لە پێکداداننێکدا زیانی بەرچاویان بە هێزەکانی ئێران گەیاندووە. هاوکات سوپای پاسداران رایگەیاند، لە سنوورەکانی پارێزگای ورمێ لەگەڵ هێزێکی چەکدار تووشی پێکداداان بوونە و لە پێکدادانەکەدا دوو کەس لەو هێزە کوژراون و چوار کەسی دیکەش بە برینداری کەوتوونەتە دەستیان.[5]
- بە گوتەی جێگری پارێزگاری لورستان لە ئەنجامی شەڕ و تێکهەڵچوونی دوو بنەماڵە لە گوندێکی شاری (ئەلیگوودەرز)ی سەر بە پارێزگای لورستان، پێنج کەس کوژراون و 12 کەسی دیکەش بریندار بوون.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏟 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| 🏟 پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| 🏟 پارت / لایەن: | حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران - حدکا |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ پیرانشار - خانە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ ئەفرین |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ کۆیە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ♖ هەولێر |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ شڕناخ |
| Quick Respons :Code | |

سەرچاوەکان

[1] ●دیارینەکراو | 🖒 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] 📡ماڵپەڕ | 🖒 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-08-05

[3] 🖈ماڵپەڕ | 🖧 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 05-08-2017
[4] 🖈ماڵپەڕ | 🖧 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 05-08-2017
[5] 🖈ماڵپەڕ | 🖧 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رووداو - 06-08-2017
[6] 🖈ماڵپەڕ | 🖧 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی باسنیوز - 07-08-2017


کاتی تۆمارکردن: 05-08-2017 10:08:50 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 216

## 2017-08-06

https://www.kurdipedia.org/?q=20170806085515101793




- ماوەی دوو ڕۆژە بەهۆی تۆپبارانانەوە ئاگر لە ناوچەی جبرائیل و سەفینە لە سنووری چیای جودی لە شرناخ-ی باکوری کوردستان کەوتووەتەوە و بەردەوام پەرەدەسێنێت.
- بەهۆی کەمیی ئاو و کارەباوە، ژمارەیەک لە هاوڵاتیان گوندی قورەگۆ خۆپیشاندانێکیان ئەنجامدا و ڕێگای شارۆچکەی ڕانیە - قەڵادزێ-یان داخست.
- پۆلیسی ئەستەنبوڵ هێرشی کردە سەر نۆبەتی ویژدان و عەدالەت کە لەلایەن پارتی دیموکراتی گەلان – هەدەپە ڕێکخراوە.
- چەتەکانی سەر بە سوپای تورکیا کە لە شاری ئەعزاز و مارع نیشتەجێن، گوندەکانی شارەدێی شێراوایان تۆپباران کرد. کاتژمێر 1ی پاش نیوەشەوی ڕابردوو تا بەرەبەیانی ئەمڕۆ زیاتر لە 30 تۆپی هاوەنیان لە گوندەکانی مەرعناز و بیلونیە و قەستەل جەندۆ و جلبەر لە شارەدێی شێراوای سەر بە کانتۆنی عەفرین تۆپباران کردووە.[1]
- بەهۆی دوو ڕووداوی هاتووچۆ لە شارەکانی کەنگاوەر و کامیارانی پارێزگای کرماشان 4 کەس گیانیان لەدەستدا و 12 ی دیکە بریندار بوون.
- بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی خواردەمەنی و پێداویستییەکانی رۆژانە لە بازاڕەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران، توانای کڕینی خەڵک کەمبووەتەوە.
- لە ڕووداوێکی هاتووچۆدا لەنێوان زاخۆ و دهۆک پێنج کەس گیانیان لەدەستدا و یەکێکی دیکەش بریندار بوو.[2]
- لە سنوری شارۆچکەی داقوق، بۆمبێک بەهێزەکانی پێشمەرگەدا تەقییەوەو بەهۆیەوە پێشمەرگەیەک شەهیدبوو، سیانی دیکەش برینداربوون.[3][4]
- بەڕێوەبەری چاودێری بازرگانی سلێمانی ئاشکرای دەکات، وەزارەتی بازرگانی هەرێم بڕیار لەسەر هاوردەکردنی گەنم دەدات، تا سەرەتای مانگی 11ی ئەمساڵ، ئەوەش بۆئەوەی گەنم لە بازاڕەکان کەمنەبێتەوە.
- هێزەکانی یارمەتیدەری فەرەنسی توانیان 10 کەسی دوو بنەماڵەی پەنابەری کورد لەناو ساردکەرەوەی بارهەڵگرێکدا لەمردن رزگاربکەن.
- دەستەی دەسپاکی هەرێم لە راپۆرتێکیدا، ناوی ژمارەیەک بەرپرس و فەرمانگەی حکومی و حزبی و کەرتی تایبەت و چەند فەرمانگەیەکی حکومەتی عێراق بۆ سەرۆکایەتی هەرێم دەنێرێت کە گەندەڵیان تێداکراوەو بەڵگەی لەسەر کۆکراوەتەوە.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏛 پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
🏛 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ کامیاران
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ کرماشان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ دهۆک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ زاخۆ
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ ئەفرین
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ رانیە (پشدەر)
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ قەڵادزێ
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] 📡ماڵپەڕ | 🖙 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-08-06
[2] 📡ماڵپەڕ | 🖙 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2017-08-06
[3] 📡ماڵپەڕ | 🖙 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-08-06
[4] ●دیارینەکراو | 🖙 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[5] 📡ماڵپەڕ | 🖙 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-08-06
کاتی تۆمارکردن: 2017-08-06 8:55:15 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 217
**2017-08-07**
https://www.kurdipedia.org/?q=20170807085801101804



- درەنگانی شەوی رابردوو لە نزیک شیرینی شەکرچی ڕێگای بەغدا لە کەرکوک بە دەستریژی گوللە ئەفسەرێکی وەزارەتی پێشمەرگە بەناوی موزەفەر حەمە تاهید شەفیق کوژرا.
- لە سنوری شارۆچکەی زاخۆی سەر بە پارێزگای دهۆک بۆمبێک بە ئۆتۆمبێلێکدا تەقیەوە و بەهۆیەوە دوو کەس بریندار بوون و بە وتەی سەرچاوەیەکیش ئەو ئۆتۆمبێلەی بۆمبەکەی پیادا تەقیوەتەوە سەر بە سوپای تورکیا بووە.
- بەهۆی ڕووداوێکی هاتووچۆوە لە نزیک شارۆچکەی چەمچەماڵ پاسێکی گواستنەوەی حاجیان بۆ فرۆکەخانە وەرگەڕا و حاجییەک مرد و زیاتر لە 30 کەسی تر برینداربوون.
- زیاتر لە 200 خوێندکاری پرۆژەی تواناسازیی بەمەبەستی پێدانی ئەو 30 ملیۆن دۆلارەی کە ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری خەرجکردنی داوە

خۆپیشاندانێکیان لە بەردەم وەزارەتی خوێندنی باڵا لەشاری هەولێر ئەنجامدا.[1]
- جموجۆڵی چەکدارانی داعش لە زنجیرە چیای حەمرین زۆر بووە. زانیارییە هەواڵگرییەکانی پێشمەرگە دەریانخستووە دوای لەدەستدانی موسڵ، ئێستا ئەم شوێنە بووەتە پێگەی سەرەکی چەکدارانی داعش و لەژێر ناوی (ویلایەتی جەبەل) خۆیان ڕێکخستووەتەوە.[2]
- خۆڵ وخاشاک شەقامە گشتییەکانی کەرکوکی داپۆشیوە، بەڕێوبەری شارەوانی کەرکوک- یش هۆکارەکەی دەگێڕێتەوە بۆ کەمی کارمەندی پاککردنەوە، هاوڵاتییەکیش ئاشکرای دەکات کە مانگانە پارە دەدەن بۆ پاککردنەوە.[3]
-حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا) بڵاویکردەوە، 2 پێشمەرگەیان لە ناوچەی پیرانشار لەشەڕێکدا لەگەڵ هێزەکانی سوپای پاسداران شەهیدبوون. حدکا ڕاشیگەیاندووە، لەو شەڕەدا 4 پاسدار کوژراون و 6 پاسداری تریش برینداربوون. بەپێی ڕاگەیاندراوێکی سوپای پاسدارانیش، جگە لە شەهیدبوونی ئەو 2 پێشمەرگەی حدکا، 4 پێشمەرگەی تریش برینداربوون.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| پارت / لایەن: | حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران - حدکا |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ پیرانشار - خانە |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ زاخۆ |
| شار و شارۆچکەکان: | ♖ هەولێر |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ چەمچەماڵ |
| Quick Respons Code: | |


سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-08-07
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی rووداو - 2017-08-07
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-08-07
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی هەڵۆی کوردستان - 2017-08-08


| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2017-08-07 8:58:01 AM |
| ناوی تۆمارکار: | هاوڕێ باخەوان |

---

بابەت: 218

**2017-08-08**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170808085125101809




- بە سەرپەرشتیی شاسوار عەبدولواحید، هەڵمەتی بانگەشەی (نەخێر)ی دژ بە سەربەخۆیی کوردستان بە فەرمی ڕاگەیاند و تێیدا ڕابوون مەعرووف، پەرلەمانتاری بزووتنەوەی گۆڕانیش بەشدار بوو.[1]
- سەرچاوە و پێگە هەواڵییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڵاویان کردووەتەوە، بەهۆی تۆپبارانی سوپای پاسداران، بەشێکی زۆر سروشتی کوێستانی شاهۆ سووتاوە.[2]
- مەلا بەختیار، لێپرسراوی دەستەی کارگێری مەکتەبی سیاسی یەکێتی دوای کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی رایگەیاند، بۆ رۆیشتن بەرەو قۆناخێکی باڵاتر لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان پێویستمان بە رێککەوتنێکی نوێیە لەگەڵ پارتی.[3]
- سەرەڕای ئەوەی قەدەغەی هاتوچۆ لەو گوندانەی سەربە هەزرۆی ئامەد ڕانەگەیەندراوە، بەهۆی بۆردومانەکانی سوپای تورکەوە ئاگر لە دارستانەکان و باخ و باخچەکانی خەڵکی گوندەکان کەوتووەتەوە.
- مانگرتنی ئێشکگریی ویژدان و دادگەریی پەرلەمانتارانی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) لە شاری وان دەستیپێکرد.[4]
- شەوی ڕابردوو بیست کۆڵبەری کورد کە خەڵکی گوندی (دۆڵەبی) سەر بە شاری سەردەشتن لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی ئێرانەوە دەستبەسەر دەکرێن و ڕادەستی دادگا دەکرێن. ئاژانسی هەواڵی دۆچەڤێلە، بڵاویکردەوە، ئەو 20 کۆڵبەر دەستگیرکراون و سزا دراون بە پێدانی پری 500 هەزار تمەن و بەڵێننامەیان پێ واژۆکراوە کە بۆ ماوەی دووساڵ هاتوچوی سنوورەکان نەکەن.
- سەرۆک وەزیرانی عێراق رایدەگەیەنێت، حکومەتی ناوەند ئامادەیە گفتوگۆ لەبارەی ریفراندۆمی جیابوونەوەی هەرێمی کوردستان بکات لەچوارچێوەی یاسا و دەستور.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | 🕯 بزووتنەوەی گۆڕان |
| 🏛 پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - HDP |

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ وان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◉ ئامەد
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ سەردەشت
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ سلێمانی
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ●دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

[2] 🛰ماڵپەڕ | 🖹 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی باسنیوز - 08-08-2017
[3] 🛰ماڵپەڕ | 🖹 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رووداو - 08-08-2017
[4] 🛰ماڵپەڕ | 🖹 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 08-08-2017
[5] 🛰ماڵپەڕ | 🖹 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 08-08-2017


کاتی تۆمارکردن: 08-08-2017 8:51:25 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 219

## 09-08-2017

https://www.kurdipedia.org/?q=20170809090509101812



- مانگرتنی ئێشکگیریی ویژدان و دادگەریی پەرلەمانتارانی پارتی دیموکراتی گەلان- هەدەپە، لە شاری وان ئەمڕۆ پێی نایە دووەمین ڕۆژییەوە.
- سوپای تورک و چەتەکانی سەربە تورکیا گوندی عەین دەقنەی سەربە کانتۆنی شەهبا تۆپباران دەکەن.
- دوای نیوەڕۆی ئەمڕۆ، لە گوندێکی سەر بە شارەدێی گوڵاڵە، چەند چەکدارێک هێرشیان کردە سەر سێ کەس، لە ئەنجامدا شوانێک بریندار کرا و کەسێکی دیکەش کە ئامۆزای شوانەکەیە رفێندرا و ئەوەی دیکەش لەدەست چەکدارەکان هەڵهات.
- ڕژێمی ئێران، ناوچە شاخاویەکانی گوندی دەرەتوێی سەر بەپارێزگای هەڵەبجە و هاوسنووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان-ی تۆپباران کرد و زیانی بە ژینگەی ناوچەکە گەیاند.
- هەردوو ڕێکخراوی ئینستیتوتی ووڕک و ڕێکخراوی فیوچەر کەمپەینی (لەپێناو بەرژەوەندی خەڵک و کوردستان بەڵێ بۆ دواخستنی ڕیفراندۆم)یان ڕاگەیاند.[1]
- سەرکەوت حەسەن کاندیدە نوێیەکەی بزووتنەوەی گۆران بۆ پۆستی پارێزگاری سلێمانی رەزامەندی وەزارەتی ناوخۆی بەدەستنەهێنا. هۆکاری وەزارەت بۆ رەتکردنەوەکە یاساییەنەبوونی لە جێدانانی کاندیدەکەی بزووتنەوەی گۆڕانە، بەو هۆیەی ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی نەبووە.
- ئەندامێکی ئەنجوومەنی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی پلانەکانی کۆمیسیۆن بۆ گشتپرسی کوردستان ئاشکرا دەکات و رایدەگەیێنێت: لە موسڵ و کەرکووک و کەلار نووسینگەمان کردووەتەوە و 12 هەزار سندووقی دەنگدان دادەنرێت بۆ کۆکردنەوەی دەنگی هاونیشتمانیان.
- بوومەلەرزەیەک بە هێزی 3.7 پلەی ڕێختەر لە ناوچەی خووی-ی رۆژهەڵاتی کوردستانی دا.[2]
- تورکمانەکانی خورماتوو دژایەتی خۆیان بۆ پرۆسەی ریفراندۆم راگەیاند.[3]
- ئیدارەی شاری کەرکوک رایدەگەیەنێت بەهۆی بەرزبوونەوەی پلەی گەرماوە لە پارێزگاکە، سبەی پشووی فەرمی دەبێت کە تەواوی دەمودەزگاکانی دەوڵەت.
- ئەمڕۆ گۆڤاری ئابووری فۆربسی ئەمریکی، باسی لە باشتربوونی ئابووری هەرێمی کوردستان پاش سێ ساڵ لە داکشان دەکات و دەنووسێت سەرمایەی بیانی زیادیکردووە و پێدەچێت لە داهاتوویەکی نزیکدا هۆتێلێکی

بەناوبانگی دۆناڵد ترەمپ سەرۆک کۆماری ئێستای ئەمریکا لە هەولێر بکرێتەوە.[4]
- بەرپرسی سەنتەری ئەنفال لە پارێزگای دهۆک راگەیاند، روفاتی 500 ئەنفالی بادینان لە ناوچەی سەلامیە سەر بە مووسڵ دۆزرانەوە.[5]
- لە گۆڕستانی گوندی گردعازەبانی سەر بە هەولێر، کێلی گۆڕی رۆژنامەنووسی تیرۆر کراو سەردەشت عوسمان شکێندرا.
- فراکسیۆنی گۆڕان لە ڕوون کردنەوەیەکدا ئاشکرای کرد کە قسەکانی ڕابوون مەعروف گوزارشت لە رای فراکسیۆنی بزوتنەوەی گۆڕان ناکات و ڕای خۆیەتی.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP
پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: وان
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: شەهبا
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: موسڵ و دەشتی نەینەوا
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 2017-08-09
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رووداو - 2017-08-09
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردسات - 2017-08-09
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-08-09
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی باسنیوز - 2017-08-09
[6] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2017-08-09 9:05:09 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 220
**2017-08-10**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170802143959141726



- ئاگرە بەرفراوانەکەی چیای شاهۆ، کە دوابەدوای ئۆپەراسیۆنی سوپای پاسداران کەوتەوە، لەلایەن ڕێکخراوی سەوزی چیای مەریوانەوە کوژایەوە، بەڵام ئۆپەراسیۆنی سوپای پاسداران لە ناوچەکەدا هەر بەردەوامە.
- لە شەوی ڕابردووەوە ئاگرێک لە سنوری گوندەکانی باخەکۆن و گەچێنە و گوڵپ-ی سەربە شارەدێی بیارە کەوتووەتەوە.[1]
- مەکتەبی سیاسی یەکێتی فەرهاد سەنگاوی، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی سەوز لە پەرلەمانی کوردستان، لە ریزەکانی حیزبەکەی دوورخستەوە.
- کچە کوردێکی ئێزدی تەمەن 21 ساڵ لە موسڵ رزگارکرا.
- میدیای یەکێتی ڕایگەیاند، یەکێتی بڕیاری دەرکردنی ئەو کەسانەی دەدات کە بەشداری کەمپینی نەخێر بۆ ڕیفراندۆم دەکەن.[2]
- بەرەی تورکمانی بە فەرمی نامەیەک ئاڕاستەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات و جگە لە دژایەتیکردنی پرۆسەی ڕێفراندۆم لە کەرکوک داوا لە نەتەوەیەکگرتووەکان دەکات رێگری بکات لە ئەنجامدانی پرۆسەکە لە کەرکوک.[3]
- فەرهاد سەنگاوی پەرلەمانتاری فراکسیۆنی یەکێتی لە پەرلەمانی کوردستان بۆ بڕیاری دەرکردنی لە حزبەکەی رایدەگەیەنێت دەرکردنم لەریزەکانی یەکێتی تاجێکە لەسەر سەرم، نەک تانەی لێنادەم، زۆریشم پێخۆشەو پێویستی نەدەکرد وا بیربکەنەوە، چونکە پێشتر سێجار لە کەناڵەکانەوە وتومە یەکێتی نیم.
- پۆلیسی گەرمیان ئاماژە بەوە دەکات کە ئە و هاوڵاتییەی دوێنێ لە لایەن چەند چەکدارێکەوە رفێندرا و ئامۆزایەکیشی کە پیشەی شوانی بوو بریندار کرا، بەیانی ئەمڕۆ تەرمەکەی دۆزرایەوە.[4]
- لەناحیەی قەرەتەپەی سەر بەقەزای خانەقین لەدوو کاتی جیاوازدا دوو تەقینەوە ڕوویانداو بەو هۆیەوە دوو کەس بونە قوربانی.[5]
- لە کۆبوونەوەیەکیدا لەگەڵ 33 کۆنگرێسمانی کۆمارییەکانی ئەمریکا، بنیامین نەتانیاهو، سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل رایگەیاندووە، پێویستە کوردی عێراق دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی هەبێت، ئەوان ئازا و قارەمانن، دۆستی رۆژئاوا و دۆستی بەهاکانی رۆژئاوا و ئێمەن.
- بە هۆکارێکی نەزانراو لە قەڵای هەولێر ئاگر کەوتووەتەوە. ئاگرەکە لە پووش و گژوگیای وشکەوەبوو کەوتووەتەوە. بەڵام زیانی نەبووە.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

- پارت / لایەن: بەرەی تورکومانی ئێراقی
- پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
- شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
- شار و شارۆچکەکان: ○ کەلار (گەرمیان)
- شار و شارۆچکەکان: ○ مەریوان
- شار و شارۆچکەکان: ○ خانەقین
- شار و شارۆچکەکان: ○ بیارە (هەورامانی لهۆن)
- شار و شارۆچکەکان: ○ موسڵ و دەشتی نەینەوا

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-08-10
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردیو - 2017-08-10
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی وێستگا - 2017-08-10
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی تۆڕی هەواڵی سلێمانی - 2017-08-10
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2017-08-10


کاتی تۆمارکردن: PM 2:39:59 2017-08-02
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 221

**2017-08-11**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170811085853101832



- سەر لەبەیانی ئەمڕۆ فڕۆکە سەربازییەکانی تورکیا چەند پێگەیەکی سنوری قەزای سیدەکانی سەر بە ناوچەی سۆران بۆردەومان کرد و ئاگرێکی گەورەی لێکەوتووەتەوە.[1]
- هێزە ئەمنییەکانی تورکیا هاوڵاتییەکی روسی-یان دەستگیر کرد بەتۆمەتی ئەندام بوون لە ریزەکانی گروپی داعش و پیلان گێران بۆ هێرشکردنە سەر بنکەی سەربازیی ئەنچەرلیکی ئامەد کە لەلایەن هاوپەیمانی نێودەوڵەتییەوە بۆ هێرشکردنە سەر بنکەکانی داعش لە سوریا و عێراق بەکاردەهێندرێن.[2]
- لە شارۆچکەی وێرانشاری سەربە شاری ڕوحای باکوری کوردستان، لەلایەن چەند کەسێکی نەناسراوەوە هێرش کراوەتە سەر گۆڕی شەهیدانی یەکینەکانی پاراستنی گەل- یەپەگە و یەکینەکانی پاراستنی ژنان- یەپەژە و کێلەکانیان شکێندراون.
- لە شاری مەریوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نووسینگەی سەرەکی ناوەندی فەرهەنگی - هونەری ڤەژین لە لایەن کەسانی نەناسراوەوە سوتێندرا.
- درەنگانی شەوی ڕابردوو، تۆپخانەکانی ئیران، جارێکی دیکە ناوچە سنوورییەکانی دەڤەری باڵەکایەتی تۆپباران کردەوە، بەوهۆیەشەوە زیانێکی زۆر بە ژینگەی ناوچەکە پوش و پەلاشی شوێنەکە گەیاندووە.[3]
- داواکاری گشتیی شاری بورسەی تورکیا، جارێکی دیکە داوای پارێزەرانی، بۆ بینینی عەبدوڵلا ئۆجەلان رەتکردەوە، تائێستا 678 جار داوای بینینی ڕەتکراوەتەوە.[4]
- کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی بڕیاریدا کە

کوردستانیانی نیشتەجێی وڵاتانی دەرەوە بەشێوەی ئەلیکترۆنی دەنگ بدەن.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK |
| پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| شار و شارۆچکەکان: | ◉ ئامەد |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ چۆمان |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ روحا |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ مەریوان |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ سۆران |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان


[1] ●دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 11-08-2017
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 11-08-2017
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 11-08-2017
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 11-08-2017


کاتی تۆمارکردن: 11-08-2017 8:58:53 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 222

**2017-08-12**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170812101350101842




- بەڕێوەبەری گشتی ئۆفیسی هەڵەبجەی کۆمیسۆنی هەڵبژاردن و ڕاپرسی هەرێم، ئاشکرایکرد لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی هەرێمی کوردستاندا وەک پارێزگایەکی سەربەخۆ مامەڵە لەگەڵ هەڵەبجەدا دەکرێت، بۆ ئەو مەبەستەش ئامادەکارییان کردووە و 61 فەرمانبەری هەمیشەییان بۆ دامەزراوە.[1]
- داعش هێرشی کردەسەر هێزێکی کاکەییەکان لە داقوق. لە ئەنجامدا تێکشکێنران.
- ژمارەیەک فڕۆکەی جەنگی تورکیا دەستیانکرد بە بۆردمانکردنی ژمارەیەک گوندی بناری قەندیل و زیانی بە کشتوکاڵ و ژینگەی ناوچەکە گەیاند.[2]
لە کاتژمێر 6 تا 8:15 خولەکی بەیانی ئەمڕۆ لە سنوری هەردوو شارەدێی گوڵالە و قەرەتەپەی سەر بە شارۆچکەی خانەقین لە پارێزگای دیالە، سێ

بۆمبی چێندراوی چەتەکانی داعش-دا تەقینەوە. دوو پێشمەرگە و هاوڵاتیەک برینداربوون و برینی پێشمەرگەیەکیان سەختە.
- محەمەد ئەسڵان، هاوسەرۆکی گشتی پارتی هەرێمە دیموکراتییەکان-دەبەپە، دەستگیرکرا.
- لە شارۆچکەی ساسۆن کاتێک کاروانێکی سەربازی سوپای تورک بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆن تێدەپەڕی، کەوتە بۆسەی گەریلاکانەوە و لە ئەنجامدا دوو سەربازی تورک کوژران.
- جارێکی دیکە چەتەکانی داعش، دوو تاوەری سەرەکی گواستنەوەی کارەبایان لە سنوری نێوان هەردوو شارەدێی قەرەتەپە و گوڵاڵە تەقاندەوە و زیاتر لە 50 گوند و شارەدێیان بێ کارەبا کرد.[3]
- بەشی تورکیا- سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپای تورکیا لە ڕاگەیێندراوێکدا ئیدعای کردووە کە لە ئۆپەراسیۆنە ئاسمانییەکانی سوپای تورکیا بۆ سەر ناوچەی قەندیل و پاریزگای هەکاری تورکیا، 5 گەریلا کوژران و چوار ئامانجی پەکەکە خاپوور کران.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: رانیە (پشدەر)
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: هەکاری
Quick Respons Code:


سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2017-08-12
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2017-08-12
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپرێس - 2017-08-12


کاتی تۆمارکردن: 2017-08-12 10:13:50 AM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 223

**2017-08-13**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170813151111142146



- لیژنەی پاراستنی ڕاستییەکانی کەیسی شەهید کەمال پێنجوێنی، لەبەردەم نووسینگەی سلێمانی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، گردبوونەوەیەکیان ساز کرد و یاداشتێکیان بۆ ڕای گشتی خوێندەوە.[1]
- نوێنەری حکومەتی هەرێم لە ئێران نازم دەباغ ئاشکرایدەکات، بەم نزیکانە شاندێکی هەرێمی کوردستان سەردانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەکات و دەشڵێت، چاوەڕێ ناکرێت ئە و وڵاتە پاڵپشتی ریفراندۆم بکات یا نەرمی بنوێنێت.
- بەهۆی تەقاندنەوەی هەردوو هێڵی گواستنەوەی کارەبای (مەنسوورییە - دیالە) و (دیالە - کەرکوک) ویستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا لە کەرکوک و دیالە لەکارکەوتوون و بەتەواویش کارەبای نیشتیمانی هەردوو پارێزگاکە لەگەڵ نەینەوا کوژاوەتەوە.[2]
- لە یەکەمینساڵیادی شەهیدکردنی وەدات حسێندا چەند چالاکیەک لە دهۆک و سلێمانی بەڕێوە دەچێت.
- پەیرەوانی ئایینی زەردەشت، لە ئەشکەوتی قزقاپان لە سلێمانی بە مەشخەڵەکانی دەستیانەوە کۆدەبنەوە و جەژنی نوێکردنەوەی پەیمانی خۆشەویستی و پێکەوەژیان دەگێرن.[3]
- لە سنووری داقووق، داعش هێرشی کردەوە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە، فەرماندەیەکی پێشمەرگەش دەڵێ: دوای کاژێرێک شەڕکردن، هێرشەکەیان تێکشکێنرا. بەپێی سەرچاوەکان پێشمەرگەیەک بریندار بووە.
- ئاسایشی ئیدارەی راپەڕین دەستگیرکردنی دوو کەسی بە 26 کیلۆ ماددەی هۆشبەرەوە راگەیاند.[4]
- بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی شاری وان-ی باکوری کوردستان، ئۆپەراسیۆنێکی فراوانیان بۆ دەستیگرکردنی ژمارەیەک هاوڵاتی شارەکە ئەنجامدا، کە تۆمەتبارن بەئەندامبوون لە پەکەکە و کەجەکە.[5]
- دوانیوەڕۆی ئەمڕۆ هێزێکی چەکدار بە جلی مەدەنییەوە هەڵدەکوتنە سەرماڵ و شوێنی کاری، شیروان شیروانی، ئەندامی ئەنجومەنی جوڵانەوەی نەخێر لە ئێستادا.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK

شار و شارۆچکەکان: ○ وان

شار و شارۆچکەکان: ○ دهۆک

شار و شارۆچکەکان: ○ سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: کەرکوک

شار و شارۆچکەکان: ○ رانیە (پشدەر)

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] 📡مالپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 13-08-2017
[2] 📡مالپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 13-08-2017
[3] ●دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[4] 📡مالپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رووداو - 13-08-2017
[5] 📡مالپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 13-08-2017
[6] 📡مالپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئێن ئاڕ تی - 13-08-2017


کاتی تۆمارکردن: 13-08-2017 11:51:11 AM
ناوی تۆمارکار: سەریاس ئەحمەد

---

بابەت: 224

## 2017-08-14

https://www.kurdipedia.org/?q=20170814021858142189



- سوپای تورک و چەتەکانی سەر بە سوپای تورک، چادرگەی ڕووباری نزیک شارەدێی شێراوا لە کانتۆنی عەفرینی ڕۆژئاوایان تۆپباران کرد.[1]
- جارێکی تر چەتەکانی داعش هێرشیان کردە سەر فەوجی کاکەییەکان لە سنوری شارەدێی داقووق. هێرشەکەیان تێکشکێنرا و پێشمەرگەش هیچ زیانێکی نەبوو.
- ژمارەیەک گەنجی دانیشتووی گوندی وەلی حەیدەری سەر بە شارەدێی سەرقەڵا خۆپیشاندانیان دژی کۆمپانیایەکی نەوت بۆ دانەمەزراندنی کارمەندی نوێ ئەنجامدا و ڕێگای کەلار - کفرییان بۆ ماوەیەکی کەم داخست.
- لە چوارەمین کۆبوونەوەی ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمسیاران بۆ وەڵامدانەوەی بارزانی کە نزیکەی چوار کاتژمێری خایاند، دوای کۆتاییهاتنی بڕیاردرا کۆمسیۆن هەردوو هەڵبژاردنە گشتییەکان و ریفراندۆم لە کاتی خۆیدا ئەنجامبدات.[2]
- شاندێکی باڵای کوردستان بۆ دانوستاندن لەبارەی گشتپرسی بەرەو بەغدا بەڕێکەوت.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: 💧 کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: ○ ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: ○ کەلار (گەرمیان)
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] 📡مالپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 14-08-2017

[2] 🏠ماڵپەڕ | 🗂 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 14-08-2017
[3] 🏠ماڵپەڕ | 🗂 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رووداو - 14-08-2017

کاتی تۆمارکردن: 14-08-2017 2:18:58 AM
ناوی تۆمارکار: سەریاس ئەحمەد

---

بابەت: 225

**2017-08-15**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170815090306288893



- کاتژمێر 8 و 30 خولەک بومەلەرزەیەکی بەهێزە دەڤەری ڕاپەڕینی هەژاند کە بەهۆی بەهێزیەکەوە لە سەرجەم شوێنەکانی دەڤەری ڕاپەڕین هەستی پێکرا و هەندێک زیانی بە خانووی هاوولاتییان گەیاند.[1]
- ئەمینداری گشتی وەزارەتی پێشمەرگە رایدەگەیەنێت، ئە و هاوکارییە دارایی و سەربازییەکانی لەلایەن ئەمەریکاوە بە هێزەکانی پێشمەرگە دەدرێت تائێستا بەردەوامە، دەشڵێت، هیچ بڕیارێک لەلایەن ئەمەریکاوە بۆ راگرتنی هاوکارییەکان نەدراوە.
- درەنگانی شەوی رابردوو ئۆتۆمبێلێک کە پێدەچێت کۆنترۆڵی خۆی لەدەستدابێت خۆی کرد بەناو ژمارەیەک لە کادری پارتیدا لە شاری سلێمانی کە سەرگەرمی هەواڵوسینی ئاڵای حزبەکەیان بوون و بەهۆیەوە یەکێک لەو کادرانە بەناوی رێزان مەجنوون گیانی لەدەستدا و یەکێکی تریشیان بریندارببووە کە باری تەندروستی ناجێگیرە.[2]
- نووسینگەی سەرۆک وەزیرانی عێراق راگەیێندراوێک لەبارەی کۆبوونەوەی شاندی هەرێمی کوردستان بڵاودەکاتەوە و رایدەگەیێنێ: دیالۆگ و گفتوگۆیەکی راشکاوانە و قووڵ ئەنجامدراوە.[3]
- هێزە ئەمنییەکانی تورکیا لە چەند شارێکی باکووری کوردستان و تورکیا ژمارەیەک لە ئەندامانی هەدەپە و دەبەپەیان دەستبەسەرکرد.
- لە گوندێکی نێوان عەساف و لهێب لە خوارووی قەرەتەپە بۆمبێکی چێنراو بە ئۆتۆمبێلی خێزانێکدا تەقیوەتەوەو بەهۆیەوە 6 ئەندامی خێزانەکە کوژراون.[4]
- هاوڵاتیانی گوندێکی شارەدێی ڕوڤیا-ی سەر بە شارۆچکەی بەردەرەش، دژی داگیرکردنی زەوییەکانیان ڕێگای هەولێر – دهۆک-یان داخست.
- کاتژمێر 8:30ی ئەمشەو، لە گوندی ئیسلاحی سەر بە شارەدێی گوڵاڵەی سەر بە شارۆچکەی خانەقین، چەتەکانی داعش هێرشیان کردە سەر کارگەیەک و دوو پاسەوانی کارگەکەیان ڕفاند.
- دوو فڕۆکەی سوپای تورکیا چیای کورەژارۆ-یان لە ناوچەی زاپ لە بادینان بۆردوومان کرد.
- کۆمیتەی گەنجان و وەرزشی سەربە بەڕێوەبەرایەتیی مەدەنیی منبیج، ڕێپێوانێکی لەو شارەدا ڕێکخست بەبۆنەی ساڵرۆژی ڕزگارکردنی منبیج لە چنگی چەتەکانی داعش لەلایەن هێزەکانی سوریای دیموکراتەوە.[5]
- وەزیری دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، رایگەیاند، داعش و نوسرە دڕندانەترین مامەڵەی پاکتاوکردنییان دژی کورد و مەسیحی و ئێزدییەکان ئەنجامداوە.[6]
- سەبدیکای پارێزەرانی شاری ئامەد ڕایگەیاند ئەندامانی ئەو سەندیکایە

ئامادەی چاوەدێری بە سەر ڕەوتی بەڕێوەچوونی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستانن.[7]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

شار و شارۆچکەکان: ئامەد

شار و شارۆچکەکان: خانەقین

شار و شارۆچکەکان: مابوک - مەنبەج

شار و شارۆچکەکان: رانیە (پشدەر)

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان


[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-08-15

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رووداو - 2017-08-15

[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردسات نیوز - 2017-08-15

[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 2017-08-15

[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-08-15

[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردپرێس - 2017-08-15


کاتی تۆمارکردن: 2017-08-15 9:03:06 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 226

**2017-08-16**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170816093922249472



- شەوی رابردوو چەکدارانی داعش هێرشیانکردە سەر سێ رەبیەی فەوجی یەکی لیوای 11ی پیادەی پێشمەرگە لە ناوچەی زەرگەی رۆژئاوای خورماتوو. پاش شکانی داعش لەشەڕەکەدا کە داعش هیزێکی زۆری تێیدا بەکارهێنابوو، سێ پێشمەرگە شەهید و 10ی دیکەش برینداربوون.
- لە شاری هەولێر لە دژی پاشەکەوتی سیستەمی موچە و دواکەوتنی موچەی خانەنشینان و سیستەمی ئابوری حکومەتی هەرێم ژمارەیەک حزب و لایەنی سیاسی و چالاکی مەدەنی خۆپێشاندانێکیان لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیران ئەنجامدا.[1]
- لە شارەدێی مەندەلی بەهۆی تەقینەوەی بۆمبێکی لێکێندراو بە ئۆتۆمبێلی هاوڵاتییەک-دا شۆفێری ئۆتۆمبێلەکە کوژرا و هاوڵاتییەکی دیکەش بریندار بوو.
- پۆلیسی گەرمیان ڕایدەگەیەنێت، لەسەر سکاڵای هاوڵاتیەک و بە پڕیاری دادوەر، سەرۆکی شارەوانی کفری دەستگیرکراوە، ئەوەش بە تۆمەتی وەرگرتنی بەرتیل.
- ئاسایشی پارتی لە شارەدێی دارەشەکرانەی سەر بەشاری هەولێر هەڵیانکوتایە سەرماڵی بەرپرسێکی گۆڕان و دەستگیریان کرد، سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان-یش لە ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر دەڵێت: دەستگیرکردنەکە بەهۆی پۆستی فەیسبوکەوە بووە.[2]
- ئەنجوومەنی شارۆچکەی باشیک لە کۆبوونەوەیاندا بە زۆریەنی دەنگی ئەندامانی ئەنجوومەن داوایانکرد گشتپرسی لە باشیک ئەنجام بدرێت و بە فەرمی بخرێنە سەر باشووری کوردستان.[3]
- یادی دامەزراندنی پارتی لە سلێمانی بەڕێوەچوو، چەند کەسێک لە دژی پارتی دروشم و ئاڵای پارتییان داگرت و سووتاندیان.[4]
- هونەرمەند بارزان میرزا بەهۆی پاشماوەی تەقەمەنیی جەنگی ئێراق - ئێرانەوە لە ناوچەی چۆمان پەنجەکانی پەڕین.[5]

⑱ تێبینی: ئەم تۆمارە هەندێک وێنە یان فیلمی لەگەڵ پەیوەستکراوە کە لەوانەیە ببێتە هۆی تێکدانی باری دەروونیتان. تکایە ئاگاداربە..

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
🏛 پارت / لایەن: 🕯 بزووتنەوەی گۆڕان
🏛 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ چۆمان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ کفری
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ موسڵ و دەشتی نەینەوا
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ خورماتوو
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ خانەقین
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-08-16
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-08-16
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رووداو - 2017-08-16
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[5] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-08-18

کاتی تۆمارکردن: 2017-08-16 9:39:22 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 227
**2017-08-17**
https://www.kurdipedia.org/?q=20170817092410706955



- مانگرتنی ئێشکگیریی ویژدان و دادگەریی پەرلەمانتارانی پارتی دیموکراتی گەلان- هەدەپە، کە پاش ئامەد و ئەستەنبوڵ و وان، ئێستا لە ئیزمیر بەڕێوەدەچێت، ئەمڕۆ پێی نایە سێیەم ڕۆژەوە.
- ئۆپەراسیۆنی هاوبەشی هێزی پێشمەرگە و ئاسایش و خەڵکی گوندی ئیسلاح، بۆ پاککردنەوەی سنورەکە لە چەتەکانی داعش لەسەر چەمی سیروان لە سنوری گوندی ئیسلاح و شێخ باوە لە باکوری شارەدێی گولاڵە-ی سەر بە شارۆچکەی خانەقین لە پارێزگای دیالە، کە دوێنێ دەستیپێکرد و ئەمڕۆش بەردەوامیی هەیە و تا ئەمڕۆ 2 چەتەی داعش کوژراون.
- پۆلیسی ئەڵمانیا، لە شاری میونشن هەڵیکوتایە سەر دوو ماڵ و دوو هاوڵاتی کوردی دەستگیرکرد، بەو بیانووەی کە ئەو هاوڵاتیانە ئاڵای یەکینەکانی پاراستنی گەل- یەپەگەیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاو کردووەتەوە.
- لە شارۆچکەی کەلار هاوڵاتییەک لەناو ئۆتۆمبێلەکەی خۆیدا کوژرا و پۆلیس-یش دەڵێت:هۆکاری کوشتنەکە نادیارە.[1]
- سەرۆک ئەرکانی سوپای ئێران رایگەیاند، وڵاتەکەی و تورکیا هەڵوێستێکی هاوبەشیان هەیە لەبەرامبەر ئەنجامدانی ریفراندۆمی هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ سەربەخۆیی و، هەردولایان ئە و بڕیارە رەتدەکەنەوە.[2]
- لەناوچەی هەورامان ڤیستیڤاڵی هەنجیر لە سەوڵاوا و بەڕێوەچوو، تێیدا ڕێزگیرا لە باخەوانانی سەرکەوتوو.[3]
- ئارێڵ پۆلشتاین، نووسەر لە ڕۆژنامەی (ئیسرائیلی ئەمڕۆ) کە نزیکە لە بینیامین نەتانیاهۆ، سەرۆکی حکوومەتی ئیسرائیل، ڕای گەیاند: ”هەرکاتێک دەوڵەتی کوردستان ڕاگەیاندرا، لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیلدا دەبێتە هاوپەیمانێکی بەهێز”.[4]
- دادگای قەزای ئیداری عێراق بڕیارەکەی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکی هەڵوەشاندەوە، بۆ هەڵکردنی ئاڵای کوردستان هاوشانی ئاڵای عێراق،

لەدام و دەزگا حکومییەکانی ئە و پارێزگایە.
- ئەرشەد ساڵحی، سەرۆکی بەرەی تورکمانی رایگەیاند: ئاڵای کوردستان دانەگرن لەدەرگای وڵاتی دەرەکی دەدەین.
- ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ئاشکرا کرد، کە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا وەڵامی بڕیارەکەی بەغدا دەدەنەوە کە سەبارەت بە داگرتنی ئاڵای کوردستان لە کەرکوک لە دادگای ئیداری بەغدا دەرچووە.[5]
- لە کاژێر 4:00ی بەرەبەیانی ئەمڕۆوە هەڵمەتێکی دەستگیرکردنی داواکراو و گومانلێکراوان لە سنووری کەرکووک دەستپێکردووە.لەئەنجامدا 25 کەس دەستگیر کراون، کە 10 کەسیان داواکراو بوون، 15 کەسەکەی دیکەش بەبێ ناسنامە لەو گوندانەی سنووری کەرکووکدا بوون.
- سوپای پاسدارانی ئێران سنووری شارەدێی حاجی ئۆمەرانی سەر بە پارێزگای هەولێر تۆپباران دەکات.
- فراکسیۆنی گۆڕان داوا لە فراکسیۆنی سەوز دەکات قۆناغی کۆتایی دروستکردنی هاوپەیمانی فراکسیۆنەکانیان تەواو بکەن و رایبگەیێنن.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏟 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - HDP |
| 🏟 پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| 🏟 پارت / لایەن: | 🕯 بزووتنەوەی گۆڕان |
| 🏟 پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| 🏟 پارت / لایەن: | بەرەی تورکومانی ئێراقی |
| 🏟 پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ چۆمان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | 🔥 کەرکوک |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ خانەقین |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ کەلار (گەرمیان) |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ پاوە (هەورامانی تەخت) |
| Quick Respons :Code | |

سەرچاوەکان

[1] 📡ماڵپەڕ | 🖧 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 17-08-2017

[2] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 17-08-2017
[3] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردیو - 17-08-2017
[4] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژانە هەواڵ - 17-08-2017
[5] ●دیارینەکراو | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[6] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 17-08-2017

کاتی تۆمارکردن: 17-08-2017 9:24:10 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 228
## 2017-08-18
https://www.kurdipedia.org/?q=20170818095935101863



- هەڵمەتی ئاسایشی گەرمیان و هێزەکانی پێشمەرگە بۆ کیوماڵکردنی گوندی ئیسلاحی سەر بە شارەدێی جەلەولا بەردەوامە و بەیانی ئەمڕۆ چەکدارێکی دیکەی داعش کوژرا.
- بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزا و ناحیەکانی کەرکوک ڕایگەیاند، شەوی ڕابردوو ژمارەیەک چەکداری داعش لەگوندێکی دوبز سەر بە پارێزگای کەرکوک، حەوت کەسیان سەربڕیوە کە سەرجەمیان عەرەبن.[1]
- لە سێ گوندی بێمبۆ، سورونیس و دێبانی سەربە شارۆچکەی شەمزینانی جولەمێرگ، بۆ ماوەی سێ ڕۆژ قەدەغەی هاتوچۆ ڕاگەیەندرا، بە بیانووی ئەوەی سوپای تورک دەیەوێت لەو ناوچانە ئۆپەراسیۆنی سەربازی ئەنجام بدات.
- ژمارەیەک کرێکاری کورد کە بۆ کارکردن لە ئامەدەوە دەچوون بۆ ساکاریا، تووشی ڕووداوێکی هاتوچۆ بوون و لە ئەنجامدا حەوت کرێکار گیانیان لە دەستدا و 20 کرێکاری دیکەش بریندار بوون.
- ئەندامانی لقی بەلجیکای کۆنگرەی دیموکراتی گەلان بە مەبەستی دەربڕینی ناڕەزایی بەرامبەر بە سووتاندنی دارستانەکانی شاری دێرسیمی باکوری کوردستان لەلایەن سوپای تورکەوە خۆپیشاندانێکیان ئەنجامدا.
- سوپای تورک و چەتەکانی سەربە تورکیا، شەوی ڕابردوو، لە شاری عەزازەوە، ناوەندی شاری عەفرینیان کردە ئامانج و تۆپبارانیان کرد، لەو تۆپبارانەدا ئۆتۆمبێلی هاوڵاتییەک هاوەنی بەرکەوت و سووتا.[2]
- درەنگانێکی شەوی ڕابردوو جارێکی تر تۆپخانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەستیانکردەوە بە تۆپبارانکردنی سنوری شارەدێی حاجی ئۆمەران، بەڕێوەبەری شارەدێکەش ڕایدەگەیەنێت کە تۆپبارانەکە هیچ زیانی گیانی لێنەکەوتۆتەوە.
- گەریلاکانی هەپەگە لە گردی شەکری سپی لە ناوچەی شەمزینان سەربە جولەمێرگ دژی سەربازانی سوپای تورکیا چالاکییەکی فراوانیان ئەنجامداوە و ئەوەی کە زانراوە، بەهۆی چالاکیەکەوە 11 سەرباز کوژراون و چواری دیکەش بریندار بوون.
- لەم هەفتەیەدا نرخی گۆشتی مریشک بە ڕێژەیەکی بەرچاو رووی لە بەرزبوونەوە کردووە، بەجۆرێک نرخی یەک کیلۆ گۆشتی مریشک گەیشتۆتە سێ هەزار و 500 دینار، خاوەن کێڵگەیەکی پەلەوەریش ئاماژە بەوەدەکات، بەرزبوونەوەی نرخەکە پەیوەندی بە وەرزی گەرماوە هەیە.[3]

⑱ تێبینی: ئەم تۆمارە هەندێک وێنە یان فیلمی لەگەڵ پەیوەستکراوە کە لەوانەیە ببێتە هۆی تێکدانی باری دەروونیتان. تکایە ئاگاداربە..

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK
شار و شارۆچکەکان: ◉ ئامەد
شار و شارۆچکەکان: ○ دێرسیم
شار و شارۆچکەکان: ○ خانەقین
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: ○ ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: ○ چۆمان
شار و شارۆچکەکان: ○ شەمزینان
شار و شارۆچکەکان: ○ جوڵەمێرگ
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-08-18
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-08-18
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-08-18

کاتی تۆمارکردن: 2017-08-18 9:59:35 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 229

**2017-08-19**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170819122852101869




باشووری کوردستان
- شەوی رابردوو لە شارۆچکەی خورماتوو هاوڵاتییەک لەلایەن ژمارەیەک چەکداری نەناسراوەوە کوژرا و برایەکیشیان رفاند.
- بەڕێوەبەری راگەیاندن و پەیوەندییەکان لە کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و راپرسی هەرێم راگەیاند لە 5 ئەیلول تاوەکو 22 ئەیلول دیاریکراوە بۆ بانگەشەکردن بۆ ریفراندۆمی سەربەخۆیی کە بڕیارە لە 25 ئەیلولدا بەڕێوە بچێت.
- بڕیاردەری لیژنەی دارایی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئاشکرای دەکات، بەهۆی دیاریکردنی کاتی ریفراندۆمی هەرێمی کوردستان، بانکی ناوەندی عێراق کردنەوەی هەردوو لقی بانکەکەی لەشارەکانی هەولێر و سلێمانی راگرتووە.[1]
- بە ئامانجی قسەکردن لەسەر پرسی هەڵبژاردن و چاکسازیی لە هەڵبژاردنەکاندا، ئەکادیمیای سیاسەت و هزری دیموکراسی، دووەمین کۆنفرانسی لەژێر ناونیشانی، چاکسازی لە پرسی هەڵبژاردناکاندا گەرەنتی بونیادی دیموکراسی ڕاستەقینەیە، ساز کرد.
ڕۆژئاوای کوردستان
- سوپای تورکیا کانتۆنی شەهبا تۆپباران دەکات و هاوکات فڕۆکە سیخورییەکانیشی بە سەر ئاسمانی شەهبادا دەسوورێنەوە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ خورماتوو

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 19-08-2017
[2] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 19-08-2017

کاتی تۆمارکردن: 2017-08-19 12:28:52 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 230
**2017-08-20**
https://www.kurdipedia.org/?q=20170820104857101877




- بەڕێوبەری گشتیی فەرمانگەی هەولێری کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسی لە هەولێر، کردنەوەی 53 بنکەی تۆماری دەنگدەرانی لە سنوری ئەو پارێزگایە ڕاگەیاند و داواش دەکات، کە هاوڵاتیان سەردانی بنکەکانی تۆماری دەنگدەران بکەن بۆ ئەوەی ناوی خۆیان تۆمار بکەن.
- ئەنجومەنی خۆبەڕێوەبەریی دیموکراتی شەنگال، پرۆژەی خۆبەڕێوەبەریی دیموکراتی ئێزدیخان-ی ڕاگەیاند و جەختدەکاتەوە، کە داواکاریی کۆمەڵگای ئێزدی خۆبەڕێوەبەریی دیموکراتییە و ئەو داواکارییە ئەوەندە بۆیان گرنگە، کە بە هیچ شێوەیەک دەستبەرداری نەبن.
- شاندێکی پارتی دیموکراتی گەلان – هەدەپە و پارتی هەرێمە دیموکراتییەکان – دەبەپە کە بۆ سەردانیکردنی لایەنە سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستانن، سەردانی یەکێتیان کرد. شاندەکەی هەدەپە و دەبەپە پێکهاتبوون لە ئیمام تاشجیەر پەرلەمانتاری هەدەپە و هاجەر ئۆزدەمیر جێگری هاوسەرۆکی بەدەپە و شیرین تونج جێگری هاوسەرۆکی دەبەپە و زانا ئۆنەر ئەندامی ئەنجومەنی بەڕێوەبەری دەبەپە و عابد ئیکە و موزەیەن گونەش هاوسەرۆکانی نوێنەرایەتی هەدەپە لە باشوری کوردستان، کە لەلایەن مەلا بەختیار بەرپرسی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتی و حاکم قادر ئەندامی مەکتەبی سیاسی و چەند بەرپرسێکی تری یەکێتییەوە پێشوازیان لێکرا.
- تەڤگەری ئازادیی ئاشکرای دەکات کە کار بۆ یەکخستنی بەرەی نەخێر دەکەن، هاوکات ڕاشیدەگەیەنێت کە پرۆژەیەکیان هەیە بۆ خۆبەڕێوەبەری دیموکراتی کە دەتوانێت چارەنووسی خەڵکی باشووری کوردستان بەرەو ئازادیی و سەربەخۆیی ببات.
- ئێوارەی ئەمڕۆ لە شارۆچکەی شەقڵاوە لەدوای تەواوبوونی سیمینارێکی بەهار مەحمود ئەندامی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لە فراکسیۆنی گۆڕان، لەلایەن چەند کەسێکەوە هێرشکرایە سەری و لێی درا.[1]
- لەرووداوێکی تەقەکردندا لەسنوری شارەدێی بازیان سەر بەپارێزگای سلێمانی، کەسێک کوژراو کەسێکی دیکەش بریندارببوو.[2]
- درەنگانی شەوی ڕابردوو لە ناوچەی زەرگەی سەر بە خورماتوو کە دەکەوێتە سنووری میحوەری خورماتوو، داعش هێرشیان کردە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە، بەڵام هەر زوو پێشمەرگەکان لێیان هاتنە دەست و هێرشەکەیان تێکشکاند.
- بەپێی زانیاریی سەرچاوەکانی مافی مرۆڤ، لە درێژەی گوشاری ناوەندە ئەمنییەکانی ئێران بۆ سەر هاووڵاتیانی کورد لە شاری شنۆ، دوو لاوی دیکەی خەڵکی ئەو شارە دەستبەسەر کران.[3]
- نوێنەرانی پێکهاتە جیاوازەکانی کەرکوک بەسەرپەرشتی سەلیم جبوری، سەرۆکی پەرلەمان، لەسەر پرۆژە یاسایەک بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک گەیشتنە رێککەوتن و بڕیاریشە سبەی 21-08-2017 لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەنگی لەسەر بدرێت.
- ژمارەیەک لە پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان ئەمڕۆ لە حەوشەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی کۆبوونەوە و داوایان کرد مەکتەبی سیاسی ئەو حزبە گرفتەکانیان بۆ چارەسەر بکات و جیاوازی لە نێوان پێشمەرگە دێرینەکان نەکات.
- پێنج پێشمەرگە بەناوی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەشداری خولێکی نیشانەشکێنیان کرد لە ئەڵمانیا و توانییان پلەی سێهەم بەدەستبهێنن لەنێو هێزی 58 وڵاتدا.

- کۆنگرەی پێکەوەژیانی مێژوویی بۆ عەرەبە نیشتەجێبووەکانی ناوچە جێناکۆکەکان لەسلێمانی دەستپێکرد و بڕیارە لە چەند پانێڵێکدا باس لە گرفتەکانی ئە و ناوچانە و چارەنووسی نیشتەجێبووانی بکرێت.[4]
- یوسف محەمەد، ڕایگەیاند، هێرشکردنە سەر بەهار مەحمود جێگری سەرۆکی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان هەوڵێکە بۆ شکاندنی شکۆی پەرلەمانتاران، لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێییەکانی پەرلەمانیش ڕادەسپێرین، چاودێریی لێکۆڵینەوە لەرووداوەکە بکەن.
- چەند چەکدارێکی نەناسراو فەرهاد سەنگاوی دەڕفێنن و پاش لێدانی و سووکایەتی پێکردنی بە ماوەیەکی کورت ئازادی دەکەن.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - HDP |
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| پارت / لایەن: | بزووتنەوەی گۆڕان |
| شار و شارۆچکەکان: | شەقڵاوا |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| شار و شارۆچکەکان: | خورماتوو |
| شار و شارۆچکەکان: | شنۆ |
| شار و شارۆچکەکان: | شنگال |
| شار و شارۆچکەکان: | هەولێر |
| شار و شارۆچکەکان: | چەمچەماڵ |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 20-08-2017
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری خەندان - 20-08-2017
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری باسنیوز - 20-08-2017

[4] 📡ماڵپەڕ | 🇰 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-08-20
[5] ●دیارینەکراو | 🇰 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2017-08-20 10:48:57 AM |
| ناوی تۆمارکار: | هاوڕێ باخەوان |

---

بابەت: 231

## 2017-08-21

https://www.kurdipedia.org/?q=20170821084035142319



- ئاسایشی کەرکوک ڕایگەیاند، لە هەڵمەتێکی هێزەکانیاندا لە سنوری شارۆچکەی داقوق، باندێکیان دەستگیرکردووە کە بە شێوازی قاچاخ کەسوکاری چەکدارانی داعش-یان هێناوەتە کەرکوک و بە پێچەوانەشەوە لە کەرکوک دەربازیان کردوون.[1]
- لەبەردەم نوسینگەی سلێمانی پەرلەمانی کوردستان سەنتەری میترۆ بە ئامادەبوونی بەشێک لە چالاکوانان و پەرلەمانتاران و ڕێکخراوەکان گردبوونەوەیەکی ناڕەزاییەتیان دژی هێرشکردنە سەر ڕای ئازاد ڕێکخست.
- ئاگر لە نزیک وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبای دوکان کەوتەوە.
- بوومەلەرزەیەک سەنتەری ناو پارێزگای هەڵەبجەی گرتەوە، بەبێ ئەوەی زیانی گیانی و مادی هەبێت.
- ژمارەیەک لە دەرچوانی توانا سازیی لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیران لەشار هەولێر گردبوونەوەیان ئەنجامدا، داوایان کرد پارە و خەرجی خوێندنیان بۆ خەرج بکرێت کە حکومەت بەڵێنی پێداون.
- 61 کریکاری کێڵگەی نەوتی تەقتەق لە سنوری شارۆچکەی کۆیە بەهۆی دەرکردنیان لەسەر کارەکانیان خۆپیشاندانیان ئەنجامداو ڕێگا سەرەکییەکانی سەر ئەو کێڵگەیەیان داخست.[2]
- دوای نزیکەی دوو ساڵ پارتی دیموکراتی کوردستان ئەمڕۆ، سەردانی مەکۆی سەرەکی بزوتنەوەی گۆڕانی کرد و لەبارەی ریفراندۆم و ئاساییکردنەوەی پەرلەمان و بژێوی خەڵک کۆبوونەوە. کۆبوونەوەکە بەبێ هیچ ڕاگەیەندراوێک کۆتایی هات.[3]
- لە ڕۆژئاوایی شارۆچکەی خورماتوو، بۆمبێکی چێندراوی چەتەکانی داعش، بە ئۆتۆمبێلێکی هێزەکانی پێشمەرگەدا تەقییەوە، لە ئەنجامدا دوو پێشمەرگە بریندار بوون و برینەکانیان سەختە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| 🏛 پارت / لایەن: | 🕯 بزووتنەوەی گۆڕان |
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ خورماتوو |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ دوکان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ هەڵەبجە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | 🔥 کەرکوک |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ کۆیە |

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
Quick Respons Code:

▤ سەرچاوەکان
[1] 📡 ماڵپەڕ | 🖇 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-08-21
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🖇 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-08-21
[3] ● دیارینەکراو | 🖇 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[4] 📡 ماڵپەڕ | 🖇 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-08-21

کاتی تۆمارکردن: 2017-08-21 8:40:35 AM
ناوی تۆمارکار: سەریاس ئەحمەد

---

بابەت: 232
## 2017-08-22
https://www.kurdipedia.org/?q=20170822000000142337



باکووری کوردستان
- شەوی ڕابردوو، سوپای تورک و چەتەکانی سەر بە تورکیا کە لە ناوچەی عەزاز نیشتەجێن، بەردەوام بوون لە تۆپباران کردنی گوندەکانی سەر بە عەفرین.
- کاتژمێر 12:00 لە گوندی شەماشی نێوان گەڤەر و جولەمێرگدا لە سەر ڕێگای کاروانێکی سوپای تورک کەمینێکیان دانا و چالاکیان دژی ئەو کاروانە ئەنجامدا، لەو چالاکییەدا گورزی کوشندە لە سوپای تورک درا. لەو چالاکییەدا دوو زرێپۆشی سوپای تورک تێکشکێندران و سەرچاوە خۆجێییەکانیش ڕایانگەیاندووە، کە 20 سەربازی تورک کوژراون.
- هێزەکانی پۆلیسی تورک هەڵیانکوتایە سەر ماڵی هاوڵاتیان لە شاری دەرسیم و شارۆچکەی پولوری سەربە دەرسیم، شەش کەسیان دەستگیر کرد.[1]
باشووری کوردستان
- لیستی برایەتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک تانە لە بڕیاری دادگای کارگێری عێراق دەدات، کە داوای کردووە ئاڵای کوردستان لە کەرکووک دابگیرێت.[2]
- جیمس ماتیس وەزیری بەرگری ئەمریکا گەیشتە هەولێر و لەلایەن قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکومەت پێشوازی لێکرا. دوای سەردانەکەی بۆ هەولێر، وەزیری بەرگری ئەمریکا لەگەڵ مەسعود بارزانی کۆبووەوە.
- سەمەد خۆشناو سەرۆکی حزبی بەرەی دواڕۆژی کوردستان کۆچی دوایی کرد.[3]
- موفتی عێراق، مەهدی سومەیدعی ڕایدەگەیەنێت، ئە و ڕیفراندۆمەی کە بڕیارە لە 25ی ئەیلولی 2017 ئەنجامبدرێت، جۆرێکە لە جۆرەکانی تیرۆر.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK

شار و شارۆچکەکان: ○ ئەفرین

شار و شارۆچکەکان: کەرکوک

شار و شارۆچکەکان: ○ دێرسیم

شار و شارۆچکەکان: ○ جوڵەمێرگ

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-08-22

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رووداو - 2017-08-22

[3] ●دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-08-22

کاتی تۆمارکردن: 2017-08-22 12:00:00 AM

ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 233

**2017-08-23**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170823000000142338



باکووری کوردستان

- لە ئەنجامی تەقینەوەی بۆمبێکی چێندراو بە ئوتۆمبێلێکی سەربازیی تورکیا لە شارۆچکەی گەڤەری سەر بە شاری هەکاری لە باکوری کوردستان دوو سەربازی تورکیا برینداربون و ئوتۆمبێلەکەیان تێکشا.[1]

- دادگای تورک لە نێوان 12 کەس کە پێشتر لە خارێت دەستگیر کرابوون، بڕیاری زیندانیکردنی هەشتیانی دەرکرد و کەسێکی دیکەش لە فارقینی سەر بە ئامەد دەستگیر کرا.[6]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- لە ئەنجامی بۆسە نانەوەی هێزە نیزامییەکانی ئێران لەسەر ڕێی کاروانچییان لە کەلی تەتە. دوو سەر ئەسپ بە کوشت چوون.[7]

- بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، هێزە ئیتلاعاتییەکان سەر بە ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری تیکاب سێ لاوی کوردیان دەستبەسەر کرد و بۆ شوێنێکی نادیاریان گواستنەوە.[7]

- سەید جەمال موسەوی لە زیندانی کەرەج لەسێدارەدرا.

باشووری کوردستان

- شەوی رابردوو لە رۆژئاوای کەسکێ سنووری میحوەری فەرماندەیی دهۆکی هێزی پێشمەرگە، کاتێک چەکدارانی داعش دەیانەوێت خۆیان لە سەنگەرەکانی پێشمەرگە نزیک بکەنەوە، پێشمەرگە پێشیان لێ دەگرن و

3 چەکداری داعشیان کوشتووە.[2]
- بەپریارێک بەشێک لە دوکان و بازاڕی گەراجی حەویجە لەشاری کەرکوک دەڕوخێندرێن و لەبەرامبەر ئە و پریارەشدا خۆپیشاندان دەستی پێکرد، خاوەنی ئە و دوکانانەش کە پریارەکە دەیانگرێتەوە داواکاریەک ئاراستەی پارێزگارو ئەنجومەنی پارێزگاکەیان دەکەن، سەرۆکی لقی کەرکوکی یەکێتیی کرێکارانیش پشتیوانی داواکاریەکانیان دەکات.[3]
- دیندار زێباری، سەرۆکی لیژنەی هەڵسەنگاندن و بەدواداچوونی راپۆرتە نێودەوڵەتییەکان ئەمڕۆ لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند، نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان لە دوای رووخانی سەدامەوە لەگەڵ حکومەتی بەغدا هاوکاربووە کە مادەی 140 جێبەجێ نەکرێت و هەروەها کەمتەرخەم بوون لە دروستکردنی کەشی پێکەوەژیان لە عێراق.[1]
- لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا لە دوای کۆبوونەوەی لەگەڵ مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەولود چاوشئۆغلو وەزیری دەرەوەی تورکیا رایگەیاند کە ریفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان بڕیارێکی راست نییەو نائارامی بۆ ناوچەکە دەهێنێت.[1]
- دادگای فیدڕاڵی عێراق ئە و بڕگەیەی لە بودجەی ساڵی 2017ی عێراقی هەڵوەشاندەوە کە باس لە بودجەی پێشمەرگە دەکات.[1]
- لەنزیک گوندی کەڵوڕ لەسەر رێگای کەرکوک- هەولێر دەستڕێژی گوللە کراوە لە ئۆتۆمبێلەکەی موقەدەم عەمار مەهدی، بەرپرسی کاروباری بازگەکان لە هەواڵگری کەرکوک و بەوهۆیەوە ناوبراو لەگەڵ پاسەوانێکیدا گیانیان لەدەستداوە.[1]
- کاژێر 16:45 خولەک بوومەلەرزەیەکی بەهێز باشووری کوردستانی هەژاند و لە هەولێری پایتەخت، سلێمانی، رانیە، دووکان، کۆیە، سۆران، قەڵادزێ، شەقڵاوا، کەلار، پیرمام، سمێلانی سەربە شارۆچکەی چۆمان و حاجی ئۆمەران هەستی پێکراوە. بەپێی ئاژانسە نێودەوڵەتییەکان بەهێزی بوومەلەرزەکەی دووکان 5.3 پلەی ریختەر بووە و لە هەندێک شوێن زیانی ماددیی لێکەوتەوە، بەهۆی بوومەلەرزەکەوە چەندین خانو درزیان بردووە و دیواری چەند خانویەکیش ڕووخاون و لە راپەڕینیش چەند کەسێک برینداربوون.[4][5]
- سایتی نیویۆرک تایمز ئاشکرایدەکات، جەیمس ماتیس، وەزیری بەرگریی ویلایەتە یەکگرتووەکان و برێت مەکگۆرگ، نوێنەری تایبەتی سەرۆکی ئەمریکا بۆ شەڕی دژی داعش لەمیانی سەردانەکەی دوێنێیاندا بۆ هەولێر و کۆبونەوەیان لەگەڵ شاندی کوردیدا، داوایان لە مەسعود بارزانی کردووە ئەنجامدانی ریفراندۆم دوابخات.[1]
- حکومەتی تورکیا بەرەسمی بەهرۆز گەلاڵی نوێنەری یەکێتی نیشتیمانی کوردستانی لەو وڵاتە ئاگادار کردۆتەوە کە تورکیا بەجێبهێڵێت و بگەڕێتەوە هەرێمی کوردستان.[5]
رۆژاوای کوردستان
- پێنج شەڕڤانی یەپەگە لە رەققە شەهید بوون.[6]

🔞 تێبینی: ئەم تۆمارە هەندێک وێنە یان فیلمی لەگەڵ پەیوەستکراوە کە لەوانەیە ببێتە هۆی تێکدانی باری دەروونیتان. تکایە ئاگاداربە..

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏯 پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

| | |
|---|---|
| 🏟 پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ هەکاری |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | 🔥 کەرکوک |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ شنگال |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ سلێمانی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ♖ هەولێر |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ فارقین - سلیڤان |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان

[1] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-08-23
[2] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردستان24 - 2017-08-23
[3] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی تۆڕی هەواڵی سلێمانی - 2017-08-23
[4] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رووداو - 2017-08-23
[5] ●دیارینەکراو | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[6] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 2017-08-23
[7] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردپا - 2017-08-24

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2017-08-23 12:00:00 AM |
| ناوی تۆمارکار: | بەڕێوەبەری سیستەم |

---

بابەت: 234

**2017-08-24**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170824000000142339




باکووری کوردستان
- هێزەکانی پۆلیسی تورک گەڕەکەکانی عەلی-پاشا و لالەبەی سووری ئامەدیان گەمارۆداوەو ئەو ماڵانەی بڕیاری ڕوخاندیان لەسەرە بە زۆرەملی بە هاوڵاتیان چۆڵیان دەکەن.[1]
باشووری کوردستان
- لە شارەدێی قەرەتەپە، تەرمی ژنێک بە کوژراویی لەناو خانوویەکی تەواونەکراودا دۆزرایەوە و پۆلیس-یش دەڵێت: بە بلۆک کوژراوە و شوێنەواری چەقۆ-ش بە جەستەیەوە دیارە.[1]
- تەرمی دوو ژن، کە ئاسەواری فیشەک بەجەستەیانەوە دیارە، لە شارەدێی داقوق-ی سەر بە پارێزگای کەرکوک دۆزرایەوە.[1]
- بەهرۆز گەلاڵی گەییشتەوە کوردستان. نێوبراو 17 ساڵ نوێنەری یەکێتی بوو لە تورکیا و دوێنێ دەسەڵاتدارانی تورک پێیان ڕاگەیاند کە تورکیا جێبهێڵێت.[2]
- بەهۆی ترسی بوومەلەرزەوە، زۆرێک لە هاووڵاتیانی ناوچەی پشدەر - ڕاپەڕین شەویان لە دەرەوەی ماڵەکانیان بەسەربرد.[2]
- بەڕێوەبەرایەتی کەشناسی و بوومەلەرزەزانی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، لە دوای بوومەلەرزەکەی دوێنێی ڕانیەوە سێ بوومەلەرزەیەکی دیکە لە ناوچەکانی هەرێمی کوردستان روویانداوە.[3]
- بەڕێوەبەری گومگی مەرزی نێودەوڵەتی باشماخ ئاشکرایکرد، کە 104 تانکەر بەنزین-ی کواڵێتی خراپ دەستی بەسەردا گیراوە و دەگەڕێندرێنەوە بۆ وڵاتی ئێران.[1]
- وتەبێژی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەڵێت یەکێتی دەستکەلای کەس نییە و ناردنەوەی نوێنەری یەکێتی لە تورکیا، ئامانج لێی یەکێتی بووە و لەگەڵ تورکیاش لە هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەی ناردنەوەی نوێنەرەکەمانین.[4]
- سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، بۆچونەکانی مەهدی سومەیدەعی موفتی دیاری عێراق لە بارەی ریفراندۆمەوە بۆچوونێکی شۆڤێنیانەیەو هیچ پەیوەندییەکی بە ئیسلامەوە نییە، ئەوەش لەپاش ئەوەی ئەو موفتییە ئەنجامدانی ریفراندۆمی هەرێمی کوردستانی وەک بەشێک لەپرسی تیرۆر ناساندبوو.[4]
- وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاشکرایکرد کە ئێران داوای ڕاکێشانی هێڵی شەمەندەفەر دەکات لە نێوان وڵاتەکەی و هەرێمی کوردستان.[4]
- لە میحوەری داقووق چەکدارانی داعش لە چوار قۆڵەوە هێرشیانکردە سەر فەوجی یەکی کاکەییەکان، جێگری فەرماندەی فەوجی کاکەییەکان دەڵێت ڕووبەڕووبوونەوەی سەخت ڕوویداوە و دوای نیو کاژێر هێرشەکەمان تێکشکاند.[5]
- بەشێک لە دووکاندار و کاسبکارانی بازاڕی چای لە گەڕەکی موسەڵای کەرکووک خۆپیشاندانیان ئەنجامدا، بەهۆی ئەوەی کە دووکانەکانیان دەڕوخێندرێت.[5]
- دەوڵەت باخچەلی سەرۆکی پارتی بزوتنەوەی نەتەوەیی تورکیا (جەهەپە) ڕایگەیاند دەبێت حکومەتی ئەنقەرە ئەو ریفراندۆمەی هەرێمی کوردستان بۆ سەربەخۆیی بەنیازە ئەنجامیبدات وەک هۆکارێکی جەنگ لێکیبداتەوە ئەگەر پێویستی کرد.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏰 پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
🏰 پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ خانەقین
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ رانیە (پشدەر)
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ پێنجوێن
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◉ ئامەد
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالْپەری رۆژنیوز - 24-08-2017
[2] ●دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[3] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالْپەری وێستگا - 24-08-2017
[4] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالْپەری دوارۆژ - 24-08-2017
[5] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالْپەری رووداو - 24-08-2017
کاتی تۆمارکردن: 24-08-2017 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 235
**2017-08-25**
https://www.kurdipedia.org/?q=20170825000000142340



باکووری کوردستان
- پاش ئەوەی حەسەنکیف بە دینامەیت (تی ئێن تی) تەقێندرایەوە، ئەمڕۆ حکومەتی تورک بلدۆزەرەکانی بردووەتە ئەو شوێنە و خەریکە شوێنەوارە مێژووەکانی حەسەنکیف دەڕوخێنێت.[1]
- ئەمڕۆ بڕیاری داخرانی ڕۆژنامەی سوژن، ڕۆژنامەی ڕۆژەڤا مەدیا و ئاژانسی هەواڵی دیهابەر (دیجلە) دەرکرا.[1]
- سێ کەس بە ناوەکانی محەمەد میرزا سۆیلەمەز، هاوسەرۆکی هەدەپەی مێرسین، جەمیل ئوزگول و سەیرانی ئولومان، بەڕێوەبەرانی هەدەپە بڕیاری زیندانیکردنیان بۆ دەرکرا و ڕەوانەی زیندانی مێرسین کران.[1]
- هەدەپە کاردانەوەی پیشاندا بەرامبەر بە دەرکردنی نوێنەری یەکێتی لە تورکیا و ڕایگەیاند، کە پێویستە حکومەتی تورکیا داوای لێبوردن لە بەهرۆز گەلاڵی و یەکێتی نیشتمانی بکات.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- شەریف وەلیدی، موزیکژەنی ناوداری سنەیی لە سنە کۆچی دوایی کرد.[2]

- کۆچی دوایی نووسەر و شانۆکار خالید خاکی لە سەقز.[2]
باشووری کوردستان
- چەکدارانی داعش شەوی رابردوو، هێرشیان کردە سەر فەوجی کاکەییەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەسنوری شارۆچکەی داقوق و دوای دوو کاتژمێر شەڕ هێرشەکە تێکشکێندرا.[2]
- لەسەر پرینی دار دەمەقاڵێ لەنێوان چوار برای خەڵکی گوندی گوندەژۆر باڵەکایەتی و ژمارەیەک پێشمەرگەی کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران دروست بوو، پاشان پێشمەرگەکانی کۆمەڵە دەستڕێژیی گوللەیان لێکردن، بەهۆیەوە دوویان گیانیان لەدەستدا و یەکێکی دیکەشیان بەسەختی بریندار بوو. خەڵکی چۆمان و دەوروبەری چونە گوندی گوندەژۆر و بارەگای هەرچوار حزبەکەی ڕۆژهەڵاتیان سووتاند.[2]
- لەسەر رووداوی کوژران و برینداربوونی سێ هاونیشتمانی باڵەکایەتی لەلایەن پێشمەرگەکانی کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، عەبدوڵڵا ئازەربار، بەرپرسی کۆمیسیۆنی سەربازی کۆمەڵە دەڵێت: رووداوێکی نەخوازراو بووە و بەقەد خەڵکی چۆمان و گوندەژۆر ناڕەحەت و دڵگرانین. بانگەوازیشی بۆ خەڵکی باڵەکایەتی و هێزە ئەمنییەکان کرد هەوڵی کۆنترۆڵکردن و هێورکردنەوەی دۆخەکە بدەن و هیوای خواست رووداوەکە لەوە زیاتر گەورە نەبێت.[4]
- لە شنگال رێورەسمی جەمای مەزارگەی ئێزی بەڕێوەچوو.[2]
- لە سنوری شارۆچکەی داقوق بۆمبێکی چێنراو بەکاروانی ئۆتۆمبێلی هێزەکانی پێشمەرگەدا تەقییەوە و بەهۆیەوە پێشمەرگەیەک برینداربوو.[2]
- سێیەمین کۆنفرانسی پەروەردە و فێرکاریی کامپی پەنابەرانی شەهید ڕۆستەم جودی لە مەخمور، بە دروشمی پەروەردەکردنی کۆمەڵگا بە کلتوری نالین-ەکان مسۆگرکردنی ئازادی کۆمەڵگایە بە بەشداربوونی 121 بەشداربوو دەستپێکرد.[1]
- بە چاودێریی بەڕێوەبەرایەتیی گەشتوگوزاری ڕاپەڕین، فیستیڤاڵی گەشتیاریی دەربەند لە رانیە دەستی پێکرد.[3]
- بەرپرسێکی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان رایدەگەیەنێت، لە ئاستی سەرکردایەتی حزبەکەی هیچ کەسێک نییە دژی ئەنجامدانی ریفراندۆم بێت و هەر ئەندامێکی یەکگرتووش لە دژی ریفراندۆم بێت و بچێتە بەرەی نەخێر، لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکرێت.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏰 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP

🏰 پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

🏰 پارت / لایەن: ☪ یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ مەخموور

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ سەقز

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ رانیە (پشدەر)

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ شنگال

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ دهۆک

🏙 شار و شارۆچکەکان: 💧 کەرکوک


:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 25-08-2017
[2] ● دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی باسنیوز - 25-08-2017
[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 25-08-2017
[5] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 25-08-2017

کاتی تۆمارکردن: 2017-08-25 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستەم

---

بابەت: 236
**2017-08-26**
https://www.kurdipedia.org/?q=20170826000000142341



باکووری کوردستان
- پاش ئەوەی دوێنێ ڕۆژنامەی ڕۆژەڤا مەدیا داخرا، ئەمڕۆ گروپێکی ڕۆژنامەنووس لە شاری ئامەدی باکوری کوردستان ڕۆژنامەی وڵات-یان کردەوە.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- سوپای پاسداران لە ناوچە سنوورییەکانی پیرانشار و سەردەشت ژمارەی هێزەکانی زیادکردووە و چەندین جۆر چەکی قورس و نیمچە قورسی لە بنکەکانی جێگیرکردووە. سەرچاوەیەکی ئاگادار بە ڕووداوی ڕاگەیاند، سوپا پلانی هێرشکردنەسەر بنکە و بارەگاکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی هەیە لە ناوچە سنوورییەکان. [4]
- کومیتەی منداڵانی ڤەژین، کارنەڤاڵێکی شادی و خۆشی بۆ منداڵانی شاری مەریوان لە دەوروبەری گۆلی زرێبار بەڕێوە برد.[7]
باشووری کوردستان
- بۆمبێکی چێندراو لە بەرزاییەکانی ناوچەی خەرابەڕووت، بە ئۆتۆمبێلێکی هێزەکانی پێشمەرگەدا تەقییەوە کە بەهۆیەوە شۆفێرەکە شەهیدبوو و 6 پێشمەرگەش بریندار بوون.[5]
- دوای گرژیی و ئاڵۆزییەکانی ئێوارەی دوێنێ-ی گوندی گوندەژۆر لە دەڤەری باڵەکایەتی، کە بووەهۆی کوژرانی دوو برا و بریندار کردنی دوو برای دیکە لەلایەن پێشمەرگەکانی کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران- (کۆمەڵەی عەبدوڵلا موهتەدی)ەوە، خەڵکی باڵەکایەتی چەکیان هەڵگرت و ئاڵۆزیی لە ناوچەکە بەردەوامە.
- خەڵکی دەڤەری باڵەکایەتی 13پێشمەرگەی کۆمەڵە و دیموکرات دەستگیردەکەن و شەش کاتژمێر-یش مۆڵەت دەدەنە کۆمەڵەی شۆڕشگێران بۆ ڕادەستکردنی تۆمەتباران.[1]
- لە گۆڕستانی مەمی خەلان لە شارەدێی چۆمان، تەرمی ئەو دوو

هاوڵاتییە بە خاکسپێردران، کە لەلایەن پێشمەرگەکانی کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانەوە کوژران.[1]
- قایمقامی چۆمان رایگەیاند، رەوشی چۆمان و ناوچەکە ئارام بووەتەوە و تاوانبارانی دوێنێ خۆیان رادەستی یاسا کردووە.[2]
- کۆنفرانسی تێدێکس دهۆک ئەمڕۆ لە دهۆک بەڕێوەدەچێت و تێیدا 11 کەس باسی ئەزموونی سەرکەوتنیان دەکەن.[2]
- ژان ئیڤ لو دریان، وەزیری دەرەوە و فلۆرانس پارلی، وەزیری بەرگریی فەرەنسا گەیشتنە هەولێر.[2]
- کۆگایەکی چەک و تەقەمەنی لە نزیک فڕۆکەخانەی هەولێر گڕی گرت و بەهۆیەوە زنجیرەیەک تەقینەوەی گەورە ڕوویاندا بە جۆرێک کە دەنگی تەقینەوەکان لە زۆربەی گەڕەکەکانی هەولێر بیستران.[2]
- درەنگانی شەوی رابردوو لەشاری کەرکوک کارمەندێکی ئاسایش گیانی لەدەستدا، کاتێک ئۆتۆمبیلێک خۆیکرد بەناو مەفرەزەیەکی ئاسایشدا.[3]
- درەنگانی شەوی ڕابردوو، منداڵێکی ئێزدی تەمەن 6 ساڵ لە شاری عەزازی سوریا کەبەرەی نوسرە تێیدا باڵادەستە ڕزگارکرا و گەیشتەوە دهۆک.[4]
- بە ئامادەبوونی هەزاران هاووڵاتیی کوردی سەربەخۆخواز، کە لە وڵاتانی یەکێتیی ئەوروپا دەژین، فێستیڤاڵی پشتگیریی لە ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان، بەڕێوە چوو.[6]
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کەشناسی و بوومەلەرزەزانی هەرێمی کوردستان لە راگەیەنداوێکدا دەڵێت، لە کاتژمێر 3:36ی پاش نیوەڕۆی ئەمڕۆ بەکاتی هەولێر بومەلەرزەیەک لە دووری 6 کیلۆمەتر لە کۆیە و قەڵادزەوە رویداوە.[5]
رۆژئاوای کوردستان
- بینالی یەڵدرم سەرۆک وەزیرانی تورکیا رایگەیاند هەر هاوکاریی و پاڵپشتییەکی زیاتری ئەمریکا بۆ یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) کێشە بۆ تورکیا دروست دەکات.[5]
- کاروانێکی سەربازیی سوپای تورک کە بەرەو سنور هەرێمی عەفرین بەڕێکەوتبوو، گەیشتە سەر سنوورەکانی عەفرین.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏟 پارت / لایەن: | ☭ کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان - رۆژهەڵات |
| 🏟 پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ دهۆک |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ♖ هەولێر |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ ئەفرین |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ کۆیە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ قەڵادزێ |

| | |
|---|---|
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ پیرانشار - خانە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ سەردەشت |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ چۆمان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | 🔥 کەرکوک |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان
[1] 📡ماڵپەڕ | 🈯 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 26-08-2017
[2] ●دیارینەکراو | 🈯 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[3] 📡ماڵپەڕ | 🈯 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 26-08-2017
[4] 📡ماڵپەڕ | 🈯 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رووداو - 26-08-2017
[5] 📡ماڵپەڕ | 🈯 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 26-08-2017
[6] 📡ماڵپەڕ | 🈯 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی باسنیوز - 26-201708-
[7] 📡ماڵپەڕ | 🈯 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردپا - 26-08-2017

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 26-08-2017 12:00:00 AM |
| ناوی تۆمارکار: | بەڕێوەبەری سیستم |

---

بابەت: 237

**2017-08-27**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170827000000142342



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ئامنستی ئینتەرناشناڵ سەرەڕای دەربڕینی نیگەرانی سەبارەت بە دۆخی تەندروستیی زەینەب جەلالیان، داوا دەکات بە زووترین کات ئادبکرێت.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- هێزە ئەمنییەکانی حکوومەتی ئێران لە سنووری سەردەشت لە ناوچەی سنووریی (کێلێ) حەوت کۆڵبەریان دەستبەسەر کرد.[5]
باشووری کوردستان
- ڕێکخراوی مەشق بۆ گەشەپێدانی دیموکراسی و میدیا، دیداری میدیا و ریفراندۆم بە بەشداری نزیکەی 100 سیاسی و پەرلەمانتار و ئەکادیمیست و میدیاکار لەسەر ئاستی باشووری کوردستان لە شاری سلێمانی ڕێکدەخات.[2]
- هەر دوو وڵاتی ئۆکراینا و سریلانکا نوێنەرایەتیی خۆیان لە هەرێمی کوردستان دەکەنەوە، بەوەش ژمارەی نێردەی وڵاتانی بیانی لە هەرێمی

کوردستان دەگاتە 38 نوێنەرایەتی.[2]
- فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەدواڕۆژی ڕاگەیاند پەیوەندییەکانی تورکیا و یەکێتی لەئاستێکی زۆر خراپدایە، کێشەکەی ئەم دواییە پەیوەندی بەوەوە هە بوو تورکیا دوو کەسی ناردوە بۆ سلێمانی هەڵگری پاسپۆرتی دیبلۆماسی بوون، بەڵام خۆیان کەسانی دیبلۆماسی نەبوون بۆ کارێکی تایبەتی خۆیان هاتبونە سلێمانی. وتیشی ئەوان بە هیچ شێوەیەک ئێمەیان لەوە ئاگادار نەکردۆتەوە کە ئەمنیەتیان بپارێزین دواتر دیار نەماون.[3]
- لەڕێگەی سەنتەری ڕایەڵ لە قەزای ڕانیە، نینا موراد، شاجوانی دووەمی جیهان بۆ ساڵی 2016 لە وڵاتی ئوستراڵیاوە بڕێکی زۆری هاوکاری و کەلوپەلی تەندروستی و پەروەردە و مرۆیی گەیاندە شارۆچکەی ڕانیە.[3]
- گوتەبێژی یەکێتی وەبەرهێنەرانی کوردستان، ڕای دەگەیەنێت، جووڵانەوەی (نەخێر لە ئێستادا) شکستیهێناوە و هیچ کاریگەریەکی بۆ سەر ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان نابێت. جەختیشیکردەوە، کە ئامانج لە و کارەی بەرەی (نەخێر) تەنها بازرگانییە و جۆرێکیشە لە وەبەرهێنان.[4]
رۆژئاوای کوردستان
- سوپای تورک ئەمڕۆ کاتژمێر 11:30، بە چەکی قورس و کەرەستەی سەربازییەوە سنووری گوندی بۆبانی بەزاند، کە دەکەوێتە دووری 15 کیلۆمەتری ڕۆژئاوای کۆبانێ-وە. شەڕڤانانی یەپەگە و یەپەژە، وەڵامیان دانەوەو ئاڵۆزی هاتە ئاراوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ کۆبانی |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ رانیە (پشدەر) |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ سلێمانی |
| Quick Respons Code: | |


سەرچاوەکان


[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 2017-08-27
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رووداو - 2017-08-27
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-08-27
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژانە هەواڵ - 2017-08-27
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی باسنیوز - 2017-08-28

کاتی تۆمارکردن: AM 12:00:00 2017-08-27
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 238
**2017-08-28**
https://www.kurdipedia.org/?q=20170828000000142343



باکووری کوردستان
- دیار غەریب، ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتی گشتی کۆما جڤاکێن کوردستان-کەجەکە، لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ ڕۆژنیوز دەستگیرکردنی چەند ئەندامێکی میت-ی تورکیا پشتڕاست دەکاتەوە و ڕایدەگەیەنێت: دەبێت تورکیا مەمنون بێت کە دەستگیرکراوەکانی میت-مان لە میدیاکانەوە بڵاونەکردووەتەوە، ئێستاش دەتوانین بڵاوی بکەینەوە.[1]
- ئەمڕۆ پۆلیسی تورکیا لە شاری مێردینی باکوری کوردستان، هەڵیکوتایە سەر ماڵی چەند هاوڵاتییەک و 10 کەسیان دەستگیرکرد.[1]
- بەهۆی بۆردومانەکانی سوپای تورک بۆ سەر ناوچەی زاپ ئاگر لە ناوچەکە کەوتووەتەوەو ماوەی دوو ڕۆژە سروشتی ناوچەکە لە ئاگردا دەسوتێت.[1]
- ژمارەیەک لە گەنجانی ئاپۆچیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پاش چوونە سەر لوتکەی دەماوەند، بەرزترین لوتکەی ئێران، پۆستەری عەبدوڵڵا ئۆجالان، ڕێبەری پەکەکەیان بەرزکردەوە.[1]
باشووری کوردستان
- زانکۆی هەڵەبجە یەکەمین دیداری مەولەوی ساز دەکات.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کەشناسی و بوومەلەرزەزانی هەرێمی کوردستان رایگەیاند شەوی رابردوو و بەیانی ئەمڕۆ لە سێ ناوچەی هەرێم بوومەلەرزە روویان داوە.[2]
- حسێن قائیدی بەرپرسی نووسینگەی رفێنراوانی کوردانی ئێزدی لە پارێزگای دهۆک لە ڕاگەیەنراوێکدا ئاشکرای کردووە سێ کچە ئێزدی دیکە لە دەستی داعش رزگار کران کە دووانیان خەڵگی گوندی کۆجۆ و یەکێکی دیکەیان خەڵکی گوندی گرعزێر بوون و سەرجەمیان لە شاری تەلەعفەر بوون.[4]
- داعش لە سنووری شارۆچکەی عەیازیە هێرشی کردە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە، پێشمەرگەش وەڵامی هێرشەکەی دایەوە و تێکیشکاند. لەو هێرشەدا 12 چەکداری داعش لەلایەن پێشمەرگەوە بەدیلگیراون و 4 چەکداریش کوژراون، یەکێکی دیکەشیان خۆی تەقاندووەتەوە.[5]
- ئارام نەجمەدین، بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەی هەولێری کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی بە دواڕۆژی راگەیاند، بۆ بەڕێوەچوونی پرۆسەی گشتپرسی لە سنوری پارێزگای هەولێر 15 هەزار کەس بە شێوەی گرێبەست دادەمەزرێنن، بۆ ئەم مەبەستەش لە دوای جەژنی قوربان ڕاستەوخۆ لە رێگەی فۆرمێکەوە پرۆسەی دامەزراندن دەستپێدەکات.[3]
- شارەوانی قەندیل دەستی کردووە بە جێبەجێکردنی چەندین پرۆژەی خزمەتگوزاری کە خۆیان لە چاککردنی شەقامەکان و ڕێگاوباندا دەبینێتەوە، هاوڵاتیانیش خۆشحاڵن بەو پرۆژانە کە دەبێتە هۆی هەنگاوی گرنگ لە بوژاندنەوەی ئابووری و کشتوکاڵ و ئاژەڵداری ناوچەکە.[1]
- فەرماندەیەکی هێزەکانی پێشمەرگە رایدەگەیەنێت، دوای نیوەڕۆی ئەمڕۆ

دووشەممە لەناو ئاوارەکانی ناحیەی عیازیەی سەر شارۆچکەی تەلەعفەر
200 چەکداری داعش دەستگیرکراون.[3]
- کاتژمێر 10:40 خولەکی پێش نیوەڕۆی ئەمڕۆ، لە شارۆچکەی خورماتووی سەر بە پارێزگای سەلاحەدین، چەند چەکدارێکی نەناسراو، لە خورماتوو دوو هاوڵاتیان کوشت و یەکێکیشیان بریندار کرد، سەرجەم قوربانییەکان عەرەب بوون.[1]
- سەرۆکی لیژنەی وزەی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی رایدەگەیەنێت شەوی رابردوو بە نایاسایی 16 تەنکەر بەنزینی خراپ لە ئێرانەوە هێنراوەتە سلێمانی.[3]
- چەند کەسێک دەستڕێژی گوللە لە بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی چەمچەماڵ دەکەن و قایمقامی قەزاکەش دەڵێت، دوای دوو کاتژمێر لەناحیەی ئاغجەلەر دەستگیرکراون.[3]
- هەشتەمین فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی کوردستان بۆ فیلم بە چەندین چالاکیی جۆراوجۆر بەڕێوەچوو.[7]
- زانکۆی جیهان بەئامانجی هەنگاونان بەرەو گشتپرسی و سەربەخۆیی باشووری کوردستان، ئەمڕۆ کۆنگرەی نەخشەڕێگەی دەوڵەتی کوردستان لە روانگەی زانستەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری لە هەولێر ئەنجامدا.[7]
رۆژئاوای کوردستان
- ماڵپەڕی جمهوریيەتی تورکی رایگەیاند، تۆڕی کۆمەڵایەتی یوتیوبی ئەمریکایی کەناڵی رەسمی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە)ی، لە سەر ئەو تۆرە کۆمەڵایەتییە داخست.[3]
- شەڕڤانان ڕایانگەیاند، لە ئۆپراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی ڕەقەدا، تا ئێستا 70%ی ئەو شارە لەلایەن شەڕڤانانەوە کۆنترۆڵکراوە، کە ئەو ڕووبەرە 15 گەڕەکی ئەو شارە لە خۆ دەگرێت. ڕاشیانگەیاندووە، شەڕیش لە گەڕەکانی تری ڕەقە لە دژی چەکدارەکانی داعش بەردەوامە.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK |
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ ماردین |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ چەمچەماڵ |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ خورماتوو |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ رانیە (پشدەر) |

| | |
|---|---|
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ♖ هەولێر |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ هەڵەبجە |
| Quick Respons Code: | |

📚سەرچاوەکان

[1] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-08-28

[2] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی وێستگا - 2017-08-28

[3] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-08-28

[4] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردیو - 2017-08-28

[5] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژانە هەواڵ - 2017-08-28

[6] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئێن ئاڕ تی - 2017-08-28

[7] ●دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2017-08-28 12:00:00 AM |
| ناوی تۆمارکار: | بەڕێوەبەری سیستەم |

---

بابەت: 239

## 2017-08-29

https://www.kurdipedia.org/?q=20170829000000142344



باکووری کوردستان

- ئاگرێک لە هۆڵی پێشوازیی فڕۆکەخانەی فەریت مەلەن لە شاری وان لە باکووری کوردستان دروست بوو. بەپێی زانیارییەکان، تیمی ئاگرکوژێنەوەی شارەوانیی گەورەی وان ئاگرەکەی کۆنترۆڵ کردووە و زیانی ماددی بە فڕۆکەخانەکە گەیشتووە. میدیاکانی تورکیا باسیان لەوە کردووە، کە کارمەندێکی تەکنیکیی فڕۆکەخانەکە بەهۆی ئاگرەکەوە بریندار بووە و گەشتی فڕۆکەکانیش تا کاتژمێر 1ی دوای نیوەڕۆ، وەستێندراون.[5]

- لەسەر ڕێگای نێوان ئامەد و ئێلیح لە کاتی تێپەڕبوونی ئۆتۆمبێلێکی سەربازی تەقینەوەیەکی گەورە ڕوویدا و کوژراو و برینداری لێکەوتەوە.[8]

- هەپەگە ڕایدەگەیەنێت، لە ئەنجامی ژمارەیەک چالاکیی گەریلاکان و شەڕڤانانی تەشەیەژە، 19 سەربازی دەوڵەتی تورک کوژراون.[8]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- 7 کۆڵبەری کوردی خەڵکی شاری سەردەشت لە لایەن پاسدارانەوە درانە بەر دەستڕێژ و لە ئاکامدا کۆڵبەرێک بریندار بوو.[3]

- ژمارەیەک لە مامۆستایانی قوتابخانەکانی شاری سەقز، لە ڕێورەسمی ناساندن و لابردنی جێگری نوێی بەڕێوەبەری ئیدارەی پەروەردە و بارهێنانی ئەو شارە نارەزایەتییان دەربڕی.[11]

- هێزەکانی سوپای پاسداران بە بیانووی بوونی هێزی حیزبە کوردییەکان

دەستیان بەتۆپباران کردنی شاخی کۆساڵان کرد و بەهۆیەوە بۆ ماوەی دوو رۆژ سووتا.[11]
باشووری کوردستان
- بەرەبەیانی ئەمڕۆ چەکدارانی داعش لە سێ قۆڵی لای گوندی زەرگەوە لە خورماتوو، هێرشیان کردە سەر فەوجی سێ و چواری لیوای 11ی پیادەی هێزی پێشمەرگە، بەڵام توانییان هێرشەکەیان تێک بشکێنین و تەرمی چەند داعشێک بە کوژراوی کەوتووەتە دەست هێزەکانی پێشمەرگە. لە هێرشەکەدا پێشمەرگەیەک شەهید بووە بەناوی سلێمان فەقو عەلی کە لە عەشیرەتی هەرکییە و دانیشتووی گەڕەکی خەباتی شاری هەولێرە.[1]
- تەرمی فەرماندەی ناسراو نازم کەرکوکی کە بەنەخۆشیەکی کوشندە لەسوید کۆچی دوایی کرد، لە رێگەی فرۆکەخانەی سلێمانییەوە گەیشتەوە کوردستان و لە قادرکەرەم نێژرا.[2]
- ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بڕیایدا ئەو شارە بەشداریی ریفراندۆم بکات و هەردوو دەستەی عەرەب و تورکمان بایکۆتی دانیشتنەکەیان کرد.[3]
- دەستەی گشتی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بەناوی حکومەتی هەرێمەوە پشتگیری لە بڕیاری ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک دەکات بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم لەو شار، سەرۆکی دەستەکەش دەڵێت چەند شارۆچکەیەک ماوە کە داوای ریفراندۆم بکەن.[1]
- وەزارەتی دەرەوەی تورکیا ڕایدەگەیەنێت، بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە کەرکوک بەهیچ شێوەیەک جێگەی قبوڵ نییە، دەڵێت ئە و شارە لە سنوری ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانە، بۆیە حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ دەسەڵاتێکی بەسەرەوە نییە.[1]
- وتەبێژی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی ڕایدەگەیەنێت: لەچەند رۆژی رابردوودا پەیوەندیی نێوان تورکیا و یەکێتیی گرژی بەخۆوە بینی، هۆی ئەم گرژییە دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵدانی دام و دەزگاکانی هەواڵگریی تورکیا بۆ ئۆپەراسیۆنێک لە سنووری سلێمانی بەبێ ئاگاداری دام و دەزگاکانی هەرێمی کوردستان لەدژی پەکەکە.[4]
- ڕۆژنامەی ئاوێنە لە ژمارەی ئەمڕۆی ڕۆژنامەکەدا بڵاویکردەوە کە پاش تێپەڕینی دوو مانگ بەسەر کۆچی دوایی نەوشیروان مستەفادا،
وەرەسەکانی موڵک و داراییەکانی باوکیان بەپێی قەسام شەرعی بەسەر خۆیاندا دابەش دەکەن.[6]
- بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی دەزگای کاروباری مین لە دهۆک، ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە و ڕایگەیاند: سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ کارمەندێکیان لە کێڵگەی مینی (گری قەسرێ) بەناوی عەبدولعەزیز محەمەد، لە کاتی هەڵگرتنەوەی بۆمبدا لە بەنداوی دهۆک بریندار بووە.[7]
- لە میحوەری رۆژئاوای دیجلە و لەنێو ئاوارەکانی عەیازیە - تەلەعفەر، ژنێک خۆی بە پێشمەرگەدا تەقاندەوە و پێنج پێشمەرگە برینداربوون.[9]
- بەرەی تورکمانی لە کەرکووک رایدەگەیێنێ، ئەنجامدانی گشتپرسی لەو پارێزگایە پێشێلکارییەکی زەقی دەستوورە و داوا لە حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق دەکات هەڵوێست بەرامبەر ئەو بڕیارە هەڵەیە وەربگرێت. داواش لە ئەنجوومەنی وەزیران و ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەکات بڕیارێک بۆ رەتکردنەوەی گشتپرسی لە کەرکووک دەربکەن.[9]
- بەهۆی ناڕەزایەتی دەربڕین لەبەرامبەر دانەمەزراندنیان، دانیشتوانی دوو گوندی سنوری شارۆچکەی کفری کەمپێکی نەوتیان بەناوی گاز پرۆم لەسنورەکە داخست و بەرپرسێکی باڵای حکومیش لەو سنورە زانیاریی

زیاتر لەڕێگەی SNNوە ئاشکرادەکات و دەڵێت:هەڵیانکوتاوەتەسەر کەمپێکی نەوت و بەشێک لەکەلوپەل و پێداویستیەکانیان شکاندوە.[10]
- لە کۆیە شەڕەتەقە لەنێوان پۆلیسێک و هێزێکی پۆلیس دروست دەبێت.[3]
- دوو تیرۆریستی داعش، لە پاڵ ئاوارەکاندا دزەیان کردە نزیک سنوورەکانی پێشمەرگە و خۆیان تەقاندەوە و بریندار هەیە.[3]
- دوای ئەوەی بڵاوکرایەوە کە پشکەکانی کۆمپانیای وشە و گردی زەرگەتە لەلایەن نەوشیروان مستەفاوە کراوە بەناوی دووکورەکەیەوە، لە ڕوونکردنەوەیەکدا چیا و نما نەوشیروان مستەفا رایدەگەیێنن، پێویست بوو خاوەندارێتییەکەی بگوازرێتەوە بۆ وارسە شەرعی و یاساییەکانی.[9]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: ○ وان
شار و شارۆچکەکان: ○ دهۆک
شار و شارۆچکەکان: ◉ ئامەد
شار و شارۆچکەکان: ○ کفری
شار و شارۆچکەکان: ○ کۆیە
شار و شارۆچکەکان: ○ سەردەشت
شار و شارۆچکەکان: ○ سەقز
شار و شارۆچکەکان: ○ خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 29-08-2017
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 29-08-2017
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردیو - 29-08-2017
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی باسنیوز - 29-08-2017
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئاوێنە - 29-08-2017

[7] 📡ماڵپەڕ | 🗋 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی گوڵان - 29-08-2017
[8] 📡ماڵپەڕ | 🗋 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 29-08-2017
[9] 📡ماڵپەڕ | 🗋 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 29-08-2017
[10] 📡ماڵپەڕ | 🗋 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی تۆڕی هەواڵی سلێمانی - 29-08-2017
[11] 📡ماڵپەڕ | 🗋 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردپا - 29-08-2017

کاتی تۆمارکردن: 2017-08-29 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 240

**2017-08-30**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170830000000142345



باکووری کوردستان
- هەپەگە ڕایگەیاند: ڕۆژی 28ی مانگ گەریلاکان لە سلۆپیی سەربە شرناخ چالاکییەکیان دژی سوپای تورک ئەنجامدا، ئەو چالاکییە لە هەنگاوی شۆڕشگێرانەی شەهید سەردەم و شەهید نودەمدا و کاتژمێر 05:00ی پاشنیوەڕۆ ئەنجامدرا، لەو چالاکییەدا سەربازێک و بەکرێگیراوێکی سوپای تورک کوژران، پاشان سوپای تورک ئۆپەراسیۆنێکی لە ناوچەکەدا دەستپێکردو بێ ئەوەی بە هیچ ئەنجامێک بگات پاشەکشەیکرد.[6]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- پاش ئەوەی کە هێزە نیزامی و ئینتزامییەکانی حکوومەتی کۆسپیان لە کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی لە بەرانبەر شارەداری شاری سنە دروست کرد، هاووڵاتییان و چالاکانی ئەو شارە کۆبوونەوەیەکی ناڕەزایەتییان لە سەر گۆڕی موسلێح حوسێنی لە گۆڕستانی بەهەشت محەمەدی بەڕێوە برد.[9]
باشووری کوردستان
- مەسعود بارزانی، لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی شەرقولئەوستدا، ئاشکرای کردووە، مالیکی هاوشێوەی سەدام حسێن تاوانی بەرامبەر خەڵکی کوردستان ئەنجامدا و تاوانەکەشی لە سەرووی تاوانی ئەنفالکردنی 180 هەزار هاووڵاتیی کورد بوو.[1]
- مەسعود بارزانی رایدەگەیەنێت دوای ئەنجامدانی ریفراندۆم، سەرکردایەتی سیاسی کوردستان لەسەر پرسەکانی خاک، ئاسمان و نەوت گفتوگۆ لەگەڵ عێراق دەکات و دەوڵەتەکەش لە ژێر ناوی (کۆماری فیدراڵیی پەرلەمانیی کوردستان) دەبێت.[1]
- هێزە ئەمنییەکانی کەرکوک هەڵمەتێکی گەڕان و پکشنینیان بەشێکی زۆر لەگەڕەکەکانی شارەکە ئەنجامدا، فەرماندەی پۆلیس دەڵێت لەهەڵمەتەکەدا 88 کەس دەستگیرکراون.[1]
- بە بڕیاری 10 ئەندامی ئەنجوومەنی شارەدێی قەرەتەپە، بڕیاردرا گشتپرسیی باشووری کوردستان بۆ سەربەخۆیی لەو شارۆچکەیەشدا بکرێت.[2]
- گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران رایدەگەیێنێ، ئەنجامدانی پرۆسەی گشتپرسی لە پارێزگای کەرکووک هەنگاوێکی مەترسیدارە و گرژی و ئاڵۆزی زیاتر دەکات.[2]
- لە پارێزگای سلێمانی ئەنجوومەنی پەنابەرانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان رادەگەیێنرێت و نووسینگەیەکیش بۆ ئەنجوومەنەکە دەکرێتەوە.

بەرپرسی ئەنجوومەنەکە دەڵێ، لەڕێگەی ئەو ئەنجوومەنەوە دەیانەوێت زیاتر دەنگیان بە ڕێکخراوەکان و حکومەتی هەرێمی کوردستان و لایەنە سیاسییەکان بگات.[2]
- ژمارەیەک ڕۆژنامەنووس و نوێنەری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە بەردەم کەناڵی ئێن ئاڕ تی لە سلێمانی لەدژی راگرتنی پەخشی ناوخۆیی ئێن ئاڕ تی گردبوونەوە.[3]
- پارێزگار و ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی پەیامێک ئاراستەی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی دەکەن و ڕایدەگەیەنن، بەردەوامدەبین لەڕێگریکردن لە بەنزینی خراپ، ئەندامێکی ئەنجومەنەکەش ڕایدەگەیەنێت، ئە و هەوڵانەی دەدرێن بۆ هێنانی بەنزینی خراپ، نایاساییین و ڕێگەیان پێنادەین.[4]
- بەهۆی شەڕی نێوان دوو بنەماڵەوە لەکۆمەڵگای مهەتی لە سنوری شارۆچکەی شێخانی سەربە پارێزگای دهۆک کەسێک کوژراوە و 5 کەسیش برینداربون، پاشان یەک لە بریندارەکان گیانی لەدەستدا و ژمارەی کوژراوان بۆ 2 کەس بەرزبووەوە.[5]
- بومەلەرزەیەک لە پێنجوێنی داو دواتریش بومەلەرزەیەکی تر رانیەی هەژاند.[7]
- نووسینگەی داواکاری گشتیی ئەمریکا لە ناوچەی کۆلۆمبیا سەر بە ویلایەتی واشنتۆن، لە راگەیەندراوێکدا تۆمەتبارکردنی 19 کەسی بە ئەنجامدانی کاری توندوتیژی دژی خۆپیشاندەرانی کورد راگەیاند، کە لە نێویاندا 15 پاسەوانی رەجەب تەیب ئەردۆغانی سەرۆکی تورکیا هەن.[8]
- حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێککەوتنێک لەگەڵ کۆمەڵەی گرووپی پێرڵ واژۆ دەکات کە پێکدێن لە داناگاز، کۆمپانیای سنوورداری نێودەوڵەتی نەوتی کرێسێنت و کۆمپانیای سنوورداری نەوتی پێرڵ.[2]
- سەربەست لەزگین، بریکاری وەزارەتی پێشمەرگە لە روداوێکی هاتوچۆدا بریندابوو.[7]
ڕۆژئاوای کوردستان
- شەوی ڕابردوو چەتەکانی سەربە سوپای تورک و سەربازەکانی سوپا لە نێوان شارۆچکەی ماری و گوندی هەربیلی سەربە شەهبا جێگربوون و دەستیانکرد بە هێرشکردن بۆسەر کانتۆنی شەهبا، لەو هێرشانەدا ئەو ناوچانەیان تۆپبارانکرد کە هاوڵاتیانی مەدەنی تێیاندا دەمێننەوە، لە ئەنجامدا زیانی قورس بەر ماڵ و موڵکی هاوڵاتیان کەوت. هێزە شۆرشگێرەکان و شەڕڤانانی یەپەژە و یەپەگە وەڵامی ئەو هێرشانەیان دایەوە، لە ئەنجامدا ئۆتۆمبێلێکی سەربازیی چەتەکانی سەربە سوپای تورک تێکشکێندرا و چوار چەتەش کوژران.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏰 پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK |
| 🏰 پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ شەهبا |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ پێنجوێن |

شار و شارۆچکەکان: ○ رانیە (پشدەر)
شار و شارۆچکەکان: ○ سنە
شار و شارۆچکەکان: ○ شڕناخ
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: ○ سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: ○ دهۆک
Quick Respons :Code

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-08-30
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رووداو - 2017-08-30
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی وێستگا - 2017-08-30
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی تۆڕی هەواڵی سلێمانی - 2017-08-30
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی نەتەوە - 2017-08-30
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 2017-08-30
[7] ●دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[8] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردسات نیوز - 2017-08-30
[9] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردپا - 2017-08-31

کاتی تۆمارکردن: 2017-08-30 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستەم

---

بابەت: 241
**2017-08-31**
https://www.kurdipedia.org/?q=20170831000000142346




باکووری کوردستان
- پارتی دیموکراتی گەلان- هەدەپە، لە چوارچێوەی تێکۆشان بۆ ئاشتی و دیموکراسیدا دووەمین قۆناغی خۆپیشاندانەکانی دەستپێدەکات و پریاریدا، لە شەش شاری گەورەی تورکیا و باکوری کوردستان گردبوونەوە و خۆپیشاندان ئەنجام بدات.[4]
- بە پاساوی دەستپێکردنی ئۆپراسیۆنی سەربازی، قەدەغەکردنی هاتووچۆ لە 17 ناوچەی سەر بە پارێزگای شرنەخی باکوری کوردستان راگەیەنرا.[5]
- بەهۆی تۆپبارانەکانی سوپای تورک بۆسەر گوندی شاپاتانی سەربە شەمزینانی جولەمێرگ، ئاگر لە دارستانەکانی ئەو ناوچەیە کەوتووەتەوە و ماوەی دوو ڕۆژە ئاگر لەو دارستانانە کەوتووەتەوە و بەردەوام ئاگرەکە بەرفراوانتر دەبێتەوە.[4]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- دوو هاوڵاتی کورد کە باوکێک و کورە تەمەن 10 ساڵانەکەی بوون، لە سەر ڕێگای جوانڕۆ بۆ ڕوانسەری سەربە پارێزگای کرماشان درانە بەر دەسترێژی گوللەی هێزە سەربازییەکانی ئێران و بە قورسی بریندارببوون.[4]
باشووری کوردستان
- سێ خۆکوژی داعش بە پشتێنەی بۆمبڕێژکراوەوە، هەوڵیان داوە دزە بکەنە نزیک سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە گوندی بەشاری سەر بە شارەدێی عەیازییە لە شارۆچکەی تەلەعفەر. هێزەکانی پێشمەرگە بە پیلانەکەی داعشیان زانیوە و بەر لەوەی چەکدارە خۆکوژە تیرۆریستەکان بگەنە سەنگەرەکانیان، لێیان هاتوونە تەدەست و هەر سێ خۆکوژیان تەقاندووەتەوە.[1]
- یەکێتیی کەمئەندامانی کوردستان خۆپیشاندانێکی بەرفراوانی لەشاری سلێمانی دەستپێکردو، سکرتێری یەکێتیەکەش ڕایدەگەیەنێت، کەمئەندامان جەژن ناکەن، چونکە پارەی پێویستیەکانی جەژنیان پێ نییە، دەشڵێت:36 مانگە کەمئەندامان برسی دەکرێن و هەشت مانگیشە موچە بەکەمئەندامان نەدراوە.[3]
- سەرۆک وەزیرانی عیراق پرۆسەی کۆنترۆڵکردنەوەی موسڵ و تەواوی شارۆچکەی تەلەعفەر ڕاگەیاند و بەرپرسێکی یەکێتیش لەسنوری موسڵ ڕایدەگەیەنێت، هێشتا پێکدادانی کەم لە شارەدێی عەیازییەی سەر شارۆچکەی تەلەعفەر هەر ماوە.[3]
- فازڵ بەشارەتی، ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بە وێستگە نیوزی راگەیاند 31ی ئاب کۆتایی بە خیانەت و شەڕی ناوخۆ و براکوژی و دەستێوەردانی ئیقلیمی هێنا.[6]
- سەرۆکی لێژنەی فەتوا لە شاری سلێمانی، ئاماژە بەوە دەدات کە قوربانیکردن یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی ئایینی ئیسلام، بەڵام باشتر وایە لەبری قوربانیکردن هاوکاریی مادی کەسانی هەژار بکرێت.[1]
- بوومەلەرزەیەک سنووری ناوچەی راپەڕینی هەژاند و لە سەرجەم ناوچەکانی دەڤەری راپەڕین هەستی پێکراوە، بەڵام تائێستا زیانی گیانی و ماڵی نەبووە.[7]
- بەهۆی خراپی کوالێتیانەوە، دەست بەسەر 23 تەنکەری سوتەمەنی ئێرانی گیرا کە هاتبوونە مەرزی نێودەوڵەتیی باشماخ.[1]
رۆژئاوای کوردستان
- نوێنەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری سوریا پێشنیاریکرد،

ئەگەر سیستمی دەسەڵات لە سوریا ببێتە ناوەندی، ئەوە بۆ هەر بڕیارێکی ئەو حکومەتە دەبێت مافی ڤیتۆ بۆ کوردەکان هەبێت.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP
پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: ○ رانیە (پشدەر)
شار و شارۆچکەکان: ○ پێنجوێن
شار و شارۆچکەکان: ○ سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: ○ شڕناخ
شار و شارۆچکەکان: ○ شەمزینان
شار و شارۆچکەکان: ○ جوڵەمێرگ
شار و شارۆچکەکان: ○ کرماشان
شار و شارۆچکەکان: ○ موسڵ و دەشتی نەینەوا
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی باسنیوز - 2017-08-31
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-08-31
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی تۆڕی هەواڵی سلێمانی - 2017-08-31
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 2017-08-31
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردسات نیوز - 2017-08-31
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی وێستگا - 2017-08-31
[7] ●دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2017-08-31 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستەم

---

بابەت: 242

**2017-09-01**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170901000000142347




باکووری کوردستان
- هەپەگە ڕایگەیاند:لە هەنگاوی شۆرشگێرانەی شەهید بەدران گوندیکرامۆ و شەهید نالین موشدا گەریلاکانمان ڕۆژی 31ی ئاب لە باژێرگان و شەمزینانی سەر بە جولەمێرگ چالاکیان ئەنجام دا، سەرلەبەیانیی دوێنێ کاتژمێر 06:30 خولەکی سەرلەبەیانی دژی بارەگایەکی سوپای تورک لە دەوروبەری شەمزینان چالاکییەک ئەنجام درا، ژمارەی کوژراو و بریندارەکانی سوپای تورک لە ئەنجامی ئەو چالاکییەدا نەزانرا، ئێوارەی دوێنێش لە سەر گردی ئاستەنگی ڕەش لە نزیک شارۆچکەی باژێرگانی جولەمێرگ چالاکییەکی دیکە ئەنجام درا، لەو چالاکییەشدا سەربازێکی تورک کوژرا.[3]
- لە ئەنجامی ڕووداوێکی هاتوچۆدا لە شارۆچکەی سیلڤان سەر بە پارێزگای ئامەدی باکووری کوردستان، 15 کەس بریندار بوون.[4]
باشووری کوردستان
- بەیانی ئەمڕۆ دوای نوێژی جەژنی قوربان لە مزگەوتی کوردستان لە سەر ڕێگای چەمچەماڵ - قادرکەرەم، نزیک شارەدێی تەکیەی جەباری، هێرش کراوەتە سەر مامۆستا مەلا محەمەد حەمید وتارخوێن و پێشنوێژی مزگەوتەکە و بریندار دەکرێت.[1]
- شەش چەکداری خۆکوژی داعش پەلاماری سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانیان دا لە میحوەری عیازیە، فەرماندەیەکی پێشمەرگەیش رایدەگەیەنێت شکستمان بەو هێرشە خۆکوژییە هێنا و تەرمەکانیان لە بەر دەستی ئێمەدان.[1]
- هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان لە گوندی خەرائیج لە میحوەری عیازیە 10 پیاو و 20 ژنی داعش لەگەڵ منداڵەکانیان دەستگیردەکەن.[1]
- کۆسرەت رەسوڵ لە سەردانێکیدا بۆ لای هێزەکانی پێشمەرگە لە بەرەی خورماتوو رایگەیاند: ئەو شوێنەی پێشمەرگە رزگاری کردبێت دەگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان.[2]
- دەولەت باخچەلی، سەرۆکی مەهەپە، لەبارەی کەرکوکەوە ڕایگەیاند کە کەرکوک شارێکی تورکییە و هەر واش دەمێنێتەوە، بڕیاری ئەنجومەنی شارەکەش ناڕەوایە.[3]
- لە یەکەم رۆژی جەژنی قورباندا، جموجۆڵی بازرگانی لە مەرزی نێودەوڵەتی باشماخ وەستاوە و تەنیا ڕێگە بەهاتوچۆی گەشتیاران، لەنێوان هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامی ئێران دەدرێت.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- جیهان شێخ ئەحمەد، وتەبێژی فەرمیی ژووری ئۆپەراسیۆنەکانی تورەیی فورات بەبۆنەی جەژنی قوربانەوە مزگێنی ڕزگارردنی دوو گەڕەکی دیکەی دایە هاوڵاتیان.[3]
- ئەمڕۆ لە جرنییە کاتێک چەتەیەک دەیویست بۆمبێک لە ناو خەڵکدا بتەقێنێتەوە، لەلایەن هێزەکانی دژەتیرۆرەوە دەستگیرکرا و ڕێگای پێنەدار کۆمەڵکوژی پێکبێنێت.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏰 پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| 🏰 پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK |

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ جولەمێرگ

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ شەمزینان

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◉ ئامەد
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ موسڵ و دەشتی نەینەوا
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ پێنجوێن
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ چەمچەماڵ
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ خورماتوو
🏙 شار و شارۆچکەکان: 💧 کەرکوک
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2017-09-01
[2] ●دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2017-09-01
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری باسنیوز - 2017-09-01

کاتی تۆمارکردن: 2017-09-01 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 243
**2017-09-02**
https://www.kurdipedia.org/?q=20170902000000142404



باکووری کوردستان
- وەزیری ناوخۆی تورکیا رایگەیاند، ئەو چەکانەی دەدرێت بە پەیەدە، دەگەنە دەستی پەکەکە.[2]
باشووری کوردستان
- کوردە شیعە مەزهەبەکانی خانەقین و دەوروبەری، ئەمڕۆیان کردە یەکەم رۆژی جەژنی قوربان.[2]
- دوو ژنە کوردی نێو داعش خۆیان رادەستی پێشمەرگە کرد، کە یەکێکیان خەڵکی شاری کەلارە لە باشووری کوردستان و ئەوی دیکەیان خەڵکی شاری سنەی رۆژهەڵاتی کوردستانە.[4]
- کۆمسیۆن ماوەی دوو هەفتەی بۆ تۆمارکردنی ناوی قەوارە سیاسییەکان بۆ خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان و کاندیدانیان بۆ سەرۆکایەتی هەرێم دەستنیشان کرد.[5]
- ئەمشەو هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان پیلانێکی مەترسیداری داعشیان لە میحوەری عیازیە پوچەڵکردەوە، فەرماندەیەکی پێشمەرگەش دەڵێت پێنج خۆکوژ کە هەموویان ئەمیری داعشبوون هێرشیانکردە سەر سەنگەرەکانمان لە گوندی سەهل مالح، بەڵام پێش ئەوەی بگەنە شوێنی مەبەست، کوژران.[5]
- بەهۆی وەرگەڕانی ئۆتۆمبێلێکەوە لەسەر ڕێگای چەمچەماڵ - کەرکوک

سێ کەس گیانیان لەدەستدا و 11ی دیکەش بینداربوون.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- فەرماندەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق، ڕایگەیاند، وڵاتەکەی بەردەوامدەبێت لەیارمەتیدانی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە).[1]
- ئەمڕۆ بە شەڕێکی سەخت لە گەڕەکەکانی مرور و ئەمین-دا، 88یەمین ڕۆژی ئۆپەراسیۆنی ڕزگارکردنی ڕەقە لەلایەن شەڕڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکراتەوە بەردەوامی پێدرا.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK |
| شار و شارۆچکەکان: | خانەقین |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | کەلار (گەرمیان) |
| شار و شارۆچکەکان: | چەمچەماڵ |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| شار و شارۆچکەکان: | موسڵ و دەشتی نەینەوا |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان


[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-09-02
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-09-02
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رووداو - 2017-09-02
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-09-02


کاتی تۆمارکردن: 2017-09-02 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 244

**2017-09-03**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170903000000142349




باکووری کوردستان

- محەمەد ئۆجالان، برای عەبدوڵڵا ئۆجالان ڕێبەری پەکەکە، ڕایگەیاند، کە ماوەی ساڵێکە هیچ هەواڵێکیان لە ئۆجالانەوە نییە و نازانن لە ئیمرالی چی ڕوودەدات.[1]

- پارێزگای شاری هەکاری ئەمڕۆ، لەبەیاننامەیەکدا رایگەیاند لە ئەنجامی هێرشێکی موشەکی کە لە ناو سنوری عێراقەوە کراوەتە سەر بنکەیەکی سەربازی سوپای تورکیا لە نزیک شارۆچکەی چەلێ (چوکورجا) سەربازێک بە سەختی بریندار بووە و پاش گەیاندنی بە نەخۆشخانە لەگەڵ هەموو هەوڵە پزیشکیەکاندا نەتوانراوە گیانی رزگار بکرێت.[4]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا هێزە ئەمنییەکانی ئێران لە شاری ڕوانسەر بەتاوانی چالاکیی مەزهەبی پێنج هاووڵاتیی خەڵکی گوندی (قۆریقەڵا)ی سەر بە بەخشی شاهۆی ڕوانسەر لە پارێزگای کرماشانیان دەستبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیاریان گوستووەتەوە.[3]

باشووری کوردستان

- پۆلیسی هاتوچۆی هەولێر ڕایگەیاند، شەوی ڕابردوو لەسەر ڕێگەی نێوان هەریر - باسرمە، ئۆتۆمبێلێک وەرگەڕاوە و دوو لە سەرنشینەکانی گیانیان لە دەستداوە، بەمەوە تەنها شەوی ڕابردوو حەوت کەس بە ڕووداوی هاتوچۆ لە هەولێر و کەرکوک گیانیان لەدەستداوە.[1]

ڕۆژئاوای کوردستان

- زەڵمای خەلیلزاد، باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا لە عێراق لە هەڤپەیڤینێکی تایبەتی لەگەڵ ئاژانسی هابەر تورک، لەبارەی سەربەخۆیی ڕۆژئاڤای کوردستان رایگەیاند پێم وانییە تاوەکو 20 ساڵی دیکە، لە سووریا دەوڵەتی کوردستان دابمەزرێت. چونکە پێکهاتەی جوگرافی و جیاوازی ئایدۆلۆژییەکان ئاڵۆزە و، لەگەڵ کوردستانی عێراق جیاوازی زۆری هەیە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏟 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ کرماشان

🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر

🏙 شار و شارۆچکەکان: 💧 کەرکوک

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ هەکاری

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-09-03

[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2017-09-03

[3] 📡ماڵپەڕ | 🖒 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی باسنیوز - 2017-09-03
[4] 📡ماڵپەڕ | 🖒 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-09-03

کاتی تۆمارکردن: 2017-09-03 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستەم

---

بابەت: 245

## 2017-09-04

https://www.kurdipedia.org/?q=20170904000000142350



باکووری کوردستان
- ئەمڕۆ، پارێزگاری تورکی شاری مێردین-ی باکوری کوردستان، لە ماڵپەڕی خۆی قەدەغەی هاتووچۆی لە گەڕەکی ستلیل-ی شارۆچکەی نسێبین-ی سەر بە شاری مێردین ڕاگەیاند.[1]
- وتەبێژی حکومەتی ئەڵمانیا ڕایگەیاند، بابەتی بەئەندامبوونی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا، تا دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی ئەڵمانیا کە وا بڕیارە 24ی ئەیلول ئەنجامبدرێت، گفتوگۆی لەسەر ناکرێت. وتەبێژەکەی حکومەتی ئەڵمانیا ئەوەشی خستووەتەڕوو، لە ئێستادا تورکیا هیچ ڕێگەیەکی وەهای نییە ڕێگەی بدات ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- دوو کۆڵبەری کورد خەڵکی شاری بانە بەناوەکانی قادر بەهرامی و حەیدەر فەرەجی بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی پێکران و هەردووکیان گیانیان لەدەستدا.[2]
باشووری کوردستان
- دوای نیوەڕۆی ئەمڕۆ فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا بۆردومانی گوندی سەرگەلی کۆن لە بناری چیای مەتین لە شارۆچکەی ئامێدییان کرد. [3]
- درەنگانی شەوی ڕابردوو پێشمەرگەیەک لەلایەن براکەیەوە لە چەمچەماڵ دەستڕێژی گوللەی لێدەکرێت و نیوەڕۆی ئەمڕۆ بەوهۆیەوە گیانی لەدەستدا.[4]
- لەسەر بڵاوکردنەوەی پۆستێکی لەتۆری کۆمەڵایەتی فەیسبوک، سەروەر قەرەداغی، هاوسەرۆکی ڕێکخراوی سروشتی کوردستان، لە لایەن پۆلیسی شارۆچکەی دەربەندیخان-ەوە دەستگیرکرا. [1]
- کەماڵ کەرکوکی، فەرماندەی میحوەری ڕۆژئاوای کەرکوکی هێزی پێشمەرگە بەدواڕۆژی وت شارۆچکەی حەویجە وەک بەشێک لەخاکی کوردستان دەبێت ئازادبکرێت و ئۆپراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەشی بەشێوەیەک ئەنجامدەدرێت کە هیچ کاریگەرییەک ناکاتە سەر پرۆسەی ریفراندۆم.[4]
- ئاگرێکی گەورە لە نێو کۆمپانیانی نەوتی باکوڕ کەوتووەتەوە و لێپرسراوی بەشی ڕاگەیاندنی بەرگری شارستانی-یش دەڵێت: ئاگرەکە مەترسیی نییە بۆ سەر بۆریە نەوتییەکان.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنی شاری ڕەققە، ئەمڕۆ 90 ڕۆژە بەردەوامە، و تائێستا سەدا 65ی شارەکە کۆنترۆڵکراوەتەوە.[3]

⑱ تێبینی: ئەم تۆمارە هەندێک وێنە یان فیلمی لەگەڵ پەیوەستکراوە کە لەوانەیە ببێتە هۆی تێکدانی باری دەروونیتان. تکایە ئاگاداربە..

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏩 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ ئامێدی

🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ نوسەیبین

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ ماردین

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ بانە

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ چەمچەماڵ

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ دەربەندیخان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] 📡 ماڵپەڕ | 🖺 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-09-04

[2] 📡 ماڵپەڕ | 🖺 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردپا - 2017-09-04

[3] 📡 ماڵپەڕ | 🖺 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

[4] 📡 ماڵپەڕ | 🖺 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-09-04

کاتی تۆمارکردن: 2017-09-04 12:00:00 AM

ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 246

**2017-09-05**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170905000000142351



باکووری کوردستان

- هەپەگە ڕایگەیاند: سوپای تورک ڕۆژی 2017-09-01 لە دیزای سەربە جولەمێرگ ئۆپەراسیۆنێکی بەرفراوانی دەستپێکرد، کاتژمێر 10:30 خولەکی سەرلەبەیانی فرۆکە جەنگییەکانی ئەو ناوچەیەیان بۆردومان کرد، پاش ماوەیەکی کورت هەلیکۆپتەرەکان بەردەوامیان بەو هێرشەدا، دواتریش 13 هەلیکۆپتەر لەجۆری سکۆرسکی سەربازەکانی سوپایان لە ناوچەکەدا دابەزاند، گەریلاکانمان دژی ئەو سەربازانە چالاکییەکیان ئەنجامدا و شەڕ لە نێووانیاندا ڕوویدا، لەو سەڕەدا چوار هەڤاڵمان شەهید بوون، بەڵام هەموو گەریلاکانی دیکە بە تەندروستی گەڕانەوە شوێنی خۆیان، پاش لێدانی گورزێکی کوشندە لە هێزەکانی سوپای تورک. هەروەها هەپەگە ڕەتیکردەوە هیچ گەریلایەک بەدیل گیرابێت.[4]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- خەڵکی شاری بانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدژی کوشتنی کۆڵبەران دووکان و بازاڕیان داخستووە و لە بەردەم قایمقامیەت گردبوونەوە، هێزە ئەمنییەکانیش بۆ بڵاوەپێکردنیان گازی فرمێسکڕێژ بەکاردەهێنن، لەبەرامبەردا خەڵک بە تێگرتنی بەرد وەڵامیان دەدەنەوە.[1]
- بەگوتەی شایەتحاڵان لە خۆپیشاندانەکەی شاری بانەدا تاوەکو ئێستا 10 خۆپیشاندەر و 4 کەس لە هێزە ئەمنییەکان بریندار بوونە، ژمارەیەک خۆپیشاندەریش دەستگیرکراون و شەڕ و ئاڵۆزیش بەردەوامە.[1]
- لە ڕاگەیەندراوێکدا کۆدار، ڕایگەیاند، کە داواکارییەکانی هاوڵاتیان لە شارەکانی بانە و سەردەشت و مەریوان ڕەوایە و بەرگریان لێ دەکەین و دەشڵێن: داوا گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەتایبەتی شارەکانی سەرسنووردەکەین کە هەستن بە پشتگیریی لە خەڵکی بانە و سەردەشت و مەریوان.[4]
- ئاژانسی هەواڵی فورات ئێوارەی ئەمڕۆ بڵاوی کردەوە، کە بەپێی ئە و هەواڵانەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بە دەستیان گەیشتوە، گەریلاکانی یەکینەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان – یەرەکە چالاکیەکیان دژی یەکێک لە بارەگاکانی سوپای پاسداران لە گوندی ساوان لە دەوروبەری شاری بانە ئەنجامداوە، لە ئەنجامدا دوو سەرباز لە هێزەکانی سوپای پاسداران کوژران و دوانی تریش بریندار بوون.[4]
باشووری کوردستان
- پێشمەرگەیەک بەناوی خدر ئیبراهیم شەهید و سێ پێشمەرگەی تریش لەسنوری جەلەولا ئەمڕۆ برینداربوون، ئەوەش بەهۆی تەقینەوەی بۆمبێکی چێنراوەوە.[2]
- لەمڕۆوە پارت و قەوارە سیاسییەکان و خەڵک دەتوانن بانگەشە بۆ ریفراندۆم بکەن، تاوەکو ئێستاش 9 قەوارە و ڕێکخراو خۆیان بۆ چاودێریکردنی پرۆسەکە تۆمارکردووە.[3]
- 34 لایەن و هێزی سیاسی هەرێمی کوردستان، جگە لە بزوتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی و بەرەی تورکمانی لە ئەمڕۆوە بە یەک تیم بانگەشەی ریفراندۆم دەکەن.[3]
- مینێکی چێندراوی پێشمەرگە عەرەبەکان کە سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستانن، بە هێزێکی پێشمەرگەی ئێزدیدا تەقیەوە، کە ئەوانیش سەر بە پارتین، لە ئەنجامدا حەوت پێشمەرگە بە سەختی بریندارن.[4]
- لە ڕێورەسمێکدا لە پارێزگای کەرکووک دەستپێکردنی بانگەشەی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان رادەگەیێندرێت، سەرجەم لایەنە سیاسییە کوردییەکان لە پارێزگاکە بۆ سەرخستنی پرۆسەکە وەکو یەک تیم کاردەکەن، تاوەکو ئێستاش هیچ لایەنێکی کوردی دژایەتی خۆی بۆ پرۆسەکە رانەگەیاندووە.[1]
- فەرماندەیەکی پێشمەرگەی کوردستان لە میحوەری عەیازیە و تەلەعفەر راگەیاند؛ رۆژانە نزیکەی 10 چەکدار و ئەندامی داعش لەم میحوەرە خۆیان رادەستی پێشمەرگە دەکەن کە بەشێکیان کوردن.[5]
- بزووتنەوەی گۆڕان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سلێمانی کۆبوونەوە و هیچ راگەیەندراوێکیشیان بڵاونەکردەوە.[3]
- پێشنیوەڕۆی ئەمڕۆ لە نزیک لۆفەکانی مەسیف پاسێک وەرگەڕا و بووەهۆی بریندار بوونی 14 کەس.[5]
- ژمارەیەک ماڵپەڕی عێراقی و عەرەبی لە زاری ئەندامێکی ئەنجوومەنی شارۆچکەی حەویجەوە بڵاویانکردووەتەوە، هێزی پێشمەرگە لە کەرکووک

330 چەکداری داعشی لەگەڵ خێزانەکانیان گواستوونەتەوە. فەرماندەیەکی پێشمەرگەش لە کەرکووک هەواڵەکە ڕەتدەکاتەوە و بە (درۆ) ناوزەندی دەکات.[1]
- سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و راپرسی هەرێم، رایدەگەیەنێت هەر هاوڵاتییەک فۆرمی خۆراکی نەبێت، چ لەدەرەوە بێت یان لەناوخۆی هەرێمی کوردستان، مافی دەنگدانی نابێت.[5]
- کۆمیسۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان وادەی تۆمارکردنی ئەلیکترۆنی هاوڵاتیانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانی بۆ 22ی ئەیلول درێژکردەوە و داواش دەکات هاوڵاتیانی دەرەوە سەردانی ماڵپەری کۆمیسۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بکەن بەمەبەستی پڕکردنەوەی فۆرمی تایبەت بە مافی دەنگدان.[5]
- سێ گەشتیاری عەرەب لەکاتی مەلەکردن لە روباری سیرواندا خنکان.[3]
رۆژئاوای کوردستان
- ئۆپەراسیۆنی ڕزگارکردنی ڕەقە لە 91ەمین ڕۆژیدا بەردەوامە و شەڕڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات- قەسەدە، لە گەڕەکەکانی ئەمین و سەکەنەدا بەردەوامن لە پێشڕەوییەکانیان.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
🏛 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
🏛 پارت / لایەن: 🕯 بزووتنەوەی گۆڕان
🏛 پارت / لایەن: بەرەی تورکومانی ئێراقی
🏛 پارت / لایەن: ☪ کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان
🏛 پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
🏛 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ جوڵەمێرگ
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ دەربەندیخان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
🏙 شار و شارۆچکەکان: 💧 کەرکوک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ بانە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ خانەقین
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رووداو - 05-09-2017

[2] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 05-09-2017
[3] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[4] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 05-09-2017
[5] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 05-09-2017

کاتی تۆمارکردن: 2017-09-05 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 247

## 2017-09-06

https://www.kurdipedia.org/?q=20170628090445101505



باکووری کوردستان
- پەرلەمانتارانی هەدەپە لەبەردەم دادگای دەستوری تورکیا لە ئەنقەرە دەستیان بەچالاکی ئێشکگری دادوەری کردو ناڕەزایبونی خۆیان لەبەرانبە دەستگیرکردنی هاوسەرۆک و پەرلەمانتارانی پارتەکەیان پیشاندا.[4]
- کەماڵ ئۆزەر هەواڵنێرێکی کوردی ناوچەی تۆنجەلی ڕۆژنامەی ئۆرەنسەڵی تورکیا لەلایەن جەندەرمەوە لە ڕێگای ئۆواجیک بۆ تۆنجەلی دەست بە سەرکرا.[6]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- کاتژمێر 10ی سەرلەبەیانی ئەمڕۆ بە کاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە مەریوان و 9:30 لە شاری سەردەشت گردبوونەوە بەڕێوەدەچێت بۆ پشتیوانیکردنی بانە.[2]
- کەنەکە، بە توندیی دڕندەیی ڕژێمی ئێران بەرامبەر بە کۆڵبەرانی کورد شەرمەزاردەکات و دڵنیایش دەداتە ڕژێم، کە بە ئەژمارکردنی هێزی ئەمنیی و پاسدار و سەرباز لە کوردستان ناتوانن دەنگ و هاواری خەڵکی کوردستان بۆ داواکردنی مافی ڕەوای خۆیان بخنکێنن.[2]
- داواکاری سەربازیی هێزە سەربازییەکانی ئێران لە پارێزگای سنە بە میدیا فەرمییەکانی ڕاگەیاندووە دوا بەدوای کوژرانی دوو کۆڵبەری کورد لە سنووری (هەنگەژاڵ)ی بانە لەلایەن هێزە سنوورپارێزەکانی ئێرانەوە، پێنج کەس بەو تاوانە دەستگیر کراون.[5]
باشووری کوردستان
- دوای سێ ساڵ لە شەهیدبوونیان ئەمڕۆ تەرمی سێ پێشمەرگە لە گوندێکی سەر بە ناحیەی عەیازییەوە گەڕێنرانەوە بۆ کەسوکارەکانیان و فەرماندەیەکی پێشمەرگەش ڕایدەگەیەنێت، چەکدارانی داعش ئەو شوێنەی کە تەرمی ئەو پێشمەرگانەیان لێ نێژرابوو بۆمبرێژیان کردبوو.[1]
- ڕۆژنامەی ڕیازی سعودی لەزاری بەرپرسێکی نزیک لەسەرۆک وەزیرانی عێراق ڕایدەگەیەنێت، بەمنزیکانە عەبادی بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان چاوی بە بەرپرسانی باڵای ئەنقەرە دەکەوێت.[1]
- لە زۆرێک لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان، بەتایبەتی لە هەولێر بانگەشەی گشتپرسی گەرمە و شەقام و کۆڵان و بازاڕ و باڵەخانەکان بە پۆستەرەکانی بەڵێ بۆ سەربەخۆیی داپۆشراون.[3]
- شەوی ڕابردوو لەسنووری قەزای داقوق، پێشمەرگە و هێزەکانی دژە تیرۆر، چەکدارانی داعش-یان لەسنوورەکە بەچەکی قورس بۆردومان کرد کە

هەوڵیاندەدا هێرش بکەن.[4]
- دوو شاندی هەرێمی کوردستان کە پێکهاتوون لە شاندێکی حکومی و شاندێکی لایەنە سیاسییەکان، ماوەی چەند رۆژێکە دوور لە چاوی میدیاکان لەسەر پرسی ریفراندۆم و نەوت چوونەتە دەرەوەی وڵات.[1]
- کەمپەینی ڕێکخراوەکان بۆ هەڵوەشاندنەوەی سیستمی پاشەکەوتی مووچە بە گردبوونەوەیەک لە سلێمانی دوا هەڵوێستی خۆیان ڕاگەیاند و هۆشداریان دایە حکومەت و دەسەڵاتداران کەئەگەر ئەم دۆخە بەردەوام بێت، هانی هاوڵاتیان دەدەن بۆ بەشدارینەکردنی هەر پرۆسەیەک کە حکومەت پێی هەڵدەستێت.[2]
- لە شاری هەولێر ژمارەیەک لە مامۆستایانی ئاینیی بەمەبەستی دەربڕینی ناڕەزایی و نیگەرانییان لەو کوشتارەی بەرامبەر موسڵمانانی میانمار دەکرێت، گردبوونەوە.[2]
- شەوی ڕابردوو لە هەڵەبجە لە سەر شەقامی مامۆستای نەناسراو پەیکەری (مامۆستای نەناسراو) و هەروەها لە یەکێک لە باخچەکانی هەڵەبجەش پەیکەری شەهیدێک بەناوی شەهید ئەنوەر، شکێنران، دواتر پۆلیس تۆمەبارێکیان دەستگیرکرد.[3]
- بزوتنەوەی مەسیحییەکانی عێراق داوا لە مەسیحییەکانی هەرێمی کوردستان دەکات بە نەخێر دەنگ بە ریفراندۆم بدەن و پەرلەمانتارێکی مەسیحییش ئاماژە بەوەدەکات، مەسیحییەکانی کوردستان خۆیان یەکلایی کردۆتەوە بەبەڵی دەنگ بە ریفراندۆم دەدەن.[1]
- جێگری سەرۆکی بەڵێندەرانی کوردستان رایدەگەیەنێت، ئەو وەفدەی لە کۆربەندی ئابوری نێوان هانۆڤەر و هەرێمی کوردستان بەشدارە تەعبیر لە خاوەنکار و کۆمپانیاکان ناکەن، بەڵکو ئەوان تەنیا لە هاوردەکردنی (چپس و سۆندە و لوقم و کونجی و گوڵە بەڕۆژە و پسکیت) شارەزان.[1]
- بە مەبەستی دەربڕینی هاوسۆزیی و هاوخەمیی بۆ موسڵمانانی هەرێمی راخینی بۆرما، ژمارەیەک لە چالاکوان و ڕێکخراوەکان و کەسایەتییە ئایینی و و کۆمەڵایەتیەکان، لە هەردوو شاری هەڵەبجە و سلێمانی گردبوونەوەیان ئەنجامدا.[2]
- بە مەبەستی مەحکوومکردنی کوشتنی کۆڵبەران و پشتیوانی کردن لە نارەزایەتییەکانی شاری بانە، گردبوونەوەیەک لە یەکێک لە پارکەکانی شاری کۆیە بەڕێوەچوو.[3]
رۆژئاوای کوردستان
- کاتژمێر 4:30 خولەک-ی سەر لەبەیانی سوپای تورکیا و چەتەکانی سەر بە ئەوان، کە لە قەڵای سامان لە کانتۆنی عەفرین جێگیربوون، گوندی باسۆفان-ی سەر بە شارۆچکەی شێراوان-ی عەفرین-یان تۆپباران کرد. لە ئەنجامی ئەو تۆپبارانە زیانی مادیی-یان بەرماڵی هاوڵاتیانی گوندەکە گەیاند.[2]
- شەڕڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات، سێ هێرشی خۆکوژی داعش لەرەققە تێکدەشکێنن و 31 چەکداری ئە و رێکخراوە دەکوژن.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏯 پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

🏯 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ کۆیە

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ بانە

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ مەریوان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ سەردەشت
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ ئەفرین
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ هەڵەبجە
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-09-06
[2] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-09-06
[3] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[4] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-09-06
[5] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی باسنیوز - 2017-09-06
[6] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردپرێس - 2017-09-06

کاتی تۆمارکردن: 2017-06-28 9:04:45 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 248
**2017-09-07**
https://www.kurdipedia.org/?q=20170907000000142379



باکووری کوردستان
- پاش ئەوەی دوێنێ خەڵکی گەڕەکی عەلی پاشای سووری ئامەد بەرخۆدانیان کرد و ڕێگایان نەدا ماڵەکانیان پروخێنن، ئەمڕۆ هێزە تایبەتەکانی پۆلیس و بلدۆزەرەکان هەڵیابنکوتایە سەر ئەو گەڕەکەو خەڵکیان دەستگیرکرد و دەستیان کرد بە ڕووخاندنی ماڵەکان. بلۆدۆزەرکانی دەوڵەتی تورک لە سەرلەبەیانیی ئەمڕۆوە بێ وەستان سەرقاڵی ڕووخاندنی ماڵەکانی گەڕەکی عەلیپاشان و هەر کەسێکیش بەرگری بکات لە ماڵەکەی، لەلایەن هێزە تایبەتەکانی پۆلیسەوە دەستگیردەکرێت و دەبرێت.[1]
- بەپێی ڕاگەیێندراوێکی سوپای تورکیا، لە میانی ئۆپەراسیۆنێکی فرۆکە جەنگییەکانی هێزەکانی ئاسمانی بۆ سەر پێگەیەکی پەکەکە لە ئەشکەوتێکی چیای مووش لە باکووری کوردستان، پێنج گەریلا گیانیان لەدەستداوە. لە بەرامبەردا، ناوەندی ڕاگەیاندنی فەرماندەیی هەپەگەش کوژرانی 10 سەرباز و برینداربوونی 15 سەربازی دیکەی ڕاگەیاند. بەڵام

سەرۆکایەتی ئەرکانی گشتیی سوپای تورکیا کوژرانی تەنیا دوو سەرباز و بریندارپوونی دوو سەربازی دیکەی لە شەمزینان ئاشکرا کرد.[2]
- فیدراسیۆنی زیندانیانی سیاسی کوردستان، سیاسەتی سەپاندنی گۆشەگیریی ئۆجالان لەلایەن ئاکەپەوە بە توندی شەرمەزاردەکات و داواش دەکات، کە خەباتی مەدەنیی زیاتر بکرێت بۆ شکاندنی ئەو گۆشەگیرییە، هەروەها ڕۆژێک دەستنیشان بکرێت وەک ڕۆژی ئازادیی بۆ ئۆجالان و لەو ڕۆژەدا چالاکیی ئەنجامبدرێت.[1]
- ئەمڕۆ هەدەپە لە بەردەم دادگای دەستووری بنەڕەتی تورکیا لە ئەنقەرەی پایتەختی تورکیا، کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی بەڕێوەبرد، لە بارەی زیندانیکردنی پەرلەمانتارانی هەدەپەوە، عوسمان بایدەمیر لە کۆنگرەکەدا قسەیکرد. بایدەمیر ڕایگەیاند، کە زیندانیکردنی پەرلەمانتاران هەوڵدانێک بوو بۆ کودەتا و ئێستاش بەردەوامە، تا کاتێک لە وڵاتدا دادگەری پێکنەیەت، ئەو وڵاتە ئاسایشیشی نابێت.[1]

رۆژهەڵاتی کوردستان

- لە شاری سنەی رۆژهەڵاتی کوردستان، خۆپیشاندان دەستیپێکرد بە مەبەستی پشتیوانی لە شاری بانە و ناڕەزایی دەربرین دژی کوشتنی کۆڵبەران لەلایەن هێزە چەکدارەکانی ئێرانەوە.[5]
- ژمارەیەک لە چالاکوانانی سیاسی و مەدەنی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە دوێنێوە بەمەبەستی دەرپڕینی ناڕەزایی بەرامبەر بە کوشتنی کۆڵبەران و هەروەها هاوخەمیی خێزانی کۆڵبەرە کوژراوەکان، بۆ ماوەی سێ ڕۆژ مانگرتنیان لە خواردن ڕاگەیاند.[1]
- کۆدار ڕایگەیاند، کە ئێران وەک چۆن خۆی کێشەی کۆڵبەری دروستکردووە، پێویستە خۆیشی چارەسەری بکات، هەروەها ئاماژەی بەوەداوە کۆدار تا کۆتایی بەردەام دەبێت لە ئەرکی سیاسی و ئەخلاقی بۆ بەرگری لە کۆڵبەرەکان.[1]
- هێزە ئەمنییەکانی ئێران لە شاری بانەی رۆژهەڵاتی کوردستان بە مەبەستی ڕێگرتن لە خۆپیشاندانی دووبارەی خەڵک، شەقامی قائیمقامییەتی شارەکەیان داخست.[2]
- وەزارەتی ئیتلاعات بە فەرمانێکی ڕاستەوخۆ پەرلەمانتاری بانە و سەقزی ڕاسپردووە بۆ ئەوە دەنگی ناڕازیان کپبکات، ئەو پەرلەمانتارەش داوای لە خەڵک کردووە، کە شەقامەکان چۆڵ بکەن و بچنەوە ماڵەکانیان.[1]
- سەرلەبەیانی ئەمڕۆ کۆڵبەرێکی کورد خەڵکی شاری سەردەشت لە سنووری دۆڵەبیی پێی کەوتووەتە سەر مینە چێندراوەکانی سەر سنوور و لە ئەنجامدا یەکێک لە لاقەکانی خۆی لە دەست دا.[8]
- هاووڵاتییەکی کورد خەڵکی شاری سەردەشت بە هۆی کێشەی بنەماڵەییەوە بە دەمانچە ژنەکەی خۆی کە ناوی کەژاڵ بوو، کوشت.[8]

باشووری کوردستان

- پێشمەرگە هێرشێکی داعشی لە سنووری زەرگەی خورماتوو تێکشکاند و تەرمی چەند چەکدارێکی داعشیش کەوتوونەتە دەستی هێزەکانی پێشمەرگە.[5]
- رۆژنامەی شەرقولئەوسەت بڵاویکردووەتەوە، واپڕیارە بەمنزیکانە ئەحمەد ئەبو غەیت-ی ئەمینداری گشتی کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەبی سەردانی شاری هەولێر بکات، بۆ گفتوگۆکردن لەسەر پرسی ریفڕاندۆم.[3]
- گروپی دادوەری جیهانی ئەمڕۆ بۆ یەکەمجار لەشاری هەڵەبجە ئۆفیسێکی تایبەتی خۆیان کردەوە و بەرپرسی کەیسی هەڵەبجەش لە و گروپە رایگەیاند کردنەوەی ئە و ئۆفیسە بۆ تۆمارکردنی سکاڵایە لەلایەن

کەسوکاری شەهیدانەوە لەسەر ئە و کۆمپانیاو بازرگانانەی کە چەکی کیمیایان بە بەعس فرۆشتووە.[6]
- رەشاد خدر گەلالی، لێپرسراوی کۆمیتەی مەخموری یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە وێستگە نیوزی راگەیاند: شەوی رابردوو زیاتر لە 70 لەتانک و زرێپۆش و تۆپهاوێژی ئەمریکی گەیشتنە گوندی پونگینەی سەربە شارەدێی قەراجی سەربە شارۆچکەی مەخموور کەوەک بنکەیەکی سەربازی ئەمریکی دامەزرێنراوە.[4]
- فەخرەدین رەسوڵ ناسراو بە فەخرەدین چاوشین کە کادیرێکی کۆنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بو بە هۆی جەڵتەی دڵەوە کۆچی دوایی کرد.[5]
- کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و ڕاپرسی لە هەرێمی کوردستان، لەسەر سووکایەتیکردن بە لایەنگرانی (بەڵێ) بۆ سەربەخۆیی کوردستان لەلایەن سەرۆکی گرووپی (نەخێر)، هاتە دەنگ و ئاشکرای کرد کە ئەوە پێشێلکردنی بنەماکانی کۆمسیۆنەکەیە و سزا دەدرێت.[7]
- بەهۆی تەقینەوەی بۆرییەکی نەوت لە کۆمپانیای نەوتی باکور لە کەرکوک، ژمارەیەک کارمەند گیانیان لەدەستدا و بریندار بوون.[5]
- لە شارۆچکەی داقوقی سەر بە پارێزگای کەرکووک دوو چەکداری داعش دەستگیرکران، ئاسایشی کەرکووک دەڵێت، یەکێک لەو چەکدارانەی دەستگیرکراوە ماوەی سێ ساڵ لە هەواڵگری داعش کاریکردووە.[2]
رۆژئاوای کوردستان
- ئۆپەراسیۆنی شەڕڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات بۆ ڕزگارکردنی شاری ڕەقە لە چنگی چەتەکانی داعش، پێی ناوەتە ڕۆژی 94یەمینەوە، کوژرانی 11 چەتەی داعش لە شەڕەکانی شەوی ڕابردوودا ڕاگەیەندراوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

شار و شارۆچکەکان: بانە

شار و شارۆچکەکان: مەخموور

شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە

شار و شارۆچکەکان: ئامەد

شار و شارۆچکەکان: کەرکوک

شار و شارۆچکەکان: سەردەشت

شار و شارۆچکەکان: شەمزینان

شار و شارۆچکەکان: خورماتوو

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 07-09-2017
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 07-09-2017
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 07-09-2017
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی وێستگا - 07-09-2017
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 07-09-2017
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی باسنیوز - 07-09-2017
[8] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردپا - 07-09-2017


کاتی تۆمارکردن: 2017-09-07 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 249

**2017-09-08**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170908000000142380



باکووری کوردستان
- ئایهان بیلگەن، وتەبێژی گشتیی پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە، ئازاد کرا.[3]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ئەمڕۆ نزیکەی 400 نووسەر و هونەرمەند و چالاکوانی مەدەنی و سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە باشووری کوردستان و دەرەوەی وڵات، بانگەوازێکیان بۆ کوردانی چوارپارچە و نەتەوە زوڵملێکراوەکانی ئێران و جیهان کرد بۆ ئەوەی کردەوەی دژە مرۆییەکانی ئێران مەحکوم و ئیدانەی بکەن.[3]
- بەپێی زۆرێک لە سەرچاوەکان، ژمارەیەک لە خۆپیشاندەرانی دوێنێی سنە بۆ پشتگیریی ڕاپەڕینی شاری بانە دەستگیرکراون.[4]
باشووری کوردستان
- شەوی ڕابردوو شەش خوکوژی داعش پلانیان دانابوو هێرش بکەنە سەر سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگە لەمیحوەری حەردان، بەڵام لەلایەن پێشمەرگەوە شکست بە هێرشەکەیان هێنرا، فەرماندەیەکی پێشمەرگەش دەڵێت دوو خۆکوژیان دەستگیرکراون و چواری دیکەیان خۆیان تەقاندووەتەوە.[1]
- عالیە نسەیف، پەرلەمانتاری عێراقی لە ئیئتلافی دەوڵەتی یاسا لەبەیاننامەیەکدا دەڵێت: هەر کوردێک پلە و پۆستی لەحکومەتی عێراقدایە و لایەنگری ریفراندۆمە، پێویستە لەپۆستەکەی دووربخرێتەوە، چونکە ناکرێت کەسێکی جوداخواز لەحکومەت موچە و دەرماڵە وەرگرێت و بەشداری دروستکردنی بڕیاری عێراقیش بکات، چونکە مانەوەی ئەم کەسانە بە کەم سەیرکردن و کەمکردنەوەی سەروەری عێراقە.[1]
- پارێزگای سلێمانی ئاگادارییەک لەبارەی بەڕێوەچوونی کەرنەڤاڵێک لەشارەکە بڵاودەکاتەوە و ڕایدەگەیێنێت ئەم چالاکییە مەدەنی و سیاسییەی بڕیارە لە یاریگای سلێمانی بەناوی (کەرنەڤاڵی نەخێر لە ئێستادا بۆ

ریفراندۆم) ئەنجام بدرێت، هیچ مۆڵەتێکی یاسایی وەرنەگرتووە.[2]
- وەفدێکی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، سەردانی مەکۆی سەرەکی بزوتنەوەی گۆڕان لە شاری سلێمانی کردوو، و تیایدا راسپاردەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانی بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمان و هەوڵەکانی یەکێتی بۆ نێوەندگیری لە نێوان لایەنە ناکۆکەکان، دایە بزوتنەوەی گۆڕان.[4]
- لە شارەدێی ئاغجەلەری سەر بە شارۆچکەی چەمچەماڵ ئۆفیسی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و راپرسی داخرا، سەرۆکی کۆمیسیۆنی ئاغجەلەر دەڵێت، بەڕێوەبەری شارەدێ سەر بە کۆمەڵی ئیسلامییە و رێگرە لەبەردەم کاروباری ئەواندا، بەڕێوەبەری شارەدێش ئەوە رەتدەکاتەوە.[2]
- کەمپنی (بەخوێن بەڵێ) بۆ ریفراندۆم راگەیەندرا.[4]
- لە گوندی خەرائیج لە باکووری تەلەعفەر، شەش چەکداری داعش دەکەونە بۆسەیەکی پێشمەرگە، ئەفسەرێکی پێشمەرگەش دەڵێت، هیچیان دەربازیان نەبووە.[2]
- شانەی راگەیاندنی جەنگیی عێراق رایگەیاند یەکەم گورزی ئاسمانیان لەدژی چەکدارانی داعش لە شارۆچکەی حەویجەی سەر بە پارێزگای کەرکوک وەشاندووە.[2]
رۆژئاوای کوردستان
- شەڕڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات، کۆلێژی زانستەکان-ی سەر بە زانکۆی فرات-یان لە رۆژهەڵاتی ڕەقە ڕزگار کرد.[3]
⑱ تێبینی: ئەم تۆمارە هەندێک وێنە یان فیلمی لەگەڵ پەیوەستکراوە کە لەوانەیە ببێتە هۆی تێکدانی باری دەروونیتان. تکایە ئاگاداربە..

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | ☪ کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان |
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - HDP |
| پارت / لایەن: | بزووتنەوەی گۆڕان |
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ چەمچەماڵ |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |

Quick Respons
:Code

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-09-08
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رووداو - 2017-09-08
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 2017-09-08
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2017-09-08 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 250

**2017-09-09**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170909000000142381



باکووری کوردستان
- بەهۆی بۆردوومانی هێزەکانی سوپای تورکیاوە، ماوەی دوو ڕۆژە ئاگرێکی گەورە لە سنوری دێرسیم کەوتوەتەوە و تا ئەمڕۆش ئاگرەکە بەردەوامە، هاوڵاتیان هەوڵیانداوە ئاگرەکە بکوژێننەوە، بەڵام هێزەکانی دەوڵەتی تورکیا ڕێگەی نەدا.[3]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بەگوێرەی دووایین زانیارییەکانی ڕووداوەکانی ئەم چەند رۆژەی بانە و خۆپیشاندانەکەی سنە، 18 کەس لەوانەی لە بانە دەستگیرکرابوون ئازادکراون و ئەو چوار کەسەی دیکە هێشتا لە زیندانەکانی ئیتلاعات و سوپا دان و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکرێت، ئەو 20 کەسەش کە لە سنە دەستگیرکراون گوازراونەتەوە بۆ شوێنی نادیار و هیچ زانیارییەک لە بارەیانەوە لە بەر دەستدا نییە.[3]
- کاردانەوکان دژی کوشتاری کۆڵبەرانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەردەوامە، لەو چوارچێوەیەدا چالاکوانانی مەدەنی مەهاباد و کامیاران پشتگیریان لە کۆڵبەران ڕاگەیاند.[3]
- بەپێی ڕاپۆرتی ماڵپەڕی فەرمیی فێستیڤاڵی شانۆی سەرشەقامی مەریوان، کار و چالاکییەکانی خولی دوازدەیەمی فیستیڤاڵ سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ بە ئامادەبوونی هونەرمەندانی کورد و بیانی و جەماوەری زۆر، لێژنەی بەڕێوەبەریی فێستیڤاڵ و بە بەڕێوەبردنی کارناڤاڵێکی نمایشی لە گۆڕەپانی (ئیمام شافێعی) و ڕێپێوان بۆ پەرکی (شانۆ)ی شاری مەریوان بە فەرمی دەستی بە کارەکانی کرد و هەتا 2017-09-14 دەخایەنێت.[5]
باشووری کوردستان
- بەیانی ئەمڕۆ بەبەشداری چەند هێزێکی ئەمنی لەسنووری شاری خانەقین، ئۆپەراسیۆنێکی بەرفراوان بۆ دەستگیرکردن و لە ناوبردنی چەکدارانی داعش دەستپێکرد بە تایبەتی لەو ناوچانەی جموجۆڵیان هەیە.[2]

- له شاری دهۆک، چالاکییەکانی پێنجەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی دهۆک دەستپێدەکات.[4]
- بەرەی تورکمانی عێراق دیسان رایدەگەیەنێت بایکۆتی ریفراندۆم دەکەن لە پارێزگای کەرکوک و ئەنجامەکەی رەتدەکەنەوە.[1]
- قایمقامی خورماتوو رایدەگەیەنێت، تا ئێستا لە لایەن حکوومەتی هەرێمەوە هیچ هەنگاوێکی فەرمی بۆ پرسی ریفراندۆم لە شارۆچکەکە نەنراوە و ئەوەی هەیە تەنها ئامادەکارییەکی ئاسایی و نافەرمییە.[2]
- فێستیڤاڵێک بۆ رەنگەکان لە شاری هەولێر ئەنجام دەدرێت، کە نوێنەری هەموو نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان بەشداریی تێدا دەکەن.[5]
- یەکێک لە بەرکەوتوانی چەکی کیمیایی بەناوی (ئەختەر عەبدولڕەحان) بەهۆی کاریگەری چەکی کیمیایی لە هەڵەبجە گیانی لەدەستدا و بەو شێوەیەش ژمارەی ئەو کەسانەی کە بەهۆی کاریگەری چەکی کیمیایی گیانیان لەدەستداوە بەرزبوەتەوە بۆ 100 بەرکەوتوو.[1]
رۆژئاوای کوردستان
- لەپاش چەندین ساڵ دەرگای خوێندن لە خوێندگەکانی بەشێک لە ناوچەکانی شاری رەققەی سوریا کرایەوە و بۆ یەکەمین جاریش زمانی کوردی کرایە بەشێک لە پرۆگرامی خوێندن.[1]
- شەڕڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات شەوی رابردوو کۆشکی دادوەرییان لە شاری رەققە رەققە کۆنترۆڵکردەوە، لە ئەنجامی شەڕ و پێکدادانەکانیشدا 17 چەکداری داعش کوژران.[2]
- بەپێی راپۆرتێکی بنکۆڵکاریی کچە رۆژنامەنوسێکی بوڵگاری نهێنی ناردنی چەک بۆ چەکدارانی داعش و گروپە توندڕەوەکانی سوریا و عێراق ئاشکرا بووە کە تیایدا عەرەبستانی سعودیە و فڕۆکەخانەیەکی تورکیاش رۆڵیان تیایدا هەبووە.[1]
- ئەنجومەنی سەربازی دێرەزۆر هەڵمەتی گەردەلولی جزیرەی ڕاگەیاند.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏯 پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| 🏯 پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| 🏯 پارت / لایەن: | بەرەی تورکومانی ئێراقی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ خورماتوو |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ دێرسیم |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ مەریوان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ هەڵەبجە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ خانەقین |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ بانە |

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ سنە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ کامیاران
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ مەهاباد
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ دهۆک
Quick Respons Code:


سەرچاوەکان
[1] 📡ماڵپەڕ | 🖹 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 09-09-2017
[2] 📡ماڵپەڕ | 🖹 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 09-09-2017
[3] 📡ماڵپەڕ | 🖹 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 09-09-2017
[4] 📡ماڵپەڕ | 🖹 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[5] 📡ماڵپەڕ | 🖹 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی باسنیوز - 09-09-2017


کاتی تۆمارکردن: 09-09-2017 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 251

## 2017-09-10

https://www.kurdipedia.org/?q=20170910000000142382



باکووری کوردستان
- ڕاگەیاندنی هەپەگە لێدوانێکی نوسراوی بڵاوکردەوە و ئاماژەی بۆ ئەوە کرد، کە دوێنێ لە چەند چالاکییەکی جیادا، لە جولەمێرگ 18 سەربازی سوپای تورکیا کوژراون و لە ئاگری-یش 10 سەربازی دیکە کوژراون.[3]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- خەڵکی شاری مەهاباد-ی سەر بە پارێزگای ورمێ لە مەیدانی چوارچرای شارەکەدا گردبوونەوە بە مەبەستی ئەنجامدانی خۆپیشاندان، بەڵام پێش دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکە بەکرێگیراوەکانی حکومەتی ئێران هێرشیان کردە سەر خۆپیشاندەران و پێنج کەسیان دەستگیرکرد، کوبرا خاڵەندی، ژنەچالاکوانی مەهابادیش لەناو دەستگیرکراواندایە.[3]
باشووری کوردستان
- هۆزە عەرەبەکان و چەکدارانی عەسائیب، ئاڵای کوردستانیان لە مەندەلی هێنایە خوارەوە و داوای ڕەتکردنەوەی بڕیاری بەشداریکردن لە ریفراندۆم دەکەن.[2]
- دیندار زێباری، سەرۆکی کۆمیتەی وەڵامدانەوەی ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکان لە هەرێمی کوردستان ڕەتیدەکاتەوە، کە لە گرتووخانەکانی هەرێمی

کوردستاندا ئەشکەنجەدان بۆ دانپێدانان هەیێت و دەڵێت ئەشکەنجەدان بۆ دانپێدانان، بەتاوان هەژمار دەکرێت.[2]
- ئەنجومەنی باڵای ڕیفراندۆم ڕایگەیاند، حزب و لایەنەکانی بەشدار لە ئەنجوومەنی باڵای ڕیفراندۆم ڕێککەوتن کە ڕۆژی پێنجشەممە 2017-09-14 پەرلەمانی هەرێمی کوردستان کارا بکرێتەوە و دانیشتنی ئاسایی خۆی دەست پێبکاتەوە.[3]
- لە گەڕەکی بەکرەجۆی شاری سلێمانی، سەربانی خانووەیەک بەسەر خێزانێکی پێشمەرگەدا رووخا و بەهۆیەوە منداڵێک گیانی لەدەست دا.[4]
- فەرماندەیەکی پێشمەرگە لە میحوەری عیازیە رایدەگەیەنێت، دوو چەکداری خۆکوژی داعش هەوڵی هێرشێکیاندا، بەڵام کەوتنە کەمینی پێشمەرگە و پلانەکەیان پوچەڵکرایەوە.[5]
- لە پارێزگای کەرکوک 13 حیزبی عەرەبی ئاشکرای دەکەن لەگەڵ پارتییە تورکمانییەکان رێکەوتوون کە دژی ریفراندۆم بن لە کەرکوک.[5]
- رۆژنامەی ئەلشەرق ئەلئەوسەت دەنووسێت ئەمینداری گشتی کۆمکاری عەرەبی، داوای لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان کرد، ڕیفراندۆمەکەی هەرێم دوابخات و دەڵێت پێویستە لە ژێر چاودێریی نەتەوە یەکگرتووەکاندا دانوستان لەگەڵ بەغدا ئەنجامبدرێت.[5]
رۆژئاوای کوردستان
- دوای شەڕێکی سەخت لەگەڵ داعش، شەڕڤانان ئەمڕۆ گەڕەکی مرور یان لەبەشی خۆرئاوای رەققە کۆنترۆڵکردووەتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
شار و شارۆچکەکان: ئاگری
شار و شارۆچکەکان: جوڵەمێرگ
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رووداو - 2017-09-10
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 2017-09-10
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-09-10
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-09-10

کاتی تۆمارکردن: 2017-09-10 12:00:00 AM

ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

بابەت: 252

**2017-09-11**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170911000000142383



باکووری کوردستان
- زەید ڕەعد حسێن، کۆمیسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان لە بواری مافی مرۆڤدا ڕایگەیاند، کە کوردەکان و چەپەکان لە تورکیا کراونەتە ئامانج و ژمارەیەکی زۆر ڕۆژنامەنووس، ئەکادمیسییەن، پارێزەری مافی مرۆڤ و نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە تورکیا خراونەتە زیندانەوە و ئازادیی ڕادەربڕین و لەو وڵاتەدا بە سەختی پێشێلدەکرێت.[1]
- ناوەندی ڕاگەیاندنی هێزەکانی پاراستنی گەل- هەپەگە، سەبارەت بە چالاکیی گەریلاکان ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند، کە سەربازە تورکەکان بارەگای سەربازیی ڕووبارۆکی شەمزینانیان بەجێهێشت و ڕایان کرد.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- کۆڵبەران و کرێکارانی ڕەبەتی سەربە سەردەشت لە ڕاگەیەندراوەکەیاندا داوایان لە خەڵکی سەردەشت کردووە، کە ئەمڕۆ کاتژمێر 05:00ی سەرلەئێوارە دەست بە خۆپیشاندان بکەن.[2]
- هێزە ئەمنییەتییەکان هەڵیان کوتایە سەر ماڵی پێنج چالاکی مەدەنی لە شاری کرماشان و پاش پشکنینی ماڵەکانیان دەستیان بە سەر کەرەستە شەخسییەکانی ئەو چالاکە مەدەنییانە داگرت.[8]
- حوکمی لەسێدارەدانی هاووڵاتییەکی کورد، خەڵکی شاری شائاباد سەر بە پارێزگای کرماشان لە پێش چاوی خەڵکەوە لە لایەن دەزگای قەزایی حکوومەتی ئێران لەو شارە جێبەجێ کرا.[8]
باشووری کوردستان
- سەر لە بەیانی ئەمڕۆ، 16 چەکداری خۆکوژی داعش بە بیانووی ئەوەی خۆیان رادەستی پێشمەرگە دەکەن، خۆیان نزیک کردەوە لە سەنگەرەکانی پێشمەرگە لەگوندی سەهل مالح، بەڵام چوار لەو خۆکوژانە خۆیان تەقاندەوە و 12ی تریش لەلایەن پێشمەرگەوە کوژران و دوو منداڵ و چەکدارێکی برینداریش دەستگیرکران.[1]
- ئایلات شاکید، وەزیری دادی ئیسرائیل لە کۆنفرانسێکی تایبەت بە روبەڕوبوونەوەی تیرۆریزمدا رایگەیاند، وڵاتەکەی پشتیوانی سەربەخۆیی کورد دەکات، لانیکەم لە هەرێمی کوردستان.[5]
- وەزارەتی پەروەردە رایدەگەیەنێت هیچ پلانێک بۆ دامەزراندنی هەمیشەیی مامۆستایان نیە، بڕیاریشمانداوە کێشەی کەمی مامۆستایان لە خوێندنگەکان بۆ ساڵی نوێی خوێندن لەڕێی وانەبێژانەوە پڕبکرێتەوە.[1]
- پاش گرژییەکانی دوێنێ شارەدێی مەندەلی و داگرتنی ئاڵای کوردستان، پارێزگاری دیالە پێکهێنانی لیژنەیەکی بۆ وەڵامدانەوەی داوای خۆپیشاندەرانی شارەدێی مەندەلی و کردنەوەی دەرگای گفتوگۆی لەگەڵ لایەنە کوردییەکان راگەیاند.[3]
- ژمارەیەکی زۆر لەهێزەکانی حەشدی شەعبی و سوپای عیراق بۆ سنوری پارێزگاری کەرکوک گوازرانەوە، پێشمەرگەش لەوبارەیەوە ڕونکردنەوە دەدات و ڕەتیدەکاتەوە هێزی دیکەی حەشدی شەعبی بۆ سنورەکە گوازرابێتەوە، دەشڵێت:لەسەرەتای شەڕی داعشەوە ئە و هێزانە لەسنوری

کەرکوکن و هەماهەنگی باشیشمان هەیە.[4]
- حەمە ئاوات پێشمەرگەی دێرین و ئەندامی جڤاتی گشتی بزووتنەوەی گۆڕان لە سلێمانی کۆچی دواییکرد.[5]
- خوێندکارێکی زانکۆی کۆمار لە چیای گۆیژەی سلێمانی تەقی لێدەکرێت و دەکوژرێت.[5]
- شاندێکی بازرگانی و پیشەسازی سنە لە شاری سلێمانی داوا دەکەن پەیوەندییە بازرگانی و پیشەسازییەکانی نێوان هەردوولا پتەوتر بکرێت و داواش دەکەن کارئاسانیان بۆ بکرێت بۆ بەشداریکردن لە ئاوەدانکردنەوەی شاری موسڵ.[1]
- بەرپرسی لقی 19ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە شارۆچکەی چەماچەماڵ ڕایدەگەیەنێت، ئەمڕۆ چەند کەسێک لەناو ئۆتۆمبێل تەقەیان لە بارەگای لق کردووە.[6]
- بەڕێوەبەری پۆلیسی پردێ رایگەیاند، چەند کەسێک بەچەکەوە چوونەتە سەر سەرۆکی شارەوانی پردێ و تەقەیان کردوە. دەشڵێت لە سەرۆکی شارەوانییان داوە و تەقەیان بەناو فەرمانگەکەدا کردوە.[7]
- لەناو هۆڵی دادگای قەسرۆک لە پارێزگای دهۆک لە کاتی دادگاییکردندا، تەقە لە تۆمەتبارێک کرا و سێ گوللەی پێوەنرا.[2]
- بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر رایدەگەیەنێت، گروپێکی نۆ کەسییان دەستگیر کردووە کە لەسەر شەقامە سەرەکییەکانی هەولێر رێگرییان لە شوفێرانی بیانی کردووە و تاوانی کوشتنیان ئەنجامداوە.[1]
- کونسوڵی گشتی دەوڵەتی کوێت لە هەرێمی کوردستان رایدەگەیەنێت، سەرمایەدارانی وڵاتەکەی هاندەدات بێن لە هەرێمی کوردستان سەرمایەگوازری ئەنجام بدەن و دەشڵێت وڵاتی کوەیت بەردەوام دەبێت لە پێشکەشکردنی هاوکارییەکانی بە هەرێمی کوردستان.[1]
- چەکدارانی عەسائیبی ئەهلی حەق کە گرووپێکی سەر بە حەشدی شەعبین، دوو رۆژە لەنێو شارۆچکەی مەندەلی بڵاوبوونەتەوە و داوا لە ئەندامانی ئەنجوومەنی شارۆچکەکە دەکەن لە بڕیاری بەشداری لە گشتپرسی باشووری کوردستان پاشگەزببنەوە.[7]
رۆژئاوای کوردستان
- ڕۆژدا فەلات، یەکێک لە فەرماندەکانی هێزەکانی سوریای دیموکرات دەڵێت: تا ئێستا 70٪ی ڕەقە لە چنگی چەتەکانی داعش ڕزگارکراوە.[2]
- فڕۆکەیەکی سیخوڕیی تورک لە ئاسمانی عەفرین خرایە خوارەوە.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏟 پارت / لایەن: 🕯 بزووتنەوەی گۆڕان
🏟 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
🏟 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ شەمزینان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ کرماشان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ ئەفرین
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ سنە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ موسڵ و دەشتی نەینەوا


🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ دهۆک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ چەمچەماڵ
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ سەردەشت
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-09-11
[2] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-09-11
[3] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-09-11
[4] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی تۆڕی هەواڵی سلێمانی - 2017-09-11
[5] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[6] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی باسنیوز - 2017-09-11
[7] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2017-09-11
[8] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردپا - 2017-09-13

کاتی تۆمارکردن: 2017-09-11 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 253
## 2017-09-12
https://www.kurdipedia.org/?q=20170912000000142384



باکووری کوردستان
- ئەمڕۆ جارێکیتر لە ناوچەی شاپاتان و دەوروبەری، کە دەکەونە سنووری شەمزینان و جولەمێرگەوە لە باکوری کوردستان، قەدەغەی هاتووچۆ بۆ ماوەی حەوت ڕاگەیەندرا، ئەوەش لە کاتێکدایە، ئەمڕۆ 14 ڕۆژە دارستانەکانی شاپاتان لە ئاگردا دەسوتێن.[2]
- حکوومەتی ئەڵمانیا فرۆشتنی چەکی بە حکوومەتی تورکیا ڕاگرت.[1]
- هەپەگە ڕایگەیاند: لە هەنگاوی شۆڕشگێڕانەی شەهید بەدران گوندیکرامۆ و شەهید نالین مووشدا، گەریلاکانی یەژاستار لە شەمزینان و گەڤەری سەربە جولەمێرگ دژی هێزەکانی دوژمن چالاکیان ئەنجامدا، ڕۆژی 10ی مانگ کاتژمێر 03:00ی پاشنیوەڕۆ دژی بارەگایەکی سوپا لە دەوروبەری شەمزینان چالاکی ئەنجامدرا و 14 ڕۆکێت هاویشترایە سەر ئەو بارەگایە، ئەنجامی ئەو چالاکییە زیانی قورسی گەیاند بە بارەگاکە، بەلام نەزانراوە چەند سەربازی تورک کوژران و برینداربوون. هەپەگە ڕاشیگەیاند: دوێنێ کاتژمێر 08:00ی سەرلەبەیانی و 04:00ی پاشنیوەڕۆ گەریلاکانی یەژاستار لە گردی شیکەرە سپیی سەربە شەمزینان دژی یەکینەیەکی دوژمن دوو چالاکیی سەرکەوتوویان ئەنجامدا، لە ئەنجامی چالاکییەکاندا نەزانراوە چەند

سەربازی تورک کوژران و برینداربوون، هەر دوێنێ کاتژمێر 06:00ی پاشنیوەڕۆ دژی زرێپۆشێکی سوپا کە لە دەوروبەری گەڤەر بەرەو بارەگای سەربازیی وارگەنم بەڕێوەبوو، چالاکی ئەنجامدرا، لە ئەنجامدا زیانی قورس بەر زرێپۆشە کەوت.[2]

- نەتینیاهۆ لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاندووە ئیسرائیل دژ بە پەکەکەیە و وەک گروپێکی تیسرۆریستی دەیبینێت، هەروەک چۆن دژ بە پشتیوانی تورکیایە بۆ گروپی تیرۆریستی حەمماس. سەبارەت بە دەوڵەتی کوردی، سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل ڕایگەیاندووە لەکاتێکدا کە ئیسرائیل دژ بە تیرۆرە بە گشتی، پشتیوانی هەوڵە ڕەواکانی کورد دەکات بۆ بەدەستهێنانی دەوڵەتی خۆیان. [6]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- کۆمەڵێک لە چالاکوانی مەدەنی و سیاسی شاری مەهابادی سەربە پارێزگای ورمێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بڵاوکردنەوەی ڕاگەیەندراوێک مانگرتنی یەک ڕۆژەیان بە داخستنی دوکان و بازاڕ ڕاگەیاند.[2]

باشووری کوردستان

- مام جەلال سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان گەیشتە وڵاتی ئەڵمانیا بەمەبەستی پشکنینی تەندروستی.[1]

- پەرلەمانی عێراق، لە کۆبوونەوەی ئەمڕۆیدا کە بە سەرۆکایەتی سەلیم جبوری و بە ئامادەبوونی 168 پەرلەمانتار بەڕێوەدەچێت، ریفراندۆمی خستە بەرنامەی ئەمڕۆی دانیشتنەکە و هاوکات دەنگی بە زۆرینەی دەنگ ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی لە هەرێمی کوردستان ڕەت کردەوە، نوێنەرانی کوردیش دانیشتنەکەیان بایکۆت کرد.[1]

- دوای ڕەتکردنەوەی ڕیفراندۆمی باشوری کوردستان لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە، سەرۆکی پەرلەمان سەرۆک وەزیرانی عیراق کە هاوکات فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانیشە ڕاسپارد بۆ گرتنەبەری هەر ڕێوشوێنێک کە بەپێویست و گرنگی بزانێت، پەرلەمانتارێکی کوردیش ئەو داواکاریەی پەرلەمان بەهەڕەشەیەکی گەورە بۆسەر هەرێم ناودەبات.[1]

- هەردوو فراکسیۆنی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی لە پەرلەمانی عێراق، ئەمڕۆ داوایان لە پەرلەمان و لایەنە سیاسییەکان کرد، بڕیاری "ڕەتکردنەوەی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان" هەڵبوەشێننەوە و بگەڕێنەوە بۆ سەر مێزی گفتوگۆ بۆ ئەوەی کێشەکان لەوێ چارەسەر بکەن. پێیانیشوایە، بڕیارەکە پێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانە و هۆشداریش لە ئاکامەکەی دەدەن.[1]

- ئەمشەو لەسەر ڕێگای نێوان دهۆک – هەولێر، لە نزیک گوندی گەویلان-ی سەر بە شارۆچکەی بەردەرەشی سەر بە پارێزگای دهۆک، لە ئەنجامی پێکدادانی پێنج ئۆتۆمبێلدا، لە جۆرەکانی دوو بارهەڵگر و سێ ئۆتۆمبێلی تایبەت، پێنج هاوڵاتی گیانیان لەدەستدا.[2]

- بەرێوەبەری پۆلیسی قەزا و ناحیەکانی کەرکوک رایگەیاند، هێزەکانیان سێ چەکداری داعش یان لەکەرکوک دەستگیرکردووە.[3]

- کادرێکی پارتی ڕایگەیاند، بەرەبەیانی ئەمڕۆ تەقە لە بارەگای لیژنەی ناوچەی شۆڕشی سەربە لقی 19ی شارۆچکەی چەمچەماڵی پارتی کراوە و زیانی گیانی نەبووە.[4]

- وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێم لەبارەی موچەی خێزانە کەمدەرامەتەکانەوە ڕونکردنەوەیەک بڵاودەکاتەوەو ئاشکرایدەکات، داوایان لەحکومەتی هەرێم کردوە بڕی ئەو موچەیە لە 150 هەزار دینار کەمتر نەبێت، دەشڵێت:چاوەڕوانی حکومەتی هەرێم دەکەین بۆ وەرگرتنی

مامەڵەی نوێ.[5]
- کۆبوونەوەی سێ قۆڵی نێوان یەکێتی و پارتی و گۆڕان لە هەولێر دەستیپێکرد.[1]
- مەسعود بارزانی، پاشنیوەڕۆی ئەمڕۆ گەیشتە کەرکوک و لەگەڵ حزب و لایەنە سیاسییەکان، ڕێکخراوەکان، بەرپرسانی پێشمەرگە، ئەنجومەنی پارێزگا و پارێزگاری ئەو شارە لەسەر پرسی ریفراندۆم کۆبووەوە و رایگەیاند: هیچ بایەخێک بە هەڕەشە نادەین و ڕێنماییان دەکەین کە پێش ئەوانیش خەڵکێکی زۆر هەڕەشەی کرد، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو.[1]
- لە تەلاری پاسپۆرتی سلێمانی و لە مەراسیمێکدا سیستمی نوێی پاسپۆرت راگەیەنرا و بەڕێوەبەری پاسۆرتیش دەڵێت ئەو سیستمە نوێیە کارئاسنی زۆرباش بۆ هاوڵاتیان دەکات و هەموو کێشەکان چارەسەرکراون.[6]
- جووتیارانی سنووری شارۆچکەی پێنجوێن، ئەمڕۆ ڕێگای سەرەکی (سلێمانی –پێنجوێن)یان بەرووی هاتوچۆی شۆفێراندا داخست و داوای وەستانی هاوردەکردنی تەماتەی ئێرانی لەهەردوو مەرزی سەیرانبەند و باشماخ دەکەن و قائیمقامی پێنجوێنیش، دەڵێتسەرباری بڕیارە نوێیەکەی وەزارەتی کشتوکاڵ بۆ زیادکردنی باج لەسەر هاوردەی تەماتەی ئێرانی، بەڵام بەردەوام تەماتەیەکی زۆر دێتە هەرێمەوە.[6]
- سەرۆک وەزیرانی عێراق هەناردەکردنی نەوتی کەرکوک لەلایەن هەرێمەوە بە پێچەوانەی دەستور ناودەبات و داواش لە بەرپرسانی کورد دەکات سەردانی بەغدا بکەن.[1]
- شاسوار عەبدولواحید ویستی لە پەرلەمانی بەریتانیا سیمینارێک بۆ کەمپینی نەخێر لە ئێستادا رێکبخات، بەڵام ئامادەبووان بە بەڵێ بەرەورووی بوونەوە و سیمینارەکە بەڕێوەنەچوو.[1]
رۆژئاوای کوردستان
- لە گەڕەکەکانی ڕەودا و ئەمین، لە نیوان شەڕڤانانی سوریای دیموکرات و چەتەکانی داعشدا شەڕێکی سەخت بەڕێوەدەچێت و 15 چەتەی داعش کوژراون.[2]
- جیهان شێخ ئەحمەد، وتەبێژی ئۆپەراسیۆنی تورەیی فورات ڕایگەیاند: شەڕڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات گەڕەکی سەکەنە-یان ڕزگارکردووەو شەڕ لە گەڕەکەکانی مرور، ئەمین و مەنسور بەردەوامە، لەم نزیکانەشدا مزگێنی گەورە ڕادەگەیەنین.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| 🏛 پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| 🏛 پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| 🏛 پارت / لایەن: | 🕯 بزووتنەوەی گۆران |
| 🏛 پارت / لایەن: | ☪ کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان |
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK |

| | |
|---|---|
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ شەمزینان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ گەڤەر |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ پێنجوێن |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ چەمچەماڵ |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ مەهاباد |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ دهۆک |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ♖ هەولێر |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | 🔥 کەرکوک |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان

[1] 📡ماڵپەڕ | 🖙 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

[2] 📡ماڵپەڕ | 🖙 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-09-12

[3] 📡ماڵپەڕ | 🖙 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-09-12

[4] 📡ماڵپەڕ | 🖙 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئێن ئاڕ تی - 2017-09-12

[5] 📡ماڵپەڕ | 🖙 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی تۆڕی هەواڵی سلێمانی - 2017-09-12

[6] 📡ماڵپەڕ | 🖙 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-09-12

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2017-09-12 12:00:00 AM |
| ناوی تۆمارکار: | بەڕێوەبەری سیستەم |

---

بابەت: 254

**2017-09-13**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170913000000142385



باکووری کوردستان
- سەرلەبەیانی ئەمڕۆ لە شاری کۆنیای تورکیا، هێرش کرایە سەر ئەندامان و بەڕێوەبەرانی هەدەپە لەلایەن پۆلیسەوە و ژمارەیەک لەو کەسانە دەستگیرکران. بەگوێرەی زانیارییەکان 11 کەس دەستگیرکراون و گوازراونەتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی کۆنیا.[1]
- ژان کلۆد یۆنکێر، سەرۆکی کۆمسیۆنی ئەوروپا ڕایگەیاند، کە ئەندامبوونی تورکیا لەناو یەکێتی ئەوروپادا مەحاڵە.[5]
باشووری کوردستان
- وتەبێژی وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، رایدەگەیەنێت، هیچ هێزێک ناتوانێت لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان رێگری بکات لە ئەنجامدانی ریفراندۆم.[2]
- ڕێکخەری ژووری هەڵبژاردنی بزوتنەوەی گۆڕان ڕایدەگەیەنێت، گۆڕان ئاشکراکردنی هەڵوێستی خۆی جێدەهێڵێت بۆ کۆبوونەوەی ناوخۆی و تاووتوێکردنی دەرەنجامی کۆبوونەوەکانی لەگەڵ پارتی و یەکێتی.[1]
- بەرەبەیانی ئەمڕۆ، کۆگایەکی کەلوپەلی کارەبایی لە هەولێر گڕیگرت و بەوهۆیەوە زیانی یەک ملیۆن دۆلار بەر خاوەنی کۆگاکە کەوت.[2]
- دەرباز کۆسرەت رەسوڵ، وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن لە هەرێمی کوردستان، رایگەیاند کە بەپێی خەملاندنی ئەوان بۆ ئەو زیانانەی بەهۆی شەڕی داعشەوە بەر هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردستانییەکەی دەرەوەی هەرێمی کوردستان کەوتووە، زیانی 650 ملیۆن دۆلار لە ژێرخان و دامودەزگای ئەو ناوچانە کەوتووە.[3]
- ڕاگەیاندنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەستیان بە بانگەشەی بەڵێ بۆ ریفراندۆم کرد.[4]
- وەزارەتی دەرەوەی عێراق ڕایگەیاند، لە کۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی کۆمکاری عەرەبی بڕیاری ڕەتکردنەوەی تەواوەتی ڕیفراندۆمی هەرێم دراوە.[5]
- ئەمڕۆ دوای ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەک لەبارەی پرسی ڕیفراندۆمەوە، ئەنجومەنی پارێزگاکە هاوشێوەی دیالە ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی لە پارێزگاکەیان ڕەتکردەوە..[5]
- برێت مەکگۆرک، نوێنەری سەرۆکی ئەمریکا لە هاوپەیمانێتیی نێودەوڵەتیی دژی داعش، گەیشتە سلێمانی و لە دەباشان لەگەڵ هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی کۆبووەوە. دوای کۆبوونەوەکەش بەرەو گردی زەرگەتە بەڕێکەوت و لەگەڵ عومەری سەید عەلی، رێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان لە کۆبووووەوە، دوای کۆبوونەوەکەش سەردانی هەولێر دەکات.[3]
- بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری و هونەری سلێمانی بە هاوکاری وەهاب ئەحمەد (تاقانەی ئەنفال) پێشانگایەکی دۆکیومێنتاریی تایبەتی ژنە ئەنفالکراوەکانی گەرمیان بۆ سمکۆ سابیر چالاک لە بواری ئەنفال و جینۆساید، کردەوە.[1]
- لە شاری سلێمانی پەردە لەسەر پەیکەری شەهید عەولە سیس لادرا.[5]
- ناوەندی سەربەخۆیی کوردستان ئیدانەی بڕیارەکەی پەرلەمانی عیراق دەکات بۆ رەتکردنەوەی بڕیاری ریفراندۆمی هەرێمی کوردستان و داوای هەڵوێستیش لەکۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکات.[5]
- رابون مەعروف، پەرلەمانتاری گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان دوو رێگە دەخاتە بەردەم بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلام و دەشڵێت پێویستە

گۆران و کۆمەڵ لە حکومەت بکشێنەوە و گۆران ڕێکەوتنەکەی لەگەڵ یەکێتی هەڵوەشێنێتەوە یان هەڵیپەسێرێت!.[6]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ڕۆژنامەی گاردییەنی بەریتانی ڕایگەیاند، کە چەتەکانی داعش لە شاری ئیدلبەوە دەچنە تورکیا و لەوێشەوە بەرەو وڵاتەکانی خۆیان دەچنەوە.[1]
- شەڕڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات، هێرشێکی خۆکوژی داعش-یان لەشەڕی دەورووبەری نەخۆشخانەی نیشتمانی، و باخی ڕەشید، لە ڕەققە تێکشکاندووە، و 33 چەکدار کوژراون و 5 شەڕڤان شەهیدبوون.[4]
- شەڕڤانانی یەکینەکانی ژنانی شەنگال- یەژەشە، کە بەشداری ئۆپەراسیۆنی ڕزگارکردنی ڕەقە بوون، ئاڵای یەژەشەیان لە ناوەڕاستی ڕەقەدا هەڵکرد، کە چەتەکانی داعش بە پایەتختی خۆیان ناویان دەبرد.[1]
- شەڕڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات لە چوارچێوەی ئۆپەراسیۆنی گەردەلوولی جزیرە لە قوڵی ئەبو فاس-ەوە 60 کیلۆمەتر و لە قوڵی ئەبو خەشابەوە 40 کیلۆمەتر پێشڕەوییان کرد.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| 🏛 پارت / لایەن: | 🕯 بزووتنەوەی گۆڕان |
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| 🏛 پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - HDP |
| 🏛 پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ♖ هەولێر |
| Quick Respons Code: | |


📁سەرچاوەکان
[1] 📡ماڵپەڕ | 🖙 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-09-13
[2] 📡ماڵپەڕ | 🖙 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-09-13
[3] 📡ماڵپەڕ | 🖙 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رووداو - 2017-09-13
[4] 📡ماڵپەڕ | 🖙 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-09-13
[5] ●دیارینەکراو | 🖙 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[6] 📡ماڵپەڕ | 🖙 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی وێستگە - 2017-09-13


| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2017-09-13 12:00:00 AM |
| ناوی تۆمارکار: | بەڕێوەبەری سیستم |

بابەت: 255
**2017-09-14**
https://www.kurdipedia.org/?q=20170914000000142386



باکووری کوردستان
- سیبەل یێگیتالب، پەرلەمانتاری پارتی دیموکراتی گەلان- هەدەپە لە بەر دەرگای ماڵەکەی لەلایەن هێزەکانی پۆلیسی تورکەوە دەستگیرکرا.[5]
- هەپەگە ڕایگەیاند:لە قۆناغی دووەمی هەنگاوی شۆرشگێرانەی شەهید بەدران گوندیکرامۆ و شەهید نالین مووشدا، دوێنێ کاتژمێر 01:00ی نیوەڕۆ هێزەکانمان لە گردی کۆردینە و گردی شەهید دەرین لە شارۆچکەی چەلێی سەربە جولەمێرگ چالاکییان ئەنجامدا دژی سەربازەکانی دوژمن، ژمارەی کوژراو و بریندارەکانی سەربازەکانی سوپای تورک لە ئەنجامی ئەو چالاکییانەدا نەزانرا.[5]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- سەرلەبەیانی ئەمڕۆ، هاووڵاتییەکی خەڵکی شاری سەڵماس بە تۆمەتی کوشتن لە شوێنی گشتی و لە پێش چاوی خەڵک لە سێدراە دا.[8]
- هەرێمی بناری قەندیل و ڕاپەرین-ی کۆمەڵەی گەنجانی وڵاتپارێزی کوردستان، لە گردبوونەوەیەکدا پشتیوانی خۆیان بۆ رێپێوانەکانی ڕۆژهەڵات ڕاگەیاند.[5]
باشووری کوردستان
- ئەگەرچی بڕیار بوو ئەمڕۆ کۆبوونەوەی پەڕلەمانی کوردستان لە هەولێر ئەنجام بدرێت، بەڵام دواخرا بۆ رۆژی سبەینێ: 2017-09-15[1]
- لە کۆبوونەوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان لەگەڵ نوێنەری تایبەتی سەرۆکی ئەمەریکا و نوێنەری سکرتێری گشتیی UN و باڵیۆزانی ئەمەریکا و بریتانیا لەعێراق بەدیلی دواخستنی ریفراندۆم درایە مەسعود بارزانی.[1]
- مەسعود بارزانی لە نێوان هەزاران کەس لە خەڵکی زاخۆ لە یاریگای ئەو شارە رایگەیاند: ریفراندۆم تەنیا بۆ بەدیلی باشتر دوادەخەین و ئەگەر بەدیلی باشتر نەیێت لە 2017-09-25 دەچینە سەر سندووقەکانی دەنگدان و چی دەبێت با ببێت.[1]
- وەزارەتی دەرەوەی تورکیا داوا لە سەرکردایەتیی هەرێمی کوردستان دەکات لە بڕیاری ئەنجامدانی ریفراندۆم پاشگەزببێتەوە. هاوکات پێشوازی لە بڕیاری پەرلەمانی عێراق دەکات بۆ بە نایاسایی ناساندنی ریفراندۆم.[1]
- لەچەند رۆژی رابردوو، سوپای عێراق، هێزی رەوانەی چەند ناوچەیەکی سنووری کەرکوک، کردووە، و پێشمەرگەش رێگریکردووە، و لەبازگەی سلێمان بەگ-ی سنووری خورماتوو کاروانێکی سوپای عێراق راگیراوە.[2]
- رەوەند مەلا مەحمود، جێگری لێپرسراوی مەڵبەندی دووی کەرکوکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئەمڕۆ بە دواڕۆژی راگەیاند ئێمە وەکو ئەنجومەنی مەڵبەند پێمانوایە مەترسی لە ئەنجامدانی ریفراندۆم هەیە بە تایبەت لە سنوری کەرکوک و ناوچە داپڕێنراوەکان، چونکە تائێستا لایەنەکان لەسەر ئە و پرسە کۆک نین.[3]
- پارتی دیموکراتی کوردستان لەبارەی مانەوەی نوێنەرانی کورد لەبەغدا پەیامێک بڵاودەکاتەوە و ڕایدەگەیەنێت، کە هیچ شەراکەتێک لەبەغدا نەماوە، پێویستە بگەڕێینەوە، پەرلەمانتارێکی ئە و حزبەش لەبەغدا دەڵێت:هەڕەشەیەکی جدی لەسەر هەرێم هەیە.[4]
- وەزیری دەرەوەی عێراق رایدەگەیەنێت، پێویستە بەرپرسانی کورد ئامادەی

هەر سزایەک بن گەر سەربەخۆییان راگەیاند، هەروەک جێبەجێکردنی سەربەخۆیی بە ئاستەم ناودەبات.[3]
- عەبادی بڕیاری لابردنی نەجمەدین کەریم-ی لە پۆستی پارێزگاری کەرکووک واژۆکردووە و رەوانەی پەرلەمانی عێراقی کرد بۆ دەنگدان لەسەری.[6]
- بەئامادەبوونی 173 پەرلەمانتار و بەکۆی دەنگی ئەندامەکانی، ئەنجومەنی نوینەرانی عێراق بەبێ ئامادەیی پەرلەمانتارە کوردەکان، برایر لەسەر کارلابردنی نەجمەدین کەریم- پارێزگاری کەرکوک-ی پەسەندکرد.[1]
- وتەبێژی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان رایگەیاند، لابردنی پارێزگاری کەرکوک نا یاساییە و جێی قبوڵ نیە و بەتوندی لەدژی دەوەستنەوە.[1]
- دوای ئەوەی ئەمڕۆ پەرلەمانی عێراق بە زۆرینەی دەنگ نەجمەدین کەریم پارێزگاری کەرکوکی لە پۆستەکەی لادا، فراکسیۆنە کوردییەکان جەخت دەکەنەوە هەڵوێستی توندیان دەبێت و لە بایکۆتی دانیشتنەکان بەردەوام دەبن و لە دادگای فیدڕاڵی تانە لە بڕیارەکە دەدەن.[3]
- یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند، پەرلەمانی عێراق لە دانیشتنی رۆژی 12ی ئەیلول لە کەشوهەوایەکی گوماناویدا دانیشتنی پەرلەمانیان رێکخست و تێیدا بە پیلانێکی دروستکراو بابەتی ریفراندۆمیان خستە بەرنامەی کارەوە و بڕیاری رەتکردنەوەی ریفراندۆمیان لەهەرێمی کوردستان دەرکرد.[3]
- نوسینگەی نەجمەدین کەریم پارێزگاری کەرکوک لەبەیاننامەیەکدا ئەو بڕیارەی رەتکردەوە کە لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە دراوە بۆ لادانی ناوبراو لە پۆستەکەی وبڕیارەکەی بە پوچەڵ ناوبرد.[1]
- نەجمەدین کەریم، پارێزگاری کەرکووک لە لیوانێکی رۆژنامەڤانیدا ئاشکرایدەکات، ئێوارەی ئەمڕۆ برێت مەکگۆرک، نوێنەری سەرۆکی ئەمریکا لە شەڕی دژی داعش تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی کە ئەمە بڕیارێکی هەڵەیە و نەدەبوایە کە ئەم بڕیارە بدرایە.[6]
- ئەنتۆنیۆ گۆتەرێز سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کۆنگرەیێکی رۆژنامەوانیدا رای‌گەیاند: عێراق لە کاتێکی هەستیاری مێژوویدا تێدەپەڕێت و سەرباری ئەوەی بە هێواشی ناوچەکانی لە ژێر دەستی داعش کۆنترۆڵ دەکاتەوە، بەڵام هێشتا خاکی وڵاتەکەی بەتەواوی کۆنترۆڵ نەکردۆتەوە. ناوبراو لە درێژەدا داوای لە هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵی کرد کە لە رێی دیالۆگەوە کێشەکانیان چارەسەر بکەن و راشی‌گەیاند کە ئامۆژگاری هەولێر و بەغدا دەکەن دیالۆگ بکەن بۆئەوەی بگەنە رێککەوتن. سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان هەرچەندە وتی هاوسۆزییێکی زۆری بۆ کورد هەیە، بەڵام جەختی کردەوە لەوەی دەبێت بە گفتوگۆ کێشەکانی لەگەڵ بەغدا چارەسەر بکات.[7]
- زانا ڕۆستایی، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی ڕایدەگەیەنێت، دەوڵەتی یاسا واژۆ کۆدەکاتەوە بۆ لەسەر کارلابردنی سەرۆک کۆماری عێراق، بەڵام بە پێی یاسا کاری پێناکرێت.[5]
- کۆنسوڵی پێشووی فەرەنسا لە هەولێر لەبارەی قسەکانی نوێنەری دۆناڵد ترەمپ لە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژ بە داعش لەبارەی گشتپرسی باشووری کوردستان هۆشداری بە کورد دەدات و دەڵێت: ئاگاداربن لە پشتەوە چەقۆتان لێ نەدرێت.[6]
- ئێوارەی ئەمڕۆ لە باخی گشتی هەڵەبجە، بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە بەرپرسانی حکومی و هاوڵاتیان، ڕێکخراوی کوردستان فۆتۆ بە چاودێری

پارێزگاری هەڵەبجە ڕێکخراوی کوردستان فۆتۆ لە پێشانگایەکی تایبەتدا وێنەی 27 فۆتۆگرافەری چوارپارچەی کوردستان نمایشکران، وێنەکان گوزارشت بوون لە ژیان و سروشتی بەشەجیاوازەکانی کوردستان.[5]
- 25 جووتیار، باشترین جۆری ترێی خۆیان کە نزیکەی 50 جۆر ترێ بوو، لە 12یەمین پێشەنگای دهۆک بۆ ترێ نمایشکرد.[6]
ڕۆژئاوای کوردستان
- فەرماندەیەکی ئەو هاوپەیمانێتییە سەربازییەی پشتیوانی لەحکومەتی سوریا دەکات رایگەیاند، کاروانێکی چەکدارانی داعش گەیشتووەتە دێرەزوور.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - HDP |
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ جوڵەمێرگ |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ دهۆک |
| شار و شارۆچکەکان: | IQ بەغداد |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ هەڵەبجە |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ سەڵماس |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ خورماتوو |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان

[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 14-09-2017
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 14-09-2017
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی تۆڕی هەواڵی سلێمانی - 14-09-2017
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 14-09-2017
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 14-09-2017
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردپرێس - 14-09-2017
[8] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردپا - 14-09-2017


| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 14-09-2017 12:00:00 AM |
| ناوی تۆمارکار: | بەڕێوەبەری سیستم |

بابەت: 256

**2017-09-15**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170915000000142387



باکووری کوردستان

- هاوڵاتیانی شرناخ کە پاش هێرشەکانی سوپای تورک لە ماڵەکانیان ئاوارە بیوون، لە گوندەکانی دەوروبەری شرناخ ماڵیان بۆ خۆیان دروست کردووە، بەڵام هێزەکانی دەوڵەتی تورک ڕێگا نادەن بە هاوڵاتیان لەو ماڵانەدا بمێننەوە.[3]

باشووری کوردستان

- هەردوو بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی رایانگەیاند: کە ئەمڕۆ بەشداریی کۆبوونەوەی پەڕلەمانی کوردستان ناکەن.[1]
- لەمیانی وتارێکدا کە لە ئامێدی پێشکەشیکرد مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، بەرپرسانی بەغدا شەراکەت و پێکەوەژیان قبوڵناکەن و ئێمەش خزمەتکاری ئەوان قبوڵناکەین، وتیشی تا ئێستا بەدیل نەدراوەتە ئێمە لەبەر ئەوە ئێمەش ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی دواناخەین.[1]
- پەرلەمانتارانی شیعە، سوننە و تورکمان لە راگەیاندنەکانیاندا دەڵێن: دەڵێن ئەگەر پارێزگاری کەرکوک نەجمەدین کەریم لانەچوو دەبێ هێز بەکاربهێنری و بە زۆر لادرێ.[1]
- هەریەکە لە فراکسیۆنەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان رێککەوتنێکیان لە بارەی دانیشتنەکەی ئەمڕۆی پەرلەمانی کوردستان واژۆ کردووە و بەپێی رێککەوتنەکەش ئەندامێکی پەرلەمان لە فراکسیۆنی یەکێتی وەک سکرتێری کاتی کۆبوونەوەکە بەڕێوەدەبات.[2]
- بەمەبەستی ئامادەکاریکردن بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمان، سەرۆک فراکسیۆنە کوردستانییەکان جگە لە سەرۆک فراکسیۆنەکانی بزووتنەوەی گۆران، کۆمەڵی ئیسلامی و بزووتنەوەی ئیسلامی کۆبوونەوە.[4]
- بەپێی زانیارییەکان گۆران ئازاد بەهۆی ئەوەی لە کوردستان نییە بەشداریی کۆبوونەوەکە ناکات، فەرهاد سەنگاوی بە بڕیاری مەکتەبی سیاسی لە ریزی یەکێتی دەرکراوە، گەشە دارا و قادر رەزگەیی و مریەم سەمەد لە لیستی بەرهەم ساڵحدان بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو و ئاواز شێخ جەنگی بەشداریی کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان ناکەن.[4]
- پەڕلەمانی کوردستان بەبێ گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی لە دانیشتنێکی نایاساییدا رۆژی 25-09-2017 وەک رۆژی ریفراندۆم دیاریکرد.[1]
- هیزە ناوێرت، گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە وەڵامی پرسیاری رۆژنامەڤانێکدا سەبارەت بە کۆبوونەوەکی برێت مەکگۆرک، نوێنەری سەرۆکی ئەمریکا لە شەڕی دژی داعش گوتی: ئاگاداری ئەوەنیم، پێموایە هێشتا برێت مەکگۆرک لە ناوچەکەیە. ئاگاداری کۆبوونەوەکان و هەروەها ئەنجامی گفتوگۆکانی نیم. هەڵوێستی حکومەتی ئەمریکا وەک پێشتریش گوتوومە، ئێمە پشتیوانی لە پلانی ریفراندۆمی کورد کە بڕیارە لە 25-ی سێپتێمبەر بکرێت ناکەین، چونکە واهەستدەکەین کە ئەمە چاوەکان لەسەر داعش لادەبات و ئێمەش دەمانەوێت هەموو سەرنجەکان لەسەر داعش بمێننەوە[4]
- فەرهاد دۆسکی نوێنەری کۆنگرەی نەتەوەی کورد (کەنەکە) لە شاری هەولێر ئەمڕۆ لە لێدوانێکدا بە دواڕۆژی راگەیاند، بەهۆی تەواونەبوونی

کارەکانی لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی ڕاوێژی نەتەوەیی کۆنگرەکە دەخرێتە مانگی داهاتووەوە.[2]

- ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک کۆماری تورکیا لەچاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ کەناڵی ئەلخەبەری وڵاتەکەی ڕایگەیاند، تورکیا هەڵوێستی نەرێنی و پلانی خۆی سەبارەت بەریفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان لەئایندەیەکی نزیکدا رادەگەیەنێت.[5]

- بینالی یەڵدرم، سەرۆک وەزیرانی تورکیا داوایکرد مەسعود بارزانی بەر لەوەی کات بەسەر بچێت پاشگەزبێتەوە لە ئەنجامدانی ریفراندۆم، بۆ جیابونەوەی هەرێمی کوردستان لە بەغدا، وتی، ئەگەر هەموو ئاسۆکان داخران و گەیشتینە ئەو قۆناغە، ئەوا تورکیا دەزانێت چیدەکات و پلانی رونمان هەیە لەوبارەیەوە.[5]

رۆژئاوای کوردستان

- 135 هاوڵاتی لە ناوچە جیاوازەکانی باشوری کوردستانەوە پاش ئەوەی لەلایەن دەوڵەتی تورکەوە نێردرابوون بۆ سوریا، لە لایەن یەپەگەوە پارێزرابوون، لایەنە پەیوەندیدارەکان پێشوازییان لێکردبوون و بە شێوەیەکی کاتی لە عەفرین نیشتەجێ کران.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| پارت / لایەن: | بزووتنەوەی گۆڕان |
| پارت / لایەن: | کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان |
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| شار و شارۆچکەکان: | ئەفرین |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| شار و شارۆچکەکان: | ئامێدی |
| Quick Respons :Code | |

سەرچاوەکان

[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2017-09-15
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2017-09-15
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2017-09-15
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری خەندان - 2017-09-16

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2017-09-15 12:00:00 AM |
| ناوی تۆمارکار: | بەڕێوەبەری سیستم |

بابەت: 257

**2017-09-16**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170816214329142290



باکووری کوردستان

- گەریلاکانی هێزەکانی پاراستنی گەل- هەپەگە، لە سەر گردی عەلیشێری سەربە گەڤەری جولەمێرگ، چالاکییەکیان ئەنجامدا، لەو چالاکییەدا سێ سەربازی تورک کوژران.[3]

باشووری کوردستان

- کۆشکی سپی ئەمریکا هەڵوێستی رەسمی خۆی سەبارەت بە پرسی ئەنجامدانی ریفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان راگەیاند و داوای لەسەرکردایەتی سیاسی کورد کرد کە ئەو پرۆسەیە هەڵبوەشێننەوە.[1]
- محەمەدی حاجی مەحمود رایدەگەیەنێت لەبەرامبەر دواخستنی ریفراندۆم بۆ دوو ساڵ، ئەمریکا و فەرەنسا و بریتانیا پێشنیازیان کردووە دۆزی کورد ببەنە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ تاووتوێکردنی.[1]
- مۆزەی شەهیدانی شەڕی داعش لە ئەمنە سوورەکەی سلێمانی کرایەوە.[2]
- بەرهەم ساڵح قەوارەیەکی بەناوی لیستی هاوپەیمانی نیشتمانی بۆ دادپەروەری و دیموکراسییە و لەڕێگەی نوێنەرێکییەوە لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی هەرێم تۆمار کرد.[1]
- سەرۆک وەزیرانی تورکیا بەهاوتا عێراقییەکەی دەڵێت ئەنجامدانی ریفراندۆم کارێکی هەڵەیە و رێشدەکەون پێکەوە رێگریی لەپرۆسەکە بکەن.[1]
- ئەنجومەنی خۆبەڕێوەبەریی شەنگال کە زۆربەی ئەندامەکانی ئێزیدین، بەڕێوەچوونی ڕیفراندۆم لە ناوچەکەیان ڕەت دەکەنەوە، تا ئەو کاتە ڕۆڵەکانیان لەژێر گوشار و چادرگەکانی ژێر دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستان مابن و نەگەڕێنەوە سەر ماڵەکانیان.[3]
- سەرۆکی پەرلەمانی عێراق دانیشتنی ئەمڕۆی پەرلەمانی عێراقی راگرت و دەیەوێ فراکسیۆنە کوردستانییەکان رازیبکات بۆ بەشداریکردن لە دانیشتنەکە.[4]

رۆژاوای کوردستان

- فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای سوریا و ڕوسیا لە نزیک ناوچەی سناعیی ڕۆژهەڵاتی ڕووباری فورات، خاڵەکانی شەڕڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکراتیان بۆردومان کرد و چەند شەڕڤانێک برینداربوون.[3]
- لە ناوەندی شاری ڕەقە شەڕی قورس لە نێوان شەڕڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات و چەتەکانی داعش بەڕێوەدەچێت، لەوچوارچێوەدا زیندانی ڕەقە لە چنگی چەتەکان دەرهێنرا. و 48 چەتەش کوژراون.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK |

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ جوڵەمێرگ
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ شنگال
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] 📡ماڵپەڕ | 🇭 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 16-09-2017
[2] ●دیارینەکراو | 🇭 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] 📡ماڵپەڕ | 🇭 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 16-09-2017
[4] 📡ماڵپەڕ | 🇭 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 16-09-2017

کاتی تۆمارکردن: 16-08-2017 9:43:29 PM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 258
## 2017-09-17
https://www.kurdipedia.org/?q=20170917000000142389



باکووری کوردستان
- لە شاری ئامەد لە باکوری کوردستان پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) کۆبونەوەیەکی جەماوەری بەرفراوانی لە چوارچێوەی هەڵمەتی با ڕانەوەستین فاشیزم راگرین سازکرد.[4]
باشووری کوردستان
- دادگای فیدراڵی عێراق بڕیاری ڕاگرتنی ریفراندۆمی لەهەرێمی کوردستان دەرکرد.[1]
- بەرهەم ساڵح نامەی دەستلەکارکێشانەوە ئاڕاستەی یەکێتی کرد.[1]
- کۆمسیۆن قەوارەکەی بەرهەم ساڵح (هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری) پەسەند دەکات.[1]
- بەرپرسی ئەنجومەنی ئاسایشی ئێران ڕایدەگەیەنێت، کەهەبوونی دەروازەی سنووریی لەگەڵ هەرێمی کوردستان تەنیا لەبەر ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان بەشێکە لە عێراق، جەختیشدەکاتەوەجیابوونەوەی هەرێمی کوردستان لە عێراق، بە واتای داخرانی هەموو دەروازە سنوورییەکانی ئێران و هەرێمە.[2]
- پارتی ئازادی و دیموکراتی ئێزیدی، هەڵوێستی خۆی لەسەر ڕیفراندۆم ڕاگەیاند، هاوکات ئاشکراشی دەکات کە تا ئەو کاتەی ئێزیدییەکان لەژێر چادرەکاندا بژین لەژێر دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەوان ریفراندۆم ڕەت دەکەنەوە.[2]

- تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان ڕایدەگەیەنێت:لە سۆنگەی دڵسۆزیی و خەمخۆریمانەوە بۆ گەلەکەمان و هەستکردنمان بە ئایندەیەکی مەترسیدار بایکۆت کردنی ڕیفراندۆم هەڵدەبژێرین، داواش لە هاوڵاتیان دەکات کە بایکۆتی ڕیفراندۆم بکەن.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- شەڕڤانانی یەپەگە و هێزەکانی سوریای دیموکرات، هەڕەشەی وەڵامدانەوەی هەر کردەیەکی سەربازی دەکەن کە لەلایەن روسیاوە بکرێتە سەریان، ئەندامێکی نوێنەرایەتی کانتۆنەکانیش، ڕایدەگەیەنێت: گەورەترین ناوچەی سوریا کە نەوتی تێدایە، لەژێر کۆنترۆڵی هێزە کوردییەکاندایە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏟 پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| 🏟 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - HDP |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◉ ئامەد |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان


[1] ●دیارینەکراو | 🖒 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] 📡ماڵپەڕ | 🖒 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 2017-09-17
[3] 📡ماڵپەڕ | 🖒 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی تۆڕی هەواڵی سلێمانی - 2017-09-17
[4] 📡ماڵپەڕ | 🖒 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دوارۆژ - 2017-09-17



کاتی تۆمارکردن: 2017-09-17 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم


---

بابەت: 259

**2017-09-18**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170918000000142390



باکووری کوردستان
- دادگای تورک بڕیاری زیندانیکردنی ئایهان بیلگەن، پەرلەمانتاری پارتی دیموکراتی گەلان- هەدەپەی دەرکرد.[3]
- لە نێوان سەربازەکانی سوپای تورک و گەریلاکانی هێزەکانی پاراستنی گەل- هەپەگەدا، لە چیای جودی شەڕێک ڕوویدا، بەپێی زانیارییەکان، لەو شەڕەدا تانکێک و سێ ئۆتۆمبێلی سەربازی سوپای تورک تێکشکێندراوە.[3]
- لەبەیاننامەیەکدا سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپای تورکیا ئاشکرایکرد کە مانۆری سەربازیی سوپا لە ناوچەی سلۆپی – خابوور دەستپێکردووە کە دەکەوێتە سەر سنوری هەرێمی کوردستان.[1]
- دووەمین دانیشتنی دادگایی فیگەن یوکسەکداغ، هاوسەرۆکی پێشووی پارتی دیموکراتی گەلان- هەدەپە، لە هۆڵی زیندانی سینجاندا بەبێ ئامادەبوونی خۆی بەڕێوەچوو، تێید داوای 83 ساڵ سزای زیندانی بۆ کرا.[3]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- کۆڵبەرێکی کورد لە بەرزاییەکانی سەر سنووری شاری شنۆ-ی سەربە پارێزگای ورمێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەهۆی دەستڕێژیی گوللەی هێزە سەربازییەکانی سەرسنووری حکومەتی ئێرانەوە کوژرا.[3]
باشووری کوردستان
- کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی هەرێم دەڵێت 90%ی ئامادەکارییەکان بۆ ریفراندۆم تەواو بووە و 22 قەوارە فۆرمی بەشدارییان لە هەڵبژاردن وەرگرتوە و دەنگدانی تایبەت و گشتییش لەیەک ڕۆژدا ئەنجامدەدرێن.[1]
- ئەنجومەنی وەزاری ئاسایشی نیشتیمانی عێراق رایگەیاند کە بەردەوام دەبێت لە پاراستنی یەک پارچەیی خاکی عێراق و سەرجەم هاوڵاتیانی و داواشی کرد کە ئەو رێشوێنانە رابگیرێت کە ئاسایشی عێراق و یەکپارچەییەکەی دەکاتە قوربانی وەک ریفراندۆمی سەربەخۆیی.[1]
- فەرماندەکانی پێشمەرگە لە شاری هەولێر کۆبوونەوە، وەڵامی حەشدی شەعبیش دەدەنەوە کە هەڕەشە لە هەرێمی کوردستان دەکات لە ئەگەری ئەنجامدانی گشتپرسی و راگەیاندنی سەربەخۆیی.[4]
- بەرپرسی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی پۆلیسی هاتوچۆی دهۆک، ئاشکرای کرد، کە سێ پێشمەرگە، بەهۆی ڕووداوێکی هاتوچۆوە، گیانیان لەدەست داوە.[5]
- ئەنتۆنیۆ گوتێرێش، سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتوەکان رایگەیاند، ئەو ریفراندۆمەی هەرێمی کوردستانی عێراق سورە لەسەر ئەنجامدانی لە 25ی ئەیلولدا سەرنجەکان لەسەر پێویستی لەناوبردنی داعش و ئاوەدانکردنەوەی ناوچە ئازادکراوەکان بەفیڕۆدەبات.[1]
- وتەبێژی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و راپرسی هەرێم رایگەیاند، تا ئێستا 22 قەوارەی سیاسی خۆیان بۆ هەڵبژاردنەکان تۆمارکردووە، هەروەها وادەی تۆمارکردنی قەوارەکان بۆ 28-09-2017 درێژکراوەتەوە.[2]
- فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا بۆردوومانی قەندیل و برادۆست و خواکورک-یان کرد.[2]
- رێباز حەملان، وەزیری دارایی و ئابووری لە پشکی بزووتنەوەی گۆڕان نامەی دەستلەکارکێشانەوەی لە بزووتنەوەی گۆڕان ئاڕاستەی رێکخەری حزبەکەی کرد.[2]
- ئەندامێکی کوردی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق رادەگەیەنێت، دژی بڕیارەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و بۆ رێگری لە هەڵوەشاندنەوەی

ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک سەرجەم فراکسیۆنە کوردەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق گەڕاونەتە هەرێم.[1]
- وەزیری دەرەوەی فەرەنسا ئەنجامدانی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان بە نەگونجاو ناودەبات.[2]
- ژمارەیەک هاووڵاتی لە کەرکوک خۆشحاڵی خۆیان دەردەبڕن بەهۆی ریفراندۆمەوە بەڵام لەلایەن پاسەوانەکانی بارەگایەکی تورکمانییەوە تەقەیان لێدەکرێت و هاووڵاتییەک دەکوژرێت و سیانی دیکەش بریندار دەبێت.[1]
- کاتژمێر 3ی دوانیوەڕۆی ئەمڕۆ، لە گەڕەکی یەکی حوزەیران، بۆمبێکی چێندراو بە ئۆتۆمبێلێی مامۆستایەکی زانکۆدا تەقیەوە، بەڵام تەنها زیانی مادی لێکەوتەوە، ئەوەش لەم هەفتەیەدا دووەم تەقینەوەیە لە شاری کەرکوک ڕوودەدات.[3]
- بە بەشداری چەندین چالاکوان و پەرلەمانتار و ڕۆژنامەنووس، تۆڕی لیدەر و ڕێکخراوی فیوچەر، کۆنفرانسێک لەژێر ناوی هەڵبژاردن و ئایندەی کوردستان بەڕێوە چوو.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لە نزیک ناوەندی کۆمسیۆنی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاری منداڵان لە شاری قامیشلۆ لە ڕۆژئاوای کوردستان تەقینەوەیەک ڕوویدا و چوار هاوڵاتی بریندار بوون.[3]
- ئێوارەی ئەمڕۆ چەکدارانی سەربە تورکیا جارێکی تر دەستیان کردەوە بە تۆپبارانی گوندی ئیسکا لە ناوچەی شێراوا لە کانتۆنی عەفرین.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - HDP |
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK |
| پارت / لایەن: | حەشدی شەعبی |
| پارت / لایەن: | بزووتنەوەی گۆڕان |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ شنۆ |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ قامیشلۆ |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ زاخۆ |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ دهۆک |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-09-18
[2] ●دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 2017-09-18
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رووداو - 2017-09-18

[5] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی گوڵان - 2017-09-18
کاتی تۆمارکردن: 2017-09-18 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 260

**2017-09-19**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170919000000142391



باکووری کوردستان
- ناوەندی ڕاگەیاندنی هێزەکانی پاراستنی گەل- هەپەگە کوژرانی دوو سەربازی تورکی لە بەدلیس ڕاگەیاند و ئەوەشی خستەڕوو کە لە مێردین زەبری قورس لە سوپای تورک دراوە.[4]
باشووری کوردستان
- ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بەزۆرینەی دەنگ بڕیارێکی پەرلەمانی عێراقی رەتکردەوە بۆ دوورخستنەوەی نەجمەدین کەریم پارێزگاری شارەکە.[1]
- مەسعود بارزانی، لە ئاهەنگی بانگەشەی ریفراندۆم لە سۆران رایگەیاند، تادوو سێ رۆژی دیکە چاوەڕێ دەکەن، بۆ ئەوەی ئەو بەدیلەی چاوەڕێی دەکەن، بۆ دواخستنی ریفراندۆم پێشکەشیان بکرێت.[3]
- فراکسیۆنی گۆران لە پەرلەمانی کوردستان رابون مەعروف لە ئەندامێتی فراکسیۆنەکەی دوردەخاتەوە.[1]
- ناوەندی سەربەخۆیی کوردستان، دژی بڕیاری پەرلەمانی عێراق بۆ ئەنجامنەدانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان، لە بەردەم نووسینگەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، لە شاری سلێمانی خۆپیشاندانێکی نارەزایەتییان ئەنجامدا.[2]
- جەبار لعێبی، وەزیری نەوتی عێراق لە پەراوێزی کۆنفرانسی وزە لە ئیمارات، لە دیدارێکدا لەگەڵ کەناڵی (CNBC ARABIA) ئەمڕۆ رایگەیاند، ئامادەن لەگەڵ هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی دۆسیەی نەوت دانوستان دەستپێبکەن.[2]
- رابوون مەعروف، ئەندامی ئەنجومەنی جولانەوەی نەخێر، سەبارەت بەبڕیاری دورخستنەوەی لە بزوتنەوەی گۆران، دەڵێت، گەلەکۆمەکێی لێکراوە، و نەی ویستووە گۆران جێبهێڵێت.[3]
- نۆ حیزبی تورکمانی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا داوایان لە هێزە ئەمنییەکانی کەرکوک و حەشدی شەعبیی تورکمانی و حکومەتی عێراقی کرد بارەگای حزبە تورکمانییەکان لە شارەکە بپارێزن.[1]
رۆژئاوای کوردستان
- شەڕڤانانی ئەنجومەنی سەربازی دێرەزۆر لە میحوەری ئەبو فاس لە هەڵمەتی گەردەلولی جزیرەدا سێ کیلۆمەتر لە سنوری دێرەزۆر پێشرەوییان کرد.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏰 پارت / لایەن: 🕯 بزووتنەوەی گۆڕان

🏰 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ بەدلیس

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ ماردین
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ سۆران
Quick Respons Code:

📚سەرچاوەکان
[1] ●دیارینەکراو | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-09-19
[3] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-09-19
[4] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 2017-09-19

کاتی تۆمارکردن: 2017-09-19 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 261
**2017-09-20**
https://www.kurdipedia.org/?q=20170920000000142392



باکووری کوردستان
- هەپەگە ڕایگەیاند: لە هەنگاوی شۆڕشگێڕانەی شەهید بەدران گوندیکرامۆ و شەهید نالین مووشدا، دوێنێ کاتژمێر 12:00ی نیوەڕۆ هێزەکانمان دژی سوپای تورک چالاکییەکیان ئەنجامدا لە دەوروبەری جولەمێرگ، لەو چالاکییەدا سەربازێکی تورک کوژرا.[3]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- لە یازدەیەمین فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی مۆسیقای جەوان کە لە شاری تارانی پایتەختی ئێران سازکرا، هونەرمەندانی شاری بۆکان-ی خۆرهەڵاتی کوردستان ئاستێکی بەرچاویان تۆمارکرد و پێنج پلەی یەکەمینی چالاکیەکانی فێستیڤاڵەکەیان مسۆگەرکرد.[4]
باشووری کوردستان
- شەوی رابردوو فڕۆکەکانی تورکیا بۆردوومانی سنووری باکوور و باشووری کوردستانیان کرد و لە ئەنجامدا 7 هاونیشتمانی لە گوندێکی سەر بە شارەدێی شیلادزێی سەر بە شارۆچکەی ئامێدی گیانیان لەدەستداوە و کەسێکی دیکەش بێسەروشوێنە.[2]
- مەسعود بارزانی سەردانی سلێمانیی کرد و لەگەڵ هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد و فوئاد مەعسوم و کۆسرەت رەسوڵ کۆبووە و پرسی ریفراندۆمیان تاووتۆکرد.[1]
- مەسعود بارزانی لە یاریگای سلێمانی وتارێکی لەنێو دەیان هەزار هەواداری بەڵێ بۆ ریفراندۆم دا.[1]
- وتەبێژی حکومەتی روسیا رایدەگەیەنێت، کریملن پشتیوانی یەکپارچەیی

وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات، دەشڵێت لە ئێستادا نایانەوێت قسە لەسەر ئەوە بکەن ئایا ئەنجامی ریفراندۆمی هەرێمی کوردستان قبووڵدەکەن یاخود نا.[1]
- سەرۆکی هەرێمی کوردستان رایدەگەیەنێت شاری سلێمانی هەمیشە پێشەنگ بووە لە راپەرین و بەرخۆدان و قبوڵی ناکەن دوژمن سوکایەتی بە هیچ رەمزێکی نەتەوەیی بکات وتیشی: خۆزگە ئێستا جەنابی مام جەلال تەندروستی رێگەی بدایە، پێکەوە ئەم ئەرکەمان هەڵگرتایە.[4]
- 33 پەرلەمانتاری ئەوروپی لە راگەیێندراوێکدا پشتگیری خۆیان بۆ گشتپرسی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان راگەیاند و داوا لە یەکێتی ئەوروپا دەکەن، تەنیا جەخت لە یەکێتیی و سەروەری و یەکپارچەیی خاکی عێراق نەکرێت و رێز لە خواستی کورد بگرن.[2]
- بە بۆنەی 26هەمین ساڵیادی دامەزراندنی سەنتەری گەنجان لە پارێزگای هەڵەبجە فیستیڤاڵێکی میوزیک و شێوەکاری بەڕێوەچوو، بەرپرسی سەنتەری گەنجانی هەڵەبجەش دەڵێت: ئامانجمان خزمەتکردنە بە گەنجانی شارەکەمان بۆ پێگەیاندنیان لە بوارە جیاوازەکانی هونەر.[3]
- نزیکەی 17 کەس کە دژی سەردانی مەسعود بارزانی بوون بۆ سلێمانی دەستگیرکران، لە گیراوەکان محەمەد وەلی کامێرامانی ڕۆژنیوز، نووسەر ستارە عارف و باوکی شەهید سورکێو، شێخ زاهیدب وون و پاشان ئازادکران.[3]
- سەرۆکی هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا دەستپێشخەرییەکەی یۆنامی سەبارەت بە ریفراندۆمەکەی هەرێم رەتدەکاتەوە و بە نادەستوری ناویدەبات داواشدەکات هەرێم گوێ لە بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی بگرێت.[4]
- جێگری سەرۆک وەزیرانی تورکیا سەبارەت بە ریفراندۆمی سەربەخۆیی کە بڕیارە 25ی ئەیلول لە هەرێمی کوردستان ئەنجام بدرێت رایگەیاند کە بارزانی یاری بە ئاگر دەکات.[4]
- سەرۆکی جوڵاندنەوەی نەخێر، شاسوار عەبدولواحید رەخنەی توند لە سەردانەکەی ئەمڕۆی مەسعود بارزانی بۆ شاری سلێمانی دەگرێت و دەیشووبهێنێت بە سەردانەکانی سەدام حسێن بۆ شارەکانی عێراق.[1]
- سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان رایدەگەیەنێت بڕیارە لە دوو رۆژی داهاتوودا شاندێکی هەرێم سەردانی بەغدا بکات بۆ تاوتوێکردنی پرسی ریفراندۆم.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK

شار و شارۆچکەکان: ○ جوڵەمێرگ

شار و شارۆچکەکان: ○ بۆکان

شار و شارۆچکەکان: ○ سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: ○ ئامێدی

شار و شارۆچکەکان: ○ هەڵەبجە

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ●دیارینەکراو | 🖹 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] 📡ماڵپەڕ | 🖹 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 20-09-2017
[3] 📡ماڵپەڕ | 🖹 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 20-09-2017
[4] 📡ماڵپەڕ | 🖹 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 20-09-2017
[5] 📡ماڵپەڕ | 🖹 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 20-09-2017

کاتی تۆمارکردن: 2017-09-20 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 262

**2017-09-21**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170816214345142291



باکووری کوردستان
- بەرپرسێکی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) رایدەگەیەنێت کە سوپای تورکیا بەشی زۆری شار و گوندەکانی باکوری کوردستانی بە سەربازگە کردووە و هاتوچۆی لە چەندین شار و گوند قەدەغە کردوە.[1]
- زرێپۆشێکی سوپای تورک لە جۆری کوبرا لە دەوروبەری گەڤەری سەربە جولەمێرگ تێکشکێندرا و لە ئەنجامیدا 15 سەربازی تورک کوژران و برینداربوون و لە چالاکییەکی دیکەشدا زرێپۆشێکی سوپا تێکشکێندراوە و لە ئەنجامدا 10 سەربازی تورک کوژران و بریندار بوون.[4]
- ناوەندی ڕاگەیاندنی هەپەگە ڕایگەیاند: دوێنێ کاتژمێر 05:00ی سەرلەبەیانی هێزەکانی سوپای تورک لە دەوروبەری قلابانی سەربە شرناخ ئۆپەراسیۆنێکیان دەستپێکرد، لە هەنگاوی شۆرشگێرانەی شەهید نودەم و شەهید سەردەم ئەمرۆ گەریلاکانمان یەکینەیەکی ئەو ئۆپەراسیۆنەیان خستە ژێر چاودێرییەوە و کاتژمێر 01:15 خولەکی نیوەڕۆ، لە دژیان چالاکییەکیان ئەنجام دا، لە ئەنجامی ئەو چالاکییەدا سێ سەربازی تورک کوژران.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- لە کەمپی جێژنیکان لە نزیک هەولێر، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا)، کەرنەڤاڵێکی بۆ پشتگیری گشتپرسی باشووری کوردستان ئەنجامدا.[5]
- لە ناوچەی قەڵاگەی سەربە نەوسوود، ژمارەیەک کۆڵبەری کورد کەوتوونەتە بۆسەی هێزە سەربازییەکانی ئێرانەوە، هێزە سەربازییەکان تەقەیان لەو کۆڵبەرانە کردووە و لە ئەنجامدا کۆڵبەرێکی تەمەن 25 ساڵ بەناوی فەرزاد قادری بە سەختی بریندار بووە.[4]
باشووری کوردستان
- تەرمی ژمارەیەک لە شەهیدانی شیلادزێ کە لە بۆردومانەکانی دوێنێ فڕۆکە جەنگییەکانی تورک شەهید ببون لە ناوچەی نێروە و ڕێکان، گەیەندرانەوە شیلادزێ.[2]
- بەڕێوەبەری پەروەردەی سلێمانی دەڵێت، ئەگەر ئەمساڵ کێشەکان چارەسەرنەکرێن و پاشەکەوتی مووچەی مامۆستا لانەبرێت، ئەگەری هەیە

بایکۆتی خوێندن بکرێت.[1]
- لقی سلێمانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە ئامادەبوونی ڕۆژنامەنووسانی سلێمانی و هاورێ و دۆستانی ئەژین قادری ڕۆژنامەنووس و فۆتۆگرافەر، مەراسیمێکیان بۆ کۆچی دوایی هاوپیشەکەیان سازکرد.[2]
- سەرۆکی رەوتی سەدر لەبەیاننامەیەکیدا رایگەیاند ریفراندۆمی کورد بۆ جیابوونەوە خۆکوشتنە و داوا لەحکومەتی عێراق دەکمات یەکپارچەیی خاکی عێراق بپارێزێت.[2]
- ئێمانوێل ماکرۆن سەرۆکی فەڕەنسا لەپەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا داوای دواخستنی ریفراندۆمی لە مەسعود بارزانی کرد، بەڵام بارزانی رایگەیاند کە لەکاتی دیاریکراودا ئە و پرۆسەیە ئەنجام دەدەن.[2]
- مستەفا عەلیتاش، جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دادو گەشەپێدان (ئاکەپە) رایگەیاند، پەرلەمانی تورکیا کۆبونەوەی نائاسایی بۆ ئامادەکردنی یاداشتێک لەبارەی ریفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستانەوە ئەنجامدەدات.[3]
- کاتژمێر 6 ی ئێوارەی ئەمڕۆ، لە ناوەندی ئەندێشە، فیستیڤاڵێک بەڕێوەچوو، لە فیستیڤاڵەکەدا نەتەوەکانی کەرکوک خواردنی جۆراوجۆری نەتەوەی خۆیان پێشکەش بە میوانەکان کرد، هاوکات چەندین پێشەنگای جۆراو جۆریش کرانەوە.[4]
- کاردانەوەکان دژی کۆمەڵەکوژی هاوڵاتیانی مەدەنی لە شیلادزێ بەردەوامە، لە ڕاگەیەندراوێکدا تەڤگەری ئازادی وێرای شەرمەزارکردنی هێرکە، ڕایگەیاند: پێویستە یێدەنگی دژی ئەو کردەوانە بشکێندرێت، بەتایبەت لە دەڤەری بادینان.[4]
- عەسائیبی ئەهلی حەق دەستپێشخەرییەکەی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی لەبارەی گشتپرسی هەرێمی کوردستان رەتکردەوە و پێیوایە پێچەوانەی دەستوورە، جەختیشیکردووەتەوە بۆ ساتێک سڵ لە رووبەڕووبوونەوەی پرۆژەکانی دابەشکردن ناکەنەوە.[5]
- حەیدەر عەبادی لە وەڵامی دەستپێشخەرییەکەی سەرۆککۆماری عێراق دەڵێت: هەڵوێستمان جێگیرە کە گشتپرسی هەرێمی کوردستان رەتدەکەینەوە. گوتیشی: هەموو هەنگاوێکی تاک لایەنانە رەتدەکەینەوە.[5]
رۆژئاوای کوردستان
- گەردەلولی جزیرە لە پێشڕەویدایە و مەودای 3 کیلۆمەتریان لە ناوچەی سور پاک کردوەتەوە کە دەکەوێتە سەر سنووری سوریا و عێراق، هاوکات 6 کێڵگەشیان ڕزگار کردووە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP
🏛 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ شڕناخ
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ جوڵەمێرگ
🏙 شار و شارۆچکەکان: 💧 کەرکوک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ سلێمانی

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-09-21
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-09-21
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 2017-09-21
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رووداو - 2017-09-21

کاتی تۆمارکردن: PM 9:43:45 2017-08-16
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 263

**2017-09-22**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170922000000142394



باکووری کوردستان
- شەوی ڕابردوو لە شاری نیویۆرکی ئەمریکا، پاسەوانەکانی ئەردۆغان هێرشیان کردە سەر ژمارەیەک چالاکوان کە گردبوونەوەیەکیان دژی ئەردۆغان ڕێکخستبوو، چەند کەسێک لەو چالاکوانانە ئاڵای یەکینەکانی پاراستنی گەل- یەپەگەیان هەڵکردبوو.[3]
- کۆما جڤاکێن کوردستان- کەجەکە سەبارەت بە بۆردومانی فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورک بۆ سەر باشوری کوردستان ڕایگەیاند، هێرش بۆسەر پارچەیەکی کوردستان هێرشکردنە بۆسەر هەموو کوردستان.[3]
باشووری کوردستان
- ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ئەمڕۆ لە راگەیەندراوێکدا داوای لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد ریفراندۆم ئەنجام نەدات، چونکە بارودۆخی ناوچەکە دەخاتە مەترسیەوە و دەڵێت ئەندامانی ئەنجوومەنی ئاسایش نیگەرانن لە پلانی تاکلایەنەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم لە هەفتەی داهاتوودا.[1]
- لە هەولێر بە بەشداریی دەیان هەزار بەشداربوو، کەڕنەڤاڵی سەربەخۆییی کوردستان بەڕێوەچوو، مەسعود بارزانی، ڕایگەیاند، کە فشاری زۆریان بۆ دێت بۆ دواخستنی ڕیفراندۆم، بەڵام ئێستا کات درەنگە و ڕیفراندۆم لە دەستی حزبەکان دەرچووە و بڕیار لای گەلە..[2]
- میر تەحسین بەگ، میری ئێزیدییانی کوردستان و جیهان رایگەیاند: کە هەموو دەنگ بە بەڵێ دەدەین بۆ سەربەخۆبوونی کوردستان.[2]
- ئەمڕۆ بەسەدان هاوڵاتی دانیشتووی شاری موسڵ دەستیان داوەتە خۆپێشاندان و دژایەتی خۆیان بۆ ریفراندۆمی هەرێمی کوردستان دەربڕیوە.[2]
- سەرۆکی، پارتی گەلی کۆماری تورکیا جەهەپە، رایگەیاند، ریفراندۆمی هەرێمی کوردستان، ململانێی کورد و عەرەب لە ناوچەکە

هەڵدەگیرسێنێت.[4]
- حەشدی شەعبی، هەنگاوی دووەمی قۆناغی یەکەمی ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی حەویجەی ڕاگەیاند.[2]
- ئەندامێکی داواکاری گشتی هەرێم داوا لەسەرۆکایەتی هەرێم دەکات بەجددی لەسەر کێشەی بۆردومانکردنی تورکیا بێتەدەنگ و ڕێگریی بکات لە بۆردومانکردنی خاکی هەرێم لەلایەن سوپای تورکیاوە.[1]
- لە میانەی دیمانەیەکدا لەگەڵ بەشی تورکی کەناڵی BBC یوسف محەمەد، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان رایگەیاند، بڕیاری ریفراندۆمەکە نایاساییە و بۆتە هۆی چەندین کێشەی گەورە ئەوەشی وت، پێویستە ریفراندۆمی سەربەخۆیی دوابخرێت.[1]
- سەرۆکوەزیرانی تورکیا جارێکی دیکە گشتپرسیی بۆ سەربەخۆیی باشووری کوردستان ڕەتکردەوە و رایگەیاند، هەڵەیەکی گەورەیە و کێشە بۆ برایانمان لە گەلی کورد دروست دەکات و بە بارزانیمان گوتووە پاشگەزببێتەوە.[5]
- کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان رایدەگەیەنێت یەکەمین هاوڵاتی کوردستان لە وڵاتی چین دەنگی بۆ ریفراندۆمی هەرێمی کوردستان دا.[2]
- ئەنجوومەنی ئاسایشی تورکیا هەڵوێستی لەبارەی گشتپرسیی باشووری کوردستان بۆ سەربەخۆیی ڕاگەیاند و وەک چاوەڕوان دەکرا ڕەتیدەکاتەوە.[5]
- بەشێک لە هاوڵاتیانی شیلادزێ سەربە دهۆک لە بادینان خۆپیشاندانێکیان دژی بۆردوومانەکانی سوپای تورکیا ئەنجامدا.[3]
- ڕابون مەعروف وتەبێژی جوڵانەوەی نەخێر لە ئێستادا لە دواهەمین ڕۆژی بانگەشەی ڕیفراندۆم، کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیی ئەنجامدا و وتی: دەنگدان بە بەڵێ دەنگدانە بە 26 ساڵ زوڵم و ستەم.[3]
- لە دوو کات و شوێنی جیاوازدا، کاتژمێر 6:30 لە سەکۆی ئازادی لە پارکی ئازادی و کاتژمێر 8:30 لە شانۆی پارکی هەواری شار لە شاری سلێمانی، پەیرەوانی بەهایی لە شاری سلێمانی، چالاکییەکی هونەرییان ئەنجام دا، وەکودەستپێکێک بۆ بەڕیوەبردنی کۆمەڵێک چالاکی لە یادی دووسەدەمین ساڵەی لەدایکبوونی ڕێبەرەکەیان کە بە بەهائوڵلا ناسراوە.[3]
رۆژئاوای کوردستان
- ئەمڕۆ هەڵبژاردنی هاوسەرۆکایەتی کۆمۆنۆکان لە رۆژئاوای کوردستان بەڕێوەدەچێت.[2]
- ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستانی سوریا - ئەنەکەسە، هەڵبژاردنی شارەوانیەکانی رۆژئاوای کوردستان بایکۆت دەکات، ئەندامێکی ئە و ئەنجومەنەش دەڵێت، هەڵبژاردنەکە هیچ شەرعیەتێکی نیە و تەنیا پەیەدە و نزیکەکانیان بەشدارن.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏟 پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | 🔥 کەرکوک |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ موسڵ و دەشتی نەینەوا |

| | |
|---|---|
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ♖ هەولێر |
| Quick Respons Code: | |

🗄 سەرچاوەکان

[1] 📡 ماڵپەڕ | 🖇 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 22-09-2017

[2] ● دیارینەکراو | 🖇 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

[3] 📡 ماڵپەڕ | 🖇 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 22-09-2017

[4] 📡 ماڵپەڕ | 🖇 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 22-09-2017

[5] 📡 ماڵپەڕ | 🖇 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 22-09-2017


| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 22-09-2017 12:00:00 AM |
| ناوی تۆمارکار: | بەڕێوەبەری سیستم |

---

بابەت: 264

**2017-09-23**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170923000000142395



باشووری کوردستان
- کوردستانییانی دەرەوەی باشووری کوردستان دەتوانن بەشێوەیەکی ئەلەکترۆنی لە ماڵپەڕی: https://www.e-voting.krd دەنگ بدەن.
- شەوی ڕابردوو لە کەناراوەکانی نێوان تورکیا و ڕۆمانیا یەختێکی پەنابەرانی باشوری کوردستان بە 70 سەرنشینەوە ژێر ئاو کەوت کە زۆرینەیان هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان بوون، بەگوێرەی زانیارییەکانیش تائێستا 40 کەس ڕزگارکراون 21 کەسی تر خنکاون.[1]
- شاندی باڵای هەرێمی کوردستان گەیشتە شاری بەغدا.[2]
- لە پەڕلەمانی کوردستان دەستلەکارکێشانەوەی (بەیار دۆسکی) لەفراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان خرایە دەنگدانەوە و دەستلەکارکێشانەوەکەی بە زۆرینەی دەنگی ئامادەبوان پەسەندکرا.[3]
- سوپاسالاری عێراق گەیشتە تورکیا و لەگەڵ سوپاسالاری ئەو وڵاتەدا کۆدەبێتەوە.[2]
- بینالی یڵدرم، سەرۆکوەزیرانی تورکیا سەبارەت بە هەڵوێستی وڵاتەکەی لەبەرامبەر هەرێمی کوردستان لەکاتی بەڕێوەچوونی ریفراندۆم گوتی: چوار بژاردە لە دژی بەڕێوەچوونی گشتپرسی لە باکووری عێراق دەگرینەبەر و گوتی: لەڕووی دیپلۆماسی، سیاسی، ئەمنی و ئابووری وەڵامی بەڕێوەچوونی گشتپرسی لە باکووری عێراق دەدەینەوە.[5]
- بەپێی میدیاکانی یەکێتی، بافڵ تاڵەبانی لەپەیامێکدا ئاماژەی بەوەکردووە، کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕێککەوتون. کە ئایندەی سیاسی کوردستان و گەلەکەیان پێویستی بە دانوستانی جدی هەیە لەگەڵ بەغدا. ئەوە لەکاتێکدایە میدیاکانی پارتی

دەڵێن، تائێستا هیچ رێککەوتنێک نەکراوە بۆ دواخستنی ریفراندۆم.[3]
- سوپای پاسدارانی ئێران تۆپبارانی گوندەکانی سنوری باڵەکایەتی دەکات.[2]
- ئەمڕۆ لە بینای بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی هەڵەبجە، بۆنەی تێپەڕبوونی 16ساڵ بەسەر شەهیدکردنی 43 پێشمەرگەی یەکێتی نشتیمانی کوردستان لەلایەن تیرۆریستانی جوندلئیسلامەوە لە گوندی خێڵی حەمەی سەر بەپارێزگای هەڵەبجە، مەراسیمێکی تایبەت بە و بۆنەیەوە بەڕێوە چوو.[4]
- ئێوارەی ئەمڕۆ کاتژمێر 4:00 لە شەقامی سالم (سەهۆڵەکە)ی شاری سلێمانی، بە دەستپێشخەریی ڕێکخراوی ژنانی گەنجی تێکۆشەر و بە بەشداریی تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگای کوردستان و رێکخراوی ژنانی ئازادی کوردستان (ڕژاک) و ژمارەیەک لە کەسایەتی و چین و تویژە جیاوازەکان، گردبوونەوەیەک بۆ شەرمەزارکردنی کۆمەڵکوژی شیلادزێ لەلایەن دەوڵەتی تورکەوە، ئەنجامدا.[4]
- ناوەندی سەربەخۆیی کوردستان لە سلێمانی، دژ بە بریارێکی ئەنجومەنی ئاسایش و هەڕەشەکانی حکوومەتی عەبادی بۆ پڕۆسەی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان، خۆپیشاندانێکی نارەزایەتیان ئەنجام دا.[6]
- دوای کۆتاییهاتنی کۆبوونەوەکانیان لەگەڵ شاندی کوردستان، نوێنەری شاندی هاوپەیمانی نیشتمانی (شیعەکان) لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەڤانیدا رایگەیاند بەداخەوە گفتوگۆکانمان لەگەڵ هەرێمی کوردستان هیچ ئەنجامێکیان نەبوو.. ئەگەر هەرێمی کوردستان گشتپرسی هەڵنەوەشێنێتەوە ئێمە ئامادەنین جارێکی دیکە گفتوگۆیان لەگەڵ بکەین.[5]
رۆژئاوای کوردستان
- ئۆپەراسیۆنی گەردەلوولی جزیرە بۆ ڕزگارکردنی ڕۆژهەڵاتی دێرەزۆر بەردەوامە و شەڕڤانانی ئەنجومەنی سەربازی دێرەزۆر زەبری قورس لە چەتەکانی داعش دەدەن، کاتژمێر 09:50 خولەکی سەرلەبەیانی کۆمپانیای عەزبە و کۆنیکۆ لە چنگی چەتەکان ڕزگار کرا.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏯 پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| 🏯 پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| 🏯 پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ سلێمانی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ هەڵەبجە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ پاوە (هەورامانی تەخت) |

Quick Respons
:Code

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-09-23
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-09-23
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 2017-09-23
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رووداو - 2017-09-23
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی باسنیوز - 2017-09-23

کاتی تۆمارکردن: AM 12:00:00 2017-09-23
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 265
**2017-09-24**
https://www.kurdipedia.org/?q=20170816214422142292


Security Message: Iraqi Kurdistan Region Referendum

Home | News & Events | Security Message: Iraqi Kurdistan Region Referendum

U.S. Embassy Baghdad cautions U.S. citizens in Iraq that there may be unrest if the Kurdistan Regional government carries out an independence referendum on September 25. U.S. Mission Iraq will temporarily limit personnel movements as a precautionary measure. In particular, U.S. citizens should avoid travel into and within territories disputed between the Kurdish Regional Government and the Government of Iraq.

As a reminder, U.S. citizens should maintain a heightened sense of security awareness and take appropriate measures to enhance their personal security at all times when living and working in Iraq.

باشووری کوردستان
- ئێران سنووری ئاسمانیی لەسەر باشووری کوردستان داخست.[2]
- ئەمشەو کۆبونەوەی جڤاتی نیشتمانی بزوتنەوەی گۆران بۆ دواپریار لەسەر پشتگیریکردنیان لە ریفراندۆم ئەنجامدرا و ئەندامێکی جڤاتەکەش رایگەیاند کە گۆران لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستاندایە، بەڵام دەنگدەرانیشی سەرپشک کردوە دەنگ بە بەڵێ دەدەن یان نەخێر.[2]
- کارگێڕی ئەنجومەنی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی رایدەگەیەنێت، کوردستان لە بارێکدایە کە بەرپرسان و پارتەکان دەبێت لە نێوان دوو بژاردەی زەرەردا ئەوەیان کە زەرەری کەمترە هەڵبژێرن.[1]
- باڵوێزخانەی ئەمریکا لەعێراق ئاگاداری هاوڵاتییەکانی لەهەرێمی کوردستان دەکاتەوە کە ئەگەر سبەی ریفراندۆم ئەنجامبدرێت لەوانەیە بارگرژی رووبدات، بۆیە پێویستە سەلامەتی خۆیان بپارێزن.[1]
- تۆپخانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە کاتژمێر 10ی بەیانی تا کاتژمێر 2ی دوای نیوەڕۆی ئەمڕۆ بە سەختی تۆپبارانی گوندەکانی بەربزین و سێوکان و بن پەرێزە و بەنێ و بنە ڕەشکین و چەند گوندێکی تری دەوروبەری کرد، لە ئەنجامدا تۆپێک لەنزیک خانوویماڵی هاوڵاتیەکیدا و بەهۆیەوە ژنێک بریندار بوو، هەروەها زیانی مادیش بەر ماڵی ژنەکە کەوت.[4]
- ئێران مانۆڕێکی سەربازی لەسنوری هەرێم دەستپێکرد.[2]
- وەفدێکی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە کەرکوکەوە سەردانی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەن و لەبارەی پرسی ریفراندۆم کۆدەبنەوە.[2]
- جەمال محەمەد، سوپاسالاری وەزارەتی پێشمەرگە رایگەیاند، لەشەڕی

کۆنترۆڵکردنی حەویجەدا پێشمەرگە هەماهەنگی سوپای عێراق دەکات لەدوو میحوەردا.[3]
- هێشتا کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن بۆ راپرسی لەناو سلێمانی پێداویستییەکانی بۆ بنکەکانی دەنگدان دابیننەکردووە، سەرپەرشتیاری بنکەکانیش دەڵێن پرۆسەی ئامادەکارییەکان زۆر بە سستی بەڕێوەدەچن.[1]
- حاکم قادر حەمەجان، کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ڕایدەگەیەنێت:بەبێ کەرکوک و ناوچە داپڕێنراوەکان ڕیفراندۆم بکرێت، ڕاگرتنی باشترە لە ئێستادا.[4]
- بەڕێوەبەری فرۆکەخانەی هەولێر ئەمرۆ راگەیاند کەمێک پێش ئێستا ئاگادارکراینەوە کە هەردوو کۆمپانیای فرۆکەوانی تورکیش ئێرلاین و ئەتڵەس گەشتەکانیان لە نێوان تورکیا و هەولێر راگرت.[1]
- وەزارەتی ئەوقاف و کاروباریی ئایینی داوا لە سەرجەم مزگەوت و پەرەستگاکان دەکات سبەینی بەدەنگی اللەاکبر و تەکبیر لێدانەوە پشتیوانی لەسەربەخۆیی کوردستان بکەن.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- کۆمیسیاری باڵای هەڵبژاردنەکانی باکوری سوریا سەبارەت بە ئەنجامی هەڵبژاردنی هاوسەرۆکانی کۆمۆنەکانی باکوری سوریا ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و ئاشکرای کرد کە ڕێژەی بەشداربوون 70٪ بووە.[4]
- شەڕڤانانی ئەنجومەنی سەربازی دێرەزۆر کە لەژێر چەتری هێزەکانی سوریای دیموکراتدایە، ئۆپەراسیۆنی گەردەلوولی جزیرە بۆ ڕزگارکردنی ڕۆژهەڵاتی دێرەزۆریان دەستپێکردووە، هەزاران هاوڵاتی دێرەزۆریان لە چنگی چەتەکانی داعش ڕزگارکرد.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏟 پارت / لایەن: ☪ کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان

🏟 پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

🏟 پارت / لایەن: 🕯 بزووتنەوەی گۆڕان

🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ سلێمانی

🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر

:Quick Respons Code


سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دوارۆژ - 24-09-2017

[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 24-09-2017

[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 24-09-2017

کاتی تۆمارکردن: PM 9:44:22 2017-08-16
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 266
**2017-09-25**
https://www.kurdipedia.org/?q=20170617000751140223



باکووری کوردستان
- هەپەگە ڕایگەیاند:هێزەکانمان لە هەنگاوی شۆرشگێرانەی شەهید نودەم و شەهید سەردەمدا، ڕۆژی 16ی ئەیلول لە گردی گارسیای سەربە سێرت چالاکییەکیان ئەنجامدا دژی هێزەکانی سوپای تورک، لەو چالاکییەدا سێ سەربازی تورک کوژران و دووانی دیکەش بریندار‌بوون.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- لە شارەکانی سنە و مەهاباد و شوێنەکانی تر بەبۆنەی ریفراندۆمی باشووری کوردستانەوە خەڵکی رژانە سەر جادەکان و ئاهەنگیان گێڕا.[1]
باشووری کوردستان
- رۆژی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی لە باشووری کوردستان.[1]
- بە تەقەی هێزەکانی حەشدی شەعبیی تورکمان لە خورماتوو پێشمەرگەیەک شەهید بوو و یەکێکی تریش بریندار.[1]
- عومەر سەید عەلی، رێکخەری گشتی بزوتنەوەی گۆران، ئەمڕۆ لە قوتابخانەی پیرەمەگرون لە سلێمانی بەشداری پرۆسەی ریفراندۆمی کرد و لە لێدوانێکدا بۆ رۆژنامەنوسان وتی: دەنگم بە بەڵێ دا.[1]
- ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئێراق بڕیاریدا بۆ داخستنی دەروازەکانی نێوان ئێراق و هەرێم، هەروەها داوای لە کۆمپانیاکانی نەوت کرد بۆ کشانەوە لە داپرێنراوەکانی باشووری کوردستان.[1]
- ئەردۆگان رایگەیاند: هەناردەی نەوتی هەرێم بۆ دەرەوە رادەگرین.[1]
- یەکەمین راپۆرتی چاودێرییکردنی بەڕێوەچوونی پرۆسەی ڕیفراندۆم بڵاوکرایەوە و بە پێی ڕاپۆرتەکە، کە لەلایەن تۆری شەمس-ەوە بڵاوکراوەتەوە، لە لە چەندین بنکەی هەولێر بەبێ دڵنیاکردنەوە لە هیچ ناسنامەیەک دەنگ دەدرێت و بانگەشەش بەردەوامە.[2]
- کۆسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی هەرێم رونکردنەوە لەسەر دەنگدان بە خوێن دەدات و دەڵێت دەنگدان بە خوێن ئەژمار ناکرێت.[3]
- وەزارەتی دەرەوەی ئێران ڕایگەیاند، ئێران سنورەکان لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا دانەخستووە، ئە و بەیاننامەشیان ڕەتکردەوە کەپێشوتر بەناوی وتەبێژی وەزارەتەکەیەوە بڵاوکرابووەوە.[3]
- هەندێک سەرچاوەی نافەرمی ئەوەیان راگەیاند کە رێژەی بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان ٪85 بووە.[1]
- سەرۆک وەزیرانی کەنەدا ڕایدەگەیەنێت، لای سەیرە کە وڵاتان دەستوەردەدەن لە بڕیارێک کە پەیوەندی بە کاروباری ناوخۆی وڵاتێکەوە هەیە، دەشڵێت وەک خۆی ڕێز لە ئەو پرۆسەیە دەگرێت کە کوردی ئەنجامیداوە.[3]
- زۆرێک لە راگەیاندنەکانی باشووری کوردستان لەجیاتیی هەرێمی کوردستان، زاراوەی باشووری کوردستان بەکاردێنن.[1]
- بەهۆی تەقەی خۆشییەوە لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان چەندین کەس بریندار‌بوون.[1]

- پارێزگاری کەرکوک لەکۆنفرانسێکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند لەئێستادا لەشارەکەدا قەدەغەی هاتوچۆی ئۆتۆمبیل راگەیەنراوە و دوای تەواوبوونی پرۆسەی دەنگدان لە ریفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمدا قەدەغەی هاتوچۆی گشتی رادەگەیەندرێت.[3]
- نرخی یەک بەرمیل نەوت گەییشتە 60 دۆلار و نرخی لیرەی تورکیش دابەزی.[1]
رۆژئاوای کوردستان
- فڕۆکە جەنگییەکانی ڕوسیا سەنگەرەکانی هێزەکانی سوریای دیموکرات لە دەوروبەری کۆمپانیای گازی کۆنیکۆی دێرەزۆر بۆردومان دەکەن.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK |
| 🏛 پارت / لایەن: | 🕯 بزووتنەوەی گۆڕان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ سلێمانی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ خورماتوو |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ♖ هەولێر |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ سێرت |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | 🔥 کەرکوک |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ سنە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ مەهاباد |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان

[1] ● دیارینەکراو | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 2017-09-25
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-09-25

کاتی تۆمارکردن: 2017-06-17 12:07:51 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 267
**2017-09-26**
https://www.kurdipedia.org/?q=20170926000000142398



باکووری کوردستان
- هەپەگە ڕایگەیاند: سوپای تورک ڕۆژی 20ی ئەیلول لە ئامەد ئۆپەراسیۆنێکی دەستپێکرد، 10 هەزار سەربازی تورک بەشداری ئەو ئۆپەراسیۆنە بوون، ئەو ئۆپەراسیۆنە ڕۆژی 23ی مانگ کۆتاییهات، ڕۆژی 22ی مانگ گەریلاکانمان لە لیجەی سەربە ئامەد یەکینەیەکی سوپای تورکیایان کردە ئامانج، لە ئەنجامی ئەو چالاکییەدا دوو سەربازی تورک کوژران، هەر ئەو ڕۆژە کاتژمێر 06:30 خولەکی ئێوارە لە هەمان شوێن چالاکییەکی دیکە دژی سوپای تورک ئەنجامدرا.[3]
باشووری کوردستان
- ئێران دەروازەی نێودەوڵەتی حاجی ئۆمەرانی بەڕووی باشووری کوردستان داخست.[1]
- وتەبێژی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ئاشکرایدەکات پارتی و یەکێتی خەریکی داڕشتنەوە و رێککەوتنن لەسەر نەخشەڕێگەیەک لەبارەی بەڕێوەبردنی دەسەڵات لە هەرێمی کوردستاندا.[2]
- وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا ڕایگەیاند، پشتیوانی ئەم ڕیفراندۆمەی هەرێمی کوردستان ناکەن، دەشڵێت بەردەوامن لە پشتیوانیکردنی سەروەریی و یەکپارچەیی خاکی عێراق. [2]
- گرووپی ئەندامانی پەرلەمانی بەریتانیا بەڕێوەچوونی پرۆسەی دەنگدان لە گشتپرسی باشووری کوردستان بە باشی و ئەرێنیان زانی و دەڵێن ئێمە پشتگیری لە رای خەڵک و مافی چارەی خۆنووسین دەکەین، دڵنیاتان دەکەینەوە کەوا بەریتانیا هاوپەیمان و دۆستی کوردە.[4]
- نووسینگەی فێدریکا مۆگرینی، بەرپرسی کاروباری دەرەوەی یەکێتیی ئەوروپا لەبارەی گشتپرسیی باشووری کوردستان لە لێدوانێکدا رایگەیاند: یەکێتیی ئەوروپا داوا لە هەموو لایەک دەکات ئارامبن و دان بەخۆدا بگرن.
بەرپرسی کاروباری دەرەوەی یەکێتیی ئەوروپا داوا لە هەولێر و بەغدا دەکات پابەندبوونی خۆیان بۆ چارەسەرکردنی کێشە سیاسی و ئابوورییەکان لەڕێگەی گفتوگۆی بنیاتنەر و ئاشتییانە نوێبکەنەوە.[4]
- پەرلەمانتارێکی عەرەب داوا لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق دەکات، ئە و پەرلەمانتارە کوردانە دەربکرێن کە بەشدارییان لە پرۆسەی ریفراندۆمی هەرێمدا کردووە، پەرلەمانتارێکی کوردیش دەڵێت: ناتوانن ئە و کارە بکەن، ئەگەر زۆریان پێخۆش نییە، ناگەڕێینەوە بۆ بەغدا.[5]
- شیروان زرار وتەبێژی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و ڕاپرسی هەرێم بەتۆڕی هەواڵی سلێمانی ڕاگەیاندووە، "ژمارەیەک گرتەی ڤیدیۆو وێنە لەتۆڕەکانی کۆمەڵایەتی بڵاوکراونەتەوە تایبەت بەساختەکاری لەکاتی دەنگدان بۆ سەربەخۆیی باشوری کوردستان، بەڵام تائێستا هیچ بەڵگەیەکی ڕاستی لەسەر ئە و ساختەکاریە دەست کۆمسیۆن نەکەوتوە و ئێمەش بەداواچون دەکەین لەوبارەیەوە".[6]
- وەزیری دەرەوەی تورکیا رایدەگەیەنێت، کێشەی سەرەکی بارزانی ئەوەیە خۆی لە پۆستی سەرۆکایەتیدا بمێنێتەوە دەشڵێت، ئەگەر داوایان لێبکرێت ئامادەن بۆ دەستێوەردانی سەربازی.[2]
- لە کاتژمێر 6:00ی ئێوارەی ئەمڕۆوە چەکدارانی داعش هێرشێکی فراوانیان دەستپێکردووە بۆ سەر سەنگەرەکانی حەشدی شەعبی لەنزیک زەرگە لە خورماتوو.[2]
- مەسعود بارزانی رایگەیاند، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دڵنیا دەکەینەوە کە ئێمە لە ئێستاوە ئامادەی گفتوگۆی جددین بۆ چارەسەر کێشەکان لەگەڵ

بەغدا و تەئکیدیش دەکەینەوە کە ئێمە بژاردەی ئاشتیمان لەگەڵ هەموو لایەک هەڵبژاردووە.[7]
ڕۆژئاوای کوردستان
- چەتەکانی داعش بەمەبەستی تێکشکاندنی گەمارۆی سەریان لەلایەن شەڕڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکراتەوە، هێرشیان کردە سەر خاڵەکانی شەڕڤانان، بەڵام شەڕڤانان هێرشەکەیان تێکشکاند.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| 🏛 پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK |
| 🏛 پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| 🏛 پارت / لایەن: | حەشدی شەعبی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ خورماتوو |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ چۆمان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◉ ئامەد |
| Quick Respons Code: | |


سەرچاوەکان
[1] ●دیارینەکراو | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 26-09-2017
[3] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 26-09-2017
[4] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 26-09-2017
[5] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی تۆڕی هەواڵی سلێمانی - 26-09-2017
[6] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژانە هەواڵ - 26-09-2017
[7] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 26-09-2017


| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2017-09-26 12:00:00 AM |
| ناوی تۆمارکار: | بەڕێوەبەری سیستم |

---

بابەت: 268
**2017-09-27**
https://www.kurdipedia.org/?q=20170927000000142399



باکووری کوردستان
- هێزێکی تورک ویستی لە باکووری کوردستانەوە بەرەو باشوور بێت و بەهۆیەوە پێکدادان لەنێوان ئەوان و پەکەکەدا لە ناوچەی بارزان روویدا و چەند سەربازێکی تورک کوژران.[1]
باشووری کوردستان
- ریفراندۆم و پەیوەندیی نێوان باشووری کوردستان و ئێراق بووەتە رۆژەڤی زۆرینەی کەناڵە جیهانی و ناوخۆییەکان و پەیوەندیی باشوور و ئێراقیش سات بە سات ئاڵۆزتر دەبێت.[1]
رۆژئاوای کوردستان
- پارتی یەکێتی دیموکراتی (پەیەدە) بە دروشمی لە ڕۆژئاوای ئازادەوە بەرەو فیدراڵیی سوریای دیموکرات، حەوتەمین کۆنگرەی خۆی بەڕێوەدەبات.[1]

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ●دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن


| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2017-09-27 12:00:00 AM |
| ناوی تۆمارکار: | بەڕێوەبەری سیستم |

---

بابەت: 269

**2017-09-28**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170928000000142400




باشووری کوردستان
- کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، ئەنجامی ریفراندۆمەکەی باشووری کوردستانی بڵاوکردەوە و رێژەی بەڵێ 92.7% بوو.[1]
- سەرۆکی دەستەی ناوچە داپراوەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، ئەگەر سوپای عێراق ناوچە داپراوەکان کۆنترۆڵ بکات ئەوا کورد 48% لە خاکی باشووری کوردستان لە دەست دەدات.[2]
- لەبارەی هەڵویست و کاردانەوەی بەغدا لەبەرامبەر ئەنجامدانی ریفراندۆم، مەسعود بارزانی دەڵێت کاردانەوەکان حەقیقەت و ناخی ئەوانەی دەرخست کە دژی مافەکانی خەڵکی کوردستانن و زمانی هەڕەشە بەکاردەهێنن.[1]
- باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە عێراق رایدەگەیەنێت کە لە رۆژی هەینییەوە گەشتە ئاسمانییەکان بۆ هەرێمی کوردستان رادەوەستن و داواش لە ئەمریکییەکان دەکات کە پلانی گەشتەکانیان بگۆڕن.[2]
- بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ڕیفراندۆمی باشووری کوردستان، سەرۆک کۆماری روسیا ڤلادیمێر پوتین گەیشتە تورکیا.[1]
- تەرمی پێنج کەس لەو 22 هاوڵاتیانەی باشوور گەیشتنەوە سلێمانی کە ڕۆژی 22ی ئەم مانگەدا لە دەریای ڕەشدا خنکابوون.[3]

ڕۆژئاوای کوردستان
- لە حەوتەمین کونگرەی پەیەدەدا هاوسەرۆکانی پێشوی پەیەدە، (سالح موسلیم و ئاسیا عەبدوڵڵا) دەستیان لە کارکێشایەوە و بەهەڵبژاردن (شاهۆز حەسەن و هێڤی مستەفا) کرانە هاوسەرۆکانی نوێی پەیەدە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏰 پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| 🏰 پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK |
| Quick Respons Code: | |

📄 سەرچاوەکان
[1] ●دیارینەکراو | 🖧 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] 📡ماڵپەڕ | 🖧 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-09-28
[3] 📡ماڵپەڕ | 🖧 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-09-29

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2017-09-28 12:00:00 AM |
| ناوی تۆمارکار: | بەڕێوەبەری سیستم |

---

بابەت: 270

## 2017-09-29

https://www.kurdipedia.org/?q=20170929000000142401




باکووری کوردستان
- بڕیاری زیندانیکردنی شەڤینچ بۆزان، هاوسەرۆکی شارەوانیی ئارتوکلوی سەربە مێردین دەرکرا.[5]
- ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی هەپەگە لەڕاگەیاندراوێکدا ئاشکرای کرد کە لە ئامەد ڕائیدێک دوو ئەفسەری دیکەی سوپای تورک لە بۆسەیەکدا کوژراوە.[5]
- کاژێر 16:00 دواهەمین فڕۆکە لە قاهیرەوە گەیشتە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی.[6]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بەڕێوەبەری شارەدێی سیدەکانی سەر بە شارۆچکەی سۆران ئاشکرای دەکات کە ئێران لەسەر سنوری ڕۆژهەڵات و باشوری کوردستان مانۆڕی سەربازی ئەنجامدەدات، ئاماژە بەوەشدەکات کە لە و مانۆڕەدا بە هیچ شێوەیەک خاکی باشوری کوردستانی نەبەزاندووە.[1]
باشووری کوردستان
- وتەبێژی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش ڕایگەیاند، ریفراندۆمی هەرێمی کوردستان بۆ سەربەخۆیی، کاریگەری لەسەر شەڕی داعش دروستکردووە، لەبەرئەوەی سەرنجی هێزە کوردی و عێراقییەکانی لاوازکردووە بۆ بەرەنگاربونەوەی ئە و ڕێکخراوە.[2]

- کاژێر 6ی ئێوارە ئاسمانی باشووری کوردستان بەڕووی فڕۆکەوانیی مەدەنی داخرا و لە هەردوو فڕۆکەخانەی هەولێر و سلێمانی هیچ جموجۆڵێکی فڕۆکەوانی نابینرێت.[4]
- ماوەی 3 رۆژە لە هەردوو خاڵی سنووریی باشماخ و پەروێزخان قەدەخەی هاتووچۆکردنی سووتەمەنی لەلایەن ئێرانەوە کراوە.[4]
- سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپای تورکیا بڵاویکردۆتەوە، شەوی رابردوو فڕۆکە جەنگییەکانیان بۆردومانی هەریەکە لەناوچەکانی (زاب و ئاڤاشین) یان کردووە لەناوچە سنوورییەکانی هەرێم بەمەبەستی ئامانج گرتن لەبنکەو بارەگاکانی پەکەکە.[3]
- مەرجەعیەتی شیعەکانی عێراق هەڵوێستی خۆی بەرانبەر بە ریفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان راگەیاند و جەختی کردەوە کە جیابوونەوەو پارچەپارچەکردنی عێراق دەرەنجامی خراپی لێدەکەوێتەوە.[4]
- وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ئاشکرای کرد کە کونسوڵخانەکەیان لە هەولێر بە کراوەیی دەمێنێتەوە.[4]
- وەزیری دەرەوەی ئەمریکا رایگەیاند: کە دان بە ریفراندۆمە یەکلایەنەکەی باشووری کوردستاندا نانێن.[4]
- ئێران ئامادەیی دەربڕی بۆ رادەستکردنی دەروازە سنوریەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئێران بە سوپای عێراق.[1]
- شەوی رابردوو ژنێکی کوردی خەڵکی شارەدێی زوممار، لە نەخۆشخانەیەکی پارێزگای دهۆک چوار کور و کچێکی پێکەوە دەبێت و باری تەندروستی منداڵەکان جێگیرە.[1]
- رۆژنامەی حەیات ئاشکرایکرد کە حکومەتی عێراقی داوای لە راوێژکارە بیانییەکانی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکات کە عێراق جێبهێڵن و کۆتایی بە کارەکانیان بهێنن ئەوەش وەک کاردانەوەک بۆ رۆڵی بینینیان لە ئەنجامدانی ریفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان.[1]
- بەرپرسێکی پێشمەرگە لەسنوری داقوق رایگەیاند، کەسێکی خانەوادەی حوسامەدین کاکەیی کە لەلایەن داعشەوە فڕێنرابوو ئازادکراوە و دەنگۆی ئازادبونی کورەکەشی لەئارادایە.[2]
- لە راگەیێندراوەکەی دەستەی دەروازە سنوورییەکانی عێراقدا هاتووە، رۆژی شەممە 30-09-2017، 3 کاروانی سەربازی دەچنە هەرێمی کوردستان بۆ وەرگرتنی دەروازە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان. لەبەرامبەردا حکومەتی هەرێمی کوردستان رەتیدەکاتەوە هیچ دەروازەیەکی سنووری رادەستی حکومەتی عێراق بکات.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏨 پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

🏨 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ ماردین

🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◉ ئامەد

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ سلێمانی

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ سۆران

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-09-29
[2] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-09-29
[3] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردیو - 2017-09-29
[4] ●دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[5] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-09-29
[6] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2017-09-29

کاتی تۆمارکردن: 2017-09-29 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 271
**2017-09-30**
https://www.kurdipedia.org/?q=20170930000000142371



باکووری کوردستان
- وێنەی دڕندەییەکانی سوپای تورک لە کوشتنی گەریلایەک-دا بەناوی کۆچەر دەڤریم بە ناسناوی جوما ئیمەن بڵاوکرایەوە.[1]
باشووری کوردستان
- پەرلەمانی باشووری کوردستان لەسەر پێشهاتەکانی ریفراندۆم و کێشەی باشووری کوردستان و ئێراق کۆبووەوە. هەردوو کۆمەڵی ئیسلامی و بزووتنەوەی گۆڕان بایکۆتیان کرد.[2]
- بزووتنەوەی ئیسلامی بەشداریی کۆبوونەوەی ئەمڕۆی پەرلەمان دەکات.[2]
- دەست لەکار کێشانەوەی هەردوو پەرلەمانتار فەخرەدین قادر و فەرهاد سەنگاوی لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان پەسەند کرا.[2]
- ئەندامێکی دەستەی مامۆستایانی ناڕازی لە شارۆچکەی سەیدسادق ڕایدەگەیەنێت، ئەگەر تا مانگێکی تر حکومەت داواکارییەکانی مامۆستایان جێبەجێ نەکات، ئەوا دەست بە خۆپیشاندان دەکەنەوە، مامۆستایەکیش دەڵێت:ئەگەر ئاوڕ لە بژێوی مامۆستایان نەدرێتەوە، ئەوا کەرتی پەروەردە لەناودەچێت.[1]
- وتەبێژی وەزارەتی گواستنەوە، و گەیاندنی هەرێمی کوردستان، ڕایدەگەیەنێت، دەنگۆی پرینی هێڵەکانی ئینتەرنێت لە هەرێمی کوردستان دوورە لە ڕاستییەوە، و بنەمای نییە.[3]
- خاوەن کۆمپانیاکانی فرۆکەوانی و گەشتیاری لە کوردستان، لەبەردەم ئۆفیسی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەولێر گردبوونەوەیەکیان ڕێکخست و، داوایان لە نەتەوە یەکگرتووەکان کرد گوشار بخاتە سەر بەغدا تاوەکو گەشتە ئاسمانییەکان لە کوردستان ڕانەگرێ.[4]

- ئەنجومەنی پارێزگای (زیقاڕ) بڕیاری دا نزیکەی هەزار هاووڵاتیی کورد کە لە بوارە جیاجیاکاندا کاریان کردووە، لە کارەکانیان دەرکران و ماوەی 48 کاتژمێریان بۆ چۆڵکردنی پارێزگاکە بۆ دانرا.[5]
- وەزیری بەرگریی بەریتانیا نامەیەک بۆ مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەنێرێت و دەڵێت: ئێستا کە گشتپرسی ئەنجامدراوە، داوا دەکەم لەگەڵ بەغدا دەست بە گفتوگۆ بکەن.[4]
- ڕۆژنامەیەکی تورکی نزیک لە پارتی دەسەڵاتدار ئاشکرایکرد، ئەنکەرە ڕەوانەکردنی داهاتی نەوتی هەرێمی بۆ هەولێر ڕاگرتووە.[6]
- وتەبێژی فەرمی حکومەتی عێراق ئاشکرای دەکات، هەنگاوی جدییان ناوە بۆ ئەوەی فرۆشتن و داهاتی نەوتی هەرێم و کەرکوک و هەموو ئە و کارانەی لە دەسەڵاتی فیدراڵیدان بگەڕێنەوە بۆ ژێر دەسەڵاتی حکومەتی ناوەند.[6]
- وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕەتیدەکاتەوە، پارەی فرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتی تورکیاوە ڕاگیرابێت و دەڵێت کڕیارەکان ڕاستەوخۆ پارەی هەرێم دەدەن و هاوڵاتیانی کوردستان دڵنیادەکەینەوە بەهیچ شێوەیەک پارەی فرۆشتنی نەوتی هەرێم ڕانەگیراوە.[6]
- بە هەزاران ئاوارە لە حەویجەوە ڕوو لە باشووری کوردستان دەکەن، ئەو ئاوارانە کە تازە لەژێر دەستی داعش ڕزگاریان دەبێت، داوادەکەن هەر لەژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە بمێننەوە.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- شەرڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات لە گەڕەکی کوردنشینی ڕەققە بەردەوامن لە پێشڕەوییەکانیاندا، لە ئەنجامی شەڕێکدا کە ئەمڕۆ لەو گەڕەکەدا ڕوویدا 13 چەتەی دیکەی داعش کوژران.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| 🏛 پارت / لایەن: | ☪ کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان |
| 🏛 پارت / لایەن: | 🕯 بزووتنەوەی گۆڕان |
| 🏛 پارت / لایەن: | ☪ بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان |
| 🏛 پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ سەیدسادق (شارەزوور) |
| Quick Respons :Code | |


سەرچاوەکان
[1] 📡ماڵپەڕ | 🖻 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 30-09-2017
[2] ●دیارینەکراو | 🖻 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

[3] 🖋ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-09-30
[4] 🖋ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رووداو - 2017-09-30
[5] 🖋ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی باسنیوز - 2017-09-30
[6] 🖋ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-09-30

کاتی تۆمارکردن: 2017-09-30 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 272

**2017-10-01**

https://www.kurdipedia.org/?q=20171001000000142466




باکووری کوردستان
- تەقاندنەوەی ئەشکەوتە مێژووییەکانی شاری حەسکیف لە باکووری کوردستان بەردەوامە کە کۆنترین ناوچەی نیشتەجێبوونە لە جیهاندا و مێژووەکەی بۆ 12 هەزار ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە.[3]
باشووری کوردستان
- ئەنجومەنی باڵای ریفراندۆم کۆبوویەوە و هەڵوەشاندنەوەی خۆی ڕاگەیاندو، دامەزراندنی ئەنجومەنی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان / عێراق،ی ڕاگەیاند.[5]
- بزوتنەوەی گۆڕان لەبارەی دروستکردنی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان-عێراقەوە، لە پەیامەکەیدا رایدەگەیەنێت سەرکردایەتی سیاسی کوردستان داش عێراق هیچ شەرعیەتێکی نیە و پشتیوانی یاسایی نیە.[6]
- لە کاژێر 10:30ی بەیانی ئەمڕۆ خۆپیشاندانی ژمارەیەک مامۆستا بەمەبەستی ناڕەزایی دەربڕین لەسیستمی پاشەکەوتی موچە لەبەردەم بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی ڕۆژئاوای سلێمانی دەستپێکرد و مامۆستایان مۆڵەتی یەک مانگ دەدەنە حکومەت.[1]
- وەزارەتی سامانە سرووشتییەکانی هەرێمی کوردستان رایدەگەیێنێت، بەغدا دەڵێت بەشی بودجەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان 460 ملیار دیناری عێراقییە و تەنیا ئامادەن ئەو پرە بدەن، بەڵام بودجەی مانگانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بریتییە لە 915 ملیار دیناری عێراقی.[3]
- ئەو 260 کۆچبەرەی کە لە هەرێمی کوردستانەوە چووبوونەوە تورکیا بۆ گەیشتنیان بە ئەوروپا، بەڵام سەرەتای مانگی ڕابردوو لەلایەن دەوڵەتی تورکەوە دەسگیرکران و ڕادەستی بەرەی نوسرە کران لە شاری ئیدلیب-ی سوریا، پاشانیش بە هاوکاریی ئاسایشی ڕۆژئاوا ڕزگارکران، گەیشتنەوە سلێمانی.[2]
- سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل ئە و دەنگۆیانە رەتدەکاتەوە کە گوایە ئیسرائیل پشتیوانی ریفراندۆمی کوردستانی و کارئاسانی لە و رووەوە کردبێت.[1]
- ئەمینداری گشتی حیزبوڵای لوبنان ریفراندۆمەکەی کوردستان بە بەشێک لە پیلانی ئەمریکا و ئیسرائیل بۆ دابەشکردنی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناودەبات.[1]
- ئاگرێک لە زانکۆی چەرمۆ کەوتەوە، سەرەتا سەنتەری توێژینەوەی زانکۆ ئاگریگرت، پاشان تەشەنەی سەند و ئاگرەکە گەورەبوو. سەرۆکی زانکۆی چەرمۆ باسی لەوە کرد کە ئاگرەکە بەشێکی زۆری زانکۆکەی سووتاندووە و

گوتیشی: 80%ی بەشی تاقیگەکانمان سووتاوە و زیانی ئاگرەکە بە نزیکەی 5 ملیۆن دۆلار دەخملێندرێت.[3]
- سەرۆکی لیژنەی کشتوکاڵ لە پەرلەمانی کوردستان رایدەگەیەنێت، کە حکوومەتی عێراق بە ئەنقەست پارەی گەنمی جووتیارانی کوردستان نادات.[4]
- مەسیحییەکانی هەرێمی کوردستان و دانیشتوانی دەشتی نەینەوا بە فەرمی پاڵپشتی خۆیان بۆ سەربەخۆیی کوردستان و جیابوونەوەیان لە عێراق ئاشکرا کرد و داواشیان کرد بگوازرێنەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان.[1]
- مەسعود حەیدەر پەرلەمانتاری گۆران لە پەرلەمانی عێراق لە لاپەڕەی فەرمی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک ئەمڕۆ نوسیویەتی ئێمە دەڕۆینەوە بۆ بەغدا و بەرگری لە مافەکانی گەلی کورد دەکەین.[1]
- کاتژمێر 6ی ئێوارەی ئەمڕۆ، بە مەراسیمی ڕۆیشتن لەسەر فەرشی سوور، دووەمین فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی سلێمانی لە شاری سلێمانی دەستپێپێکرد و بڕیارە حەوت ڕۆژ بخایەنێت.[2]
- یانەی دالکورد بە سوود وەرگرتن لە یەکسانبوونی یانەی برۆماپۆیکارنای رکابەری جێگەی خۆی لە پلەی یەکەمی خولی پلە یەکی سوێد بەهێزترکرد دوای ئەوەی سەرکەوتنێکی گرنگی بەسەر یانەی سیریانسکا بەدەستهێنا.[3]
- وەزیری گواستنەوە و گەیاندنن رایدەگەیەنێت لەمەودوا فڕین و نیشتنەوەی فڕۆکە جەنگییەکان و هاوکارییەکان بەردەوامدەبێت، ساڵی رابردووش 18 هەزار فڕین و نیشتنەوەی فڕۆکەی سەبازی هەبووە.[1]
- شاسوار عەبدولواحید، خاوەنی کۆمپانیای نالیا، لیستێکی بەناوی نەوەی نوێ ڕاگەیاند.[5]
ڕۆژئاوای کوردستان
- کۆبوونەوەی ڕاوێژی نەتەوەیی، بەدەستپێشخەری کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان لە ئاستی ڕۆژئاوای کوردستاندا بە ئامادەبوونی 200 بەشدار لە هەموو حزبە سیاسییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیی ڕۆژئاوای کوردستان دەستپێکرد.[2]
- لەمیانەی بەردەوامی شەڕ و پێکدادانەکاندا لەگەڕەکی کورد لەناو شاری ڕەقە، هێزەکانی سوریای دیموکرات 20 هاوڵاتیان ڕزگار کرد و 3 چەتەشیان بەدیل گرت.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| 🏛 پارت / لایەن: | 🕯 بزووتنەوەی گۆڕان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ چەمچەماڵ |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ موسڵ و دەشتی نەینەوا |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ سلێمانی |

Quick Respons
:Code

سەرچاوەکان
[1] 📡ماڵپەڕ | 🖼 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 01-10-2017
[2] 📡ماڵپەڕ | 🖼 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 01-10-2017
[3] 📡ماڵپەڕ | 🖼 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رووداو - 01-10-2017
[4] 📡ماڵپەڕ | 🖼 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی باسنیوز - 01-10-2017
[5] ●دیارینەکراو | 🖼 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[6] 📡ماڵپەڕ | 🖼 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 01-10-2017

کاتی تۆمارکردن: 01-10-2017 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 273
## 02-10-2017
https://www.kurdipedia.org/?q=20171002000000142467



باکووری کوردستان
- هێزەکانی پاراستنی گەل (هەپەگە)، کوژرانی 69 سەربازیی دەوڵەتی تورک لە ئاگری ڕادەگەیەنێت.[1]
- موراد قەرەیلان، ئەندامی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی پەکەکە، ڕایگەیاند، کە ئەگەر تورکیا هێرش بکاتە سەر خاکی باشور پەکەکە تەماشاکار نابێت و بەرگریی دەکات.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بەگوێرەی ئەو هەواڵانەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە گەیشتوون، ئیتلاعاتی ئێران ڕۆژانە دەیان کەس بە تۆمەتگەلی وەک بەدەستەوەگرتنی ئاڵای کوردستان، هەوڵدان بۆ تێکدانی ئاسایشی نەتەوەیی و ئاڵۆزکردنی ڕای گشتی دەستگیر دەکات.[4]
- سوپا سالاری ئێران و تورکیا پاش ئەوەی لە تارانی پایتەختی ئێران کۆبوونەوە ڕایانگەیاند، کە هاوکارییە سەربازییەکانی ئێران و تورکیا بەرفراوانتردەبێت.[4]
- سووپای ئێران، مانۆڕێکی سەربازی گەورەی لەسەر سنوورەکانی باشووری کوردستان لە نزیک خاڵە سنوورییەکانی سەیران بەن و باشماخ ئەنجامدا.[1]
باشووری کوردستان
- دوای ڕاوەستانی بۆ ماوەی 5 ڕۆژ، کارە بازرگانییەکان لە نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا دەستپێکردەوە.[1]
- پێش نیوەڕۆی ئەمڕۆ مەرزی نیودەوڵەتی باشماخ کە شارۆچکەی پێنجوێنی هەرێمی کوردستان و شاری مەریوان-ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەیەکەوە دەبەستێتەوە، داخرا.[4]

- ناسکە جەبار، ژنە کاکەییە رفێندراوەکە گەیشتەوە دەستی پێشمەرگە کە دوو مانگ پێش ئێستا چەکدارانی داعش هەڵیانکوتایە سەر خێزانەکەی مام حوسامەدین کاکەیی لە گوندی عەلوەت پاشای قەزای داقوق و 3 ئەندامی خێزانەکەیان کوشتن و کورێک و بوکێکیان رفاندن.[2]
- وەفدێکی حکومەتی هەرێم و دوو لیژنەی پەرلەمانی کوردستان کۆبوونەوە بۆ تاوتوێکردنی پرسی پاشەکەوتی موچەی فەرمانبەران.[3]
- لە هەرێمی کوردستان زەنگی دەستپێکردنی ساڵی نوێی خوێندن لێدرا و لە شاری سلێمانی-ش لە خوێندنگای سەرسەنگ یەکەم زەنگی دەستپێکردنەوەی ساڵی نوێی خوێندن لێدرا.[4]
- وەزارەتی دەرەوەی پاکستان، لە راگەیێندراوێکدا گشتپرسیی باشووری کوردستانی بۆ سەربەخۆیی بە پێچەوانەی دەستووری عێراق لەقەڵەمدا و رایگەیاند، ئیسلام ئاباد پشتگیری یەکپارچەیی و سەروەری خاکی عێراق دەکات.[5]
- لەسەر سوکایەتیکردن بە کوردستان، سەرۆکایەتی داواکاری گشتی هەرێمی کوردستان سکاڵای یاسایی لەسەر رۆژنامەی نەهاری عێراقی تۆمار دەکات.[2]
رۆژئاوای کوردستان
- سوپای تورک و چەتەکانی سەربە تورکیا، گوندی ئیسکا-یان لە سنووری کانتۆنی عەفرین تۆپباران کرد.[4]
- شەڕ و پێکدادانی نێوان شەڕڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات و چەتەکانی داعش لە ناوەندی شاری ڕەقەدا بەردەوامە و 12 چەتە کوژران، لەلایەکی دیکەشەوە شەڕڤانانی ئەنجومەنی سەربازی دێرەزۆر، لە باشوری شارۆچکەی سوەری سەربە دێرۆزۆر سێ کێڵگەیان ڕزگارکرد و 10 چەتەی داعشیشیان کوشت.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK
شار و شارۆچکەکان: ئاگری
شار و شارۆچکەکان: ○ ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: ○ قەسری شیرین
شار و شارۆچکەکان: ○ مەریوان
شار و شارۆچکەکان: ○ پێنجوێن
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ●دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-10-02

[3] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-10-02
[4] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-10-02
[5] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2017-10-02

کاتی تۆمارکردن: 2017-10-02 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 274

## 2017-10-03

https://www.kurdipedia.org/?q=20171003000000142468




باکووری کوردستان
- بەبۆنەی کۆچی دوایی جەلال تاڵەبانی سکرتێکری گشتی یەکێتییەوە، کۆمیتەی بەڕێوەبەریی پەکەکە ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوەو سەرەخۆشی لە گەلی کورد کرد.[3]
- یەکەم بەفری ئەم وەرزە لە کوردستان لە چیای مونزووری سنوری دێرسیم لە باکووری کوردستان کەوت. هاونیشتمان دەڵێن سەرسامن بەوەی بەفرەکە لەناکاو باریوە، چونکە ئەوان چاوەڕێی شتی وەها نەبوون.[4]
باشووری کوردستان
- مام جەلال لە ئەڵمانیا کۆچی دوایی کرد.[2]
- مەسعود بارزانی سەبارەت بە کۆچی دوایی مام جەلال رایدەگەیەنێت، هەڤاڵ و برا و پشتیوانێکی بەهێزم لەدەستدا، هاوکات یەک هەفتە ماتەمینی گشتی لە هەرێم راگەیاند.[2]
- ئاڵای کوردستان لەسەر شاخی گۆیژە بۆ ماتەمینیی کۆچی دواییی مام جەلال کوژێنرایەوە.[2]
- بەبۆنەی کۆچی دوایی مام جەلالەوە ڤیستیڤاڵی نیودەوڵەتیی سینەما لە سلێمانی، کارەکانی وەستاند.[2]
- بێگەرد تاڵەبانی، ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان راگەیاند، رۆژی پێنجشەممە تەرمی مام جەلال دەهێندرێتەوە سلێمانی.[2]
- هێزەر ناوێرت، گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا رایگەیاند: هاوخەمی خۆمان و گەلی ئەمریکا بۆ کۆچی دوایی جەلال تاڵەبانی دەردەبڕین.[2]
- وەزارەتی گواستنەوەی عێراق بڕیاری پێکهێنانی ژورێکی ئۆپراسیۆنیدا بۆ گواستنەوەی گەشتیاران لە هەردوو فڕۆکەخانەی هەولێر و سلێمانیەوە بۆ فڕۆکەخانەی بەغدا بەمەبەستی گەشتکردنیان بۆ دەرەوەی وڵات.[1]
- کوتلە سەرەکییەکانی پەرلەمانی عێراق داوای دادگایکردنی پەرلەمانتارانی کورد دەکەن و رێگە نەدرا پەرلەمانتارانی کورد لە دانیشتی ئەمڕۆی پەرلەماندا ئامادەبن.[1]
- بزووتنەوەی گۆڕان (محەمەد تۆفیق رەحیم)ی کاندیدکردووە بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم.[2]
- کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی ناوی محەمەد تۆفیق رەحیم-ی وەکو کاندید بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان قبوڵ نەکرد، لەبەرئەوەی لە وادەی دیاریکراودا داواکاریی پێشکەش نەکردووە.[2]
رۆژئاوای کوردستان
- لە میانەی شەڕ و پێکدادانەکانی شەوی ڕابردوو و سەرلەبەیانی ئەمڕۆدا،

لە دوو گەڕەکی شاری ڕقە 13 چەتەی داعش کوژران کە تەرمی پێنجیان کەوتە دەست شەڕڤانان.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏛 پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
🏛 پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
🏛 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] 📡 ماڵپەڕ | 🖧 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-10-03
[2] ● دیارینەکراو | 🖧 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🖧 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-10-03
[4] 📡 ماڵپەڕ | 🖧 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2017-10-03

کاتی تۆمارکردن: 2017-10-03 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 275
**2017-10-04**
https://www.kurdipedia.org/?q=20171004000000142469




باکووری کوردستان
- لە ئەنجامی چالاکییەکی گەریلاکانی هێزەکانی پاراستنی گەل (هەپەگە)، لە شارۆچکەی گەڤەری سەربە جولەمێرگ چوار سەربازی دەوڵەتی تورک کوژران و چوار سەربازی دیکەش بریندار بوون.[3]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک) لەسەر کۆچی جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، پەیامێکی سەرەخۆشیان ئاڕاستەی مەکتەب سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کرد.[2]
باشووری کوردستان
- بەبۆنەی کۆچی دوایی مام جەلالەوە لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی باشووری کوردستان پرسە دانرا.[2]
- وەک نیشانەی ڕاگەیاندنی ماتەمینیی، لە پارێزگای سلێمانی ئاڵای عێراق و کوردستان تا نیوە هێندرانە خوارەوە.[2]
- پەرلەمانی عێراق بەهۆی کۆچی دوایی مام جەلال کۆبوونەوەکانی دواخست.[2]

- لاریجانی، سەرۆکی پەرلەمانی ئێران بۆ نیشاندانی هاوخەمی خۆی بۆ کۆچی دوایی مام جەلال ڕەشی پۆشی و لە وتارێکیشدا ڕایگەیاند، لە سەردەمی حوکمی خۆیدا باشترین پەیوەندی لەگەڵ سەرۆک کۆماری وڵاتەکەیدا هەبووە.[1]
- یان کۆبیچ نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری عێراق، ئاماژەی بۆ ئەوەکردووە کە سەرۆک مام جەلال سیمبولی مێژوویی لە تێکۆشان بوو لە پێناو مافی گەلان و جگە لەوەی بەرگریکارێکی سەرسەختی مافەکانی کورد بوو بۆ مافی گەلانیش تێدەکۆشی هەموو کات دژ بە دیکتاتۆریەت بوو لە پێناو دیموکراسی و دەنگێکی پێشەنگیش بوو لە میانڕەویی و دیالۆگ و لێکتێگەیشتن و ڕێزگرتنی هاوبەش لە سیاسەتی هاوچەرخ لە عێراقدا.[1]
- ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆک کۆماری تورکیا لەگەڵ وەفدێکی باڵا گەییشتە تاران بۆ گفتوگۆکردن لەسەر پێشهاتەکانی باشووری کوردستان و دژایەتیکردنی ریفراندۆم.[2]
- حکومەتی عێراق سێ ڕۆژ پشوی راگەیاند، بەهۆی کۆچی دوایی مام جەلال-ەوە.[2]
- فەرماندەی ئۆپەراسیۆنەکانی حەویجە، دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی سەنتەری شارۆچکەی حەویجە و شارەدێی ڕیاز-ی راگەیاند.[2]
- تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان، دڵتەنگیی خۆی بەبۆنەی کۆچیی دوایی مام جەلال-ەوە نیشان دەدات و ڕایدەگەیەنێت:لە دەستدانی بەڕێزیان لەم دۆخە پڕ لە ئاڵۆزەی عێراق و کوردستاندا خەسارەتێکی گەورەیە.[2]
- دەستەی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان، ئاشکرایدەکات، بەهۆی کەم بوونەوەی ژمارەی گەشتیارانەوە بە تایبەت لە شارەکانی باشور و ناوەراستی عیراقەوە بۆ هەرێمی کوردستان، جموجۆڵی گەشتیاری لە ناوچە گەشتیارییەکانی هەرێم زۆر کەمیکردووە.[1]
- وتەبێژی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنی هەرێم رایدەگەیەنێت، تا لەگەڵ بەرپرسانی عێراق دەستنەکرێت بە دانیشتن و گفتوگۆ، هەرێم فڕۆکەخانەکان رادەستی عێراق ناکات و رێگەش بە تیمەکانیان نادرێت بێنە هەرێم.[1]
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی رەگەزنامەی هەرێمی کوردستان لە راگەیاندراوێکدا ئاشکرایکرد، مامەڵەی دەرهێنان و نوێکردنەوەی پاسپۆرت دەستیپێکردووەتەوە.[1]
- سەرۆک کۆماری روسیا لەمیانی وتەیەکیدا لە کۆڕبەندی ئابووری هەفتەی وزەی روسیدا ئەوەشی خستەڕوو، مۆسکۆ پەیوەندییەکی لەمێژینەی هەیە لەگەڵ کوردەکان. ئەوەشی وت ئابلۆقەی نەوتیی دژی هەرێمی کوردستان، دەبێتەهۆی بەرزبوونەوەی نرخەکانی نەوت لەجیهاندا، کە ئەوە بابەتێکی بێزراوە و کەس حەز بەوە ناکات.[1]
رۆژئاوای کوردستان
- سێ ڕۆژ ماتەمینی لە رۆژئاوای کوردستان راگەیەندرا.[2]
- لە ناو شاری ڕەقەدا شەڕێکی سەخت لە نێوان شەڕڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات و چەتەکانی داعش-دا بەڕێوەدەچێت و 11 چەتەی داعش کوژراون.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

🏛 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK
🏛 پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
🏛 پارت / لایەن: پارتی ژیانی ئازاد - پژاک
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🌢 کەرکوک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ جوڵەمێرگ
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] 📡ماڵپەڕ | 🖇 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-10-04
[2] ●دیارینەکراو | 🖇 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[3] 📡ماڵپەڕ | 🖇 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 2017-10-04
کاتی تۆمارکردن: 2017-10-04 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 276
**2017-10-05**
https://www.kurdipedia.org/?q=20171005000000142470



رۆژهەڵاتی کوردستان
- بەگوێرەی هەواڵی ئاژانسە هەواڵییەکانی ناوخۆی ئێران، شێرزاد حاجی زادە، فەرماندەی سوپای سەر سنووری ئێران لە شاری ماکۆی سەر بە پارێزگای ورمێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕایگەیاندووە، کە لە ماوەی 72 کاتژمێری ڕابردوودا 211 کۆڵبەر و کاسبکاریان لە ناوچە سنوورییەکانی ماکۆ دەستگیرکردووە، کە زۆربەیان ناسنامەی ئێرانییان نەبووە و بیانی بوون.[2]
باشووری کوردستان
- سەرۆک کۆماری تورکیا رایدەگەیەنێت، تورکیا و ئێران و عێراق پریارێکی هاوبەش دەربارەی راگرتنی نەوتی هەرێم دەدەن و دەشڵێت، کورد شەرعیەتی نیە لە کەرکوک.[1]
- فەرماندەیەکی پێشمەرگە ئاشکرایکرد، لەگەڵ پێشڕەوی هێزە سەربازییەکانی عێراق بەرە و سەنتەری شارۆچکەی حەویجە، بە دەیان چەکداری داعش خۆیان رادەستی پێشمەرگە کردووە و خەڵکانی بیانیشیان تێدایە.[1]
رۆژئاوای کوردستان
- شاندێکی کۆردیناسیۆنی سێ کانتۆنی ڕۆژئاوای کوردستان بە سەرۆکایەتیی عەبدولکەریم ساروخان، سەرۆکی ئەنجومەنی بەڕێوەبەریی کانتۆنی جزیرە بەمەبەستی بەشداربوون لە مەراسیمی بەخاکسپاردنی مام جەلال گەیشتنە سێمێلکا.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏨 پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
🏙 شار و شارۆچکەکان: 💧 کەرکوک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ ماکۆ
Quick Respons Code:

📚سەرچاوەکان
[1] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-10-05
[2] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-10-05

کاتی تۆمارکردن: 2017-10-05 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 277
**2017-10-06**
https://www.kurdipedia.org/?q=20171006000000142471



باشووری کوردستان
- تەرمی مام جەلال لە بەرلینەوە گەڕێندرایەوە بۆ سلێمانی.
- لە فڕۆکەخانەی سلێمانی ڕێزلێنان و مەراسیمی سەرۆکایەتی بۆ مام جەلال کرا.
- تەرمی مام جەلال برایە مزگەوتی گەورەی سلێمانی.
- بە بەشداریی دەیان هەزار کەس تەرمی مام جەلال لە مزگەوتی گەورەی سلێمانییەوە برایە دەباشان و لەوێ بەخاک سپێردرا.
- بەهۆی ئەوەی تەنها ئالای کوردستان، زمانی کوردی و مارشی ئەیرەقیب لە مەراسیمی ناشتنی مام جەلال تالەبانیدا بەکارهێنرا، تەنگژەی دیپلۆماسیی ئێراق و باشووری کوردستان ئاڵۆزتر بوو.[1]

Quick Respons Code:

📚سەرچاوەکان
[1] ●دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2017-10-06 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 278

## 2017-10-07

https://www.kurdipedia.org/?q=20171007000000142472



باشووری کوردستان
- بەڕێوەچوونی یەکەم ڕۆژی پرسەی مام جەلال لە شاری سلێمانی، پرسەی پیاوان لە یاریگای یانەی سلێمانی و پرسەی ژنانیش لە مزگەوتی ئەحمەدی حاجی عەلی بووە.[1]
- کۆبوونەوەی مەسعود بەرزانی سەرۆکی هەرێم، لەگەڵ هەردوو جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق ئەیاد عەلاوی و ئوسامە نوجەیفی لە شاری سلێمانی.[2]
- ئێراق بە فەرمی داوای لە هەردوو تورکیا و ئێران کرد کە خاڵە سنوورییەکانیان لەگەڵ باشووری کوردستان دابخەن.[1]

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-10-07

کاتی تۆمارکردن: 2017-10-07 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 279

## 2017-10-08

https://www.kurdipedia.org/?q=20171008000000142473




ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- 15 هاووڵاتی دەسبەسەر کراو بە بۆنەی کۆبوونەوەکانی پشتگیریی لە گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی کوردستان بە دانانی گرێو لە زیندانی مەهاباد ئازاد کران.[2]
باشووری کوردستان
- ڕۆژنامەی تورکیا بڵاویانکردۆتەوە، نێچیرڤان بارزانی دوای هەڵوێستە توندەکانی تورکیا بەرامبەر ریفراندۆمەکەی هەرێم و تێکچونی پەیوەندیەکانی هەردوولا، داوای باشکردنەوەی پەیوەندییەکانی کردووە.[1]
- قەیس خەزعەلی، ئەمینداری گشتی هێزەکانی عەسائیبی ئەهلی هەق لەمیانەی کۆبوونەوەیەکی عەشایەریدا لە نەجەف ڕایگەیاند هەوڵی دابەشکردنی عێراق پرۆژەیەکی ئیسرائیلییە و بە هێز کەرکوک لە کوردەکان دەسەنینەوە.[1]
- پرسەی مام جەلال لە زۆرێک لە شارەکانی ئەوروپا بەڕێوەچوو.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: حەشدی شەعبی

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ مەهاباد
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
:Quick Respons Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] 📡 ماڵپەڕ | 🖼 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-10-08
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🖼 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردپا - 2017-10-08
کاتی تۆمارکردن: 2017-10-08 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 280

## 2017-10-09

https://www.kurdipedia.org/?q=20171009000000142474



باکووری کوردستان
- گەریلاکانی هەپەگە لە دەڤەری بارزان و لە سنووری نێوان باکور و باشوری کوردستان جالاکییەکیان ئەنجامدا و زیاتر لە 20 سەربەزی دەوڵەتی تورکیان کوشت.[3]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- لە شاری بانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پرسەی مام جەلال سەرۆک کۆماری پێشووی عێراق و سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە بەشداری هاوڵاتیانی شارەکە و ئەندامانی شورای شار و چالاکە مەدەنییەکانی ئەو شارە بەڕێوەچوو.[1]
- پرسەی مام جەلال لە شاری مەریوان بەڕێوەچوو.[1]
باشووری کوردستان
- بەرپرسانی حکومەتی عێراقی پێشنیاری کۆنفیدراڵی بۆ هەرێمی کوردستان دەکەن بۆ دەربازبوون لە قەیرانی نێوانیان ئەوەش بەپێی راپۆرتێک کە رۆژنامەی شەرقولئەوسەت لە ژمارەی ئەمڕۆیدا بڵاویکردووەتەوە.[1]
- کۆبوونەوەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە خویندنەوەی بەیاننامەیەک بۆ کۆچی دوایی مام جەلال، دەستیپێکرد.[2]
- لە بەغدای پایتەختی عێراق، پرسەی مام جەلال بەڕێوە دەچێت.[2]
- حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق، سەرەڕای ئەوەی بۆ مەراسیمی هێنانەوە و بەخاکسپاردن و پرسەی مام جەلال نەهاتە سلێمانی و تەنیا نوێنەری نارد، ئەمڕۆش کە پرسی مام جەلال لە بەغدا دانرا، لەوێش بەشداری نەکرد.[4]
- ژمارەیەک خوێندکاری زانکۆکانی هەرێمی کوردستان لە سلێمانی گردبوونەوە و داوایان کرد ئەمساڵ بە ساڵی کەوتن ئەژمار نەکرێت و خوێندکار لەبەر وانەی لاوەکی نەمێننەوە.[3]
- ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتیمانی سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق، جەخت لەسەر جێبەجیکردنی بڕیارەکانی دژ بە هەرێم دەکاتەوە و

بڕیاریشیدا، کە تۆڕەکانی پەیوەندیی مۆبایل لە هەرێمی کوردستان بگوازنەوە بۆ بەغدا.[3]
- بەرپرسی میحوەری رۆژئاوای کەرکووکی پێشمەرگە رایگەیاند، بەرەبەیانی ئەمڕۆ داعش لە سنووری رۆژئاوای کەرکووک هێرشی کردووەتە سەر سەنگەرەکانیان، وەک وەک فێڵێکیش ئاڵای سپییان هەڵکردووە، بەڵام کە نزیکبوونەتەوە تەقەیان کردووە و لە ئەنجامدا 2 داعش کوژراون و پێشمەرگەیەکیش شەهید بووە.[4]
- وتەبێژی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و راپرسی هەرێم رایگەیاند، ئامادەکارییەکانیان بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆکی هەرێم بەردەوامە، تائێستا هیچ قەوارەیەک داوای دواخستنی ئەنجامدانی نەکردووە.[5]
- پارتی دیموکراتی کوردستان ڕەتیدەکاتەوە لەدوای کۆبونەوەکەی مەسعود بارزانی لەگەڵ جێگرانی سەرۆک کۆمارو سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران، نەرمی بەرامبەر بەغدا بنوێنێت و داوا لەپەرلەمانتارەکانیشیان کرابێت بەشداری لەدانیشتنەکانی پەرلەماندا بکەنەوە، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتیش لەئەنجومەنی نوێنەران ڕایدەگەیەنێت، "ئامادەنین بگەڕێینەوە و خۆمان سوک بکەین".[6]
- لە شاری دۆسلدۆفی ئەڵمانیا ئەمڕۆ کوردانی تاراوگە لەبەردەم کۆنسوولخانەی ئەمریکا کۆبوونەوە و لە بەرانبەر بڕیارەکانی حکوومەتی عێراق لەدژی هەرێمی کوردستان، ناڕەزایی خۆیان دەربڕی.[7]
- بەرپرسێکی دەروازەی ئیبراهیم خەلیل رایگەیاند، هاتوچۆی هاووڵاتیان و بازرگانان لە نێوان تورکیا و هەرێم ئاساییە و هیچ گورانکارییەک روونەداوە.[1]
- وتەبێژی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئە و دەنگۆیانە رەتدەکاتەوە کە دەڵێن یەکێتی داوای دواخستنی هەڵبژاردنی کردبێت و دەڵێت لایەنە سیاسییەکان کۆدەبنەوە بۆ ئەوەی بڕیار بدەن ئایا هەڵبژاردن لەکاتی خۆیدا بکرێت یان دوابخرێت.[1]
- کاتژمێر 11ی شەو، نارجۆکێک هەڵدرایە ناو بارەگای حزبی دەعوەی ئیسلامی، لە گەڕەکی تسعینی شاری کەرکوک.[3]
رۆژئاوای کوردستان
- شەڕ و پێکدادان لە گەڕەکە ناوەندییەکانی شاری رەقە لە نێوان سەرڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات و چەکدارانی داعشدا بەردەوامە، شەڕڤانان 46 هاوڵاتی دیکەیان لە چنگی چەتەکانی داعش رزگار کرد.[8]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| Quick Respons Code: | |

📚سەرچاوەکان
[1] 📡ماڵپەڕ | 🖇 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 09-10-2017
[2] ●دیارینەکراو | 🖇 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] 📡ماڵپەڕ | 🖇 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 09-10-2017
[4] 📡ماڵپەڕ | 🖇 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رووداو - 09-10-2017
[5] 📡ماڵپەڕ | 🖇 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 09-10-2017
[6] 📡ماڵپەڕ | 🖇 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژانە هەواڵ - 09-10-2017
[7] 📡ماڵپەڕ | 🖇 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی باسنیوز - 09-10-2017
[8] 📡ماڵپەڕ | 🖇 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی وێستگە - 09-10-2017

کاتی تۆمارکردن: 09-10-2017 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 281
## 2017-10-10
https://www.kurdipedia.org/?q=20171010000000142475



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، فەرهاد هادی، ڕۆژنامەنووس و سەرنووسەری هەفتەنامەی دەنگی کوردستان لە لایەن هێزەکانی ئیتلاعات لە شوێنی کارەکەی دەسبەسەر کرا و ناوبراویان بۆ شوێنێکی نادیار گواستەوە.[5]
- هێزە ئینتزامییەکانی حکوومەتی ئێران لە جاددەی نێوان شاری دیواندەرە - سەقز، ماشینی هاووڵاتییەکی کوردیان دایە بەر دەستڕێژ و لە ئاکامدا بوو بە هۆی بریندار بوونی دوو هاووڵاتیی کورد.[5]
- لە درێژەی تەقەی کردنی هێزەکانی حکوومەتی لە کۆڵبەرانی کورد، کۆڵبەرێکی خەڵکی شاری پیرانشار پێکرا.[5]
- ڕووناک ئاقایی خەڵکی شاری مەهاباد پاش 15 ڕۆژ بە دانانی گرێوی 200 میلیۆن تمەنی لە زیندانی ورمێ ئازاد کرا. ناوبراو بە تۆمەتی بەرز کردنەوەی ئاڵای کوردستان لە شایی و خۆشی هاووڵاتییانی کورد لە پرۆسەی سەرکەوتنی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەسبەسەر کرابوو.[5]
باشووری کوردستان
- وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبارەی بڕیارە نوێیەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی عێراق رادەگەیەنێت، بڕیارو سزاکانی حکومەتی عێراق بۆ سەر هەرێمی کوردستان شتێکی تازە نین و پێدەچێت بڕیاری تری بەدواوە بێت، بۆیە بەلای حکومەتی هەرێم بڕیارەکان نایاسایی و نادەستوورین.[1]
- پرسە بۆ کۆچی دوایی مام جەلال لە پەرلەمانی کوردستان لە شاری هەولێر بەڕێوەدەچێت.[2]
- بینالی یەڵدرم لە وتارێکیدا لە کۆبوونەوەی پەرلەمانتارانی پارتی داد و گەشەپێدان (ئەکەپە) وتی پرۆسەی مەشقپێکردنی هێزەکانی پێشمەرگەمان ڕاگرتووەو داواش دەکەین ئەنجامی ریفراندۆم هەڵبوەشێنرێتەوە.[1]

- نووسەر و گەڕیدەی بەناوبانگ کەریم زەند لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کرد.[2]
- ڕۆسنەفتی ڕووسی رایدەگەیەنێت، هیچ لایەنێک نایێتە کۆسپ لەبەردەمماندا، بەڵکو ئامادەکاری دەکەین بۆ دەستپێکردنی کارەکانمان لە هەرێمی کوردستان، هاوکات سەرۆکی لیژنەی نەوت و وزە لە پەرلەمانی عێراق و ئەندامێکی لیژنەی سامانە سروشتییەکان لە پەرلەمانی کوردستان رایدەگەیەنن، ئەگەر عێراق ڕێگریێت لە هەناردەکردنی نەوتی هەرێم، دەتوانرێت لەدادگا نێودەوڵەتییەکان سکاڵای لەسەر تۆمار بکرێت.[1]
- گوتەبێژی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق رایگەیاند، تاوەکو حکومەت و پەرلەمانی عێراق پێداچوونەوە بە بڕیارەکانیان دژی هەرێمی کوردستان نەکەن، فراکسیۆنەکەیان ناگەڕێتەوە بەغدا.[3]
- بە تۆمەتی ئەندام بوون و هاوکاریکردنی چەتەکانی داعش، هێزە ئەمنییەکان و هێزەکانی پێشمەرگە لە کەرکوک، 1300 کەسیان دەستگیرکردووە، سەرچاوەیەکیش دەڵێت: لەناو دەستگیرکراوان کەسە نزیکەکانی ئەمیرەکانی چەتەکانی داعش هەیە.[4]
- ئەمینداری گشتی وەزارەتی پێشمەرگە رایدەگەیەنێت، حکومەتی تورکیا هیچ هاوکارییەکی هێزەکانی پێشمەرگەی نەکردووە تاوەکو رایبگرێت، دەشڵێت، تورکیا هاوکاری هێزەکانی ئەسیل و ئوسامە نوجەیفی کردووە نەک پێشمەرگە.[1]
رۆژئاوای کوردستان
- شەوی رابردوو لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە لە ئۆپراسیۆنێکی تایبەتدا بە دەیان کەس لە زیندانەکانی داعش لە رەققە رزگارکران کە ناوی چەندین کوردیشی تێدایە، ئەمینداری گشتی وەزارەتی پێشمەرگەش دەڵێت دەبێت ئە و ناوانە لەگەڵ لیستی خۆمان بەراورد بکەین، بۆ ئەوەی بزانین ئایا پێشمەرگە دیلەکانی تێدا هەن یان نا.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏢 پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
🏢 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ دیواندەرە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ پیرانشار - خانە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ سەقز
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ ورمێ
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ مەهاباد
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♜ هەولێر
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-10-10

[2] ●دیارینەکراو | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 10-10-2017
[4] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 10-10-2017
[5] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردپا - 10-10-2017

کاتی تۆمارکردن: 10-10-2017 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 282

## 2017-10-11

https://www.kurdipedia.org/?q=20171011000000142476



باکووری کوردستان
- پارێزگای بەدلیس قەدەخەی هاتوچۆی لە 27 گوندی سنوورەکە تا کاتێکی نادیار ڕاگەیاند. لە ڕاگەیێندراوێکدا پارێزگاری بەدلیس قەدەخەی هاتووچۆی خستە سەر 27 گوند و 7 گەڕەکی سنوورەکە.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بەهمەن مورادنیا، کە کوردە و خەڵکی شاری بیجارە، وەک پارێزگاری، کوردستان (سنە) دەستنیشانکراوە، لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی ئێران-ەوە.[1]
- محەمەد مەهدی شەهریاری، سەرکونسوڵی ئێران لە ئەڵمانیا، کە لەدایکبووی شاری مانە و سملقانی پارێزگای خۆراسانی باکوورە، وەک پارێزگاری ورمێ دەستنیشانکرا. شەهریاری کوردی شیعەمەزهەبە، ئەوە یەکەمجارە لە دوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی ئێران، کەسێکی کورد دەکرێتە پارێزگاری ورمێ. پێشتر زۆربەی پارێزگارەکان، ئازەری بوون.[2]
باشووری کوردستان
- پەرلەمانی ئێران دانیشتنێکی داخراو لەسەر ریفراندۆمەکەی هەرێم بەبەشداری وەزیری دەرەوەی ئێران ئەنجامدەدات.[1]
- دادگای فیدراڵی عێراق وەڵامی پەرلەمانی عێراقی دایەوە دەربارەی ئەو پەرلەمانتارە کوردانەی دەنگیان بە ریفراندۆم داوە و رایگەیاند کاری ئەوان نییە.[3]
- ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، بەفرمانی ژمارە 4222 بەفەرمی دارایی هەڵەبجەی لە سلێمانی جیاکردەوە، بڕیاریشیدا بەکردنەوەی گەنجینەی سەربەخۆ و دامەزراندنی 14 فەرمانبەر و بەڕێوەبەرێک، بەو فرمانەش بەتەواو پەیوەندییە داراییەکانی هەڵەبجە لە سلێمانی جیاکرانەتەوە.[3]
- جێگری فەرماندەی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان، کۆتاییهاتنی ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی حەویجەی لەدەست داعش ڕاگەیاند.[1]
- وەزیری دەرەوەی ئێران، لەکۆبوونەوەی پەرلەمانی وڵاتەکەی رایگەیاندووە، تاران بە تاک لایەنە، دژی هەرێمی کوردستان، هیچ هەنگاوێک هەڵناگرێت.[4]
- بزوتنەوەی گۆڕان لە ڕێگەی کاندیدەکەیان بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم داوای ڕوونکردنەوە لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی هەرێمی کوردستان دەکات، بۆ یەکلاییکردنەوەی چارەنوسی کاندیدەکەی.[4]

- ئەنجومەنی باڵای سیاسی کوردستان رادەگەیەنێت، گەلی کوردستان ڕووبەڕووی ئابڵۆقە و سزادانی بە کۆمەڵ و هەڕەشەی بەکارهێنانی هێزکراوەتەوە، داواش لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکات سنوورێک بۆ ئە و هەڕەشە و سزایانەی حکومەتی عێراق دانێت.[3]
- دادگای باڵای عیراق فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ سەرۆک و ئەندامانی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و راپرسی لە هەرێم دەرکرد.[1]
- سەرۆکی ئەنجومەنی کۆمسیارانی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنی هەرێم رایدەگەیەنێت، ئەو بڕیارەی لەلایەن دادگای باڵای عێراقییەوە دژی سەرۆک و ئەندامانی کۆمسیۆن دەرکراوە، جیاوازی لەگەڵ بڕیارەکانی مەجلیسی قیادەی سەورەی سەردەمی رژێمی بەعس نییە.[3]
- لە دژی کردنەوەی خوێندنی پاراڵێلی پزیشکی ژمارەیەک لەخوێندکارانی زانکۆی پزیشکی هەولێر لەبەردەم وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی خۆپیشاندانێکیان ئەنجامداو داوای داخستنی خوێندنی پاراڵێلی دەرمانسازی زانکۆی ئیشق دەکەن.[3]
- لەبارەی لێدوانێکی عەبادی کە رایگەیاندبوو، پێویستە پێشمەرگە لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم خۆیان لە هێزە عێراقییەکان بەدووربگرن، وتەبێژی وەزارەتی پێشمەرگە ئاماژە بەوەدەکات، لەم قۆناغەدا لێدوانەکانی عەبادی پشتگوێدەخەن.[3]
- باڵیۆزی پێشووتری ئەمریکا لە عێراق، لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تویتەر ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە قاسم سولەیمانی، فەرماندەی قودسی ئێران فشاری خستووەتە سەر حەشدی شەعبی بۆ ئەوەی هێرش بکاتە سەر کەرکوک.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
شار و شارۆچکەکان: ○ سنە
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: ○ بەدلیس
شار و شارۆچکەکان: ○ سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: ○ هەڵەبجە
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان


[1] ●دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رووداو - 11-10-2017
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 11-10-2017

[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 11-10-2017

کاتی تۆمارکردن: 11-10-2017 12:00:00 AM

ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 283

## 2017-10-12

https://www.kurdipedia.org/?q=20171012000000142477



باکووری کوردستان

- پارێزگاری تورکی ئامەد، لە کاتژمێر 6:00ی سەرلەبەیانیی ئەمڕۆوە لە 15 گوندی سەربە شارۆچکەی فارقینی ئامەد قەدەغەی هاتووچۆی ڕاگەیاند هەتا کاتێکی نادیار.[1]
- سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ، حسامەدین زەندەرلیوغلو پەرلەمانتاری پێشووی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە)ی شاری بەدلیس، لە فڕۆکەخانەی ئەتاتورکی ئەستەنبۆل دەستگیرکرا.[1]
- تورکیا ئاشکرایدەکات، ئە و تانکانەی بۆ پشتیوانی یەکەکانی خۆیان لەسەر سەر سنووری عێراق رەوانەکرابوون گەیشتنە شارۆچکەی شەرناخ.[2]
- گەریلاکانی هەپەگە، دژی ئۆپەراسیۆنەکانی سوپای تورک لە دەڤەری بارزان و چەلێی سەر بە جولەمێرگ چالاکییان ئەنجامدا، لەو چالاکییانەدا شەش سەربازی تورک کوژران.[1]

باشووری کوردستان

- هێزەکانی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەردوو رێگەی سەرەکی هەولێر بۆ موسڵ و دهۆک بۆ موسڵیان بەشێوەیەکی کاتی داخست.[2]
- یەکێتی پەرلەمانتاران کوردستان داوا دەکات هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکایەتی هەرێم لە کاتی خۆیدا ئەنجام بدرێن و دوا نەخرێن و کاریش بۆ ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بکرێت تا بەشداربن.[2]
- وتەبێژی سەرۆکایەتی کۆماری تورکیا لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند، جارێکی دیکە دەڵێینەوە کە لەگەڵ یەکپارچەیی خاکی عێراقین و قۆناغ بە قۆناغیش تورکیا سونەرەکانی لەگەڵ باکوری عێراق دادەخات.[2]
- بریکاری وەزارەتی پێشمەرگە داوا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکات، رێگری لە جموجوڵی هێزەکانی حەشدی شەعبی و سوپای عێراق بکەن، چونکە هیچ نیازپاکییەک لە جموجۆڵەکانیاندا نابینن.[2]
- بافل تاڵەبانی لە ڕاگەیاندراوێکدا داوای دەستپێکردنی گفتوگۆی بێ مەرج و لە چوارچێوەی دەستوری عێراقدا دەکات، بە وتەی خۆی کە لەژێر چاودێری مام جەلال سەرۆک کۆماری پێشووی عێراقدا نووسراوەتەوە، پێشیوایە کە تەنها لەو ڕێگەیەوە دەتوانن هەموو مافەکانی گەل زامن بکرێت.[1]

رۆژئاوای کوردستان

- شەڕڤانانی ئەنجومەنی سەربازیی دێرەزۆر، کە لە ژێر چەتری هێزەکانی سوریای دیموکراتدا دەجەنگن، پێنج کیلۆمەتری دیکە پێشڕەوییان کرد و گورزی قورسیان لە چەتەکانی داعش دا.[1]
- داعش بە ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراو هێرشیان کردە سەر هاوڵاتییان لە خوارفیی سەر ڕێگای نێوان دێرەزۆر و حەسەکەدا و لە ئەنجامدا 43 کەس

بریندار بوون و نۆ کەسی دیکەش شەهیدبوون، دڵیشان ئیبش، ڕۆژنامەنووسی ئاژانسی هاوارنیوزیش یەکێکە لە شەهیدەکانی ئەو هێرشە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏟 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK
🏟 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP
🏟 پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◉ ئامەد
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ دهۆک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ موسڵ و دەشتی نەینەوا
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ شڕناخ
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 12-10-2017
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 12-10-2017

کاتی تۆمارکردن: 2017-10-12 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 284
**2017-10-13**
https://www.kurdipedia.org/?q=20171013000000142478



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- وەزارەتی خەزێنەی ئەمریکا سوپای پاسدارانی ئێرانی خستە نێو لیستی ئەو دامەزراوانەی بەر سزا ئابوورییەکانی دەکەون، لەمەودواش بە مادەی تیرۆر مامەڵەی لەگەڵدا دەکات.[3]
باشووری کوردستان
- ڕۆژنامەی (یەنی عەقد)ی نزیک لە ڕەجەب تەیب ئەردۆغان-ی سەرۆکی تورکیا، لە ڕاپۆرتێکیدا باس لەوەدەکات کە هەریەک لە موسڵ و کەرکوک بەشێکن لە موڵکەکانی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم، سوڵتانی عوسمانیەکان.[1]
- شەوی ڕابردوو بەهۆی جموجۆڵی چەند هێزێکی عێراقی لە نزیک سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە ناوچەکانی دەورووبەری کەرکووک، هێزێکی زۆری پێشمەرگە لە ئامادەباشی دابوون و ترسی پێدادان هەبوو.[2]
- جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان قوباد تاڵەبانی ڕایگەیاند،

جووڵەی هێزە عێراقییەکان بەرەو کەرکووک وێرانی لێدەکەوێتەوەو دەبێت ئەو پێشڕەویانە بووەستێندرێن.[3]
- وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەبارەی ڕەوشی کەرکوک و ناوچەکانی دەوروبەرییەوە ڕایگەیاند، ئەوان بەدڵنیاییەوە لە نزیکەوە چاودێری ڕەوشە دەکەن و هیوادارن توندوتیژی ڕوونەدات.[2]
- ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، هێزەکانی عێراق سێ کیلۆمەتر لە سەنگەرەکانی پێشمەرگە دوورن و بەپێی زانیارییەکان هێزەکان ویستوویانە دەست بەسەر کێڵگە نەوتییەکان و فڕۆکەخانە و بنکە سەربازییەکانی کەرکوکدا بگرن.[1]
- دوای چۆڵکردنی چەند ساترێکی هێزی پێشمەرگە لە میحوەری باشووری کەرکووک، ڤیدیۆیەکی ئەو هێزە عێراقیانە بڵاوبووەوە کە چوونەتە ئەو شوێنە و سووکایەتی بە ئاڵای کوردستان دەکەن.[3]
- مەسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت کە نائومێد بووە لەئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە هۆی هەڵوێستەکانیان بەرامبەر ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان.[1]
- بەڕێوەبەری شارەدێی تازەخورماتووی تورکماننشین ڕەتیکردەوە، هیچ هێزێکی عێراقی هاتبێتە سەنتەری شارەدێکە و گەشبینیشە بەچارەسەرکردنی کێشەکان لەرێگەی گفتوگۆوە.[1]
- بەرهەم ساڵح ڕایگەیاند کە سەرکردایەتیی کورد ڕازی بووە بە سڕکردنی ئەنجامەکانی ریفراندۆم.[2]
- بەهۆی هەڕەشەی گروپە توندڕەوەکانی شارۆچکەی خورماتووەوە، لەدوو رۆژی رابردوودا 14 خێزانی کورد ماڵەکانی خۆیان بەجێهێشتووە.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لە شەڕی نێوان شەڕڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات و چەتەکانی داعش لە گەڕەکەکانی ناوەندی ڕەقەدا 14 چەتەی داعش کوژران و 49 هاوڵاتیش لە چنگی چەتەکان ڕزگارکران.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: ○ خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: ○ موسڵ و دەشتی نەینەوا
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 13-10-2017
[2] ●دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رووداو - 13-10-2017
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 13-10-2017

کاتی تۆمارکردن: 2017-10-13 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

بابەت: 285

# 2017-10-14

https://www.kurdipedia.org/?q=20171014000000142479



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- لە زیندانی ناوەندی ورمێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پێنج ژنی زیندانیی بەهۆی پێشێلکارییەکانی بەڕێوەبەران و پاسەوانەکانی ئەو زیندانە بەرامبەر بە زیندانیانی بەندی ژنان، مانیان لە خواردن گرت.[3]
باشووری کوردستان
- ڕەوشی خورماتوو و باشووری کەرکوک هەر ئاڵۆزە و ئەگەری پێکدادان لەنێوان هێزی پێشمەرگە و حەشدی شەعبیدا هەیە.[2]
- دوای دروستبونی ئاڵۆزییەکان شەوی رابردووی نێوان پێشمەرگەو حەشدی شەعبی، بەپێی ڕێکەوتنێکی نێوانیان بۆ ماوەی 24 کاتژمێر شەڕ لە شاری دووزخورماتوو راگیرا.[4]
- چەند چەکدارێکی نەناسراو هەڵیانکوتایە سەر بارەگای سەرەکی کۆمپانیای کۆرەک تیلیکۆم لە شاری حیللە و کۆمەڵێک کارمەندیان رفاند، پاشان بارەگاکەیان تەقاندەوە.[1]
- سوپای عێراق لە سنووری کەرکووک پێشمەرگە ئاگاداردەکاتەوە و داوایان لێدەکات تاوەکو کاژێر 12:00 پاشەکشە بکەن. فەرماندەیەکی پێشمەرگەش دەڵێت هەر جوڵەیەک بکەن بەتووندی وەڵامیان دەدەنەوە.[1]
- بەرپرسی راگەیاندن و چاپەمەنی هێزەکانی پاراستنی گەل - هەپەگە رایدەگەیەنێت، لە ئەگەری ڕوودانی هەر حاڵەتێکی نەخوازراو، هێزەکانیان ئامادەن بەرگری لە خاک و خەڵکی کەرکوک بکەن.[4]
- سەرۆک وەزیرانی عێراق جەخت لەوەدەکاتەوە هەڵوێستی حکومەتی عێراقی بەرامبەر هەڵوەشاندنەوەی ئەنجامەکانی ڕیفراندۆم نەگۆڕاوە، دەشڵێت حکومەت بەردەوامدەبێت لە و بڕیارانەی کە لە و بارەیەوە داویەتی.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- شەرڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات گەڕەکی نەهزەی ناوەندی ڕەقەیان لە چنگی چەتەکانی داعش ڕزگارکرد، لە ئەنجامی شەڕی شەوی ڕابردوو بۆ ئێستا لە گەڕەکی نەهزەدا 23 چەتەی داعش کوژران.[3]
دەرەوی کوردستان
- بەستنی کۆنفرانسی گشتی 17 ەمینی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان لە شاری ئایندهۆڤن، هۆڵەندا[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
شار و شارۆچکەکان: ○ ورمێ
شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: ○ خورماتوو

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 14-10-2017
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 14-10-2017
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 14-10-2017

کاتی تۆمارکردن: 14-10-2017 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 286

## 2017-10-15

https://www.kurdipedia.org/?q=20171015000000142480



باشووری کوردستان
- حەیدەر عەبادی، سەرۆک وەزیرانی عێراق، مۆڵەتی تا کاتژمێر 2 و نیوی بەرەبەیانی ئەمڕۆی داناوە بۆ کشانەوەی پێشمەرگە و ڕۆیشتنی سوپای عیراق بۆ ناو کەرکوک.[2]
- سەرلەبەیانی ئەمڕۆ، سەعد حەدیسی، بەرپرسی نووسینگەی سەرۆکوەزیران لە لێدوانێکی تەلەفزیۆنیدا کە بۆ سکای نیوز ڕایگەیاند، کە هیچ مۆڵەتێک بە پێشمەرگە نەدراوە بۆ کشانەوەی لە کەرکوک.[2]
- پەرپرسێکی مەرزی نێودەوڵەتی پەروێزخان ئاشکرای دەکات، لە بەرەبەیانی ئەمڕۆوە کۆماری ئیسلامی ئێران بەڕەسمی مەرزی پەروێزخانی داخست، هەموو جۆرە ئاڵوگۆڕێکی بازرگانی و هاتوچۆی گەشتیاری راگرت.[1]
- لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە کاروباری بازرگانی لە مەرزی نێودەوڵەتی باشماخ راگیرا و تەنیا هاتوچۆی گەشتیاریی ئاساییە.[2]
- وەزارەتی دەرەوەی عێراق ڕایگەیاند، لەسەر داوای وەزارەتی دەرەوەی عێراق، ئێران دەروازە سنوورییەکانی نێوان وڵاتەکەی و هەرێمی کوردستانی داخستووە، هۆکارەکەشی بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم گەڕاندووەتەوە.[4]
- لیژنەی ئەمنی کەرکوک رایگەیاند کە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی هۆشداریداوە، هەرلایەنێک هێرش دەستپێبکات ئەوا هاوپەیمانان بۆردومانی دەکەن.[1]
- نێچیرڤان بارزانی رایگەیاند، نابێ ئێران داخستنی سنوورەکان وەک فشار بەکاربهێنێ، چونکە لە بەرژەوەندی کەسدا نییە و هیچ کێشەیەکیش چارەسەر ناکات.[3]
رۆژئاوای کوردستان
- 275 چەتەی داعش و خێزانەکانیان، کە هاوڵاتی سوریان، لە ناوەندی شاری ڕەقە خۆیان ڕادەستی شەڕڤانان کرد.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🕌 پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🌢 کەرکوک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ پێنجوێن
Quick Respons Code:

📄سەرچاوەکان
[1] 📡ماڵپەڕ | 🖧 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 15-10-2017
[2] ●دیارینەکراو | 🖧 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] 📡ماڵپەڕ | 🖧 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 15-10-2017
[4] 📡ماڵپەڕ | 🖧 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 15-10-2017

کاتی تۆمارکردن: 2017-10-15 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 287
## 2017-10-16
https://www.kurdipedia.org/?q=20171016000000142481



باکووری کوردستان
- سوپای تورک شەوی ڕابردوو لە چەلێی سەربە جولەمێرگەوە بەرەو باشوری کوردستان بەڕێکەوت و هێزەکانی لە خارەگۆلی باشوری کوردستان جێگرکرد، پاشان شەڕ لە نێوان گەریلاکانی هەپەگە و ئەو هێزانەدا ڕوویدا.[3]
باشووری کوردستان
- دوای ئەوەی حەشدی شەعبی بە جلوبەرگی پۆلیسی فیدراڵی و لیوای 5ی فیرقەی ئاڵتوونی عێراق بەرە و سەربازگەی کەیوان و مەکتەب خالید و فڕۆکەخانەی کەرکوک بەرێکەوتن لەنزیک پردی ناوچەی پیشەسازی لەلایەن هێزی کۆماندۆی پێشمەرگە رووبەروویان بونەوە بە و هۆیەوە شەڕوپێکدادان رویدا.[1]
- درەنگانی شەو، پارێزگاری کەرکوک رایگەیاند، پێشمەرگە لە خۆئامادەباشییدایە بۆ بەرگریکردن و داواشیکرد هەرکەس چەکی هەیە لە کەرکوک بێتە دەرەوە بۆ بەرگریکردن.[1]
- بەشێک لەهێزەکانی حەفتا کە پێکدێن لە هێزەکانی، جەعفەر شێخ مستەفا و کۆسرەت رەسوڵ، لەنزیک فڕۆکەخانەی سەربازی کەرکوک لەگەڵ حەشدی شەعبی لە شەڕدان.[1]
- سەرکردایەتی کردە سەربازییە هاوبەشەکانی سوپای عێراق لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند هێزە سەربازیی و ئەمنییەکانی عێراق توانیویانە چەند ناوچەیەکی سنوری کەرکوک لە دەستی پێشمەرگە کۆنترۆڵ بکەنەوە.[1]

- سەرچاوەیەک لە نەخۆشخانەی ئازادی کەرکوک بە دواڕۆژی ڕاگەیاند بەهۆی ئاڵۆزیی و ڕووبەڕووبوونەوەکانی نێوان پێشمەرگە و حەشدی شەعبی 36 پێشمەرگە بریندارببوون.[2]
- پێشمەرگە بە بێ شەڕ تەلوەردی چۆڵکرد.[1]
- ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان ڕاگەیێندراوێک لەبارەی ڕەوشی کەرکووک بڵاودەکاتەوە و ڕایدەگەیێنێ: هێزەکانی عێراق و حەشدی شەعبی سەر بە ئێران لە باشووری کەرکووک و تازەخورماتوو لە چەندین بەرەوە بە هامەر و چەکی ئەمریکی هێرشیان کردووەتە سەر پێشمەرگە، ژمارەیەک هامەریش تێکشکێندراون.[1]
- هێزەکانی حەشدی شەعبی بارەگا حکومییەکان و بارەی پارتە کوردییەکانیان لە خورماتوو کۆنترۆڵکردووە و پێشمەرگەش لە دەوروبەری شارەکە جێگیربوون.[1]
- وەزارەتی بەرگری ئەمریکا-پنتاگۆن، لەسەر ئاڵۆزییەکانی نێوان سوپای عێراق و چەکدارانی حەشدی شەعبی لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگە لە سنوری کەرکوک، ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و تیایدا داوای ڕاگرتنی توندوتیژییەکان دەکات.[1]
- لە سنووری داقووق لیواکانی 9 و 16 پێشمەرگە بارەگاکانیان چۆڵکرد و پاشەکشەیان کرد، بەڕێوەبەری ئاسایشی پارتیش لە شارۆچکەکە دەڵێت بەبێ هیچ شەڕێک ئەو دوو لیوایە بارەگاکانیان چۆڵکردوون و ئێستا تەنیا ئاسایش ماوە.[4]
- بەهۆی ڕەوشی نائاسایی کەرکوکەوە، خوێندنی قوتابخانەکان ڕاگیرا.[1]
- ئەیاد عەلاوی، جێگری سەرۆک کۆماری عێراق لەمیانەی چاوپێکەوتنێکی تەلەڤزیۆنیدا لەگەڵ کەناڵی سومەرییە ڕایگەیاند، مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان نامەیەکی بۆ نوسیم، منیش لای خۆمەوە ڕەوانەی عەبادی-م کرد کە تیایدا ڕەزامەندی نیشانداوە لەسەر دواخستنی گرتنەبەری هەر بڕیارێک دەربارەی ئەنجامەکانی ریفراندۆم.[2]
- شەڕەکەی کەرکوک نرخی نەوتی گەیاندە بەرزترین ئاست.[1]
- وەستا ڕەسوڵ، ڕایدەگەیەنێت، کە شەڕی ئێمە و عێراق شەڕێکی ئاگریی قورس و دەوڵەتی بوو، پێشمەرگە، شەڕی قارەمانانەی کرد و چەندین شەهید و بریندارمان هەیە، بەڵام بە کڵاشینکۆفەوە ناتوانێت دەبابە و ناقیلە تێکبشکێنێت.[3]
- بورهان ئەحمەد، فەرماندەی سریەی تایبەتی حیزبی شیوعی لە گەرمیان ڕایگەیاند، ئەمڕۆ 20 کادر و پۆلیسی حیزبەکەیان لەلایەن چەکدارانی حەشدی شەعبی و سوپای عێراقەوە لە خورماتوو بەدیلگیراون.[5]
- هێزەکانی حەشدی شەعبی لەدوو ناوچەوە چوونە ناو سنوری شاری کەرکوکەوە و لە چەند شوێنێک ڕووبەڕووبوونەوە دەستیپێکردووە.[1]
- خەڵکێکی زۆر کەرکوکیان جێهێشت و بەرەو سلێمانی و هەولێر کەوتنەڕێ.[1]
- هەردوو پارتی و یەکێتی یەکتری بە تاوانبار و خائین تۆمەتباردەکەن و کەوتنی کەرکوک و ناوچەکانی دەوروبەری دەخەنە ئەستۆی یەکتری.[1]
- سوپای عێراق گەیشتە نزیک شارەدێی جەلەولا.[1]
- وەزارەتی پێشمەرگە هەواڵێک لەسەر دەرکردن و بێبەریکردنی هێزەکانی 70ی یەکێتی لە وەزارەتەکەیان ڕەتدەکاتەوە.[1]
- وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت لەگەڵ وەزارەتی نەوتی عێراق ڕێککەوتووین، کە هەناردەکردنی نەوت نەوەستێت، بۆیە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان

هەناردەی نەوت راناگرێت.[2]
- حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق رایگەیاند ئەرکی سەرشانمە بەپێی دەستوور کاربکەم بۆ خزمەتکردنی هاونیشتمانیان و پاراستنی وڵات، کە تووشی مەترسیی دابەشبوون بووەیەوە بەهۆی سووربوون لەسەر ئەنجامدانی گشتپرسی لەلایەن دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان.[4]
- بەپێی راگەیەنراوێکی وەزیری ناوخۆی عێراق ئەمڕۆ، داوای لەسەرجەم هێزەکانی پۆلیسی ناو شاری کەرکوک کردووە کە پارێزگاری لە بەرپرسە سیاسییەکان و بارەگای پارتە سیاسییە کوردییەکان بکەن.[2]
- لاهور شێخ جەنگی ڕایدەگەیەنێت، ئەوەی بەسەر میللەتەکەماندا هاتووەو کەرکوک لەمەترسیدایە، لە بارزانی دەخوازێت دەست لەکار بکێشێتەوەو دەشڵێت: بەداخەوە 31ی ئایێکی تر بەسەر کەرکوک-دا هێنرا.[3]
- مەحمود سەنگاوی، ئەندامی سەرکرایەتی یەکێتی رایدەگەیەنێت: لەگەڵ سوپای عێراق ڕێککەوتین و بڕیارماندا بگەڕێینەوە بۆ پێش 10-06-2014 واتا پێش هێرشی داعش.[3]
- ڕاکان سەعید جبوری ڕایدەگەیەنێت ئەو خێزانانەی کەرکوکیان جێهێشتووە دەتوانن بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان بێئەوەی هیچ زیانێکیان پێبگات.[1]
- بە ئامادەبوونی هادی عامری و ئەبو مەهدی موهەندیس، سەرکردە باڵاکانی حەشدی شەعبی، ئاڵای عێراق لە باڵەخانەی پارێزگای کەرکووک هەڵکرا و ئاڵای کوردستان داگیرا.[1]
- ترێنت فرانکس کۆنگرێسمانی ئەمریکی لە چاوپێکەوتنێکیدا ڕایگەیاند پێویستە ئەمریکا بەشێوەیەکی جیاواز بیر لە کوردەکان بکاتەوە، لەبەرئەوەی کوردەکان هاوپەیمانێکی زۆر باشی ئەمریکا بوون لە شەڕی دژی داعشدا و هەوڵی زۆریاندا بۆ لەناوبردنی داعش لەکاتێکدا هیچ کەسێک یارمەتی نەدان، بۆیە من پڕوام وایە پێویستە ئێمە بیانپارێزین و هەر شتێک لەتوانامانداپێت بۆیان بکەین.[2]
- دۆناڵد ترەمپ رایگەیاند ئێمە ئاگاداری رووبەڕووبوونەوەکانین و پشتگیری هیچ لایەنێکیشیان ناکەین.[1]
- داعش گوندێک لە دوبز کۆنترۆڵدەکات.[1]
- ئێران و عێراق و هێزێکی زۆریان لە نزیک مەرزی نێودەوڵەتی حاجی ئۆمەران کۆکردۆتەوە، لەبەرامبەردا پارتی و حکومەتی هەرێمیش هێزێکی زۆری لەو سنورە بڵاوەپێکردوو.[2]
- نووری مالیکی، جێگری سەرۆککۆماری عێراق پیرۆزبایی کۆنترۆڵکردنی کەرکووک لە عێراقییەکان دەکات و دەشڵێت سوپاس و رێزم بۆ ئەو لایەنە کوردییانە هەیە کە سەلماندیان دژی دابەشبوونی وڵاتن.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK

پارت / لایەن: حەشدی شەعبی

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان

پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

شار و شارۆچکەکان: کەرکوک

شار و شارۆچکەکان: ○ خورماتوو

شار و شارۆچکەکان: ○ جوڵەمێرگ

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] ●دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-10-16
[3] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 2017-10-16
[4] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رووداو - 2017-10-16
[5] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 2017-10-16

کاتی تۆمارکردن: AM 12:00:00 2017-10-16
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 288
## 2017-10-17
https://www.kurdipedia.org/?q=20171017000000142482



باکووری کوردستان
- سوپای تورک لە خەرەگۆلی سەر سنوورە دەستکردەکانی نێوان باکور و باشوری کوردستان، دەستی بە ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆن کردبوو، دیسانەوە ڕووبەڕووی چالاکیی گەریلاکان بووەوە و لە ئەنجامدا 18 سەربازی دیکە کوژران.[3]
باشووری کوردستان
- حەشدی شەعبی شەنگالیان کۆنترۆڵ کرد و هێزەکانیان لەسەر چیای شەنگال نیشتەجێ کرد.[1]
- وەستا رەسوڵ کەرکوکی فەرماندەی میحوەری باشوری کەرکوکی هێزەکانی پیشمەرگە راگەیاند لە رووبەڕووبوونەوەی دوێنێی هێزەکانی پێشمەرگە لەگەڵ چەکدارانی حەشدی شەعبی 32 پێشمەرگە شەهید و 100ی دیکە بریندار بوون کە زۆرینەیان یەکێتی بوون.[1]
- بەرهەمی هەردوو کێڵگەی نەوتی ئاڤانا و بای حەسەن راوەستا.[1]
- پێشمەرگە لە مەخمور و گوێر پاشەکشە دەکات.[1]
- هێزەکانی سوپای عێراق و حەشدی شەعبی چوونە ناو سەنتەری شارۆچکەی خانەقینەوە.[1]
- ئەڵمانیا بڕیاریدا کە پرۆسەی مەشق کردن بەهێزەکانی پێشمەرگە رابگرێت ئەوەش بەهۆی ئەو ئاڵۆزیانەی کە لەماوەی دوو رۆژی رابردوودا رویداوە لەگەڵ سوپای عێراق.[2]
- راکان سەعید، پارێزگاری نوێی کەرکوک بەوەکالەت ئەمڕۆ لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند کۆبونەوەی بەڕێوەبەرانی فەرمانگە خزمەتگوزارییەکان ئەنجامدرا و جەخت لەسەر ئاساییکردنەوەی دۆخەکە کراوەتەوە و دەوامی فەرمانگەکانیش دەستپێدەکاتەوە. داواشیکرد دانیشتوانی کەرکوک بگەڕێنەوە بۆ شارەکەیان و سەر ماڵ و حاڵی خۆیان.[2]
- دەروازەی سنووریی پەرویز خان ڕادەستی هێزەکانی عێراق کرا.[1]

- بازاڕی کوردانی خورماتوو لەلایەن چەکدارانی حەشدی شەعبی سووتێندرا.[1]
- ئێوارەی ئەمڕۆ لەمیانەی کۆنترۆڵکردنی بەنداوی موسڵ لەلایەن هێزەکانی حەشدی شەعبی، لە میحوەری کەسکێ رووبەڕووبوونەوە لەنێوان پێشمەرگە و ئەو هێزەدا دروستبوو. لە ئەنجامدا دوو چەکداری حەشد کوژران و پێشمەرگەیەکیش گیانی لەدەستدا.[2]
- شێخ جەعفەر، فەرماندەی هێزەکانی حەفتا رایدەگەیەنێت، بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی پێشمەرگە لە کەرکوک و ناوچەکان بە مەبەستی پاراستنی ئارامی و ئاسایشی کەرکوک و رزگارکردنی ژیانی 10 هەزار پێشمەرگە بووە دەشڵێت، بە هێزەکانی هاوپەیمانانمان وت کە هاریکاریمان بکەن، بەڵام ئەوانیش پێیان وتین، باشترین شت ئەوەیە چۆڵی بکەین.[2]
- فازیل میرانی رایگەیاند: شانازی بە عێراقبوونی خۆم دەکەم، و هەولێریش شارێکی عێراقییە وەکو ناسریە و سەماوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏟 پارت / لایەن: | حەشدی شەعبی |
| 🏟 پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ موسڵ و دەشتی نەینەوا |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | 💧 کەرکوک |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ شنگال |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ مەخموور |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ خانەقین |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ خورماتوو |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان

[1] ●دیارینەکراو | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 17-10-2017
[3] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 17-10-2017

کاتی تۆمارکردن: 2017-10-17 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 289

**2017-10-18**

https://www.kurdipedia.org/?q=20171018000000142483



باشووری کوردستان
- گەنجێک لە کەرکوک ئاڵای ئێراقی لەسەر ئوتومبیلێکی سەربازیی ئێراقی هێنایەخوارەوە و بووە دەستپێکی دووبارە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە کەرکوک.[2]
- فەرماندەیەکی سەربازیی حزبی شیوعی لە شارۆچکەی خورماتوو ڕایدەگەیەنێت: سەرجەم پێشمەرگە دیلەکانمان لەلایەن چەکدارانی حەشدی شەعبییەوە ئازادکران.[1]
- لەباڵەخانەی پەرلەمای کوردستان، ڕێورەسمێکی ماتەمینی بۆ کۆچی دوایی شوان قەڵادزەیی، بەڕێوەدەچێت.[2]
- وەزیری دەرەوەی ئەمریکا پشتیوانی واشنتنی بۆ هەنگاوەکانی حکومەتی ناوەندی بۆ سەپاندنی دەسەڵات ڕاگەیاند و جەختی لەوەکردەوە کە ئەمریکا داننانێت بە ڕیفراندۆمی کوردستاندا.[2]
- وتەبێژی بزوتنەوەی نوجەبا رایدەگەیەنێت هیچ پرسێکی سیاسی نادەنە دەست ئە و کەسانەی ئارەزووی دابەشکردنی عێراقیان کردووە، دەڵێت دەبێت سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێش دانوستان، بە بۆنەی هەڵکردنی ئاڵای ئیسرائیل داوای لێبوردن لەگەلی عێراق بکات.[3]
- قائیمقامی شارۆچکەی پێنجوێن ڕایدەگەیەنێت: نووسراوێکی فەرمی گەیشتووەتە مەرزی باشماخ بۆ دانانی 20 فەرمانبەری عەرەب لە مەرزی باشماخ لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە ئەوەش بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی داهاتی مەرزەکە.[1]
- ژمارەیەک گەنجی خورماتوو دەچنە بەردەم مەکتەبی سیاسی یەکێتی لە سلێمانی بۆ ناڕەزایی دەرپرین لەبارەی بەدەستەوەدانی شارۆچکەکەیان.[2]
- بەڕێوەبەری پۆلیسی کەرکوک ئاشکرای دەکات، سبەی 19-10-2017 تەواوی هێزە عێراقییەکان لەناوشاری کەرکوک دەکشێنەوە و پۆلیس ئەرکی پاراستنی شارەکە دەگرێتەئەستۆ.[3]
- دادگای کارگێڕی بەغدا بڕیاری لابردنی نەجمەدین کەریمی لە پۆستی پارێزگاری کەرکوک پەسەند کرد.[2]
- ئاسۆ مامەند، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لەبارەی دۆخی کەرکوک رایگەیاند هەوڵدەدەن بە زوترین کات پارێزگارێکی نوێ بۆ کەرکوک دابنێین.[3]
- لەدوای ئەوەی دادگای ئیداریی عێراق دوورخستنەوەی نەجمەدین کەریم، پارێزگای کەرکوکی پەسەندکرد، فوئاد مەعسوم، سەرۆک کۆماری عێراق مەرسومی سەرۆکایەتی بۆ دەرکرد و دوورستنەوەکەی پەسەندکرد.[2]
- سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ، دەستەیەک چەکداری نەناسراو هێرشیان کردە سەر دوو گوندی گۆبەل و بۆریک لە شنگال، هاوڵاتییانی ئێزدی وەڵامی ئەو هێرشانەیان دایەوە و هێرشەکانیان تێکشکاند.[1]
- دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان بۆ کاتێکی نادیار دواخرا.[2]
- هێزێکی گەورەی حەشدی شەعبیی عەرەب چووەتە ناو شنگال و کێشەیان بۆ هاووڵاتییان دروستکردووە و قسە و رەفتاری زۆر ناشرین بەرامبەر هاووڵاتیانی کوردی ئێزدی دەکەن.[3]
- ئەنجومەنی کۆمسیاران بڕیاریدا بە ڕاگرتنی سەرجەم ڕێکارەکانی پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و سەرۆکی هەرێم.[2]
- ئەندامانی ئەنجوومەنی ئاسایش نیگەرانی خۆیان دەردەبڕن بەرامبەر بە راپۆرتەکانی ئەم دواییەی شاری کەرکووک و لە راگەیێندراوەکەیاندا داوایان لە هەولێر و بەغدا کردووە لە هەڕەشە و بەکاربردنی هێز دوور بکەونەوە.[2]

- شۆرش قادر کە لەسەر پشکی یەکێتی لە پۆستی نوێنەری حکومەتی هەرێم بوو لە وڵاتی سوید لە پەیجی تایبەتی خۆی لە تۆری کۆمەڵایەتی فەیسبووک ئاشکرایکردووە کە لە رێگەی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە حکومەتی هەرێمی کوردستانی ئاگادار کردووەتەوە لەوەی کە دەستی لە پۆستەکەی کێشاوەتەوە.[2]
- هێزەکانی ئەمریکا کە لە مەخموور بوون، لە شوێنی خۆیان کشانەوە بەرەو هەولێر، لەگەڵ کشانەوەیاندا بارەگاکانی خۆیان تەقاندەوە.[1]
- یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بەرەسمی پاڵیوراوی خۆی بۆ پارێزگاری نوێی کەرکوک دیاریکرد کە رزگار عەلی ئەندامی مەکتەبی سیاسی ئەو حزبەیە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏟 پارت / لایەن: | ☭ حزبی شیوعی کوردستان |
| 🏟 پارت / لایەن: | حەشدی شەعبی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | 🔥 کەرکوک |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ شنگال |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ خورماتوو |
| Quick Respons Code: | |


سەرچاوەکان
[1] 📡ماڵپەڕ | 🖙 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 18-10-2017
[2] ●دیارینەکراو | 🖙 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[3] 📡ماڵپەڕ | 🖙 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 18-10-2017


کاتی تۆمارکردن: 2017-10-18 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 290

**2017-10-19**

https://www.kurdipedia.org/?q=20171019000000142484




باکووری کوردستان
- بەهۆی ئۆپەراسیۆنێکی سوپای تورک لە شارۆچکەکانی سەربە ئامەد، لە 16 شارەدێ و دەیان گوندی ئەو پارێزگایە قەدەغەی هاتوچۆ ڕاگەیەندرا.[4]
باشووری کوردستان
- پاش ئەوەی حەشدی شەعبی لە هەندێک لە ناوچە داگیرکراوەکان کشایەوە، لە خانەقین و کەرکوک ئاڵای کوردستان هەڵکرایەوە.[1]
- ئێوارەی ئەمڕۆ لە خۆپیشاندانی هاوڵاتیانی خانەقین بۆ داواکردنی دەرچوونی پۆلیسی فیدراڵی لە شارۆچکەکە، خۆپیشاندەرێک بەناوی محەمەد نووری - محەمەد دۆشمەچی شەهید بوو و دەیان بریندارێشی لێکەوتەوە.[1]
- راوێژکاری راگەیاندنی وەزارەتی ناوخۆی عێراق رایدەگەیەنێت، هێزە ئەمنییەکانی عێراق لەو شوێنانەی بۆی دیاریکراوە نەکشاونەتەوە.[1]
- ئەنجوومەنی باڵای دادوەری عێراق بڕیاری دەستگیرکردنی بۆ کۆسرەت رەسول عەلی، جێگری یەکەمی سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی دەرکرد، ئەوەش بە تۆمەتی ناوبردنی هێزە عێراقییەکان بە هێزی داگیرکەر لە کەرکووک.[1]
- بەرپرسی بەرەی تورکمانی لەکەرکوک رایدەگەیەنێت، دۆخی کەرکوک لەرابردوو سەقامگیرترە و لەچەند هەفتەی داهاتووشدا ئیدارەیەکی نوێ پێکدەهینرێت و پۆستی پارێزگاریش دەدرێتەوە بە یەکێتی.[1]
- پنتاگۆن رایدەگەیەنێت، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پرۆگرامە گەورەکەی لە مەشقپێکردن و پێدانی چەک بە هێزە عێراقییەکان دەوەستێنێت ئەگەر هێزەکەیان بەردەوامبێت لە هێرشکردنەسەر کوردانی هەرێمی کوردستان.[2]
- ئەندامێکی جڤاتی نیشتمانی بزوتنەوەی گۆڕان ئاشکرایدەکات، بەنیازن لە چەند رۆژی داهاتوودا لەگەڵ هێز و لایەنە سیاسیی و کەسایەتییەکان کابینەی هەشتی حکومەتی هەرێم هەڵبوەشێننەوە و حکومەتێکی کاتی پێکبهێنن.[2]
- ئەردۆغان رایگەیاند، لە هەر کاتێکدا دەکرێ سنوورەکانیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان دابخەن، بەڵام بەو مەرجەی بەغدا بتوانێ هەموو پێداویستییەکانی باکووری عێراق دابینبکات و هەرێمی کوردستانیش دەروازەکانی رادەستی حکومەتی ناوەندی بکات.[3]
- بارەگای بەرەی تورکمانی عێراق لە شارەدێی پردێ سوتێنرا.[1]
- کەریم نوری، وتەبێژی دەستەی حەشدی شەعبی لەعێراق ئەمڕۆ بە دواڕۆژی وت هیچ پلانیک بۆ پاشەکشێی هێزەکانی حەشدی شەعبی نییە لەکەرکوک و ناوچە کێشە لەسەرەکان، ئەوەشی هەیە تەنها دورخستنەوەیانە لەگەڕەکە کوردییەکانی کەرکوک و ناوچەکانی دیکە و جێگیرکردنیانە لەدەوروبەری شارەکە.[2]
- حەیدەر عەبادی، سەرۆک وەزیرانی عێراق، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ ژمارەیەک لە ئەندامانی پۆلیسی پارێزگای دیالە دەرکردووە لەبەرامبەر سوتاندنی ئاڵای کوردستان لە شارۆچکەی خانەقین.[2]
- جەبار عەلی لوعەیبی، وەزیری نەوتی عێراق ئەمڕۆ هۆشداریدایە سەرجەم دەوڵەت و کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان لە گرێبەستکردن یاخود رێککەوتن لەگەڵ هەر لایەنێک لەناو عێراق بەبێ گەڕانەوە بۆ حکومەتی فیدڕاڵی و وەزارەتی نەوت.[2]
- عەلی قەڵای، بەرپرسی ڕاگەیاندنی مەڵبەندی دووی کەرکوکی یەکێتی نیشمانی کوردستان، بە ڕۆژنیوزی ڕاگەیاند:ئەو پروپاگەندەی لە کەرکوک

دەکرێت، کە گوایە هێرش کراوەتە سەر هێزە ئەمنییەکان دوورە لە ڕاستییەوە، نە هێرش هەیە نە ڕاپەڕین، کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی پارتی دەورێکی خراپ دەبینن و دەیانەوێت ڕەوشەکە بشێوێنن.[4]
- سەعدی ئەحمەد پیرە، گوتەبێژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ڕایگەیاند، بارزانی و کۆسرەت رەسول ئاگاداری ڕێککەوتنی کەرکووک نەبوون. دەشڵێت یەک چەکداری حەشدی شەعبی لەناو کەرکووک نەماوە و دۆخی کەرکووک و شنگالیش ئارامە.[3]
- شێرکۆ میروەیس بەرپرسی مەڵبەندی خانەقینی یەکێتی لە شارۆچکەی خانەقین لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند بەداخەوە چەند ڕۆژێکە دۆخێکی نەخوازراو ڕووی کردووە ناوچەکە و شارۆچکەکەمان بە هاتنی سوپای عێراق، ئەمەش هۆکاری هەڵەی سەرکردایەتی سیاسی کورد بوو ڕوویدا.[2]
- ئاشتی هەورامی وەزیری سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان داوا لە کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی بەرهەمهێنانی نەوت دەکات، بەردەوام بن لە وەبەرهێنەرەکانیان لە هەرێمی کوردستان.[2]
- دوای ئەوەی ڕێگریی لە کۆبوونەوەی لیستی نەوەی نوێ کرا لە پارکی ئازادی، کۆمەڵێک هاوڵاتی بە مەبەستی نارەزایی دەربڕین شەقامی کانی ئاسکانی شاری سلێمانیان داخست، ئاسایشی سلێمانی بە زەبری هێز بڵاوەی بە خۆپیشاندەران کرد و پەلامارانی هاوڵاتیان و ڕۆژنامەنووسانی دا لەنێویشیاندا پەلاماری پەیامنێری ڕۆژنیوزیش دراوە و لێیان داوە.[4]
- لە کەرکوک ئەفسەرێکی خانەنشینکراوی عەرەب بەناوی یاسین عەبدوڵڵا کە پێشتر ئەفسەری فڕۆکەوان بووە، لەلایەن ژمارەیەک چەکدارەوە بەدەستڕێژی گوللە کوژرا.[1]
- کۆمپانیای شیفرۆنی ئەمەریکیی ئەمڕۆ رایگەیاند کە بەشێوەیەکی کاتی چالاکیی هەڵکەندنی بۆ دۆزینەوەی نەوت و گاز لە هەریمی کوردستان راگرتووە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان

شار و شارۆچکەکان: ئامەد

شار و شارۆچکەکان: خانەقین

شار و شارۆچکەکان: کەرکوک

Quick Respons Code:


سەرچاوەکان

[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 19-10-2017

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رووداو - 19-10-2017

[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 19-10-2017

کاتی تۆمارکردن: AM 12:00:00 2017-10-19
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

بابەت: 291
**2017-10-20**
https://www.kurdipedia.org/?q=20171020000000142485



باشووری کوردستان
- شارەدێی پردێ لەلایەن هێزە ئێراقییەکانەوە داگیرکرا و ڕێگەی کەرکوک-هەولێریش داخرا.[1]
- نەتەوە یەکگرتووەکان نیگەرانی خۆی سەبارەت بە ڕاپۆرتەکانی تاڵان و وێرانکاری ماڵان و شوێنەکانی کار و بارەگای پارتە سیاسیەکان دەردەبڕێت و دەڵێت هەواڵی سوتاندنی نزیکەی 150 خانوو لە دوزخورماتو و تەقاندنەوەی 11 خانووی تری خەڵک و بەرپرسی کوردی پارتە سیاسییەکانیان بەدەستگەیشتووە.[2]
- حسێن ئەمیر عەبدوللەهیان یاریدەدەری سەرۆکی ئەنجوومەنی شورای ئێران ڕایگەیاند، حکومەتی عێراق بەتوانایە و لەتوانایدایە بەچەند خولەکێک شاری هەولێر بگرێت.[2]
- فڕۆکەکانی تورکیا هێرشێکی ئاسمانیان بۆ سەر ناوچە سنوریەکانی (زاب و ئاڤاشین و باسیان) دەستپێکرد و بۆردومانی بنکە و بارەگاکانی پەکەکە دەکەن.[1]
- عەلی ئەکبەر ولایەتی، ڕاوێژکاری باڵای ڕابەری کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ کاروباری نێودەوڵەتی پیرۆزبایی لە حکومەت و گەلی عێراق کرد سەبارەت بە گرتنەوەی کەرکوک و ڕایگەیاند هەرێمی کوردستانی عێراق هەرگیز لەوڵاتەکە جیاناکرێتەوە.[2]
- پارێزگاری هەولێر ڕایدەگەیەنێت پارێزگای هەولێر ئارامە و هیچ مەترسییەکی سیاسی و سەربازی لەسەر نییە و ئەوەی ڕویداوە لەسنوری پارێزگای کەرکوک بووە.[2]
- ڕێبوار تاڵەبانی، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بەوەکالەت لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیدا لە هەولێر ڕایگەیاند، کەرکووک لەلایەن حەشدی شەعبییەوە داگیرکراوە.[3]
- ژمارەیەک لە خەڵکی پارێزگای کەرکوک کە بەهۆی پێشڕەویەکانی سوپا و حەشدی شەعبی-ەوە پارێزگاکەیای جێهێشتوە و خۆپیشاندانێکیان بۆ بەردەم کونسوڵخانەی ئەمریکا لە هەولێر ئەنجامدا و داوای پشتیوانی دەکەن.[2]
- گەریلاکانی هەپەگە لە خەرەگۆل، لەدژی ئۆپەراسیۆنی سوپای تورک چالاکیان ئەنجامدا، لە ئەنجامدا سێ سەرباز کوژراون و شەڕیش لە سنوورەکە بەردەوامی هەیە.[4]
- کۆمەڵێک خۆپیشاندەر بە نیشانەی ناڕەزایەتی لە ڕۆڵی ئێران لە هێرشەکانی حەشدی شەعبی بۆ باشووری کوردستان و ئاوارەبوونی خەڵک، چوونە بەردەم کۆنسوڵخانەی ئێران لە هەولێر و ئاڵای کۆماری ئیسلامییان هێنایە خوارەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: حەشدی شەعبی

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ●دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 20-10-2017
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 20-10-2017
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 20-10-2017

کاتی تۆمارکردن: 20-10-2017 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 292

**2017-10-21**

https://www.kurdipedia.org/?q=20171021000000142486



باشووری کوردستان
- سەرۆکی جڤاتی گشتی بزووتنەوەی گۆڕان، بارزانی بە هۆکاری ناردنی هێز لە بەغداوە بۆ سەر کوردستان ناودەبات و ڕایدەگەیەنێت، پێویستە سەرۆکایەتی هەرێم هەڵوەشێتەوە و حکومەتی ڕزگاریی نیشتیمانی دروستبکرێت.[2]
- شانەی ڕاگەیاندنی جەنگی سەر بەهێزە ئەمنی وسەربازیەکانی عێراق وەڵامی بەیاننامەیەکی فەرماندەیی گشتی هێزە چەکدارەکانی هەرێمی کوردستان دەداتەوە سەبارەت بە شەڕەکانی دوێنێی سنوری نێوان کەرکوک هەولێر و ڕایدەگەنێت ئۆپراسیۆنەکانی دوینێ بۆ ئەوە بووە کە هەژمونی ئەمنی بەسەر تەواوی ناوچەکانی سنوری ئیداریی کەرکوکدا بسەپێندرێت.[1]
- لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی لەشاری هەولێر دەستەی سەربەخۆیی مافەکانی مرۆڤ داوای لەکۆمەڵگای نێودەوڵەتی کرد هاوکاری گەلی کورد و ئاوارەکانی شاری کەرکوک بکات و ڕۆڵی باڵای هەبێت لە سەرپەرشتیکردنی دیالۆگ و گفتوگۆکان لەنێوان هەریم بەغدا.[1]
- حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا) ڕایگەیاند دەیان تانک و هامەری عێراق لە تەقتەق نزیکبوونەتەوە و هێزێکی عێراق و پاسداران هاتوونەتە نزیک کۆیە.[2]
- بافڵ تاڵەبانی ڕایدەگەیەنێت، هۆکاری سەرەکیی کێشەکانی ئێستا قبوڵنەکردنی بەدیلی ئەمریکا بوو بۆ ریفراندۆم دەشلێت، عەبادی داوای کشانەوەی لێکردین و ڕێگاچارەیەکی پێشکەشکردین کە تاکە ڕێکەوتنە ئاگام لێیەتی و لەگەڵ ئەندامانی سەرکردایەتی یەکێتی پشتیوانیمان لێکرد.[1]
- لیوایەکی حەشدی شەعبی گەیشتە چیای شەنگال.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | بزووتنەوەی گۆڕان |
| پارت / لایەن: | حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران - حدکا |
| پارت / لایەن: | حەشدی شەعبی |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| شار و شارۆچکەکان: | هەولێر |
| شار و شارۆچکەکان: | کۆیە |
| شار و شارۆچکەکان: | شنگال |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 21-10-2017

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2017-10-21 12:00:00 AM |
| ناوی تۆمارکار: | بەڕێوەبەری سیستەم |

---

بابەت: 293

**2017-10-22**

https://www.kurdipedia.org/?q=20171022000000142487




باشووری کوردستان

- هاونیشتمانی باشووری کوردستان، لەبەردەم کونسوڵخانەی ئەمریکا لە هەولێر کۆبوونەوە، داوایان کرد ئەمریکا هەڵوێستی هەبێت لەسەر پێشرەوییەکانی حەشدی شەعبی بۆ ناو خاکی کوردستان.[1]
- ڕەوتێکی تورکمان ڕایدەگەیەنێت، مافی ئێمەیە پۆستی پارێزگاری کەرکوک وەربگرین.[1]
- وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، خوێندکارانی پۆلی 12ی ئامادەیی ئاگاداردەکەینەوە، کە سەرجەمی ئەوانەی یەک بابەتی و دوو بابەتین، دەرفەتیان هەیە تا 31-12-2017 دەتوانن کاروباری بەشداربوون لە ئەزموونە گشتییەکانیان ئەنجام بدەن، ئەگەرنا خۆیان بەرپرسیارن.[2]
- وتوێژی نێوان لایەنەکانی کوردستان بۆ ڕەتکردنەوەی پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ئارادایە و پەرلەمانتارێکی پارتیش ڕایدەگەیەنێت، کۆمەڵێک پێشنیار خراوەتەڕوو کە یەکێکیان بریتیە لە سڕکردنی پۆستی سەرۆکی هەرێم.[2]
- گوتەبێژی یەکێتی ڕایدەگەیێنێ مەرجەکانی حکومەتی عێراق قابیلی پەسندکردن نین، گوتەبێژی پارتیش دەڵێت لەگەڵ گفتوگۆیەکی بێ مەرجن.[3]

- دادگایەکی عێراق فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ بابەکر زێباری سەرۆک ئەرکانی پێشووی سوپای عێراق دەرکرد.[1]
- وەزیری دەرەوەی ئەمریکا داوا لە میلیشیا ئێرانییەکان و سەرجەم چەکدارانی بیانی دەکات عێراق جێبهێڵن.[1]
- دوای 14 ساڵ دادگای خانەقین بە دادگای باڵای عێراقەوە لکێنرایەوە.[1]
- وەزیری ناوخۆی عێراق بەسەردانێک گەیشتە کەرکوک و سەردانی بینای پارێزگای کرد، و ئامادەیی خۆشی نیشاندا کە ئامادەیە دەستی کەرکوکییەکان ماچ بکات لەپێناو گەڕانەوەیان بۆ شارەکە.[2]
- دیندار زێباری، سەرۆکی کۆمیتەی وەڵامدانەوەی ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکان، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ئاشکرای کرد کە لە کەرکوک و ناوچە کێشە لەسەرەکان 600 کەس کوژراون.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏯 پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
🏙 شار و شارۆچکەکان: 💧 کەرکوک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ خانەقین
Quick Respons Code:

🗄سەرچاوەکان
[1] ●دیارینەکراو | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 22-10-2017
[3] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 22-10-2017

کاتی تۆمارکردن: 2017-10-22 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 294
**2017-10-23**
https://www.kurdipedia.org/?q=20171023000000142488



رۆژهەڵاتی کوردستان
- پاش ئەوەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا هەواڵی دەستدرێژیکردنی کارگوزاری خوێندنگایەک بۆسەر کچەخوێندکارێکی تەمەن 12 ساڵ لە یەکێک لە خوێندنگا سەرەتاییەکانی ورمێ بڵاوکرایەوە، خەڵکی شارەکە ڕژانە سەر جادەکان و ناڕەزاییان دەربڕی و بەشێکی خوێندنگەکەشیان سووتاند.[4]
باشووری کوردستان
- لە نزیک بازاڕی دۆلارەکەی سلێمانی شەڕێک روویدا و بەهۆیەوە دوو کەس کوژران.[3]
- حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق وەڵامی رێکس تیلەرسن، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا دەداتەوە و رایدەگەیێنێ، هیچ لایەنێک بۆ نییە دەست لە کاروباری ناوخۆی عێراق وەربدات و بڕیار بدات دەبێت عێراقییەکان چی بکەن.[2]
- پەرلەمانی عێراق بەزۆرینەی دەنگ بڕیاری لەسەر ئەوەدا کە شارەدێی جەلەولای سنوری شارۆچکەی خانەقین وەک ناوچەی وێران بوو هەژمار بکرێت بەمەبەستی دووبارە ئاوەدانکردنەوەی.[1]
- سێرگی لاڤرۆڤ، وەزیری دەرەوەی روسیا لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا لەگەڵ ئیبراهیم جەعفەری، وەزیری دەرەوەی عێراق رایگەیاند، روسیا رێز لە مافەکانی گەلی کورد دەگرێت و رەتیشیکردەوە کە کونسوڵخانەکەیان لە هەولێر داخستبێت.[1]
- سایتی رۆیتەرز ئەمڕۆ لەسەر زاری سەرچاوەیەکی ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم رایگەیاند، هێزە عێراقییەکان تانک و تۆپیان لە نزیک ئە و ناوچە کوردییانەی سەر بە هەرێم بڵاوەپێکردووە کە بەشێک لە بۆریەکانی گواستنەوەی نەوتی هەرێمیان تێدایە، لەگەڵ ناوچە دەروازەییەکانی هەرێم لەگەڵ تورکیا و سوریا.[3]
رۆژئاوای کوردستان
- جێگری سەرۆک وەزیرانی تورکیا هۆشداری دەداتە واشنتن لە رادەستکردنی ئیدارەی شاری رەققەی سوریا بە کورد و دەڵێت بەوکارە چەندین کێشە دێنەئاراوە و ناکۆکی نەتەوەیی لەشارەکەدا رودەدات.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ خانەقین

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ ورمێ

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-10-23
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رووداو - 2017-10-23
[3] ●دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 2017-10-24

کاتی تۆمارکردن: 2017-10-23 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

بابەت: 295
## 2017-10-24
https://www.kurdipedia.org/?q=20171024000000142489



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- لە سنوورەکانی شاری ورمێ کۆڵبەرێک کوژرا و لە سنوورەکانی مەریوانیش دوو کۆڵبەر دەستگیرکران.[1]
باشووری کوردستان
- لە گوندی مەحمودیەی سەر بە ناوچەی ڕەبیعە هێرشێکی حەشدی شەعبی لە لایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە تێکشکێنرا.[1]
- عەلی عەبدوڵڵا جێگری پێشووی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان کۆچی دوایی کرد.[1]
- خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان بۆ دوو وەرز درێژکرایەوە بە 60 دەنگی بەڵێ و 8 دەنگی نەخێر کە دەکاتە 10 مانگ بەپێی ڕۆژمێر، بەڵام 8 مانگی یاسادانانە چونکە ئەو ماوەیە دوو مانگ پشووی وەرزەکانی پەرلەمانی بەردەکەوێت.[2]
- سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو لە پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند، هەڵوەشانەوەی پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم خزمەت بە دۆخەکە و چارەسەری کێشەکان دەکات.[2]
- ئەمنستی ئینتەرناشناڵ ڕاپۆرتێک لەبارەی ڕووداوەکانی خوورماتوو بڵاودەکاتەوە و ڕایدەگەیێنێ، بەڵگەیان لەبەردەستە لە ناوچە کوردنشینەکان تاڵاکردن و وێرانکردن و سووتاندنی ماڵی خەڵک ئەنجامدراوە.[3]
- لە سنووری مەخموور حەشدی شەعبی هێرشی کردە سەر سەنگەرەکانی پیشمەرگە، بە گوتەی فەرماندەیەکی پێشمەرگەش هێرشەکەیان تێکشاندووە و حەشدی شەعبی کوژراو و برینداری هەیە. لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان چەند ڤیدیۆیەکی ئەم شەڕە بڵاوبووەوە و دیلێکی زۆری حەشدی شەعبی کەوتۆتە دەست پێشمەرگە.[1]
- فراکسیۆنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان پۆستی سکرتێری پەرلەمانی کوردستانی وەرگرت.[1]
- هەریەک لە گەشە دارا حەفید، قادر ڕەزگەیی و مریەم سەمەد ئەندامانی فراکسیۆنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان کۆبوونەوەی ئەمڕۆی پەرلەمانی کوردستانیان جێهێشت و پێیان وابوو درێژکردنەوەی ماوەی خولی پەرلەمان نایاساییە.[3]
- کاتژمێر 07:30 ئێوارەی ئەمڕۆ، لە شاری سلێمانی، بە پێشەنگایەتی کۆمەڵەی گەنجانی وڵاتپارێزی کوردستان و ڕێکخراوی ژنانی گەنجی تێکۆشەر، بۆ زانینی دۆخی تەندروستی و ئاسایشی عەبدوڵڵا ئۆجالان ڕێبەری پارتی کرێکارانی کوردستان-پەکەکە، ڕێپێوانێکی بە مەشخەڵ لە پارکی نالی-یەوە بۆ شاڕێی سالم ئەنجام درا.[4]
- سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل ڕایدەگەیەنێت، ئەگەر جیهان لەبەرامبەر کورد کەمتەرخەمبێت، ئەوا ئیسرائیل لایەنگیری گەورەی ئامانج و ویستەکانێتی.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK
شار و شارۆچکەکان: ○ سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: ○ ورمێ
شار و شارۆچکەکان: ○ مەریوان
شار و شارۆچکەکان: ○ خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: ○ موسڵ و دەشتی نەینەوا
شار و شارۆچکەکان: ○ مەخموور
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ●دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 24-10-2017
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 24-10-2017
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 24-10-2017

کاتی تۆمارکردن: 24-10-2017 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 296
**2017-10-25**
https://www.kurdipedia.org/?q=20171025000000142490




ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- لە تەقینەوەی مینێک لە لە شاری مێهرانی سەر بە پارێزگای ئیلامی خۆرهەڵاتی کوردستان، کەسێک گیانی لەدەستدا و دوو کەسیش بریندgranبوون.[1]
باشووری کوردستان
- درەنگانی شەوی ڕابردوو دەسەڵاتی کوردی لە باشووری کوردستان ئەنجامی ریفراندۆمەکەی باشووری کوردستانی سڕکرد.[2]
- وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕایدەگەیەنێت، پێشوازی لە بەیاننامەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین.[2]
- ئاژانسی میهری ئێرانی بڵاویکردەوە، قونسوڵخانەی ئێران لە هەولێر لەڕاگەیەندراوێکدا ئاماژەی بەوەداوە سنووری باشماخ لەنێوان مەریوان و پارێزگای سلێمانی لە بەیانی ڕۆژی چوارشەمە (25ی تشرینی یەکەمی 2017)وە کارەکانی خۆی دەستپێدەکاتەوە.[1]

- حەشدی شەعبی وەڵامی پێشنیارەکەی حکومەتی هەرێمی دایەوە لەبارەی سڕکردنی ئەنجامی ریفراندۆم و ئاماژەی بەوەکرد ئە و پێشنیازە هیچ نرخێکی نییە.[2]
- بەهۆی پشتگوێخستنی داواکاریی مامۆستایان و باشنەکردنی دۆخ و گوزەرانییان، بەشێک لە مامۆستایانی ناڕازی شارۆچکەی پێنجوێن، گردبوونەوەیەکیان ئەنجامدا و تیایدا بایکۆتکردنی هۆڵەکانی خوێندنیان ڕاگەیاند.[3]
- سەرۆکوەزیرانی تورکیا لەگەڵ سەرۆکوەزیرانی عێراق لەبارەی رەوشی باشوور کوردستان کۆبووەوە.[2]
- سەرۆک وەزیرانی تورکیا رایگەیاند: پرسی نەوت و دەروازەکانیش دەخەینەوە ژێر کۆنترۆڵی بەغدا.[2]
- فڕۆکە شەڕکەرەکانی سوپای تورک هەرێمەکانی زاپ و ئاڤاشین و زاگرۆس، بۆردوومان دەکەن.[2]
- هەندێک لە تورکمانەکانی کەرکوک خۆپیشاندانیان کرد بۆ گۆڕینی ناوی بنکەی پۆلیسی ئازادی بە بنکەی موسەڵا.[2]
رۆژئاوای کوردستان
- شەڕڤانانی پەیەدە خاڵی سنووریی رەبیعەیان رادەستی هێزەکانی ئێراق کرد.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ سلێمانی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ مەریوان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ ئیلام |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ پێنجوێن |
| Quick Respons Code: | |



سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 25-10-2017
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 25-10-2017


کاتی تۆمارکردن: 25-10-2017 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

بابەت: 297

**2017-10-26**

https://www.kurdipedia.org/?q=20171026000000142491


Kurdistan parliament- Iraqi
General Directorate of Divan
Directorate Of
Parliament and committee
Affairs

پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمان و
لیژنەکان

بانگهێشت

بۆ/ گشت ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمانی کوردستان

بەپێی حوکمی برگە (١)ی ماددە (٥) و برگە (٢) لە ماددەی (١٧) وبرگە (١)ی ماددەی (١٨) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانی عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، بڕیارماندا بانگهێشتی گشت ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمان بکەین بۆ دانیشتنی ژمارە (٤)ی ئاسایی خولی پایزە، ساڵی چوارەم لە خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق، لە کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٧/١٠/٢٦ دا، تکایە لەکاتی دیاریکراودا ئامادەبن.

لەگەڵ ڕێزدا

جعفر إبراهيم ئیمینکی
جێگری سەرۆکی پەرلەمانی
کوردستان ـ عێراق

باکووری کوردستان
- بەرپرسی راگەیاندن و چاپەمەنی هێزەکانی پاراستنی گەل (هەپەگە) رایگەیاند، لەشەڕ و پێکدادانی نێوان هێزەکانمان و سەربازانی تورکیادا لە ناوچەی قەرەگۆڵ و باژێرگە و چەلێ 10 سەرباز کوژران.[2]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- عەلی ئەشرەف دەرویشیان، چیرۆکنووس و لێکۆڵەری کرماشانی لە یەکێکی لە نەخۆشخانەکانی شاری کەرەجی ئێران کۆچی دوایی کرد.[3]
باشووری کوردستان
- وەحید باکوزی بەرپرسی لقی 17ی پارتی و ئەندامی سەرکردایەتی پارتی لە شەڕەکەی زوممار شەهید بوو.[3]
- حەیدەر عەبادی پێشنیارێکی حکومەتی هەرێم بۆ سڕکردنی ئەنجامەکانی ریفراندۆمی سەربەخۆیی رەتکردەوە و سووربوونی خۆی لەسەر هەڵوەشاندنەوەی تەواوی ریفراندۆمەکە دووپاتکردەوە.[3]
- ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، هێزەکانی حەشدی شەعبی پشتیوانیلێکراو لەلایەن ئێران لە زوممار، بۆردوومانی هێزەکانی پێشمەرگە دەکەن. راشیگەیاندووە، دوو تانکی هێزەکانی حەشدی شەعبی لەلایەن پێشمەرگەوە تێکشکێندرواون.[1]
- سەرچاوەکان باس لەوەدەکەن کە لە زوممار و رەبیعە حەشدی شەعبی نزیکەی 150 کوژراو و برینداریان هەیە.[3]
- شەر لەنێوان سوپای عێراق و پێشمەرگە لە پردێ روویدا و هەندێک سەرچاوە باسی کوژرانی 9 چەکداری حەشدی شەعبی دەکەن.[3]
- نوسینگەی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە و تیایدا داوای لە حکومەتی عێراق کردوە، بەدەنگ بەیاننامەکەی حکومەتی هەرێمەوە بچێت و پێشنیاری سڕکردنی ئەنجامی ریفراندۆم و دەستپێکردنەوەی گفتوگۆ پەسەندبکات.[2]
- کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان دواخرا.[3]
- فەرەنسا رایدەگەیەنێت، پێشنیارەکەی کوردستان بۆ سڕکردنی ئەنجامەکانی ریفراندۆم و کردنەوەی گفتوگۆ لەگەڵ بەغدا هەنگاوێکی ئەرێنییە.[3]
- وەزیری دەرەوەی تورکیا رایدەگەیەنێت، پێشنیاری سڕکردنی ئەنجامەکانی ریفراندۆم هەنگاوێکی گرنگە، بەڵام بەس نیە و دەبێت هەڵبوەشێتەوە.[3]
- هێزەکانی پێشمەرگە چوونە ناو شارۆچکەی مەخمور، شەڕ لەنێوان پێشمەرگە و هێزە عێراقییەکاندا بە سەختیی بەردەوامە.[4]
- لە شاری یاری هەڵەبجە و بەئامادەبوونی وەزیری کشتوکاڵ سەرچاوەکانی ئاوی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پارێزگار، قایمقامی هەڵەبجە و بەشێک لە بەرپرسانی حکومی و حزبی و ژمارەیەکی بەرچاو لە هاوڵاتیانی سنورەکە، سێیەمین فیستیڤاڵی تایبەت بە بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی شاری هەڵەبجە بەڕێوەچوو.[4]
- وتەبێژی وەزارەتی پێشمەرگە رایدەگەیەنێت، ئە و هێزە پێنج هەزار کەسییەی لە دەشتی نەینەوا بۆ عەرەبەکان دروستکرا، ئێستاش پاڵپشتی لەهێزەکانی پێشمەرگە دەکەن و رەتیشیکردەوە، ئە و هێزە چوویێتنە ریزەکانی حەشدی شەعبییەوە.[2]

- ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەعێراق رایگەیاند: دوای بەدەستگەیشتنی راگەیەندراوەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەباری سڕکردنی ریفراندۆم و راگرتنی شەڕ و دەستکردن بە دیالۆگ، نەتەوە یەکگرتووەکان ئامادەیی هەموو هاوکارییەک دەردەبڕێت هەردولا.[2]
- هێزی پێشمەرگەی کوردستان، لە بەرەنگارییەکانی ئەمڕۆدا، وێرای تێکشکاندنی سێ تانک و پێنج هەمڤی و باجەڕێک، تانکێکی ئەبرامزی ئەمەریکیشی لە میحوەری زوممار – رەبیعە تەقاندەوە، کە هێزەکانی حەشدی شەعبی بۆ هێرشکردنە سەر پێشمەرگە بەکاریدەهێنن.[5]
- ئێوارەی ئەمڕۆ پێنجشەممە بەشێوەیەکی کاتی شەڕ لەنێوان پێشمەرگە و هێزە عێراقییەکان لە زوممار ڕاگیراو هێزەکانی دەستوەردانی خێرای سەر بە وەزارەتی ناوخۆی عێراقیش دەڵێت بە ئاسانی بەرەو خاڵی سنوری فیشخابور لەپێشڕەویداین.[2]
- ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی رایدەگەیەنێت نیگرانن لە رووبەڕووبوونەوە چەکدارییەکانی نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و هێزە عێراقییەکان.[3]
- گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا رایدەگەیەنێت، ئەبو مەهدی موهەندیس، سەرکردەی باڵای حەشدی شەعبی، تیرۆریستە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏟 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
🏟 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ کرماشان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ موسڵ و دەشتی نەینەوا
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ هەڵەبجە
Quick Respons Code:


سەرچاوەکان

[1] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رووداو - 2017-10-26
[2] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-10-26
[3] ●دیارینەکراو | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[4] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 2017-10-26
[5] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردستان 24 - 2017-10-26


کاتی تۆمارکردن: 2017-10-26 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستەم

---

بابەت: 298

**2017-10-27**

https://www.kurdipedia.org/?q=20171027000000142492



باکووری کوردستان
- سوپای تورک لە سنووری ئامەد، بە پشتیوانی فڕۆکە جەنگییەکانی ئۆپەراسیۆنێکی نوێی دەستپێکردو بە فڕۆکە و هاوەن بۆردوومان دەکات.[3]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ئاگر لە کێڵگەیەکی نەوتی کەوتەوە لە تاران، لە ئەنجامی ئەو ڕووداوەدا 10 کرێکار گیانیان لە دەستدا، کە شەشیان کوردن و خەڵی شاری ئیلامی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن.[4]
باشووری کوردستان
- رایان دیلۆن، وتەبێژی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش لە لێدوانێکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند، شەڕی پێشمەرگە و هێزە عیراقییەکان وەستاوە و ئەوان هەوڵی نێوەندگیری نێوان هەولێر و بەغدا دەدەن.[1]
- ئێران بڕیاریدا بەفەرمی مەرزی پەروێزخان بەڕووی هەرێمی کوردستاندا بکاتەوە کە زیاتر لە 10 ڕۆژە داخراوە.[1]
- حکومەتی عیراق داوای ڕادەستکردنەوەوی سەرجەم چەک و تەقەمەنی و کەلوپەرلی سەربازیی لەهێزەکانی پێشمەرگەو هێزە ئەمنیەکانی هەرێمی کوردستان دەکاتەوە.[1]
- ئێوارەی ئەمڕۆ نوسینگەی حەیدەر عەبادی، سەرۆک وەزیرانی عێراق رایگەیاند، عەبادی فەرمانی کردووە بە راگرتنی جموجوڵی سەربازیی بۆ ماوەی 24 کاتژمێری داهاتوو.[1]
- بەرپرسی پەیوەندییەکانی وەزارەتی پێشمەرگە رایدەگەیەنێت، وەزارەتەکەیان پێشوازی لە بڕیارەکەی حەیدەر عەبادی بۆ راگرتنی شەڕ لە نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و هێزەکانی سوپای عێراق و حەشدی شەعبی دەکات.[1]
- کەناڵی ئافاقی عەرەبی چەند وێنەیەکی بەرپرسانی پارتی و حەشدی شەعبیی بڵاوکردەوە کە بە وتەی کەناڵەکە ئەمڕۆ هەردوولا رێککەوتوون لەسەر ئەوەی سنوورەکان بۆساڵی 2003 بگەڕێتەوە.[1]
- لە هەولێر شەشەم ماراسۆنی نێودەوڵەتی بەڕێوەچوو.[1]
- وەزارەتی بەرگری کەنەدا یارمەتی و کۆمەکە سەربازییەکانی بۆ عێراق بەشێوەیەکی کاتی هەڵپەسارد، بەهۆی ئەو رووبەڕووبوونەوە چەکدارییەی لە نێوان هێزەکانی عێراق و پێشمەرگەوە روویاندا.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◉ ئامەد

Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان

[1] ●دیارینەکراو | 🖇 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

[2] 🖹ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 27-10-2017
[3] 🖹ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 27-10-201710-
[4] 🖹ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 29-10-2017

کاتی تۆمارکردن: 27-10-2017 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 299

## 2017-10-28

https://www.kurdipedia.org/?q=20171028000000142493



باکووری کوردستان
- ڕێکخستنە گشتییەکانی پارتی دیموکراتی گەلان-هەدەپە لە شاری وان-ی باکوری کوردستان، دوویەمین کۆنگرەی خۆی بەست، سەلاحەدین دەمیرتاش، هاوسەرۆکی گشتیی زیندانیکراوی ئەو حزبە، پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی کۆنگرەکە کرد.[2]
باشووری کوردستان
- بەهۆی خراپیی رەوشی کەرکوکەوە، شەوانە قەدەخەی هاتوچۆ راگەیەندراوە.[1]
- لە گەڕەکی ڕاپەڕینی شاری سلێمانی گەنجێکی ئاوارەی کەرکوک کە لە کەمپی ئاوارەکانی خاکدا دەژیا بە فیشەک کوژرا.[2]
- رێکخراوی ستۆپ بە هاوکاری رێکخراوەکانی RIDو NPAی نەرویجی، میتینگێکی لە هەولێر لە بارەی بەرپرسیارێتی میدیا لە رووداوەکان و تەنگەژە ئەمنییەکانی ئەمدواییە ئەنجامدا. لە سیمینارەکەدا باس لە رۆڵی خراپی میدیای کوردی لە رووداوەکانی ئەم دواییەدا کرا.[3]
- وتەبێژی نوسینگەی سەرۆک وەزیرانی عێراق رایگەیاند ئەوەی ئێستا لە باکوری عێراق دانوستان نییە بەڵکو راگرتنی ئۆپەراسیۆنەکان و جوڵەی هێزە عێراقییەکانە لەپێناو دەستەبەکردنی بڵاوبونەوەی هێزە عێراقییەکان و سەپاندنی دەسەڵاتەکانی حکومەتی فیدراڵی.[4]
- دان لۆ بۆتیلیێە، وتەبێژی رەسمی وەزارەتی بەرگری کەنەدا لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنوسیدا رایگەیاند، وڵاتەکەی تەواوی هاوکارییە سەربازییەکان بۆ عیراق و هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی کاتی رادەگرێت.[3]
- جەعفەر ئیبراهیم، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان رایگەیاند، مەسعود بارزانی، نامەیەکی بۆ پەرلەمانی کوردستان ناردووە و لە دانیشتنی سبەی یەکشەممەشدا نامەکە دەخوێندرێتەوە.[1]
رۆژئاوای کوردستان
- تۆپخانەکانی تورک، بنکەکانی هێزی ئەرکی خۆبەڕێوەبەریان لە گوندی زورمغار تۆپباران کرد کە دەکەوێتە رۆژئاوای شاری کۆبانێ و کەناری رووباری فورات بەرامبەر شاری جەرابلوس.[2]
- دەستەی ناوخۆیی کانتۆنی جزیرە، ڕایدەگەیەنێت کە دەروازەی سێمێڵکا بەڕووی هاوڵاتیاندا کراوەیە کە نەخۆش بن یاخود کاری مرۆیی بکەن یان ئیقامەی باشوری کودستانیان پێ بێت.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ وان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ کۆبانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ جەزیر - رۆژاوا
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: 💧 کەرکوک
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ●دیارینەکراو | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 28-10-2017
[3] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 28-10-2017
[4] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئاوێنە - 28-10-2017

کاتی تۆمارکردن: 28-10-2017 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 300

**2017-10-29**

https://www.kurdipedia.org/?q=20171029000000142494



باشووری کوردستان
- پەرلەمانی کوردستان بۆ دەنگدان لەسەر پرۆژە یاساکانی دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم کۆبووەوە. لە کۆبوونەوەکەدا نامەیەکی مەسعود بارزانی خوێندرایەوە. لەلایەکی تریشەوە پشێوی لە پەرلەماندا دروستبوو بەهۆیی ئەوەی چەند کەسێک هێرشیانکردە سەر رابوون مەعروف.[4]
- لەناو پەرلەمانی کوردستان و دەرەوەیدا هێرشکرایە سەر رۆژنامەنووسان و هەندێک لە کەلوپەلەکانیان تێکشکێنرا.[4]
- بارەگاکانی بزووتنەوەی گۆران و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە زاخۆ سووتێنران.[4]
- ئەرکان شەریف کامێرامانی کوردستان تی ڤی لەلایەن چەند چەکدارێکی نەناسراوەوە لە باشوری کەرکوک کوژرا.[4]
- پاش ئەوەی کۆمەڵێک پەرلەمانتاری گۆران و کۆمەڵ بەهۆی توندوتیژییەکانەوە نەیانتوانی لە پەرلەمان بێنەدەرەوە، دەرەنگانی شەو توانییان بە سەلامەتی لە پەرلەمان بێنەدەرەوە.[4]
- مەسعود بارزانی لە ڤیدیۆیەکی 22 خولەکیدا دەستەڵاتەکانی دابەشکرد و هۆکاری شکستەکانی 16ی ئۆکتۆبەری خستەپاڵ خیانەتی ناوخۆیی و پشتێکردنی ئەمریکا و خۆرئاوا. راشیگەیاند کە هەر وەک پێشمەرگەیەک لە

خزمەتی کورد و دۆزەکەیدا دەبێت.[4]
- بزووتنەوەی گۆڕان ڕایدەگەیەنێت، کە جێگای باوەڕی هیچ کەس و لایەنێک نییە، کە لایەنی دەسەڵاتدار لە هەولێر توانای کۆنترۆڵکردنی ئەو خەڵکە ئاژاوە گێڕەی نەبێ کە ڕۆیشتوونەتە ناو حەرەمی پەرلەمان، دەشڵێت:ئەوەی کە لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستاندا ڕوودەدات، پێشهاتێکی هەرە مەترسیدارە.[5]
- لە شەوی رابردووەوە سەرجەم ناوچەکانی باشووری کوردستان کەوتوونەتە بەردەم شەپۆلێکی چڕی خۆڵبارین، بەڕادەیەک مەودای بینین زۆر کەمبووەتەوە، دەیان کەسیش بەهۆی تەنگەنەفەسی رەوانی نەخۆشخانەکان کراون.[1]
- فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتی دابەشکردنی کارەبای سلێمانی بەهۆی دواکەوتنی موچەوە مانگرتنیان راگەیاند و رۆشتنەوە بۆ ماڵەوە.[2]
- یەکێتی مامۆستایان رایدەگەیەنێت، چەند قوتابخانەیەک لە سنوری سلێمانی بەهۆی دواکەوتنی موچەوە دەوامیان راگرتووە سەبارەت بە بایکۆتی خوێندنیش دەڵێت، مامۆستایان وادەیەکیان بۆ بایکۆتکردن داناوە.[2]
- عەلی قەرەداغی، ئەمینداری گشتیی یەکێتیی جیهانی زانایانی موسڵمان لەبارەی شەڕی نێوان پێشمەرگە و هێزە عێراقییەکان فتوا دەدات و بەهەموو شێوەیەک شەڕ حەرام دەکات. هاوکات دەشڵێت: هەر کەسێک بەهۆی بەرگریکردن لە خاکی خۆی بکوژرێت شەهیدە.[1]
- فەرماندەی ئۆپەراسیۆنەکانی کەرکووک، ئاشکرایکرد، فەرمانێک لە دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق دەرچووە، بۆ پێکهێنانی فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکانی کەرکووک، لەبری رۆژهەڵاتی دیجلە و بارەگاکەشی لە کەرکووک دەبێت.[3]
- ئەبوبەکر هەڵەدنی، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو لەپەرلەمانی کوردستان دەستی لەسەرۆکایەتی فراکسیۆنەکەی کێشایەوە و سەرۆک و جێگرێکی نوێ بۆ فراکسیۆنەکە هەڵبژێردران.[4]
- سەفین دزەیی وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە دواڕۆژی راگەیاندتائێستا گرێبەستی 50 ساڵەمان لەگەڵ حکومەتی تورکیا هەیە و هیچ کێشەیەک بۆ گرێبەستەکە دروست نەبووەو بەردەوامە و هەڵنەوەشێندراوەتەوە.[2]
- ئاری هەرسین ئەندامی پەرلەمانی کوردستان کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستانی بەجێهێشت و رایگەیاندپیلانێکی نێودەوڵەتی لەدژی مەسعود بارزانی هەیە.[2]
- شاندێکی تورکمانی عێراقی بە سەرۆکایەتی ئەرشەد ساڵحی، لەگەڵ ڕەجەب تەیب ئەردۆغان لە ئەنقەرە کۆبووەوە و داوای لە ئەردۆغان کرد پشتیوانییەکانی بۆ تورکمانانی عێراق بەردەوامبێت.[2]
- بەپێی هەواڵیکی ئاژانسی فرانس پرێس، هێزەکانی پێشمەرگە و هێزە عیراقییەکان گەیشتنە ڕێککەوتن لەسەر بڵاوەپێکردنی هێزە عیراقییەکان لە دەروازەی سنووری ئیبراهیم خەلیل (فیشخابوور).[5]
- ڕۆژنامەی جمهوریەتی تورکیا ئاشکرایدەکات، لەدوای کۆبوونەوەکەی عەبادی و ئەردۆغان، حکومەتی ناوەندی عێراق فەرمانی ڕێگەدان بە مانەوەی سوپای تورکیای لە باشیک دەرکردووە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: 🕯 بزووتنەوەی گۆڕان

🏨 پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

🏨 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ سلێمانی

🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک

🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ زاخۆ

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی rووداو - 2017-10-29

[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-10-29

[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردستان 24 - 2017-10-29

[4] ● دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

[5] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-10-29

کاتی تۆمارکردن: 2017-10-29 12:00:00 AM

ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 301

## 2017-10-30

https://www.kurdipedia.org/?q=20171030000000142495




باشووری کوردستان
- یەکێتی داوای ڕوونکردنەوە لە پارتی دەکات لەسەر سووتاندنی بارەگاکەیان لە زاخۆ.[1]
- ڕابوون مەعروف، ئەندامی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، کە سیداد بارزانی هات بۆ پەرلەمان و 10 بۆ 15 چەتە هاتن و بۆ ماوەی یەک کاتژمێر ئەشکەنجەیان دام، هەموو ئەو ئەشکەنجانەیان بە کامێرا تۆمارکرد.[3]
- وەلید جونبلات کە یەکێکە لە سەرکردە دیارەکانی وڵاتی لوبنان، لەدوای ڕووداوەکانی ئەم دووایییەی هەرێمی کوردستان و گرژبوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا باس لە پرسی کورد دەکات و دەڵێت: پرسی کورد نامرێت.[2]
- قایمقامی زاخۆ ڕایگەیاند: چەندان کەس لەسەر سووتاندنی بارەگا حزبییەکان دەست بەسەر کراون.[1]
- کۆمەڵەی وێنەگرانی کوردستان شەهیدکردنی وێنەگرێکی دەزگای سەتەلایتی کوردستانی لەلایەن میلیشیاکانی حەشدی شەعبی ئیدانە کرد و ڕای گەیاند، ئەمە فەرهەنگی عەقڵیەتی شۆڤێنیی عەرەب و دوژمنانی کوردستانە.[4]

- دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ ڕایدەیگەیەنێت ڕووداەکانی ڕۆژی 29-10-2017 لە پەرلەمانی کوردستان، هۆکارەکەی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنوسی ئەندامێکی پەرلەمان بووە کە وشیەی ناشیرینی بەرامبەر بە هەندێک سەرکردە و لایەنی سیاسی بەکارهێناوە.[1]
- شەوی رابردوو، لە نێوان تەقتەق و کەرکوک، دوو سەربازی سوپای ئێراق کوژران.[1]
- گروپی دەنگی شەقام ئیدانەی هێرشەکانی دوێنێی ناو پەرلەمان دەکات و دەڵێت: پێویست بوو ڕق و تورەیی و لێهاتوویی هێرشبەرەکان بۆ جەنگی بەرگریی لە کەرکوک و شەنگال و مەخمور و زومار بەکاربهاتەیە، نەک بۆ خەڵکی سڤیل و ناوخۆ و نوێنەرانی خەڵک و ڕۆژنامەنووسان.[3]
- فەرمانگەی لێکۆڵینەوەی سەر بە دەستەی دەستپاکی (نزاهە) ئەمڕۆ لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند، دادگای کەتنی تایبەت بە دۆسیەی دەسپاکی سزایەکی بە شێوەی نائامادەیی دەرکرد کە بریتیە لە زیندانیکردنی تەمر رەمەزان فەتاح، پارێزگاری پێشووی دهۆک بۆ ماوەی 10 ساڵ.[2]
- هێرش کرایەسەر نوسینگەی هەولێری کەناڵی NRT و کەلوپەلەکانی شکێنرا.[1]
- وتەبێژی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی هەرێم رادەگەیەنێت، وەزیری کار بڕیاریدا بە رادەستکردنەوەی سەرجەم سزادراوانی داعش لە کوردستان، بەڵام بەمەرجێک بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت.[2]
- مەسعود بارزانی و بەرهەم ساڵح بەجیا لەگەڵ باڵیۆزانی فەرەنسا و ئەڵمانیا کۆبوونەوە.[1]
- نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردنی عێراق ئیدانەی کوشتنی رۆژنامەوانەکەی داقوق و هەڕەشە و کردە توندوتیژییەکانی سەر رۆژنامەنوس و ئەندام پەرلەمان و بارەگا حزبییەکان دەکات.[2]
رۆژئاوای کوردستان
- رژێمی بەشار ئەسەد پێشنیازی بۆ پارتی یەکێتی دیموکراتی سوریا (پەیەدە) کردووە لە بەرامبەر کشانەوە لەو ناوچانەی کۆنترۆڵیکردوون، ئۆتۆنۆمی بداتە رۆژئاوای کوردستان، بەڵام ئەوان ڕەتیانکردووەتەوە و داوای فیدراڵییان بۆ سەرجەم ئەو ناوچانە کردووە کە لە ئێستادا لەژێر دەستیاندایە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏰 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| 🏰 پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| 🏰 پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| 🏰 پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | 🔥 کەرکوک |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ زاخۆ |

Quick Respons
:Code

🗄 سەرچاوەکان
[1] ●دیارینەکراو | 🖹 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] 📡ماڵپەڕ | 🖹 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 30-10-2017
[3] 📡ماڵپەڕ | 🖹 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 30-10-2017
[4] 📡ماڵپەڕ | 🖹 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی باسنیوز - 30-10-2017

کاتی تۆمارکردن: 2017-10-30 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 302

## 2017-10-31

https://www.kurdipedia.org/?q=20171031000000142587



باکووری کوردستان
- دوای ئەوەی ژمارەیەک لە کەسی فاشیست لە شاری ستراسبۆرگی فەرنسا، هەوڵیاندا هێرش بکەنە سەر ئەو چالاکییەی، کە بۆ زانینی دۆخی تەندروستی عەبدوڵڵا ئۆجالان ڕێبەری پەکەکە ڕێکخراوە، پۆلیسی فەرنساش هێرشی کردە سەر بەشداربووانی چالاکییەکە، لە هێرشەکەدا 7 چالاکوان دەستگیر کران و چەند کەسێکیش برینداربوون.[4]
باشووری کوردستان
- درەنگانی شەوی ڕابردوو، لە شاری سلێمانی تەقە لە بارەگای لق و ناوچەی چواری پارتی لە شاری سلێمانی کرا.[1]
- سەرۆکوەزیرانی عێراق لەبارەی هێزی پێشمەرگە دوو بژاردە دەخاتە بەردەم حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەڵێت، یان دەبێت ببنە بەشێک لە هێزی بەرگریی عێراق، یان دەبێت ژمارەیان کەمبکرێتەوە و ببنە هێزێکی لۆکاڵی، حکومەتی هەرێمی کوردستانیش خۆی مووچەیان بدات.[2]
- دادگای بەرایی سلێمانی ئەنجامی دوا پشکنینی (مریەم باروتجیان - هاوناز) ئاشکرا دەکات کە بە هاوناز ناسراوەو یەکێک بوو لە ونبووەکانی روداوی کیمیابارانی هەڵەبجە و رایدەگەیێنێت کە ئەو کچە ئەندامی ئەو خێزانەی هەڵەبجە نییە کە پێشتر دەرکەوتبوو منداڵی خێزانێکی ئەو شارەیە.[3]
- پەڕلەمانی ئێراقی وەک کاردانەوەیەکی ئاهەنگەکانی ریفراندۆمی باشووری کوردستان، بڵندکردنی ئاڵای ئیسرائیلی بە تاوان ناساند.[1]
- دەزگای ستراتفۆر، کە دەزگایەکی هەواڵگری ئەمریکیە پێشبینیەکانی لەبارەی پێشهاتە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان بڵاوکردەوە و دەڵێت هەرێمی کوردستان بەمنزیکانە لەلایەن چەند سەرکردەیەکی نوێوە بەڕێوەدەبرێت، بەڵام هەرێمەکە ڕووبەڕووی کێبڕکێ و دابەشکاری کۆمەڵایەتی دەبێتەوە.[5]
- فرسەت سۆفی، پەرلەمانتاری پارتی دیموکراتی کوردستان رەتیدەکاتەوە

هێرشی کردبێته سەر رابون مەعروف و رایدەگەیەنێت کە تەنیا پێوتووە داوای لێبوردن بکات تا تورەیی خەڵک کەم بێتەوە.[5]
- پریاردەری لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق ڕاگەیاند، پشکی بەشە بوودجەی هەرێمی کوردستان، لە پرۆژە بودجەی ساڵی 2018 کەمکراوەتەوە بۆ سەدا 12،67 ناوی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش گۆردراوە بۆحکومەتی پارێزگاکانی کوردستان.[6]
- وتەبێژی حکومەتی هەرێم رایدەگەیەنێت، هیچ کاتێک بەشە بودجەی کوردستان لەلایەن حکومەتی عێراقەوە رێژەی 17% نەبووە، بەڵکو زۆر کەمتر بووە.[3]
- سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان ئیدانە و سەرکۆنەی شەهیدکردنی رۆژنامەڤان ئەرکان شەریف لە داقووق دەکات. هاوکات سەرکۆنەی هێرشکردنە سەر رۆژنامەڤان و پەیامنێرانی کەناڵەکان لە پەرلەمانی کوردستان دەکات.[2]
- حەیدەر عەبادی رایگەیاند: بەمزوانە موچەی پێشمەرگە و فەرمانبەرانی هەرێم دەدەین.[1]
رۆژئاوای کوردستان
- شەڕڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات لە شاری مەیادین چوار ژن و کورێکی گەنجیان لە چنگی چەتەکانی داعش ڕزگارکرد، کە لە ڕۆژی 3ی ئابی 2014دا ڕفێندرابوون و ئەو گەنجانە خەڵکی شارەدێی خانەسۆری سەربە شەنگالن.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان

🏛 پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

🏛 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ شنگال

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ سلێمانی

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ هەڵەبجە

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ●دیارینەکراو | 🖹 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

[2] 📡ماڵپەڕ | 🖹 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رووداو - 31-10-2017

[3] 📡ماڵپەڕ | 🖹 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 31-10-2017

[4] 📡ماڵپەڕ | 🖹 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 31-10-2017

[5] 📡ماڵپەڕ | 🖹 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی سپی میدیا - 31-10-2017

[6] 📡ماڵپەڕ | 🖹 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی خەندان - 31-10-2017

کاتی تۆمارکردن: 2017-10-31 12:00:00 AM

ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

بابەت: 303

**2017-11-01**

https://www.kurdipedia.org/?q=20171101000000142814




باکووری کوردستان
- گەریلاکانی هێزەکانی پاراستنی گەل- هەپەگە، لە گۆڤەندی سەربە شەمزینانی جولەمێرگ دژی هێزەکانی سوپای تورک چالاکییان ئەنجامدا، لەو چالاکییەدا پێنج سەربازی تورک کوژران.[4]
- بەهۆی بارینی بەفرێکی زۆرەوە ڕێگای نێوان شاری وان بۆ میسک داخرا.[4]
- موراد قەرەیلان، ئەندامی کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتیی پارتی کرێکارانی کوردستان- پەکەکە، دەڵێت، کە هێزەکانمان لە کەرکوک ڕۆژێک پاش هەموو هێزەکانی دیکەی باشور کشانەوە، تەنانەت ئاگاداریشیان نەکردینەوە بۆ پاشەکشە.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتیی قەیران لە پارێزگای کرماشان رایگەیاند، خوێندنگە و زانکۆکانی ئەو پارێزگایە بەهۆی چڕبوونی خۆڵبارین ئەمڕۆ پشوویان دەبێت.[2]
- بەگوێرەی سەرچاوە خۆجێییەکان ئێران شاڵاوێکی دیکەی ڕەوانەکردنی هێز بەرەو شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستپێکردووە و ئەو هێز و کەرەستانە بەتایبەتی لە سەر سنوورە دەستکردەکانی نێوان ڕۆژهەڵات - باشورو رۆژهەڵات - باکوری کوردستان جێگردەکرێن.[4]
باشووری کوردستان
- مامۆستایانی ناڕازی لە سلێمانی، کەلار و کۆیە خۆپیشاندانیان ئەنجامدا بۆ داواکردنی موچەی مامۆستایان.[1]
- گوتەبێژی سەرۆکایەتیی تورکیا رایگەیاند، لەگەڵ عەبادی قسەیان لەسەر ئەوە کردووە دوای شەڕی داعش دەبێ بوونی پەکەکە لە عێراق یەکلایی بکرێتەوە.[2]
- حەیدەر عەبادی ڕایگەیاند، هەموو ئە و سنوورانەی لەژێر کۆنترۆڵی حکومەتی عێراقی فیدراڵدان لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بەتەنیا بەڕێوەدەبرێن و لە هیچیاندا ئیدارەی هاوبەش نابێت لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان.[3]
- سەرۆکی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان رایگەیاند، لەم قۆناخەدا لەگەڵ خۆپیشاندان و بایکۆتکردنی پرۆسەی خوێندندا نین. دەشڵێت داوایان لە حکومەت کردووە بەزوویی مووچەی مامۆستایان دابەشبکات.[2]
- ژمارەیەک لە پێشمەرگە دێرینەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و کەسوکاری شەهیدان لەبەردەم مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کۆبونەوە و خۆپیشاندانیکی ناڕەزاییان ئەنجامدا و داوای کۆنگرەی یەکێتی دەکەن.[3]
- فڕۆکەکانی تورکیا چەند ناوچە و چیای سەر بە شارۆچەی سیدەکانیان لە شارۆچکەی سۆران بۆردومان کرد.[1]
- چوار هاوڵاتی کورد کە ماوەی زیاتر لە 15 ڕۆژە لەلای هێزە عێراقییەکان بەدیلگیرابوون، ئازادکران.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان

- سەدان هاوڵاتی باکوری سوریا و هەزاران هاوڵاتی خەڵکی کۆبانێ لە ناوەندی شاری کۆبوونەوە ئاهەنگی ڕۆژی جیهانی کۆبانێیان دەستپێکرد، ئەوە سێیەم ساڵە کە ئەو ڕۆژە لە کۆبانێ ئاهەنگ دەگێردرێت.[4]
- لە کانتۆنی شەهبا، ڕێپێوانێک ئەنجام درا بە مەبەستی پشتیگیریی ئۆجالان و وەرگرتنی زانیاریی ڕاست سەبارەت بە دۆخی تەندروستیی ئۆجالان، لە خۆپیشاندانەکەدا گەنجێک هەوڵیدا خۆی بسووتێنێت، بەڵام لەلایەن خۆپیشاندەرانی دیکەوە ڕێگری لێکرا و و ئەو ئاگرەی لە جەستەی بەردابوو کوژێندرایەوە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK |
| شار و شارۆچکەکان: | کرماشان |
| شار و شارۆچکەکان: | کۆبانی |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |

Quick Respons Code:


سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2017-11-01
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-11-01
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-11-01



کاتی تۆمارکردن: 2017-11-01 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستەم


---

بابەت: 304

**2017-11-02**

https://www.kurdipedia.org/?q=20171102000000142815



باکووری کوردستان
- بەرەبەیانی ئەمڕۆ لەئەنجامی بەرپابوونی شەڕ لەنێوان هێزە ئەمنییەکانی تورکیا و گرووپێک لەگەریلاکانی پەکەکە لەنزیک شارۆچکەی شەمزینان، سەر بە شاری هەکاری لەباکوری کوردستان چوارکەس لەهێزە ئەمنیەیکانی تورکیا کوژران.[1]
- سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپای تورکیا رایگەیاند: لە شارۆچکەی شەمزینان سەر بە پارێزگای هەکاری لە پێکدادانێکدا لە نێوان هێزە ئەمنییەکان و پەکەکە کە بە نیازبوون بە سوودوەرگرتن لە نالەباری کەشوهەوا و تەمی چڕ هێرش و پەلامار ئەنجامبدەن، شەش سەرباز و دوو جاش کوژران و دوو سەربازی دیکەش بریندابوون کە برینی یەکێکیان سەختە.[6]
- بەهۆی بارینی بەفرەوە کە لە دوێنێ شەوەوە دەستیپێکردووە، دەروازەی کاراپەت لەسەر رێگای وان-باهچەسەرای کە دوو هەزار و 985 مەتر لەئاست رووی دەریاوە بەرزە بەرووی هاتوچۆدا داخراوە و، هاووڵاتیانیش بێچارە ماونەتەوە.[6]
- پۆلیسی تورک، بەیانی ئەمڕۆ، لە گوندەکانی ئاشوت و زاویتێ-ی سەربە شارۆچکەی چەلێ، هەڵیان کوتایە سەر ماڵی ژمارەیەک لە بەڕێوەبەرانی هەدەپە و ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانی دەبەپە و 16 کەسیان دەستبەسەر کرد و بردیاننە بنکەی پۆلیسی چەلێ. هەروەها، لە هەرسێ شارۆچکەی چەشمە، بایندر و تۆربەلی-ی سەربە لە شاری ئیزمیری ڕۆژئاوای تورکیا، پۆلیس هەڵیانکوتاە سەر چەند ماڵێک و 10 کەسیان دەستگیر کردوو بردوونیانەتە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ئەو ناوچانە.[5]
باشووری کوردستان
- رۆژنامەنووسانی کوردستان لەبەردەم بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەولێر، گردبوونەوەیەک ئەنجام دەدەن و تێیدا ناڕەزایی دژی شەهیدکردنی رۆژنامەنووسی کورد ئەرکان شەریف بە دەستی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی، دەردەبڕن.[2]
- لە وەڵامی داواکارییەکدا کە لەلایەن حەیدەر عەبادی، سەرۆک وەزیرانی عێراقەوە دەربارەی ریفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان ئاراستەی کردووە، دادگای فیدڕاڵی عێراق ئەمڕۆ رایگەیاند، ناتوانێت رای خۆمان لەبارەی دەستوریی یان نادەستوریی بوونی ریفراندۆم دەربڕین بەبێ گوێگرتن لە لایەنی دووەم.[1][3]
- سکرتاریەتی مام جەلال زیاتر لە 7000 هەزار کتێب و سەرچاوەی وەک دیاریی سەرۆک مام جەلال گەیاندە کتێبخانەی گشتیی سلێمانی.[4]
- سەنتەری میترۆ و بەشێک لە ڕۆژنامەنووسانی سلێمانی، لە گردبوونەوەیەکدا یادی هەموو قوربانییەکان و ئەو ڕۆژنامەنوسانەیان کردەوە، کە تیرۆرکراون و بکوژانیان دەستگیر نەکراون، داواشیان کرد بکوژانی ڕۆژنامەنووسان بە سزا بگەیەندرێن.[5]
- رێکخراوی هیومان رایتس ووچ راگەیێندراوێکی لەبارەی کوشتنی کامێرامانێکی کەناڵێکی کوردی ئەرکان شەریف لە شارۆچکەی داقوق بڵاوکردەوە و داوای لێکۆڵینەوە لەو رووداوەش دەکات.[3]
- وەزیری نەوتی عیراق ئاشکرای دەکات تاکە بەربەست بەردەم هەناردەکردنی نەوتی کەرکوک تورکیایە کە داوای چوار ملیار دۆلار دەکات کە پێشتر بە قەرز بە هەرێمی کوردستانی داوە.[1]
- نوێنەرانی کورد لەلیژنەی دارایی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق، بانگەوازێکی بەپەلە ئاراستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن بۆ ڕێگریکردن لەو بەربەست و مەترسیانەی لەناو ڕەشنوسی بودجەی 2018دا

هەیە، داواش دەکەن بەپەلە وەفدێک رەوانەی بەغدا بکەن و لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق بکەونە دانوستان و ڕێککەوتن.[7]
- فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا سنووری هەرێمی کوردستانیان بەزاند، بە بیانووی هەبوونی بارەگاکانی پەکەکە چیای کورەژاریان لە شارەدێی شیلادزێ سەر بە شارۆچکەی ئامێدی بۆردومانکرد.[1]
- ناوی شەقامی شەهید شێرکۆ شوانی لە کەرکوک گۆڕدرا بۆ یلدرم دەمرچی.[8]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | حەشدی شەعبی |
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK |
| پارت / لایەن: | پارتی هەرێمە دیموکراتەکان DBP |
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - HDP |
| شار و شارۆچکەکان: | ئامێدی |
| شار و شارۆچکەکان: | شەمزینان |
| شار و شارۆچکەکان: | هەکاری |
| شار و شارۆچکەکان: | هەولێر |
| شار و شارۆچکەکان: | وان |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-11-02
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی باسنیوز - 2017-11-02
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رووداو - 2017-11-02
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی پوک میدیا - 2017-11-02
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 2017-11-02
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئاژانسی ئەنادۆڵ - 2017-11-02
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی تۆڕی هەواڵی سلێمانی - 2017-11-02
[8] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن


کاتی تۆمارکردن: 2017-11-02 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 305

**2017-11-03**

https://www.kurdipedia.org/?q=20171103000000142816



باکووری کوردستان
- سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ هێزەکانی پۆلیسی تورک لە پەیاسی سەربە ئامەد هەڵیان کوتایە سەر ماڵێک و دەستیان بە سەردا گرت، لە کاتی ئەنجامدانی ئەو داگیرکەرییەدا تەقەش کراوە. بەگوێرەی ڕاگەیاندنە تورکەکان یەکێک لە نیشتەجێیانی ئەو ماڵە گیانی لە دەستداوە کە ئەندامی یەکینەکانی پاراستنی سڤیل - یەپەسە بووە، لە هێزەکانی پۆلیسیش کەسێک کوژراوە و دە کەسی دیکەش برینداربوون.[1][2]
- دادوەری تورک سزای 10 ساڵ زیندانی بە سەر سەلما ئیرماک، پەرلەمانتاری پارتی دیموکراتی گەلانی شاری جولەمێرگدا سەپاند.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بەگوێرەی هەواڵی ئاژانسە ناوخۆکانی ئێران، لە چاڵدێرانی سەربە ورمێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئەنجامی شەڕێکدا لە نێوان هێزە سەربازییەکانی ئێران و گروپێکی نەناسراو، هەشت سەربازی ئێرانی کوژران.[1]
باشووری کوردستان
- دامەزراوەی شەهیدانی عیراق ئاشکرایدەکات، لەدوای کۆنترۆڵکردنەوەی شارۆچکەی حەویجە لەتیرۆریستانی داعش ژمارەیەک گۆڕی بەکۆمەڵ دۆزراونەتەوە، بەڕێوەبەری فەرمانگەکەش ئاشکرایدەکات، گوماندەکرێت تەرمی پێشمەرگە و سوپا و خەڵکی سڤیلی تێدابێت.[3]
- فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا چەند ناوچەیەکی چیای مەتین لە دەڤەری نهێل بۆردومان دەکەن.[4]
- ئەرشەد ساڵحی سەرۆکی بەرەی تورکمانی لە کەرکوک داوا لەحکومەتی عیراق دەکات حکومەتێکی ناوخۆیی لەکەرکوک پێکبهێندرێت و دەسەڵاتەکانیش بەڕێژەی 32% دابەشبکرێت بەسەر پێکهاتەکانی شارەکەدا، ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکیش دواکاریەکە بەنادیموکراسی ناودەبات و ڕایدەگەیەنێت، بەرەی تورکمانی لەڕێگەی ئە و پرۆژانەوە دەیەوێت تەگەرە بخاتە نێو پرۆسەی سیاسی و دانانی پارێزگارێک بۆ شارەکە.[3]
- سەمیر هەورامی، سکرتێری رۆژنامەوانی جێگری سەرۆکی حکومەت و وتەبێژی سیستەمی بایۆمەتری بە دواڕۆژی ڕاگەیاند: لەئێستادا حکومەتی هەرێم هەشت سەد و نەود و حەوت ملیار و 500 ملیۆن دیناری بۆ مووچەی یەک مانگی مووچەخۆرانی هەرێم پێویستە.[4]
- لە بازگەی قەرەهەنجیر پێکدادن لەنێوان هێزێکی حەشدی شەعبی و چەند کەسێکدا رویدا و بە و هۆیەشەوە ڕێگای سەرەکی نێوان کەرکوک و سلێمانی داخرا. لە ئەنجامی ئەم پێکدادانەدا چەکدارێکی حەشدی شەعبی بریندارب‌وو.[4]
- فڕۆکەیەکی نەناسراو چەند جارێک بۆردومانی شاخی ئاسۆیان-ی لە گوندی گەلاڵەی شارباژێر کرد.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏰 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP

🏰 پارت / لایەن: حەشدی شەعبی

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ سلێمانی

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ ورمێ

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ شارباژێڕ (چوارتا و ماوەت)
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◉ ئامەد
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ جوڵەمێرگ
:Quick Respons Code

📚سەرچاوەکان
[1] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2017-11-03
[2] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئاژانسی ئەنادۆڵ - 2017-11-03
[3] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی تۆڕی هەواڵی سلێمانی - 2017-11-03
[4] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2017-11-03
[5] ●دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: AM 12:00:00 2017-11-03
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 306
**2017-11-04**
https://www.kurdipedia.org/?q=20171104000000142817



دەرەوەی کوردستان
- دەیان هەزار هاوڵاتی لە شاری دۆسلدۆرفی ئەڵمانیا بە دروشمی ڕێگانادەینە فاشیزم ئازادی لە ئۆجالان و زیندانییە سیاسییەکان بستێنێت، گردبوونەوە و ڕێپێوانیان ئەنجامدا.[4]
باشووری کوردستان
- ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکێتی بڕیاریدا مەکتەبی سیاسی حزبەکەی هەڵبوەشێنێتەوە و لە 2018-03-01دا کۆنگرە ببەسترێت.[3]
- بەڕێوەبەری گشتیی ڕاگەیاندن و هۆشیاریی نیشتمانی لە وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان ڕای گەیاند، میلیشیاکانی حەشدی شەعبی خۆیان بۆ هێرشکردنە سەر پێشمەرگە ئامادە دەکەن و لەمبارەیەوە هاوپەیمانانیان ئاگادار کردووەتەوە.[1]
- بە فەرمانی سەرۆک وەزیرانی عێراق، عەبدولئەمیر زەیدی، دەکرێتە فەرماندەی سەپاندنی یاسا و دەسەڵاتە فیدراڵییەکان، لە ناوچە کێشە لەسەرەکان و (باکوری عێراق).[2]
- ئەحمەدی حاجی ڕەشید مەترسیەکانی پرۆژە یاسای بودجەی 2018 عێراقی خستەڕوو، ڕایگەیاند لە دوای 2005 وە ئە و بودجەیە خراپترین بودجەیە بۆ کورد جگە لەوەی بەشە بودجەی هەرێم کەمکراوەتەوە، چەندین ئاستەنگ و ڕێگری تریش بۆ پشکی هەرێم دروست کراوە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] مالپەر | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری باسنیوز - 2017-11-04
[2] مالپەر | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کەی ئێن ئێن - 2017-11-04
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[4] مالپەر | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2017-11-04

کاتی تۆمارکردن: 2017-11-04 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 307
**2017-11-05**
https://www.kurdipedia.org/?q=20171105000000142818



باشووری کوردستان
- دوو تەقینەوە کە یەکێکیان خۆکوژی لەنزیک فەرمانگەی باری شارستانی کەرکووک لە شەقامی ئەتڵەس و ئەوی تریان لەڕێی ئوتومبیلێکی بۆمبڕێژکراوەوە نزیک بارەگای لقی 3ی پارتی لە کەرکوک روویدا و کوژراو و بریندارى لێکەوتەوە.[1]
- خۆپیشاندان دژی دەستبەسەرکردنی ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی غالب محەمەد، سەرۆکی لیژنەی سوتەمەنی و وزە، ئەنجامدەدرێت.[1]
- حکومەتی ئێراق بەشێوەیەکی فەرمی لیستێک ناوی داواکراو ئاراستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە بەمەبەستی رادەستکردنەوەیان کە ئێستا لە هەرێمی کوردستان دەژین و پەرلەمانتارێکی شیعەش هەڕەشەی ئەوە دەکات کە ئەگەر ئەو داواکراوانەیان رادەست نەکەنەوە بە زەبری هێز لە ناو هەرێمدا دەستگیریان دەکەن.[2]
- دەرباز محەمەد وەزیری کۆچ و کۆچبەرانی عێراقی لەسەر پشکی بزوتنەوەی گۆران داوا لە مەسعود بارزانی دەکات ئەنجامی ڕاپرسی هەڵبوەشێنێتەوە و هۆشیاری دەدات لەوەی زۆرتر دواخستنی ئەو بریارە کوردستان ڕووبەڕوی چارنوسێکی نادیار دەکات.[3]
- ژمارەیەک چەکداری نەناسراو لەشاری کەرکوک هێرشیانکردە سەر هێزێکی هاوبەشی پۆلیسی شارەکە و دژەتیرۆری عێراق، بەهۆیەوە کوژراو و برینداری لێکەوتەوە.[1]
- کۆنگرێسی ئەمریکا نەخشەڕێگەیەک بۆ ئابڵوقەدانی عەسایبی ئەهلی حەق و یەکەی نوجەبای حەشدی شەعبی عێراقی، ئاراستەی ئەنجومەنی نوێنەرانی وڵاتەکەی کرد.[2]
- ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق پرۆژەیاسای بودجەی 2018 ی پەسەندکرد،

پشکی هەرێمی کوردستانیش بۆ 12.67% کەمکراوەتەوە.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لە ڕۆژئاوای کوردستان بە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و بەرزکردنەوەی وێنەی پێشمەرگە، ڕێپێوانێک بۆ پشتیوانی لە باشووری کوردستان ڕێکخرا.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: حەشدی شەعبی

شار و شارۆچکەکان: کەرکوک

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 05-11-2017
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیو - 05-11-2017
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 05-11-2017

کاتی تۆمارکردن: 05-11-2017 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 308

## 06-11-2017

https://www.kurdipedia.org/?q=20171106000000142819



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- فەرماندەی پاراستنی سنووری ئێران هەڕەشەی تۆڵەسەندنەوە لە بکوژانی 8 کەس لە هێزە سەربازییەکانی ئێران دەکات کە دوو ڕۆژ پێش ئێستا لە سنووری پارێزگای ورمێ کوژران.[2]
- منداڵە کۆڵبەرێکی کورد، تەمەن 13 ساڵان لە سنوورە دەستکردەکانی نێوان ڕۆژهەڵات و باکوری کوردستان لە شاری خۆی-ی سەربە پارێزگای ورمێ، بەهۆی ئەشکەنجەی هێزە سەربازییەکانی ئێرانەوە کوژرا.[4]
باشووری کوردستان
- دادگای فیدراڵی عێراق ڕایگەیاند کە بەپشتبەستن بە شرۆڤەیەی مادەی یەکی دەستور گەیشتونەتە ئەو پروایەی کە هیچ پێکهاتەیەکی عێراق بۆی نییە جیاببێتەوە ئەوەش وەک ئاماژەیەکە بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆمی هەرێمی کوردستان.[1]
- نێچیرڤان بارزانی ڕایگەیاند، ئەگەر حکومەتی عێراق 17 لەسەدی بودجەی عێراقمان بداتێ ئامادەین گشت نەوتی هەرێمیان رادەستبکەین و لیستی موچەشمان ئامادەیە ئەگەر بەغدا دەیەوێت خەرجییکات و ئێمە پێشوازییان لێدەکەین.[1]

- نوسینگەی حەیدەر عەبادی لە ڕاگەیاندراوێکدا دەڵێ: پێویستە هەرێمی کوردستان پابەندبوونی خۆی بەجیانەبوونەوە لە عێراق ڕابگەیەنێت.[3]
- بزووتنەوەی گۆڕان ڕەتیکردەوە وەزیرەکانی بنێرێتەوە هەولێر. بەڵکو داوای دەستلەکارکێشانەوەی حکومەتی هەرێم و دامەزراندنی حکومەتی ڕزگاری نیشتمانی دەکەن.[3]
- مەسعود بارزانی، لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ رادیۆی ئێن پی ئاڕی ئەمریکی، کە یەکەم چاوپێکەوتنیەتی لەدوای ریفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان، رایگەیاند پەشیمان نییە لەوەی ریفراندۆمی ئەنجامداوە. هەروەها سەرۆک بارزانی رایدەگەیەنێت کە بەهۆی پشتگیرییکردنی ئەمریکا لە حکوومەتی عێراق لەدژی کوردستان، هەرێمی کوردستان پێداچوونەوە بە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئەمریکادا دەکەن و گوتیشی: هەڵوێستی رووسیا لەمەڕ ریفراندۆم هەڵوێستێکی پۆزەتیڤانە بووە.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان

شار و شارۆچکەکان: ○ ورمێ

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2017-11-06
[2] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2017-11-06
[3] ●دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[4] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2017-11-07
[5] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2017-11-07

کاتی تۆمارکردن: 2017-11-06 12:00:00 AM

ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستەم

---

بابەت: 309

**2017-11-07**

https://www.kurdipedia.org/?q=20171107000000142820



رۆژئاوای کوردستان
- ئەنجومەنی سەربازی مەنبەج هێرشێکی چەکدارانی قەڵغانی فورات و چەکدارانی دیکەی سەر بە تورکیا بۆ سەر سەنگەرەکانیان لە باکوری شارۆچکەکە تێکدەشکێنن.[1]
باشووری کوردستان
- ئاری هەرسین فراکسیۆنێکی نوێ رادەگەیێنێت و دەڵێ ئەمە ئینشقاق نییە لە پارتی، بەڵکو خۆجیاکردنەوەمانە لە فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان، هۆکاری راگەیاندنی فراکسیۆنەش بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە تائێستا حیزبێک نییە نوێنەرایەتی خەڵکی کورد بکات، هەموو حیزبەکان کوردستانین، پێیان عەیبە بڵێن من کوردم، نەوەک عەرەبێک پێیبڵێت تۆ کەسێکی شۆڤێنیت.[2]
- کەسوکاری ئە و کەسانەی لە ماوەی ساڵانی 2003ەوە تا ئێستا لە کەرکوک بێ سەرو شوێنکراون، لەبەردەم بینای پارێزگای کەرکوک گردبوونەوە و داواپان کرد بەرپرسان چارەنوسی ڕۆڵەکانیان دیاری بکەن، بەشێک لە و هاوڵاتیانەش ئاماژە بۆ ئەوەدەکەن، ڕۆڵەکانیان ماوەی چەند ساڵێکە لەلایەن هێزە ئەمنیەکانەوە بێسەر و شوێن کراون و تا ئێستاش چارەنوسیان نادیارە.[3]
- حەیدەر عەبادی، داوادەکات لێکۆڵینەوە لە داواکاری کەسوکاری دەستگیرکراوان لای ئاسایشی کەرکووک بکرێت.[2]
- موقتەدا سەدر سەرۆکی رەوتی سەدر فەرمان دەکات هێزەکانی سەریا سەلام لەماوەی 72 کاتژمێری دەهاتوودا لە کەرکوک بکشێنەوە.[1]
- پۆلیسی سلێمانی ڕایگەیاند، بەهۆی دەستڕێژی گوللەوە لەناو بازاڕێکی سلێمانیدا سێ کەس برینداربوون و تۆمەتبارەکەش دەستگیرکراوە.[4]
- ئارام حاتەم، بەڕێوەبەری پلاندانان لەوەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی راگەیاند ئەنجومەنی وەزیران بڕیاریدا بە راگرتنی مووچەی شەش هەزار و 700 کەمئەندام کە مووچەی مانگانەیان لەنێوان 60 تاکو 90 هەزار دیناردایە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی بۆ دووبارە پشکنینەوەی رێژەی کەمئەندامییان سەردانی لیژنە پزیشکییەکانیان نەکردووە.[5]
- نوێنەرایەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق (یونامی) داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات رێز لە بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی عێراق بگرێت کە رایگەیاندووە دەستوور رێگە بە جیابوونەوەی هیچ پێکهاتەیەک نادات. هاوکات یونامی ئامادەیی خۆی بۆ نێوەندگیری لەنێوان هەولێر و بەغدا بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆ دووپاتدەکاتەوە.[2]
- ئۆتومبیلێکی مینڕێژکراو لە خورماتوو تەقییەوە و کوژراو و برینداری لێکەوتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: حەشدی شەعبی

شار و شارۆچکەکان: ○ سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: ○ خورماتوو

شار و شارۆچکەکان: ○ مابوک - مەنبەج

شار و شارۆچکەکان: کەرکوک

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] ●دیارینەکراو | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2017-11-07
[3] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کەی ئێن ئێن - 2017-11-07
[4] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئێن ئاڕ تی - 2017-11-07
[5] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2017-11-07

کاتی تۆمارکردن: 2017-11-07 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 310
## 2017-11-08
https://www.kurdipedia.org/?q=20171108000000142821



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- لقی ورمێی دادگای شۆڕشی ئیسلامیی ئێران سزای سێدارەی بەسەر دوو زیندانی سیاسیی کورد بەناوەکانی دیاکۆ ڕەسولزادە و سابیر شێخ عەبدوڵڵا دا سەپاند.[6]
- هێزەکانی سەر بە ئیتلاعاتی ئێران، هەڵیانکوتایە سەر ماڵی هاوڵاتیان لە شارۆچکەی چاڵدێرانی سەر بە پارێزگای ورمێ و سێ کەسیان دەستگیر کرد و ئەشکەنجەیان دان.[6]
باشووری کوردستان
- وەزارەتی دارایی و ئابووری ڕایگەیاند، هەفتەی داهاتوو مووچەی سەرجەم وەزارەت و دەستە و دەزگاکانی هەرێم دابەش دەکرێت.[1]
- ژمارەیەک لە مامۆستایان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە هەڵەبجە، بەسەرپەرشتی دەستەی داکۆکی لەمافی مامۆستایان دووهەمین گردبونەوەی خۆیان ئەنجامداو هەفتەی یەکەمی بایکۆتی هۆڵەکانی خوێندنی تێپەڕاند و ڕاشیدەگەیەنن: ئەگەر دەسەڵات واتێدەگات لەداواکردنی مافەکانمان ماندو دەبین، ئێمە ماندونابین و بەردەوام دەبین.[2]
- وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا داوای لەپەرلەمانی وڵاتەکەی کرد ئەرکی سەربازەکانی لەهەرێمی کوردستان درێژبکاتەوە کە مەشق بە پێشمەرگە دەکەن.[3]
- یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان پەیامێک ئاراستەی لایەنە سیاسییەکانی هەرێم دەکات و هۆشداریشدەدات لەوەی بەهیچ شێوەیەک زمانی هەڕەشە بەرامبەر بەغدا بەکارنەهێندرێت، بەوتەی پەرلەمانتارێکی یەکێتیش لەبەغدا، زمانی هەڕەشە خزمەت ناکات، ئەوانەی هەڕەشەیان دەکرد کە وا دەکەین و بەمشێوەیە دەکەین ئەوە ئەنجامەکەیبوو کەئێستا تێیداین، دەشڵێت:عیراق سورە لەسەر هەڵوەشاندنەوەی ئەنجامی ڕیفراندۆم.[4]

- کونسڵخانەی ئێران لە هەولێر رایدەگەیەنێت، هیچ بڕیارێک بۆ کردنەوەی هەردوو دەروازەی سنووری حاجی ئۆمەران و پەروێزخان لەلایەن ئێران و عێراقەوە نەدراوە.[3]
- وەزیری تەندروستی هەرێمی کوردستان لەبارەی نەناردنی دەرمان لەلایەن بەغداوە رایگەیاند، هیچ پەیوەندییەکی بە کێشە سیاسییەکانەوە نییە، بەڵکو ئەو پارەیەی لە بودجەی ساڵی 2017 ی عێراقەوە بۆ کڕینی دەرمانی هەرێمی کوردستان دانرابوو تەواوبووە. دڵنیاییشی دا کە حکومەتی عێراق بڕیاری داوە دەست بە هەناردەکردنی دەرمان بکاتەوە.[5]
- بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستان کورسیەکەی د. شوان قەڵادزەیی لە پەرلەمانی کوردستان بەبەتاڵی دەهێڵێتەوە، وتەبێژی بزوتنەوەکەش هۆکارەکەی ئاشکرادەکات و ڕایدەگەیەنێت، وەکو بزوتنەوە و خودی د.شوان-یش دژی درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان بوین.[4]
- لە گوندێکی سنوری خورماتوو شەڕ لەنێوان ئاسایشی یەکێتی و چەکدارانی داعش ڕوویدا چەکدارێکی داعش کوژرا.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| پارت / لایەن: | بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان |
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| شار و شارۆچکەکان: | هەڵەبجە |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان

[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیو - 2017-11-08
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2017-11-08
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری تۆڕی هەواڵی سلێمانی - 2017-11-08
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2017-11-08
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2017-11-09

کاتی تۆمارکردن: 2017-11-08 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 311

**2017-11-09**

https://www.kurdipedia.org/?q=20171109000000142822



باکووری کوردستان
- بەتۆمەتی بانگەشەکردن بۆ پەکەکە دادگای رووها بڕیاری دەستگیرکردنی بۆ عوسمان بایدەمیر، گوتەبێژی پارتی دیموکراتی گەلان (HDP) دەرکرد.[7]
- لە شاری هانۆڤەری ئەڵمانیا ژمارەیەک هاوڵاتی کورد گردبوونەوە بە مەبەستی پێشوازیکردنی پاسی کتێبخانەی ئۆجالان کە بە شارەکانی ئەوروپادا دەگەڕێت، پۆپلیسی ئەڵمانیا هێرشی کردە سەر خۆپیشاندەران.[3]
باشووری کوردستان
- نوێنەری فدراسیۆنی پەنابەرانی هەرێمی کوردستان لە تورکیا ئاشکرای کرد کە دوای 11 ڕۆژ لە دیار نەمانی، ئەمڕۆ پێنجشەممە (9 / 11/ 2017) هەواڵی دۆزرانەوەی تەرمی هاووڵاتییەکی سنووری شاری ڕانیەیان لە ئیتاڵیاوە پێگەیشتووە کە ویستوویەتی بەو وڵاتەدا بۆ ئەورووپا کۆچ بکات.[1]
- پەرلەمانی کوردستان، لە راگەیێندراوێکدا ئاماژە بەوەدەکات کە دوای پەسندکردنی یاسای دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بەسەر دامەزراوە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان، بەپێی بڕگەی (سێیەم)، ماددەی یەکەم/ یاسای ژمارە (2)ی ساڵی 2017، دەسەڵاتی دەرچوواندنی یاسا و بڕیارەکانی پەرلەمانی کوردستان بە واژۆی سەرۆکایەتیی پەرلەمان بە دەرچوو دادەنرێت.[2]
- ژمارەیەک لە پزیشکانی نیشتەجێی خولاوی شاری سلێمانی داوادەکەن، کە مووچەکانیان لەکاتی خۆیدا پێبدرێت و سیستمی پاشەکەتی مووچە هەڵبگیرێت.[3]
- ئاژانسی دەنگوباسی رۆیتەرز لەسەر زاری چەند سەرچاوەیەکی بانکییەوە ئاشکرایکردووە بانکی ناوەندی عێراق موچەی هەفتەیەکی داوەتە بانکە ئەهلییەکان تا وەکو لقەکانی خۆیان لە ناو هەرێمی کوردستاندا دابخەن.[4]
- کاتژمێر 10ی سەرلەبەیانی ئەمڕۆ، لە هۆڵی سەنتەری چالاکی گەنجانی کەلار لە شارۆچکەی کەلار ناوەندی ئیدارەی گەرمیان، بەدەستپێشخەری ڕێکخراوی وادی ئەڵمانی، بە ئامادەبوونی بەڕێوبەری گشتی پەروەردەی گەرمیان و مامۆساتایانی پێنج خوێندنگای سنوورەکە، بە مەبەستی نەهێشتنی هەموو شێوازەکانی توندوتیژی ولە پێناو چارەسەرکردنی ئاشتیانەی ململانێکان کۆنفرانسێک بۆ چارەسەرکردنی ئاشتیانەی ململانێکان بەڕێوەچوو.[3]
- سەرۆک وەزیرانی عێراق لەسەر داوای هەردوو وەزیرە کوردەکەی یەکێتی و گۆران ڕەزامەندی نیشاندا بۆ جێگیربونی هێزێکی عێراقی کوردی لە خورماتوو.[5]
- لە پێشانگایەکی تایبەتدا لە رانیە چەند رۆبۆتێک نمایشکران کە لە لایەن چەند بەهرەمەندێکی رانیەوە دروستکرابوون.[6]
- لە شاری سلێمانی، چلەی ماتەمینی گەڕیدە و مێژوونووس و جوگرافیاناسی ناسراوی کورد، کەریم زەند بەڕێوەچوو.[3]
- لە گەرەکی شۆریجەی شاری کەرکوک تەقە لە هێزە ئەمنییە عێراقییەکان کرا.[4]
رۆژئاوای کوردستان
- لە سێ گۆشەی ڕووبارەکانی خابور و فورات لە نێوان شەڕڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات و چەتەکانی داعش دا شەڕێکی سەخت ڕوودەدات.[3]
- شەڕڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات شارۆچکەی مەرگەدە و 24

گوندی دەوروبەریان لە چنگی چەتەکانی داعش ڕزگارکرد و هێرشێکی چەتەکانیان بۆسەر مەیدانە نەوتییەکانی عومەر تێکشکاند.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏨 پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| 🏨 پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| 🏨 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - HDP |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | 🔥 کەرکوک |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ کەلار (گەرمیان) |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ ڕانیە (پشدەر) |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ سلێمانی |
| Quick Respons Code: | |


سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری باسنیوز - 09-11-2017
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 09-11-2017
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 09-11-2017
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 09-11-2017
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی سپی میدیا - 09-11-2017
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کەی ئێن ئێن - 09-11-2017
[7] ●دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن



کاتی تۆمارکردن: 09-11-2017 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم


---

بابەت: 312
**2017-11-10**
https://www.kurdipedia.org/?q=20171110000000142823



باکووری کوردستان
- بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی پارێزگای ئاگری رایگەیاند، لە ئۆپەراسیۆنێکدا هەریەکە لە رەمەزان بۆر هاوسەرۆکی لقی شارۆچکەی پاتنۆسی هەدەپە، و عەبدولجەبار چاملِک هاوسەرۆکی لقی پاتنۆسی دەبەپە، دەستگیرکران.[3]
باشووری کوردستان
- چلەی ماتەمینیی مام جەلال لە سلێمانی بەڕێوەدەچێت.[1]
- لە سنوری شارۆچکەی خورماتوو، چوار کارمەندی نەوتی زەمبور، لەلایەن ژمارەیەک چەکداری نەناسراوەوە ڕفێنران.[2]
- پاش ئەوەی دوێنێ لە گەڕەکی شۆریجەی کەرکوک تەقە لە هێزە ئێراقییەکان کرا، ئەمڕۆ سەرجەم ڕێگا گشتییەکانی شۆریجە داخراوە، بەگشتی قەدەغەی هاتووچۆ لە گەڕەکەکە هەیە.[2][4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ئۆپەراسیۆنی گەردەلوولی جزیرە لە 62یەمین ڕۆژیدا بەردەوامە و شەڕڤانانی ئەنجومەنی سەربازیی دێرەزۆر لە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری فوراتەوە پێشرەوی دەکەن.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP
پارت / لایەن: پارتی هەرێمە دیموکراتەکان DBP
شار و شارۆچکەکان: ○ سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: ○ خورماتوو
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ●دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2017-11-10
[3] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2017-11-10
[4] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری باسنیوز - 2017-11-10

کاتی تۆمارکردن: 2017-11-10 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 313
**2017-11-11**
https://www.kurdipedia.org/?q=20171111000000142824



باکووری کوردستان
- سوپای تورک ڕێگای نێوان گوندەکانی نێوان نسێبین – قۆسەر-ی سەر بە میردینی گەمارۆ داوەو ڕێگاکانی بریوە، ئەوەش بە ئامانجی دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنە دژی گەریللاکانی پەکەکە.[1]
- ئێوارەی ئەمڕۆ، دوای ئەوەی گردبوونەوەیەک لە ئامەد بە وتنەوەی دروشمی گۆشەگیری تێکدەچێت، ئازادی سەردەکەوێت کۆتایی هات، پۆلیس هێرشی کردە سەر گردبوونەوەکە و ژمارەیەکی زۆری بەشداربووانی گردبوونەوەکەی دەستگیر کرد.[1]
- کاتژمێر 10:30 خولەکی سەرلەبەیانی، گەریلاکان لە گردی خوەدێ-ی سەربە عادل بەگی شەمزینانی جولەمێرگ، دژی سوپای داگیرکەری تورک چالاکییەکییان ئەنجام دا و گورزیان لە پێگەکانی دوژمن دا.[1]
باشووری کوردستان
- سەرلەبەیانی ئەمڕۆ باری تەندروستی کۆسرەت ڕەسول عەلی تێکچوو و گەیەنرایە نەخۆشخانە.[2]
- دەرباز کۆسرەت رەسوڵ رایدەگەیەنێت، نەشتەرگەرییەکی سەرکەوتوو بۆ جێگری سکرتێری گشتی یەکێتی ئەنجامدراوە و تەندروستیشی لەئێستادا جێگیرە.[2]
- بە بەشداری 90 ئەندام، خولی پێنجەمی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی شارەوانی بناری قەندیل دەستپێکرد و هەر یەک لە گوڵاڵە عوسمان و محەمەد حەسەن بە هاوسەرۆکانی نوێی شارەوانی بناری قەندیل و حەوت کەس وەک دەستەی بەڕێوەبەری شارەوانی بناری قەندیل هەڵبژێردران.[1]
- راوێژکاری سەرۆکی حکومەتی هەرێم رایدەگەیەنێت کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا بە وەڵام و وەڵامکاری لە دەزگاکانی راگەیاندنەوە چارەسەر نابێت، بەڵکو پێویستە لەسەر مێزی گفتوگۆ کێشەکان چارەسەر بکرێن و داواش لە حکومەتی ناوەندی دەکەین تیمە تەکنیکییەکانیان بنێرنە هەرێم.[3]
- دژی پرۆژە یاسایەک بۆ بەشودانی منداڵانی تەمەن 9 ساڵ لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ژنانی سلێمانی کۆبوونەوە و لە بەیاننامەیەکی هاوبەشدا ڕایانگەیاند: دەبێت ئەنجومەنی نوێنەران یاساکە ڕەتبکاتەوە، چونکە دژی دەستووری عێراق و بەندەکانی مافەکانی مرۆڤە.[1]
- وەزیری نەوتی عێراق ڕایدەگەیەنێت، کە 30 ملیۆن لیتر نەوتی سپی بەسەر هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان-دا دابەش دەکەین.[1]
- هێزەکانی ئاسایشی سلێمانی دەستگیرکردنی دوو گروپی تیرۆریستیان راگەیاند.[2]
- فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق ئاشکرای کرد کە لە ڕێگەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانەوە 150 تیرۆریستیان وەرگرتوەتەوە و هاوکات ئاشکراشی کردووە کە پارێزگای کەرکوک 14 ساڵە نەپشکندراوە، ئاساییە ئێستا بپشکندرێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

🏛 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ رانیە (پشدەر)

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ نوسەیبین

شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: ◉ ئامەد
شار و شارۆچکەکان: ○ شەمزینان
شار و شارۆچکەکان: ○ جوڵەمێرگ
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 11-11-2017
[2] ●دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 11-11-2017

کاتی تۆمارکردن: 2017-11-11 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 314

## 2017-11-12

https://www.kurdipedia.org/?q=20171112000000142825



باکووری کوردستان
- ئێوارەی ئەمڕۆ، عوسمان بایدەمیر، پەرلەمانتاری شاری ڕوحای پارتی دیموکراتی گەلان-هەدەپە لە ئەستەنبوڵ دەستگیر کرا.[1]
- سکاڵانامە بۆ 24 ڕۆژنامەنووسی کوردی ڕۆژنامەی ئازادیا وەڵات ئامادەکرا و، داواکاری گشتیی تورک بەنیازە داوای سزای حەوت بۆ 15 ساڵ زیندان بۆ هەریەکەیان بکات. ناوی ئەو رۆژنامەنووسانە بەم شێوەیە: ئەحمەد قزڵای، ئەحمەد بۆڵتان، فەیسی ئاڵتین، ئەرجان یاڵتاش، محەمەد ئایدین، محەمەد ئەمین ئایگون، عەزیمە تارهان، سورەیا دال، بەرخۆدان توپلار، محەمەد حسێن شاهین، چەنگیز ئەرسەلان، زیان کاراخان، جەیلان ئیپەک، پوسات بولوت، یاسەمین سایین، سەردال پۆلات، زەینەب ئیزگی، حەیات یلماز، محەمەد ئەمین کایا، مەرجوم تەکۆل، ئیبراهیم بایرام، ئەنگین ئوزەلچی، ئاراپ توران، فەریت تۆپراک.[2]
- لە ئەنجامی ئۆپەراسیۆنێکی هێزەکانی پۆلیسی تورک، لە شارۆچکەی بسمل-ی ئامەد، 30 ئەندامی پارتی هەرێمە دیموکراتییەکان-دەبەپە دەستگیرکران، لە ئەندەنە-ش ئەندامێکی هەدەپە دەستگیرکرا.[2]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- بەهۆی بوومەلەرزەوە تەنها لە قەسری شیرین جگە لە زیانی مادی، 6 کەس گیانیان لەدەستدا و دەیانیش بریندداربوون.[1]
باشووری کوردستان
- بوومەلەرزەیەکی بەهێز بەگوری 4.5 باشوور، رۆژهەڵات، باکوور و رۆژاوای کوردستانی هەژاند. بەهۆیەوە خەڵکێکی زۆر هاتنە دەرەوەی ماڵەکانیان بۆ سەلامەتیی گیانیان. لە باشوور جگە لە زیانی مادی خەڵکانێکی زۆر

بەهۆیەوە برینداربوون.[1]
- لە دەربەندیخان بەهۆی بوومەلەرزەوە 4 کەس گیانیان لەدەستدا و لە زۆرێک لە شار و شارۆچکەکان بریندار هەیە.[1]
- بەهۆی بوومەلەرزەوە بەشێک لە قەڵای شیروانە لە کەلار رووخا.[1]
- عەبدولستار مەجید، وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی هەرێمی کوردستان راگەیێندراوێکی بڵاوکردەوە و دەڵێت بەداخەوە بەهۆی زەمنلەرزەکەی ئەمشەوەوە زیان بە بەنداوی دەربەندیخان گەیشتووە و تیمەکانمان لە هەوڵدان بۆ لێکۆڵینەوە و زانینی ئاستی زیانەکان بەتایبەتی بەشەکانی ژێرەوە کە بنچینەی بەنداوەکان، بەم بۆنەیەوە داوا لە هەموو ئەو هاووڵاتیانە دەکەین کە ماڵەکانیان نزیک بەنداوەکەن ئەمشەو بۆ پاراستنی گیانی خۆیان ماڵەکانیان چۆڵ بکەن.[4]
- چیای ئاسۆس لە شارباژێر بۆردوومانکرا. سەرچاوە کوردییەکان ناکۆکن کە چ لایەنێک بۆردوومانی کردووە. میدیاکانی یەکێتی دەڵێن فڕۆکەکانی تورک بووە و میدیاکانی سەربە پەکەکەش دەڵێن تۆپخانەکانی ئێران بووە.[1]
- ئەو خوێندکارانەی لە وانەیەک یان دوان کەوتوون بۆ داواکردنی چەند نمرەیەک لەبەردەم وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی دەستیان بە خۆپیشاندان کرد.[2]
- وەفدێکی پەرلەمانتارانی بزوتنەوەی گۆڕان لە پەرلەمانی عێراق گەیشتنە دیوانی پارێزگای کەرکوک و بڕیارە لەگەڵ پارێزگار و ئەنجومەنی پارێزگای شارەکە کۆببنەوە.[3]
- ئە و هێزەی لە دوو رۆژی رابردوودا لەلایەن حکومەتی عێراقەوە جوڵەی پێکرابوو بۆ میحوەری پردێ پاشەکەشیان کرد.[3]
- د. دارا ڕەشید، سەرپەرشتیاری تیمی تایبەتی پزیشکی کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی، جێگری یەکەمی سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا، وتی دوای ئەوەی نەشتەرگەری بۆ کۆسرەت رەسوڵ کراوە، لەئێستادا تەندروستی جێگیرەو سات لەدوای سات تەندروستی بەرەو باشبوون دەڕوات.[3]
- داعش هێرش دەکاتەسەر چەکدارانی حەشدی شەعبی لە رۆژئاوای کەرکوک و روبەرووبونەوە لەنێوانیاندا روودەدات.[1]
- بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی مادده هۆشبەرەکان دەستبەسەراگرتنی دوو ملیۆن حەپی جۆری ترامادۆڵ لە سلێمانی رادەگەیەنێت و ئاشکراشیدەکات، چوار کەس لەسەر ئە و کارە دەستگیرکراون.[3]
- بەمەبەستی دەرپرینی پشتوانی و هاوسۆزی بۆ مریەم باروتجییان یەکێک لە منداڵە دۆزراوەکانی هەڵەبجە بەهۆی یەکلاپینەکردنەوەی خێزانە ڕاستەقینەکەی، ئەمڕۆ ژمارەیەک لە ژنانی هەڵەبجە لەبەردەم بینای پارێزگای شارەکە گردبونەوەیەکیان ئەنجامدا.[3]
- ئەمشەو، بەشێک لەخوێندکارانی بەشەناوخۆییەکانی زانکۆی سلێمانی بەهۆی کەمی خزمەتگوزارییەوە شەقامی سەرەکی راپەڕینیان گرت.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK |
| 🏛 پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - HDP |
| 🏛 پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |

🏨 پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
🏨 پارت / لایەن: 🕯 بزووتنەوەی گۆڕان
🏙 شار و شارۆچکەکان: 💧 کەرکوک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ شارباژێر (چوارتا و ماوەت)
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ هەڵەبجە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ قەسری شیرین
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ کەلار (گەرمیان)
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ دەربەندیخان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] ●دیارینەکراو | 🖙 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] 📡ماڵپەڕ | 🖙 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2017-11-12
[3] 📡ماڵپەڕ | 🖙 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2017-11-12
[4] 📡ماڵپەڕ | 🖙 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2017-11-12
کاتی تۆمارکردن: 2017-11-12 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 315
## 2017-11-13
https://www.kurdipedia.org/?q=20171113000000142826



کوردستان
- لە شەوی رابردووەوە زیاتر لە 50 بوومەلەرزە لە کوردستانی داوە.[1]
باکووری کوردستان
- هێزەکانی پۆلیسی تورک هەڵیانکوتایە سەر ماڵی هاوڵاتیان لە شارۆچکەی یێگری سەربە وان، لە ئەنجامی ئۆپەراسیۆنێکی ڕەشبگیریدا دەیان سیاسەتمەداری کوردییان دەستگیرکرد. ناسنامەی 20 کەس لەوانەی دەستگیرکراون ڕاگەیەندراوە، بەڵام ژمارەی دەستگیرکراوان زیاترە لە 20 کەسە. محەمەد کاپلان، هاوسەرۆکی پارتی هەرێمە دیموکراتییەکان- دەبەپە،ی یێگر، جەسیم ئاک و عەبدورەحمان کارابالک، بەڕێوەبەرانی دەبەپەی شارۆچکەکە و ژمارەیەکی زۆری لە ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانیی یێگر لە ناو دەستگیرکراواندان.[4]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- ژمارەی قوربانییەکانی بوومەلەرزەکەی دوێنێ شەوی لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە بەرزبوونەوەدایە و سەرچاوەکان باسی زۆرتر لە 400 کوژراو و

هەزاران بریندار و دەیان هەزار ئاوارە دەکەن. زۆرترین قوربانییەکان کەوتوونەتە پارێزگای کرماشانەوە.[1]
- حکومەتی ئێران بەهۆی بوومەلەرزەکەوە، ماتەمینیی گشتیی راگەیاند.[1]
باشووری کوردستان
- بەهۆی بوومەلەرزەوە ئەمڕۆ لە هەردوو پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە کرایە پشوو.[1]
- بۆجاری سێ یەم بومەلەزەیەک کە پێشبینی دەکرێت گورەکەی لە خوار 3 پلەی ڕێختەرەوە بووبێت سنوری پارێزگای هەڵەبجە بەتایبەت ناحیەی خورماڵی گرتەوە.[2]
- مانگی سوری تورکی و رێکخراوی ئەفاد هاوکارییەکانیان بۆ هەرێمی کوردستان نارد کە بومەلەرزە تیایدا روویداوە و بەسەر لێقەوماواندا دابەشکرا، وتەبێژی حکومەتی هەرێمیش سوپاسی تورکیا دەکات بۆ دەنگەوەهاتن.[2]
- بوومەلەرزەیەکی دیکە بەنداوی دەربەندیخان دەهەژێنێت و هۆشدارییی دەدرێتە کارمەندەکانی.[1]
- سەرۆکی دەستەی دەسپاکی هەرێم رایدەگەیەنێت، لەسەر مەلەفی وەرگرتنی گەنمی جوتیاران هەر یەکە لە بەڕێوەبەری پێشووی سایلۆ و بارزگانی هەولێر لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیر کراون و ئێستا لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت.[2][3]
- شەوی ڕابردوو فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورک گوندی مارادۆ-ی بناری قەندیلی سەربە هەرێمەکانی پاراستنی مەدیایان بۆردومانکرد و بەهۆیەوە هاووڵاتییەک لە سیدەکان شەهید بوو، ئێستاش بانگەشەی ئەوە دەکەن کە هاوکاری هەرێم دەکەن بۆ لێقەومانی بومەلەرزەکەی شەوی ڕابردوو.[4][2]
- لێژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری لە پەرلەمانی و کوردستان مەترسی هەردوو بەنداوی دەربەندیخان و مووسڵ دەخاتەڕوو و دەڵێت: بەرگەی بوومەلەرزەیەکی دیکە ناگرن.[5]
- وەزیری نەوتی عێراق رایدەگەیەنێت، وەزارەتەکەیان سورە لەسەر نۆژەنکردنەوەی کێڵگە نەوتییەکانی کەرکوک و پلانیشمان هەیە بۆ بەرزکردنەوەی رێژەی بەرهەمهێنانی نەوتی پارێزگاکە بۆ ملیۆنێک بەرمیلی رۆژانە.[2]
- نەجمەدین کەریم سەردانی کۆسرەت رەسوڵ دەکات لە نەخۆشخانەی فاروق لە سلێمانی.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏯 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP

🏯 پارت / لایەن: پارتی هەرێمە دیموکراتەکان DBP

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ سلێمانی

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ هەڵەبجە

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ کرماشان

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ دەربەندیخان

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ وان

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] ●دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2017-11-13
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2017-11-13
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2017-11-13
[5] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری باسنیوز - 2017-11-13

کاتی تۆمارکردن: 2017-11-13 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستەم

---

بابەت: 316

## 2017-11-14

https://www.kurdipedia.org/?q=20171114000000142827



باکووری کوردستان / تورکیا
- شەوی ڕابردوو ناوەندی هەدەپەی شارۆچکەی ئەسەنلەری ئەستەنبۆل کرایە ئامانجی هێرشێکی چەکداریی چەند کەسێکی نەناسراو. ئەنجامی هێرشەکە قوربانی لێنەکەوتووەتەوە و دەستڕێژی گوللەکە بەر دیوار و دەرگا و پەنجەرەی ناوەندەکە کەوتووە.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- تا ئەمڕۆ دەیان هەزار کەس بەهۆی بوومەلەرزەکەوە لە ناوچەکانی کرماشان بێ شوێن و ڕێن. کارەساتێکی مرۆییی گەورە لەو ناوچانە قەوماوە و پێویستیان بە یارمەتی هەیە.[1]
- حەسەن ڕۆحانی سەرکۆماری ئێران، گەییشتە پارێزگای کرماشان بۆ بەسەرکردنەوەی قوربانیانی بومەلەرزەکە.[1]
- ئاماری نوێی بوومەلەرزە: لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان 530 کەس گیانیان لەدەستداوە.[1]
باشووری کوردستان
- نێچیرڤان بارزانی و قوباد تاڵەبانی سەردانی شارۆچکەی دەربەندیخان دەکەن بۆ سەردانی لێقەوماوانی بوومەلەرزەکە.[1]
- بەڕێوەبەری گشتی ڕۆشنبیری سلێمانی ڕایدەگەیەنێت، کە ئەمڕۆ بەهۆی ئەو بومەلەرزانەی هەرێمی کوردستانی گرتەوە و زیانی بە هاوڵاتیان گەیاندووە یادی دامەزراندنی شاری سلێمانی ناکرێتەوە.[3]
- نوێنەری سەرۆکی ئەمریکا بۆ هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژ بە داعش ڕایدەگەیەنێت پێشوازیکردن حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بڕیاری دادگای فیدراڵی عێراق، لەبارەی پابەند بوونی هەرێم بە دەستور، جێگای بایەخەوە ئەمریکاش پشتیوانی کوردستانێکی بەهێز دەکات، لە چوارچێوەی عێراقدا[3]
- تۆپخانەکانی دەوڵەتی تورک تۆپبارانی گوندی بەرمیزە-ی ناوچەی

سیدەکان-یان کرد.[2]
- ئەنجومەنی عەرەبی لە کەرکوک داوایکرد ڕێگا نەدرێت بەو هێزانەی لەدەرەوەی دەسەڵاتی ئیتیحادین بگەڕێنەوە بۆ شارەکە، و دانانی حاکمی سەربازیشی ڕەتکردەوە.[3]
- چەکدارانی حەشدی شەعبی لەناو پردێ، (بەختیار تۆفیق خالید و کۆسرەت کاکل عەبدوڵا)یان ڕفاندووە کە هەردووکیان ئەندامی ڕێکخستنەکانی پارتین، دواتر بۆ شوێنێکی نادیاریان گواستوونەتەوە.[4]

رۆژئاوای کوردستان

- شەوی ڕابردوو چەتەکانی سەربە تورکیا گردی قەستەلی سەربە شارۆچکەی شەرای کانتۆنی عەفرینیان تۆپباران کرد.[2]
- کۆچی دوایی شەفیقە سەعید، هاوژینی فایەق بێکەس و دایکی شێرکۆ بێکەس لە ئەمریکا.[1]
- لەکۆبوونەوەیەکی نێوان ژمارەیەک بەرپرسی باڵای یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) و چەند فەرماندەیەکی سوپای روسیادا، پرۆتۆکۆڵێکی هاوبەش واژۆکرا بۆ ڕادەستکردنی چەکدارە ڕووسییەکانی ناو ڕێکخراوی داعش کە لەلایەن هێزەکانی یەپەگەوە دەستگیرکرابوون.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - HDP |
| پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| پارت / لایەن: | حەشدی شەعبی |
| شار و شارۆچکەکان: | ● کەرکوک |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ ئەفرین |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ دەربەندیخان |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ کرماشان |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان

[1] ●دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

[2] 📡ماڵپەڕ | 🖧 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 14-11-2017
[3] 📡ماڵپەڕ | 🖧 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 14-11-2017
[4] 📡ماڵپەڕ | 🖧 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری باسنیوز - 20-11-2017

کاتی تۆمارکردن: 14-11-2017 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 317

**2017-11-15**

https://www.kurdipedia.org/?q=20171115000000142828



باکووری کوردستان
- پۆلیسی تورک هەڵیکوتایە سەر ماڵی هاوڵاتیان لە دوو گەڕەکی ئیسکەلە و شەعبانییەی وان و دەرگای ماڵەکانی شکاند و 18 چالاکوانی سیاسی کوردی دەستگیر کرد.[1]
- سەرلەبەیانی ئەمڕۆ، لە زێدیکانی سەربە ئاگری، گەریلاکانی هەپەگە ڕووبەڕووی ئۆپەراسیۆنی سوپای تورک بوونەوە و پاشان شەڕ ڕوویداوە. سوپای تورک کوژراو و بریندارەکانی ڕەوانەی نەخۆشخانەی ئاگری کردووە.[1]
- فیگەن یوکسەکداغ، هاوسەرۆکی پێشووی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە)، لە زیندانی کاندرا-وە پەیامێکی سەبارەت بە بوومەلەرزەکەی ڕۆژهەلات و باشوری کوردستاندا بڵاوکردەوە و سەرەخۆشی لە کەسوکارانی گیان لە دەستداوانی بوومەلەرزەکە کرد.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- هەندێک سەرچاوە باس لە شاردنەوەی ئاماری قوربانییەکانی بوومەلەرزەکەی کرماشان و دەوروبەری دەکەن لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئێرانەوە، ئەوەش بەهۆی شاردنەوەی کەمتەرخەمییەکانی حکومەتی ئێران بۆ بەهاناچوونی زیانلێکەوتووەکان.[4]
- سەرۆکی یەکێتی دادوەرانی ئێران و دادوەری باڵای کرماشان رایدەگەیەنن، ئە و هاووڵاتیانەی کە لە پرۆژەی نیشتەجێبوونی میهر نیشتەجێبوون و بەهۆی بومەلەرزەکەوە زیانیان بەرکەوتووە، دەتاوانن سکاڵا تۆماربکەن، چونکە بومەلەرزەکە دەریخستووە ئە و پرۆژەیە گەندەڵی تێداکراوە.[3]
- زیندانییەکی سیاسی کورد بە ناوی خزر ڕەسووڵ مروەت پاش پێنج ساڵ زیندان بوون ئازاد کرا.[6]
باشووری کوردستان
- لە دوێنێ شەوەوە زۆرتر لە 10 بوومەلەرزەی سووک لە ناوچەی بەمۆی داوە و بەهۆیەوە بەشێک لە چیای سەرتەک داڕماوە و رێگای شارەدێی بەمۆ گیراوە.[4]
- کونسڵخانەی ئەمریکا لە هەولێر رایدەگەیەنێت، ئاژانسی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ پەرەپێدانی نێودەوڵەتی ئێستا لەباشووری کوردستانن و هەڵسانگاندن بۆ زیانەکانی بوومەلەرزەکە و پێویستییە مرۆییەکان دەکەن و دوو تیمی فریاگوزاری گەڕۆک و دوو ئۆتۆمبێلی فریاکەوتنی خێرایان ڕەوانەکردووە بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری.[3]
- سەرلەبەیانی ئەمڕۆ، لە ناو گۆڕستانی شارەدێی ژاراوە-ی سەر بە

شارۆچکەی قەڵادزێی سەربە ئیدارەی ڕاپەڕین، تەرمی کچێکی چواردە ساڵ دۆزرایەوە کە شوێنەواری لێدانی فیشەکێک بە سنگییەوە دیارە.[1]
- هێزێکی نەناسراو لە دوو گوندی نزیک خورماتوو جێگیردەکرێ، بەرپرسێکی یەکێتی دەڵێت: لەنێو ئەو هێزەدا چەکداری کورد و عەرەب هەن، بەڵام سەر بە کوردستان و عێراق نین و کەس نازانێ چکارەن.[2]
- وەزارەتی دادی حکومەتی هەرێم تێبینەرایەتی خانوبەرەی قەزای مەخموری داخست، وتەبێژی وەزارەتی دادیش دەڵێت داخستنەکە بەهۆی دروستبوونی دۆخی نالەباری ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمە.[3]
- هۆشیار سیوەیلی بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان بەفەرمی هەوڵەکانی حیزبەکەی بۆ ئاسایکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران راگەیاند.[5]
- ئارێز عەبدوڵلا، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتی لە پەرلەمانی عێراق ئاشکرایدەکات، لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا بە شاندی ئەمریکییەکەیان راگەیاندووە، ئەگەر لە 17%ی پشکی کوردستان لە بودجەی فیدراڵی کەمبکرێتەوە، دەکشێنەوە.[2]
- ئاوارەکانی سەر چیای شەنگال، داوای کردنەوەی رێگای نێوان پارێزگای دهۆک و قەزای شەنگال، لە لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکەن کە ماوەی زیاتر لە بیست رۆژ دەبێت داخراوە و هیچ جۆرە هاوکارییەک ناگاتە شەنگال.[3]
- وتەبێژی یەکێتی وەبەرهێنەران ئاماژە بەوەدەکات، بومەلەرزە بەهێزەکەی شەوی 12-11-2017 دەریخست پرۆژەکانی وەبەرهێنەران بە پێوەرە ئەندازیارییەکانی جیهانی دروستکراون و هیچ زیانێکیان بەرنەکەوتووە.[3]
- سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان نامەیەک بۆ سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان دەنێرێت و پشتگیریی خۆی بۆ دیالۆگێکی سیاسی لەنێوان هەرێمی کوردستان و عێراقی فیدراڵ لەسەر بنەمای دەستوور دەربڕی.[2]
- فڕۆکەیەک لە ئیتاڵیاوە گەیشتە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی و بەرپرسێکی فڕۆکەخانەکەش دەڵێت، هاوکاری بۆ زیانلێکەوتووانی بومەلەرزەکەی هەرێم هێناوە.[3]
- ژمارەیەک لە بەرپرسانی هێزە عێراقییەکان و بەرپرسانی یەکێتی، فەرماندەکانی هێزی پێشمەرگە و قائیمقامی شارۆچکەی خانەقین ڕێککەوتن، کە دۆسیەی ئەمنی شارۆچکەکە، بەهاوبەشی لە نێوان هەرێم و عێراق-دا بەڕێوەببرێت، بۆ ئەو مەبەستەش هێزە ئەمنییەکانی هەرێمی کوردستان دەگەڕێنەوە شارۆچکەکە.[1]
- پەرلەمانتار (مستەفا ئەحمەد حەمە) لە شوێنی (گۆران ئازاد) لە فڕاکسیۆنی یەکێتی متمانەی وەرگرت و سوێندی یاسایی خوارد.[4]
- فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق رایگەیاند، بڕیارمانداوە بگەڕێینەوە بەغدا و بەشدارییی لە کۆبوونەوەکانی پەرلەمانی عێراق بکەین.[2]
رۆژئاوای کوردستان
- بەگوێرەی سەرچاوە خۆجێییەکانی هەرێمی عەفرین، دەستەی چەتەکانی سەربە تورکیا، ئەمڕۆ گوندی عەین دەقنەی سەر بە شارۆچکەی شەرای هەرێمی عەفرینی تۆپباران کرد، ئەنجامی تۆپبارانەکان زیانی مادی بەدواوە نەبووە.[1]
- ئاژانسی ئەنادۆڵی تورکی بڵاویکردەوە، تەلال سیلۆ، وتەبێژی هێزەکانی

سوریای دیموکرات (هەسەدە) جیابۆتەوە و چۆتە ناوچەی قەڵغانی فورات کە لەلایەن تورکیاوە کۆنترۆڵکراوە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: ○ خانەقین
شار و شارۆچکەکان: ○ ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: ○ قەڵادزێ
شار و شارۆچکەکان: ○ مەخموور
شار و شارۆچکەکان: ○ کرماشان
شار و شارۆچکەکان: ○ شنگال
شار و شارۆچکەکان: ○ وان
شار و شارۆچکەکان: ئاگری
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2017-11-15
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2017-11-15
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2017-11-15
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژانە هەواڵ - 2017-11-15
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2017-11-16

کاتی تۆمارکردن: 2017-11-15 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 318
**2017-11-16**
https://www.kurdipedia.org/?q=20171116000000142829

باکووری کوردستان
- سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ، لەیلا گوڤەن هاوسەرۆکی گشتیی کۆنگرەی جڤاکی دیموکرات- کەجەدە، لەبەردەم ماڵی خۆی لە شاری ئامەد لەلایەن هێزەکانی پۆلیسی تورکەوە دەستگیر کرا.[1]
- ژنە زیندانیکراوە سیاسییەکانی زیندانی خارپێت (ئەلعەزیز)ی باکوری کوردستان بە بڵاوکردنەوەی نامەیەک مانگرتن لە خواردنیان ڕاگەیاند.[1]
- حکومەتی تورک بە مەبەستی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی لە فارقینی سەربە ئامەد، لە 12 گوندی سەر بەو شارۆچکەیە قەدەغەی هاتوچۆی ڕاگەیاند. ناوی ئەو گوندانەی قەدەغەی هاتوچۆیان تێدا ڕاگەیەندرا بەم شێوەیە: کازانداغی، دەمیرکویو، ئەسەنیولو، داریسەڤەن، ئوسلوجا، بۆزگازۆنو، تۆکلار، کالەملی، تاراکلی، چاتاک و چیغدەملی.[1]
- ئەمڕۆ، دەوڵەتی تورک بە مەبەستی ڕێگاخۆشکردن بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنەکانی سوپا، لە شاری دێرسیم و شارۆچکەکانی پولور، پیلەموری، خۆزاد و قسلەیە و 30 ناوچەی سەر بەو پارێزگایە دۆخی نائاسایی و قەدەغەی هاتوچۆی ڕاگەیاند. بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی لەلایەن ئەنجومەنی پارێزگای دێرسیمەوە بڵاوکراوەتەوە، لە ئەمڕۆوە هەتاکو ڕۆژی 1ی مانگی داهاتوو دۆخە نائاساییەکە بەردەوام دەبێت.[1]




ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- شارەداریی سنە هێرشی کردە سەر شوێنی کۆ کردنەوەی یارمەتییەکانی خەڵک، کە بە مەبەستی یارمەتی گەیاندن بە بوومەلەرزە لێدراوانی پارێزگای کرماشان دامەزرابوو.[6]
باشووری کوردستان
- کارگێڕی ئەنجومەنی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان رایدەگەیەنێت: خانەنشینی نایاسایی لەڕیزەکانی کۆمەڵی ئیسلامیدا نییە و ئەوانەشی کە ئە و تۆمەتە بۆ کۆمەڵ هەڵدەبەستن، لەڕووی سیاسییەوە دۆڕاون.[2]
- بەڕێوەبەری پەروەردەی گەرمیان، ئاشکرای دەکات، بەهۆی بوومەلەرزەکەی ڕۆژانی پێشووەوە، زیان بەر بینای ژمارەیەک قوتابخانەی سنوورەکە کەوتووە.[3]
- بەرپرسی مەڵبەندی خانەقینی یەکێتی ڕایگەیاند، ئەمڕۆ بارەگای میحوەری گەرمەسێری هێزەکانی پێشمەرگە لە شارۆچکەی خانەقین کرایەوە و لیوای سێی پێشمەرگە گەڕایەوە شوێنەکانی خۆی.[4]
- دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان کونسوڵ و نوێنەری وڵاتانی لە پێشلکارییە یاسایی داراییەکانی پرۆژەیاسای بودجەی عێراق بۆ ساڵی 2018 ئاگادار دەکاتەوە.[5]
- هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان بە تانکەر لە ئیبراهیم خەلیلەوە بۆ تورکیا راوەستاوە و هۆکارەکەشی نادیارە.[2]
- ئارام تەها، هاوڵاتییەکی شاری سلێمانییە و فەرمانبەر و خوێنەر و دۆستی کتێبە، بۆ بەهانەوە چوونی لێقەوماوانی بومەلەرزەکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پرۆژەیەک بەناونیشانی تەنها نابیت ڕاگەیاند، کە بریتییە لە کتێبی ناو کتێبخانەکەی بردووەتە سەر شەقام و دەستیکرد بە فرۆشتنی.[1]
- لە شاری بزیشکی فاروق بە ئامادە بوونی ژمارەیەک دکتۆری نەخۆشخانەکە و توشبوانی نەخۆشی شەکرە، کۆنفرانسێک بۆ نەخۆسی شەکرە بەڕێوە چوو.[2]
- فڕۆکەیەکی دیکەی هاوکاری ئیتاڵیا بۆ لێقەوماوانی بومەلەرزەکە گەیشتە

فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی.[2]
- بۆ ڕێگرییکردن لە خستنە دەنگدانی ئەو ڕاپۆرتەی بۆ لێپێچینەوە لەو پەرلەمانتارە کوردانە ئامادەکرابوو، کە لە ڕیفراندۆم-دا دەنگی بەڵێ-یان دابوو، پەرلەمانتارە کوردەکان ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق-یان بەجێهێشت (جگە لە ئالا تاڵەبانی و شوان داوودی). بەمەش دەنگی پێویست نەدرا بۆ خستنە دەنگدانی ڕاپۆرتەکە.[1][5]
- ئێوارەی ئەمڕۆ، وەفدێکی گروپی عەسائیب ئەهلی حەق-ی سەر بە چەکدارانی حەشدی شەعبی بە چەند ئۆتۆمبێلێکەوە، گەیشتنە شارۆچکەی کەلاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیان و دواتر بۆ شارۆچکەی دەربەندیخان-ی سەر بە شاری سلێمانی بەڕێکەوتن. ڕائید عەلی جەمال قەدوری، بەڕێوبەری ڕاگەیاندنی بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی گەرمیان، بە ڕۆژنیوزی ڕاگەیاند:ئەو هێزەی حەشدی شەعبی، گروپێکی عەسائیب ئەهلی حەق-ن، لە شاری بەغدا-وە هاتوون، بەمەبەستی گەیاندنی کۆمەک و هاوکاری، بۆ زیان لێکەوتووانی شارۆچکەی دەربەندیخان، بە بۆنەی بومەلەرزەکەی شەوی 12ی ئەم مانگەوە هاتوون.[1]
- چین و توێژە جیاوازەکانی شاری هەڵەبجە، لە ڕێگای ڕاگەیاندنی کەمپەینێکی کۆکردنەوەی هاوکارییی، بۆ زیان لیکەوتووانی بومەلەرزەکەی ڕۆژهەڵاتی کورستان، پشتیوانی خۆیان بۆ کوردانی ڕۆژهەڵات ڕاگەیاند.[1]
- کۆسرەت رەسوڵ بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکەی گەیندرایە ئەڵمانیا.[7]
- لە سنوری شارۆچکەی مەخمور هێزەکانی حەشدی شەعبی بە شۆفڵ گوندی حوشترالوک-یان رووخاندووە کە گوندێکی کوردنشینە و بەهۆی شەڕەوە چۆڵکراوە، فەرماندەیەکی پێشمەرگەش دەڵێت هۆکاری روخاندنی ئە و گوندە کوردبوونیەتی.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- بە دەستپێشخەری تەڤگەری جڤاکی دیموکراتی- تەڤدەم، لە شاری حەسەکە-ی ڕۆژئاوای کوردستان، کەممەینێکی کۆکردنەوەی هاوکاری بۆ زیان لێکەوتووانی بومەرلەزەکەی باشور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕاگەیەندرا.[1]
- فەرماندەیی گشتی هێزەکانی سوریای دیموکراتیک-قەسەدە ڕایگەیاند، کە دەزگا هەواڵگیرییەکانی تورکیا دەستیان هەیە لە ونبوونی تەلال سەلۆ وتەبێژی قەسەدە، ئاشکراشیکرد:پێشتر چەندین جار تەلال سلۆ لەلایەن تورکیاوە هەڕەشەی لێکرابوو.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏯 پارت / لایەن: | ☪ کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان |
| 🏯 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - HDP |
| 🏯 پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK |
| 🏯 پارت / لایەن: | حەشدی شەعبی |

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◉ ئامەد
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ مەخموور
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ خانەقین
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ سنە

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ کرماشان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ دێرسیم
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 16-11-2017
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 16-11-2017
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری گوڵان - 16-11-2017
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئێن ئاڕ تی - 16-11-2017
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 16-11-2017
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 16-11-2017
[7] ●دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2017-11-16 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 319
**2017-11-17**
https://www.kurdipedia.org/?q=20171117000000142830




باکووری کوردستان
- لە ئەنجامی چالاکییەکی هەپەگە و یەژاستار لە گردی کۆردینەی شارۆچکەی چەلێی سەربە جولەمێرگ نۆ سەربازی تورکیا کوژران.[2]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- ئەبوبەکر مەعروفی شەوی ڕابردوو لە کاتێکدا ئۆتۆمبێلێکی یارمەتییەکانی هاوڵاتییانی بۆکانی لێدەخوری و کە بیگەیەنەتە کرماشان، لە دەوروبەری شاری جوانڕۆی سەربە کرماشان لە ڕووداوێکی هاتوچۆدا گیانی لە دەستدا.[1]
- یەکێتی نێودەوڵەتیی ئینداستریال، بە نووسینی نامەیەکی کراوە بۆ حەسەن ڕۆحانیی سەرۆک کۆماری ڕژێمی ئێران، داوای ئازادکردنی مەحمود ساڵحی و ڕەزا شەهابی-یان کرد، هەروەها پێنج سەندیکای کرێکاریی فەرەنساش، هەمان داوایان ئاراستەی عەلی خامنەیی، ڕێبەری ڕژێمی ئێران کرد.[2]
باشووری کوردستان
- سەرچاوەکان باس لە راکردنی وەزیری داد سینان چەلەبی دەکەن. وەزارەتی دادیش راگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە کە ئەوە دوورە لە راستییەوە.[1]
- چالاکوانانی کەمپینی وەتەن چاوی لێمانە داوادەکەن کە ئێران ڕێگری نەکات لە گەیاندنی کۆمەکەکانیان بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئاشکراشی دەکەن کە پێویستە لە هەر ڕووداوێکدا کورد هەست نەکات بێکەسن.[2]

- لە چەند رۆژی رابردوودا حکومەتی عێراق بڕیاریداوە بە گواستنەوەی 61 فەرمانبەری کورد لە کۆگای سوتەمەنی خانەقین کە سەر بە وەزارەتی نەوتی عێراقە بۆ بەرێوەبەرایەتی دابەشکردنی بەرهەمە نەوتییەکانی دیالە.[3]
- بەرپرسێکی حەشدی شەعبی ڕایگەیاند، چەتەکانی داعش، ڕێگای سەرەکی نێوان کفری، خورماتوویان بۆ ماوەیەکی کاتی داخست و دواتر بە هۆی بۆردومانەکانی حەشدەوە، ناوچەکەیان جێهێشت.[2]
- لە سنوری شارۆچکەی دوبز سێ هاوڵاتی کورد لەلایەن ژمارەیەک چەکدار کە گوماندەکرێت داعش بن رفێندران، یەکێک لە رفێندراوان پێشمەرگەی دێرینی یەکێتی و ئەفسەری خانەنشینە بەپلەی عەمید.[3]
رۆژئاوای کوردستان
- سەرۆکی تورکیا رەجەب تەیب ئەردۆغان رایگەیاند، ئەمریکا بەڵێنەکانی لە سووریا بەجێ نەگەیاندوون و ناکەوینە هەمان تەڵەوە لە عەفرین و دەبێت ئە و شارە لە یەکینە کوردەکان پاک بکرێتەوە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| پارت / لایەن: | حەشدی شەعبی |
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ جوڵەمێرگ |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ خانەقین |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ خورماتوو |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ کفری |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ بۆکان |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ کرماشان |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ ئەفرین |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان

[1] ●دیارینەکراو | 🖹 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] 📡ماڵپەڕ | 🖹 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2017-11-17
[3] 📡ماڵپەڕ | 🖹 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2017-11-17
[4] 📡ماڵپەڕ | 🖹 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2017-11-17

کاتی تۆمارکردن: 2017-11-17 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 320

## 2017-11-18

https://www.kurdipedia.org/?q=20171118000000142831




ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان
- جارێکی دیکە بومەلەرزە کە پلەکەی زۆتر لە 4 بوو، لە دەڤەری گەرمیان و هەندیک ناوچەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لە پارێزگای کرماشانی دا و هاولاتیان هەستیان پێکرد و هیچ زیانێکی ئەوتۆ تۆمارنەکراوە.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- لە کرماشان گەڕان بەدوای تەرمی قوربانییانی بوومەلەرزە بەردەوامە.[1]
- بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، دوو شەو پێش ژنە هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی خاوەر خوسرەوی خەڵکی گوندی نیوەکارە بە هۆی بێدەرەتانی و نەبوونی شوێنی خەوتن، لە سەرما ڕەق هەڵات.[4]
- تەرمی ئەبوبەکر مەعروفی ئەمڕۆ لە شاری بۆکان بە خاکسپێردرا، کە لەکاتی گەیاندنی هاوکاری بە قوربانیانی بومەلەرزەکەی کرماشان گیانی لەدەستدابوو.[1]
باشووری کوردستان
- لە نزیک وەزارەتی پێشمەرگە لە هەولێر تەرمی ئەفسەرێکی پێشمەرگە دۆزرایەوە. ئەفسەرەکە ناوی (ئەمین خەلیل میران)، تەمەن (36)، پیشەی موقەدەمە لە وەزارەتی پێشمەرگە.[1]
- گروپێک لە چالاکوانی مەدەنی شاری کەرکوک، بۆ ماوەی دوو ڕۆژە لە ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری دیالۆگ، هاوکاری مادی بۆ زیان لێکەوتووانی بومەلەرزەکەی شارۆچکەی دەربەندیخان-ی سەر بە شاری سلێمانی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆدەکەنەوە.[3]
- بەرەبەیانی ئەمڕۆ فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا بە چڕی چیای کورەژاریان لە سنووری شارەدێی شیلادزێ بۆردومان کرد. لەو بۆردومانەدا ئۆتۆمبێلێکی بارهەڵگر و شۆفلێکی پەکەکە بەئامانجگیراون و بەتەواوەتی سوتێنراون.[5]
ڕۆژئاوای کوردستان
- مانگی سووری کوردی لە حەسەکەی ڕۆژئاوای کوردستان کەمپەینێکی کۆکردنەوەی هاوکاری بۆ زیانلێکەوتووانی بوومەلەرزە لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕاگەیاند، کە ماوەی حەوت ڕۆژ بەردەوام دەبێت.[2]
- ناوەندی ڕاگەیاندنی هێزەکانی سووریای دیموکرات HSD ڕایگەیاند: شەڕڤانانی هێزەکانی سووریای دیموکرات لە ڕۆژئاوای دێرەزوور خێزانێکی کوردی ئێزیدیی 8 کەسییان لەدەست چەکدارانی داعش ڕزگارکردووە، خێزانەکە لە 5 منداڵ و 3 ژن پێکهاتووە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK
شار و شارۆچکەکان: ○ حەسەکە
شار و شارۆچکەکان: ○ کەلار (گەرمیان)
شار و شارۆچکەکان: ○ کرماشان
شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ●دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2017-11-18
[3] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2017-11-18
[4] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2017-11-18
[5] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئێن ئاڕ تی - 2017-11-18

کاتی تۆمارکردن: 2017-11-18 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 321
**2017-11-19**
https://www.kurdipedia.org/?q=20171119000000142832



رۆژهەڵاتی کوردستان
- بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، هاووڵاتییەکی کورد خەڵکی شاری سنە بە ناوی شارام فەرهادی لە کاتی یارمەتی گەیاندن بە خەڵکی لێقەوماوی بوومەلەرزەلێدراو لە پارێزگای کرماشان لە لایەن هێزەکانی ئیتلاعاتەوە دەستبەسەر کرا.[6]
باشووری کوردستان
- ژمارەیەک لە مامۆستایانی نیشتەجێی هەڵەبجە خۆپیشاندانیان ئەنجامدا و چەند داواکارییەکیشیان بۆ باشترکردنی گوزەرانیان ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەکان کرد و لە ئەگەری جێبەجێنەکردنیشی هەڕەشەی دەوام راگرتن دەکەن.[1]
- بەشێک لە چەکدارەکانی حەشدی شەعبی لە زوممار و رەبیعە کشانەوە و سوپاسالاری هێزی پێشمەرگە دەڵێت، ئاگامان لە کشانەوەی ئەو هێزە هەیە.[2]
- کاژێر 9:19 خولەکی بەیانی ئەمڕۆ بومەلەرزەیەک بە گوری 4.2 پلە بە پێی پێوەری رێختەر ناوچەی هەورامانی گرتەوە.[3]
- بەڕێوەبەری گشتی شارەوانییەکانی گەرمیان رایدەگەیەنێت، لە سنوری شارەوانییەکانی ناوچەکەدا ژووری خێرا پێکدەهێنن بۆ روبەڕووبوونەوەی مەترسی لافاو.[1]

- پۆلیسی دەربەندیخان رایگەیاند: بەرەبەیانی ئەمڕۆ، لەکاتی دەستپێکردنی دەوامی بەشێک لە قوتابخانەکان، کەسێکی دراوسێی قوتابخانە دەستدرێژی گوللەی لە قوتابخانەیەک کردووە. لەبارەی هۆکاری تەقەکرنەکەشەوە، سەرچاوەیەک لە پۆلیسی دەربەندیخان راگەیاندووە: بە بیانووی ئەوەی قوتابیانی قوتابخانەی زمکان دەنگیان بەرزبووە، یەکێک لە دراوسێکانی قوتابخانەکە، دەستڕێژی گوللەی ئاراستەی ئە و قوتابخانەیە کردووە.[4]
- هەندێک ڕۆژنامەنوسانی کەرکوک نامەیەکی ناڕەزایی ئاراستەی مەسعود بارزانی و سەلاحەدین بەهادین دەکەن و ناڕەزایی خۆیان دەردەبڕن بەرامبەر بەهەڵوێستی ئە و دوو حزبە لەبەرامبەر شارەکەیان، ڕاشیدەگەیەنن، ئێوە ئەنجومەنی پارێزگاو قائیمقامتان بۆ بەغداو موسڵ و مەخمور گەڕاندۆتەوە، بەڵام جێگەی نیگەرانییە ئەوکارە لەکەرکوک ئەنجامنادەن.[5]
- دوای نیوەڕۆی ئەمڕۆ شارەوانی چواری هەولێر بەهەماهەنگی لەگەڵ هێزەکانی پۆلیسی قائیمقامیەت و زێرەڤانی و پۆلیسی نەهێشتنی تاوان سەرجەم مێزی کاسبکارانی بازاڕی لەنگەی شاری هەولێر-ی تێکدا، کە ژمارەیان زیاتر لە (200) مێز دەبێت.[7]
ڕۆژئاوای کوردستان
- روانگەی سوری بۆ مافەکانی مرۆڤ ئاشکرای کرد هێزێکی سەربازی تورکیا، چوونەتە ناوچەی کەفەر لوسین لە عەفرین و بەرە و خۆرئاوای حەلەب دەڕۆن.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ زوممار
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ ئەفرین
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ کەلار (گەرمیان)
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ دەربەندیخان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ سنە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ هەڵەبجە
Quick Respons Code:


سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 19-11-2017
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 19-11-2017
[3] ●دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیو - 19-11-2017
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری تۆڕی هەواڵی سلێمانی - 19-11-2017

[6] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 19-11-2017
[7] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 19-11-2017
کاتی تۆمارکردن: 19-11-2017 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 322
**2017-11-20**
https://www.kurdipedia.org/?q=20171120000000142833



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- پاش چەندین ڕۆژ لە بوومەلەرزە گەورەکە، رەوشی لێقەوماوانی کرماشان و دەوروبەری باشیی بەخۆیەوە نەدیوە و پێویستیی زۆرتریان بە یارمەتی و ئاوی خواردنەوە هەیە. سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە تا ئەمڕۆ قەسری شیرین ئاوی خواردنەوەی نییە.[1]
- ئەمڕۆ ڕێبەری حکومەتی ئێران عەلی خامنەیی بە مەبەستی سەردانی شوێنە زیان بەرکەوتووەکانی بوومەلەرزە گەیشتە پارێزگای کرماشان و لە شارۆچکەی سەرپێڵ زەهاو لە ناو لێقەوماندا قسەیکرد.[1]
- بەهۆی دەستڕێژی گوللەی هێزە ئەمنییەکانی ئێرانەوە، لە سنووری پیرانشار، کۆبەڵبەرێک کوژراو دوانی دیکەش برینداربوون.[5]
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی لوقمان واحیدی خەڵکی گوندی مێشەدێ لە شاخی کانی خوای شاری پیرانشار بە هۆی تەقینەوەی مین لاقێکی لە دەستدا، ئەو کۆڵبەرە کوردە بۆ چارەسەری پزیشکی ڕەوانەی نەخۆشخانەی شاری پیرانشار کرا.[6]
باشووری کوردستان
- ئێوارەی ئەمڕۆ، بومەلەرزەیەک ناوچەکانی گەرمیان و هەڵەبجە و هەورامان و شارەزووری هەژاند.[1]
- دادگای باڵای فیدراڵی عێراق بڕیاری دا کە ریفراندۆمەکەی باشووری کوردستان نادەستوورییە.[1]
- نێچیرڤان بارزانی، ڕیارەکەی دادگای فیدراڵیی عێراق بۆ هەڵوەشاندنەوەی ڕیفراندۆم بە تاکلایەنە ناودەبات و دەشڵێت: دەمانەوێت کێشەکان لەچوارچێوەی دەستوری عێراقدا چارەسەر بکرێن.[1]
- خوێندکارانی بەشە ناوخۆییەکانی زانکۆی سلێمانی لەبەر نەبوونی خزمەتگوزاریی و گەرمکەرەوەکان گردبوونەوەیان سازدا.[1]
- فەرماندەیەکی پێشمەرگە رایدەگەیەنێت، هیچ هێزێکی حەشدی شەعبی لە ناحیەی زوممار و رەبیعە نەماوە و دەشڵێت، سوپای عێراقیش دەستی بە کشانەوەی هێزەکانیان کردووە.[2]
- لە سلێمانی تەقە لە ماڵی پارێزەرێک بەناوی عومەر حەمەعەلی تۆفیق دەکرێت، پارێزەرەکەش دەڵێت پێدەچێت ڕووداوەکە پەیوەندی بەوەوە هەبێت کە لە رابردوودا کاری لەسەر ئاشکراکردنی چەندین دۆسیەی گەندەڵی کردووە.[3]
- گردبونەوەی عەرەبی و کوتلەی بەرەی تورکمانی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک داوا دەکەن متمانە لە سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک وەربگیرێتەوە و کەسێکی تر کاندید بکرێت بۆ سەرۆکی ئەنجومەن.[2]
- ئیدارەی گەرمیان ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و تیایدا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە پێشبینییەکانی باران بارین، باس لە ناسەقامگیری و گۆڕانکاری

خێرادەکەن، لە کەش و هەوای ناوچەکەدا، هەربۆیە لە ئەگەری دابارین و بەردەوامی ئەوحاڵەتەدا، پێویستە ئەوڕێگایانەی نزیکی قەدپاڵی شاخەکانن بەهیچ جۆرێک ڕێگاکانیان بەکارنەهێنن.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏟 پارت / لایەن: حەشدی شەعبی

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ زوممار

🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ کەلار (گەرمیان)

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ هەڵەبجە

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ سەیدسادق (شارەزوور)

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ پیرانشار - خانە

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ کرماشان

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ سلێمانی

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ●دیارینەکراو | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

[2] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 20-11-2017

[3] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 20-11-2017

[4] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئێن ئاڕ تی - 20-11-2017

[5] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 21-11-2017

[6] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 21-11-2017

کاتی تۆمارکردن: 2017-11-20 12:00:00 AM

ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 323

**2017-11-21**

https://www.kurdipedia.org/?q=20171121000000142834




باکووری کوردستان
- پەرلەمانی تورکیا بە زۆرینەی دەنگ متمانەی لە لەیلا زانا سەندەوە.[1]
- ناوەندی ڕاگەیاندن و چاپەمەنی هێزەکانی پاراستنی گەل- هەپەگە، خستنەخوارەوەی فڕۆکەیەکی سیخوڕی تورکیای ڕاگەیاند.[5]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- لە کرماشان و دەوروبەری، سەرما و باران ژیانی لێقەوماوانی بوومەلەرزەکەی سەختتر کردووە.[1]
- پزیشکانی مەحموود ساڵحی لە نامەیەکدا بۆ بەرپرسانی قەزایی، وێڕای هوشداری سەبارەت بە بارودۆخی جەستەیی ئەو چالاکە سیاسییە کوردە، داوای گواستنەوەی دەستبەجێی ناوبراویان بۆ نەخۆشخانە کرد.[4]
باشووری کوردستان
- کەمپینەکانی باشووری کوردستان بۆ کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ لێقەوماوانی بوومەلەرزەکەی ڕۆژهەڵات بەردەوامیی هەیە.[1]
- لە کەمپەینی هەڵەبجە بۆ کۆکردنەوەی هاوکاری بۆ زیان لێکەوتوانی باشور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان پری 74 ملیۆن و 486 هەزار و 500 دیناری عێراقی کۆکراوەتەوە.[5]
- لە شارۆچکەی چەمچەماڵ و دەورەبەری کەمپەینێک بەناوی هەڵوێست بۆ هاوکاریکردنی لێقەوماوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕادەگەیەندرێت.[5]
- لە کۆتا ڕۆژی کەمپەینی وەتەن چاوی لێمانە لە شاری هەولێر، کاروانی دووەمی هاوکارییەکان، کە پێکهاتبوو لە جلوبەرگ و کەلوپەلی خۆ گەرم کردنەوە و هاوکاری ماددی، ڕەوانەی شاری کرماشانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرا.[5]
- لە شاری سلێمانی، پری 13 ملیۆن دینار و دەیان تۆن کەلوپەل، بۆ زیانلێکەوتووانی بومەلەرزەکەی شارۆچکەی دەربەندیخان و شاری کرماشان، لە ڕێگەی دوو کەمپەینەوە کۆکراوتەوە.[5]
- شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەسەرۆکایەتیی نێچیرڤان بارزانی و بەئامادەبوونی قوباد تاڵەبانی، لە گردی زەرگەتەی شاری سلێمانی لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان کۆبووەوە. بزووتنەوەی گۆڕان جەختی لە هەڵوەشاندنەوەی حکومەت کردووەتەوە، داواشی کردووە قەبارەی کابینەی حکومەت بچووکبکرێتەوە.[2]
- ئەمڕۆ سێشەممە پاش دووجار دواخستنی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، دواتر ڕێژەی یاسای ئەندامان پێکهێنرا و رێککەوتن لە سێشەممەی داهاتوو کۆببنەوە.[3]
- تەقینەوەیەکی خۆکوژیی لەگەڕەکی حەی عەسکەری شارۆچکەی خوورماتوو روویدا و بەهۆیەوە 20 کەس کوژران و 70 کەسیش برینداربوون.[1]
- دوو کرێکاری نیپاڵی لە سلێمانی گیانیان لەدەستدا.[1]
- نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان لەعێراق (یونامی) لەبەیاننامەیەکدا رایگەیاند، پێشوازی لەبڕیارەکەی دادگای فیدراڵی دەکەن لەبارەی هەڵوەشاندنەوەی ریفراندۆم و داوا لەهەرێمی کوردستان دەکات پابەندبن پێوەی.[3]
- یەکەم وێنەی کۆسرەت رەسول دوای نەخۆشکەوتنی بڵاوکرایەوە. سەرۆکی تیمی پزیشکیی کۆسرەت رەسول لە بەرلین بە رووداوی راگەیاند دۆخی تەندروستی نایابە و هیچ کێشەیەکی تەندروستی نەماوە.[2]
- لە گەرمیان، بەهۆی زۆری رێژەی بارانەوە، لافاو لە شاری کەلار و شارەدێی ڕزگاری روویدا.[6]

رۆژئاوای کوردستان
- لە دانیشتنی پەرلەمانی ئەڵمانیا، پەرلەمانتار سەڤیم داغدەلەن، یاریدەدەری سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی چەپی فیدراڵپی ئەڵمانیا کە بە رەچەڵەک کوردە، لەکاتی گوتاری خۆیدا پۆستەرێکی ئاڵای یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە)ی بەرزکردەوە و رەخنەی لە حکومەتی ئەڵمانیا گرت بەوەی درووشمەکانی ئەو رێکخراوەی قەدەخە کردووە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2017-11-21
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2017-11-21
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2017-11-21
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2017-11-21
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئێن ئاڕ تی - 2017-11-21
کاتی تۆمارکردن: 2017-11-21 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

بابەت: 324
**2017-11-22**
https://www.kurdipedia.org/?q=20171122000000142835



باکووری کوردستان
- پلاتفۆرمی مافناسانی ئازادیخواز، لە بارەگای کۆمەڵەی مافی مرۆڤ لە ئیستانبول، لەبارەی سەردانیکردنی دادگای کۆماری بۆرسا، بۆ پێشکەشکردنی داواکاریی بینینی عەبدوڵا ئۆجالان، ڕێبەری پارتی کرێکارانی کوردستان-پەکەکە، گۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیان ئەنجامدا. لە کۆنگرە ڕۆژنامەنووسییەکەدا، پارێزەر ڕازییە تورگوت، ڕایگەیاند: 250 پارێزەر ئامادەن بۆ ئەوەی چاوپێکەوتن لەگەڵ ئۆجەلان ئەنجام بدەن.[3]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ڕەوشی لێقەوماوانی بوومەلەرزە بەهۆی سەرما و بارانەوە هەر لە خراپیدایە.[2]
باشووری کوردستان
- چەند چەکدارێک لە گوندی شیرک-ی سەر بە شارۆچکەی خانەقین هەڵدەکوتنە سەر ماڵی ئەندام کۆمیتەیەکی یەکێتی بەناوی حسێن عەلی و دەیکوژن.[1]
- بەهۆی لافاو لە هەندێ قوتابخانەی سنووری راپەڕین کرایە پشوو.[2]
- بەشێک لە شاخی بەرانان کە تونێلەکەی دەربەندیخانی پێدا دەڕوات، بەهۆی بارانبارینەوە داڕما و ڕێگەی هاتوچۆ داخرا.[2]
- بەهۆی بارانەوە رێگەی هەولێر - سلێمانی لە هێڵی سماقوڵییەوە داخرا.[2]
- وەلید جومبلات، پەرلەمانتار و سەرۆکی پارتی سوسیالیستی پێشکەوتووی لوبنان لەتویتێکدا لەهەژماری تایبەتی خۆی لە تویتەر نوسیووێتی بەبۆچوونی من ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان بە بڕیاری دادگای باڵای فیدڕاڵی هەڵناوەشێتەوە. [1]
- هاوڵاتیانی شاردەیی مەیدان، کە بەهۆی بومەلەرزەکەوە زیان بەر خانووەکانیان کەوتووە، ڕێگای کەلار – دەربەندیخان-یان داخست و داوای خێمە دەکەن.[3]
- بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم شۆفێران دەکاتەوە، کە ڕوو لە ناوچە شاخاوییەکانی دەربەندیخان و چیای بەرانان نەکەن، بەهۆی داڕمانی بەردی گەورە لەو ناوچانەدا.[3]
- ئیبتیسام هیلالی ئەندامی لیژنەی یاسایی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەلێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند حکومەتی عێراق سورە لەسەر ئەوەی کە لەچەند ڕۆژی داهاتوودا داوای یاسایی دژ بە مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان بەرزبکاتەوە. ئاماژەی بەوەشکرد کە داواکە بەهۆی یەکەم پێشێلکاریکردن بەرامبەر دەستوری عێراق بەهۆی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی لە 25ی ئەیلولدا، سەرەڕای داوای بەغدا بۆ دواخستنی، دووەم مانەوەی لەپۆستەکەیدا سەرەڕای تەواوبوونی ویلایەتەکەی پێش دوو ساڵ، هۆکاری سێیەم وەبەرهێنان بە پارەی نەوتی کوردستان و کەرکوک و موچەی فەرمانبەران کە لەلایەن بەغداوە نێردرابوو بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی. [1]
- لوقمان سلێمان حەسەن، پەرلەمانتاری خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی گۆڕان کۆچی دواییکرد.[2]
- بومەلەرزەیەک لە سنوری پارێزگای هەڵەبجە روویدا. [2]
- ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان راگەیێندراوێکی لەبارەی دۆخی عێراق و هەرێمی کوردستان بڵاوکردەوە و رایگەیاند، پشتگیری لە گفتوگۆ دەکەین لەنێوان حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان.[4]

رۆژئاوای کوردستان
- مانگی سوری کود لە ڕۆژئاوای کوردستان و باکوری سوریا ڕایگەیاند، کە ئەو هاوکارییانەی بۆ قوربانییانی بومەلەرزەکەی باشور و ڕۆژهەلاتی کوردستان کۆیانکردووەتەوە، سبەینێ بەڕێیدەکەن بۆ شاری سلێمانی.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| پارت / لایەن: | بزووتنەوەی گۆڕان |
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ هەڵەبجە |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ خانەقین |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ دەربەندیخان |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | ♖ هەولێر |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ رانیە (پشدەر) |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2017-11-22
[2] ●دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2017-11-22
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2017-11-22

کاتی تۆمارکردن: 2017-11-22 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 325

**2017-11-23**

https://www.kurdipedia.org/?q=20171123000000142836



باکووری کوردستان
- 250 پارێزەر لە شارەکانی، ئستەنبول، ئەنقەرە، ئیزمیر، مەرسین، مووگلا، جولەمێرگ و مێردین، لەڕێگای ناوەندی مافناسی سەدە-وە، داوای بینینی عەبدوڵا ئۆجالان ڕێبەری پارتی کرێکارانی کوردستان-پەکەپەیان کرد. بەم سەردانەی ئەمڕۆی پارێزەران، دەبێتە جاری 707م، داوای بینینی ئۆجالان کرابێت، کە لە ماوەی ڕابردوودا داواکان ڕەتکراونەتەوە.[3]
- سەربازە تورکەکان هەڵیانکوتایە سەر ماڵێک لە گوندی حوجەتی سەربە شارۆچکەی چناری ئامەد و هاوڵاتییەکیان بە ناوی جبرائیل کارچی کوشت.[3]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بەهۆی بارانەوە ئاو چووەتە زۆرێک لە چادرەکانی لێقەوماوانی بوومەلەرزەکە لە کرماشان و دەوروبەری. بەتایبەتی رەوشی چادرنشینەکانی سەرپێل زەهاو زۆر خراپە.[1]
- 3 چالاک و مەلایەکی مزگەوت بەناوەکانی ئیدریس مەحموودی، ڕەحمان مەدەنی، جوانڕۆ قادری و مامۆستا گوڵنەواز کە پێشنوێژی مەزگەوت شیوە برایمەیە لە سەردەشت لەلایەن ئیتلاعاتەوە دەستبەسەرکران.[4]
باشووری کوردستان
- کەشناسی عێراق راپۆرتێکی لەبارەی بومەلەرزە دوێنی ئێوارە و بەیانی ئەمڕۆ بڵاوکردەوە و تێیدا هاتووە لەماوەی کەمتر لە 12 کاتژمێردا سێ بومەلەرزە روویانداوە و زۆربەیان لە گەرمیان و خانەقین بوون.[2]
- نزیکەی دوو مانگ بەسەر بڕیاری وەستاندنی گەشتە نێودەوڵەتییەکانی فڕۆکەخانەکانی هەرێم تێپەڕدەبێت و وەزیری گواستنەوەی هەرێمیش رایدەگەیەنێت، سەرەڕای هەوڵەکانیان، بەڵام هیچ بڕیارێکی نوێ لەبارەیانەوە دەرنەچووە.[2]
- ڕێکخراوەکەی عەلی قەرەداغی بەناوی (یەکێتی جیهانیی زانایانی ئیسلامی) کە خۆی ئەمینداریی گشتییەتی، لە لایەن هەرچوار وڵاتی (سعودیە، ئیمارات، بەحرەین و میسر)، لەگەڵ ڕێکخراوێکی دیکە و 11 کەسایەتی خرانە لیستی تیرۆرەوە.[3]
- پۆلیسی هەولێر رایدەگەیەنێت، لە شارەدێی کەسنەزان لە دوو رووداوی جیادا و لەماوەی ئەم هەفتەیەدا دوو ئافرەت لەلایەن کەسانی نزیکی خۆیانەوە کوژران و تۆمەتبارەکانیش رایانکردووە.[2]
- بە پێشەنگایەتیی تەڤگەری ژنانی گەنجی مەخمور و تەڤگەری گەنجانی مەخمور لە ناو کامپەکەدا بە مەبەستی شەرمەزارکردنی توندوتیژی دژی ژنان و هەروەها بەبۆنەی 25ی نۆڤەمبەرەوە ڕێپێوانێک بەڕێوەچوو.[3]
باشوور و رۆژئاوای کوردستان
- پێش نیوەڕۆی ئەمڕۆ، تەرمی شەهید هۆگر باران بە بەشداری دەیان کەس و بە ئامادەبوونی نوێنەری لایەنە سیاسییەکانی و نوێنەرایەتی ئەنجومەنی ڕۆژئاوا لە بازیان، و چەندین هاوڵاتی سنوورەکە، بەرەو ڕۆژئاوای کوردستان بەڕێکرایەوە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏰 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK

🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◉ ئامەد

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ سەردەشت

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ کرماشان

:Quick Respons Code

📚سەرچاوەکان

[1] ●دیارینەکراو | 🖳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] 📡ماڵپەڕ | 🖳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2017-11-23
[3] 📡ماڵپەڕ | 🖳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2017-11-23
[4] 📡ماڵپەڕ | 🖳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2017-11-25

کاتی تۆمارکردن: 2017-11-23 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستەم

---

بابەت: 326

**2017-11-24**

https://www.kurdipedia.org/?q=20171124000000142837




باکووری کوردستان

- پلەکانی گەرما بەشێوەیەکی بەرچاو لە پارێزگای وان لە باکووری کوردستان دابەزیوە و تاوەکو ئێستا 20 سانتیمەتر بەفر باریوە. بەهۆیەوە ئەمڕۆ دەوامی قوتابخانە و فەرمانگەکان کرایە پشوو و بەهۆی زۆریی بەفرەکەوە ڕێگای سەدان گوند گیران.[1]

- ئەمڕۆ، هێزە ئەمنییەکانی دەوڵەتی تورک، لە 10 گوندی دەوروبەری شارۆچکەی قەلقەلی-ی سەر بە شاری وان، ئۆپەراسیۆنێکی هەڵکۆتانە سەر ماڵانیان ئەنجامدا. لەو ئۆپەراسیۆنەدا، هێزەکانی دەوڵەتی تورک 44 کەسیان دەستگیرکرد.[2]

- هێزە تایبەتەکانی پۆلیسی تورک لە شارۆچکەی تووشبای سەربە شاری وان، هێرشیان کردە سەر ماڵی مستەفا ئەیاز، بەو تۆمەتەی ماڵەکەیان وێنەی شەهیدی تێدایە.[2]

- هێزەکانی پۆلیسی تورک هەڵیانکوتایە سەر ماڵی هاوڵاتیان لە بورسا و هەشت ئەندامی هەدەپەیان دەستگیر کرد. ناوی ئەو کەسانەی دەستگیر کراون بەم شێوەیە ڕاگەیەندراوە: لەیلا مەتین، هاوسەرۆکی هەدەپەی شارۆچکەی گەملیکی سەربە بورسا، نەعیمە ئۆکتای، بەڕێوەبەری هەدەپەی شارۆچکەی نیلوفەر، ڕۆژدا کۆجامان، ڕۆنیدا یلدیراک، دیلان ئالاداغ، سەرحەد سۆیباش، جەم کایا و هاوڵاتییەکی دیکە بە ناوی یەعقوب کە پاشناوەکەی نەزانراوە.[2]

- بۆ ماوەی 15 ڕۆژ، دەوڵەتی تورک 31 ناوچەی سەر بە پارێزگای جولەمێرگ-ی وەک 'ناوچەی ئەمنییەتی تایبەت' ڕاگەیاند و هاتووچۆ تیایاندا قەدەغە کرا.[2]

- - سەربازە تورکەکان هەڵیانکوتایە سەر ماڵێک لە گوندی حوجەتی سەربە شارۆچکەی چناری ئامەد و هاوڵاتییەکیان بە ناوی جبرائیل کارچی کوشت.[2]

رۆژهەڵاتی کوردستان
- بەڕێوەبەری کۆنترۆڵی قەیرانی پارێزگای لورستان رایگەیاند، بەهۆی بوومەلەرزەوە لە شاری بروجێرد ئەم بەیانییە زوو روویدا، 27 کەس بریندار بوون و ژمارەیەک خانووبەرەش زەرەر و زیانیان بەرکەوتووە.[1]
باشووری کوردستان
- کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی هەرێم رایدەگەیەنێت، دیاریکردنی کاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان تەنها لەدەسەڵاتی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمەو ئەوەش دەخاتەڕوو، زیاتر لە 96 هەزار دەنگدەر ناوەکانیان بە یەک دەچێت و لیژنەیەکیشیان پێکهێناوە بۆ پاککردنەوەی ناوی دەنگدەران.[3]
- کاتژمێر 5 ی ئێوارەی ئەمڕۆ، کۆنگرەی ئەنجومەنی تەندروستکارانی باشوری کوردستان، بە هەڵبژاردنی هاوسەرۆکان و دەستەی هاوسەرۆکایەتی و ئەندامانی بەڕێوەبەری ئەنجومەنی تەندروسکاران، کۆتایی هات.[2]
- کۆچی دوایی هونەرمەند، هاوڕێ کاوە (کاوە بچکۆل) لە رانیە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ جوڵەمێرگ

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ وان

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ لورستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 24-11-2017

[2] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 24-11-2017

[3] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 24-11-2017

[4] ●دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 24-11-2017 12:00:00 AM

ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 327

**2017-11-25**

https://www.kurdipedia.org/?q=20171125000000142838




باشووری کوردستان
- سێ کچی دیکەی کوردی ئێزدی لە سووریا ڕزگارکران و، گەیشتنەوە نێو کەسوکاری خۆیان لە باشووری کوردستان.[4]
- فوئاد مەعسوم گەییشتە سلێمانی و کۆبوونەوە لەگەڵ لایەنە کوردییەکاندا دەکات بۆ کێشەکانی نێوان بەغدا و هەولێر.[2]
- بەڕێوەبەری ئاسایشی دوزخورماتوو، ژمارەی ئەو چەکدارانەی لەنێوان دووزخورماتوو –کفری دەرکەوتوون ئاشکرادەکات و ڕایدەگەیەنێت کە سەر بە ڕێکخراوی داعش-ن و سەرقاڵی خۆ ڕێکخستنەوەن و ژمارەیەک کوردیشیان تێدایە.[1]
- پارتی دیموکراتی کوردستان سەبارەت بەئەنجامی ڕیفراندۆمی هەرێم هاتەدەنگ و وەڵامی عیراق دەداتەوە، ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی پارتیش ڕایدەگەیەنێت، لەلایەن هیچ کەسولایەن و دامەزراوەیەک و تەنانەت مەسعود بارزانیشەوە ناتوانرێت ئە و ئەنجامە هەڵبوەشێتەوە، مەکتەب سیاسیەکی ئە و حزبەش تەئکیددەکاتەوە، ئەوانەی باسی ئەوەدەکەن، بۆ بانگەشەی هەڵبژاردنە.[3]
- کونسڵی گشتی بریتانیا لە کوردستان رایدەگەیەنێت، بریتانیا پشتگیری حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات و ئەوەی بۆ ئێمەش گرنگە ئەوەیە سەرکردەکانی کورد دوای ریفراندۆم گەیشتنە حەقیقەت، بۆ یەکگرتن لەگەڵ عێراق.[6]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ئۆپەراسیۆنی گەردەلوولی جزیرە ئەمڕۆ پێی نایە 77-ەمین ڕۆژییەوە، شەڕڤانان لە کۆمپانیای نەوتی تەنەکەوە دەستیان بە ئەنجامدانی هەڵمەتێک کرد و لە ماوەی سێ ڕۆژدا 40 کیلۆمەتر پێشڕەوییان کرد و گەیشتنە سنوورەکانی عێراق.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

شار و شارۆچکەکان: ○ خورماتوو

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان


[1] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیو - 25-11-2017

[2] ●دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری تۆڕی هەواڵی سلێمانی - 25-11-2017

[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 25-11-2017

[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 25-11-2017

[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 25-11-2017


کاتی تۆمارکردن: 2017-11-25 12:00:00 AM

ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

بابەت: 328

**2017-11-26**

https://www.kurdipedia.org/?q=20171126000000142839



باشووری کوردستان
- ئێوارەی ئەمڕۆ، ئاسایشی هەولێر ڕێگەی نەدا سیمینارێکی ئەکادیمیای سیاسەت و هزری دیموکراتی لە هەولێر بەڕێوەبچێت سەبارەت بە بەرەنگار بوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان.[1][2]
- حەیدەر عەبادی، سەرۆک وەزیرانی عێراق بڕیاریدا قەرەبووی زیانلێکەوتوانی بومەلەرزەکەی سلێمانی و دیالە بکاتەوە.[2]
- بوومەلەرزەیەکی بەهێز سنووری پارێزگای سلێمانی و ئیدارەی گەرمیانی هەژاند، بەڕێوەبەری کەشناسی و بوومەلەرزەزانیی سلێمانیش ڕای دەگەیەنێت، کە هیچ زەرەر و زیانێکی مادی بەدواوە نەبووە.[3]
- حوسێن شەهرستانی رایدەگەیێنێت، هەرێمی کوردستان 105 ملیار دۆلار قەرزارە، لەو قەرزەش 51 ملیار دۆلاری هی حکومەتی ناوەندیی عێراقە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ سلێمانی

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ کەلار (گەرمیان)

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2017-11-26

[2] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2017-11-26

[3] ●دیارینەکراو | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن


کاتی تۆمارکردن: 2017-11-26 12:00:00 AM

ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

بابەت: 329

**2017-11-27**

https://www.kurdipedia.org/?q=20171127000000142840



باکووری کوردستان
- سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ لە ئەنەقەرەی پایتەخت و شاری کۆجاعەلیی تورکیا هێرش کرایە سەر چالاکوانانی هەدەپە و دەستگیرکران. بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی بە دەستی ڕۆژنیوز گەیشتوون، لە ئەنقەرەی پایتەخت، حسێن گۆزان، ئەندامی ئەنجومەنی هەدەپە و هاندە کایا و بیرسەن جەلال، ئەندامانی هەدەپە دەستگیرکران. هەروەها لە شاری کۆجاعەلی، هێزەکانی پۆلیسی تورک هەڵیانکوتایە سەر ماڵی چەندنین چالاکوان و دەستگیریان کردن، ناسنامەی ئەو چەند چالاکوانە بەم شێوەیە ڕاگەیەندراوە: ئایتەن یلماز و قادر دەمیر، هەروەها هێرشیان کردە سەر ماڵی ئیبراهیم یلماز بەڵام بەهۆی ئەوەی کە لە ماڵ نەبوو نەیانتوانیوە دەستگیری بکەن.[3]
- فیکرەت باشکایا سەرۆکی زانکۆی ئۆزگۆر، بە تۆمەتی هاوکاری دارایی و پروپاگەندە بۆ پەکەکە لەتۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، دەستگیردەکرێت.[2]
باشووری کوردستان
- بەرەی تورکمانی عێراقی رادەگەیێنێت لێدوانەکانی سەرۆککۆماری عێراق لەبارەی کەرکووک و مادەی 140، لایەنگریی حیزبین و بە هەمووشێوەیەک رەتیدەکەنەوە فوئاد مەعسووم رۆڵ لە چارەسەرکردنی کێشەکە بگێڕێت.[1]
- لە شارۆچکەی کفری ژمارەیەک چەکداری نەناسراو تەقە لە ماڵی بەڕێوەبەری شوێنەواری گەرمیان و ڕۆژنامەنووسێک دەکەن.[2]
- هەڵمەتی هەفتەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان لە شاری هەولێر دەستپێکرد و ڕێگریی لە تیمی ڕۆژنیوز کرا، کە ڕووماڵی مەراسیمەکە بکات.[3]
- سەرۆککۆماری عێراق ئەمڕۆ بەمەبەستی چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەی لەدوای 16ی ئۆکتۆبەر لە کەرکووک دروستبوون، سەردانی ئەو پارێزگایەی کرد، لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەڤانیشدا رایگەیاند ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک تاوەکو هەڵبژاردن دەمێنێتەوە.[1]
- سەرۆکی دەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤی هەرێمی کوردستان ئاشکرایدەکات کە لە چەند زیندانێکی هەرێم حاڵەتی ئازار و ئەشکەنجەدان هەبووە بەرپرسێکی حکومەتیش ئاماژە بەوەدەکات کە لیژنەیەکیان پێکهێناوە بۆ بۆ لێکۆڵینەوە بارودۆخی زیندانیان.[2]
- مەلا بەختیار، بەرپرسی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی دەڵێت: دوای کاردانەوەی دەوڵەتانی جیهان و دەوڵەتانی ئیقلیمی و کارەساتی کەرکووک، داڕمانێکی دەرونیی چاوەڕواننەکراو هاتووەتە ئاراوە، لەژێر کاریگەرییەکانیدا بەشێک لە سەرکردەکانی یەکێتی و لایەنەکان هەر وەکو نە بایان دیبێ و نە باران، خۆیان وا پیشاندەدەن کە لە نووکەوە تا کۆتایی گشتپرسییان قبوڵ نەبووە. ئەمەش سەراپا پێچەوانەی راستییەکانە. بەندە، دەتوانم بەڕەهاییەوە بڵێم یەک ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتیش نادۆزیتەوە دژی گشتپرسی بووبێ، واژۆی هەموویانم لەلایە.[1]
- بەبەشداری ژمارەیەکی زۆر لە هاوڵاتیانی بناری قەندیل، چلەمینساڵیادی دامەزراندنی پەکەکە، بە ئاهەنگێک لە بناری قەندیل پیرۆز کرا.[3]
- سێ شەوە لەسەر یەک لە نزیک شارۆچکەی خدرانی سەر بە شارۆچکەی دووکان چەند هەلیکۆپتەرێکی جەنگی نەناسراو بە ئاراستەی ئاوی دووکان تەقە دەکەن، بەڕێوەبەری شارەدێی خدرانیش روونکردنەوە دەدات و دەڵێت ئاگاداریان کردوونەتەوە کە مەشق و راهێنان دەکەن.[1]
- کونسوڵخانەی بریتانیا لە هەولێر رایدەگەیەنێت، هاوکاریی داراییان پێشکەش بە خێزان و هاوڵاتیانی زەرەرمەندی بومەلەرزەکەی هەرێمی

کوردستان دەکەن، هاوکارییەکانیش بەپێی خێزان و ئەندامانی خێزان گۆرانکاری بەسەردا دێت.[2]
- ئەو ئەفسەرە عەرەبەی ئاڵای کوردستانی لەبینای پارێزگای کەرکوک خستەخوارەوە، شەوی رابردوو لە بەغدا کوژرا. نێوبراو ناوی ئەحمەد سەڵاح جەراح بوو.[4]
- کاتژمێر 08:30ی ئەمشەو، فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا، چیای ئاسۆس-یان بۆردوومان کرد بەهۆی ئەم بۆردوومانەوە سێ گەریللای پەکەکە شەهیدبوون.[3]
رۆژئاوای کوردستان
- هێزە هاوپەیمانەکان کە لە لایەن ئەمریکاوە پێشڕەوی دەکرێن رایدەگەیەنێت، بەردەوام دەبن لە پرچەکردنی هێزەکانی سوریای دیموکرات بەومەرجەی پابەندبن بە ئامانجەکەیان کە شەڕکردن و تێکشکاندنی داعشە.[2]
- وەزیری بەرگری تورکیا راگەیاند، لە رۆژی سێشەممە یان چوارشەممەی داهاتوو ئۆپراسیۆنی عەفرین دەستپێدەکەن.[2]


تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | بەرەی تورکومانی ئێراقی |
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - HDP |
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK |
| شار و شارۆچکەکان: | ئەفرین |
| شار و شارۆچکەکان: | دوکان |
| شار و شارۆچکەکان: | هەولێر |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 27-11-2017
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 27-11-2017
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 27-11-2017
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: AM 12:00:00 2017-11-27
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

بابەت: 330
## 2017-11-28
https://www.kurdipedia.org/?q=20171128000000142841




دەرەوەی کوردستان
- فیلمی پێشمەرگە لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووکان بە پشتگیری باڵیۆزانی فەرەنسا و بەریتانیا نمایشکرا. نزیکەی 600 کەس ئامادەی نمایشی فیلمەکەی بێرنارد هێنری لێڤی بوون.[3]
باکووری کوردستان
- هێزەکانی پۆلیسی تورک، هەڵیانکوتایە سەر ماڵی هاوڵاتیان لە شارۆچکەی شاخ-ی سەربە وان لە باکوری کوردستان و، 35 کەسیان دەستگیرکرد. لە ناو دەستگیرکراواندا، بەڕێوەبەران و ئەندامانی هەدەپە و دەبەپەی شارۆچکەکە هەن.[1]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- دوای بوومەلەرزەکەی کرماشان، بەشێک لەو قوتابخانانە کرانەوە کە زیانیان بەرنەکەوتبوو، هەروەها پێداویستییەکانی قوتابخانە بەسەر قوتابیاندا دابەشکران. [3]
باشووری کوردستان
- بەهۆی داگرتنی ئاڵای عێراق لە لایەن خوێندکارێکی کورد لە زانکۆی کەرکووک، پشێوی و شەڕ دروست بوو.[3]
- مەلا هەوار داودی نوێنەرێکی هاوڵاتیانی شارۆچکەی خورماتوو، ڕایدەگەیەنێت، سەرۆکی کۆمار پێی ڕاگەیاندین، کە تورکیا ڕێگیر بووە لە هاتنی هێزەکەی سەرۆک کۆمار بۆ خورماتوو، هەر ئەوانیش فشاریان خستوەتە سەر سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆ هەڵوەشانەوەی ئەو بڕیارە.[1]
- بەرپرسی مەکتەبی ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی ڕەتیدەکاتەوە عەلی باپیر نیازی هێنانی ژنی چوارەمی هەبێت و دەڵێت هەندی کەس ئەم بابەتە لەسەر ئەمیری کۆمەڵ گەورە دەکەن.[2]
- کۆبوونەوەی وەفدی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەولێر کۆتاییهات و وتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستانیش دەڵێت هەردوولا کۆک بوین لەسەر ئەوەی کە نابێت حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵبوەشێتەوە و ئەو هەنگاوە کێشەی گەورە دروست دەکات.[2]
- رێکخراوی جیهانی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال داوادەکات حەشدی شەعبی لە کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان بکشێتەوە، وێڕای دەربڕینی پاڵپشتیش بۆ جێبەجێکردنی دەستووری عێراق، دژایەتی بۆ هەر تووندوتیژییەک بەرامبەر کورد دەردەبڕێت.[3]
- سریلانکا بەفەرمی کونسوڵخانەی خۆی لە هەولێر دەکاتەوە و لەمڕۆوە دەست بە کارەکانی دەکات، کونسوڵی وڵاتەکەش کەسێکی کوردە.[3]
- فەرمانی دەستگیرکردن بۆ بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزا و ناحیەکانی کەرکوک و 12 ئەفسەری دیکەی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگاکە بە ماددەی 4ی تیرۆر دەرچووە و ئاراستەی پۆلیسی شارەکە کراوە

بەمەبەستی گرتنەبەری ڕێوشوێن بۆ دەستگیرکردنیان.[2]
- دژە تیرۆری یۆنان ئۆپەراسیۆنێکی بۆ دەستگیرکردنی چەندین گومانلێکراو ئەنجامدا و 9 کەسی دەستگیرکرد، لەنێویاندا چەند کوردێکیش هەن.[3]
- ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک کۆبووەوە و تێیدا جەمال مەولود کە بەتەمەنترین ئەندامە راسپێردرا لەمەودوا لە شوێنی ڕێبوار تاڵەبانی سەرپەرشتیی کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی پارێزگا بکات، تاوەکو ئەو کاتەی سەرۆک و جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگا هەڵدەبژێرن، ڕێبوار تاڵەبانیش دەڵێت کارەکە نایاساییە. جەمال مەولود ئەندامی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە[3]
- پێشانگایەکی فۆتۆگرافی بۆ چەند بەڵگەیەکی کاولکارییەکانی خورماتوو کرایەوە، ئەندامێکی تیمی کۆکردنەوەی بەڵگە تاوانەکانیش ئاماژە بەوە دەکات کە ئامانجیان خستنە ڕووی ئەوتاوانانەیە کە لە خورماتوو ڕوویانداوە، لەپێناو بەدۆسییەکردنی لەلایەن ڕێکخراوەکانی ناوخۆیی و جیهانییەکان پیشانگاکەیان کردوەتەوە.[1]
- دژی بۆردوومانەکانی چیای ئاسۆس، گەنجانی وڵاتپارێزی کوردستان و ژنانی گەنجی تێکۆشەر، لە شارۆچکەی ڕانیە، گردبوونەوەیەکی ناڕەزایەتییان ئەنجامدا.[1]
- هەشت گوللە هاوەن، ئاراستەی شارۆچکەی خورماتوو کراون، وتەبێژی چەکدارانی حەشدی شەعبی-ش ڕایدەگەیەنێت:تا ئێستا نازانرێت گوللە هاوەنەکان لەلایەن کێوە ئاراستە کراون.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا هەڵوەستە لەسەر پرسەکانی سووریا و ناتۆ دەکات و جەختیش لەسەر ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنێک دژی هێزەکانی یەپەگە لە عەفرین دەکاتەوە.[3]
- سوپای تورکیا، گوندەکانی ناوچەی بلبلێ لە کانتۆنی عەفرین تۆپباران دەکات، شەڕڤانانی یەپەگە و یەپەژە-ش وەڵامی تۆپبارانەکەیان داوەتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | ☪ کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان |
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - HDP |
| پارت / لایەن: | پارتی هەرێمە دیموکراتەکان DBP |
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| پارت / لایەن: | حەشدی شەعبی |
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ وان |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ خورماتوو |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ ئەفرین |

| | |
|---|---|
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ رانیە (پشدەر) |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ کرماشان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | 🔥 کەرکوک |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ♜ هەولێر |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2017-11-28
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2017-11-28
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2017-11-28

کاتی تۆمارکردن: 2017-11-28 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 331
## 2017-11-29
https://www.kurdipedia.org/?q=20171129000000142842



باکووری کوردستان
- لە 42 گوندی سەربە شارۆچکەکانی فارقین، هەزرۆ، کاراز، پاسوور و لیجەی سەربە شاری گەورەی ئامەد قەدەغەی هاتووچۆ ڕاگەیەندرا.[1]
- نیوەڕۆی ئەمرۆ، هێزەکانی پۆلیسی تورک هەڵیانکوتایە سەر ماڵی هاوڵاتیان لە نسێبین، قۆسەر، دێریک، کەرەبۆران و میدیادی سەر بە پارێزگای مێردین و 14 کەسیان دەستگیرکرد.[1]
- گەریلاکانی هەپەگە لە ئیدر، مێردین و جۆلەمێرگ دژی هێزەکانی سوپای تورک چالاکییان ئەنجامدا و گورزی کوشندەیان لێدان و 11 سەرباز و پۆلیس-یان کوشت.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ڕۆژنامەنووس و شاعێری کورد لە شاری مەشهەد بە ناوی عەلیرەزا سپاهی لابین دەستبەسەر کرا.[6]
باشووری کوردستان
- تۆپخانەکانی تورکیا بەتۆمەتی هەبوونی بنکە و بارەگاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە، دەوروبەری شارەدێی شێروان مەزنی سەر بە شارۆچکەی مێرگەسۆر تۆپباران دەکەن.[4]
- شەوی رابردوو، هێزێکی گەورەی هاوپەیمانان بە شێوەی زەمینی و ئاسمانی گەیشتە شاری کەرکوک و پەرلەمانتارێکی یەکێتی-ش دەڵێت:

هاتنی ئەو هێزە لەسەر داوای من و بەرپرسێکی یەکێتی بووە.[1]
- وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئاشکرای کرد، مەترسی ڕووخانی بەنداوی دەربەندیخان هەیە و لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ ئەو مەبەستە بە جددی لەسەر هێڵن.[2]
- مەسعود بارزانی و فوئاد مەعسوم لە پیرمام لەسەر کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغداد کۆبوونەوە.[3]
- لە سنووری خورماتوو شەڕی سەخت لەنێوان حەشدی شەعبی و گرووپێکی چەکداردا بەڕێوەدەچێت.[1]
- کۆمیسۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسی هەرێم رایدەگەیەنێت، کۆمیسۆن دەتوانێ لە مانگی نیسانی ساڵی 2018 هەرسێ هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێم و ئەنجومەنی پارێزگاکان بەیەکەوە بەڕێوەببات.[5]
- فەرماندەی ئۆفیسی هەماهەنگی ئاسایشی هاوبەش لە عێراق لەگەڵ وەزیری پێشمەرگە بە وەکالەت کۆدەبێتەوەو رادەگەیەنێت، ئەمریکا بەردەوامدەبێت لە پێدانی مووچەو پرچەککردنی هێزەکانی پێشمەرگە و بڕیارە 364 ملیۆن دۆلاریشی وەک هاوکاری پێشکەش بکات.[5]
- جێگری پارێزگاری هەڵەبجە ئاشکرایکرد بەپاساوی بوونی مین و تەقەمەنی و باری ئەمنی و بەرزی ناوچەکە لە ئاستی دەریاوە، کۆمپانیای گازپرۆمی ڕوسی بە فەرمی داوایان لە حکومەتی هەرێم کردووە، کە واز لەبلۆکی نەوتی هەڵەبجە بهێنێت، لە بەرامبەردا لە کێڵگەی نەوتی شاکەل، دووەم بیری نەوت لێبدەن.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
🏛 پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ خورماتوو
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ هەڵەبجە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ جوڵەمێرگ
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ دەربەندیخان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ مێرگەسوور
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ ماردین
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ نوسەیبین
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◉ ئامەد
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 29-11-2017

[2] 🖈ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی گوڵان - 29-11-2017
[3] ●دیارینەکراو | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[4] 🖈ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 29-11-2017
[5] 🖈ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 29-11-2017
[6] 🖈ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردپا - 01-12-2017

کاتی تۆمارکردن: 2017-11-29 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 332

**2017-11-30**

https://www.kurdipedia.org/?q=20171130000000142843



باکووری کوردستان
- لە شارۆچکەی شرڤانی سەر بە شاری سیرت لە باکووری کوردستان، بەهۆی رووخانی خانووی خێزانێکی کورد، سێ ئەندامی ئەو خێزانە گیانیان لەدەستدا و پێنج کەسی دیکەشیان بریندار بوون.[1]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- سەرۆکی لیژنەی پلان و بودجە لە پەرلەمانی ئێران رایدەگەیەنێت، کار بۆ دامەزراندنی دوو ناوچەی بازرگانی ئازاد دەکەین، لە هەردوو شاری بانە و مەریوان لە سنوری هەرێمی کوردستان.[2]
- لە گوندی کێلەشینی سەربە شاری شنۆی پارێزگای ورمێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تەرمی کۆڵبەرێکی کورد بەناوی هیوا مستەوفی دۆزرایەوە.[4]
- بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، دوو هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی ئارام نیکپەی خەڵکی گوندی نێ و تەحسین دادڕەس خەڵکی گوندی سەردۆش سەر بە شاری مەریوان، لە لایەن هێزەکانی ئیتلاعاتەوە دەسبەسەر کراون.[4]
باشووری کوردستان
- درەنگانی شەوی ڕابردوو، ژمارەیەک گوللە هاوەن ئاراستەی لە شارەدێی قەرەتەپەی سەر بە شارۆچکەی خانەقین، کرا.[3]
- لەچەند رۆژی رابردوودا بەهۆی نەبوونی دەرمانی پێویست، لە نەخۆشخانەیەکی هەولێر بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی سیل، دەرمانی ماوەبەسەرچوو بە هاووڵاتیان دراوە.[2]
- لە گەڕەکی رزگاری شارۆچکەی داقووق چەند چەکدارێک تەقە لە دوو گەنج دەکەن و بەهۆیەوە یەکێکیان گیان لەدەستدەدات و ئەوەی دیکەش بە سەختی بریندار دەبێت، قایمقامی داقووقیش دەڵێت چەکدارەکان بە ئۆتۆمبێلێکی جامڕەش تەقەیان کردووە و نازانرێت کێن.[1]
رۆژئاوای کوردستان
- گوتەبێژی سەرۆکایەتیی کۆماری تورکیا رایگەیاند، پشتیوانیکردنی پەیەدە و یەپەگە مانای درێژکردنەوەی تەمەنی پەکەکەیە. دەشڵێت، پشتیوانی ئەمریکا بۆ یەپەگە سیناریۆی نەخشەی نوێی ناوچەکەیە کە لە سووریاوە سەرچاوەدەگرێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏰 پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK |
| 🏰 پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ♖ هەولێر |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ خانەقین |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ بانە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ مەریوان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ ورمێ |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ شنۆ |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ سێرت |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان

[1] 📡ماڵپەڕ | 🖶 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2017-11-30

[2] 📡ماڵپەڕ | 🖶 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2017-11-30

[3] 📡ماڵپەڕ | 🖶 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2017-11-30

[4] 📡ماڵپەڕ | 🖶 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2017-12-01

کاتی تۆمارکردن: 2017-11-30 12:00:00 AM

ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 333

**2017-12-01**

https://www.kurdipedia.org/?q=20171201000000142844



باکووری کوردستان
- جارێکی دیکە بەبیانووی باری نائاسایی، سەردانی خانەوادەی عەبدوڵا ئۆجالان، ڕێبەری پەکەکە بۆ ئیمرالی ڕەتکرایەوە.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- وا بڕیار بوو ئەمڕۆ لە هۆڵی پاسارگادی شەهرەکی غەربی تارانی پایتەخت مەراسیمێکی یادکردنەوە بۆ عەلی ئەشرەف دەروێشیان بەڕێوەبچێت، کە لە ڕۆژی 26ی ئۆکتۆبەردا لە تەمەنی 76 ساڵیدا گیانی لە دەستدابوو، وەزارەتی کلتور ڕایگەیاند، کە بەڕێوەبردنی ئەو مەراسیمە قەدەغەیە.[2]
باشووری کوردستان
- بوومەلەرزەیەک بە گووری 3.9 پارێزگای سلێمانی و ناوچەکانی دەوروبەری گرتەوە.[1]
- میدیا تورکییەکان بڵاویان کردەوە کە ئێستا نێچیرڤان بارزانی لە تورکیایە و دەیەوێت لە تورکیاوە بچێتە دەرەوە.[2]
- لە شارۆچکەی خورماتوو، ژمارەیەک گوللە هاوەن کەوتنە خوارەوە و بەهۆیەوە بریندارى لێ کەوتووەتەوە، چەکدارانی حەشدی شەعبی-ش، چیای هەنجیرە بۆردوومان دەکەن.[2]
- لەسەر بانگهێشتی سەرۆک کۆماری فەڕەنسا، شاندێکی باڵای هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتیی نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیران، گەیشتوونەتە پاریس-ی پایتەختی فەرەنسا.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- هەڵبژاردنی ئەنجومەنی کانتۆنەکان، شارەوانییەکان و شارۆچکەکان لە کانتۆنەکانی عەفرین، شەهبا، گرێسپی، کۆبانێ، قامیشلو و حەسەکە و شارو شارۆچکەکانی سەر بەو کانتۆنانە سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ دەستپێکرد.[2]
- دەنگدان لە ڕۆژاوا بۆ 2 کاژێر درێژکرایەوە.[1]
- میدیای فەرمی تورکیا بڵاویکردەوە گوتەبێژی وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا پێنتاگۆن رایگەیاندووە، ئەو چەکانەی دەبنە مایەی هەڕەشە بۆ سەر تورکیا، لە هێزەکانی هەسەدە دەسەندرێنەوە. [3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏟 پارت / لایەن: | حەشدی شەعبی |
| 🏟 پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ خورماتوو |
| :Quick Respons Code | |


🗄سەرچاوەکان
[1] ●دیارینەکراو | 🖧 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] 📡ماڵپەڕ | 🖧 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2017-12-01
[3] 📡ماڵپەڕ | 🖧 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2017-12-01

کاتی تۆمارکردن: 2017-12-01 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

بابەت: 334

## 2017-12-02

https://www.kurdipedia.org/?q=20171202000000143026




دەرەوەی کوردستان
- بەگوێرەی هەواڵێکی ڕۆژنامەی هائارتسی ئیسرائیلی، سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ سوپای ئیسرائیل بارەگایەکی سەربازیی ئێرانی لە باشوری دیمەشق-ی پایتەختی سوریا بە هاویشتنی پێنج موشەک کردە ئامانج.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- کۆڕێک بۆ ڕێزلێنان و پێدانی پروانامە و ڕێزنامە بە قوتابیانی پۆلەکانی زمانی کوردی لە لایەن ئەنجومەنی ئەدەبی فەرهەنگی لە هۆڵی لاوانی هاژەی کۆخان لە بانە بەڕێوە چوو.[6]
- کاسبکارێکی کورد بە ناوی ئیبراهیم بەتەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی لە نزیک گوندی دۆڵەبی سەر بە شاری سەردەشت بە سەختی بریندار کرا.[6]
- بەمەبەستی یارمەتی گەیاندن بە منداڵانی بوومەلەرزەلێدراوی کرماشان پێشانگایەکی نیگارکێشی لە شاری مەهاباد بەڕێوە چوو.[7]
باشووری کوردستان
- بەڕێوەبەری ئاسایشی کۆڵەجۆ لە سنوری گەرمیان ئاشکرایکرد کە بەیانی ئەمڕۆ هێزێکی سوپای عێراق نزیک شارەدێی کۆکس بوونەتەوە بە مەبەستی دەست بەسەراگرتنی سنوری ساڵی 2003.[1]
- بۆمبێکی چێندراو بە ئۆتۆمبێلی ئازاد حەمید شەفی سەرۆکی ئەنجومەنی شارەدێی مەندلی تەقییەوە، بەڵام رزگاری بوو.[1]
- ئەمڕۆ ناوەندی ڕاگەیاندنی حەشدی شەعبی بڵاوی کردەوە، کە هێزەکانیان دوو گۆڕی بەکۆمەڵیان لە باشوری شەنگال دۆزیوەتەوە و تەرمی نزیکەی 140 هاوڵاتی ئێزدی تێدایە و زۆربەیان ژن و منداڵن.[2]
- وەفدێکی هەرێمی کوردستان کە پێکهاتووە لە نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکومەت و سەفین دزەیی وتەبێژی حکومەت و فوئاد حسێن سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، گەیشتنە کۆشکی ئیلیزێ لە پاریس و لەلایەن ئیمانوێل ماکرۆن سەرۆکی فەڕەنساوە پێشوازییان لێکرا.[3]
- لە کۆنفرانسی ڕۆژنامەوانیی ئیمانوێل ماکرۆن، سەرۆکی فەرەنسا و (نێچیرڤان بارزانی و قوباد تاڵەبانی) لە پاریس، سەرۆکی فەڕەنسا داوای هەڵوەشاندنەوەی حەشدی شەعبیی کرد.[3]
- بەرەبەیانی ئەمڕۆ بومەلەرزەیەکی بەهێز سنوری پارێزگای هەڵەبجە و شارەزوری هەژاند.[1]
- دوابەدوای هاتنی ئەو هێزەی سوپای عێراق بۆ بازگەی شێخ باوە، بەمەبەستی هاتنیان بۆ سنوری پێش 2003، نیوەڕۆی ئەمڕۆ، هێزێکی پۆلیسی گەرمیان، گەیشتە بازگەی هاوبەشی پۆلیسی گەرمیان و سوپای عێراق لە بازگەی نەقشبەندی.[2]
- وەزیری کشتوکاڵ رایدەگەیەنێت، ئەگەرچی حەیدەر عەبادی واژۆی لەسەر خەرجکردنی پرە پارەی چوار ساڵی رابردووی جوتیارانی کوردستان کرد، بەڵام لیژنەی پەیوەندیدار لە وەزارەتی بازرگانی پەشیمان بۆتەوە و تەنها

پارەی دوو ساڵی جوتیاران خەرجدەکەن.[1]
- لە ڕووبەڕوبونەیەکدا لە قەڵادزێ لەلایەن چەند کەسێکەوە تەقە لەمەفرەزەیەکی پۆلیسی فریاکەوتنی شارۆچکەکە دەکرێت و لەئەنجامدا پۆلیسێک بریندارەبێت. [1]
- یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان شوێنی ڕێبوار تاڵەبانی لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک پڕ کردەوە و جوان حەسەن-ی کردە سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک.[2]
- نووری مالیکی، جێگری سەرۆککۆماری عێراق رایگەیاند: دەستووری فەرەنسا باس لەوە دەکات کە نابێت دەستوەردان لە کاروباری وڵاتانی جیهان بکرێت، بەڵام بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو ئیمانوێل ماکرۆن، سەرۆکی فەرەنسا دەستوەردانی رەتکراوەی لە کاروباری نێوخۆی عێراقدا کرد، کە داوای هەڵوەشاندنەوەی دامەزراوەیەکی فەرمی یاسایی دەکات، ئەویش دەستەی حەشدی شەعبییە.[4]
- جاسم محەمەد جەعفەر پەرلەمانتاری عیراق بە (سۆمەریە نیوز)ی راگەیاندوە، سەرمان سورماوە لەپێشوازیکردنی ئیمانوێل ماکرۆن سەرۆکی فەرەنسا لە نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، چونکە پێشوازیکردنەکە پێچەوانەی یاسا نێودەوڵەتییەکانە، داواشدەکات حکومەتی فەرەنسا ئاگادار بکرێتەوە لە نیگەرانییەکانی بەغدا.[5]
رۆژئاوای کوردستان
- پاش چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکانی لە رۆژئاوا، شاندی پەرلەمانتارانی باشور و باکوری کوردستان هەڵبژاردنەکان بە سەرکەوتوو ناودەبەن و پشتیوانی بۆ ئە و بەشەی کوردستان دەردەبڕن.[1]
- لە چوارچێوەی گەردەلولی جزیرە، بۆ سێیەمین ڕۆژ شەڕ و پێکدادان لە گوندەکانی دێرەزۆر بەردەوامە لە نێوان شەڕڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات و چەتەکانی داعش، ئەمرۆش ژمارەی کوژراوەکانی داعش گەیشتە 72 چەتە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏟 پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| 🏟 پارت / لایەن: | حەشدی شەعبی |
| 🏟 پارت / لایەن: | ☪ یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان |

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ بانە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ سەردەشت
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ کەلار (گەرمیان)
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ خانەقین
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ شنگال
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ هەڵەبجە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ قەڵادزێ
🏙 شار و شارۆچکەکان: 💧 کەرکوک

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2017-12-02
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2017-12-02
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2017-12-02
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری نەوا - 2017-12-02
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2017-12-02
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان میدیا - 2017-12-04

کاتی تۆمارکردن: 2017-12-02 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 335
## 2017-12-03
https://www.kurdipedia.org/?q=20171203000000143027



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران، لە سنووری ماکۆ دەستەیەک لە کۆڵبەرانی کوردیان دایە بەر دەسڕێژی گوللە و لە ئاکامدا کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی نەورۆز بادپا بە توندی بریندار بوو.[6]
- لە ڕێورەسمێکدا لە پارێزگای ورمێ، محەممەدی عەلی جەعفەری، فەرماندەی سوپای پاسداران ڕایگەیاند، پیلانی کوردستانی گەورە لە ناوکەوە پردراوە.[4]
- یەکێک لە چەکدارانی سپای پاسداران بەناوی ساڵح قاسمی خەڵکی گوندی دێڵەزی سەر بە ناوچەی شپیرانی سەڵماس، دانیشتووی شاری شنۆ کوژرا.[6]
باشووری کوردستان
- هەڤاڵ ئەبوبەکر، وەک پارێزگاری سلێمانی دەستبەکاربوو.[1]
- فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورک، چیای ئاسۆس لە سنووری شارباژێری سەربە پارێزگای سلێمانی بۆ ردوومان دەکەن.[1]
- بەشێک لە کارمەندانی کۆمپانیای نەوتی باکور لە کەرکوک خۆپیشاندانیان ساز کرد وەکو دەربڕینی ناڕەزایی بەرامبەر ئەوەی کە ماوەی سێ مانگە مووچەیان وەرنەگرتووە.[2]
- بەیانی ئەمڕۆ تەرمی دوو کەس لە گوندی نارێنی سەر شارەدێی قەرەتەپە بە کوژراوی دۆزراوەتەوە و دوای لێکۆڵینەوە دەرکەوتووە هەردووکیان پۆلیسی نەوتی گەرمیانن.[3]
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی ئەیدز هەڵمەتێکی پشکنینی پێشوەختەی نەخۆشی

ئەیدز ئەنجامدەدات و رایدەگەیێنێت ئەمساڵ هیچ حاڵەتێکی تووشبوون بە ڤایرۆسی تووشکەری ئەیدز لەنێو هاونیشتمانییان تۆمارنەکراوە.[4]
- لە ڕۆژی جیهانی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکاندا، چەند چالاکوانێک لەبەردەم وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێم لە هەولێر گردبونەوە و ناڕەزایەتییان دەربڕی.[5]
- چەکدارانی پاشماوەی داعش کە لە ناوچە شاخاوییەکانی نێوان خورماتو و کفری بونیان هەبوو، لەشەوی رابردووەوە جموجۆڵیان دەستپێکردووە بۆ بەجێهشێتنی سنورەکە.[3]
- فراکسیۆنە کوردییەکان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بەیاننامەیەکی هاوبەشیان لەبارەی پرۆژە یاسای بودجەی عێراقەوە بڵاوکردەوە، لە بەیاننامەکەدا، ڕایانگەیاند، کە بەپێی یاسا نابێت پشکی کورد لە بودجەدا کەم بکرێتەوە، دەشڵێن: پێوستە هەڵەبجە وەک پارێزگای سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت لە بودجەدا.[2]
- سەرۆککۆماری تورکیا دەڵێت، هەموو هەوڵێکی داوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کورد لە تورکیا، سووریا و عێراق. دەشڵێت، هەرێمی کوردستان ئاوەدانترین ناوچەی عێراقە، بەڵام ئەوە لە سایەی تورکیاوە بووە.[4]
- لە ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر خەڵاتی رێزلێنان بەخشرایە عەمید سەرحەد قادر، بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزا و ناحیەکانی کەرکووک و ژمارەیەک لە ئەفسەرانی ئەو شارە لە بەرامبەر ئەو ئەرک و ماندوبوون و دڵسۆزیەی لەماوەی رابردوو کارەکانیاندا بەجێیانگەیاندووە.[4]
رۆژئاوای کوردستان
- فەرماندەیی گشتی یەکینەکانی پاراستنی گەل-یەپەگە ڕایگەیاند، کە بەهاوکاریی هۆزە عەرەبییەکان و بە پاڵپشتی ڕوسیا و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی، ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی دێرەزۆر بەتەواوی لە چەتەکانی داعش پاککراونەتەوە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| 🏛 پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ هەڵەبجە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ شارباژێر (چوارتا و ماوەت) |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ ورمێ |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ شنۆ |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ سەڵماس |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | 🔥 کەرکوک |

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ سلێمانی

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ کەلار (گەرمیان)

🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر

Quick Respons Code:

🗄سەرچاوەکان
[1] ●دیارینەکراو | 🖒 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] 📡ماڵپەڕ | 🖒 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 03-12-2017
[3] 📡ماڵپەڕ | 🖒 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 03-12-2017
[4] 📡ماڵپەڕ | 🖒 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 03-12-2017
[5] 📡ماڵپەڕ | 🖒 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کەی ئێن ئێن - 03-12-2017
[6] 📡ماڵپەڕ | 🖒 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 03-12-2017

کاتی تۆمارکردن: 03-12-2017 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 336

## 2017-12-04

https://www.kurdipedia.org/?q=20171204000000143028



باکووری کوردستان
- لە کانێکی خەڵوزی بەردینی لە شرناخی باکوری کوردستان تەقینەوە ڕوویدا و بەپێی زانیارییەکانیش دوو کرێکار گیانیان لە دەستداوە.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- شەهاب نادری، نوێنەری شارەکانی پاوە، جوانڕۆ و روانسەر لە پەرلەمانی ئێران رایگەیاند دوو منداڵ بەهۆی سەرما و دوو کەسی دیکەش بەهۆی پەنگخواردنی گاز لەنێو خێوەتدا گیانیان لەدەستداوە.[6]
- هێزەکانی ڕێژیمی ئێران لە خاڵی پشکنینی سێڕێیانی پەسوێ هەڵکەوتوو لە جەڵدیان، پێش بە هاووڵاتیان دەگرن و بەمەبەستی ئازاردانی خەڵکی کورد مۆبایلەکانیان دەپشکنن.[3]
- محەممەد کەریمی یەکێک لە چالاکانی شاری بۆکان، بۆ جێبەجێکرانی حوکمەکەی لەلایەن مەئمورانی حکوومەتەوە لە ماڵەکەی خۆیدا دەسبەسەر و ڕەوانەی زیندانی بۆکان کرا.[7]
- سێ هاووڵاتیی کورد خەڵکی شاری مێهران سەر بە پارێزگای ئیلام کە دوو ژن و پیاوێک بوون لە ناو ماشینێک لە جۆری پراید بە هۆی تەقینەوەی مینێکی دژە تانگ گیانیان لە دەست دا. [7]
باشووری کوردستان

- بوومەلەرزەیەکی دیکە شارۆچکەی دەربەندیخان و دەوروبەری هەژاند و بەهۆیەوە منداڵێک بە سوکی بریندارببووە.[1]
- بۆ جاری پێنجەم فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورکیا چیای ئاسۆس-یان لە ناوچەی شارباژێڕی سەر بە پارێزگای سلێمانی بۆردوومانکردەوە.[2]
- وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، دوای ئەوەی لیستی مووچەخۆرانی خاوەن پێداویستی تایبەت پاکدەکرێتەوە، ئەنجومەنی وەزیران بەڵێنی پێداون کە مووچەی سەرجەم خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان لە 90 هەزارو 60 هەزار دینارەوە دەکرێتەوە بە 150 هەزار دینارەکەی پێشوو.[1]
- مونا قاوەچی ئەندامی پێشووی ئەنجومەنی باڵای ڕیفراندۆم ڕەتی کردەوە کە ئەنجومەنی باڵای پارتە سیاسیەکان هیچ بڕیارێکی دابێت سەبارەت بەهەڵوەشاندنەوە یا هەڵپەساردن و سڕکردنی ئەنجامەکانی ڕیفراندۆمی دابێت و وتیئێمە بڕیارمان دا لە و ڕۆژە وەک بەروار ڕیفراندۆم بکەین،نەک هەڵوەشاندنەوە و هەڵپەساردنی بدرێتە دەست ئەنجومەنەکە،خەڵکی کوردستان بڕیاری ڕیفراندۆمیان دا بۆیە هەڵوەشاندنەوە و هەر بڕیارێک لەوبارەیەوە دەبێت خەڵک بیدات نەک ئەنجومەن چونکە ئەوە ڕێز نەگرتنە لەئیرادەی خەڵکی کوردستان.[4]
- ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم نەوروز مەولود وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار وەک وەزیری داد بە وەکالەت دیاریکدر کە ماوەیەکە ئەو پۆستە بەتاڵە.[1]
- ژمارەیەک پەرلەمانتار کە واژۆیان لەسەر یاداشتێک کردووە، داوایان لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کردووە، دانیشتنێکی پەرلەمانی کوردستان تایبەت بکات بە رەوشی دووز خوورماتوو بۆ گفتوگۆکردن لەسەر رەوشی شارۆچکەکە.[1]
- پاش سێ ساڵ لە داخستنی ریگەی سەرەکی نێوان جەلەولا و سەعدیە، بەهۆی شەڕی داعشەوە لە و ناوچەیە و لە هەفتەی پێشوەوە لە کاتی سەردانی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق بۆ شارەدێی سەعدیە و جەلەولا ئە و ڕێگەیە کرایەوە، بەڵام ئەمرۆ بەهۆکارێکی نادیار جاریکی تر داخرا.[1]
- میدیاکانی سەربە پارتی دیموکراتی کوردستان بڵاویان کردەوە، کە سەڵاحەدین بەهادین ئەمینداری یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە سەردانەکەیدا بۆ تورکیا لەگەڵ هاکان فیدان، سەرۆکی دەزگای هەواڵگری تورکیا – میت کۆبووەتەوە.[2]
- کونسڵخانەی گشتی ئەڵمانیا لە راگەیاندراوێکدا دەڵێت کونسڵی گشتی ئەڵمانیا لە هەرێمی کوردستان، چاوی کەوتووە بە سەرمایەداری نیشتمانی فاروقی مەلا مستەفا و تیایدا باس لە بارودۆخی ئابوری هەرێمی کوردستان کراوە.[1]
- فەرماندەی فیرقەی دووی دژە تیرۆری عێراق رەتیکردەوە هیچ هێزێکی هاوبەش پێکبهێنرێت بۆ بەڕێوەبەردنی مەلەفی ئەمنی لە کەرکوک، هەروەک دەستگیرکردنی بەرپرسی ئەمنی کۆلیژی زانستی شارەکەی لەلایەن هێزەکانیانەوە پشتڕاستکردەوە و وتی کارئاسانی و چاوپۆشی کردووە لەئاستی پارچەپارچەکردنی ئاڵای عێراق.[1]
- ئەندامێکی فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ڕایدەگەیەنێت، ئەمڕۆ بەشێک لە هێزەکانی ئەمریکا کە نزیکەی 40 هەمەری سەربازی بوون، سەربازگەی کەیوان-یان لە کەرکوک جێهێشتووە، پەرلەمانتارێکی یەکێتی-ش لە کەرکوک ئەو هەواڵە ڕەت دەکاتەوە.[2]

- کاتژمێر 9ی ئەمشەو، بەشێک لە خوێندکارانی بەشە ناوخۆیی کوران-ی ئیسکان لە گەڕەکی مەجی بەگ-ی شاری سلێمانی، خۆپیشاندانێکیان لەبەردەم زانکۆی کۆنی سلێمانی (کۆلێژە پزیشکییەکان) ئەنجامدا و زیاتر لە کاتژمێرێک جووت سایدی ئیسکان-یان داخست.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ئێوارەی ئەمڕۆ، لە سوپای تورک هەوڵی دا بچێتە سەر چیای گر-ی شارۆچکەی بلبلێ-ی ناوچەی ڕاجۆ-ی سەر بە کانتۆنی عەفرین، بەڵام لە لایەن شەڕڤانانی یەکینەکانی پاراستنی گەل-یەپەگە و یەکینەکانی پاراستنی ژنان-یەپەژە-ەوە وەڵام درانەوە.[2]
دەرەوەی کوردستان
- باڵیۆزخانەی ئێران لە یەمەن موشەکباران کرا و گڕی گرت.[5]
- کوژرانی عەلی عەبدوڵلا ساڵح، سەرۆکی پێشووی یەمەن، نێوبراو کەسێکی نزیکی سەددام حسێن و هەردەم یارمەتیدەری رژێمی بەعس بوو بۆ ئەنفالکردنی کورد.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: ☪ یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ ئەفرین
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ بۆکان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ ئیلام
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ شارباژێر (چوارتا و ماوەت)
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ خورماتوو
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ خانەقین
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ شڕناخ
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ دەربەندیخان
Quick Respons Code:


سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2017-12-04
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2017-12-04
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان میدیا - 2017-12-04
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دەنگی ئەمریکا بەشی کوردی - 2017-12-04
[5] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2017-12-04
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2017-12-05

کاتی تۆمارکردن: AM 12:00:00 2017-12-04
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 337
**2017-12-05**
https://www.kurdipedia.org/?q=20171205000000143029



باکووری کوردستان
- پاش ئەوەی دوێنێ سوپای تورک دەستی کردە ڕەوانەکردنی هێز و کەرەستە سەربازییەکانی بەرەو بەدلیس، ئەنجومەنی پارێزگای بەدلیس ئەمڕۆ لە 11 گوندی ئەو پارێزگای قەدەغەی هاتوچۆی ڕاگەیاند.[1]
- سەربازەکانی سوپای تورک و جەردەوانەکانی سەر بە سوپا لە گوندی تاشکەساندی ناوچەی تەندورەک لە ئاگری جێگربوون و بە چەکی قورس چیای تەندورەک تۆپباران دەکەن.[1]
- ڕۆژنامەی گاردییەنی بەریتانی، پێش دادگایی فیگەن یوکسەکداغ و سەلاحەدین دەمیرتاش نامەی چەند فەیلسوف و سیاسەتمەداری بەناوبانگی جیهانی بڵاوکردەوە کە تێیدا ڕەخنەیان لە دەسەڵاتداری تورکیا گرتووە و داوای ئازادیی هاوسەرۆکانی هەدەپەیان کردووە.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- هێزە سەربازییەکانی حکومەتی ئێران هێرشیان کردە سەر گوندی جلیزی لە پارێزگای ئیلام و زیاتر لە 50 کەسیان دەستگیر کرد، چوار ژن لە دەستگیرکراوانی ئەو ئۆپەراسیۆنە ڕەوانەی زیندانی ئیلام کران.[1]
باشووری کوردستان
- ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگای سەلاحەدین ڕایدەگەیەنێت، کە 17 پۆلیسی کورد لە بەڕێوەبەرێتی پۆلیسی شارۆچکەی خورماتوو، بەهۆی بەشدارییکردن لە ڕیفراندۆم، دەستگیرکراون و بڕیاری دەستگیرکردنی 12ی دیکەش دەرچووە.[1]
- محەمەد عوسمان پەرلەمانتاری یەکێتی لەپەرلەمانی عێراق لە ئۆفیسی کەرکوکی پەرلەمانی عێراق کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی ئەنجامدا و رایگەیاند لەپارێزگای کەرکوک و شارۆچکەکانی دبس و داقوق و خورماتوو گروپێکی حەشدی شەعبی چەندین تاوانیان ئەنجامداوە کە بەجۆرێکە هەموو بنەما مرۆییەکانی تێپەراندووە.[2]
- ژمارەیەکی زۆر لە خاوەن مۆلیدە ئەهلییەکانی شاری سلێمانی لە گردبوونەوەیەکدا هەڕەشەی پرینی کارەبا دەکەن لە ئەگەری پێنەدانی گاز و زیاد نەکردنی پارەی ئەمپێرەکانی کارەبا.[1]
- وتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕایدەگەیەنێت پارتی هەڵبژاردن بە چارەسەر دادەنێت، لە بری هەڵوەشانەوەی حکومەت و پێکهێنانی حکومەتی کاتی.[2]
- هەڤاڵ ئەبوبەکر وەک پارێزگاری نوێی سلێمانی سوێندی یاسایی خوارد و دەستبەکاربوو، کە لەمەراسیمەکەدا سەرۆکی حکومەتی هەرێم و جێگرەکەی ئامادەیبوون.[2]
- ئیحسان چەلەبی، بەرێوبەری شارەدێی سیدەکان بە ڕۆژنیوزی ڕاگەیاند: لە کاتژمێر 12:30ی خولەکی شەوی ڕابردووەوە تا نیوەڕۆی ئەمڕۆ کاتژمێر 12:00 بە بەردەوامی تۆپخانەکانی تورکیا تۆپبارانی ناوچەکانی (شانشا، کانیە ڕەش، چیابەن) لە سنوری بەرمێزە سەر بە شارەدێی سیدەکان بۆردومانکردووە. وتیشی: تا ئێستا 23 تۆپ بەر ناوچەکە کەوتوون، بەڵام

خۆشبەختانە هیچ زیانی گیانی نەبووە جگە لە زیانی مادیی، چونکە هیچ کەسێک لە و سنورە ناژی.[1]
- شەڕو روبەڕووبنەوە لەنزیک شارەدێی قەرەهەنجیر لەسەر رێگەی کەرکوک - سلێمانی دروستبو. بەپێی زانیارییەکان شەڕەکە لەنێوان هێزە عێراقییەکان و ژمارەیەک چەکداری نەناسراو رویدا.[2]
- لە حاجیاوای سەر بە ئیدارەی راپەڕین کاژێر 8:00ی بەیانی کچێکی تەمەن 18 ساڵ لە ژوورێکی ماڵەکەی خۆیاندا گیانلەدەستدەدات، دوای بەدواداچوونی هێزەکانی پۆلیس دەرکەوت سێ گوللە بە جەستەیەوە دیارە و لە رووداوکەدا چەکی کلاشینکۆف بەکارهاتووە.[4]
- باڵیۆزی ئەمریکا لە عێراق نیگەرانیی وڵاتەکەی لەو گرێبەستە نەوتییانە دەربڕی کە تاکلایەنە هەرێمی کوردستان کردوونی.[2]
رۆژئاوای کوردستان
- ئەنجامی گشتیی دووەمین قۆناغی هەڵبژاردنی کانتۆنەکانی رۆژاوا ئاشکراکرا.[3]
- چەتەکانی داعش، لە دێرەزۆر هێرشیان کردە سەر خاڵە سەربازییەکانی شەڕڤانانی قەسەدە و لەئەنجامدا 46 چەتە کوژران و ئۆتۆمبێلێکی بۆمبرێژکراویشیان لە لایەن شەڕڤانانەوە تەقێندرایەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | حەشدی شەعبی |
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - HDP |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ ئیلام |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ رانیە (پشدەر) |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| شار و شارۆچکەکان: | ئاگری |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ خورماتوو |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ بەدلیس |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ سلێمانی |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان
[1] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 05-12-2017
[2] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 05-12-2017
[3] ●دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[4] 📡ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 05-12-2017

کاتی تۆمارکردن: 2017-12-05 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 338

**2017-12-06**

https://www.kurdipedia.org/?q=20171206000000143030



باکووری کوردستان
- سێیەمین دانیشتنی دادگایی فیگەن یوکسەکداغ سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ لە بینای زیندانی سینجانی ئەنقەرە دەستیپێکرد.[1]
- دادگای ئیستەنبوڵ دەستی بە دادگاییکردنی ئەو ئەکادیمیسیانانە کرد، کە لە 2016دا بە بەیاننامەیەک ناڕەزایی خۆیان لەدژی ئەو ئۆپەراسیۆنانە دەربڕیبوو، کە تورکیا لە شارەکانی باکووری کوردستان ئەنجامی دەدان.[5]
- هەدەپە رایدەگەیەنێت، 1250 پارێزەر ئامادەیی خۆیان دەربڕیووە کە لە دادگا داکۆکی لە دەمیرتاش بکەن، بەڵام هۆڵی دادگاییکردنەکە تەنیا 20 کەس دەگرێت.[2]
- هەپەگە ڕایگەیاند: لە هەنگاوی شۆرشگێرانەی شەهید ئەیلەم، شەهید ماهیرو شەهید ئارگەشدا، دوێنێ کاتژمێر 11:40 خولەکی نیوەڕۆ، گەریلاکانمان لە دەوروبەری بازیدی سەربە ئاگری، چالاکییەکیان دژی زرێپۆشێکی سوپای تورک ئەنجامدا، لەو چالاکییەدا زرێپۆشەکەی سوپای تورک بەتەواوی تێکشکێندرا، سەربازەکانی ناو زرێپۆشەکەش کوژران و برینداربوون، بەڵام ژمارەکەیان نەزنراوە.[7]
باشووری کوردستان
- ئەمشەو لە کامپی پەنابەرانی شەهید ڕۆستەم جودی لە مەخمور تەقینەوەیەک ڕوویدا و بە پێی زانیارییە سەرەتاییەکان لە تەقینەوەکەدا 4 شەهید و 5 بریندار هەن. لەنێو کەمپی مەخمووری ئاوارەکانی باکووری کوردستان دوو هەزار و 700 خێزانی ئاوارە دەژین کە ژمارەیان 12 هەزار و 500 کەسە.[5][1]
- لە گوندی هۆپەی شێروان مەزن لە سنووری قەزای مێرگەسۆر، بۆمب بە ئۆتۆمبێلی دوو هاونیشتمانیدا دەتەقێتە و بەهۆیەوە هەردووکیان گیان لەدەستدەدەن.[5]
- بومەلەرزەیەک شاری سلێمانی و دەوروبەری هەژاند، کە سەرنتەری بومەلەرزەکە شارۆچکەی دەربەندیخان بووە و پلەکەی 4.5 پلەی ڕێختەر بووە.[1]
- دیاردەی هەوری ئەندولاتۆس ئەسپیراتۆس لە ئاسمانی باشووری کوردستان دەرکەوت، کە بە دیاردەیەکی ناوازە ناسێنراوە.[2]
- بەهۆی ئە و بومەلەرزەیەی کە ئەم بەیانیە لەشارەکانی هەرێمی کوردستان ڕویدا، ژمارەیەک خوێندنگەی هەڵەبجە خوێندکارەکانیان ناردە ماڵەوە، بەڕێوەبەری خوێندنگەکانیش ڕایدەگەیەنن، لەپێناو سەلامەتی

خوێندکاراندا ئه و کارەیانکردوە.[6]
- ئەحمەدی حاجی ڕەشید، ئەندامی لیژنەی کاروباری دارایی پەرلەمانی بەغدا ئاشکرایدەکات، سندوقی نەختینەی نێودەوڵەتی داوای لە حکومەتی ناوەندی عێراق کردووە کە گۆڕانکاری لە ڕەشنوسی بودجەی 2018 بکات و پشکی هەرێمی کوردستان زیادبکاتەوە. [2]
- بەهۆی قیرتاونەکردنی ڕێگای گوندەکەیان، دانیشتوانی گوندی قوڵقوڵە لە سنووری شارەدێی ئاشتی لە شارۆچکەی کۆیە، ڕێگای سەرەکی کێڵگەی نەوتی شیوەشانیان داخست. [3]
- بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی گەرمیان ڕایدەگەیەنێت: لەلایەن هێزەکانی پۆلیسی کفرییەوە دەست بەسەر چوار ئۆتۆمبێلی بارهەڵگردا دەگیرێت کە چەندین گوللە هاوەن و تەقەمەنی تێدابووە.[4]
- بۆیەکەمجار لە هەرێمی کوردستان ئەمڕۆ کۆنفرانسی زانستیی دەرمانسازی لە هەولێر بەڕێوەدەچێت.[5]
- وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا رایگەیاند، ئەمریکا بەردەوامدەبێت لە پشتیوانیکردنی دانوستان لە نێوان هەرێم و بەغدا، دەڵێت کاری ئەمریکا نییە فشار بکات تاوەکو ئه و دانسوتانانە بکرێن.[2]
- وەزارەتی خوێندنی باڵا رایگەیاند، ناوەندی وەرگرتن لە دیوانی وەزارەت رەزامەندی نیشانداوە لەسەر وەرگرتنی 305 خوێندکاری کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکان لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان.[5]
- لیژنەی نەوت و وزەی پەرلەمانی عێراق جەختدەکاتەوە، هەرێمی کوردستان ئێستاشی لەسەر بێت، بەردەوامە لە هەناردەکردنی نەوت بۆ دەرەوە. لیژنەکە ئەوەشی خستۆتەڕوو، پرێکی باشی نەوت دەچێت بۆ وڵاتانی دراوسی و ئیسرائیل بەشێوەیەکی بەردەوام، بێ ئەوەی بەغدا ئاگاداری وردەکارییەکانی بێت.[2]
- چالاکوانێکی مەدەنی بەناوی کازم، کە ناسراوە بە تاکور زەردەشتی، لەلایەن ئاسایشی پارتییەوە لە ماڵەکەی خۆیدا دەستگیرکرا.[7]
- وەزیری کشتوکاڵی هەرێم ئاشکرایدەکات، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەیی دەربڕیوە، خاڵە گومرگییەکان رادەستی بەغدا بکات، بەڵام لە رێگەی لیژنەیەکی تەکنیکی و بە رێککەوتنی هەولێر و بەغدا.[2]
- لە گەڕەکی کوردستان (فەیلەق) لەلایەن ژمارەیەک چەکداری نەناسراوەوە دەستڕێژی گوللە لە (رائید سامر عەبدولنەبی جەسام) کراوە کە ئەفسەرە لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی کەرکوک و دوای گواستنەوەی بۆ نەخۆشخانە گیانی لەدەستدا.[2]
- لە شاری سلێمانی بەشێک لە کارمەندانی شارەوانی و پۆلیس هێرشیان کردە سەر بەشێک لە عارەبانەچییەکانی سلێمانی و دوو عارەبانەیان وەرگەڕاند و شتەکانیان ڕشت.[7]
- وەزیری وزەی روسیا ئاشکرایدەکات هیچ کۆسپ و رێگرییەک لە بەردەم کارکردنی هەردوو کۆمپانیای گازپرۆم و لۆک ئۆیل لە هەرێمی کوردستان نیە، و عێراق لاری نیە لەکارکردنیان.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK

🏛 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ مەخموور

🏙 شار و شارۆچکەکان: 🌋 ئاگری
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ دەربەندیخان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ کۆیە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ کفری
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ هەڵەبجە
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] ●دیارینەکراو | 🖧 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] 📡ماڵپەڕ | 🖧 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2017-12-06
[3] 📡ماڵپەڕ | 🖧 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئێن ئاڕ تی - 2017-12-06
[4] 📡ماڵپەڕ | 🖧 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیو - 2017-12-06
[5] 📡ماڵپەڕ | 🖧 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2017-12-06
[6] 📡ماڵپەڕ | 🖧 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری تۆڕی هەواڵی سلێمانی - 2017-12-06
[7] 📡ماڵپەڕ | 🖧 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2017-12-06

کاتی تۆمارکردن: 2017-12-06 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستەم

---

بابەت: 339
**2017-12-07**
https://www.kurdipedia.org/?q=20171207000000143031



باکووری کوردستان
- دانیشتنی یەکەمی کەیسی سەلاحەدین دەمیرتاش، هاوسەرۆکی گشتی پارتی دیموکراتی گەلان-هەدەپە، دوای 399 ڕۆژ لە دواخستنی، بەبێ ئامادەبوونی دەمیرتاش، لە نۆزدەیەمین دادگای سزا قورسەکانی ئەنقەرە بەڕێوەچوو. هاوکات ڕێگا نەدراوە، چاودێر، پەرلەمانتار و شاندە بیانییەکان چاودێری دانیشتنی دادگا بکەن لەسەر کەیسی دەمیرتاش، تەنها لەکاتی بڕیاری دادگا لەسەر کەیسەکە، پارێزەرانی دەمیرتاش براونەتە هۆڵی دادگا. دادگا بڕیاریدا کە لە دانیشتنی داهاتوودا سەلاحەدین دەمیرتاش بەشداری بکات، دانیشتن لەسەر کەیسەکەیشی دواخرا بۆ 14-02-2018.[4]
- هەپەگە، ڕایگەیاند: دوێنێ کاتژمێر 1:30 خولەکی نیوەڕۆ گەریلاکانمان لە گردی خوەدێی سەربە شارۆچکەی شەمزینانی جولەمێرگ، چالاکییەکیان

دژی سوپای تورک ئەنجامدا، لە ئەنجامی ئەو چالاکییەدا دوو پێگەی سوپای تورک تێکشکێندران، ژمارەی سەربازە کوژراو بریندارەکانی سوپای تورک لە ئەنجامی چالاکییەکەدا نەزاندرا.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- دادگای گشتی شارۆچکەی سەقز، بە تۆمەتی بەشداریکردنی لە گردبوونەوەکانی شارەکانی ڕۆژهەڵات بۆ پشتیوانی ڕیفراندۆم، ژنێکی کوردی بەناوی زەمانە زێوی، بە لێدانی 50 قامچی سزا دا.[4]
باشووری کوردستان
- ئەنجومەنی گەلی مەخمور رایدەگەیەنێت، حکومەتی ناوەندی و ئەو هێزانەی ئاسمانی عێراق بەکاردەهێنن بەرپرسیارن لە تەقینەوەکەی دوێنێی مەخمور.[1]
- لە شەقامی سەرەکی تانجەرۆ هاووڵاتیانی دانیشتووی گەڕەکەکانی تانجەڕۆ و هوانە بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییەکانی ژیانیان خۆپیشاندانیان ئەنجامدا. ئەوان داوای دابینکردنی باشتری ئاو و کارەبا دەکەن و شەقامە سەرەکییەکەیان داخست.[2]
- ئەندامێکی ئەنجومەنی مامۆستایانی ناڕازیی ئاشکرایدەکات، عەبادی وەڵامی نامەکەی داونەتەوە و پێیراگەیاندوون بەمنزیکانە وەڵامی کرداری و تایبەتم بۆ مامۆستایان و مووچەخۆرانی راستەقینەی هەرێم دەبێت.[2]
- ئە و 17 پۆلیسە کوردەی خورماتوو ئازادکران کە لەچەند رۆژی رابردوودا بەهۆی بەشداریکردنیان لە ریفراندۆمدا لەلایەن بە بڕیاری پۆلیسی پارێزگای سەڵاحەدین دەستگیرکرابوون.[3]
- پێش نیوەڕۆی ئەمڕۆ، لەبەردەم یەکێک لە خانووە ڕوخاوەکانی شارۆچکەی دەربەندیخانی سەر بە پارێزگای سلێمانی هاوڵاتیانی زیان لێکەوتووی بومەلەرزەکەی مانگی ڕابردوو گردبونەوە و ناڕەزایەتییان نیشاندا لەبەرامبەر بێ باکی حکومەت و جێبەجێ نەکردنی ئەو بەڵێنانەی بەو هاوڵاتیانەی دابوو.[4]
- بەهۆی ئە و رەشەبا بەهێزی سلێمانی و دەوروبەری گرتۆتەوە زیان بە تۆڕەکانی کارەبا گەیشتووە، بەڕێوەبەرایەتی کارەباش دەڵێت، سەرەڕای بەردەوامی رەشەباکە، کارمەندانی سیانەکانی کارەبا لە هەوڵی چاککردنەوەی تۆڕەکاندان.[2]
- کەجەدە سەبارەت بە هێرشی سەر کامپی پەنابەرانی شەهید ڕوستەم جودی لە مەخمور ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوەو ڕایگەیاند، کە پێویستە بە زووترین کات نەتەوە یەکگرتووەکان ڕاگەیەندراوێک لە بارەی هێرشەکەی سەر مەخمور بڵاوبکاتەوە.[4]
- تەرمی ژنێک بەکوژراوی لەباکوری شاری کەرکوک دۆزرایەوە، پۆلیسیش دەڵێت شوێنەواری فیشەک بە جەستەیەوە بووە و نەناسراوەتەوە.[2]
- وەفدێکی نەتەوەیەکگرتووەکان سەردانی خورماتوویان کردووە بۆ لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون سەبارەت بەو پێشێلکارییانەی حەشدی شەعبی پێ تۆمەتباردەکرێت لەلایەن کوردەوە، بەڵام رێگا بە وەفدەکە نەدرا سەردانی گەڕەکە کوردییەکان بکات.[1]
- کاژێر 10ی ئەمشەو کۆمەڵێک چەکدار بە نارنجۆک و بی کەی سی هێرشیان کردە سەر هێزە ئێراقییەکان لە کەرکوک و بەهۆیەوە لە کەرکوکدا تەقەیەکی زۆر کرا.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ئۆپەراسیۆنی گەردەلوولی جزیرە بۆ ڕزگارکردنی ناوچەکانی دەوروبەری دێرزۆر لە چنگی چەتەکانی داعش بەردەوامە، لە گوندی سوەدا کە

کەوتووەتە دووریی 25 کیلۆمەتریی باکوری ڕۆژهەڵاتی دێرەزۆرەوە، 35 چەتەی داعش کوژران و گوندەکە بە تەواوەتی پاک کرایەوە لە چەتەکان.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ شەمزینان |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ جوڵەمێرگ |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ مەخموور |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ خورماتوو |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ دەربەندیخان |
| Quick Respons Code: | |


سەرچاوەکان

[1] ● دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2017-12-07

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری نەتەوە - 2017-12-07

[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2017-12-07



کاتی تۆمارکردن: 2017-12-07 12:00:00 AM

ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم


---

بابەت: 340

**2017-12-08**

https://www.kurdipedia.org/?q=20171208000000143032



باکووری کوردستان
- بەمەبەستی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازیی و دەستگیرکردنی ئەندامانی پەکەکە، قەدەخەی هاتووچۆ لە 51 گوندی ئامەد راگەیێندرا. هاوکات ژمارەیەکی زۆر زرێپۆش و بارهەڵگری سەربازی و چەکی قورس رەوانەی شرناخ کراوە.[3]
- داواکاریی خانەوادەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، ڕێبەری پەکەکە و چەند زیندانییەکی دیکەی دوورگەی ئیمرالی، بۆ سەردانیکردنی کەسوکارە زیندانیکراوەکانیان جارێکی دیکە ڕەت کرایەوە.[1]
- لوقمان یلدز، هاوسەرۆکی رێکخستنەکانی هەدەپە لە پارێزگای سێرت، بەمەبەستی بەشداریکردن لە دانیشتنی دادگاییکردنی سەلاحەدین دەمیرتاش، هاوسەرۆکی هەدەپە سەردانی ئەنقەرەی کردبوو، ئێوارەی ئەمرۆ، کاتێک دەگەڕایەوە لەبەردەم ماڵەکەیدا لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە بەتۆمەتی سووکایەتیکردن بە سەرۆککۆماری تورکیا دەستگیرکرا.[3]
باشووری کوردستان
- تەرمی ئە و پێنج شەهیدەی کەمپی مەخمور کە لە هێرشەکەی شەوی 6ی ئەم مانگەدا شەهید بوون لە قەندیل بەخاکسپێردران.[1]
- کاتژمێر 10:00 ی سەرلەبەیانی ئەمرۆ، لە هۆڵی هۆتێل پەرێز لە شاری سلێمانی، بەبەشداری زیاتر لە 200 ئەندام، چوارەمین کۆنفرانسی کۆمیتەی خانەواندەی شەهیدانی پەکەکە لە باشوری کوردستان دەستیپێکرد.[1]
- کاتژمێر 4:55 خولەک لە رۆژئاوای هەڵەبجە بومەلەرزەیەک روویدا. بومەلەرزەکە بە گوری 4.5 پلەی رێختەر بووە و بەشێک لە دانیشتووانی ناوچەکە هەستییان بە بومەلەرزەکە کردووە.[2]
- وتەبێژی حکومەتی ناوەندی هۆکاری دەستپێنەکردنی گفتوگۆکانی نێوان هەولێر و بەغدای ئاشکراکردووە رایگەیاندووە دوای پەشیمان بوونەوەی وەفدی حکومەتی هەرێم لە بەڵێنەکانی بۆ وەفدی سەربازی بەغدا، گفتوگۆکانی نێوانمان وەستا.[4]
- بۆ دووەمجار بومەلەرزەیەک بە گوری 4.5 پلەی ڕێختەر سنوری ناوچەکانی دەربەندیخان و شارەزوور و سەیدسادقی گرتنەوە و بەوهۆیەشەوە هاوڵاتیان لەماڵەکانیان هاتونەتە دەرەوە.[2]
- لە بازاڕی خان خورما لە شاری کەرکوک، بە هۆی شەڕە تەقەی نێوان دوو کەسەوە چوار هاوڵاتی مەدەنی برینداربون.[4]
- لە شارۆچکەی دوکان، کۆبوونەوەی فراوانی حیزب و لایەنە سیاسییەکان و کەسایەتییەکانی باشووری کوردستان کەوا ئەندامن لە KNK رێکخرا.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK
شار و شارۆچکەکان: ○ سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: ○ هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: ◉ ئامەد
شار و شارۆچکەکان: ○ دەربەندیخان
شار و شارۆچکەکان: ○ سەیدسادق (شارەزوور)
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 08-12-2017
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 08-12-2017
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 08-12-2017

کاتی تۆمارکردن: 2017-12-08 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 341

**2017-12-09**

https://www.kurdipedia.org/?q=20171209000000143033




باکووری کوردستان
- هەپەگە ڕایگەیاند: ڕۆژی 7ی مانگ کاتژمێر 03:10 خولەک، گەریلاکانمان دژی بارەگایەکی سەربازیی سوپای تورک لە دەوروبەری چەلێی سەربە جولەمێرگ چالاکییەکیان ئەنجامدا، ئەو چالاکییە لە سێ قۆڵەوە ئەنجامدرا، لە ئەنجامی چالاکییەکەدا پێنج سەربازی تورک کوژران.[3]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بەهۆی سەرما و دابیننەکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی و پاکوخاوێنی لە ناوچە بوومەلەرزەلێدراوەکانی کرماشان، چەند جۆرێک نەخۆشی لەنێو خەڵک لەو ناوچانەدا بڵاوبوونەتەوە و، بەتایبەتیش تەنگیان بە منداڵان هەڵچنیوە.[1]
- لە گوندی بێتوشی ناوچەی ئالان، لە سەردەشتی سەربە پارێزگای ورمێ، گروپێک لە کۆڵبەرە کوردەکان کەوتنەوە بۆسەی هێزە سەربازییەکانی ئێرانەوە، ئەو هێزانە دەستڕێژی گولەلیان لەو گروپە کردووە بەبێ هۆشداریی پێشوەختە. پاش ئەوەی کۆڵبەرەکان ڕایان کردووە، هێزە سەربازییەکان بەردەوام بوون لە دەستڕێژی گوللە لە ئەسپەکانیان، کاتێک کە هەموو ئەسپەکانیان کوشتووە، دەستیان بە سەر کەل و پەل و باری کۆڵبەرەکاندا گرتووەو بردوویانە.[3]
باشووری کوردستان
- وەزارەتی کارەبا لەبارەی کەمبونەوەی کارەبا بۆ وەرزی زستان و ڕێگریی لەگواستنەوەی سوتەمەنی بۆ وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبای غازی چەمچەماڵ و هەولێر ڕونکردنەوە دەدات، بەڕێوەبەری کۆنترۆڵی کارەبای هەرێمیش ڕونکردنەوە دەدات و ڕایدەگەیەنێت، مەترسی کەمبونەوەی کارەبا هەیە.[2]
- بەفربارین جوڵەی خستەوە کەرتی گەشتیاری زستانە لە باشووری کوردستان. کۆمپانیا گەشتیارییە عێراقییەکان دەستیان بەهێنانی گەشتیار بۆ باشووری کوردستان کردەوە و، بارینی بەفر جمەی خستەوە ئەو ناوچە

گەشتیاریانەی بنەمای گەشتوگوزاری زستانەیان تیدا دەستەبەر کراوە.[1]
- ئاسایشی پارتی هەڵیکوتایە سەر رێکخراوی ستۆپ بۆ دژە گەندەڵی و ڕێگەی نەدا رێکخراوەکە ئەنجامی رووبەڕووبونەوەی گەندەڵی و پێشخستنی چاکسازی لە هەرێمی کوردستان، بەبۆنەی رۆژی جیهانی رووبەڕووبونەوەی گەندەڵییەوە بڵاوبکاتەوە.[3]
- شەوی ڕابردوو، لەسنوری شارۆچکەی خانەقین گروپێکی نەناسراو پەلاماری گوندی شێرکی کوردنشینیدا و رووبەڕوبوونەوە لە نێوان چەکدارەکان و هاوڵاتیانی گوندەکە رویدا.[6]
- وەزیری نەوتی عێراق رایگەیاند، لەگەڵ حکومەتی تاران گرێبەستێکیان مۆر کردووە، بەپێی ناوەڕۆکەکەی، رۆژانە 30 بۆ 60 هەزار بەرمیل نەوتی کەرکوک هەناردەی ئێران دەکرێت.[4]
- مەراسیمی سوێندخواردنی دەرچووانی زانکۆی سلێمانی بەڕێوەچوو.[4]
- ئەمڕۆ هێزە ئەمنییەکانی عێراق ئۆپەراسیۆنێکی سەربازیان لە سنوری شارەدێی گوڵاڵە لە شارۆچکەی خانەقین سەربە پارێزگای دیالە ئەنجامدا، ئەوەش بە هۆکاری ئەوەی پاش ڕووداوەکانی 16ی ئەکتۆبەر لە سنوری شارۆچکەی خانەقین کۆمەڵێک ڕووداوی ئەمنی ڕوویانداوە و جموجۆڵی داعش لە سنورەکە زیادی کردووە.[3]
- بەرپرسی رەوتی حیکمەی نیشتمانی لە کەرکوک هەڵویستی حزبەکەی لەبارەی پۆستی پارێزگاری کەرکوک ئاشکرادەکات و جەخت لەوە دەکات کە پاڵپشتی کاندیدی یەکێتی دەکەن بۆ ئە و پۆستە.[4]
- ناڕەزایەتی و چالاکییەکان بۆ شەرمەزارکردنی هێرشەکەی سەر کامپی پەنابەرانی مەخمور بەردەوامە، لەوچوارچێوەیەدا لە شارۆچکەی ڕانیە گردبوونەوەیەک ئەنجامدرا.[3]
- دوای نیوەڕۆی ئەمڕۆ، لەناو باخی گشتی شارۆچکەی ڕانیەی ناوەندی ئیدارەی ڕاپەڕین، ڕێکخراوی ژنانی گەنجی تێکۆشەر و یەکێتی ژنانی ڕۆژهەڵات و ڕێکخراوی ژنانی ئازادی کوردستان-ڕژاک، دژی توندوتیژی دژی ژنان، گردبوونەوەیەکی ناڕەزایەتییان ئەنجامدا.[3]
- ژمارەیەک گوللە هاوەن ئاڕاستە سەنتەری شارۆچکەی دوزخورماتوو کراون و زۆربەیان بەر گەڕەکە تورکمان نشینەکان کەوتووە و بەهۆیەوە کەسێک کوژراوە و ژمارەیەک هاووڵاتیش بریندار بوون.[4]
- رێکخراوی ئاشتی و ئازادی بەهاوکاری رێکخراوی فریاگوزاری گەلی نەرویجی راپۆرتێکیان لەسەر ڕەوشی سەندیکاکانی کرێکاران لە هەرێمی کوردستان و عێراق ئامادەکردوە، بەپێی راپۆرتەکە تەنها لەسەدا 15ی کرێکاران ئەندامن لە سەندیکاکان و کۆنگرەی سەندیکای کرێکاران زیاتر لە 20 ساڵە ئەنجامنەدراوە و پێکهاتەی سەندیکای کرێکاران هەمان پێکهاتەی سەردەمی بەرەی کوردستانیە.[7]
- نادیە مورادی کچە کوردی ئێزدی و خاوەنی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی، بەبێ ناوهێنانی پێشمەرگە، هەوڵی هێزە عێراقییەکان بۆ کۆتاییپێهێنانی داعش بەرزدەنرخێنێت.[4]
دەرەوەی کوردستان
- هێزە عێراقییەکان لەگەڵ ڕاگەیاندنی کۆنترۆڵکردنەوەی 90 گوند و 16 هەزار کیلۆمەتر دووجا، کۆنترۆڵکردنەوەی تەواوی خاکی عێراقیان لەژێر دەستی داعش ڕاگەیاند.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

🏰 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ جوڵەمێرگ
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ سەردەشت
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ خانەقین
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ کرماشان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ چەمچەماڵ
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 09-12-2017
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری تۆڕی هەواڵی سلێمانی - 09-12-2017
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 09-12-2017
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 09-12-2017
[5] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیو - 09-12-2017
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کەی ئێن ئێن - 09-12-2017

کاتی تۆمارکردن: 2017-12-09 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 342

**2017-12-10**

https://www.kurdipedia.org/?q=20171210000000143034




باکووری کوردستان
- سوپای تورک بە مەبەستی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆن لە دەوروبەری نسێبینی سەربە مێردینی باکوری کوردستان، لە چوار گوند قەدەغەی هاتوچۆی ڕاگەیاند.[1]
باشووری کوردستان
- قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان، سەردانی دەستەی دەستپاکی کرد و لە لێدوانێکی رۆژنامەڤانیدا رایگەیاند: تاوەکو ئێستا نەمانتوانیوە دزە گەورەکان بگرین، هەندێ بەرپرس لە بەرەکانی شەڕ رادەکەن، چەک و تەقەمەنییەکانیان لە بازاڕ دەفرۆشنەوە، هێزی چەکدار کۆدەکەنەوە و سەرانە لە خەڵک وەردەگرن، رۆژنامەنووس دەکوژن، قاچاخچێتی دەکەن، کەچی بە کامل بۆیاخەوە کۆڕ و کۆبوونەوە دەکەن و دێنە سەر شاشەی تەلەڤزیۆنەکان باسی رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی

دەکەن.[2]
- سەرۆکی دەستەی دەستپاکی رایگەیاند، 460 کەس بە پلەی وەزیر و بەریوەبەری گشتی خانەنیشین کراون، لەکاتێکدا ئەو پلەیەشیان نەبینیوەو لێکۆڵینەوەی تێدا دەکەن.[3]
- مەڵبەندی کەرکوکی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و ئۆرگانەکانی ئە و حزبە لە و شارە، نامەیەکی هۆشداری لەبارەی دۆخی کەرکوک ئاڕاستەی سەرکردایەتی و مەکتەبی رێکخستنی حزبەکەیان دەکەن و تیایدا هۆشداریدەن لەبارەی دۆخی کورد لە و شارە.[3]
- گوتەبێژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، سەعدی ئەحمەد پیرە، لەبارەی نادیدەگرتنی رۆڵی هێزەکانی پێشمەرگە لەلایەن عەبادییەوە رایدەگەیێنێ: بەری رۆژ بە بێژینگ ناگیرێت، بە ناونەهێنانی پێشمەرگە عەبادی نە بەرز دەبێت و نە بەهێزیش دەبێت، بەڵکو خۆی لاوازدەکات و میسداقییەتی خۆی لەدەستدەدات. ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات ئەگەر بەغدا بەدوای چارەسەردا دەگەڕێت، دەبێت لەگەڵ ئەو حکومەتەی هەمانە مامەڵە بکات.[2]
- بە هەماهەنگی ڕێکخراوی ڕیچ و ئەمەریکەن کۆرنەر و سەنتەری جێندەر، لەناو زانکۆی سلێمانی ماراسۆنێک بەڕێوەچوو بە مەبەستی پاڵپشتیی بۆ شازدەیەمین ڕۆژی بەرەنگاربونەوە توندوتیژی دژی ژنان، ماراسۆنەکە بۆ پەنابەران و ئە و ئاوارانەی کە دەچنە ناو ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانەوە ڕیکخرابوو.[1]
- تێرێزا مەی سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا بە بۆنەی ڕاگەیاندنی کۆتایی هاتنی شەڕی داعش لە عێراق، قوربانیدانی هێزەکانی پێشمەرگە و هێزە عێراقیەکانی بەرزنرخاند.[4]
- سەرۆکی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان گەیشتووەتە ترۆپکی تێکدانی کۆی ژیانی سیاسی، ئابووری و ئەمنیی هەرێم، بە ڕادەیەک کە ئێستا مافیاکانی گەندەڵی حوکمی هەرێم دەکەن، دەشڵێت:ئەم حکومەتەی ئێستا بەهیچ شێوەیەک ناتوانێت دژی گەندەڵی بووەستێتەوە.[2]
- لە ساڵڕۆژی ڕاگەیاندنی جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ، ڕاگرایەتی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی هەڵەبجە کۆڕێکی بە ناونیشانی سیمپۆزیۆمی گەندەڵی و کاریگەرییەکانی لەسەر مافەکانی مرۆڤ بۆ سێ مامۆستای زانکۆ ئەنجامدا.[1]
- لە شاری دۆرتمۆندی ئەڵمانیا خەڵاتی نیلی زاکس بە بەختیار عەلی نووسەر و رۆماننوسی بەنێوبانگی کورد بەخشرا.[2]
رۆژئاوای کوردستان
- لە ئەنجامی دیدارێکی فەرماندەیی قەسەدە و سوپای عێراق، بڕیار دەرکرا، کە بە مەبەستی بەرگری لە سنوورەکانی نێوان باکوری سوریا و عێراق، ناوەندێکی فەرماندەیی هاوبەش دامەزرێنن.[1]
دەرەوەی کوردستان
- بنیامین ناتانیاهۆ سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل، ڕەخنەی توندی لە ئەردۆغان و قسەکانی بۆ بە تیرۆریست زانینی ئیسرائیل گرت و، وتی: ناتوانین وانەی ئەخلاق لە کەسێکەوە وەربگرین کە گوندە کوردنشینەکان بۆردوومان دەکات.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ نوسەیبین
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ ماردین
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 10-12-2017
[2] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 10-12-2017
[3] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 10-12-2017
[4] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئێن ئاڕ تی - 10-12-2017
[5] ●دیارینەکراو | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2017-12-10 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 343
**2017-12-11**
https://www.kurdipedia.org/?q=20171211000000143035



باکووری کوردستان
- لەکاتی کۆنتڕۆڵکردنی رێگاکاندا لە نزیک گوندی (ئاکچای) سەر بە شاری شرناخ بۆمبێکی چێندراو تەقیەوە و بەهۆیەوە سەربازێکی تورکیا کوژرا.[1]
- لە 12 گوند و سێ گەڕەکی سەربە شارۆچکەکانی مۆتکی و تەتوانی سەربە بەدلیسی باکوری کوردستان قەدەغەی هاتوچۆ ڕاگەیەندرا.[3]
- دادگاییکردنی زیاتر لە 150 ئەندامی پارتی دیموکراتی گەلان- هەدەپە، کە لە شاری مانیسای تورکیا دەستگیرکراون و زۆربەیان زیندانین دەستیپێکرد، عوسمان بایدەمیریش ڕایدەگەیەنێت: ئەگەر دادگەریی هەبێت دەبێت ئەمڕۆ هەموویان ئازادبکرێن.[3]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- بوومەلەرزەیەک لە کرماشان و بەشێک لە پارێزگای سنە روویدا.[4]
باشووری کوردستان
- دوو بوومەلەرزە هەڵەبجە و دەوروبەری هەژاند. بەڕێوەبەرایەتی کەشناسی رایدەگەیەنێت، بومەلەرزەکەی یەکەم بە گوری 6 پلە و دووەم بومەلەرزەش بە 4.9 پلەی رێختەر روویانداوە و سەنتەرەکەشی نزیک بووە لە هەڵەبجەوە. لە دوو گوندی سەر بە پارێزگای هەڵەبجە چەند خانوویەک رووخاون. [4]
- بەهۆی بومەلەرزەکانی ئێوارەی ئەمڕۆوە، لە شاری هەڵەبجە و شارۆچکەکانی دەربەندیخان و سەیدسادق، زیاتر لە 100 کەس گەیەندراونەتە نەخۆشخانەکان، هاوکات سبەینێ لە شارۆچکەی سەیدسادق لەسەرجەم ناوەندەکانی خوێندن تاقیکردنەوەکان

ڕادەگیرێن.[3]
- دوای نیوەڕۆی ئەمڕۆ دوو ئۆتۆمبێلی سەربازیی سوپای پاسداران هاتنە ناو شارۆچکەی قەڵادزێ-ی سەر بە ئیدارەی ڕاپەڕین و سەربازەکان بەناو بازاڕدا گەڕان، ئەمەش بووبە جێگای سەرنجی هاوڵاتیان.[3]
- لە شاری هەولێر سەتان خوێندکاری زانکۆ رژاونەتە رێگای هەولێر - کەرکووک و دژی حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق خۆپیشاندان دەکەن. خۆپیشاندەران ناڕەزایەتیی دەردەبڕن بەرامبەر ئەوەی عەبادی لە وتاری سەرکەوتن بەسەر داعشدا رۆڵی پێشمەرگەی نادیدە گرتووە و ناوی هەموو هێزەکانی یەک بە یەک هێناوە، بەڵام تەنیا سوپاس و ستایشی پێشمەرگەی نەکردووە.[2]
- ژمارەیەک پەرلەمانتار لەڕێی واژۆکردنی یاداشتێکەوە داوادەکەن لەبری بە پشووکردنی ڕۆژی دامەزراندنی سوپای دەوڵەتی عێراق، پێویستە ڕۆژێکی ساڵ تایبەی بێت بە ڕۆژی پێشمەرگە و بکرێتە پشووی رەسمی.[1]
- فەرماندەیەکی هێزەکانی پێشمەرگە لە میحوەری زوممار رایدەگەیەنێت، سێ رۆژە هێزەکانی حەشدی شەعبی و بەرپەرچدانەوەی خێرا لە زوممار دەستیان بە کشانەوەی هێزەکانیان کردووە و شەوی رابردوو دوای فرقەی حەشدی شەعبی هێزەکانیان بەرەو موسڵ پاشەکشەیان پێکرا.[1]
- پێش نیوەڕۆی ئەمڕۆ، کاتژمێر 10:45 خولەک، فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا شەش جار بۆردوومانی چیای بەنێ-یان کرد لە سنوری شارەدێی سیدەکانی سەر بەشارۆچکەی سۆران.[3]
- سەرۆکی فراکسیۆنە کوردییەکانی پەرلەمانی عێراق سەردانی هەڵەبجە دەکەن و لە کۆبونەوەیەکیشدا لەگەڵ پارێزگار و لایەنە سیاسییەکان بڕیار لەسەر پێکهێنانی لیژنەیەک بۆ جێگیرکردنی ناوی هەڵەبجە لە بودجەی گشتیدا دەدرێت.[1]
- کازم شوکری، ناسراو بە تاکور زەردەشتی، کە لەلایەن ئاسایشی پارتییەوە دەستگیرکرابوو، ئەمڕۆ ئازادکرا.[4]
- دوای 9 ڕۆژ لە دەستگیرکردنی، ئەسعەد شاوری، چالاکوانی کۆمەڵگای مەدەنی لە سنووری ئیدارەی ڕاپەڕین، لە شاری سلێمانی ئازادکرا.[4]
- هێزێکی عێراق لەنزیک شارەدێی نەوجول جیگیردەبێت، حەشدی شەعبییش دەڵێت بۆ رێگریکردنە لەرفاندنی شۆفێرانی ئۆتۆمبێلە بارهەڵگرەکان.[1]
- لە گەڕەکی سەیداوای شاری هەولێر کەسێک بە گوللەیەک خوشکەکەی خۆی دەکوژێت. گوتەبێژی پۆلیسی هەولێریش دەڵێت رووداوەکە قەزا و قەدەر بووە و لێکۆڵینەوەش لە رووداوەکە دەستپێکردووە.[2]
- بەهۆی کەمی خزمەتگوزارییەوە، ژمارەیەک لە هاوڵاتیانی شارۆچکەی چەمچەماڵ، بۆ ماوەی نزیکەی کاتژمێرێک ڕێگای سەرەکی چەمچەماڵ-سلێمانی-یان داخست.[3]
رۆژئاوای کوردستان
- رۆژنامەیەکی تورکی نزیک پارتی دەسەڵاتدار بڵاویکردەوە، وەزارەتی بەرگری ئەمریکا لە بودجەی 2018 بەبەهای 500 ملیۆن دۆلار چەک و تەقەمەنی و کەلوپەلی سەربازی رەوانەی یەپەگە دەکات.[1]
دەرەوەی کوردستان
- موقتەدا سەدر سەرۆکی رەوتی سەدر، لە وتارێکدا کە بەبۆنەی سەرکەوتنی عێراق بەسەر داعشدا پێشکەشی کرد بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی گروپی (سەرایا سەلام) ی دەرکرد. ئەم گروپە

تیرۆریستەی موقتەدا سەدر رۆڵی کاریگەری هەبوو لە رووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەری کەرکوک و جینۆسایدکردنی کورد لە خورماتوو.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | حەشدی شەعبی |
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - HDP |
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ چەمچەماڵ |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ خورماتوو |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ قەڵادزێ |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ کرماشان |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ زوممار |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ موسڵ و دەشتی نەینەوا |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ شڕناخ |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ بەدلیس |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ سۆران |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان


[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2017-12-11
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2017-12-11
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2017-12-11

[4] ●دیارینەکراو | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2017-12-11 12:00:00 AM

ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 344

## 2017-12-12

https://www.kurdipedia.org/?q=20171212000000143036



باکووری کوردستان

- پەرلەمانتارێکی پارتی گەلی کۆماری ڕایگەیاند، چوار بەرپرسی ڕێکخراوی هەواڵگریی نەتەوەیی تورکیا کە ناسراوە بە (میت) لەلایەن پەکەکەوە بە بارمتە گیراون و ئێستا لەژێر دەستیاندا دیلن.[3]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- 5 زیندانیی لە زیندانی ناوەندیی دیزڵاوای شاری کرماشان لەسێدارەدران.[5]

باشووری کوردستان

- سەعد حەدیسی لەبارەی ناونەهێنان و ستایشنەکردنی ڕۆڵی پێشمەرگە لە شەڕی داعشدا لەلایەن عەبادییەوە ڕوونکردنەوە دەدات و دەڵێت بەهۆی هەڵەی چاپەوە بووە.[1]
- باری نائاسایی لە شارۆچکەی خورماتوو ڕاگەیاندرا و دەوامی فەرمیش ڕاگیرا، ئەوەش بەهۆی بۆردومانکردنی شارۆچکەکە بە چەند گوللە هاوەنێک.[3]
- دوای ئەوەی چەند گوللە هاوەنێک ئاراستەی نێو خورماتوو کران و زیانی گیانی بەر حەشدی تورکمانی کەوت، دواتر حەشدی تورکمانی چیای هەنجیرەی تۆپباران کرد، هەلیکۆپتەرە سەربازییەکانی عێراق گوندەکانی داوده و زنانەی دەوروبەری خورماتوو بۆردوومان دەکەن کە بەدەست پێشمەرگە خۆبەخشەکانەوەن.[1]
- گوندی قوم پەڵک لە شارۆچکەی خورماتوو دوو گوللە هاوەنی ئاراستە دەکرێت و دانیشتوانی گوندەکەش دەڵێن، کە کاری حەشدی شەعبییە.[2]
- باڵەخانەیەکی نوێ بۆ ئەنستیتۆی کوردستان بۆ کارگێری گشتی لە هەولێر کرایەوە، ئامانجی ئەنستیتۆکە ڕاهێنانە بە کارمەندانی حکومەت لە بوارەکانی کارگێری و دارایی و ئایتی و بابەتە تەکنییەکانی دیکە.[1]
- نیوەڕۆی ئەمڕۆ، لە گوندی مەسۆ-ی سەر بە شارۆچکەی پێنجوێن-ی پارێزگای سلێمانی-یەوە، تیمەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مینە دوو بۆمبیان تەقاندەوە، کە مێژووەکەیان بۆ سەردەمی شەڕی عێراق و ئێران دەگەڕێتەوە، ئەمەش هەشتەم بۆمبی لەو شێوەیەن، کە دۆزراوەتەوە.[2]
- لێژنەی جێبەجێکردنی ماددەی 140ی دەستووری هەمیشەیی عێراق بانگەوازێک ئاراستەی شەش حزبی کوردستانی دەکات. لە بانگەوازەکەدا، داوا لەو حزبە کوردستانییانە دەکات "ڕاوبۆچوونی حزبیی جیاواز وەلاوە بنێن" و کێشە چەقبەستووەکانی کەرکووک و ناوچەکانی دیکە چارەسەر بکەن.[4]
- بەرپرسێکی ئەنجومەنی وەزیران ڕایدەگەیەنێت، هەر یەکە لە وڵاتانی کۆریای باشوور و ئیتاڵیا بڕیاریانداوە بە بڕی زیاتر لە 300 هەزار دۆلار هاوکاری تەندروستی پێشکەش بە هەرێمی کوردستان بکەن و هاوکارییەکەش هەموو پارێزگاکان دەگرێتەوە.[3]

- ئەمینداری گشتی وەزارەتی پێشمەرگە رایدەگەیەنێت، یەکێتی و پارتی رازین بە چاکسازییەکانی ناو وەزارەت، وتیشی هیچ رێککەوتنێک لەگەڵ بەغدا نەکراوە لەسەر دیاریکردنی ژمارەی هێزەکانی پێشمەرگە، کۆی ژمارەی مووچەخۆرانی وەزارەتی پێشمەرگە 160 هەزار کەسن.[3]
رۆژئاوای کوردستان
- ئەمڕۆ لە 94-ەمین ڕۆژی ئۆپەراسیۆنی گەردەلوولی جزیرەدا، شارۆچکەی سوێدان بەتەواوی لە چنگی چەتەکانی داعش ڕزگارکرا.[2]
دەرەوەی کوردستان
- پەرلەمانی ئەڵمانیا لە دانیشتنێکدا بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی بڕیاری درێژکردنەوەی ئەرکی هێزەکانی وڵاتەکەی لە هەرێمی کوردستان بۆ مەشق و راهێنان بە پێشمەرگە تاوەکو مانگی چوار (نیسانی) 2018 پەسندکرد. بڕیارەکەی پەرلەمانی ئەڵمانیا بە436 دەنگی بەڵێ، 196 دەنگی نەخێر پەسندکرا. 37 پەرلەمانتاریش دەنگیان لەسەر بڕیارەکە نەدا.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ کرماشان |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ خورماتوو |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ پێنجوێن |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان


[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەراست | ماڵپەری رووداو - 2017-12-12
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەراست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2017-12-12
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەراست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2017-12-12
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەراست | ماڵپەری گوڵان - 2017-12-12
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەراست | ماڵپەری کوردپا - 2017-12-12


کاتی تۆمارکردن: 2017-12-12 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 345
**2017-12-13**
https://www.kurdipedia.org/?q=20171213000000143037



باکووری کوردستان
- عوسمان بایدەمیر، ئەمڕۆ لە پەڕلەمانی تورکیا دەستی خستە سەر دڵی وەک ئاماژەیەک بۆ کوردستان و بەهۆیەوە سزادرا و لە دانیشتنی پەڕلەمان کرایە دەرەوە.[3]
- هەردوو گوندی بیلەکێ و ئێلهێ ی سەربە سێرت لەلایەن سوپای تورکەوە گەمارۆ دران و لە ئۆپەراسیۆنێکدا نزیکەی 40 کەس دەستگیر کران.[2]
- بە مەبەستی ئامادەکاری بۆ ئۆپەراسیۆنی سەربازی، دەوڵەتی تورک قەدەغەی هاتووچۆی لە چەند گوندێکی سنووری شارۆچکەی حەسکێف ڕاگەیاند.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- لە شاری بانە یانزەهەمین ڤیستیڤاڵێکی ئەدەبی تایبەت بە چیرۆک بەڕێوەدەچێت.[3]
- دادگای ئینقلابی شاری سنە دووبارە دۆسییەی حەبیبوڵڵا لەتیفی، زیندانیی سیاسیی کوردی خستە بەر لێکۆڵینەوە و حوکمی ئێعدامی ئەو زیندانییە کوردەی بۆ زیندانی هەتاهەتایی گۆڕی.[8]
- هێزە ئیتلاعاتییەکانی سەر بە سپای پاسداران هێرشیان کردە سەر گوندی ئاڵیکەند سەر بە شاری بۆکان و هەوڵی پشکنین و لێدانی دانیشتوانی ئەو گوندەیان دا.[8]
باشووری کوردستان
- مامۆستایانی هەریەکە لە سلێمانی، گەرمیان، ڕاپەڕین و هەڵەبجە لەبەردەم بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەولێر گردبوونەوە.[3]
- حسێن قائیدی بەرپرسی نووسینگەی دهۆکی ڕفێندراوانی کوردی ئێزدی بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی ڕاگەیاندووە کە "بە هەوڵی نووسینگەکەیان و هێزە ئەمنییەکان، توانیویانە 7 کەسی دیکە لە کوردانی ئێزدی لە چنگ چەکدارانی داعش ڕزگار بکەین، کە بۆ ماوەی زیاتر لە سێ ساڵ بووە لە دەستی ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستییەدا بوون."[4]
- ئامانج ڕەحیم، سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیران دوای کۆبوونەوەی حکومەتی و پەرلەمان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانی هاوبەشدا لەگەڵ شێرکۆ جەودەت، سەرۆکی لیژنەی پیشەسازی و سامانە سروشتییەکان لە پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند، پێداچوونەوە بە دەرماڵەکان و مووچەی خانەنشینان و خانەنشینە پلە تایبەتەکاندا دەکەن، سندووقی خانەنشینیش کارادەکرێتەوە.[5]
- حزبە کوردستانییەکان جگە لە پارتی لە بارەگای کەرکوکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کۆتایی هات کە تایبەت بوو بە پۆستی پارێزگار و دۆخی داقوق و خورماتوو. هەروەها داوادەکەن پارتی بگەڕێتەوە بۆ کۆبونەوەکانی ئەنجومەنی پارێزگا تا پۆستی پارێزگار یەکلایی بکرێتەوە.[1]
- کۆنفراسێکی پەروەردەیی لەسەر ئاستی چوار زانکۆی عێراق لە زانکۆی سلێمانی بەڕێوەدەچێت و زانکۆی سلێمانیش بە چەندین توێژینەوە بەشداری دەکات و کوالێتی پەروەردە و خوێندنی باڵا دەخرێتەڕوو.[6]
- هێزی پاسەوانی سنوری عێراق و کۆماری ئیسلامی ئێران لە دەروازەی نێودەوڵەتی حاجی ئۆمەران بارودۆخ و ڕەوشی ناوچە سنورییەکانی حاجی ئۆمەران-یان تاوتوێکردو چەند بریارێک لە نێوانیاندا واژۆکرا، بەڕێوەبەری شارەدێیەکەش دەڵێت کۆبونەوەکە تایبەت بووە بە ڕەوشی ئەمنی سنورەکان. [1]

- دەسەڵاتی فڕۆکەوانی عیراق وەڵامێکی توندی پارتی دەداتەوە و ڕەتیدەکاتەوە شتێک هەبێت بەناوی ئاسمانی هەرێمی کوردستان، سەرچاوەیەکیش لە و دەسەڵاتەوە ڕونکردنەوەی زیاتر دەدات سەبارەت بەفرۆشتنی ئاسمانی هەرێم بۆ ماوەی 20 ساڵ، ڕاشیدەگەیەنێت، دەستپێکردنەوەی گەشتە ڕاستەوخۆکان لەفڕۆکەخانەکانی هەرێمەوە بۆ جیهان تەنها لەدەسەڵاتی عەبادیدایە.[7]

- ڕێباز حەملان، وەک وەزیری دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان دەستبەرکاربووەوە.[3]

- لەسەر ڕێگای کەلار خانەقین لەڕووداوێکی هاتوچۆدا 16 کەس بریندار بوون و یەکێکیش گیانی لەدەستدا.[1]

ڕۆژئاوای کوردستان

- ڕۆژنامەی دەیلی سەباح-ی تورکی بڵاویکردەوە، سەرەڕای هەموو داواکارییە بەردەوامەکانی تورکیا بۆ کۆتاییهێنان بە پەیوەندی نێوان ئەمریکا و کوردی سوریا، واشنتن ڕایگەیاندووە کە ساڵی داهاتوو بە پری 500 ملیۆن دۆلار یارمەتی ڕادەستی یەپەگە دەکات.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ بۆکان |
| شار و شارۆچکەکان: | ♖ هەولێر |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ سێرت |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ خورماتوو |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2017-12-13
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2017-12-13

[3] ●دیارینەکراو | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[4] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی نەتەوە - 13-12-2017
[5] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 13-12-2017
[6] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کەی ئێن ئێن - 13-12-2017
[7] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی تۆڕی هەواڵی سلێمانی - 13-12-2017
[8] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردپا - 14-12-2017


کاتی تۆمارکردن: 13-12-2017 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 346

**2017-12-14**

https://www.kurdipedia.org/?q=20171214000000143038




باکووری کوردستان
- لە ئامەد پرۆسەی دادگاییکردنی سەلاحەدین دەمیرتاش، هاوسەرۆکی زیندانیکراوی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) بەڕێوەدەچێت. و دەمیرتاش خۆی لە دادگادا ئامادەنەبوو.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- یازدەیەمین فێستیڤاڵی چیرۆکی بانە کۆتایی پێهات.[1]
باشووری کوردستان
- فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا بۆردوومانی چەند ناوچەیەکی شاردەدێی سیدەکانی سەربە شاروچکەی سۆرانی سەربە پارێزگای هەولێر دەکەن.[1]
- کاتژمێر 06:30 ئێوارەی ئەمڕۆ، دوو فڕۆکی جەنگیی تورکیا، ناوچەی ئاڤاشین-یان لە سنووری شارۆچکەی ئامێدی-ی سەر بە شاری دهۆک بۆردوومان کرد.[1]
- بەڕێوەبەری شارەدێی حاجی ئۆمەران ئاشکرایدەکات، پێش سەری ساڵی نوێ دەروازەی نێودەوڵەتی حاجی ئۆمەران دەکرێتەوە.[2]
- شەوی رابردوو سوپای عێراق و حەشدی شەعبی بەرەو چیای هەنجیرە لە نزیک زنانە جوڵەیان پێکراوە. هێزێکی زۆری پێشمەرگەش بەرەو نەوجول لە سنوورەکە جوڵەی کردووە و لە ئامادەباشیدایە. بەرپرسێکی یەکێتی دەڵێت، هێزەکەی حەشدی شەعبی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هێزە نەناسراوەکان و پاشماوەکانی داعشە، نەک پێشمەرگە.[3]
- جڤاتی گشتی بزووتنەوەی گۆڕان راسپاردەیەکیان ئاراستەی جڤاتی نشتیمانی کرد بۆ ئەوەی بریاربدەن لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بکشێنەوە.[1]
- یەکێتی خوێندکارانی ئازادی ژن (یەخاژن)، لە بەردەم کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین لە شاری هەولێر گردبوونەوە و لە ڕاگەیەندراوێکدا گۆشەگیرکردنی ئۆجالان-یان شەرمەزارکرد.[4]
- سەرۆکی فراکسیۆنی وەرکا لە پەرلەمانی عێراق، کە فراکسیۆنێکی مەسیحییە دەڵێت، چەکدارانی حەشدی شەعبی دەستدرێژی سێکسی دەکەنە سەر ژنان و کچی مەسیحی دەشتی نەینەوا. سەرکردەیەکی حەشدی شەعبییش لە وەڵامدا دەڵێت، دەبێ بەڵگە بۆ ئەو تۆمەتە

هەبێت.[3]
- سەرۆکی روسیا لە کۆنگرەی رۆژنامەوانی ساڵانەی خۆیدا رایگەیاند، کۆمپانیاکانی روسیا لە ئێستادا لە هەرێمی کوردستان کاردەکەن و ئەوەش سودی بۆ هەردوولا هەیە. وتیشی پەیوەندی مێژوییمان لەگەڵ کورد هەیە و هیچ شتێک پەیوەندیەکانمان لەگەڵ هەرێمی کوردستان تێکنادات. لەبارەی ئەنجامدانی ریفراندۆمی هەرێمی کوردستانیشەوە جەختی لەوە کردەوە کە روسیا لەگەڵ یەکپارچەیی خاکی عێراقدایە.[2]
- کاتژمێری 04:27 خولەکی ئێوارەی ئەمڕۆ، بومەلەرزەیەک بەگوری 4.1 پلە بەپێوەری ڕیختەر، ناوچەکانی نێوان شارۆچکەی کەلاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیان و گوندی بەرلووت-ی سەر بە شارۆچکەی هەژاند.[4]
- شێردڵ حەمید عەبدوڵلا، ئەفسەر لە هێزەکانی 70 ی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە، لە گوندی حەساری سەر بە شارۆچکەی شوان کە دەکەوێتە سنووری کەرکووک، لە ماڵەکەی خۆیدا بە گوللەیەکی کلاشینکۆف کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا. ئەندامێکی خانەوادەی شێردڵ حەمید راگەیاند: شێردڵ لەدوای رووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر تووشی جۆرێک لە خەمۆکی ببوو، پێدەچێت هەر ئەوە هۆکاری خۆکوشتنی بووبێت.[2]
- بەهۆی نەبونی خزمەتگوزارییەوە بەشێک لە هاوڵاتیانی گوندی قادراوە سەربە شارەدێی سەنگەسەر سەربە ئیدارەی ڕاپەڕین، خۆپیشاندانێکیان ئەنجامدا.[4]
- وەزارەتی پێشمەرگە رایدەگەیەنێت کە پێشمەرگە ناگەڕێتەوە بۆ شوێنەکانی پێش 16 ئۆکتۆبەر و تەنیا لیواکان دووبارە رێکدەخرێنەوە و ئەرکەکانیان پێدەدرێتەوە.[2]
- تەرمی کارمەندێکی پۆلیسی کەرکوک بەکوژراوی دۆزرایەوە.[2]
- لێپرسراوێکی مەڵبەندی حەمرینی یەکێتی هەواڵی هێنانی هێزێکی سوپای عیراق بۆ شاری خورماتوو رەتدەکاتەوە و رایدەگەیەنێت، بارودۆخی شارەکە ئارامە و هیچ شتێکی لەو شێوە بوونی نیە.[5]
- کۆچی دوایی ئەبو دڵشاد، کادری دێرینی حیزبی شیوعی.[1]
- ئەمشەو لە بەرنامەی تاوتوێی ئێن ئاڕ تیدا، یوسف محەمەد سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند پێویستە خەڵکی کوردستان خۆیان ئامادەبکەن بۆ خۆپیشاندانێکی سەرتاسەریی گەورە وتیشی ڕەنگە ئەم دەسەڵاتەی هەرێم، لە هەر ئان و ساتێک دا داڕوخێن.[6]
رۆژئاوای کوردستان
- نێردەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ کاروباری سوریا رایگەیاند؛ ئەگەر پرۆسەی ئاشتی سەرنەگرێت ئەوا سوریا رووبەڕووی پارچەپارچەبوون دەبێتەوە.[2]
- ئەنجومەنی بەڕێوەبەری کانتۆنی عەفرین ڕایگەیاند، ئامادەین لەڕووی سیاسیی و سەربازییشەوە وەڵامی هێرشەکانی دەوڵەتی تورکیا بۆ سەر کانتۆنی عەفرین بدەینەوە، جەختیش دەکەنەوە:ئەو هێزەمان هەیە کە لەبەرامبەر داگیرکاریی تورکیا بووەستینەوە.[4]
دەرەوەی کوردستان
- باڵیۆزی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکان ئەمڕۆ دووپاتیکردەوە، کە پێویستە دژی ئێران کار بکرێت و جیهان هاریکاری یەک بن بۆ لەناوبردنی مەترسی ئەو وڵاتە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP

🏰 پارت / لایەن: 🕯 بزووتنەوەی گۆڕان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ بانە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◉ ئامەد
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ چۆمان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ خورماتوو
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ موسڵ و دەشتی نەینەوا
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ کەلار (گەرمیان)
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ ئەفرین
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ رانیە (پشدەر)
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ ئامێدی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ مێرگەسوور
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ●دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2017-12-14
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2017-12-14
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2017-12-14
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری میللەت - 2017-12-14
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئێن ئاڕ تی - 2017-12-15

کاتی تۆمارکردن: 2017-12-14 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

بابەت: 347
**2017-12-15**
https://www.kurdipedia.org/?q=20171215000000143039



باکووری کوردستان
- شەش سەربازی سوپای تورک کە هەوڵیاندا لە لای شەمزینانی سەربە جولەمێرگی باکوری کوردستانەوە سنوورەکانی باشوری کوردستان تێپەڕ بکەن کوژران.[1]
- هێزە ئەمنییەکانی تورکیا لە ئیستەبنوڵ، 15 ئەندامی هەدەپە دەستگیردەکەن.[3]
- عوسمان بایدەمیر رایگەیاند: لە کار دوورخستنەوەم لە پەرلەمان شەرەفێکە بۆم، تەنانەت ئەگەر وەک شێخ سەعید و هاورێکانی لە سێدارەشم بدەن دیسانەوە کوردستان کوردستانە هەر کوردستانە و لێرەدایە، لە دڵمدا.[5]
باشووری کوردستان
- لە شەوی رابردووەوە، سوپای تورکیا بە هەلیکۆپتەر ژمارەیەکی زۆر سەربازی لە ناوچەکانی کانی ڕەش، بناری چیای سیرۆ و گوندی بەرمیز-ی سەر بە شارەدێی دیانا لە ناوچەی ئامێدی لە باشوری کوردستان داگرتووە.[1]
- سوپای تورک کە هێرشی لە بارەگای سەربازیی ئامێدییەوە دەستپێکردووە، سێ گوندی ناوچەی مەتینای لە بادینان تۆپباران کرد.[1]
- دانیشتوانی سنوری شارەدێی قادر کەرەم ڕێگری لە و تانکەرانە دەکەن کە کاری گواستنەوەی نەفتا و غازی شلی کێڵگە غازیەکانی کۆرمۆر دەکەن. ئەوان چەند داواکارییەکیان هەیە کە خۆی لە باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان دەبینێتەوە و داواش دەکەن کارەبا بگەیەنرێتەوە ئە و ژمارە گوندەی لە سنورەکە ماوەتەوە و تا ئێستا کارەبای نیشتمانی پێ نەگەیشتووە.[2]
- کاتژمێر 8ی سەرلەبەیانی ئەمڕۆ، بۆمبێک بە ئۆتۆمبیلێکی سەربازیی میتی تورکدا تەقیەوە، لە نزیک گوندی ئەلکیش-ی سەر ڕێگای کانی ماسی سەربە پارێزگای دهۆک.[1]
- فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورک چیای ئاڤدڵ کۆفی، چیای سرۆ و دۆڵی ڕەشی سەربە خواکورک بۆردوومان دەکەن و هەلیکۆپتەرە کوبراکانیش دەشتی حەیات بۆردومان دەکەن.[1]
- چەند فڕۆکەیەکی جەنگی سوپای تورکیا دەستیان کرد بە بۆردوومانکردنی گەلی باڵندە سەربە شیلادزێ لە پارێزگای دهۆک.[1]
- سەرۆکی لیژنەی ئاوارەکانی کەرکوک و خورماتوو رایدەگەیەنێت، نزیکەی 13 هەزار هاووڵاتی سنووری کەرکوک و ناوچەکانی تر لە هەولێرن و دەشڵێت، ساڵی داهاتوو کەمپێکیان بۆ دروستدەکەین.[2]
- سێ هاونیشتمانی کوردی ئێزدی کە خەڵکی شنگالن لەتورکیاوە گەڕێنرانەوە هەرێمی کوردستان. ئەو سێ هاونیشتمانییە هەرسێکیان منداڵن و تەمەنیان لەنێوان پێنج بۆ حەوت ساڵانیدایە کە بەر لەسێ ساڵ کەوتبوونە دەستی چەکدارانی داعش، دوای کۆنترۆڵکردنەوەی ناوچەکانی موسڵ و نەمانی داعش، ئەو منداڵانەیان بردووەتە تورکیا.[4]
- نەتەوە یەکگرتووەکان ڕایگەیاند، کە چەکدارە تورکمانەکانی شارۆچکەی خورماتوو، ماڵی کوردەکانیان لەو شارۆچکەیە تاڵان کردووە، ڕاشیگەیاندووە:دەبێت بەرپرسانی حکومەتی عێراق ئەو کەسانەی کە مافەکانی مرۆڤیان لە خورماتوو پێشێلکردووە، ئاشکرایان بکەن و بیاندەنە دادگا.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK
🏛 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP
🏛 پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ شنگال
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ خورماتوو
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ دهۆک
🏙 شار و شارۆچکەکان: 💧 کەرکوک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ ئامێدی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ شەمزینان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ جوڵەمێرگ
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2017-12-15
[2] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2017-12-15
[3] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردسات نیوز - 2017-12-15
[4] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2017-12-15
[5] ●دیارینەکراو | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2017-12-15 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 348
**2017-12-16**
https://www.kurdipedia.org/?q=20171216000000143040



باکووری کوردستان
- لە 30 ناوچەی سەر بە شاری دەرسیم، کە دەکەونە دەوروبەری شارۆچکەکانی قسلە، خۆزات، پیلەموریە، پولور و ناوەندی شاری دەرسیم، قەدەغەی هاتووچۆ ڕاگەیەندرا.[3]
- لەسەر بەکارهێنانی ناوی کوردستان لە پەرلەمانی تورکیادا، دەمەقاڵی کەوتە نێوان پەرلەمانتارانی پارتی داد و گەشەپێدان (ئاکپارتی) و پارتی دیموکرتای گەلان (هەدەپە). لەکاتی تاوتوێکردنی بودجەی2018 بۆ وەزارەتەکانی ناوخۆ، کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، وەزارەتی کولتوور و گەشتوگوزاری، پەرلەمانتاران گوتاریاندا. مستەفا ئەلیتا، پەرلەمانتارانی ئاکپارتی رووی قسەکانی ئاراستەی پەرلەمانتارانی هەدەپە کرد و رایگەیاند باسکردن لە کوردستان و ئاماژەپێدانی جوگرافیاکەی لەسەر نەخشە، بەمانای دابەشکردنی خاکی تورکیا دێت، کەس رێگە بەمە نادات، لەم وڵاتە

کورد و تورک پێکەوە دەژین، هەموومان تورکیاین، لێرە کەس بۆی نییە بەرگری لەم تیرۆریستە ناپاکانە بکات، چونکە قبوڵناکرێت. [4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بوومەلەرزەیەک ناوچەی سەرپێڵ زەهاوی گرتەوە و هاووڵاتییان هەستیان پێی کرد، بەڵام زیانی بەدواوە نەبوو.[1]
باشووری کوردستان
- بەڕێوبەری شارەدێی سیدەکان ئاشکرایدەکات، کە سوپای تورکیا لە دوای تۆپبارانکردنی ناوچەکانی سیدەکان، هێزی زیاتری لە سنورەکەدا جێگیرکردووە.[3]
- خۆپیشاندان دژی نەبوونی خزمەتگوزاری لە سنوری شارۆچکەی چەمچەماڵ رویدا و خۆپیشاندەران رێگای سەرەکیی سلێمانی-یان گرت.[1]
- لە ئەنجامی خۆپیشاندانەکەی ئەمڕۆی چەمچەماڵ، 2 کاژێر کارەبای نیشتمانی بۆ شارۆچکەکە زۆرکرا.[1]
- بەرپرسێکی یەکێتی مامۆستایان رایدەگەیەنێت، تایبەت بە کێشەی مووچەی مامۆستایانی هەرێم بریاریانداوە وەفدێکیان سەردانی بەغدا بکات و لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی عێراق کۆببێتەوە.[2]
- لە کەرکوک لە چەند شوێنێکەوە هێرش کرایەسەر هێزەکانی حەشدی شەعبی. بەپێی سەرچاوە ئێراقییەکان چەند کەس لە هێرشکەران دەستگیرکراون.[1]
- بوومەلەرزەیەک ناوچەی هەڵەبجەی گرتەوە و هاووڵاتییان هەستیان پێی کرد، بەڵام زیانی بەدواوە نەبوو.[1]
- ڕاپۆرتێکی ستراتیجی ئەمریکی هۆشداریدا لە ئەگەری ڕوودانی پێکداداانێکی سەربازی لەنێوان ئەمریکا و هاوپەیمانانی لە لایەک و ئێران لەلایەکی تر لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و پێشبینی ئەوەش دەکات کە پێوەندیی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی روو لە ئالۆزبوون بکات و بگاتە ئاستی پێکدادان. [2]
- بەرپرسێکی وەزارەتی پێشمەرگە، ئاشکرایدەکات، دوای لێکترازانی 8 لیوای وەزارەتی پێشمەرگە بەهۆی ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەرەوە، لەئەمڕۆوە 16ی کانونی یەکەمی 2017 بەشێوەیەکی پراکتیکی ئەو لیوایانە دەچنەوە شوێنی نوێی کارکردنیان.[2]
- کۆمەڵەی هەنگەوانی کوردستان رادەگەیەنێت، لە دەیەمین کۆنگرەی هەنگەوانی عەرەب و وڵاتانی سەر دەریای سپی لە مسیر، هەنگوینی کوردستان لەنێو 24 وڵاتدا بەپلەی یەکەم و بە باشترین هەڵبژێردراوە.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سوپای تورک لە گوندی بالیی سەربە شارۆچکەی بلبلێی هەرێمی عەفرین، زەوییەکی دوو هەزار مەتریی زەیتوونی داگیرکرد و دەستیکردووە بە کردنەوەی ڕێرەوەیەک بۆ گەیاندنی سەربازەکانی بۆ کانتۆنی عەفرین.[3]
دەرەوەی کوردستان
- نەشتەرگەرییەکی دیکە بۆ کۆسرەت رەسوڵ عەلی، جێگری سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ئەڵمانیا ئەنجامدرا.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

🏛 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - HDP

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ دێرسیم

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ چەمچەماڵ
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ ئەفرین
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ هەڵەبجە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ زەهاو
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ●دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 16-12-2017
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 16-12-2017
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 17-12-2017

کاتی تۆمارکردن: 2017-12-16 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 349

**2017-12-17**

https://www.kurdipedia.org/?q=20171217000000143041



باکووری کوردستان
- لە پیلەمووری سەر بە دەرسیم، شەڕێک لە نێوان گەریلاکانی هێزەکانی پاراستنی گەل و سەربازەکانی سوپای تورک ڕووی دا.[4]
- وتەبێژی ئەنجومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) ئاشکرایدەکات، 20 ئەندامی میت لەلایەن ئەوانەوە دەستبەسەرن و لەنێویاندا چوار بەرپرسی هۆبەکانی میت هەن و دەشڵێت ژمارەیەک سەرباز و پۆلیسی تورکیاشمان دەستگیرکردووە.[2]
- سەلاحەدین دەمیرتاش، هاوسەرۆکی هەدەپە لەزیندانەوە پەیامێکی ئاڕاستەی ئەنجومەنی گشتی کۆنگرەی دیموکراتی گەلان کرد و تیایدا داوای بەرپاکردنی شۆرش دەکات.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- لەسەر سنوری نێوان باشور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دوو گەنجی کۆڵبەری کورد بە ناوەکانی محەمەد بەهرامی، تەمەن 25 ساڵ و عوسمان عەبدوڵلای تەمەن 20 ساڵ، بە دەستی سوپای پاسدارانی ئێران کوژران.[2]
- بەگوێرەی هەواڵێکی کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستان، بەڕێوەبەرانی سەربە حکومەتی خوێندنگای ئیسلام ئابادی شاری ورمێ، دەستیانکردووە بە تاشینی قژی ئەو کچە منداڵانەی سەرپۆشیان لە ڕوانگەی ئەو بەڕێوەبەرانەوە تەواو نییە.[4]
- بەگوێرەی هەواڵێکی تۆڕی مافی مرۆڤی کوردستان، دادگای سەربازیی شاری ورمێ سزای 15 ساڵ زیندان و دوور خستنەوەی بۆ زیندانی شاری

کرمانی، بە سەر سێ زیندانیی سیاسیی کورد بە ناوەکانی تاهیر خۆرشیدی، محەمەد ئەمین پەیغامی و فاروق شاروێرانی-دا سەپاند.[4]
باشووری کوردستان
- ڕۆژی ئاڵای کوردستاندا هیچ چالاکییەک بەم بۆنەیەوە لە کەرکوک ئنجام نەدرا.[1]
- لە خانەقین یادی ڕۆژی ئاڵای کوردستان کرایەوە.[1]
- لە ڕۆژی ئاڵای کوردستاندا 15 خوێندکاری کورد لەنێو زانکۆی کەرکووک بەهۆی ئەوەی جلوبەرگی کوردییان لەبەرکردبوو، دەستگیرکران.[3]
- لە شارۆچکەی رانیە بەرەی داکۆکیکار لە مافی خەلک دامەزراو لە بەیاننامەیەکدا چەند خاڵێکیان خستەڕوو، تێیدا داوا لە سەرجەم چین و توێژەکان دەکەن کە بەشداری لە مانگرتن و ناڕەزایەتییەکاندا بکەن.[4]
- وەزیری پەروەردەی هەرێم بۆ مامۆستایان دەڵێت بایکۆت چارەسەری کێشەی مووچە ناکات و راشیدەگەیەنێت، بەڕێوەبەری پەروەردە گشتییەکان دەسەڵاتی سزادانی ئەو کەسانەیان هەیە کە خۆپیشاندان دەکەن.[2]
- وەتەبێژی یەکێتی سەعدی ئەحمەد پیرە ڕایگەیاند، کە وەک یەکێتی لەگەڵ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم نەبووین، بەڵام مەسعود بارزانی داوای لێکردین کە ڕاینەگەیەنین کە لەگەڵ ئەنجامدانی ڕیفراندۆمدا نین، دەشڵێت:بارزانی پێیوتووین بەڵێن دەدەم ئەگەر شکستم هێنا بێمە سەر تەلەفیۆن و بڵێم کە یەکێتی لەگەڵ ڕیفراندۆم نەبوو.[4]
- ئێران رایگەیاند: ئەمڕۆ هەردوو خاڵی سنووریی پەروێزخان و حاجی ئۆمەران دەکرینەوە.[1]
- مەولود باوەمراد وەزیری گوستنەوە گەیاندنی حکومەتی هەرێمی کورستان، ئەمڕۆ لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاندلەکۆبونەوە نوێنەرانی وڵاتانی بیانی لە هەرێم رایانگەیاندووە کە لەلایەن عێراقەوە بەڵێنی ئەوەدراوە کە فڕۆکەخانەکانی هەرێم بەر لەساڵی نوێ بکرێتەوە.[2]
- سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و جێگرەکەی بە سەردانێکی فەرمی گەیشتنە بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا.[1]
- شاندێکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشە خزمەتگوزارییەکان و هاتووچۆ، سەردانی کامپی پەنابەرانی شەهید ڕۆستەم جودی-یان لە شارۆچکەی مەخمور کرد.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ دێرسیم

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ رانیە (پشدەر)

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ ورمێ

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ خانەقین

🏙 شار و شارۆچکەکان: 💧 کەرکوک

:Quick Respons Code

▯سەرچاوەکان
[1] ●دیارینەکراو | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 17-12-2017
[3] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 17-12-2017
[4] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 17-12-2017

کاتی تۆمارکردن: 2017-12-17 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 350

**2017-12-18**

https://www.kurdipedia.org/?q=20171218000000143042



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ژمارەیەک لە کاریکاتۆریست و هونەرمەندانی دەستڕەنگینی شاری کرماشان دەستیان کرد بە سازکردنی پێشانگایەکی سەرشەقام بە ناویفرمێکسی یەڵدا، بۆ پشتیوانی لە لێقەوماوانی بوومەلەرزەی ئەو پارێزگایە.[4]
- دەزگای دادوەریی حکوومەتی ئێران کوپرا خاڵەندی، چالاکی مەدەنیی کوردی بە دوو مانگ و 15 ڕۆژ زیندانی مەحکووم کرد.[4]
باشووری کوردستان - خۆپیشاندان
- خۆپیشاندان بۆ باشترکردنی گوزەرانی خەڵکی لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی باشووری کوردستان ڕوویدا.[1]
- خۆپیشاندەرانی تەقتەق ڕێگاکانی سلێمانی، کەرکوک و هەولێریان داخست.[1]
- خۆپیشاندەرانی شارەدێی تەکییەی کاکەمەند کە سەربە چەمچەماڵە ڕێگای سلێمانی-کەرکوک یان داخست و ئاڵای پارتەکانیان سووتاند.[1]
- لە سەید سادق خۆپیشاندەران هێرشیان کردەسەر بارەگای ناوچەی پارتی دیموکراتی کوردستان.[1]
- خۆپیشاندان لە ڕواندز بریندراری لێکەوتەوە.[1]
- هێزە ئەمنییەکانی شارۆچکەی ڕواندز دەستیان بەسەر مەکۆی بزووتنەوەی گۆڕان-دا گرت.[1]
- خۆپیشاندەران لە سەنگەسەر چوونە ناو بارەگای بەڕێوەبەرایەتیی شارەدێیەکە.[1]
- خۆپیشاندەران لە کۆیە ڕێگای کۆیە - هەولێریان داخست.[1]
- بەشێک لە خۆپیشاندەران لە بەردەرکی سەراوە ویستیان بەرەو لقی 4ی پارتی بڕۆن، بەڵام هێزەکانی ئاسایش بە گازی فرمێسکڕێژ بڵاوەیان پێکردن.[1]
- بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتوچۆی سلێمانی مانگرتنی دەستپێکرد.[1]
- پارتی دیموکراتی کوردستان لەبارەی خۆپیشاندانەکانی ئەمڕۆی سنوری پارێزگای سلێمانی و شارو شارۆچکەکانی دیکە، پەیامێک ئاڕاستەی خۆپیشاندەران دەکات و ئەندامێکی سەرکردایەتی ئە و حزبەش ڕایدەگەیەنێت پەلاماری بارەگاکانی پارتی دراوە و دەستێکی سیاسی لەپشت خۆپیشاندەرانەوەیە.[5]
- لە سلێمانی ژمارەیەک لە خۆپیشاندەران و پەیامنێری میدیاکان و لەنێویاندا

تیمی دواڕۆژ بەهۆی ڕشتنی گازی فرمێسکرێژەوە بریندرابوون.[2]
- لە شارەدێی پیرەمەگرون خۆپیشاندەران بارەگاکانی ناوچەی پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتی، کۆمەڵ، یەکگرتوو، گۆران و ئاساییشی شارەدێیەکە، پۆلیسی هاتووچۆ و بنکەی ناحیەیان سوتاند.[1]
- بەشێک لەخۆپیشاندەرانی پێنجوێن، ڕێگای سەرەکی (سلێمانی – پێنجوێن - باشماخ) بەرووی هاتوچۆی ئۆتۆمبێلە بارهەڵگرەکان و ئۆتۆمبێلی گەشتیاریی و هاوڵاتیان داخرا و خۆپیشاندەرانیش داوای داخستنی فەرمی مەرزی نێودەوڵەتی باشماخ دەکەن.[2]
- لەخۆپیشاندانەکەی ئەمڕۆی شارۆچکەی ڕواندز 25 خۆپیشاندەر دەستگیرکراون و بەشی زۆریشیان دەستوقۆڵیان بریندارکراوە، بەڕێوەبەری ئاسایشیش دەڵێت ئەو خۆپیشاندەرانە لای پۆلیسن و بەڵێنامەیان پێ پڕدەکەنەوە، بۆ ئەوەی ئازاد بکرێن.[2]
- گوتەبێژی پارتی لە سلێمانی رایگەیاند: سلێمانی شارێکی بێ دەرگا و پەنجەرەیە بۆیە ئەو هەموو پشێوییانەی تێدا ڕوودەدەن.[6]
- لە سەید سادق پەیامنێری کەناڵی KNN لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە دەستگیرکرا.[1]
- خۆپیشاندەران لەشاری سلێمانی پاش ئەوەی لەشەقامی مەولەوییەوە کشانەوە بەردەرکی سەرا، خێوەتیان لەگۆرەپانی سەرەکی بەردەرکی سەرا هەڵدا.[2]
- لە رانیە لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە هێرش کرایەسەر کۆمیتەی ڕێکخستنی یەکێتی و لە حاجیاواش خۆپیشاندەران لە هەوڵی هێرشکردندان بۆ سەر بارەگای یەکگرتووی ئیسلامی.[2]
- لە خۆپیشاندانەکانی ئەمڕۆی چەمچەماڵ، 5 کەس برینداربوون کە یەکێکیان ئاساییشە.[1]
- جێگری سەرۆک کۆماری عێراق، داوا لەهاووڵاتیانی کورد دەکات دان بەخۆیاندا بگرن، هۆشداریش لەهەندێک ئەجێندای دەرەکی دەدات کە خێری بۆ کوردستان ناوێت.[2]
- خۆپیشاندەرانی بەردەرکی سەرای سلێمانی ڕایدەگەیەنن ئامادەنین سەرا چۆڵ بکەن و بەرپرسیارێتی پاراستنی گیانیان دەخەنە ئەستۆی هێزە ئەمنییەکان.[2]
- ئەسکەندەر وتوت، ئەندامی لیژنەی ئاسایش و بەرگریی پەرلەمانی عێراق رایگەیاند پێویستە هێزی سەربازی ئیتیحادی ڕەوانەی پارێزگای سلێمانی بکرێت، بۆ پاراستنی ئاسایش و گیان و موڵک و ماڵی هاووڵاتییان.[6]
باشووری کوردستان
- ئۆفیسی هەرێمی کوردستانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق، ڕایدەگەیەنێت، 25-12-2017 دوا وادەیە بۆ خۆتۆمارکردنی لایەنە سیاسییەکان.[2]
- لە سنووری شارەدێی سیدەکانی سەر بە شاروچکەی سۆران –ی لە پارێزگای هەولێر، سوپای تورک چەکی قورسی گواستەوە بۆ گوندی کانییە ڕەش، بەردەوامیش فڕۆکەی چاودێری بەسەر ئاسمانی دەڤەرەکەدا دەسوڕێتەوە.[3]
- هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد رایگەیاند، ڕۆژی 07-03-2018 چوارەمین کۆنگرەی یەکێتی دەبەستن.[1]
- ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، رایدەگەیەنێت، ئاگادارکراونەتەوە لە خۆکۆکردنەوەی هێزە سەربازیەکانی عێراق لەدەوروبەری مەخمور لەباشوری ڕۆژئاوای هەولێر وئەو هێزانە ئامادەکاری

دەکەن بۆ هێرشکردنە سەر سەنگەرەکانی پێشەوەی هێزی پێشمەرگە.[7]
- لە گەڕەکی فەرمانبەرانی هەڵەبجە کەسێک برا، براژن و برازایەکی دەکوژێت.[1]
- لە نزیک شارەدێی پردێ، هێرش کرایە سەر هێزە ئێراقییەکان.[1]
دەرەوەی کوردستان
- وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا دوای کۆبوونەوە لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی داوای لە حکومەتی عێراق کرد لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەست بە گفتوگۆ بکات.[6]
- کۆمەڵێک خۆپیشاندەر ویستیان هێرش بکەنەسەر کەژاوەی ئوتومبیلەکانی نێچیرڤان بارزانی لە بەرلین، بەڵام پۆلیسی ئەڵمانی ڕێی لێگرتن.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: ○ کرماشان
شار و شارۆچکەکان: ○ پێنجوێن
شار و شارۆچکەکان: ○ هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: ○ کۆیە
شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ○ ڕانیە (پشدەر)
شار و شارۆچکەکان: ○ ڕواندز
شار و شارۆچکەکان: ○ سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: ○ سەیدسادق (شارەزوور)
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان


[1] ●دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2017-12-18
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2017-12-18
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2017-12-18
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری تۆڕی هەواڵی سلێمانی - 2017-12-18
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2017-12-18
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری خەندان - 2017-12-18


کاتی تۆمارکردن: 2017-12-18 12:00:00 AM

ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

بابەت: 351

**2017-12-19**

https://www.kurdipedia.org/?q=20171219000000143043



باکووری کوردستان

- ئەمڕۆ هێزەکانی پۆلیسی تورک هەڵیانکوتایە سەر ماڵی هاوڵاتیان لە شارۆچکەکانی چیگلی، کەمال پاشا، کارشیاکا، عەلی ئاغا، مەنەمەن، بالچۆڤا، قەرەباغلار، تیرێ و تۆربا عەلی ی سەربە ئیزمیر و 51 ئەندامی دەبەپە و هەدەپەیان دەستگیرکرد.[3]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- دوانیوەڕۆی ئەمڕۆ، کۆڵبەرێکی کوردی خەڵکی گوندی کەوپەڕ سەر بە شاری پیرانشار بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئینتزامییەکان بە سەختی بریندار کرا.[5]

باشووری کوردستان - خۆپیشاندان

- بۆ ڕۆژی دووەم خۆپیشاندان لە سلێمانی، هەڵەبجە، کۆیە و ڕانیە دەستپێکردەوە. پۆلیس و ئاسایش تەقە بەسەر خۆپیشاندەراندا دەکەن و هەندێک سەرچاوە باس لەوە دەکەن کە قوربانیی لێکەوتۆتەوە.[1]
- بەهۆی خۆپشاندانەکانەوە باری ناوخۆی باشووری کوردستان پشێوییەکی زۆری تێکەوتووە و بارودۆخەکە زۆر ترسناک بووە.[1]
- لە کفریش خۆپیشاندان دەستی پێکرد و ڕێگای کفری - کەلاریان گرت.[1]
- خۆپیشاندەرانی کفری هێرشیان کردە سەر بارەگاکانی بزووتنەوەی گۆڕان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان و لە بارەگای ناوچەی پارتیشەوە تەقە لە خۆپیشاندەران دەکرێت.[1]
- خۆپیشاندەران ڕێگەی هەردوو مەرزی باشماخ و سەیرانبەنیان گرت و بەو هۆیەشەوە جموجۆڵی بازرگانی وەستا.[1]
- خۆپیشاندەران لە کۆیە بارەگای قایمقامیەتی کۆیە و مەکۆی بزووتنەوەی گۆڕان، بارەگای یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، بارەگای کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان، بارەگای پارتی دیموکراتی کوردستان و چەند فەرمانگەیەکی حکومەتیان سووتاند.[1]
- لە تەقتەق خۆپیشاندەران بارەگای حیزبەکانیان سووتاند.[1]
- بارەگای بەرەی تورکمانی و پارتی لە کفری سووتێندرا.[1]
- بەهۆی خۆپیشاندانەوە ڕێگە سەرەکییەکانی هەورامان داخران.[1]
- بەهۆی ناکۆکیی ناو خۆپیشاندەرانەوە شەوی رابردوو خێوەتی مانگرتنەکەی بەردەرکی سەرای سلێمانی لابرا.[1]
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارەبای سلێمانی راگەیانراوێکی بڵاوکردەوە و ئاشکرایکرد، لە کاتژمێر 4ی بەرەبەیانی ئەمڕۆوە، بەهۆی کوژاندنەوەی وێستگەی کارۆغازی چەمچەماڵەوە کارەبا پراوە. وێستگەکە دوێنێ بەهۆی هێرشی خۆپیشاندەرانەوە کوژێنرایەوە.[2]
- ڕابوون مەعروف، پەرلەمانتاری سەربەخۆ لە پەرلەمانی هەرێمی کورستان، لە خۆپیشاندانەکانی سلێمانیدا دەستگیرکرا.[1]
- لە شارۆچکەی ئاکرێی سەربە دهۆک، ڕێگری کرا لە ئەنجامدانی خۆپیشاندان و هێزەکانی ئاسایش دوو کەسیشیان دەستگیرکرد.[3]
- لە شارەزوور خۆپیشاندان دەستی پێکرد و ڕێگەی نێوان سلێمانی و دەربەندیخان داخرا.[1]

- بەپێی هەندێک سەرچاوە: لە کۆیە و تەقتەق 19 کەس برینداربوون.[1]
- بارەگای پارتی و کۆمیتەی یەکێتی لەتەکیە سوتێنران.[1]
- لە رانیە، مەڵبەند و کۆمیتەی یەکێتی سوتێنران و 2 کوژرا و زیاتر لە 80 کەسیش بریندارن.[1]
- دوای سوتاندنی کۆمیتە و مەڵبەندی یەکێتی لە شارۆچکەی ڕانیە، خۆپیتشاندەران مەڵبەندی یەکگرتووی ئیسلامیشیان سوتاند.[1]
- بەهۆی خۆپیشاندانەکانەوە لە سلێمانی زۆرتر لە 10 کەس برینداربوون و دەیانیش لەلایەن پۆلیس و ئاساییشەوە دەستگیرکراون.[1]
- لە کفری لە کاتژمێر 8:00ی ئەمشەوەوە تا سبەی هاتووچۆ قەدەغە دەکرێت.[1]
- بەرپرسی رێکخستنی لقی پارتی لە رانیە دەڵێت گوللەی خۆپیشاندەران بەر بارەگاکەمان دەکەوێ و مەترسی لەسەر ئەندام و پاسەوانەکانمانە، بەڵام ئێمە تەنیا تەقە بە ئاسماندا دەکەین بۆ ئەوەی تەقەکەرەکان دووربکەونەوە.[4]
- لە راگەیاندراوێکدا قایمقامیەتی قەزای چەمچەماڵ، رایدەگەیەنێت سەرجەم دەسەڵاتە ئەمنییەکانی قەزاکە دراوە بە دەسەڵاتی سەربازی (حوکمی عەسکەری) و لەکاتژمێر 8 ئەمشەوەوە هاتووچۆ رادەگیرێت و سبەی چوارشەممەش لەسەرجەم دامودەزگاکان جگە لەدەزگا ئەمنی و فریاگوزارییەکان کرا بە پشوو.[2]
- رەوتەکەی عەمار حەکیم پشتیوانی بۆ خۆپیشاندانەکان لە هەرێم دەردەبڕێت و داواشدەکات دەسەڵاتداران بە سەرکوتکردن و دەستگیرکردن روبەڕووی خۆپیشاندەران نەبنەوە.[2]
- فەرماندەی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی حکومەتی فیدڕاڵی ڕەتیکردەوە کە حەیدەر عەبادی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان هیچ فەرمانێکی دەرکردبێت سەبارەت بە جوڵاندنی دەستەیەک لە پۆلیسی فیدڕاڵی بۆ کوردستان، لەکاتێکدا کە لە زۆرێک لە شار و شارۆچکەکانی هەرێمدا خۆپیشاندان ئەنجامدەدەرێت.[2]
- سەرپەرشتیاری ئیدارەی راپەڕین بڕیاری راگرتنی دەوامی بۆ ماوەی دوو رۆژ لە سەرجەم خوێندنگە و دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم لە و سنورە دەرکرد.[2]
باشووری کوردستان
- بومەلەرزەیەک سنوری شاری هەڵەبجە و شارەدێی خورماڵی هەژاند.[1]
- لە سنووری مەخموور شەڕ لەنێوان پێشمەرگە و کۆمەڵێک چەکداری داعش روویدا، لە شەڕەکدا پێشمەرگەیەک شەهیدبوو و تەرمی پێنج چەکداری داعشیش جێماون.[4]
- هێزەکانی ئاساییش لە سلێمانی دەستیانگرت بەسەر کەناڵی ئێن ئاڕ تی-دا و دایانخست.[1]
- شاسوار عەبدولواحید لە کاتی گەڕانەوەیدا لە فڕۆکەخانەی سلێمانی دەستگیرکرا.[1]
- حەشدی شەعبی لە خورماتوو هێزی زۆرتری بڵاوەپێکرد.[1]
- تەڤگەری ئازادیی ڕایگەیاند، هەڤاڵمان ئازاد عومەر محەمەد ناسراوبە حاجی ئازاد، هاوسەرۆکی هەرێمی سلێمانی تەڤگەری ئازادیی بەیانی ئەمڕۆوە ڕۆیشتووەتە بازاڕ و دیار نەماوە و لەهەموو پەیوەندییەک داپراوە، دەشڵێت:دڵنیاین لای ئاسایشی سلێمانیە و لەچوارچێوەی ئە و شەپۆلی گرتن و دەسبەسەرکردنانەدا دەستبەسەریان کردووە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| 🏛 پارت / لایەن: | 🕯 بزووتنەوەی گۆڕان |
| 🏛 پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| 🏛 پارت / لایەن: | بەرەی تورکومانی ئێراقی |
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - HDP |
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی هەرێمە دیموکراتەکان DBP |

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ ئاکرێ
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ رانیە (پشدەر)
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ کەلار (گەرمیان)
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ کفری
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ چەمچەماڵ
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ هەڵەبجە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ کۆیە

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان

[1] ●دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2017-12-19
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2017-12-19
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2017-12-19
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2017-12-19

کاتی تۆمارکردن: 2017-12-19 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستەم

---

بابەت: 352

**2017-12-20**

https://www.kurdipedia.org/?q=20171220000000143044




باکووری کوردستان
- سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ هێزەکانی پۆلیسی تورک لە شارۆچکەی گمگمی سەربە شاری موش، هەڵیانکوتایە سەر ماڵی هاوڵاتیان و نۆ ئەندامی هەدەپە و دەبەپە-یان دەستگیرکرد.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بوومەلەرزەیەک ناوچەکانی کرماشان و سەرپێڵ زەهاوی هەژاند.[1]
باشووری کوردستان
- لە رانیە بەهۆی کوژرانی 2 گەنجەوە لە خۆپیشاندانەکانی دوێنێ، لە زۆرێک لە شوێنەکان پرسە و ماتەمینی دانراون. رانیە خەمبارە. خەڵکانێکی زۆر بە دروشمی شەهید نامرێت بەرەو پرسەکان بەڕێکەوتن.
- بەهۆی قەدەخەی هاتوجۆ و بڕیاری حوکمی سەربازییەوە شاڕۆچکەکانی چەمچەماڵ، کفری، تەقتەق ئارامبوونەتەوە.[1]
- لە شارەزوور خۆپیشاندان دەستپێکردەوە.[1]
- خۆپیشاندان لە رانیە دەستپێکردەوە و دەستیانگرت بەسەر مەکۆی بزووتنەوەی گۆڕاندا.[1]
- بارەگای حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان - حسک لە رانیە سووتێنرا.[1]
- بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان لە حکومەتی هەرێم کشانەوە.[1]
- بزووتنەوەی گۆڕان بڕیاریدا ڕێکەوتنی سیاسی لەگەڵ یەکێتی نیشتیمانی کوردستان هەڵبپەسێرێت.[1]
- لە تەکیە کارمەندێکی ئاساییش کوژرا.[1]
- لە قەڵادزێ، خۆپیشاندەران بارەگای یەکگرتوویان سوتاند.[1]
- خۆپیشاندەرانی ڕانیە مەکۆی گۆڕانیان سوتاند.[1]
- قایمقامی کفری لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان کۆبووەوە و بڕیاریدا بە ڕێگە گرتن لە خۆپیشاندانی بێ مۆڵەت و ناشبێت خۆپیشاندەر دەمامکیان پێوەبێت.[2]
- سەرپەرشتیاری ئیدارەی راپەڕین رایگەیاند ئەگەر پێویست بکات شەوانە بەردەوامی بە قەدەخەی هاتووچۆ دەدەن و دەشڵێت لەپێناو ئاڵۆزنەبوونی زیاتری دۆخەکە، ئەمڕۆ هێزە ئەمنییەکان خراونەتە حاڵەتی ئامادەباشییەوە.[3]
- رۆژنامەی عوکازی سعودی ئاشکرایکرد، حەیدەر عەبادی لە ئێستادا تاوتوێ چەند بژاردەیەک دەکات بۆ داخستنی دۆسیەی کوردستان، جەخت لەوەشدەکاتەوە یەکێک لە بژاردەکان هەڵوەشاندنەوەی حکومەتی ئێستای هەرێمی کوردستانە.[2]
- کونسوڵخانەی ئێران لە هەولێر راگەیێندراوێک لەبارەی خۆپیشاندانەکانی هەرێمی کوردستان بڵاودەکاتەوە و هۆشداری دەداتە هاووڵاتیانی بەهیچ شێوەیەک لە شوێنی خۆپیشاندان و تووندوتیژی و ئاڵۆزییەکان نزیکنەبنەوە.[3]
- پاراستنی ئاسایشی شاری سلێمانی بە هێزەکانی حەفتای سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە دراوە و فەرماندەرەکی ئە و هێزەش دەڵێت پاراستنی ئاسایشی سلێمانی لە ئێستادا لە ئەستۆی ئێمەدایە.[2]
- لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەڤانیدا ئەمڕۆ پارێزگاری هەڵەبجە بەوەکالەت رایگەیاند رۆژی پێنجشەممە بۆ ئەو کەسانەی کە رۆژی رابردوو شەهید کراون دەکەینە پشوو هەروەها سەرجەم چالاکییە سیاسییەکان رادەگیرێن و ئاڵای سەرجەم حیزبە سیاسییەکان دادەگیرێن.[3]

- لە سنووری پارێزگای سلێمانی رێگە بە هیچ خۆپیشاندانێک نادرێت و هیچ جۆرە خۆپیشاندانێکی رێکخراویش لەئارادا نییە، هاوکات لەنێو شاری سلێمانی سەرجەم ئەو شەقامانەی دەچنەوە سەرا داخراون و بڵاوە بە هێزە ئەمنییەکان کراوە.[3]
- سروە عەبدولواحید، ڕایدەگەیەنێت، پاراستنی گیانی شاسوار عەبدولواحید دەخەینە ئەستۆی هێزە ئەمنییەکان و ئاماژەش بۆئەوە دەکات نازانرێت لای کێیە، یەکێ دەڵێ لای دژە تیرۆر و یەکێ دەڵێ لای بنەماڵەیە.[4]
- وتەبێژی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی لە سلێمانی رایدەگەیەنێت، ئەو هێزەی لەبەردەم ئەنجومەنەکەیان بڵاوەیپێکراوە هێزی سەر بە حکومەتە.[2]
- خۆپیشاندەرانی شارۆچکەی ڕانیە دەیانەوێت دەست بەسەر ماڵی عەولا بۆر-دا بگرن و هێزێکی زۆری ئەمنی-ش بۆ ڕێگرییکردن لە دەوری ماڵەکە کۆبوونەتەوە.[4]
- ڕەهبەر سەید ئیبراهیم، بەرپرسی مەڵبەندی یەکێتی لە کۆیە لەبارەی زیانەکانی خۆپیشاندانی دوێنێی قەزاکە دەڵێت، ئەرشیفی 300 ساڵ سووتێندراوە، شارۆچکەی تەقتەقیش وا وێرانکراوە بە 50 ساڵ ئاوەدان ناکرێتەوە.[3]
- لە هەڵەبجە خۆپیشاندان دەستیپێکردەوە.[1]
- لە قەڵادزێ و حاجیاوا خۆپیشاندەران هێرشیان کردەسەر کۆمیتەکانی یەکێتی و بەو هۆیەشەوە 7 کەس بریندار‌بوون و پاشتر بارەگاکانی یەکێتی، گۆڕان، حزبی شیوعی کوردستان و پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان سووتێنران.[1]
- سەرۆک و جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێم و شاندی یاوەریان گەیشتنەوە باشووری کوردستان.[1
- نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق یۆنامی، ئەمڕۆ ڕەخنەی لە توندوتیژییەکانی هەرێم گرت و نیگەرانی خۆی پیشاندا لەسەر ئە و زیانە گیانی و ماڵییانەی لە ئەنجامی خۆپیشاندانەکانی دوو ڕۆژی ڕابردوودا ڕوویانداوە، داواشی لەلایەنەکان کرد بارودۆخەکە ئارام بکەنەوە.[2]
- حەشدی شەعبی و سوپای عێراق تۆپبارانی هێزە نەناسراوەکەی سنوری شارەدێی زنانەیان کرد و فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانیش بەسەر بەشێک لە گوندەکانی ئەو شارەدێیەدا دەسوڕێتەوە. [4]
- بوومەلەرزەیەک هەڵەبجە و دەوروبەری هەژاند.[1]
- بەڕێوەبەری فەرمانگەی ئاوی شارەزوور ئاشکرایکرد، لەلایەن چەند گەنجێکەوە هێرش دەکرێتە سەر پرۆژەی ئاوی بێستان سوور و حەوزەکانیان بەتاڵ کردوەتەوە، بەوهۆیشەوە زیاد لە 150 هەزار هاووڵاتی بێئاو بوون.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی هەرێمە دیموکراتەکان DBP |
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - HDP |
| 🏛 پارت / لایەن: | 🕯 بزووتنەوەی گۆڕان |
| 🏛 پارت / لایەن: | ☪ کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان |
| 🏛 پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ قەڵادزێ


🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ رانیە (پشدەر)
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ کفری
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ هەڵەبجە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ موش
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ●دیارینەکراو | 🕮 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] 📡ماڵپەڕ | 🕮 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2017-12-20
[3] 📡ماڵپەڕ | 🕮 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2017-12-20
[4] 📡ماڵپەڕ | 🕮 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2017-12-20

کاتی تۆمارکردن: 2017-12-20 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 353
**2017-12-21**
https://www.kurdipedia.org/?q=20171221000000143045




رۆژهەڵاتی کوردستان
- سێ بوومەلەرزە ناوچەکانی کرماشان و سەرپێڵ زەهاوی هەژاند.[1]
- دادگای ئینقلابی شاری سەقز، منارە مەلاوەیسی و ئەیووب جەوان پوور، لە چالاکانی مەدەنی شاری سەقز بە لێدانی قامچی و سزای نەختی مەحکووم کرد.[3]
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی کارساز عەزیزی تەمەن 23 ساڵ کوری مەحموود خەڵکی گوندی کێلێ سەر بە شاری بانە بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی لە سنووری نەنۆر بە سەختی بریندار کرا.[3]
باشووری کوردستان
- خۆپیشاندان لە رانیە دەستیپێکردەوە و هێزێکی سەربازیی زۆریش لە ناوچەکەدا بڵاوەی پێکراوە.[1]
- لە شارەدێی حاجیاوای سەر بە شارۆچکەی ڕانیە دوو خۆپیشاندەر بریندار بوون، کە یەکێکیان بەهۆی فیشەکەوە بووە.[2]
- بەگشتی و بەبەراوورد بە رۆژەکانی پێشوو، شارەکانی باشووری کوردستان ئەمڕۆ ئارامە و هیچ خۆپیشاندان و پشێوییەکی ئەوتۆ رووینەدا کە توندوتیژیی لێبکەوێتەوە.[1]
- وتەبێژی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی لە سلێمانی و هەڵەبجە، ڕایدەگەیەنێت، کە هیزیان هێناوەتە سلێمانی و هەر خۆپیشاندەرێک بە چەک بچێتە بەردەم بارەگاکانیان بە چەک وەڵامی دەدەنەوە، دەشڵێت: ئەوانەی بێنە بەردەم بارەگای پارتی خۆپیشاندەرنین و ئاژاوەگێرن.[2]

- ئاسایشی شاری هەولێر بارەگای ڕێکخراوی ستۆپ بۆ دژە گەندەڵیی داخست.[2]
- ئاسایشی هەولێر ئەکادیمیای سیاسەت و هزری دیموکراتی داخست و پارێزەری یاسایی ئەکادیماکەش دەڵێت، مۆڵەتی کارکردنمان لە بەغدا و هەولێر هەیە.[4]
- سەرۆکی دەستەی مافی مرۆڤ ئاشکرایدەکات، لێرە و لەوێ بە ناوی جیاواز بازرگانیکردن بە ئافرەتانی ئاوارە و بیانی بوونی هەیە بەتایبەت ئە و کریکارە ئافرەتە بیانیانەی کە لەهەرێم کاردەکەن زۆرجار بازرگانیان پێوە کراوە. دەشڵێت لەهەرێمی کوردستان یاسایەکی تایبەت نیە بۆ سزادانی تاوانبارانی بازرگانی بەمرۆڤ.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- بەگوێرەی سەرچاوە خۆجێییەکان لە دێرکەوە، سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ سوپای تورک دەیان ئۆتۆمبێلی سەربازی و تانک و زرێپۆشی لەسەر سنوورەکانی نێوان ڕۆژئاوا و باکوری کوردستان لە گوندی خەراب ڕەشکی سەربە دێرک جێگرکرد.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏰 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ دێرک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ سەقز
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ بانە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ رانیە (پشدەر)
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ کرماشان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ زەهاو
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ هەڵەبجە
Quick Respons Code:


سەرچاوەکان
[1] ●دیارینەکراو | 🖧 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] 📡ماڵپەڕ | 🖧 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 21-12-2017
[3] 📡ماڵپەڕ | 🖧 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 21-12-2017
[4] 📡ماڵپەڕ | 🖧 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 21-12-2017

کاتی تۆمارکردن: 21-12-2017 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

بابەت: 354
**2017-12-22**
https://www.kurdipedia.org/?q=20171222000000143046



باکووری کوردستان
- سوپای تورک بە بەشداریی ژمارەیەکی زۆر سەرباز، لە چیای جودی سەر بە شاری شڕناخ و چیای گابار-ی سەر بە شاری مێردین-ی باکوری کوردستان-ەوە، دەستی بە ئۆپەراسیۆن کرد.[3]
باشووری کوردستان
- مەراسیمی سێ ڕۆژەی بەشیر ئیسماعیل حاجی زاهیر و محەمەد تەها بێتواتەیی هەردوو قوربانییەکانی خۆپیشاندانەکەی رانیە بەڕێوەچوو.
- لە چەمچەماڵ خۆپیشاندان دەستیپێکردەوە، خۆپیشاندەران بە تایە سووتاندن هەندێک لە ڕێگاکانی ناو شارۆچکەکەیان گرت.[4]
- لە رانیە و حاجیاوا خۆپیشاندان دەستیپێکردەوە و هێزەکانی ئاسایش چەند کەسێکیان گرت.[4]
- بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی سلێمانی، داوای لە مامۆستایانی سنوری پارێزگاکە کرد لە ڕۆژی 24-12-2017وە بایکۆتی خوێندن بکەن.[4]
- گردبوونەویەکی جەماوەری لە بەردەم باخی گشتیی ناوەندی شارۆچکەی ڕانیە دەستیپێکرد و ژمارەیەکی بەرچاوی خەڵک ئامادەی بوون.[3]
- وتەبێژی فەرماندەیی ئۆپراسیۆنە هاوبەشەکان-ی عێراق رایگەیاند، ئە و هەواڵانەی باس لە جوڵاندنی هێزی عێراقی بۆ هەرێم دەکەن بەهۆی خۆپیشاندانەکانەوە دورن لەڕاستیەوە و هیچ بنەمایەکیان نییە.[1]
- ڕەوشی تەقتەق بەتەواوی هێور بووتەوە، بەڵام جوڵەی شەقام و بازاڕەکەی وەک جاران نییە، هێزە ئەمنییەکان دەستیان بە دەستگیرکردنی ئەو کەسانە کردووە کە دەستیان لە سووتاندن و زیانگەیاندن بە 17 فەرمانگە حکومی بارەگا حیزبییەکانی ناوچەکە گەیاندووە، تاوەکو ئێستا بەفەرمانی دادوەر 11 لەو خۆپیشاندەرانە دەستگیر کراون.[2]
- بەڕێوەبەری کارەبای سلێمانی رایدەگەیەنێت، ڕەوشی دابەشکردنی کارەبای سلێمانی ئاسایی بووەتەوە و سەعاتەکانی پێدانی کارەبای نیشتیمانیش لە 6 بۆ 7سەعات دەبێت.[1]
- کوڕ و کچێکی کوردی ئێزدی لەدەستی داعش رزگارکران، سێ ساڵ و چوار مانگ کۆیلەیی و بندەستی چەکدارانی داعش بوون.[2]
- ئەنجومەنی هەرێمی گەرمیانی تەڤگەری ئازادیی، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا پرۆژەی خۆیان ڕاگەیاند وەکو بەدیلێک بۆ سیستەمی دەسەڵات و دەڵێن: تەنیا بە ئاواکردنی سیستەمێکی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتی، دەتوانرێت سیستەمێکی گەندەڵ و داڕوخاو بەلاوەبنرێت.[3]
- هێزێکی سوپای عێراق، ڕێگای سەرەکی کەرکوک - موسڵ-یان کۆنترۆڵکرد، بەرپرسێکی یەکێتیش لە مەخمور دەڵێت: بۆ خۆجێگیرکردن و چاودێریی ڕێگاکە هاتوون.[3]
- داعش شارەدێی قەرەتەپە هاوەن باران دەکەن و چەکدارانی حەشدی شەعبیش وەڵامیان دەدەنەوە.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- بەیانی ئەمڕۆ لە شارۆچکەی دێرک لە کانتۆنی قامیشلۆ یەکەمین کۆبوونەوەی ڕاوێژی نەتەوەیی ژنانی کورد دەستی بە کارەکانی کرد.

کۆبوونەوەکە بە بەشداری 210 ئەندامی ژن و بە دروشمی یەکێتی ژنانی کوردستان گەرەنتی یەکێتی نیشتمانی کوردە بەڕێوەچێت.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏟 پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
🏟 پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ شرناخ
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ ماردین
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ کۆیە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ دێرک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ چەمچەماڵ
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ موسڵ و دەشتی نەینەوا
Quick Respons Code:


سەرچاوەکان
[1] 📡ماڵپەڕ | 🖧 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2017-12-22
[2] 📡ماڵپەڕ | 🖧 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2017-12-22
[3] 📡ماڵپەڕ | 🖧 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2017-12-22
[4] ●دیارینەکراو | 🖧 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن


کاتی تۆمارکردن: 2017-12-22 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستەم

---

بابەت: 355
**2017-12-23**
https://www.kurdipedia.org/?q=20171223000000143047



باکووری کوردستان
- گوتەبێژی هەدەپە رایگەیاند 31 ملیۆن هاووڵاتی لەلایەن ئەو سەرۆک شارەوانیانەوە بەڕێوەدەبرێن، کە هەڵنەبژێردراون و نوێنەریان نین.[1]
باشووری کوردستان
- چالاکوان و ڕۆژنامەنووس ڕەگەز کەمال، سەرپەرشتیاری ماڵپەڕی حەقدەی شوبات، لە شارۆچکەی ڕانیە دەستگیر کرا.[4]
- پارتی کرێکارانی کوردستان، بە ئامادەبوونی زیاتر لە 300 کەسایەتی باکوور و باشوور کوردستان، لەبناری قەندیل لەسنووری ناوچەی (باڵەییان، ناودەشت، سوورەدێ، قەڵاتوکا، ماردوو) ئەنجومەنی خۆبەڕێوەبردنی بناری قەندیلی ڕاگەیاند.[3]
- بەهۆی کەوتنەوەی ئاگر لە کەمپی بێرسڤ لە زاخۆ، 22 خێوەت سووتان و خێزانە ئاوارەکان زیانێکی زۆریان پێگەیشتووە و هەموو کەلوپەلەکانیان سووتاون. بەڵام زیانی گیانی نەبووە. ئەم کەمپە ئاوەرەکانی شنگالی تێدا نیشتەجێن.[1]
- جەمیل بایک، هاوسەرۆکی کۆما جڤاکێن کوردستان- کەجەکە، ڕایگەیاند: حکومەتێکی نوێی دیموکرات دەتوانێت ببێتە چارەسەریی بۆ کیشەو ئاڵۆزییەکانی باشوری کوردستان.[2]
- بەڕێوەبەری ئاسایشی رۆژهەڵاتی هەولێر لە کۆیە، ئاشکرای دەکات، نزیکەی 10 بۆ 15 خۆپیشاندەر لەسەر سکاڵای چەند لایەنێکی کۆیە، کە بارەگایان سووتاوە، دەستگیرکراون. گوتیشی هەموو ئەوانەی دەستگیرکراون بە فەرمانی دادوەر بووە.[2]
- شەوی رابردوو لەگوندی گۆپتەپەی شارەدێی ئاغجەلەر چەند کەسێکی نەناسراو کتێبخانەی گشتی گوندەکەیان سووتاند.[3]
- وتەبێژی نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆک وەزیرانی عێراق ڕایدەگەیەنێت، هەرێمی کوردستان بەشێکە لە خاکی عێراق، هەربۆیە پێویستە حکومەتی فیدراڵی بۆ هێورکردنەوەی دۆخی هەرێم دەستێوەردان بکات.[3]
رۆژئاوای کوردستان
- ناوەندی ڕاگەیاندنی یەکینەکانی پاراستنی گەل- یەپەگە، ئاشکرای دەکات، لە مانگی ڕابردوودا هەزارو 570 گەنج لە هەرێمەکانی رۆژئاوا و باکوری سوریاوە بەشداری ڕیزەکانی قەسەدە، یەپەگە و یەپەژە بوون، کە زۆربەیان گەنجی عەرەبن.[2]
- بەپێی میدیاکانی هێزەکانی سووریای دیموکرات، لە گوندی جەرسەی رۆژهەڵات کە دەکەوێتە رۆژهەڵاتی دێرەزوور، چەکدارانی داعش هێرشیان کردووەتە سەر شەڕڤانانی هەسەدە، بەوهۆیە 30 چەکداری داعش کوژراون و دوو ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراویشیان تەقێندراونەتەوە، دوای چەند کاژێرێک پێکداداان ناچار بە پاشەکشێ کراون و ژمارەیەک چەک و تەقەمەنیشیان کەوتووەتە دەست شەڕڤانان.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - HDP |
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK |


🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ رانیە (پشدەر)
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ چەمچەماڵ
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ زاخۆ
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ شنگال
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ کۆیە
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری روداو - 23-12-2017
[2] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 23-12-2017
[3] 📡ماڵپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 23-12-2017
[4] ●دیارینەکراو | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 23-12-2017 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 356
**2017-12-24**
https://www.kurdipedia.org/?q=20171224000000143048



باشووری کوردستان
- بوومەلەرزەیەک لە هەڵەبجە و دەورووبەری روویدا.[1]
- سەرجەم دوکاندار و بازاڕەکانی شارۆچکەی کەلار وەکوو هەڵوێستێک بەرامبەر حکومەتی هەرێم، مانگرتنی سەرتاسەریان راگەیاند و دواکانەکانیان نەکردەوە.[2]
- یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان رایگەیاند کە بە چەند مەرجێک لە حکومەتدا دەمێنێتەوە.[1]
- نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق (یونامی) جەختدەکاتەوە، زۆر پێویستە دوای خۆپیشاندانە توندەکەی سلێمانی بارودۆخەکە هێوربکرێتەوە.[2]
- ئاکار محەمەد چالاکی بزووتنەوەی گۆران و بەڕێوەبەری نوسینگەی سەرۆکی پەرلەمان بەنەخۆشی کتوپڕ کۆچی دوایی کرد.[1]
- بەشێک لە رۆشنبیران و رێکخراوەکان داوادەکەن کۆتایی بە گرژی و ئاڵۆزییەکانی سلێمانی بهێنرێت و ئەو کەسانەی دەستگیرکراون ئازادبکرێن.[2]

- حکومەتی عێراق فۆرمی خۆراکی شارەکانی هەرێمی کوردستانی بە عەرەبی چاپکردووە و نووسینی کوردی لەسەر لاداوە، بەڕێوەبەری ڕێکخستنی پسوولەی خۆراکی سلێمانیش دەڵێت داوایان کردووە جارێکی دیکە چاپبکرێنەوە.[3]
- تەرمی ڕۆژنامەنووس ڕزگار ئادانمیش، کە ڕۆژی 18-12-2017 لە نەخۆشخانە گیانی لە دەستدابوو، ئەمڕۆ لە قامیشلۆوە بەڕێکرابوو بەرەو مەخمور، لەلایەن هاوڵاتیانی کامپی مەخمور لە دەروازەی سنووری سێمێلکا پێشوازی لێکرا و پاشان دەمەو ئێوارە گەیستە مەخمور و لەوێ بەخاکسپێردرا.[2]
- لیوا جەمال ئەنوەر، ناسراو بە (جەماله سوور) سەرۆکی لیژنەی سەربازی چەمچەماڵ ڕاگەیاند: ئەمشەو لەلایەن دوو ئۆتۆمبێلەوە دەسترێژی گولله لەماڵەکەم کرا و زیاتر لە 50 فیشەک بەر خانووەکەمان کەوتووە و هیچ زیانێکی گیانی نەبووە.[2]
- سەرلەبەیانی ئەمڕۆ کۆمەڵێک رۆژنامەنوس و ژمارەیەک لەکارمەندانی نالیا وەک ناڕەزایەتی بەرامبەر دەستگیرکردنی شاسوار عەبدولواحید، سەرۆکی جوڵانەوەی نەوەی نوێ ویستویانە لەبەردەم دادگای سلێمانی گردبونەوەیەک ئەنجام بدەن. بەڵام هێزە ئەمنییەکان ڕێگریان لە گردبونەوەکە کردوە و نزیکەی 15 کەسیان دەستگیرکردون کە ژمارەیەک لەوانە کارمەندی کۆمپانیای نالیان.[4]
- ئێوارەی ئەمڕۆ، کاروان کاکل، چالاکی مەدەنی و ئەندامی گروپی دەنگی شەقام و سوهەیب ئەحمەد، بەڕێوەبەری دیجیتاڵ میدیای ئێن ئاڕ تی و خەبات نەوزاد، ڕۆژنامەنووس لە نەوەی نوێ لە شاری سلێمانی دەستگیرکراون.[5]

رۆژئاوای کوردستان

- شەوی رابردوو هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا کە لەلایەن تورکیا پاڵپشتی دەکرێن، هەرێمی عەفرینیان تۆپباران کردووە و لەلایەن شەڕڤانانی یەکینەکانی پاراستنی گەل- یەپەگە و یەکینەکانی پاراستنی ژنان- یەپەژە وەڵامدراونەتەوە. بەگوێرەی زانیارییەکان گوندەکانی شێنکا، خەرابە، شەرعا، باسۆفان و بایێ سەر بە شارۆچکەی شەرعا لە هەرێمی عەفرین بەر تۆپبارانەکە کەوتوون و تۆپبارانەکە زیانی مادی لێکەوتووەتەوە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | ☪ یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان |
| 🏛 پارت / لایەن: | 🕯 بزووتنەوەی گۆڕان |
| 🏛 پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ سەیدسادق (شارەزوور) |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ چەمچەماڵ |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ○ هەڵەبجە |

🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ کەلار (گەرمیان)
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ ئەفرین
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ سلێمانی
Quick Respons Code:

📚 سەرچاوەکان
[1] ●دیارینەکراو | 🖧 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] 📡ماڵپەڕ | 🖧 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 24-12-2017
[3] 📡ماڵپەڕ | 🖧 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 24-12-2017
[4] 📡ماڵپەڕ | 🖧 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 24-12-2017
[5] 📡ماڵپەڕ | 🖧 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 24-12-2017

کاتی تۆمارکردن: 2017-12-24 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 357
**2017-12-25**
https://www.kurdipedia.org/?q=20171225000000143049



باکووری کوردستان
- لەکاتی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان لە نزیک شارۆچکەی شەمزینان، سەر بە شاری هەکاری لە باکوری کوردستان هێزێکی تورکیا کەوتونەتە بەر هێرشی چەکدارەکانی پەکەکە و لە ئەنجامدا دوو سەرباز کوژراون و سەربازێکیش بە سەختی بریندار بووە.[1][2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ژمارەیەک ئەسپی کاسبکاران بە بارەوە لە گوندی ماشکانی سەر بە شاری پیرانشار، لە لایەن هێزە ئینتزامییەکانی حکوومەتی دەستی بە سەر داگیرا و هەروەها چەند سەر ئەسپی کاسبکاران بە کوشت چوون.[3]
باشووری کوردستان
- ژمارەیەک پەرلەمانتاری فراکسیۆنەکانی یەکێتی، گۆران، کۆمەڵ و یەکگرتوو بەمەبەستی بانگهێشتکردنی سەرۆکی حکومەتی هەرێم و جێگرەکەی یاداشتێکیان واژۆ کردووە بەمەبەستی لێپرسینەوە لە خۆپیشاندانەکانی سنوری پارێزگای سلێمانی.[1]
- نەوشیروان محەمەد، چالاکوانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە شاری هەڵەبجە دەستگیر کرا و ڕەوانەی ئاسایشی شارەزوور کرا.[2]
- مەسعود حەیدەر، ئەندامی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق، ڕاگەیاند: لە کۆبوونەوەی چەند ڕۆژی ڕابردووی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی لە

عەممانی پایتەختی ئوردن، بەرپرسانی ئە و سندوقە ئاماژەیان بەوەکرد ئامادە نین قەرز بدەنە عێراق، ئەگەر پشکی هەرێمی کوردستان لە 10 ترلیۆن دینار کەمتر بێت.[1]
- لە لێدوانێکدا ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان ڕایگەیاند، کە بەهیچ پاساوێک ناکرێت خەڵک لەسەر داواکردنی مافەکانی دەستگیربکرێت لە دەرەوەی یاسا، هەوەها داوای دەستبەجێ ئازادکردنی گیراوەکان و کردنەوەی میدیا داخراوەکان دەکات.[2]
- لە شارۆچکەی قەڵادزێ، هەوڵی ئەنجامدانی خۆپیشاندانێک درا، بۆ ئازادکردنی ئەو کەسانەی کە لە خۆپیشاندانەکانی چەند ڕۆژی ڕابردوودا دەستگیرکرابوون، بەڵام لە لایەن هێزە ئەمنییەکانەوە ڕێگرییان لێکرا و چەند گەنجێکیش دەستگیرکران.[2]
- ئازاد حاجی عومەر، هاوسەرۆکی هەرێمی سلێمانی تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگای کوردستان، کە لە پاش خۆپیشاندانەکانی 18ی ئەم مانگە دەستگیرکرابوو، لەگەڵ 14 دەستگیرکراوی دیکە دەستیان بە مانگرتن لە خواردن کرد.[2]
- جارێکیتر لە خورماتوو شەڕ و پێکدادان لەنێوان هێزەکانی حەشدی شەعبیدا رویدا، ئەمەیش دوای ئەوەی چەند رۆژێک پێش ئێستا لەسەر پۆستی قایمقامی شارۆچکەکە شەڕە تەقە لەنێوان دوو گروپی حەشد دروستبوو و بریندارى لێکەوتەوە.[1]
رۆژئاوای کوردستان
- فرۆکە بێ فڕۆکەوانەکانی سوپای تورک سنوورەکانی کانتۆنی عەفرین-یان بۆردومان کرد.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK
پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
شار و شارۆچکەکان: ○ قەڵادزێ
شار و شارۆچکەکان: ○ خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: ○ ئەفرین
شار و شارۆچکەکان: ○ پیرانشار - خانە
شار و شارۆچکەکان: ○ سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: ○ شەمزینان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2017-12-25
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2017-12-25
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2017-12-26

کاتی تۆمارکردن: 2017-12-25 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

بابەت: 358
## 2017-12-26
https://www.kurdipedia.org/?q=20171226000000143050



باکووری کوردستان
- لەزگین بۆتان، پەرلەمانتاری شاری وانی پارتی دیموکراتی گەلان-هەدەپە، لە ئەستەنبوڵ دەستگیرکرا.[3]
- بەرپرسی راگەیاندن و چاپەمەنی هێزەکانی پاراستنی گەل هەپەگە رایگەیاند، سوپای تورکیا لە ناوچەی شەمزینان لە دژی باشووری کوردستان هەوڵی داگیرکاری دەدات، لەبەرامبەریشدا هێزەکانمان چالاکییان ئەنجامداوە و بەوهۆیەوە 15 سەرباز کوژران.[2]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- شەوی رابردوو لەنێوان شنۆ و نەغەدە، 5 ژنی کورد بە رووداوی هاتوچۆ گیانیان لەدەستدا و 4ی تریش برینداربوون.[5]
باشووری کوردستان
- یوسف محەمەد سادق بەفەڕمی دەستی لە پۆستی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان کێشایەوە.[1]
- یوسف محەمەد سادق سەرۆکی دەستلەکارکێشاوەی پەرلەمانی کوردستان، ئەمڕۆ لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنوسیدا رایگەیاند نە خۆم نە خێزانم خاوەنی یەک بست زەوی نین لەم سەر گۆی زەویە، تەنها ئۆتۆمبێلێکی جۆری تویتا کامریم هەیە.[2]
- بەغدا کاروانێکی بەشە دەرمانی هەرێمی کوردستانی رەوانە کرد، و بڕیارە لە چەند رۆژی داهاتووشدا کاروانێکی دیکە بگاتە هەرێم.[2]
- شاندی بەڕێوەبەرایەتییەکانی پاسپۆرت و نشینگە و کارتی زانیاری و رەگەزنامەی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان (هەولێر، سلێمانی و دهۆک) لە بەغدا لەگەڵ قاسم ئەعرەجی، وەزیری ناوخۆی عێراق کۆبووەوە.[4]
- نیوەڕۆی ئەمڕۆ فڕۆکە جەنگیەکانی تورکیا دەستیانکرد بە بۆردومانکردنی دەڤەری بەرواری باڵا لە شارەدێی کانی ماسێ سەر بە شارۆچکەی ئامێدی.[2]
- جارێکی تر فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا بۆردوومانی بەرزاییەکانی سنووری شارۆچکەی سیدەکانی سەر بە شارۆچکەی سۆران-یان کرد.[1]
- سوپای عێراق لە درەنگانێکی شەوەوە ئاگاداری هێزی پێشمەرگە و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی کردووە بۆ ئەوەی لە سنوری شارۆچکەی کفریەوە بگەڕێتەوە سنوری پێش پرۆسەی ئازادی عێراق و دواتر هەدوولا لەسەر بەرپرسیارێتی ئەمنی سنورەکە رێکدەکەون.[2]
- بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێر لەبارەی کردنەوەی رێگای هەولێر - کەرکوک روونکردنەوە دەدات و دەڵێت هیچ کێشەیەکیان لەگەڵ کردنەوەی رێگاکەدا نییە، هیواش دەخوازێت لە سەرەتای ساڵی نوێدا بکرێتەوە.[4]
- دادگای لێکۆڵینەوەی ئاسایشی سلێمانی بە کەفالەت بڕیاری ئازادکردنی شاسوار عەبدولواحید سەرۆکی جووڵانەوەی نەوەی نوێ -ی دەرکرد.[1]
- رابوون مەعروف ئازادکرا.[1]
- لەسەر سکاڵای چەند فەرمانبەرێکی کۆمپانیای نەوتی باکوور، حکومەتی عێراق لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی ناردووەتە کەرکووک و بە تاوانی هەڵکردنی

ئاڵای کوردستان لەسەر کۆمپانیای نەوتی باکوور، سێ ئەفسەری کورد دەستگیرکراون. ئەفسەرە دەستبەسەرکراوەکان بەناوەکانی موقەدەم ئەحمەد عوسمان، رائید سرۆ حوسامەددین و نەقیب جەبار رەشید لە لێکۆڵینەوەکاندا دانیان بەوە ناوە کە پەشیمان نین لە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و ئەو کارەشیان بە فەرمانی پارێزگاری پێشووی کەرکووک ئەنجامداوە کە ئەو کات سەرۆکی لیژنەی ئەمنی کەرکووک بووە.[4]
- لە ئاسمانی پشدەر تەنێکی روناکی نامۆ دەردەکەوێت و بەڕێوبەری کەشناسی راپەرینیش دەڵێت، پێدەچێت رووناکی فڕۆکە و موشەک بێت.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - PKK |
| پارت / لایەن: | بزووتنەوەی گۆڕان |
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - HDP |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ ئامێدی |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ وان |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ کفری |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | هەولێر |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ دهۆک |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ شنۆ |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ نەغەدە |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ شەمزینان |
| شار و شارۆچکەکان: | ○ سۆران |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان

[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2017-12-26
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2017-12-26
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2017-12-26
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2017-12-26

کاتی تۆمارکردن: 2017-12-26 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

بابەت: 359

**2017-12-27**

https://www.kurdipedia.org/?q=20171227000000143051



رۆژهەڵاتی کوردستان
- ژمارەیەک چادری لێقەماوانی بوومەلەرزەکەی شارۆچکەی سەرپێل زەهاوی سەربە کرماشان سووتان.[1]
باشووری کوردستان
- شاسوار عەبدولواحید رزگار کرا.[1]
- بە بڕیاری دەسەڵاتی فڕۆکەوانی مەدەنی عێراق، گەشتە نێودەوڵەتییەکانیی فڕۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستان بۆ دەرەوەی وڵات بۆ ماوەی دوو مانگی دیکە درێژکرایەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ زەهاو
:Quick Respons Code

📚 سەرچاوەکان
[1] ●دیارینەکراو | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2017-12-27 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 360

**2017-12-28**

https://www.kurdipedia.org/?q=20171228000000143052




رۆژئاوای کوردستان
- سوپای تورک گوندەکانی سەربە شارۆچکەی شێراوای کانتۆنی عەفرینی تۆپباران کرد.[1]
باشووری کوردستان
- هێرش عومەر، ئەو مامۆستایەی لە خۆپیشاندانەکانی کۆیە بە خەستی برینداربوو، ئەمڕۆ بەهۆی برینەکەیەوە گیانی لەدەستدا.[1]
- ئیسلامییەکان لە سلێمانی هێمای ئایینەکانی تر ناشرین دەکەن و لە شوێنیاندا تەنها ئیسلام دەنووسن.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ ئەفرین
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ کۆیە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ○ سلێمانی

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] ●دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
کاتی تۆمارکردن: 2017-12-28 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 361

**2017-12-29**

https://www.kurdipedia.org/?q=20171229000000143053




باشووری کوردستان
- واپڕیاربوو ئەمڕۆ، دەستەی سەربەخۆی مامۆستایانی ناڕازی گەرمیان، پرسەیەک ڕێکبخەن بۆ مامۆستای هێرش عومەر، ئەو مامۆستایەی کە لە خۆپیشاندانەکانی شارۆچکەی کۆیە برینداربوو و دواتر گیان لەدەستدا، بەڵام لە لایەن هێزە ئەمنییەکانەوە ڕێگری لە دانانی پرسەکە کراوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شار و شارۆچکەکان: ○ کەلار (گەرمیان)
:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-01-02
کاتی تۆمارکردن: 2017-12-29 12:00:00 AM
ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---

بابەت: 362

**2017-12-30**

https://www.kurdipedia.org/?q=20171230000000143054



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ڕژێمی ئێران لەترسی خۆپیشاندان بەتەواوەتی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی میلیتێریزە کردووە و لەسەر زۆرینەی شەقامەکان هێزی چەکداری جێگیرکردووە.[1]
- خۆپیشاندان لە کرماشان دەستپێکرد.[1]

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ●دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2017-12-30 12:00:00 AM |
| ناوی تۆمارکار: | بەڕێوەبەری سیستەم |

---

بابەت: 363

## 2017-12-31

https://www.kurdipedia.org/?q=20171231000000143055




ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- خۆپیشاندان شارۆچکەی مەلەکشای نزیک ئیلامیشی گرتەوە و ڕژێمی ئێران زۆرتر لە 50 لە خۆپیشاندەرانی دەستگیرکرد.[1]
- هێزە ئینتزامییەکان لە سنووری نێوان پارێزگای ورمێ و وڵاتی تورکیە تەقەیان لە سێ کۆڵبەری کورد کرد کە لە ئاکامدا دوو کەس کوژران و کەسێکی دیکەش بە سەختی بریندار بوو.[1]
باشووری کوردستان
- لەکاتی ئاهەنگێڕان بۆ ساڵی نوێ، تیمەکانی سکیوریتی فامیلی مۆڵ لە دهۆک بە توندی لەسەری گەنجێکیان داوە و خەڵتانی خوێنیان کردووە و لە تورە کۆمەڵایەتییەکانیش کاردانەوەی گەورە دروستکردووە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
- شار و شارۆچکەکان: ○ ئیلام
- شار و شارۆچکەکان: ○ ورمێ
- شار و شارۆچکەکان: ○ دهۆک

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان

[1] 🛰مالپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-01-01

[2] 🛰مالپەڕ | 🖫 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-01-01

کاتی تۆمارکردن: 2017-12-31 12:00:00 AM

ناوی تۆمارکار: بەڕێوەبەری سیستم

---